# یاداشتی دیوانو کۆژانی زیندان

**کاروان رەئوف**

**ناسراوبە**

هاوبیر کاروان

سالی 2004


ناوی کتێب: یاداشتی دیوانو کۆژانی زیندان

نووسەر: کاروان رەئوف ناسراو بە هاوبیرکاروان

نەخشەسازی:هونەر وەهبی

بەرگ: سامان حمەساڵح

تایپیێست: مامۆستا کەریم

چاپخانە: چاپخانەی هەرین

تیراژ: 600 دانە

ژمارەی سپاردن 506ی ساڵی 2004ی پێدراوە



ژمارەی مۆبایل: 07701544092

بەریدی ئەلکترۆنی:

karwandewan@yahoo.com
karwandewan@hotmail.com





www.pertwk.com

**پێشکەشە بە دایکی شەهیدان و ئازادی خوازان**

**پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی لە پێناوی ئازادی وسەربەخۆییدا بوونەتە قوربانی دەستی زۆرداران**

**پێشکەشە بەوانەی لەپێناوی خاک و وڵاتیاندا سەرگەردان بوون و تائێستاش ئاوارەن**

***کاروان ڕەئوف حەمەئەمین***

www.pertwk.com

## کاروان رەوف حەمە ئەمین ـ نا سراوم بە کاروانی ( پاسۆك )

## لە 1985/8/1 گیراوم

## پێشەکی کاك شێخ کامیل و کاك شێخ عوسمان

* بەشێك لە سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژوو, یادەوەرییەکانی خەڵکییە. لەو رووەوە, یادەوەرییەکانی (کاك کاروان), بایەخێکی تایبەتیی هەیە, ئنجا ئەم, لایەنێکی گرنگیشیی گرتووە, ئەویش لایەنی زیندان و ئەشکەنجەدانە, کە تا ئێستا کەمکەس لەوانەی زیندانیکراون, بەم وردی و چڕوپڕییە یادەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە. سەرباری ئەوەی بە راستگۆیی و راشکاوییەوە, رووداوەکان ئەگێڕێتەوە.

گێڕانەوەی مێژوو, بە تایبەتیی و رابوردوو بە گشتیی, بایەخێکی ئەوتۆیان نابێ ئەگەر راژەو رێنماییەك نەبن بۆ ئێستاو ئایندە. ئەو پەندانەی لەم یادەوەرییانەوە وەردەگیرێن, زۆرن, لەوانە:

1- دڵڕەقیی و بێبەزەیی دوژمن, بەتایبەتی دوژمنی داگیرکەری خاك و نەتەوە, چونکە ئەو دوژمنە, لە پێناوی درێژەدان و تا هەتایی بەو داگیرکردنە, ئەو راستییە چاك ئەزانێ: کە هەر دڵنەرمیی و بەزەییەك, لە بەدەستهێنانی مەبەستەکەی دووریدەخاتەوە.

2- دوژمنێکی لەو جۆرە, کەمتر جیاوازی لەنێوان تەڕو وشکی نەتەوە داگیرکراوەکەدا ئەکات, ئەگەر بشێ بە بەرهەڵستکاران بڵێین تەڕو بە دانیشتوانیش بڵێین وشك.

بەرئەنجامی ئەو دوو خاڵە, وەك لەم یادەوەرییانەو لە رووداوەکانی رابوردووەوە دەردەکەوێ, ئەو مامەڵە درندانەییە کە داگیرکەری باشووری کوردستان لەگەڵ زیندانییە کوردەکاندا بەتایبەتی و لەگەڵ سەرجەم خەڵکی کوردستاندا بە گشتی کردویەتی. ئەوە زیندانییەکان وەك لە کاك کاروانەوە ئەیبیستین, ئەوەش کردەوە کۆکوژییەکانی ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکارییەکانی تر, وەك هەموومان دیومانە و بیستوومانە. لەبەرئەوە, بیردۆزەی (دەستگرتن بە کلاوەوە بۆ ئەوەی با نەیبات), یا وتە پڕ لە شەرمەزارییەکەی (حیزبیی و سەلامەتی), هیچ سوودو بیانووو پاساوێکیان نییە. تەنانەت ئەوانەی خۆشیان دەفرۆشن بە دوژمن و دەبنە سیخوڕو چاوساغ بۆیان, ئەوانیش لەو بەرئەنجامە دەربازنابن, بگرە ئەوانە بە چاوێکی سووکتریشەوە سەیردەکرێن, ئەگەرچی بە دەمێکی زەردەخەناویشەوە پێشوازیبکرێن, تا تەواوبوونی دەورەکانیان. هەرچۆنێك بێ ئەشێ ئەوانەی لە زیندانەکاندا بەرگەی ئەو ئەشکەنجە سەختەیان نەگرتووەو جۆرە سازشێکیان کردووە, بیانوویەکیان هەبێ. بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی زیندان و بێ ئەشکەنجەدان, بوون یا ئەبنە نۆکەری داگیرکەر, ئەوانە هیچ پاساوێکیان نابێ. لای کەسیش شاردراوە نییە کە هەموو ئەو کوردانەی لە عێراقدا بوونە بەعسی, بە خواست و ویستی خۆیان بوونە بەعسی. راستە بەعس لەو روەوە هەوڵیئەداو هەڕەشەو ترساندنیشی بەکاردەهێنا, بەڵام کەسێك هەر نەیویستایە, ئەو بە زۆر

نەیئەکردە بەعسی, لەبەرئەوە وەرگرتن یا مانەوەی بەعسییەکان لە ریزی حزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا, یا سپاردنی ئەرکو پلەی سیاسی پێیان, نەك هەر ڕەوایەتیی نییە, بەڵکو شەرمەزاریشە, ئەگەرچی لە ڕۆژانی خۆشیانو شەقامی تەختدا, زۆربەی جەماوەریشی لەگەڵدا بێ. لەم یادەوەرییانەدا, نووسەر هێمایەك بۆ ئەشکەنجەدانی هەندێك زیندانیی شیعەش ئەکات. لێکدانەوەی ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی داگیرکردن. ئەوانیش هەر لەلایەن سوننەی عەرەبەوە داگیرکراوبوون. بۆیە پێویستە هەموو جۆرە داگیرکردنێك ڕەتبکرێتەوەو شوێنەواری نەهێڵرێت.

3– خۆڕاگریی و بەرگەگرتن لە زینداناو بەرامبەر ئەشکەنجەدان, پەیوەندی بە تەمەنو لەشی بەهێزی زیندانییەکەوە نییە, بەڵکو ئەوە وابەستەیە بە هێزی باوەڕو رادەی دڵسۆزیو گوێدان بە شەرمو شورەییو بە جۆرێکی گشتی جۆری پەروەردەی کۆمەڵایەتیو سیاسیی زیندانییەکە. لەبەرئەوە وەك لەم یادوەرییانەشدا ئەیخوێنینەوە, ئەوانەی دوورن لەو بەهایانەوە یا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دووی بزاڤێکی سیاسی ئەکەونو ئەگیرێن, بەبێ ئەشکەنجەدان ئەڕوخێنو خۆیان ئەسپێرن بە دوژمنو زیانێکی زۆریش بە بزاڤەکە ئەگەیەنن. لەبەرئەوە بزاڤێکی سیاسی ئەگەر بیەوێ بەردەوامیو سەرکەوتن بەدەستبێنێ, ئەبێ بایەخێکی زۆر بە لایەنی باوەڕو پەروەردەی چاكو دەستپاکیو مەبەستچاکیی ئەندامەکانی بدات. ئەگینا بەرگەی هیچ باهۆزێکی پێچەوانە ناگرێو هەمیشە رووخانو هەرەسو هەڵاتن بەشی دەبێ.

قەوارەی سیاسیی عێراق, هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنچینەی داگیرکردن دامەزراوە. داگیرکردنی نیشتمانو نەتەوەی کوردو شیعە لەلایەن سوننەی عەرەبەوە. ئەمڕۆش کە بایەخێکی زیاتر بە شیعەی عەرەب ئەدرێ, دوای کەوتنی ڕژێمی سوننە, کە دواجار خۆی لە دەسەڵاتی بەعسدا ئەنواند, ئەوەش هەر داگیرکردنێکی دیکەی بەدوادادێت. ئەمجارەیان داگیرکردنی کوردو سوننەی عەرەب ئەبێ لەلایەن شیعەی عەرەبەوە. ئەمیش دواجار هەر بەرەو زۆرو ستەمو کوشتنو زیندانیو ئەشکەنجەدان شۆڕدەبێتەوە. لەبەرئەوە, هەوڵدانی نەتەوەو ئاینو ئاینزاکانی عێراق بۆ دروستکردنەوەی عێراقێکی نوێ, دوای کەوتنی بەعس, هەمان ئەنجامەکانی پێشووی لێدەکەوێتەوە. بەیتو بالۆرەی فیدراڵیو پێکەوەژیانی خۆویستانە, لە خۆهەڵخەڵەتاندن بەولاوە چیتر نییە. فیدراڵی بێ دیموکراسی, بوونی نابێ. دیموکراسیش کراسێك نییە بە کەوتنی بەعس کرابێتە بەر گەلانی عێراق. لەلایەکی تریشەوە, فیدراڵی بێ ئەنجومەنی هەرێمەکان, بوونی نابێ. لە سیستەمەکانی فیدراڵیدا, ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە کە نوێنەرایەتی تیایدا بە ڕێژەی دانیشتوانی هەر هەرێمێك دەبێ. ئەنجومەنی هەرێمەکانیش هەیە کە نوێنەرایەتی تیایدا لەلایەن هەرێمەکانەوە بە یەکسانی ئەبێو دەنگدانیش بۆ هەر یاساو پرۆژەیەك بە کۆی دەنگ ئەبێ. ئەمە لەو یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقییەشدا نییە کە ئێستا سوننەو شیعەش لێی پەشیمانن. دروستکردنەوەی عێراقی نوێ, عێراقی گوایە هیواو ئاشتیی, تەنیا بە زاڵبوونی لایەنێكو کۆلۆنیکردنی لایەنەکانیتر ئەشکێتەوەو چەندین زیندانیو ئەشکەنجەدانی وەك ئەوانەی لێدەکەوێتەوە, کە کاك کاروان لە یادەوەرییەکانیدا بۆمان ئەگێڕێتەوە.

با یەککگرین بۆ سەربەخۆیی, بەر لە دووبارەبوونەوەی مەرگەساتەکان.

کامیل ژیر

سلێمانی – 2004/7/28

* خوێنەری بەڕێز بە گیانی ئەو شەهیدانەی لە ڕێگەی کوردو کوردستاندا گیانیان بەخشی, لەم دنیایەدا زۆرکەس بیرەوەری خۆی لایەو هەر یەك بە شێوەیەكو هەر شێوەش گێڕانەوەی باسێکی جیاجیا باسیدەکات.

جا بیرەوەرییەکان خۆشبن یان ناخۆش, هەستی کەسەکە دیاریدەکات, بە هەر حاڵ گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خەڵکیو گێڕانەوەی چێژێك لە هەست دەبەخشێ..

ئەو بیرەوەرییانەی زیندانێك دەیگێڕێتەوە, تەنها هی خۆی نییە, چونکە ناتوانێ خۆی لابدات لەوەی کە هاوڕێکانی هەمان بیرەوەریان هەیەو هەمان ئازارو ئەشکەنجەی دیوە, هەمان بەسەرهاتو هەر کەسێك هاتبێ ئەمیشو ئەویشو سەدانی وە یەکی گرتۆتەوە. ئەم بیرەوەرییانەی کاکە کاروان گێڕاویەتییەوەو

www.pertwk.com

هەندێ بیرەوری هاوڕێکانی زیندانیشی تیایە. ئەمانەش لەخۆوە نییە, ناوێك نییە لەخۆوە نرابێت‌و سەپابێت بەسەر شتێکداو ئیتر درابێتەوە دەستی قەدەرو زەمانە, چۆن ئەگونجێ‌و چی بەسەردێت با بێت.

ئەم بیروەرییانە ململانێی مردن‌و ژیان بووەو هەڵوێست وەرگرتن بووە, بۆ دیاریکردنی چارەنووسیی گەلەکەی, هەر کەسیش بەپێی توانای خۆی لە بەرامبەر دڕندایەتی دەزگاکانی داپڵۆسینی ئەمن‌و جاسوسەکانی بۆ سەرکوتکردنی گیانی بەرگریی بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەی, شیعرەکەی مامۆستا قانع کە ئەفەرموێ: (کونجی زیندان قوتابخانەیە, قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە)

خەڵکی لە زیندان فێری هەڵوێست وەرگرتن, فێری درۆنەکردن لەگەل هاوڕێ‌و لەگەڵ ویژدانی‌و گەل‌و نەتەوەکەیدا دەبوو. فێری هاوڕێیەتی‌و فێری وڵات خۆشویستن, فێری رێزگرتن لە خوێنی شەهیدان ئەبوو. تێگەیشتن لەوەی بانگی ئازادی چۆن لە گەرووی مرۆڤێکی دڵسۆزی گەل‌و نیشتمانەکەی ئەتاسێنراو دەخنکا, ئەمە بۆچی!!

هیچ رەوایەکی هەقیشی تیانییەو تیانابینرێ, مرۆڤ بەو مەزنییە بەو شێوەیە کۆتایی بە ژیانی بهێنرێت. چەندین ساڵ خەڵك دەگیراو پاش ماوەیەك هەندێکیان ئازاد دەبوو, هەموو ئەو بەسەرهاتانەی بۆ چواردەورەکەی خۆی دەگێڕایەوە, لەجیاتی ئەوەی ترس‌و دڵەڕاوکێ وەکو مۆتەکە چۆك لەسەر سنگی دابنێ‌و بترسێ, کەچی خەڵکی سورتردەبوو لە پێناو مافە رەواکانی گەلەکەی, کە لێی زەوتکرابوو... بیرەوەرییەکان زۆرن هەندێکی پێویستە وابکرێت کە لەبیر نەچێتەوە, بەتایبەتی ئەو زاراوانەی کە لە زینداندا پەیدادەبوون, هەڵوێستەکانی پێ دیاریدەکرا, وەکو:

1) (بردویانە بۆ راو): بە یەکێك دەوترا کە زانیاری لەسەر هاوڕێیەکی درکاندبێ‌و پاشان لەگەڵ ئەمنەکان بۆ دیاریکردنی شوێنەکەی ئەیانبرد, بەو مەبەستەی بە ئاسانی هاوڕێکەی بگرن.

2) (دۆشراوە): لەناو زینداندا بە تایبەتی لەکاتی شەڕی ئێران‌و عێراق زۆر جار پێویستییان بە خوێن ئەبوو, ئەهاتن خەڵکیش ئەمەیان لەلا سەخت بوو, خوێنیان نەئەدا, هەر کەس خوێنی بدایە, ئەیانوت (دۆشراوە).

3) منافق: دەزگا جاسوسیەکان, هەمیشە خەریکی ئەوەبوون خەڵکی لەخشتەببەن‌و ببنە هاوکاریان, بۆئەوەی لە رێگەی ئەو هاوکارانەیانەوە, بە هەموو ئیشەکان ئاشنابن, بەو خەڵکانە دەوترا (منافق).

ئەم زاراوانەو زۆری تریش لە کونجی زیندانەکاندا هاتووە, لەوانەیە زۆر کەسیش توشی ئازارو ئەشکەنجە بوبێتن لەسەریان, بەڵام خەڵکی زیندانی هەر وتویانە بۆ روشکێنی ئەو خەڵکانەی ئەو رەفتارانەیان هەبووە, وە ئەبووە نەنگی بۆ ئەو زیندانیە, چونکە زیندانێك بێبەشکرابێ لە خۆراك, لە ئازادی بیروباوەڕ دەربڕین, بێبەشکرابێ لە نازی کوڕی, کچی, خێزانی, دایك‌و باوك‌و کەسوکاری, بێبەش بوبێ لە خۆشیی بینینی وڵاتەکەی, لە هەڵمژینی هەوای شا رەکەی, لە خواردنەوەی ئاوی سازگاری.

قسەی خۆش لەگەڵیا جنێوبێت, لەڕێ رۆیشتنی لە کونجی زینداندا بە دەستی خۆی نەبێ, ئیتر بۆچی وابکات, ئەو زاراوانەی بەسەردا بڕدرێ! بینینی کەسوکارو هاوڕێکانی لە رۆژانی دیدەنی هەر خەم‌و پەژارەو ئەوەندەی هیچ خۆشییەکیان لەو بینینە نەدەبینی... . لەکاتێکدا زۆر بە پەرۆشەوە پێش هەواڵی کەسوکار, هەواڵی شۆڕش‌و پێشمەرگەیان دەپرسی, بەئازاترین هەواڵ کە بۆ زیندانییەکان دەهاتە ژوورەوە, هەواڵی شەهیدبوونی براو باوك‌و هاوڕێی بووە, بەڵام ورەی بەو کەسانە زیاددەکردو چۆکی پێدانەدەدان, ئەمەش خۆی لە خۆیدا قارەمانێتییەکی تری ئەو هەڤاڵانەیە.

لەگەڵ ئەم هەموو ئازارانە, لە دەروونیشەوە ئارام نەبووی, هەمیشە محارەبەیەکی زۆری دەروونی ئەکرایت, ئەمەیان لەکاتی لێکۆڵینەوە زیاتر بەکاریان دەهێنا, بۆ روخاندنی ورەی ئەو کەسانەی کە زۆر خۆگرو بەهێزبوون. یەکێك لەو ئازارە دەروونییانە, چ بۆ زیندانییەکە یان بۆ کەسوکاری, لەوانە هێنانی دایك‌و خوشك‌و براو باوك‌و لەبەرچاویان لێدان‌و ئەشکەنجەو جنێوی نابەجێ, بۆئەوەی ئەو هەڤاڵانە بڕوخێنن‌و زانیارییبدەن.

www.pertwk.com

بـەڵام ئـەو رۆڵـە بەهێزانـەی کـە ئەوانـەیان بـەرەو روو دەکردنـەوە زیـاتر رق. ئەستوورتر دەبوون, شەهید ملازم تحسین ئەسعەد, یەکێك بوو لەو قارەمانانـەی کـە هـەموو خێزانەکـەیان هێنـا لەبەرچـاوی ئـەودا. ئازاریـان دەدا, ئـەوانیش منـداڵ و بێدەسەلآت, بەقەدەر هەموو زیندانییەکان هاواریـان لێبـەرزدەبۆوەو ئەگریان, بـەڵام ورەی شەهید تەحسین هەر نەڕووخا. (کاك بەختیار), ناوی باوکی نـازانم, خوشك و دایکیان هێنا و لەبەردەمی ئەوان هەڵیانواسی, شانی دەرچوو, لەتاو ئازار لـەجیاتی ئەوەی هاواربکا, وتی شێتیش بن هیچتان پێناڵێم...

راستییەك هەیە دەبێ بوترێ, کە هەرکەس دەگیرا, کۆمەڵێك کەسی چاکی ناو ئەو زیندانە بە پەرۆشەوە رویانتێئەکردو تەجروبەی خۆی چی دیبوو, چی زەرەری بەو کەسـە دەگەیانـد, خێـرا پێیانـدەووت, کـە چـی بڵـێ, چـۆن نهێنییـەکان دەپـارێزێ, هەڵسوکەوتی چۆن بێ لەگـەڵ خـۆڕاگری خـۆی, ئەمانـە دەبـووە قەڵایـەکی پـۆڵایینی ورە بۆ ئەو کەسانەو دوژمن هیچ سودێکی لێنەئەبینی.

وەکـو وتم بیرەوەرییـەکان زۆرن, زۆر کەسـی قارەمـانیش لـە زینـدانـدا گـیراون, لـە ئاستە جیاجیاکان, لـە پلـەو پایـەی خوێنـدەوارییو حزبیـدا, بـەڵام تـا ئێسـتا وەکـو پێویست نەنوسراوەتەوە. ئێمە کە باس لە بیرەوەرییەکان دەکەین, تـا ئێسـتا کـەس باسی لە بیرەوەریی ئەو کەسانە نەکردووە, کە قارەمانی زیندانبوونو شەهیدبوون, بیرەوەرییـەکانی خۆیـان لەگەڵیانـدا خنکێنـراوە, بـەڵام دەتـوانین ئێمـە هەنـدێك لـەو یادەوەرییانە باسبکەین.

وەکو شەهید کەمالی مهندس, خاڵـە حەمـە شـوکر, شـەهید جـلال عبداللـە, کـە زۆر قارەمـانی زینـدانبوو, لـەژێر ئـازارو ئەشـکەنجەدا شـەهید جـلال هـاواری راپـەڕینو خـۆڕاگری دەکـرد. لـە مێـژووی شۆڕشـی گـەلانی هـەموو جیهانـدا, بـیرەوەری پاڵەوانەکانیان نوسراوەتەوەو زۆر رێزی لێگیراوە, لە شۆڕشـی رەوای گەلەکەمانـدا, چـەندین قارەمـانو سـەرکردەو هـەڤاڵی لێهـاتوو ئـەو کـونجی زیندانـەی دیـوە دەیانتوانی هەریەك لەوانە بۆ بەسەرهاتی هـەر هەڤاڵێك چیرۆکێ بنوسێ, بۆ خۆی چیرۆکێ بنوسێ کەچی هـەر ئەوەنـدە لـە زینـدان هاتـەدەرەوە, هـیچ ئـاوڕێکی لـەو ماوەیە نەداوەتەوە, وەکو زیندانیی کراسێك بێتو بەباڵای کوردا بڕابێو هەر دەبێ بیبینێ.



به هەر حاڵ من کـەمم وتـووە داوای لێبـوردن دەکـەم, داوا لـە هـەموو ئـەو هەڤاڵانـە دەکەم کە بیروەرەییەکانیان تۆماربکەن, بۆ نەوەکانی بگێڕنەوە.

هەر شادبن

شێخ عثمانی مەسڵەحە

**پێشەکی:نوسەر**

من کە ناوم (کاروان رەئوف حەمە ئەمین)ە، لەدایکبووی ساڵی (1967/7/1)م، لـە گوندی کەمالآنی سەروو چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، سەر بە بناری قـەرەداخ، ناحیـەی تانجـەرۆ، هـەروەك دەسـتووری کۆمەڵایـەتیو شـێوەی دابونـەریتی عەشـایری ناوچـەکە، دایکـمو بـاوکم بـە شـێوەی ژن بـە ژن بەیـەك گەیشـتوون، لـە ماوەیـەی ژیانیاندا، چوار کوڕو کچێکیان پێدەبەخشرێ، کە دوا منداڵیان لـە ساڵی 1968 دا لـەدایك دەبێـت، لـە پـاش لـەدایکبوونی بچـوکترین بـرام بـاوکم لـەناو بزوتنـەوەی

www.pertwk.com

رزگاریخوازی کوردستان گیانی لەپێناو نەتەوەکەمان دەکاتە قوربانیو بۆ هەتاهەتایە بۆ نەتەوەکەمان درەوشێتەوە، جیهانی هەوڵو تێکۆشانی کەسێك کە وازی لە بەرژەوەندی ژیانی ئاسایی خۆی هێناو دەستبەرداری ماڵو منداڵو خێزانەکەی بوو لەپێناو راژەکردنی بیروباوەڕی کوردایەتیو هەوڵدان بۆ رزگاریی نەتەوەییمان خۆی کردە یەکەم مێردێری گۆشەکەمان لە پێناوی گەلو نیشتمانەکەیدا، وازی لە هەموو شتێك هێناو رووی کردە شاخ، هەروەکو پێشمەرگەیەك لە شۆڕشی ئەیلولدا، دەستبەکار بووە، بۆیە لەو ساڵەداو لەسەر فەرمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە خۆیو تراکتۆرەکەیەوە هەوڵی گواستنەوەی خواردەمەنی لە سلێمانییەوە دەدات بەرەو شارباژێر دیوی قامیشو دڕی دەگاتە لای دارو شەخسەکەی دووڕیانە کە ڕێیەکیان دەڕوا بۆ کونەماسیو ڕێکەی دییان بەرەو قامیشو سەفرەو زەرونو گەڵاڵە لەو ناوەدا تایەی دوای تراکتۆرەکەی کون دەبێتو دەچێتە سەر زەوی.. ئەمیش لە هەوڵی چاکردنەوەی خولۆکەو پاشکۆی تراکتۆرەکە، (مەبەست تایەی عارەبانەکەی) لێی دەکاتەوەو لە پشتی خۆی دەبەستێو دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی چاککردنی، دەگاتە لای چاخانە کۆنەکەی دڕێ بە تراکتۆرەکەوە گل دەبێتەوەو دەکەوێتە ژێر تراکتۆرەکەوە، ئیتر چارەنووس لێرە بەدواوە تا نەخۆشخانە نادیار بوو.. لەوێ وەکو گەیاندیانەوە بە گوندەکەی خۆمان یەك هێڵی بڕراو لە ملیدا بوو، بە مردوویی گەیشتەوە کەماڵان، لە دوای ئەو رووداوەوە ئێمە بێ باوكماینەوە بە هاوکاریو کۆششی دایکمو گوزەرانمان بەڕێوەدەچوو، رۆژی خوێندنەوەی پەیماننامەی یانزەی ئازار، بەهۆی بڕیاری دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەرچەندە جێبەجێ نەکراو نرایە چاڵ، هەروەك درۆکانی تر چارەنووسی میللەتەکەیان بەرەو هەڵدێرو نەهامەتییەکی تر برد، هەر لە دوای ئەم پەیماننامەیە, ئێمەش وەك هەر خێزانی (شەهیدێك) مێردێرێك مووچەیەکمان لە لایەن شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ بڕرایەوە، دوایی کە گفتوگۆ هەڵوەشایەوە، رژێم لەبەر رای گشتیو گفتوگۆکەی، مووچەی (مێردێرەکان)ی نەبڕیو گەڕەکی بۆ کردنەوە لە ئازادی، ئەوەی موچەی بۆ بڕرایەوە، زەوی جێنشینیان پێ نەدا، دەبوو یان زەوی یان موچە.. بۆیە ئێمە زۆر بچوك بووینو لە لایەن خزمو کەسەکانمانەوە داوای بڕینەوەی مووچەیان بۆ کردین کە بۆ ئەو سەردەمە باشتر بوو, چونکە کاسبکارمان نەبوو، ئێمەش لە گوند دادەنیشتین.. پێویستیمان بە زەویو خانوو نەبوو، باش بوو ئەو مووچەیە گوزەرانمان پێدەکرد، هەرچەندە لە لایەنی خەڵکی دێکانەوەو لە لایەن خزمو کەسەوە هاوکاری دەکراین لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا بۆیان، بە درێژی ئەو ساڵانە گوزەرانمان بەو شێوەیە بوو. ساڵی حە فتاکانە وە خوێندنگە لە کەماڵانی خواروو دانرا، ئەندامانی خێزانی ئێمەش بێبەش نەبوون هەرچەندە من منداڵ بوومو وەرنەدەگیرام.. زۆرجار بە بۆنەی برا گەورەکەمو خوشکەکەمەوە دەچوومە ناو پۆلەوە، هەروەها زۆر سوپاسم بۆ مامۆستای بەڕێزم عومەر حەمە سلێمان هەیە, کە دەستی نەدەنا بە رووممەوەو دەیبردمە ژوورەوەو دایدەنام، زۆرجار بەو شێوەیە یارمەتیدەدام، تا ساڵی 1975 خۆم دەستم کرد بە خوێندنو لە خوێندنگە وەرگیرام، بە درێژیی ساڵەکان نازانم هاوکاریدەکرام یان خۆم لە خوێندندا باش بووم هەموو پلەکانی سەرەتاییم بە ئاسانی بڕی, تا لە کۆتایی حەفتاکاندا وازمان لە ژیانی گوندنشین هێناو رووومان کردە ژیانی شار، یەکەم گەڕەك کە پێی ئاشنا بووم چوارباخ بوو، یەکەم خوێندنگەشم کە لەوێ پێیئاشنا بووم، خوێندنگەی (خەباتی ناوەندی کوڕان) بوو، چۆن وەك چیرۆکەکانی پێشمەرگەو کوردو کوردستان هەمیشە لە یادماندا بوونی خۆی هەبوو، ئێمەش وەك کوڕە پێشمەرگەیەك هەستمان بە کوردایەتیو شۆڕشو تێکۆشانی گەلی کورد دەکرد، بۆیە وشەی پێشمەرگە لە ناخو دڵو دەرونماندا هەڵدەقولاو خولیای ساتێك گەورەبوون بووین بۆ درێژەدان بە ڕێبازی باوکمان، ئەو جووڵە تایبەتەی کە لەو سەردەمەدا تازە وەك درەختی دوای زستان چەکەرەی کرد بوو ئێمەش لەو ژیانەدا کە بە درێژایی ساڵ لەناو ژیانی پێشمەرگەدا بووین لە پاش نوشستی 1974 ساڵی پێشمەرگە ونبوون, دوایی لە ساڵی 1977 دیسان بۆ یەکەم جار هێزی پێشمەرگەمان بینییەوە، ئەمەش بووە هۆیەك بۆ توندترکردنی بیروباوەڕی کوردانەمان.. وەك خۆشمان لە ڕێی باوکمانەوە پێمان خۆشبوو، درێژەپێدەری ڕێبازی بین، هەر ئەو بیروباوەڕەش بوو وای کرد بێدەنگ نەبینو هاوپێچی ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی کوردستان بین.

هەروەك پێشتر باسم کرد ئێمە چوار براو خوشکێك بووین، کاوە گەورەکەمان

بوو، دوای ئەو کامەران و کاروان و مەریوان دەهات، هەرچەندە هەموومان بەشداربووین لە ڕێکخستندا، بەڵام هەریەکەمان بە جۆرێك و لە ڕێگەیەکەوە. ئێستاش تەنها کاوە و کاروانمان لە ژیاندا ماوین دوو براکەی ترمان بوون بە سووتەمەنی جەنگی سەدام دژی کورد، بۆیە بەڵێنم داوە هەمیشە دڵسۆزی ئاوو خاك و نیشتمانەکەم بم و رقم لەو کەسەش دەبێتەوە کە زمانی پاراو نییەو وشەکانی نەتەوەکەی بەکارناهێنێت، ئەوەی کە من و ئەوانەی زیندانی بوون بینیمان ئاگرێکی توند بوو جەستەی نەتەوەیەکی پێ دەسووتا. ڕۆڵەکانیان دەتوانەوە، هەرچی بڵێم هەر کەمە, لە داهاتووی نووسیندا دەتوانین بیخوێننەوە، لەگەڵ سوپاس و ڕێزمدا بۆ هەموو خوێنەرانی بەڕێز هیوادارم بە گیانی کوردانەو نەتەوەییانەوە لێموەرگرن، من هەرگیز پاڵەوانی ئەم ڕووداوە نیم، هەرگیز ڕەگەزپەرست و شۆڤێنی نیم، بەڵکو تەنها چیرۆك گێڕەرەوەیەکم... کە ڕاستی ڕووداوەکە دەگێڕمەوە.

1989/2/10

بۆ هەموو ئەو نیشتمانپەروەرانەی هەمیشە لە پێناوی نەتەوەکەیاندا خوێن و بوونیان بەخشیوە، هەرگیز نوشوستییان لە بەردەم داگیرکەراندا نەنواندووە، بۆ هەموو ئەو خوێنەرو بەڕێزانەی کە لە ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەیان دەگەن و ژیاون، بەئاگان لە هەموو ئەو ئێش و ئازارانەی کە ڕووبەڕووی نەتەوەکەمان بۆتەوە، کە هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی نەتەوەکەماندا لەسەر بەرگریکردن، تووشی جۆرەها ئازارو ئەشکەنجە هاتوون و بێ گوێدانە داگیرکەران بێ سڵەمینەوە، تەوژمی ڕق و قینەی داگیرکەریان شکاندووە و بەرەنگاریان کردووە، یان لە نزیکەوە بیستوویانە یان بینیویانە، زۆرداری داگیرکەر چۆن بوو دژ بە لاوان و تێکۆشەرانی نیشتمان، هیوادارم ئەم نووسینەوەیە، بە هەستێکی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری لێم وەرگرن، هەرچەندە چیرۆکێکی ڕاستی ژیان و تێکۆشانی لاوان و خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستانە، کە چۆن خۆم یەکێك بووم لەو ئەکتەرانەی کە شانۆکەیان بۆ ئامادە کردم و بێئاگا بووم لەو ڕۆڵەی کە دەیبینم، هەرچەندە هیچیان لێوەرنەگرتم کە کەڵك و سوودی هەبێت، بەڵام دەمەوێ ئەوە بە لاوان و خەڵکی کوردستان بڵێم ئەمە ڕابوردوویەکی ڕاستی ژیانە و ئەفسانە

نییەو چیرۆکی خەیاڵیش نییە، بگرە ئەمە ئەو ڕووداوە تراژیدیانەیە لە ماوەی سێ ساڵدا بینیمان، ئەی ئەگەر بە درێژی سی ساڵ چی دەگێڕێتەوە.. من بەم تەمەنە کەمەمەوە توانیم لە ماوەی سێ ساڵی ژێر چەپۆکی داگیرکەر ئەوەندە بنووسم، ئێوەش مێژووی سی ساڵ بێننە پێش چاوی خۆتان.. دوایی خۆتان بڕیار بدەن. من دەمەوێ وەکو مێژووی شارەکەم، شتێك لە بارەی زیندان، چۆن و چی ڕووی داوە، شتێك بنووسم، تا حەزو تینوێتی ئاواتەکانم بشکێنم ئەم ڕووداوانە یەکێکە لە هەرە ئاواتەکانم کە بیاننوسمەوە تا خەڵکی کوردستان بە گشتی، شتێك لە بارەی مێژووی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان وە بزانن کە دڕندانەترین ئازارو ئەشکەنجەیان دژمان بەکارهێناوە، با ڕوونتر بێت ئەو ڕابوردووە، منیش وەکو گەنجێکی ئەم وڵاتە. وەك کوردێك کە هەردەم لە ئێش و ئازاردا ژیانم بەسەر بردووە، بەڵام وە ك کوردێکی چەوساوە سەلماندوومە کە دژی زۆردارو داگیرکەری ئەم وڵاتەم، بۆیە هەوڵی چالاکی و ڕاوەستان دژی زۆردارم داوە. کورد دەڵێ چی بچێنی ئەوە دەدووریتەوە، بەو شێوەیە دووریمەوە کە هەردەم گرتن و لێدان بووە خۆراکم، منیش بێگومان بێ چالاکی نەوەستاوم،بۆیە لە هە وڵی نوو سینە وە ی ئە م با سە دام.تا ها و نیشتمانی کورد با شتر ئا شنا بکە م. بگرە بە هەزاران کەس ڕابوردوویان نەنووسی، بەڵکو بە فریای (شاهیدو ئەلئەمان) نەکەوتن ئەویش تاوانیان کوردایەتی و خە با ت و تێکۆ شان بووە بۆ کورد، بۆیە ژیان قەدەغە بوو بۆما ن، ئەوەی هەوڵی خۆژیاندنیشی بوایە دەبوو سەرانە بدات و یان دوورەپەرێز بوەستێ. ئەوەی کە باسی دەکەم کەمی هەیە.لە چاو ئەو هە موو تاوا نە بەڵام داوای لێبوردن دەکەم، کە شتێك لە بیربکەم، ئەگەر کەموکوڕی هەبێت ئەو هاوڕێ و هەڤاڵانەی کە لە زینداندا بوون خۆیان ئاگایان لە زۆرداریی بەعسییەکانە، ئاگایان لە کاروانی ئەشکەنجەو پڕ نەهامەتییەکانی ئەو ساڵانەیە، کە ئەکتەرەکانی ئەو شانۆیە گەنجەکانی ڕۆژگاری پڕ مەینەتی بوون، بینینی ڕۆڵەکەشی بە پێی بیرو باوەڕو خەباتی کوردانە بوو، هەریەکەو نوێنەری بیروباوەڕی خۆی بوو، هەشبوو کە بە زۆری لێدان ئەکتەر بوو بەڵام ئەکتەرێکی کەڕو لاڵ، جا بۆیە وەکو پێویست پێم باش بوو ئەوەی کە دیم بیخەمە ڕوو با ئەوەی کە نەیبینیوە یان نەیبیستووە، بزانێ بەعس و دارودەستەکەی واتای چی؟ هەرچەندە وتەیەك هەیە دەڵێ جوانی

راستەو راستی جوانە "جان کیتس". من ئەم نووسینەوەیەم لە پێناوی دەربڕینی ئازارەکانی زیندان . نامەوێ ئەو زانیارییانەی کە لە راستیدا بینیومن کە بە زۆرداری دژی کورد کراوە. ون ببێو، هەم خۆیشم کەفوکوڵی دڵی پڕ لە گریانو ناسۆرم، دادەمرکێ، هەم کەسانێکی رۆشنبیرو شارەزاش بە تەواوی راستییەکان دەبینن. هەرچەندە ئەوەی من دیم کەمترە لەوە کە کەسی تر باسی دەکات چونکە هەریەکە بە شێوەیەك یان شێوازی ئازارو ئەشکەنجەی جیاواز بوو، زۆر هەن کە خێزانوماڵو منداڵەکانیان لەو پێناوەدا بە بێ هیواو بە بێ نەوایی سەریان نایەوەو تووشی نەهامەتیو برسێتی لەوە زیاتر بوون، بەڵکو لەوانەیە کەمترین ئازارم چێشتبێتو پاڵەوانی ئەم رووداوانە نیم بگرە هەروەك زیندانییەك بوومە ئەکتەری ئەو شانۆییەی کە بە کوردیان گێڕاو داگیرکەر دەرهێنەرەکەی بوو، لاوانمان بوونە نوێنەرو هەموو بووینە سووتەمەنی، خۆ کەسمان تاوانبار نەبووین لە هەموو شوێنێك وایە قەرزت لە کوێیە داوای دەکەیت بەڵام ئێمە ئەگەر بمانووتایە کورد ئەوە لە سێدارە دەدراین، ئێمە خاوەن ماڵ بووین بەڵام ئەوان وەك کرێچی دەیاننواڕییە ئێمە، بۆیە ئێستاشو لە رابوردوودا کورد بە ژێردەستەیی رازی نییە، بۆیە هەمیشە تووشی کوشتنو زیندانی هاتوین.

لەگەڵ رێزمدا

نووسەر کاروان رەئوف

1989/2/10

لە سەرەتای هەشتاکاندا منیش هەروەك گەنجێکی تازە پێگەیشتووی ئەم شارە هەستم بە بوونو توانای خۆم کردو لە نزیکەوە ئاگام لە رووداوەکانی ئەو سەردەمە بوو، ئاگام لە ئێشو ئازاری شارەکەم، هەرچەندە بە تەمەن بچوك بووم، تەمەنم سیانزە ساڵی تەواو کردبوو، بەڵام وەکو باسم کرد ئێمە پێشتر لە لادێ بووینو بە درێژی ساڵ نانمان لەگەڵ پێشمەرگە دەخواردو ئاشنایەتیمان هەبوو لە ناسینی پێشمەرگەو زۆرجار گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردم، من لە تەمەنێکی بچوکدا خولیای شۆڕشو چەكو شاخم دەکرد، ئێستاشو لەم تەمەنەدا لە شارستانییەت کە دەبینم رژێم، هێزی پێکەوە ناوەو "دوو دوو، سێ سێ" پیکابی پڕ لە هێزی تایبەت دەگەڕان بۆ سەرکوتکردنی گەنجی ئەم شارەو قەدەغەکردنی سەربەستی لێیان، بۆیە وشە کۆنەکانی پێشمەرگە هانی دەدام بەرگری بکەم، دەست بدەمە خەباتو کاروانی تێکۆشان.

من هەرچەندە لە تەمەنی منداڵیدا باوکم لە پێناوی شۆڕشو کوردایەتیدا گیانی سپاردو کاریگەری شەهیدبوونی باوکیشم هەر لەسەر بوو، کە لە ماڵەوە باسیان دەکرد، باوکم پێشمەرگە بووە، منیش هەروەك ئەو ویستم دەستبەکاربم تا هیچ نەبێت ببمە چقڵی چاوی دوژمنان، ئەوەش زیاتر تینی پێدەدام کە پەیوەست بم بە خۆشەویستی خاكو شارەکەمەوە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنم بۆ کاری رێکخراوەیی با بڵێین (تەنزیم) ئەو کاتە تەمەنم پانزە ساڵی تەواو بوو، لە ساڵی 1982دا وەك هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر وەك هەر ئەندامێکی تری کوردستان، وەکو هەر کوردێکی خاوەن هەستو ویژدان، پەیوەندیمکرد بە رێکخستنەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسك)و بە شانازییەوە دەڵێم خۆمم لەو رێکخراوەیەدا بینیە وە لەوێوە خۆمم وەك کەسێکی شۆڕشگێڕ ناسی، ئەو سەردەمە بەرپرسم کوڕێکی هاوڕێی خۆم بوو (ناوی عەتا) بوو ماڵیان لە گەڕەکی خۆمان بوو، ماوەیەك سۆشیالیست بووم، لە پاش چەند مانگێك لە رێگەی هاوڕێیەکمەوە کە ناوی (عوسمان قادر)ە وازم لە رێکخستەکانی (حسك) هێناو بووم بە (پاسۆك).

هاوڕێیەتی کاریگەریی زیاتر بوو، شتەکانمان لە رێی هاوڕێیەتییەوە جێبەجێ دەکرد، چونکە هەر ئەو هاوڕێیەتییەش بوو لە یە ك نزیك بوینەوەو بووە هۆی دەستبەکاربوونم لە کاری رێکخستندا، بێگومان لە هەموو خۆپیشاندانێکدا کە رووی دەدا بەشدار بووین، خۆپیشاندانی ئەو سەردەمەش وەکو چالاکیی پێشمەرگانە وابوو، ئێمە جگە لەو داوا رەوایەی کە دەمانکردو هەڵوێستی رامیاریمان دژی داگیرکەرو بێگانە دەردەبڕی. چێژیشمان لە راکەڕاکەکەی هێزە تایبەتەکانی رژێم(قوةالخاصة) دەبینی، خوێندکارانو پیشەکاران هەموو پێکەوە ئەو خۆپیشاندانەمان سازدەدا.

کاتێك خۆپیشاندان دەستپێدەکرد، رژێم بە هێزە تایبەتییەکەی خۆی، بە چەند پیکابێك سەربازەوە، هێرشیان دەکردە سەرمان، بە لێدانی کێبڵو شەقو زۆرجاریش بە فیشەك وەڵامی خۆپیشاندانەکانیان دەدایەوە. راویان دەناین،

www.pertwk.com

زۆریشیان لێدەگرتین، باشتر وایە بڵێم ئەو سەردەمە گڕوتینێکی تایبەتی هەبوو سەبارەت بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، هەمووی چەندساڵێکە شۆڕش سەرلەنوێ دروست بووبووەوە، خەڵك بە گشتی داخ لە دڵ بوو، ئەمەش بوارێکی رەخساند بۆ زیاتر هاندانی خەڵك کە دەست بدەنە چەك‌و روو لە شاخ بکەن تا بەرگری لە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان بکەین، هەرچەندە خەڵك بە گشت بەرەوپیری دەچوون، بە هێزی بیرو باوەڕی پۆڵاییینەوە بەرەنگارییان دەکرد، هەر لەو سەردەمەدا بوو رژێم لەسەر هەر گۆشەیەکی ئەم شارە دوو سەرباز دانابوو بۆ رێگرتن لە خۆپیشاندان، هەر ئەو سەربازانەش بوون سووکایەتییان بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەکرد، ئەگەر یەکێ ریشی درێژی هەبوایە دەیانسووتان بۆی‌و، یان جلی رەش، رژێم چونکە ئەوەندە تاوانی کردبوو، دەیانزانی جلی رەش لە دژی ئەوان لەبەر دەکرێ، بۆ سووکایەتی پێکردنیانە، زۆر شتی ناشیرینتریان دەکرد، کە بۆ سووکایەتی پێکردنی‌کورد دانرابوون،

لە ساڵی 1982 جگە لە کاری رێکخراوەییم پیشەگەریش بووم، ئیشی ئاسنگەریم دەکرد لای وەستا بەکر، ڕۆژێك. لەگەڵ ئەو هاوڕێیەمدا، بە دەم ئیشکردنەوە لەسەر شۆستەکە قسەمان دەکردو پێدەکەنین، بە دەنگی بەرز قاقامان لێدەدا، ئەوانیش وەك هەست بە سووکایەتیی خۆیان بکەن هەرچەندە مەبەستمان ئەوان نەبوو، ئێمە دوو هاوڕێ بووین لە نێوان خۆماندا پێدەکەنین، دوان لەو سەربازانەی کە دانرابوون بۆ ئەو ناوچەیە هاتن، من عەرەبیم نەدەزانی، کراسەکەی لەبەر داکەندم، چلەی هاوین بوو ئاسن سوور بووەتەوەو دەکوڵێ، شێلمانی جەمالۆن بوو، چاکمان دەکردن‌و رێکمان دەخستن، لەسەر پشت بە رووتی خستمییە سەر ئاسنەکان‌و بە پۆستاڵەکەی دەیکێشا بەسەر سنگمدا، بۆ ئەوەی پشتم باش بسووتێتەوە، خۆی راستە ئەو چێژی لەو لێدانەی من بینی بەڵام من‌و سەدانی وەکو من بەو دیمەنانە گڕمان دەگرت‌و دژیان دەوەستاینەوە، بە راستی من هی ئەوە نەبووم کە بەو شێوەیە شاڵاوی دووژمنکارانەیان بۆ هێنام‌و خستمیانە سەر ئەو ئاسنە گەرمە، بە رووتی‌و لە بەرچاوی ئەو خوێندکارە کچانەدا، هەرچەندە ئەوانیش لە چاویاندا رق‌و تووڕەیی رەفتاری نابەجێی ئەوان بوون، چاریش نەبوو ئەمە یەکێك بوو لە شتە بچوکەکان، زۆر تاوانی لەوە گەورەتریشیان هەبوو کە دژی ئەم میللەتە دەیانکرد، یان دەچوونە بازاڕلە دوکانەکان هەرچی بیانویستایە بە خۆسەپاندن بەسەر خەڵکدا، دەستیان دەدایە هەرچییەك دەیانبرد بێ پارە، کەس لێپرسینەوەی نەبوو بەرامبەریان، چییان دەخواردو دەبرد کەس نەیدەتوانی بڵێ نەء، لە راستیدا ئەوانە جەردەو راوورووتکەر بوون، کەس نەبوو لێیان بێتە وەڵام، بێگومان لەو ساڵانەدا یاسا لە ئاستی کورددا بکوژو ببڕ بوون، بەڵام لە ئاستی زۆرداریی خۆیاندا لێپرسینەوە نەبوو، لەو راوورووتەی دەکرا هەڵپاچین‌و کوشتن هەر خۆیان بوون بەڵام ئەوان هەموو جۆرە رەفتارێکیان بەکار دەهێنا لە دژی کورد، ئەوان بێ گوێدانە زۆر لایەنی بیرو باوەڕی هەموو کەسیان وەك یەك سەیر دەکرد، راستە بە ناوی رێکخستنەوە خەڵکیان زیندانی دەکردو ئەشکەنجە دەدران بەڵام خەڵکانێکی زۆریش رامیاری نەبوون.

ئێمە گرفتی لەوە گەورەترمان هەبوو، ئەوان وەك نەتەوەیەك هەڵسوکەوتی دژواری خۆیان دەبینی بەرامبەرمان، نەك وەك چین‌و توێژ. خۆ ئەگەر خاوەنی بیرو باوەڕیش بوویتایە ئەوە چاکتر، بۆ ئەوان بیانووی زیاتریان دەبوو، بەزۆر سووکایەتییان بە لاوانی ئەم شارەو شارە کوردییەکانی تر دەکرد بۆ راونانی گەنجەکانمان بۆ وەدەرنانمان لە خاك‌و ئاوی باب‌و باپیرانمان بەزۆر بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان چۆڵ بکەین، بەڵام نەك هەر نەیانتوانی کەلێنی تێبکەن بەڵکو رق‌و تووڕەیی جەماوەر بناغەیەکی وای تیا دانا کە هیچ جزۆردارییەك‌و هیچ هێزێکیان نەیتوانی باوەڕی نەتەوایەتیمان هەرەس پێبێنێ‌و کۆڵمان پێ بدات، تا ئەوان لە



خەریکی ئەنجامدانی کارێك بووین لەسەر چیمەن لە کارەکە بووینەوەو کەسێکمان بینی، کەسەکە پیاوی ڕژێم بوو، ئێمە کارەکەمان ئەنجامدابوو بە نهێنی، دڵنیا نەبووین لەو کەسەی کە خراپەکارە، بەڵام هەر گرتم هەڕەشەمان لێکرد، کە باسی هیچ نەکات لای کەس، وتی بابە ئێوە کوڕی گەڕەکن، شتی وا چۆن دەکەم، منیش خۆم پەیوەندیم بە ڕێکخستنەوە هەیە، من خۆم لە ڕاستیدا دوودڵ بووم، بەڵام بە ناچاری باوەڕمان پێکرد، دڵمان پاك بوو لە ئاستیدا بەڵام ئەو هەر زوو ئیستخباراتی لێ ئاگادار کردین بە هەموو بەڵگەکانەوە، دوو ڕۆژ بوو یان سێ ڕۆژ، پاش ئەو شەوەی کە ئێمەی بینی لە شوێن کارەکەم لەسەر ئیش بووم

شاگردی فیتەر بووم لای کەمالی وەستا عەلی، بەیانییەکەی کاتژمێر 8.5 دەبوو سۆپەرێکی سپی مۆدێل 1982 خۆی کرد بە گەراجدا، ئەو کاتە ئەم جۆرە ئوتومبیلانە لای پیاوانی رژێم نەبووایە کەم کەس هەیبوو، شوێنی ئیشەکەم بەرامبەر پێشانگا کۆنەکەی پێچی نالی بوو (فلکەی نالی)، یەکسەر خۆیان کرد بە ژوورداو دابەزین، چوار کەس بوون، دوانیان بەردەم گەراجەکەیان گرت، دوانیان هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان شەل بوو، ئەوی تریان بالآ بەرزێکی قۆز بوو، دوانەکەی بەردەرگا کلاشنکۆفیان پێ بوو، ئەمانە بە دەمانجەوە لە ساڵی 1983 لە سەرەتای ساڵەوە بوو، یەکسەر دڵم لێیدا، هەوڵم دا خۆم بشارمەوە، ماوە نەبوو، وەستامیان بانگ کرد، من لە راستیدا نەمناسین کێن و چین، بەس وەکو یەکێك بڵێ ئەوە پەیوەندیی بە تۆوە هەیە، تۆ نێچیرەکەیانی، دەرکەوت ئەو دووانەی هاتنە ژوورەوە ئاسۆی قومری و فەرەجە شەل بوون، بەرپرسەکەیان کە ئاسۆ بوو هاوڕێی منداڵی وەستاکەم بوو، هەندێك قسەیان کردو منیان بانگ کردە ژوورەوە، ئیتر بە تەواوی ئەژنۆم سڕ بوو، بەلاّم هەر گوێم نەدایە، چوومە ژوورەوە، هەر لەوێدا هەندێك لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم، چەند شتێکی باس کرد، راست زانیم کێیەو چۆنە ئەم پرسیارە لە راستیدا خۆی وەلاّمێك بوو بۆ من، دەستەکەیان ئاشکرابوو، بەلاّم ماڵی وەستام ئاوابێت کە یارمەتیی دام و داوای لێکردن نەمبەن، ئەویش پێشکەوت و وتی لەبەر خاتری وەستات هیچت لێناکەم، بەلاّم دوایی لە روودانی هەرشتێك خۆت بەرپرسیت چونکە ئەم جارە کەس فریات ناکەوێت، بۆیە ئاگادارت دەکەمەوە ئەمە دواجارت بێت، منیش لە لای ئەو بەرگریم زۆر لە خۆم کرد، باوەڕی نەکرد، بەڵێنم پێ دا کە هیچم نەکردووەو نایکەم، بەلاّم نەك هەر وازم نەهێنا، بەڵکو ئەوە ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆ وریایی من و هاوبیرەکانم، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی پاسۆکم ئاگادار کردەوە لەو رووداوە، یەك دوو لەو هاوبیرە


سەرکردا یەتی(پاسۆك)کاك ئازاد لە ناو ئەم ئەشکەوتە دا بوو


پێشمەرگانەی کە لە شاخ بوون لە نزیکەوە هەواڵبەرەکەیان دەناسی و بەرگرییان لێدەکرد، ناهەقیشیان نەبوو چونکە کاتێك ئەوان دەیانناسی پاك بوو، هێشتا خۆی بە تەواوی نەدۆڕاندبوو، نەبوبو بەعسی، بەو دواییانە سەری هەڵداو بوو بە دڕندەیەك دژ بە هاوڕەگەزەکەی خۆی، لە ئەنجامی ئەوەی ئەوەندە بێ رەوشتیی کرد دژ بە کوڕو کاڵی شار، خوێنی خۆی کردە کاسەوە، لە راپەڕینەکەدا بە ئەتککراوی هەڵیانواسی لە بەردەمی سەرادا، هەرچەندە ئەم پیاوخراپە کە ناوی (مفەوەز) شەماڵی تاوانبارە لە سەرکارێز بوو، کەس باوەڕینەدەکرد ئەمە بەعسییەو پەیوەندیی بە (یەکێتیی خوێندکارانی رژێمەوە هەیە) دەچووە مزگەوت بانگی دەدا، دەنگێکی خۆشی هەبوو، پێشنوێژیی دەکرد، زۆر جار بە ڕووناکی بلاّوکراوەی رێکخراوەیی هەڵدەواسی بە دیواردا، لە ژێر پەردەی ئیسلامدا ئیشی بۆ بەعس دەکرد، خۆی لە راستیدا ئەمە ئیسلام نەبوو، کەسێکی دروستکراو بوو لە لایەن رژێمەوە، بە ناوی ئیسلامەوە شەوانە کۆلاّنەو کۆلاّن دەگەڕا بۆ ئاشکراکردنی رێکخستنەکان، بەم شێوەیە ئێمەش کەوتینە داوەکەوە، ئەوەی نەشیا کردی، ئەوەی کە نەفرەتی لێکراوە لە لایەن کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئەو زۆر بە ئاسانی جێبەجێیکرد بۆ بەعس، هەر بە هۆی مزگەوتەوە توانی سیخوڕی خۆی بکات و لای کەس ئاشکرا نەبێت، زۆر کەسیان خستە چاڵەوە، بە بێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت، یان زۆر جار بە بۆنەی کاری رێکخراوەییەوە تێکەڵ بە رێکخستنەکان دەبوون، دەبوونە هۆی ئاشکراکردنی شانەیەك، لە ئەنجامدا هەموو دەگیران، بە بێ ئەوەی بیر لە پاشەڕۆژی خۆیان و ئەو ناپاکییەی کە دەیکەن دژ میللەتەکەمان، خەڵکی ناپاك دەبێت بزانێت چی دەچێنێت ئەوە دەدورێتەوە بۆیە ژیان تا سەر بۆیان نەماو بەرەو چارەنووسی خۆیان رۆشتن بە ناپاکی.. مەبەستم


ئەو سالانەی لە سەرەتای پەرەسەندی شۆڕشەوە رژێم هەولێدەدا لە رێگەی خوێندنگەکانەوە بەهەر شێوەیەك بێت ئەو گەنجانە بە پارە هەڵخەڵەتێنێ زۆری لە خشتە برد، بگرە سوودیشی لێبینین بەلام بەشی هەرە زۆریشمان گاڵتەمان بە چۆکدادانو (**طلائع**)ەکانیان دەکرد هەرچەندە بەزۆر جلی تەلائیعییان بە سەرماندا دابەشدەکرد ، ئەوەی کە چۆکی دادا تەمەنیان زۆر کورت بوو، هەر لە رێگەی ئەوانەوە بوو کە دەزگای هەواڵگری رژێم شوێن پێی هەڵگرتین چاودێرییەکی وردی خستە سەرمان بێ ئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێت، لە ئەنجامدا هەموو راستییەکانمان بۆ دەرکەوت کە چۆن کەوتینە داوەکەوە، هەرجارەو بە شێوەیەك، بەعسییەکان دەوروخولیان دەداین، زیاتر دەیانویست بەڵگەکەمان بە دەستەوە بێت بۆ ئەوان، باشتر بوو، هۆی ئاشکرابوونمان، ئێمە کەمتەرخەم بووینو خۆشم کە بەرپرسی شانەیەك بووم زۆر هەڵسوکەوتی ئاشکرام دەکرد، بەرپرسایەتی شانەی شەهید) بێستون(م گرتە دەست، بەلام لە پێش من (عوسمان قادر) بەرپرسمان بوو، لەو رووداوانەی دواییدا بەرپرسی بۆ خۆم گەڕایەوە، راستەوخۆ خۆم هاتوچۆی سەرکردایەتیم دەکرد، بەرپرسایەتی شانەکەیشم دەکرد، خۆم تەتەریش بوومو بەرپرسیش بووم، راستەوخۆ پەیوەندیم لەگەڵ شەهید (مولازم کەریمدا) هەبوو، بەردەوام چالاکیی باشمان دەکرد، بێ سڵەمینەوە، لە ئەنجامی ئەو هاتوچۆیەو دابڕانم لەسەر ئیش جارێکی تر ژیانم کەوتەوە مەترسییەوە، بۆیە لەگەڵ شەهید مولازم کەریمدا بە رەحمەت بێ کۆبوونەوەیەکمان کرد، لە ئەنجامدا ناردمی بۆ لیژنەی ناوچەی سلێمانی، وەك ئەندام لە لیژنەکەدا کار بکەم لە رێی ئەوانەوە زانیاری وەرگرم، ئیشوکارەکانم جێبەجێ بکەم، بەلام سەیر لەوەدا بوو من لە ترسی سیخوڕەکانی بەعس کوناو کونم دەکرد بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبم نەك لە رێی منەوە زیان بە کەس بگەیەنم، کورد دەڵێ "لە دەمی ڕیوی نەجاتم بوو کەوتمە دەمی گورگەوە"، منیش وام لێهات.. بۆ ئەوەی ئەوەندە هاتوچۆی شاخ نەکەمو ئەو رێگە پڕ مەترسییانە نەبڕم کە بەرەو سەرکردایەتی دەڕۆشتم، رێیەکی زۆر ناخۆش بوو، پڕ لە کەمینو مەترسیدار بوو، بەلام لێرەوە زۆر بە ئاسانی بە بێ ئەوەی ئەوان هیچ هیلاك بن، من لە سەرکردایەتییەوە پێم راگەیەنرا پەیوەندی بکەم بە (سەرکەوت)ەوە، ماڵیان لە سابونکەران بوو، ئەندامی لیژنە بوو، کە چووم قسەم لەگەڵ کرد، وتی ناوەکانم بۆ بێنە چەند کەسن، ناوی نهێنیتان، منیش بێ بیرکردنەوە بە بێ خەم ئەوەی داوای کرد بۆم برد، ئەویش درێغیی نەکرد لە ناپاکیکردن لێمان، هەروەك بۆمان روون بووەوە، ئەوەی من دام پێی ئەویش وەکو خۆی گێڕابوویەوە لە (ئەمن) ئاسایش..

با بێینە سەر باسێکی تر، ئێمە لە ئەنجامی کاری رێکخستنماندا دیارە زۆر لەو هەولانەی کە درابوون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بەو شانەیەی ئێمە، لەو ماوەیەدا تەڵەیەکیان بۆ منو شەهید کارزان دانا، دووان لە سیخوڕەکانی رژێم بە ناوی (ش)و (ع)، روومانە وەردەگرن لە (ئیستخبارات)، لە لایەن (عەبد عەلی)یەوە کە بیهێنن پیشانی ئێمەی بدەن، کە ئەمانە شۆڕشگێڕنو هاتوون بۆ چالاکی دژ بەو دەستەلاتە فاشییە، کە دێنە گەڕەکی سەرکارێز، پێش ئەوەی بگەنە گەڕەکەکەی لای ئێمەوە، ئەکەونە ناو بازگەکانی هێزەکانی رژێمەوە لای باخی شێخ لەتیف لەسەر جادەکە، بانگیان دەکەن، ئەوەی کە روومانەکەی پێیە رادەکات، ئیتر نازانم بە چ مەبەستێك بوو یان نا، ئەوەی تریان ئاسایی دەردەچێت، ناوی (ش)ە، بەلام ئەوەی کە رایکرد لە لایەن (جەیش شەعبی) بە ناو سوپای میللییەوە تەقەی لێدەکەن، لە دواوە بریندار دەبێو بە برینداری هەر رایکرد تا خۆیی کرد بە ماڵێکدا نزیك گەڕەکی خۆمان، لە ئەنجامدا گرتیانو بردیانەوە بۆ (ئیستخبارات)، برا گەورەکەشی هەر لەو شوێنە ئەندام بوو، پیاوی عەبد عەلی بوو، بۆیە بۆ ماوەی (20) رۆژێك لە نەخۆشخانەی سەربازی دەکەوێت تا چاك بووەوە، بەرەلایان کرد، بێگومان لە راستیدا دزاودز کەوتبوون لەو نەخشەیەی کە کێشایان، لەسەر قسەی خۆیان (6000) دیناریان پێشەکی وەرگرتبوو هەتا (ع) ئوتومبیلێکی پێ کڕیبوو، خۆ ئێمە روون نەبوو لە لامان کە نیازی وایان هەبووە، بەلام لەگەڵ ئیشەکانیاندا باسیان کردبوو لە سەرکارێز کە بە نیازی شتی وان، لە پاش چاکبوونەوەی لە نەخۆشخانە، هاتەوە بۆ لامان, بە رەحمەت بێت قەناعەتو باوەڕی بە شەهید کارزان هێنابوو کە دەیەوێت پەیوەندیبکات بە (پاسۆك)ەوە، بەلام وەختێك بۆ منیان باسکرد، تێمگەیاندن ئەمە گیراوەو مەترسیی هەیە، نابێت لێی نزیك ببیتەوە، بەلام ئەو هەر دەهات، تا دواجار شەهید کارزان گوتبووی بەخوا وازمان هێناوەو باوەڕمان پێی نییەو تەواو، بەلام ئەو سووربووە لەسەری، هەرچەندە بە

شەهید کارزانی گوتبوو من لێیانداوم‌و دانم پیانەناوە، بۆیە بەریانداوم، بەڵێنی چالاکی‌و ئیشی باشیان دابوو بە هاوبیر کارزان,.... جێی گومان بوون بە تایبەتی من زۆر سڵم لێیان دەکردەوە، هەرچەندە من شتێکم دەربارەیان دەستکەوت کە پەیوەندییان لەگەڵ (ئیستخبارات) هەیە. ئەمانە کەسانێکی خراپن‌و دژی شۆڕش‌و کوردایەتین، بۆیە بە ئاگام هێنانەوە کە ئەوان هەڵە دەکەن، نابێ قسە لەگەڵ ئەو دوو تاوانبارەدا بکەن، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، زۆر چاوەڕێی من بوون کە بمبینن، من ماوەم نەدا کە بیانبینم، خۆم ماڵمان لەو گەڕەکە نەمابوو، بۆیە منیان دەست نەدەکەوت، هەرچی گفتوگۆ هەیە لەگەڵ هاوبیرەکانم کردبوویان تۆماریان کردبوو، بردبوویان بۆ (عەبد عەلی)، من تۆزێ خۆم لە شەهید کارزان‌و شەهید زانا دڵگران کرد لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆیان کردبوو، ئەمان مەبەستم (ش)و (ع)ە، هەندێك هەوڵیان دابوو فریا نەکەوتن زیاتر دەست بوەشێنن، بۆیە لە لایەن بەرپرسی یەکەممان کە (سەرکەوتی مەلا)یان پێدەووت، هەواڵەکەی گەیاندبووە (ئەمن) بە ناو ئاسایش...، سەیرە کە لەوەدابوو هەندێ تەقەمەنی دا پێم کە چالاکی پێبکەم لەگەڵ ئەو شتانەدا پسوڵەی ناوەکانی ئێمە (کاروان رەئوف ناسراو بە هەردی، کارزان عوسمان مارف ناسراو بە کۆڵنەدەر، زانا ئەحمەد مەحمود ناسراو بە هیوا,


کاوە قادر


ڕێبوار محمد


نە ورۆز سا بیر رەشید

نەورۆز سابیر رەشید ناسراو بە وشیار، فریاد عەلی ناسراو بە (ناوەکە یم بیر نەماوە )، کاوە قادر حەسەن ناسراو بە بڕوا، رێبوار محمەد ئیبراهیم ناسراو بە زینۆ، ئەنوەر ئەحمەد ناسراو بە ئازاد)، لەم هەشت کەسە پێك هاتبووین، حەوتمان گیراین بەڵام پێش ئەوەی ئێمە بگیرێین ئەمن ئاگاداری هەموو شتێك بوو، هەموو زانیارییەکیان وەرگرتبوو لە لێپرسراوەکەمان، سەرەتای یەکتر ناسینمان لەگەڵ هاوبیرەکانی خۆماندا هەموو منداڵی یەك گەڕەك بووین، دراوسێ بووین، لە ساڵی (1985) ئێمە ماڵمان باری کرد چووینە سابونکەران، دوایی بۆ سەرشەقام، لە راستیدا ئێمە کرێچی بووین، هەر رۆژەو لە گەڕەکێکدا دەمانگوزەران، بۆیە شوێنی نیشتەجێی منیان دەست نەکەوتبوو، یەکسەر چووبوونە سەر ماڵی هاوبیرەکانی ترمان، یەکەم جار شەهید کارزان‌و دوایی شەهید زانان‌و هاوبیر نەورۆزو هاوبیرەکانی تریان یەك بە دوای یەکدا دەستگیر کردبوو، کە تەوارییەکان چووبوونە ماڵی هاوبیرەکانمان پرسیاری ماڵی ئێمەیان کردبوو، بێگومان تازە گواستبوومانەوە کەسیان ماڵمانیان نەدەزانی، بۆیە ئەو شەوە بە من رانەگەشتن بمگرن، هەروەکو ئاشکرایە دڕندەکان دەست ناپارێزن، ئەو شەوە ئەوانیان بردو راپێچی کونە تاریکەکانیان کردن، بردیانن بەرەو نادیاری‌و ون بوون، بەڵام دڕندەکانی بەعس سوورن لەسەر بەدڕەوشتی وەکو گورگی برسی لەسەر سروشتی ئاسایی خۆیان بەردەوام بوون، شەو نەبوو نەچنە سەر ماڵان، هاووڵاتیان لە شیرین خەودا رانەچڵەکێنن،دڵی دایکی جەرگ سووتاو، باوکی کۆستکەوتوو دانەخورپێنن، ئەو رۆژگارەی تیایدا ژیاین رۆژی رەش‌و نەهاتی بوو، ئەو رۆژە شوومە بوو کە روویکردە شارەکەمان‌و نەتەوەکەمان کە بە دەیان‌و سەدان‌و هەزاران رۆڵەی ئەم میللەتە بوونە کۆچی قوربانی دڕندەکانی بەعسی، بە کردەوە ناشایستەکانیان کە دووربوو لە رەوشتی شارستانی‌و مرۆڤایەتی کە بێبەشیان کردین لە مافی نەتەوەییمان، لەسەر داوای مافی خۆمان جۆرەها کرداری نابەجێ کراوە دژ بەم نەتەوەیە بێ ئەوەی ویژدان‌و هەستیان بجووڵێ، بێ گوێدانە تاوانەکەیان کە دەیکەن، یان ئەو نامرۆڤانە کە بە ناو هاتبوون بۆ ئاسایشی وڵات بیپارێزن بەڵام خۆیان تێکیان دەدا، خۆیان وایان دەکرد کە میللەت لێیان راست ببێتەوەو تۆڵەیان لێبستێنێ، لە راستیدا ئەو کەسانەی کە وەك داگیرکەرێك

هاتبوونه ئەم نیشتمانەوە نە خۆیان‌و نە ئاغاکانیان نە هەست‌و سۆزی نیشتمانی‌و نە تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤایەتی بوون، ئاگایان لە ئێشوئازاری ئەم میللەتە نەبووە، بگرە (زۆڵ بوون) نە هەستیان هەبوو نە سۆز، هەموو شتێك ئاسایی بوو لایان، کەوتبوونە راوکردنی لاوانی ئەم وڵاتە، بەس ئەوەندە ئاشکرا بوایە لە لایان کە ئەوەی گرتوویانە یان دەیانەوێ بیگرن بۆنی شۆڕشگێڕیی لێدێ یاخود بچوکترین ناڕەزایی دژی بەعس دەربڕیوە، بێگومان بە سزای بە ناو شۆڕشی بەعسیانە دەگەیشت، ئەویش بە زیندانیکردنی بە پێی یاسای سزادانی عێراقی لە 10 ساڵەوە تا لە سێدارەدان، خۆش نەدەبوون لێی لەو سەردەمەدا بە زۆری لێدان‌و ئەشکەنجە ئەوەی ئەوان بیانویستایە دەبوو بە قسەی خۆیان بێت، خۆ ئەگەر نا ئەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا دەبوو بمردایە، مشکیان دەکرد بە فیل‌و فیلیان دەکرد بە کونی دەرزیدا، لەگەڵ ئەو ئێشوئازارانەدا لەگەڵ ئەو سووکایەتی پێکردنە لە لایەنی داگیرکەرانی کوردستانەوە، خۆفرۆشی‌و نیشتمانفرۆشی کۆمەڵێکە کەسی دەروون نزم لەبری چەند (بڕە پارەیەك) لایان گرنگ نەبوو ملی براکەی خۆشیان دەشکان، زیاتر ئەو کەسانە لە نەفامییەوە هەڵخەڵەتاوی دەستی رۆژگار بوون، ماوەی بیرکردنەوەو وشیارییان نەبوو، بۆیە رۆژ بە رۆژ رژێم لە لایەن ئەمانەوەو لە لایەن سەگ‌و گورگەکەیەوە، پیلانی تازەتری دادەڕشت، هەر جارەو شێوازێك، یان گرفتێکی دروست دەکرد، بۆ سەرقاڵکردنی ئێمە بۆ ئەوەی سەرمان نەپەرژێتە سەری‌و بەرەنگاری نەکەین، تا لە گرفتێك نەجاتمان دەبوو گرفتێکی تری بۆ دەهانینە پێشەوە، لە راستیدا ئێمە مافی خۆمان بوو، داوای مافی نەتەوەیەکمان دەکرد، چەند ویستمان بە رێی گفتوگۆو خۆپیشاندان بیسەلمێنین کە ئێمە خاوەنی مافی خۆمانین بەڵام لەجیاتی گفتوگۆ، لەجیاتی زمانی نووسین، زمانی چەك‌و کوشتنی بۆ دەخستینە گەڕ.

هەر گیرۆدەی دەستی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ناوچەکە بووین، هەر رژێمێك کە کەوتۆتە سەر ئیش با بڵێن (حوکم) دەستی نەپاراستووە، هیچ کەس‌و لایەنێك هەوڵی‌نەداوە بێ بە هانامانەوە، لە دەستی زۆرداری نەجاتمان بدات، لە کاتێکدا کە زۆربەی وڵاتانی جیهان باس لە دیموکراتی‌و یەکسانی دەکەن، خۆیان بە دۆستی لێقەوماوان دەزانی‌و لە پێناوی مرۆڤایەتیدا تێدەکۆشن، بەڵام نەك ئەم وڵاتانە بێدەنگ بوون بگرە هاوکاریی دیکتاتۆرەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی زیاتر دەست‌و دەمی بە خوێنی لاوانی کورد سوور بێت، هەر ئەوانەبوو کە دەنگی ناڕەزاییمان بەرز دەکردەوە پێیان دەووتین گێرەشێوێن‌و بەکرێگیراو، هەرچ یارمەتییەك درا بێت بە کورد لەبەر خۆشەویستی یان چاوی کاڵی ئێمە نەبووەو نابێ، بەڵکو بە مەبەستێکی تایبەتی یان مەرجیان بۆ داناوین لەبەری هەر هاوکارییەك بۆمان، جا بۆیە بە درێژیی مێژوو کورد نەیتوانیوە لە ئەنجامی ئەو هەوڵ‌و خەباتەی کە دەیکرد بگاتە مەبەستی خۆی‌و سەرکەوتنی (رامیاری) بەدەست بهێنێت، هەر بار گرژی‌و ئاڵۆزی هەڵسوکەوتی دراوسێکانی کورد بوو، زۆرجار کاریگەری بۆ سەر ئاستی لایەنەکانی کوردستان هەبووەو بوونەتە هۆی بشێوی لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا میللەتەکەمان لە رووی رۆشنبیرییەوە پێشکەوتوو نەبووین بۆیە دوژمنان بە هەل قۆزتوویانەتەوە، توانیویانە لە رێگەی فڕوفێڵەوە گێرەشێوێنی دروست بکەن لە نێوان باڵە سیاسییەکانی کورد، کە هەر جار ناجارێك ناڕێکی‌و شەڕو ئاژاوە رووی دەدا لە نێوان شۆڕشەکاندا، بە هەر هۆیەك بووبێ دەستی دوژمنانی کوردی تیابووە، یان توانییان تۆوی دووبەرەکی لە کوردستاندا بچێنن تا کار بگاتە ئەوەی دژایەتی یاخود رقەبەرایەتی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، پەرە بستێنێ لەسەر بناغەی بوونی هەڵچوونەکان لە نێوان سلێمانی‌و هەولێردا یان (بادینانی)و سۆرانی، یاخود لە ناو گەڕەکەکاندا، سەرکارێزی‌و چوارباخی‌و شێخ محێدینی‌و گەڕەکێکی تر، بە شێوەیەکی بڵاو دەستیان هەبوو لەو ئاژاوانەدا، شەڕە چەقۆو شەڕە بەرد، ماوەیەك باوبوو هەتا میلەت بە هۆی شۆڕشەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە دی، لەو هەڵانەکە کرا. هەموو ئەو ئاژاوە بشێوییە لە بەرژەوەندیی رژێمدا بوو، ئەو کاتە شادمان بوون کە ئەو کردەوە ناڕێکانەیان دەدی لە کاتێکدا کە بەند بووین لە (هێزی تەواریی سلێمانی) هێزی بە ناوفریاگوزاری سلێمانی، بە راستی فریاگوزاری بوو ئەگەر بۆیان بکرایە هەموو شاریان لەوێدا گوللەباران دەکرد، سەیری دژواری‌و رقی دڕندەکانی بەعسییەکان گەر سەد چاکە بکەی لەگەڵ ناپیاوا کە بێدڵیت کرد دەتدا بە ئاوا، جا ئەوانەش وابوون باش بیرم نەماوە لە کۆتایی مانگی هەشتدا بوو سەرلە ئێوارە شپرزەییەك باڵی کێشا بەسەر ئەو شوێنەدا کە لێی زیندانی بووین، من عارەبیم

www.pertwk.com

نەدەزانی، کۆمەڵ بوون‌و قسەیاندەکرد، لە دڵی خۆماندا زۆر شتمان باس دەکرد بەڵام ئەوەی کە لامان سەیر بوو وتیان با بچین فاتحا بخوێنین بۆ حاجی ئاسۆ بە پێکەنینەوە، ئاسۆ زۆر خزمەتی کردن، هەموو شتێکی بۆ کردن، دوایش بە ئاسانی بە پێکەنینەوە، ئەوان هەر وەکو کورد بژاردەیان بۆ دەکردو دوو جار بە دوژمنی خۆیانی دەزانی ئەوانە زۆر بێ ئەمەك بوون، مەبەستم لێرەدا لەو ئەمنە کوردە نییە کە کوژراوە، دیارە ئەوانەی کە خۆفرۆش بوون خۆیان دەکردە قوربانی بڕە پارەیەك بۆ بەعس، هەر ئەوەندە ئیشیان پێیەتی‌و بەس گرنگی لای ئەوان، گەر کوردێك بکوژرێت بۆ ئەوان خۆشترە، هەڵبەتە ئەو جۆرە کەسانەی چەند دڵسۆز بوون بۆ رژێم چەند تاوانی دژی ئەم میللەتە ئەنجام دابێت بەعس هەر بە چاوی سووك سەیری کردوون، هەروەك کەسێکی شکست ناسیویانە، لەبری هەچ تاوانێك بەدەستهێنانی بڕە (دراوێك) ئەوە ستراتیجی ئەوان بوو، لەسەر ئەو خۆبەختکردنە بۆ بەعس دەیانکرد، دوایی بە (جحوش) ناویان دەبرد، جا مەبەستم لە کردارو رەفتارەکانی (میرییە) حکومەتە. کورد دەڵێ "مەقاش هەبێ دەستی خۆم بۆ دەسووتێنم"، جا بە بەردێك دوو چۆلەکەیان دەکوشت!!.

میری رەفتاری هەمیشە کوشتن‌و بڕین بوو، پارەیەکی زۆری دەدا تا لە رێیەوە, سیخوڕ دروستبکات‌و ببنە پیاوکوژ، بۆیە زۆر لەو دەروون نزمانە کە بێ پارە دەبوون، دەچوون سەری شوان‌و خەڵکی لادێکانیان دەبڕی‌و بە ناوی پێشمەرگە وە دەیانهێنا بۆ رژێم، بە بێ ئەوەی سڵ لە داهاتوو بکەنەوە، بە بێ ئەوەی بیر لەو تاوانە بکەنەوە کە جگە لە وێرانکردنی ماڵی خەڵك و تاوانێك دژی مرۆڤایەتی‌و کوژانەوەی چرای ئومێدی ئەو کەسەیە کە بە بێ ئەوەی بزانێ بۆو چۆن کوژراوە، هەرچەندە ئەوان بیریان لە تاوانەکەی خۆیان نەدەکردەوە، گرنگ بڕەپارەکە بوو، کە وەریان دەگرت، لە بڕی ئەو تاوانەی کە کردوویانە، درێغییان نەکردووە تا بۆیان کراوە، یان بۆ مەرامی خۆبردنە پێشەوەو ماستاو کردن بۆ بەرپرسیەکانی بەعس...کە بانگیان دە کردن بۆ سەر خوانیان تا تێکەڵی لەگەڵ ماڵ‌و خێزانەکانیان دروست بکەن، ئەمە کرداری ئەو دەروون نزمانەیە، کە لەسەر (بژاردەی) خوێنی ئەو میللەتە بوو، ئەوان خوێناویان دەخوارد، هەر یەکە لەو بەدخووانە بە جۆرێك دەچوونە پێشەوە، خۆیان بە دڵسۆزی بەعس پیشان دەدا، ئەوەندە دەروون نزم‌و کەم رەوشت بوون، بێ گوێدانە دابونەریتی کۆمەڵایەتیمان، پیاوانی تەوارییان دەبردەوە بۆ ناو خاووخێزانیان، هەرچەندە زۆرداری‌و کاریگەری دوژمنکارانە لە کوردستاندا وایکردبوو کە کۆمەڵێك کەسی بێ رەوشت چۆك دابدەن، هەلەکەیان بە تەواوەتی بۆ پێك بهێنن.. با زۆر نەڕۆم‌و بێمەوە سەر باسەکەم.

ئەو شەوەی کە هاوبیرەکانی تیا گیرابوون 1985/7/25 بوو، ئەوەبوو بۆ بەیانی کاتژمێر هەشت بوو ئێمە هەموومان شوێنێکمان هەبوو تێیدا کۆدەبووینەوە, ئەویش پاسکیلخانەکەی (سدیق) بوو لە سەرکارێز، (سدیقی مینا) بە ناوبانگ بوو، ئەو بەیانییە چووم بۆ پاسکیلخانەکە کەیوانی برای شەهید کارزانم دی رووخساری پەشۆکاو دیار بوو، هەرچەندە لە تەمەندا منداڵ بوو بەڵام هەستی بە شت دەکرد، وتم کەیوان چۆنی، وتی راکە لەم ناوە نەمێنی، وتم بۆ؟ وتی ئەمشەو گەڕەکیان پێچایەوەو بردیان‌و بە دوای تۆدا دەگەڕێن، ئەو بەیانییە پاسکیلخانەکە نەکرابۆوە چونکە شەهید کارزان بەڕێوەی دەبرد، کەیوانم لە سەرشەقامەکە بینی، ووتی.هێزە کانی ڕژێم لە گەڕەکدا بڵاوەیان کردووەو شەهید زاناو شەهید کارزان‌و نەورۆز دەستگیر کراوە بەو شەوە ئینجا داوای ماڵی رێبوارو فریاد دەکەن، بێگومان پێش ئەوەی بگیرێن، هەموو شتێکمان بە ئاشکرایی دەست (ئەمن) کەوتووە، بە بێ ئەشکەنجە ماڵەو ماڵ ئەو شەوە هەموویان دەگیرێن. لەو باسانەی کە کەیوان بۆی گێڕامەوە سەرسام بووم پشتم شکا ئەمە شکستێکی گەورە بوو بۆ من کە بەرپرسیان بووم ئەوان گیراون منیش لە جێی خۆمم، دڵم هەزار لێکدانەوەی دەکرد، ئەگەر بێتو منیان نەگرتایە ئەوە گومانەکە دەچووە سەر من چونکە ئەو زانیارییانەی دەست (ئەمن)ەکان کەوتبوون بەس لای من‌و بەرپرسەکەم کە (سەرکەوت) بوو هەبوو، لە یەك کاتدا شانەیەك سەرجەم دەستگیر بکرێت زۆر تاڵ بوو.. هەرچەندە دوایی وەکو شێتم لێهاتبوو، نەمدەزانی چی بکەم، ئارامم نەبوو، لە هیچ شوێنێك خۆم پێ راگیر نەدەکرا.. بەردەوام لە ئەمسەرو ئەوسەردا بووم، بەڵام کە کەیوان وتی ناوەکانیان پێ بووەو هەموو ناوەکانیان خوێندۆتەوە، شتێکم بۆ روونبووەوە، کە گیرانەکەیان چۆن بووە، وەکو باسمکرد، لە نێوان بەرپرسەکەمان کە هەموومانی بە ناوو ناوی نهێنییەکەوە دابوو بەدەستەوە،

هەرچەندە (ع) هەوڵیدا ببینە نێچیری خۆی، چەند چاودێریکردین ویستی بە بەڵگەوە شتێکی دەست بکەوێت، بەڵام پێڕانەگەیشت، بووینە نێچیری (سەرکەوت)، راپۆرتی دابوو بە (ئیستخبارات) پێش ئەوەی پەیوەندی بکەم بە (ل. ن. س)یەوە، راستەوخۆ پەیوەندیم لەگەڵ کاك مولازم کەریم هەبوو بە درێژی ئەو چەند ساڵە لە ماوەی یەك مانگدا جاری وا هەبوو چوار جار دەچووم بۆ سورێن‌و دەگەڕامەوەو هەمیشە لە سەرکردایەتی بووم، هەرچی ئیشی ناوشارو دەرەوە هەیە گرێم دابوو بە یەکەوە، خۆم رامدەپەڕاند، خۆم بە هیلاك نەدەزانی، گڕوتینی کوردایەتیم لەو کاتەدا زیاتر پتەوترو خۆڕاگرتری کردبووم، کار گەیشتبووە ئەوە لیخوڕی (جێبە لاندرۆڤەر)ەکانی رێی خورماڵ بمناسن، هەموو جارێ کرێکەم شەش پەنجایی بوو، نیو دینارم دەدا، ئەوانیش هاوکارییان دەکردم، زۆر ئاشکرا بووم، ئەمە جۆرە مەترسییەکی بۆ سەر ژیانم دروست کردبوو، هەروەها لە نێو لایەنە ناوخۆییەکانیشدا کاریگەری هەبوو چونکە لەو کاتانەدا هێشتا گرفتی کێشەی ناوخۆییمان هەبوو، هەرچەندە لەو سەردەمەدا کاتێك لە سورێن دەگەڕامەوە کەوتمە ناو بۆسەیەکی هێزەکانی (ی.ن.ك)ەوە، دەستگیریان کردم، من لە ئەمانە مەترسیم نەبوو چونکە تاوانبار نەبووم دژ بەوان‌و دژ بە میللەتەکەم، هەر دەمزانی بەردەدرێم بۆیە لام ئاسایی بوو، شەوێك لە کوڵکنی مامەوە لای کاك جەلال کوڵکنی بۆ بەیانییەکەی تیپی 55ی قەرەداغ هاتن کاك مەحمود سەرتیپیان بوو لەگەڵ لالە ئەنوەری خەلیفە وێنس جێگری بوو، هەندێك گاڵتەیان لەگەڵ کردم، ئەو شەوە ئەوانیش مانەوە، بۆ بەیانی بردمیان بەرەو سلێمانی‌و دوایی بۆ ولیان، شەوێك لەوێ مامەوەو بردمیان بۆ شوکێ، چەند شەوێکیش لە شوکێ بووم، لە پاشدا بارەگای شوکێ گوازرایەوە بۆ گورگەیەر، ماوەیەکیش لەوێ مامەوە ئەوەبوو بەرەڵایانکردم، ئەمە لام گرفتێك نەبوو چونکە ئێمە لە یەك دەگەیشتین، هاوزمان‌و هاوخەباتی یەك بووین، بەس کاریگەری ئە وگرتنە و بە تەواوی ئاشکرا بووم، هەرچەندە ئەو ساتانە گفتوگۆ هەبوو لە نێوان (ی.ن.ك)و رژێمدا، خەڵکیان زۆر نەدەگرت ، بەڵام ئێمە وەك رێکخستنەکان نەماندەویست ئاشکرا ببین، ئەو گرتنە تۆزێ لە ئیش‌و کارەکان دوای خستم، هەرچەندە ئازاد کرام بەڵام هاوڕێکانم کە دەیانناسیم سڵیان دەکردەوە، لایان وابوو کە ئەمە کاریگەری هەیە بۆ سەر ئەوانیش، دیسان جارێکی تر چوومەوە بۆ سەرکردایەتی خۆمان، یادی بەخێر شەهید ئازاد مستەفا سەرکردایەتی گرتبووە دەست، کە منی بینی هەستا لەبەرم ئەملاو ئەولای ماچ کردم، وتی ئەوە ماوی، وتم هەر دەمێنم جارێ ماومە، ئیتر زۆر مامەوە لای‌و باسی زۆر شتمان کرد، وتی گرفتە ناوخۆییەکان هیچ نییە، لە لایەن رژێمەوە ئاگاتان لە خۆتان بێت، وتی مرۆڤی شۆڕشگێڕ نابێت سڵکردنەوەی هەبێت لێدانە کوشتنە، ئەبێ چاوەڕێی هەموو شتێك بکەیت، بە راستی ئەوە دووەم جارم بوو بگیرێم، بەڵام ئەوەی ئاسۆی قومری مەترسی زیاتری بۆ سەر ژیانم هەبوو, بەڵام بەهۆی هاوڕێیەتی وەستاکەمەوەو ئەویش وازی لێهێنام هێشتا هەر لە مەترسیدام، لە ساڵی 1982 تا 1985 دوو جار نوشستم هێنا، جگە لە راونان‌و دەرچوون لە بۆسەی رژێم.. هەرچەندە (ئاسۆ) بیانووی هێنایەوە لەبەر ئەمانە نەبێت لە بەردەم دوکانەکەدا دەیکوشتم.. بێگومان بارم لار بوو، سوپاسم کرد، بەڵام لە ئەنجامی گفتوگۆکانیەوە بۆمدەرکەوت کە مفەوەز شەماڵ هەبوو، شەماڵی سەید عەباس، ئەو هەواڵەکەی گەیاندبووە دەستیان، چونکە وەکو باسم کرد چەند شەوێك پێش ئەم رووداوە شەماڵمان دی چاودێری دەکردین، ئێمە خەریکی کاری رامیاری بووین، کەوتە بۆسەکەمانەوە، یادیان بەخێر شەهید کارزان‌و شەهید زانا بوون لەگەڵمدا، هەندێك رای خۆمان هەبوو لە نێوان من‌و کارزان‌و زانادا پێمان ووت، دوایی هەڕەشەشمان لێکرد هەرچی روو بدات ئەو لێی بەرپرسە، ئیتر وتمان ئەگەر هەرکەس بزانی تۆ بەرپرسی وتی نا خۆیشم لە رێکخستن کاردەکەم خەمتان نەبێت.. هەرچەندە پێشتر شتی خراپمان لێ نەدیبوو، بۆیە باوەڕمان کرد، بەڵام هەر پێدەچوو ئەو شەوە بۆ بەیانی رژێمی ئاگادار کرد بێت، ئەوەبوو بەو شێوەیەی لە پێشتر باسمان کرد.. کە هاتنە دوکان بۆم کردیان بە خاترو شتی وەستام، ئەم گرفتە لە ساڵی 1983 بوو رۆژەکەم بیر نەماوە، کوردەوانی حەمە رەشیدی ئەحمەد. شانەشم لەگەڵ بوو لە دوکانەکەدا ئەو خەلفەم بوو، من بەردەستی ئەوم دەکرد، لەو رۆژەوە ئیشەکانم بە تەواوی کەوتە ئاشکرا بوون، هەر بۆیە چووم بۆ سەرکردایەتی باسم کرد، بەڵام بێ وەڵام بوو.. هەر ئەم جۆرە کەسانە بوون لە ئەنجامدا دەبوونە کۆسپێك بۆ نەهێشتنی جووڵەو چالاکی، یەکسەر رژێمیان ئاگادار دەکردەوە لە هەموو رووداوێکی رامیارانە، ئەوەبوو وەکو بینیتان، شەماڵ

له ئاسۆو بەکری فاتە خرابتری کرد، لە سەرەتاوە بۆ هەرکەسم باس دەکرد چونکە هیچیان لێنەبینیبوو، باوەڕیان نەکرد، بەڵام دوایی هەموو شتێك روون بووەوە تازە کار لە کار ترازابوو، تا ئەو ماوەیەی کە خۆم تەتەر بووم هاتوچۆی سەرکردایەتیم دەکرد، گرفتم نەبوو، بەس خەڵك بەناو وەیان بە رووکەش دەیانزانی پاسۆکم .. دوای دابڕانم لە سەرکردایەتی پەیوەندیم لە (ل.ن.س) دەست پێکرد، کارەکانی پێشووم لە نێوان منو کاك کەریمدا بوو، زۆر نهێنی بوو، خۆم ئیشی دەرەوەو ناوخۆشم دەکرد  کە زانیم ئاشکرا بووم بەرەو چارەنوسێکی خراپ دەڕۆین دەبێت ڕێڕەوی خۆم بگۆڕم، ئەو هەموو هاتوچۆیەش کاری خراپی لێدەکەوتەوە بۆیە بە شێوەی نامە سەرەوەم ئاگادار کرد ئەوانیش وەڵامیان دامەوە کە بەو شێوەیە پێشتر بۆیان باس کردم بچم پەیوەندی بکەم بە سەرکەوتەوە، لە (ل.ن.س) لیژنەی ناوچەی سلێمانی (پارتی سۆشیالیستی کورد پاسۆك)، ئەوەبوو برادەرەکەم دۆزییەوە، هەرچۆن لە پێشوودا باسمکرد ناوەکانو نهێنییەکانم دایێ، تازە ئەو بەرپرسی منە، بۆیە بێ سڵکردنەوە خۆم دا بەدەستەوە، هەرچەندە بێئاگا بووم لە مەبەستی، بەڵام ئەو نەخشەی کێشابوو، خۆی ئامادە کردبوو کە چۆن بەگرتمانبدا، لەوە دەچوو یەکەم ئیش کە بۆ رژێم ئەنجامیدا ئێمە بووبین، چونکە پێشتر چالاکییەکی سەربازی بۆ نەخشە کێشاین، بە بێ ئەوەی بزانێت تا چ رادەیەك ئێمە بە توانایین یان نا، یەکسەر گوتی بڕۆن ئەو ئیشەبکەن، ئێ من لەوەدا نەماوم کە ئەو تاقیمبکاتەوە، ئەی مەبەستی چییە؟.. خۆشم نەمزانی چەند جارێك بە بێ شت، مەبەستم چەكو تەقەمەنی بوو دەچووینە ناوچەکە بەڵام کەڵکی نەبوو چونکە لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە خۆیی دەریکردبوو یەکسەر (ئەمن)ی ئاگادار کردبوو، چەند جارێك چووینە ناوچەکە هەر ماوە نەبوو هەستمان دەکرد شوێنەکە گونجاو نییە، ئەو ناوچەیەش شوێنی چالاکی نەبوو، تا چووینە ئەو ناوچەیە چەند جار تووشی پشکنین دەبووین، هەر بۆیە ئیشەکەمان سەری نەگرت.. بەڵام دوایی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بۆماندەرکەوت ئەویش تەڵەبوو بۆمان دانرابوو، دەیویست بە بەڵگەوە بمانگرن، ئەو جارانەی کە دەچووینە ناوچەکە بە دەستی بەتاڵ دەچووین ئەو شوێنەی ئەو دینابوو لە دوورەوە دەڕۆشتین، هەرچەندە پشکنین هەبوو.. بەڵام هەستمان نەکرد وامان زانی رژێم هەر کاری ئاسایی خۆی دەکات دوایی هەموو شتێمان بۆ روون بووەوە، هەندێك جار لە لایەن پاسەوانە تایبەتییەکانەوە تووشی پشکنین دەبووین لەو سەردەمانەشدا زۆرجار بڵاوەیان دەکردو سەر سوچو کۆڵانەکانیان دەگرت.. خۆیان زۆر دەترسان هێزەکایان لە ترسی چالاکی رێکخستنەکان بڵاو دەکردەوە، ئەوان بە وشەی خۆیان بەرگری دەکەن ناهێڵن هیچ روو بدات بەڵام لە شوێنێکی تر دەقڵیشایەوە.. ئەوان ئەمڕۆ ئەسحابە سپییان دەگرت بەڵام لە سابونکەران دەقڵیشایەوە بەو شێوەیە رژێم گیری خواردبوو بە دەستی شۆڕشگێڕەکانەوە. ئەوان چەند سوپاو هێزیان بڵاو دەکردەوە بێ سوود بوو چونکە رژێم لەگەڵ هەوڵو خەباتو ورەیی پۆڵایینی رێکخستنەکانو شۆڕشی کورد هیچی بۆ نەدەکرا. یەکێکی دەگرت (10) لەجیاتی دروست دەبوو، یەکی دەکوشت سەدانی دەکرد بە دوژمنی خۆی، هەر جۆرە کردەوەیەکی نامرۆڤانەی دەکرد زیاتر دوژمنی بۆ پەیدا دەبوو زیاتر رووی رەشیان لای میللەت دەردەکەوت بەتایبەتی ئەو خۆفرۆشانەی کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرانو لە ئەنجامی تاواندا دژی رۆڵەکانی ئەم میللەتە بڕە پارەیەکیان دەست دەکەوت ئەوانە ریسواو سوكو دەروون نزمبوون, ئەوانە خاوەنی ئاکارو رەوشتی خۆیان نەبوون.

لە هەمان کاتیشدا با لە خوێندنگەکانەوە دەستی پێبکەین زۆر بوون لەو کەسانەی کە تەنها لەبەر واژۆیەك (ئیمزا) خوێندنو پاشەڕۆژیان لەدەست چوو، ئێستاش بێ خانەو لانەن، تاوانبارانیش هەروەك بە بەرچاوی جەماوەرەوە بە سزای گەلو شۆڕش گەیشتن، پاداشتی بەد رەفتاری خۆیان لە میللەت وەرگرت، هەرچەندە رژێم بەهێزو توانای سەربازییەوە نەیتوانی بەرگەی ورەی پۆڵایینی کورد بگرێ، هەموو ئەو هێزانەی وەك بەفر توانەوە، خۆیان لەبەردەم هەڵمەتی شێرانەی کورددا رانەگرت.. کورد بۆی سەلماندن چەند بەهێز بن چەند جاری تریش شەهیدەکان شەهید بکەنەوە ناتوانن چۆك بە کورد دابدەن.. ئەوان چەند هەوڵیان دا لە گرتن بێ سوود بوو.. لە کاتی بەد رەفتاری داروودەستەکەیاندا کە دەیانکرد دژی میللەت، لە کاتێکدا هەواڵیان لە کەسێك دەدا، دەهاتن بە شێوەیەك نەخشەیان دادەڕشت کە گومان نەکرێت کە تاوانبارەکەی هەواڵەکەی گەیاندووە بە رژێم ئاشکرابێت بۆ ئەوەی.  سیخوڕەکەی خۆیان بەدوور بێت لە گومانی

پیاوخراپی، هەتا خەڵك بە خراپەكار ناویان نەبەن، ئێمە بێ ئەوەی ئەمانە خۆ فرۆشی بکەن لەبەر ئەوەی واژۆیان بۆ رژێم کردووە سوك بوون ئینجا تاوانەنا مرۆ ڤایە تیەکە یان بوەستێت کە چۆن رەوشتی کۆمەڵایەتیان شکستی دەهێناو ئەگەر بێتو قسەمان لەگەڵ بکردینایە نەمان دەوێرا لە ترسی عەرەب وتەنی (سومعەی) خۆمان بە ئاشکرا قسەیان لەگەڵ بکەین ئەوەندە سوك بوون.. هەرچی خراپەیان دەکرد یەکسەر ئاشکرا دەبوو کورد وتەنی "دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە"، ئەمانە چەند دەیانویست بە نهێنی کاربکەن شتەکانیان بە ئاسانی دەهات بە دەستەوەو زووتر ئاشکرا دەبوون چونکە ئێمە خاوەنی بیروباوەڕو ورە بووین ئەوان قاچاخچی بوون بە خوێنی میللەتەوە قاچاخچێتییان دەکرد.. ئیشەکەی ئەوان خێراتر بوو بۆ ئەوەی بڕە پارەکەیان وەرگرن، زووتر خوێنەکەیان بخۆنەوە.. ئەوەی ماڵو منداڵی بە خوێنی میللەت بەخێو کرد ئەوەی رسوایی کرد لە مێژووی میللەتەکەمان هەڵبەتە خۆشیانو ماڵو منداڵیان ئەوخوێنە دەبێتەوە بە زەرو دەچێتەوە ناخیان هەموو کاتژمێرێکیان مردنێکە.. هەمیشە نوشستی دەستی مێژوون، ریسوای ئەم گەردونەن ، هەرچەندە تا سەر بۆیان نەخورا، تا سەر بۆیان نەچووە سەر.. کورد وتەنی چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە، ئەوانیش کردەوەکانی خۆیان چنگ کەوتەوە.

با لا نەدەمو بگەڕێمەوە سەر باسەکەم، لە پاش گرتنی هاوبیرەکانم منیش کەوتمە خۆم، هەر شەوو رۆژەی لە شوێنێکد بووم ئارامم لێبڕا بوو، لە دڵەڕاوکێدا بووم، گوزەرانم نەبوو، خەوی شەوو رۆژم لێ تێکچوو بوو.. لەو سەردەمەدا نەمدەوێرا روو بکەمە ماڵە خزمەکان ئەوەش چارەسەر نەبوو هەر دەبوو بڕۆشتمایە ماڵەوە بۆ من زیانی زیاتر بوو، هەرچەندە ئەمسەرو سەرم زۆر کرد زۆر ماڵیش چووم، بەڵام خۆشم خەمی ئەوانم بوو لەو سەردەمەدا ئەگەر کەسێکی نیشتمانپەروەر وەیان پێشمەرگەیەك لە هەر ماڵێکدا بوایە بێگومان ماڵەکەشیان پێوە تەفروتونا دەکرد.. هەر بۆیە خەڵك بە گشتی دەسڵەمییەوە، بە راستی بنەمایەکی یاسایی نەبوو کە رەچاوی داوا رەواکانی نەتەوەکەمان بکات، ئەوی بە بەعسی بوتایە خراپ هەڵبەتە بەرەو خراپە راپێچ دەکراو ئەوەی بۆیان بکرایە درێغییان نەدەکرد، ئەگەر یەکێك ئاشکرابوایە لای ڕژێم، بچوونایەتە سەر ماڵیان لە ماڵ نەبوایە ئەوە لەجیاتی خۆی

یان باوك یان دایك کەسێکیان لەجیاتی دەگرت، لە زیندان دایان دەنا، تا دوا هەواڵی کەسەکەی بە دوایدا دەگەڕێن بە تەواوی دەستیان دەکەوت، جاری وا هەبوو لە یەك مانگەوە تا شەش مانگ بۆ ساڵ باوك لە جێی کوڕ زیندانی کراوە، هەر ئەو شتانەش بوو خزمو کەسوکار دەترسان کە رووت دەکردە ماڵیان، بۆیە من لەو سەردەمەدا خۆم وەك (لۆری) پێدەهاتە پێش چاو، لە هیچ شوێنێکدا جێم نە دە بوو.. کەس وەری نەدەگرتم، ئەوەبوو لە رێی تراکتۆرەوە لە شار دەرچوومو رووم کردە عەربەت هەندێك کەسوکارمان لەوێ هەبوو لە راستیدا ئەوانیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو، ناهەقیشیان نەبوو مافی خۆیان بوو بترسن لەوەی بەبۆنەی منەوە تووشی گرفت بێن، ماڵو ژیانیان لێ بشێوێ، لەو کاتانەدا لە عەربەت بووم هێزە تایبەتییەکان (القوات الخاصة) چووبوونە سەر ماڵمان، نازانم چۆن ماڵەکەیان دۆزیبووەوە، بێگومان منی لێ نەبووم هەروەك دڕندەیی کرداری هەمیشەییان ئەو شەوە دایکمو برایەکی لە خۆم بچوکتر لە ماڵە وە گرتبوویانو بردبوویانن هەرچەندە براکەم لە تەمەندا منداڵ بوو ئەو کاتە هێشتا نەفام بوو، بەڵام ئەو زۆردارانە ژنو منداڵیان نەدەخوێندەوە، کورد دەڵێ شەلم کوێرم ناپارێزم، ئەمە لە کورد رووی دابوو لەو کاتەدا، ئەوان مەبەستیان بوو ئەوەی خراپەکارییە لە دژی خەڵکی کوردستانو کەسانی شۆڕشگێڕ بیکەن, جا بۆیە ئەوەی بە دەستیان بگەشتایە، خزمو کەسوکاری پێشمەرگە دەستیان نەدەگەڕانەوە دەیانگرت لەجیاتی کوڕەکەیان.. هەرکەسێك بوایە.. گرنگ کەسی پێشمەرگە بوو، هەتا کوشتنی بە کۆمەڵی خێزان لە پێناو سەرکوتکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، جا بۆیە شتێکی نامۆ نەبوو، هەرچی تاوانێکیان دەکرد هەتا ماڵەکەشیان دەسووتاند، دەستدرێژیشیان دەکردە سەر دراوسێکان بە بۆنەی کەسە پێشمەرگەکەوە.. جا بۆیە خەڵك بە گشتی ئەوەی لە لایەن رژێمەوە تاوانبار بکرایە کەس نەیدەوێرا بیگرێتە خۆی، دەسڵەمینەوە، من بۆ ئەو ماوەیەی لە عەربەت مامەوە بە تەواوی هەستم دەکرد کە ئەو خزمانە بێزارن ئەوانیش مافی خۆیان بوو.. منیش چارم نەمابوو بۆیە روومکردبووە ئەوێ.. لە راستیدا من ئەو کاتە وەك ئاگر وابووم ئەویش نەك لەبەر دڕندەیی خۆم، لەبەر ئەوەی دوژمن بە دوامدا دەگەڕا، کەس فەرمووی لێنەدەکردم، خۆم دەچوومە

مالآن.. ئەو خەڵکانە لە راستیدا لە دەستدرێژی رژێم دەترسان نەك لەبەر ماڵەکەیان.. بۆیە بۆ چەند رۆژێك لەوێ مامەوە، دوایی بە بۆنەی چەند برادەرێکەوە بەڵێنیان دا کە بەرگریم لێبکەن تا دەرم دەکەن بەڵام وانەبوو، لە راستیدا لە عەربەت دەرچووم، لە سەید سادق گیرام، پارەشم پێ نەمابوو، بۆ کرێی ئوتومبیلەکە، ئەو کاتە سەرکردایەتیمان لە سورێن بوو، هەرچەندە رێ ناخۆش بوو، عێراق بەنیازبوو هێرشبکات بۆ ئەو ناوچەیە.. لەو کاتەدا هێزێکی زۆر سەربازو هێزی تایبەتی رژێم لە ناوچەکەدا بوون، لێپرسینەوەیان زیاتر دەکرد، ئەگەر یەکێك نامۆ بوایەو پێناسەکەی خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبووایە بێشك دەیانگرت، من شارەزا نەبووم باش کەسیشم نەدەناسی لە خەڵکی ناوچەکە، دوو رێگەم دەزانی لای کوڵکنیەوە رێگەیەك بوو لای ئاشەکەوە ئەو دوو رێگەیە گیرا بوون، من نەش.گەیشتمە سەید سادق گرتمیان. لە (فیرقەی ئیستخبارات)ەکەی سەراوی سوبحان ئاغا گیرام، لای نیوەڕۆ بوو، کۆتایی مانگی حەوت بوو (خەرمانان)، گەرمایەکی ناخۆش بوو، سەرەڕای ئەوەش کردمیانە ناو ژوورێکی ئاسن لە ناوەوە دەکولام، پیسی ژوورەکە زۆر ناخۆش بوو، راخەری تیا نەبوو، عارەق بە ناوچاومدا دەچۆڕاو لەگەڵ تەپوتۆزەکەدا دەبوو بە قوڕاو، نیوەی ژوورەکە دارو تەختەی تیابوو، لەوە دەچوو شوێنیان نەمابێت بۆ من.. چونکە منالْ بووم لە تەمەندا هەروا یانزانی شتێکی ئاسانم کردووە بۆیە زۆر بێبایەخ کردمیانە ئەو ژوورەوەو بەجێیان هێشتم.. هەر بڕیاری دەستگیرکردنەکەم چووبوو کە بگیرێم، باسیان لە ئیشەکانم نەکردبوو، هەرچەندە ئەو برادەرانەش پێدەچێ دەستیان هەبووبێ لەو بەدەستەوەدانەدا، کە وتیان بەرگریت لێدەکەین، بەڵام کڵاو بوو..

با بێینەوە سەر باس، لە تاو گەرماو تەپوتۆز لەشیشم تووشی خورووییەك بوو، زۆر ناڕەحەت بووم، یەکەم جاریش بوو شوێنی وا ناخۆش ببینم، عەرەبیشم نەدەزانی، هەرچۆنێك لێیان دەدام هەر دەمووت بەڵێ.. بۆ یەکەم جارم لە ژیاندا ئەوەندە بێزار ببم، باوەڕم بە ژیان نەمێنێ‌و ئارەزوو بە مردن بکەم، من بیرم لە زۆر شت کردەوە، بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوانەم هەرگیز پێشبینی نەکردبوو، ئاماژەشم پێنەدابوو لای خۆم بۆیە وەکو بیرێك وابوو کە تێی بکەوم لە دەشتێکی چۆڵدا بێت، کەس پێم نەزانێت، زۆر ئەو گرتنە کاری تێکردم، دوای ئەوە گرفتەکانی سلێمانم لێکدەدایەوە، ئەگەر بمنێرن بۆ سلێمانی چی روودەدات، لە دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە تا گەیشتمە ئێوارە چوار زیندانیی تریان هێنا هەر چواریان پێدەچوو سەرباز بن‌و لە پێشەوەی جەنگەکە گیرابن!! بەڵام گرنگییەکە لەوەدا بوو من عارەبیم نەدەزانی ئەوانیش وەك من، بە دەست قسەمان دەکرد!! وا تێگەیشتم ئەو سەربازانە شیعەن، هەرچەندە هیچمان لە گرفتی هیچمان بەئاگا نەبووین، من هەر خۆم بووم کە ئەوانیان هانی، تۆزێ ئاهم پیا هاتەوە، وریا بوومەوە لەو بێئاگاییەی کە بەهۆی گیرانمەوە تووشی بووم، وەك دڵەڕاوکێکەی کە تا ئێستاش هەر ئازارەکەی لە دەروونمدا دووپات دەبێتەوە لەو کاتانەدا بە تایبەتی چینکۆ یان تەقەتەقی شتێك لە چینکۆ بچێت، یەکم ئازار لە چینکۆو ئاسنەوە دەستی پێکرد تا گەیشتە دوا ئازاری ئەسپێ‌و ئەشکەنجە دەروونییەکان، سوکایەتی پێکردنمان، هەرچەندە زیندانی واتای نوقمبوونی ئاوات‌و ئارەزووی کەسێك کە زینەبەچاڵ دەکرێ، هەرگیز چاوەڕوان نابێت بۆ رووناکی، هیواو ئاواتی زیندانیبوون بریتییە لەو ئەندێشانەی کە مرۆڤ لە رێی داواکانییەوە کۆشش‌و خەبات دەکات تا بگا بە ئامانج  زیندان ئەو مۆتەکەیەیە کە دەست دەخاتە بیناقاقاو دەتتاسێنێت .. لە هەمان کاتیشدا ئەو (قوتابخانە)یەیە کە مامۆستای بەڕێز قانعی شاعیرو فەیلەسوفی زیندان باسیدەکات.. راستە گرفتەکان‌و ئەشکەنجەدانی زۆرە بەڵام دروستبوون‌و رۆشنبیری‌و دەرك .کردنی زانین لە بۆچوونە مرۆییەکاندا پەرەدەستێنێت‌و کەسێکی ئاسایی لە بواری ژیاندا دەبێتە کەسێکی شارەزا، راستە گرفتەکان هەرشتە‌و جیاوازە بەڵام رووی وشیاری‌و بەرگری لە شۆڕشگێڕو کەسانی رۆشنبیردا دەگۆڕێ, بۆ نموونە من کەسێکم بەس لە رووی ئازاری نەتەوەییەوە هەست بە ئەشکەنجەو ئازار دەکەم‌و ئەوەندە تێدەگەم، بەڵام کەسێکی هاوولاتی لە رووی ناوچەیی‌و لادێکەی خۆیەوە تێدەگات تا دەست بەسەر کشتوکاڵ‌و ئاودێری‌و مەڕو ماڵاتیا نەگیرێت، هەرکەسەو لە بواری پیشەی خۆیدا لای گرنگە ئارەزووەکانی لەدەست نەچێت، تا دوا دڵۆپ، بەرگری لێدەکات بەڵام ئێمەی کورد جگە لە خاك‌و ئاو زەوی‌و بەروبوومی نیشتمان.. ویستیان ناوو ناونیشانی نەتەوەییمان بسڕنەوە، ویستیان بە خۆڕایی شاربەدەرو بەکرێگیراومان کەن راستە زیندانی لە رووی راستییەکانەوە بۆ کەسانێك دادەنرێ کە تاوانبار بن

بەڵام بوونی تاوان لە بیرو بۆچوونی کوردو شۆڕشگێڕەکانی کورددا نەبوو، جگە لە بەرگری لە خاك‌و نیشتمان. ئەگەر کەسێك یان نەتەوەیەك بەرگری لە وڵات‌و نیشتمانی بکات ئەمە بەکرێگیراوە یان خۆفرۆشەو یان نیشتمانپارێزو بەڕەوشتە، هەموو خراپی ئێمەی کورد چۆکمان دانەداوە بێدەنگ نەبووین لە ئاست داواکارییە پێشێکراوەکانمان.

راوڕووت‌و دزی‌و دەستدرێژی لای ئێمە ستەم بووە، بۆیە رژێم‌و دارودەستەکەی هەمیشە لە بۆسەی لەناوبردنی شۆڕشگێڕو کەسە نیشتمانپەروەرەکاندا بوون، بۆیە لەو زیندانەدا کە عارەبەکانم دی لام تۆزێ ئاسایی بووەوە، چونکە بیرم لەوە دەکردەوە من کوردم تاوانباریش نەبم من هەر کوردم، دەبێ سزای کورد بوونم بچێژم، بەڵام ئەی تاوانی ئەو عەرەبانە چی بوو، خۆ عەرەب بوون جلی سەربازییان لەبەردا بوو خۆیان لە راژەی سەربازیدا بوون، هەرچەندە من هیچ شتێکم نەدەزانی لەبارەی شیعەو چۆنێتی بوونیان لە باکوری عێراق، بەڵام ئەم جۆرە پرسیارانە لام مەبەست بوو بۆو چۆن ئەوەی، لە لام گرنگە زانین بوو، هەرچەندە ئەو یەکەم نیوەڕۆیەی کە گیرام نان‌و خوانێکی باشیان رازاندووەوە بەڵام من هەر هیچم بۆ نەخورا هەرچەندە سەربازەکانی لەگەڵم زیندانی بوون بە دەست هێمای نانخواردنیان کرد کە بخۆم  من لە داخ‌و لە خەفەتا هیچم بۆ نەخورا، وامدەزانی گوللەبارانم دەکەن، چونکە نەمتوانی خواردنەکە بخۆم، زۆر لام قورس بوو خواردن، من لە ئازارو ئەشکەنجەیەکی بێ سنووردام بیرم لە دواڕۆژی گەیشتن بە سلێمانی‌و ئاشکرابوونی هەموو نهێنییەکان دەکردەوە هەمیشە بیرم لای رابوردوەکەم بوو وە ئەوەی کە روودەدات چونکە کورد وتەنی پاشەڵم پیس بوو، لە راستیدا بیستبووم کە زیندانییەکان چارەنووسیان چییەو چۆن ئەشکەنجە دەدرێن، بۆیە بیرم لە هەمان شت دەکردەوە، کە رووبەڕووم دە بێتەوە، زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە خۆم بتوانم خۆڕاگر بم یان نا، زۆر لەوە دەترسام نەتوانم خۆڕاگر بم، کەسێکی تر تووشی زیان ببێت لە دەستم، پێش گیران ڕەوشتی زۆردارو ئەشکەنجەچییەکانم بۆ باس کرابوو، لەو ئێوارەیەدا بینیم ئەو شتانەی کە پێشتر باسکرابوو بۆم، لەو ئێوارەیەدا بە راستی بوون، هەرچەندە ترسم هەبوو بەرگەی ئەشکەنجەدان نەگرم، لەوانەیە نەتوانم خۆڕاگر بم، زۆر لەو بیرکردنەوانەم لە مێشکدا دەهات‌و دەچوو، ئەوەی زۆر مەترسی بوو لام من خەڵکم زۆر دەناسی تێکەڵی خەڵك بووم باوەڕپێکراوبووم، لەپڕ بارێکی دەروونی تێکم بدات‌و کەسانێك بەدەست من تووشی زیان بن لام زۆر ناخۆش بوو، کە ئێوارە هات هەروەکو نیوەڕۆ خواردنێکی باشیان هانی، تۆزێکم خوارد بەڵام کەم بوو، ئەویش زۆر برسی بووم، لە پاش خواردنی نانی ئێوارە یەکەم لێکۆڵینەوە من بووم، لە راستیدا ئەوان بەس بڕیاری گرتنی منیان پێ بوو نەك لێکۆڵینەوە چونکە هیچ زانیارییەکیان لا نەبوو لەسەرم، هەروەك باسم کرد بۆیە کە بانگیان کردم گوتیان بۆ گیراوی بە راستی دڵم خۆش بوو گوتم لەوانەیە بە هەڵە گیرابم ئیتر وتم نازانم ئێوە دەزانن (وەرگێڕێك)ی کوردی لێبوو پلەوپایەی بەرز بوو کورد بوو عەرەبێکی لەگەڵدا بوو ئەو پلەی سەربازی نەبوو ئەم سەربازە کوردە ئاستی رامیاری بەرزتربوو چونکە ئاگام لێبوو ئەو پرسیاریدەیکرد، بەڵام من وتم ئێوە دەزانن ئەوان بەم وشەیە تووڕە بوون، بۆیە دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانم، هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوون بزانن چیم کردووە، هەرچەندە دەترساشم لە بڕیارەکانیان لە گفتوگۆو ئەشکەنجەدانەکان نەك لە خۆڕا تووشی گێچەڵێکم بکەن بەڵام نە ئەوان‌و نە من هیچمان بەدەستەوە نەبوو, ئەوان نەیاندەزانی بۆچی منیان گرتووە منیش لە راستیدا دوودڵ بووم لە گرتنەکەمدا.

وام لێکدەدایەوە بە هەڵە گیرا بم، زۆرشت لەو بابەتە هات بە مێشکمدا, کورد وتەنی "هەر بای بەڕە کۆنە"، بەڵام هەردوولامان عەرەب وتەنی (غەشیم) بووین، هەرچەندە لێیاندام بۆ ئەوەی سوودمەند بن زانیاریم لێوەرگرن، بەڵام بێ سوودبوو لەو شتانەی کە لام شاراوەبوو, زانییان هیچ شتێکم لا دەستناکەوێت زۆر خۆیان بە منەوە هیلاکنەکرد، زۆر بژاردەشیان بۆ نەدەکردم، بەس وابزانم بانگکردنی من لەبەر هەندێك هۆی تایبەتی خۆیان بوو، بۆیە ئەفسەرە کوردەکە پێی وتم زانیاری لە سلێمانییەوە هاتووە دەبێ بتبەینەوە بۆ سلێمانی ئیتر دڵنیا بووم چییەو چۆن گیراوم، داهاتوی سلێمانی وەکو نیمچە بیرکردنەوەیەك لە شێوازێکی فلیم ئاسا لە بەرچاوم دەهات‌و دەچوو زانیم چارەنووسم بەرەو کوێیە دەبێ هەر بینۆشم، ئەشکەنجەو ئازاری (ئەمن) بۆیە پێیان راگەیاندم دەبێ بمبەنەوە بۆ سلێمانی وتیان بڕیاری (ئەمن)ی سلێمانییە، با بزانن ئەوان چییان هەیە لەسەرت ئەوان ناونیشان‌و شوێنیان لە من وەرگرت، ئیتر بە تەواوی هەستم بە نائومێدی کرد ئیتر

www.pertwk.com

لێرەوە پاشەڕۆژم تاریك بوو کەوتمە گێژاوی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانەوە، بەڵام بە ساویلکەیی بە ئەفەسەرکەم وت ئەگەر هیچم نەکردووە بۆ بەرم نادەن، دەستیکرد بە جنێودان وتی خۆ ئێمە شێت نەبووین تۆمان گرتووە ئەوە نییە داوایان کردوویت، بە هەر شێوەیەك بێت نەیەڵن دەرچیت, کەوابێ شتێکی خراپت کردووە، لە دڵی خۆمدا وتم ئەمە ڕۆژەکەیە کە لێیدەترسام لە پاش تەواوبوونی پرسیارەکانی خۆیان دیسان چاوم بەسترایەوە گەڕاندمیانەوە بۆ ناو زیندانە گەرمەکە بە بێ گڵۆپ دایاننامەوە ئەو عەرەبە بەسەزمانانە تەواو لە پێ کەوتبوون، ئینجا ناوی یەکێك لە عارەبەکانی خوێندەوە ئەوەی ئەو ئێوارەیە بینیم لەو عارەبە شیعەیەیان دا وتم ئەگەر لە سلێمانی وام لێبکەن بەرگە ناگرم لە دڵی خۆمدا بێگومان بیرم لێدەکردەوە، هەریەك لەوان براون بۆ لێکۆڵینەوە بە چوار دەستە دەیانهانینەوە، شڕیان دەکردن بە سەرو گوێلاکی خوێناوییەوە دەگەڕانەوە، ئەوە یەکەم جارم بوو ئەشکەنجەدان بەو جۆرە ببینم، زۆر سامناك بوو، باسی قەسابخانە دەکرا ئەوە قەسابخانەیەك بوو بۆ خۆی، ئەوەی دەڕۆی بە ناڵەو هاوارو ئازارەوە دەگەڕایەوە، ئەو شەوە لەو ژوورەدا کەسمان لە یەك تێنەدەگەیشتین ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی ئەوان درا دڵم خەریك بوو دەتەقی نەمئەزانی چی بوو هۆکەی چییە؟! بۆیە هەستم.دەکرد لە گۆڕستانی زیندوواندام، ئەوانە بە جەستە مردووبوون بەڵام بە ناڵەو نرکەی هاوارو ئازاریان زیندوو بوون، لە هەر هەموومانیان دابوو ئەو ئێوارەیە.. ئەوەی کە کەمی لێدان خوارد من بووم منیش لە هەموویان بچوکتر بووم، وابزانم لەبەر بچوکی یارمەتیاندام، بەس بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بوایە وا بە ئاسانی رزگارم.نەدەبوو.. ئەو شەوە لەگەڵ ئێش و ئازاری خۆم و ناڵەو نرکەی ئەو سەربازانە تا بەیانی هەر ناخی خۆم دەخواردەوە هەر بیرم لە دواڕۆژی خۆم دەکردەوە زۆر ناخۆش بوو لام ئەوە یەکەم دیمەنی ناخۆش بوو ئەوە یەکەم داخورپانی دڵم بوو کە من کەمترین لێدانم خواردبوو بەڵام زۆرترین لێدانی ئەوان ئەشکەنجەی منی دا، ئەو شەوە هەر تەواو نەبوو تاریکیش بوو، گڵۆپ نەبوو لە ناو ئەو چینکۆیەدا، لەبەر بێ ئاوی خەریکبوو دەخنکاین دەرگایان نەکردەوە تا بەیانی چەند هاوارمان لە ئاو کرد من نا ئەو عەرەبە بەسەزمانانە لە دوای ئەشکەنجە پێویستیان بە ئاوو خواردن بوو بەڵام نیوە مردوو بووبوون تا بەیانی من ئاگام لە ئازاری ئەوان بوو ئەوانیش دەیانویست بە من بڵێن کە دژی رژێمی عێراقن و لە ناخیاندا هەموو شتێکم دەخوێندەوە, ئەوان دەیانویست بڵێن هەردووکمان گیرۆدەین بەڵام بە داخەوە بە گوفتار هیچمان لە هیچمان نەدەگەیشتین. من وابزانم ئەوانە ویستبوویان بچن بە دیوی ئێراندا، (ئیستخباراتی) سەربازی گرتبوونیان ئیتر چارەنووسیان لە دوای ئەو بەیانییەوە کە 1985/7/29ی دەکرد نەمزانی بەرەو کوێ دەچن، شۆرباکەی بەیانییان هانی و منیان برد بۆ زیندانی گواستنەوە، کەسمان لەتاو ئازارو ئەشکەنجە شۆرباکەمان بۆ نەخورا ئیتر نازانم لە ترسدا بوو یان لە داخدا سەرو دڵمان گیرابوو، ئەو رۆژە لە عەرەبەکانیان جیا کردمەوە, بەڵام توانیم بە چاو ناڕەزایی خۆمیان بۆ دەرببڕم کە لەو ئەشکەنجەدانەدان، هەر چوومە دەرەوە لە دوا ئاوڕدانەوەمدا وتم خواحافیز..

ئیتر چارەنووسی خۆشم روون نەبوو هەر لە مەترسیدا دەژیام بردمیانە ژوورێکی تر هەروەك هەمان ژووری پێشوو بوو، دیسان بە تەنیا دایاننام هەر خۆم بووم نوقمی دەریای یادەکانم بووم، لەگەڵ ئەو هەموو بیرکردنەوەیەدا جار جارە ئازاد دەبووم دەچوومەوە شاخ دەگیرامەوە ئەشکەنجەکانم دەبینی، دڕندەیی بەعس، رایدەچڵەکاندمەوە، ئینجا بە خەو لە خەویشدا خەوم ناخۆش بوو چاوم نەدەنوقا چاوەڕێی بانگکردن بووم بم بەن بەرەوکوێ ڕێی نەهات، بەرەو زیندانی هەمیشە تاریك و ئەشکەنجاوی، لە راستیدا ئەوەی کە بیستبوومان سەبارەت بە رژێم بە وتە نانووسرێ باسی دڕندەیی و ئەشکەنجەدان و سووتاندن بە جگەرە، سوکایەتی پێکردن، زۆر شتی ناخۆشیمان بیستبوو بە تایبەتی‌من... زۆر کەسیش راستییەکانی بینیبوو بۆیە پێش ئەوەی بمبەن زانیم بەرەو کوێیە، ئەو شەوە هێشتا نەیانبردم بۆ بەشی گواستنەوە (تسفیرات) لە ناو ژوورێکی تری ناخۆش و پیسوپۆخڵ بەو چەند رۆژە شەڕواڵەکەم لە چڵك و پیسیدا رەق ببوو، بۆ بەیانی داهاتوو بردمیان بۆ بەشی گواستنەوە شەوێك لەوێ بووم هەندێك سەربازی کوردی لێبوو پرسییان بۆ گیراوی وتم نازانم، دڵنەواییان کردم بەڵام من خۆم دەزانم کوێم دێشێ، هەرچەند باسی سلێمانی دەکرا وەکو باسی دۆزەخ بکەن بۆم ئەوەندە لام ناخۆش بوو چوونم بۆ سلێمانی چونکە چارەنووسم لە سلێمانی دەردەکەوت هەموو نهێنی و رابووردووەکانم لای ئەوانە ئێستاش کورد وتەنی دووگ بەردەمی

گورگ کەوێ، منیش ئەوان کوناوکون بە دوامدا دەگەڕان ئێستا بە ئاسانی دەچمەوە بەردەستیان سەربازەکان‌و ئەشکەنجەدانەکە وای لێکردبووم پێش سلێمانی خۆم بکوژم باشە، چونکە دڵنیا بووم لەوێ بە دەردی ئەو سەربازانە دەچم، کە لەوەوپێش بە بەرچاومەوە چییان لێکرا، خۆ لەوانەیە هەر بەقەدەر من تاوانبار بن، هەر لە دڵیشم دەرنەدەچوون، بەزەییم زۆر هەبوو بۆیان لە چاویاندا دەپاڕانەوە، بەڵام کەس بە هانایانەوە نەگەیشت من ئاواتەخوازبووم بێمە قسەو بڵێم بۆ واتان لێدەکەن پێم وابوو ئەوانیش هەر تامەزرۆی بیستنی گیرانەکەی من بوون بۆیە کەسمان لە کەسمان حاڵی نەبووین، هەرچەندە وەگ گرێیەك ئەو دیمەنە تا ئێستاش لەلام پرسیارە.. سەرباری خەمی خۆشم.... چاوەڕێی‌سات نا ساتێك بووم کە بمبەن بۆ ئەو شوێنەی دۆزەخی لێبوو، کە بمبەن بۆ هەڵواسین‌و سووتان.. هەر چاوەڕێ بووم، ئەمە لە بردنەکە ناخۆشتر بوو دوو شەو لە چاوەڕوانی هێشتمیانەوە، بەڵام یەك ژیریم کرد هیچم نەدرکان ئەگینا لەوێ ئەشکەنجەی وەك سەربازەکانم دەخوارد، باسی رازو نیازی خۆم بۆ زیندانییەکان نەکرد، هەرچەندە گفتوگۆیان کرد شێرو رێوییان هێنایەوە، بێ سوود بوو دوای ئەو دوو شەوە دواڕۆژ بڵێین ئوتومبیلێکی گواستنەوەیان هانی‌و بە پاسەوانەوە چاویان بەستم‌و سەریان کردم بە ژێر کوشنەکەداو قاچیان لەسەر پشتم دانابوو، تا سلێمانی خەریك بوو بخنکێم دەستم لە دواوە کەلەپچە بوو چوار شەو مابوومەوە جلەکانی بەرم لە خۆڵ‌و قوڕ هەڵکشابوو، شەڕواڵەکەی پێم رەقببوو ، بەو چەند رۆژە هەستم بە خوران دەکرد لە جەستەمدا، تووشی ناخۆشترین خوران بووم ئیتر نازانم مێشوولەی زۆر بوو، زۆریش گەرم بوو هەرعارەقم دەکردەوە، نزیکەی دەوروبەری نیوەڕۆ گەیشتینە (دائرەی ئەمنی سلێمانی) ، من دەمم ناهێنێ بڵێم ئاسایش هەرچەندە وشەی عارەبی لام قورسە وتنی بەڵام وشەی ئاسایش خۆی واتای پاراستنی هاووڵاتیان واتای پیرۆزی شارستانی‌و راژەکردن بە میللەت بەڵام ناوەکەی ئەوان (ئەمن) بوو بۆیە ئەو ناوە قێزەونە هەر لای کوردو وشەی (ئەمن) زۆر دزێوارو رسوایە لە راستیدا ئاسایش دەکات واتاکەی من دەمم ناهێنێ بڵێم ئاسایش (هەر ئەمنن) (ئەمن) واتای هەرە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس، قەسابخانەیەك بوو بۆ سەرکوتکردنی لاوانی وڵاتەکەمان دروستکرابوو ، هەر

بردمیان پرسگە تەزوویەکی نامۆ لە تەوقی سەرم تا بنی پێم رۆشت وشەکانم بە پچڕپچڕی دەبیست کاس ببووم نوقمی ناو دەریای تاوانی زۆرداران بووم تازە دەرهاتنەوەم ستەمە ئەمە ئەو رۆژەیە کە لێی دەترسام ئەمە ئەو شوێنەیە کە سەدان‌و هەزارانی وەکو منی لە ژێر ئەشکەنجەدان دا نوقم کردووە، کە بەمردوویی‌یش نەیانتوانی بێنە دەرەوە، سامناکترین شوێن کە تێی چووم ئێرە بوو، هەر لە یەکەم هەنگاوم بۆ ژوورەوە جۆرە مەترسییەك هاتە پێشەوە، نازانم چۆن بڵێم، چۆن باس لە دڕندەیی‌و لە تاوانی ئەو شوێنە بکەم من نازانم، ئەو شوێنانە لە خراپی باس ناکرێت، هیچ وشەیەك نییە بۆی تا واتای خۆی بداتێ، تا ئێستاش شتێکی وام نەبیستووە ئەوەندە پڕ واتا بێت بۆ ئەو دۆزەخچییانە بۆ ئەو (زنیدووخۆران)ە ئەوان چییان پێ بڵێیت هەر کەمە، بردمیانە ژوورەوە بەڵام پێشتر لەناو ئوتومبیلەکە چاویان کردمەوەو بردمیانە ناو پرسگەکە دایاننام، ئەو سەربازەی لەگەڵمدا بوو چاوەڕێی کرد، تا ئەو نووسراوەی منی پێنێردرابووم وەریگرن، ئەوان بەس بە (مەئمور)ی لەگەڵمدا بوون، تۆزێکی پێچوو، چاوە زەقە نامۆکانی وڵاتی من هاتن (زیندوخۆرەکانی جەستەو ئێسقانی من هاتن لە دەرگای چوونە ناوەوەی پرسگە کردمیانە ژوورەوە چاو بەسترایەوە، یەکسەر زللەی باشم خوارد بردمیان لەپڕ کێشامیان بە لا دیوارێکدا چەند هەنگاوێك رۆشتین هەستم کرد لەو ناوەدا دەمسووڕێننەوە چونکە ئەو هەنگاوانە بۆ شوێنی دوور نەبوو سووڕاندنەوەی ترساندنی من بوو بۆ ئەوەی زوو لە خشتەم بەرن، لە ئەنجام دەرگای قەفەزێکی کردەوە دایانخستەوە دەرگایەکی ئاسنی گەورە کرایەوە بە شەقەی کێلوونەکەیدا دیار بوو، پاڵێك‌و شەقێك بۆ ئەودیو دەرگا داخرایەوە چاوم کرایەوە ئاوڕمدایەوە بەملاولادا ئێستا من لە ناو چوارگۆشەیەکدام ئەم لاولام دەرگای گەورەیە بە قوفڵ‌و کێلونی گەورەوە، لە دڵی خۆمدا پرسیارم دەکرد ئەشێ ئەم شوێنانە کامیان شوێنی لە قیمەدانی مرۆڤ بێت، کامیان شوێنی دوا بڕیاری لەناوبردنی کەسی شۆڕشگێڕو نەتەوەیی بێت دەستم لە کەلەپچە دەرکرا ئەو دەرگایەی بەرامبەرمان بوو کرایەوە پاڵێك بۆ ژوورەوە، وتی کەس قسەی لەگەڵ نەکات، کە روانیم ئەمە ئەو شوێنەیە کە بە درێژیی ساڵ ناوو ناوبانگی دەبیستم ... بۆیە کەم جار بوومە میوانی ژووری (ئینفرادی) ژووری تاك، لە ناو ئەو شوێنە

تەسكەدا چەند ژوورێك دروست كرابوو لە یادم باش نییە ئایا سێ ژوور بوو یان بەرەو سەر من لە ترسی ئازاری گیانمو لە ترسی ئەو داهاتووەی كە دێتە بەرچاوم زۆر بەئاگا نەبووم دیارە تۆ چاوەڕوانی پارچەپارچەكردنی خۆت دەكەیت ئەو شوێنە یە كەم شوێنی سەرەتایی بوو كە دەچوویتە ژوورەوە ئەگەر هیچ نەبوویتایە هیچ شتێك لەسەرت نەسەپێ بەس چوونە ژوورەوەی شەش مانگ دەمایتەوە خۆ ئەگەر بۆنی رێكخراوەییت لێبهاتایە ئەوە دادگا چاوەڕێ بوو بۆت، خۆ ئەگەر بە بەڵگەوە بگیرێیت ئەوە پێدەچێت هەر لەوێدا خۆیان بە ئەشكەنجە دان بتكوژن، منیان كردە ژوورێكی تاكەوە دەرگایان داخست لێم، بە تەقەی دەرگاكاندا


ژووری تاك(الانفرادی)


رِی زیَك ژووری تاك

گوێم لێبوو یەك یەك هەموو دەرگاكان لەسەرم داخرایەوە، بەردەم ئەو ریزە ژوورە هۆڵێكی لێبوو ئەوانەی كە كۆن بوون لەو هۆڵەدا دەخەوتن، بەڵام تازەكانی وەكو من بۆ ناو كونە تاریكەكە من بە راستی شێوە رووخانێكم لە خۆمدا بەدی دەكرد چۆن باوەڕ بە ژیان نەممابوو بێ هیوا بووم هەموو شتەكانم بە مردوویی لە پێش چاو بوو، كاتێك لە ژوورە تاكەكەدا بووم، دەرگاكان داخران ئیتر مرۆڤەكان وەك كورە هەنگ دەستیان كردەوە بە گاڵتەو گفتوگۆ، بێگومان ئەمانیش زیندانین بەڵام هیچ نەبێت لە من كۆنترن، خۆ لێكۆڵینەوەشیان تەواو بووە، هەروەها لە

منیش زۆر بە تەمەنتر بوون، هەر خوا خوام بوو بچمە ناویانەوە بزانم چۆن ئەتوانن پێبكەنن، ئەی بۆ كەسیان ماتەم نین كەچی وەك منیش زیندانین، كورد دەڵێ لە بێ خەبەران كەشكەك سلاوات، لە بێئاگایی منیش بەو شێوەیە، كە بۆم دەركەوت ئەوانە نینۆكیان هەڵكێشراوە، بزمار بە بنی پێیاندا داكوتراوە هەموو جەستەیان شوێنی داخكردنو سووتاویی بوو بەڵام سیواییان ببووەوە بەس ئەوەی كە تازە بوو من بووم منیش هەر خولم دەخوارد، كەوتمە گومانەوە دوودڵ بووم لەو شوێنە بە پێی ئەو هێمایانەی كە بۆم باسكرابوو، زیندانە گەورە ترسناكەكە ئەوێ بوو، بەڵام ئەوەی لای من هێشتبوومییەوە بە دڵەڕاوكێ كەسەكان بوو، زۆر ئاسایی بوو لایان كەسیان وەك من بیریان نەدەكردەوە منیش مافی خۆم بوو بپرسم بۆ، بە پێی ئەو لێدانەو ئەشكەنجەدانە بووایە، دەبوو هەموو ماتەم بوونایە بەڵام لێرەوە بۆم دەركەوت كە ئێمەو ئەو باسانەی كە ئێمە لە تێكۆشاندا بووین بۆی پێویستی بەوە هەبوو كە سڵ نەكەینەوە، لە سەرەتاوە دەبێت هەڵوێست وەرگریت، ئێرە ئەو شوێنە گرنگە بوو لێرەوە روونتر دەتتوانی باس لە هەڵوێستو بیروباوەڕت بكەیت چونكە زیندان بۆ شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەر دروست كرابوو، هەڵوێستی نیشتمانی لەوێوە دەر دەكەوێت دەتوانی لەوێوە باس لە هەستو هۆشو بیروباوەڕەكەت بكەیت ئەویش بە بە نواندنی ئازاییت نەترسی لە لێدانو ئەشكەنجەدان چۆك دانەدەیت كات نیوەڕۆ بوو كاتی كردنە دەرەوەمان بوو بۆ سەر ئاو چونكە ژوورە تاكەكان سەر ئاوی تیا نەبوو وایان دروست كردبوو كە ئەشكەنجەی جەستەیی بخۆین بۆ ئەوەی ئیشی سەرئاوت هەبوو بە ئازاراوە بمێنیتەوە، كە چووینە دەرەوە سەیرم كرد یەكێكیانم دەناسی ئەویش بە رەحمەت بێ (ئەرسەلانی حاجی سابیر عەربەتی) بوو بەو پێیەی خەڵكی ناوچەیەك بووین، تێكەڵی كەسایەتی هەبوو لە نێوانمان یەكەم جار ئەو منی ناسیەوە گفتوگۆی لەگەڵ كردم ئەویش خۆی بە من ناساند لە راستیدا پێشتر یەكمان نەدی بوو بەڵام بە پێی ناوچەییو گفتوگۆ بۆمان دەركەوت كە هەر دوولامان كەمالانین، بەڵام بە داخەوە گرفتەكانی ئەو زیاتر بوو لەوەی كە ئازادی بكەن هەرچەندە خۆی كوڕێكی چالاكو وریا بوو كەسێك بوو لەو كەسانەی كە هەمیشە بەرەنگاری زۆردارو ناحەز دەبووەوە، بۆیە بەڵگەی زۆر لەسەر بوو لە دوا بەڵگەش كە لە سێدارە درا لەسەری

(نائب ضابط)ێکی سەربازی بوو کە رووبەڕوو دەمانچەکەی خستبووە سەر نەوچەوانی و دەمانچەکەی لێسەندبوو نائیب زابتەکە گەواهی لەسەردا لە دادگا، ئیتر دادگاش هەروەك پیشەی هەمیشەیی ئەمیشی بەرەو کونە دۆزەخاوییەکانی سێدارە راپێچ کرد، زۆر بە داخەوە تەنها سێ چوار رۆژێك بینیم، ئیتر بۆ دواجار بوو ئەو بینینە هەندێك برادەری تری لێبوو فریا نەکەوتم بیاننناسم منیان برد زۆریشم لامەبەست بوو کە ئەو برادەرانە ببینمەوە هەتا لە (ئەبو غریب) نەمبینین، زۆرم پێخۆش بوو، بە دوای ناوەکانیاندا بچمەوە بۆ زیاتر رازاندنەوەی ئەم بیروەریانە، دوای ئەوە بردینیانە ناو هۆڵە گەورەکە، چیم بینی، پڕ بوو لە زیندانی تر گەنج و پیر، ئیتر هەر لە خۆمەوە کاتێکی ئاساییم بۆ دروست بوو دڵم بۆ لە خۆم دابمێنێ؟ خۆ ئێرە پڕە لە زیندانی تر، شتەترسناکەکان وردە وردە بەرەو ئاساییبوون دەڕۆشتنەوە، لێرەدا شتێکم بۆ دەرکەوت، کە زیندانی بارگرژییەکی دەستەڵاتە دروستیان کرددووە بۆ سەرکوتکردنی هەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز سەرکوتی دەکەن، بە زیندان بۆیە کە روانیم سەرسامی ئەو هەموو گەنجە بووم هەموو گاڵتەو پێکەنینیان دەکرد جار جارەش گۆرانی یان مەقامێك دەیچریکاند بە دەنگێکی زوڵاڵ زۆر جیاواز بوو، ئەمانە ئەو کەسانە بوون کە چاوەڕێی دادگاییکردن بوون لێکۆڵینەوەیان تەواو ببوو بەڵام ئێمە کە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ نەکرابوو بیرو هۆشمان لای ئەنجامەکەی بوو، بەرەو کوێ.. کە چوومە ناو هۆڵەکەوە خزمێکی خۆمم بینی ناوی( سەروەر کەریمە)، ئەویش هات بە دەممەوە ئەو زووتر گیرابوو، من تازەبووم خێرا هات بەلامەوە ئەملاوئەولای یەکترمان ماچکردو وتی چۆن گیراوی بۆم باسکرد، ئەویش مەردانە هات بە دەممەوە، هەڵوێستیم لەبیر ناچێت تاکە کەس بوو وتی بشتکوژن هیچ نەڵێی لێدان هیچ نییە ئەوە برادەرمان لایە بزماریان بە پێیدا داکوتیوە گۆشتیان لێکردۆتەوە نینۆکیان هەڵکێشاوە تۆش هیچ نەبێت دەتوانی خۆت بپارێزیت هیچ نەڵێیت زۆر ئامۆژگاریی باشی کردم کوڕانە وزەی پێدام، دروستی کردمەوە، وتی گاڵتەیان پێبکە، وەڵام مەدەرەوە ئەو ئامۆژگارییانە بۆ من زۆر گرنگ بوو، ورەیەکی باشی پێ بەخشیم، ئەو دڵەڕاوکێیەی کە پێشتر ئازاری دەدام رەوییەوە، هەر لە خۆمەوە پێم خۆش بوو بمبەن بۆ لێکۆڵینەوە، ئەوەندە وزەی پێدام کە چاوم بەسەروەر کەوت, بووم بە کەسێکی تر جیاوازتر لەو کەسەی کە پێش کاتژمێرێك لەوەو پێش ئاگام لە خۆم نەبوو، ئێستا خۆم پێم خۆشە بمبەن بۆ لێکۆڵینەوە، ورەپێ. دان زۆر گرنگە پێش. سەروەر، کەس بەو شێوەیە باسی بۆم نەکرد، کە چەند خۆڕاگر بم، کە چۆن بەرەنگاری بکەم.. وەکو ئاگر گڕم لێدەبووەوە، ئەو ئامۆژگارییانەی ئەو وای لێکردم بچمەوە بە چاویاندا، ئەو دەرکردنە بۆ ناو هۆڵەکە.. بۆ دەموچاو شتن و سەرئاو بوو بەڵام من وەکو بچمە یەکەم پۆلی خوێندنی سەرەتایی، زیندان، هەرچەندە ماوەکەیشمان کورت بوو بەڵام بەقەد چەند رۆژێك سوودم بینی، ئەو کاتەی لەوێدا وەستام قسەکان روانینەکەم هەمووی جیابوو، ئەوانەی لەوێدا بوون لە زیندانی نەدەچوون، بەڵکو شێری ناو قەفەس بوون, پێئەکەنین گاڵتەیان دەکرد هەندێکیان بە ئاشکرا دیار بوو کە لە سێدارە دەدرا، چونکە بە پێی بەڵگەکان، دەزانیت، بەڵام هەر زۆر ئاسایی بوو، وا دەرنەدەکەوت کە بە بیریاندا بێت کە مردن روویان تێبکات هەموو خاوەنی ورەیەکی پۆڵایینی کۆڵنەدان بوون بە سەربەرزییەوە باس لە خەبات و تێکۆشانیان دەکرد، باسی شۆڕش و کوردایەتی و نیشتمانپەروەری، راگری هاوسەنگی زیندان و بەرزکردنەوەی ورەی زیندانییە بچوکەکان بوون ئەمانە دروستکەری سەرلەنوێ شۆڕشێکی زیندانی بوون بە راستی هەوڵیان دەبوو بنرخاندرایە کە چین و کێن ئەو کەسانەی تا مردن کۆڵیان نەداو چەندان خوێندکاری وەکو منیان دروست کردووە لە زیندان، فێریان کردین چۆك دانەدەین ورە بەرزو پۆڵایین بین، بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لەناو ئەو هۆڵەدا ماینەوە بە بۆنەی نیوەڕۆوە، هەروەك وتم ئەوە خوێندنگە بوو بۆ من، زۆرم گوێ لێبوو زۆریشم دی ئەوەندە بۆ من بەس بوو کە شتێك فێر ببم، لە پاش تەواوبوونی کاتەکەمان چاودێری ناو زیندانەکە پێیڕاگەیاندین هەریەك بۆ شوێنی خۆی، چوومەوە ژوورەوە کاتێك پاسەوانەکە دەرگاکانی دادەخست نەیزانی کە من دەبێ لە ژووری تاك بم بۆیە دەرگای هۆڵی ئێمەشی داخست و رۆیشت ئیتر منیش لای ئەرسەلان و ئەوان دانیشتم هەر قسەی خۆشمان دەکرد هەتا وتی من لە سێدارەم دەدەن چی ئەبێ با ببێ بایی دە ئەوەندەی خۆم چالاکیم کردووە.. هەتا وتیان یەکەم جار کە هاتی ئێمە وامانزانیوە سەر بە (ئەمن)ی بۆیە گفتوگۆمان لەگەڵ نەکردی، بەس بۆ دواجار ئاسایی بۆوە لە یەك گەیشتین و ترسەکانمان لە یەکتر

تەواو بوو، بەڵام لەبەر چی بوو کە کەسەکان نەیاندەوێرا لە نێوان یەکدا قسەبکەن, رژێم کۆمەڵێك کەسی دروستکردبوو، ئەو دەروونزمە بێ رەوشتانەی کە هەرچییەك باس بکرایە لەناو زیندان لە دەرەوە دەبیسترایەوە بۆیە هەموو لە سەرەتاوە سڵیان دەکردەوە چونکە هەندێ جار داموودەزگا سیخوڕییەکانی بەعس بە ئەشکەنجەدان زانیارییان دەستنەدەکەوت دەهاتن لە رێی کەسێکی دروستکراوەوە بە (ئامێری تۆمارکردن) دەنگەکەیان تۆمار دەکرد, ئەو دەنگە لە دادگادا. گوێیان لێدەگرت، جا بۆیە ناهەقی نەبوو بترسن, بگرە ئازایی و زیرەکیش بوو، کاتمان گەیشت بە سێی پاش نیوەڕۆ گوێم لە شەقە شەقی کێلون بوو یەکەم تەلبەند کرایەوە ئیتر ئەو تەقەیە.یان زیندانییان دەهێنا یان دەیانبرد لەو کاتانەدا.چونکە ژەمە خواردنەکان.دەرگا کردنەوە جیاواز بوودە زانرا،بە لام دووەم دەرگا کەکرایەوە .بۆ من بوو، هاتنە هۆڵەکەوە یەکسەر دەرگای تاکەکانیان کردەوە، هەر زوو زانیم کە من دەبەن بە عەرەبی بانگی کردم بە ناوەکەی خۆمدا زانیم من دەڵێ، یەکسەر چوومە بەردەمی، دوو کابرای رەشتاڵەی ناشیرین لە مرۆڤ نەبێ لە هەموو شتێك دەچوون،هە ردوکیان باڵابەرزو کەتە بوون زۆر لە من بەرزتربوون کە تێمڕوانین من بۆ سەرەوە سەرم بەرز دەکردەوە ئەوان سەریان شۆڕ کردەوە بەسەرمدا، ئەوەندە جیاوازی هەبوو لە نێوانماندا چەند جارێك ناوی خۆمو باوکم باپیرەمیان پێ دووبارە کردمەوە، ئەوان دڵنیا نەبوون لەوەی کە من ئەو ناوە بم بە دوامدا دەگەڕێن زۆر بە سەرسامییەوە لە منیان روانی، لایان سەیر بوو، خۆی لە راستیدا من بەرپرسی شانەکە بووم هەر لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکاندا، هەر ناوم بە بەرپرس هاتبوو ئیتر دڵیان خۆش ببوو وایانزانی ئاخۆ ئەمە بە پێی ناوو پلەی ئەندامێتی کەتەیەکی چوارشانەیە، خەڵکی تر زۆر دەناسێ بۆیە ئەو دوانە هاتبوون بۆ لام, پێشەکی، بە راستی من نەمزانی ئەمانە چی بوون، بەس زانیم بەرپرسێکی گەورەن لە دەوڵەت.. دوای پرسیارەکانی خۆیان پاڵێکیان پێوەنام بۆ ژوورەوە.. بەڵام ئەمانیش هیچ شارەزا نەبوون سەبارەت بە من هەواڵبەرەکان وا هەواڵەکەیان بردبوو کە گوایە لەناو پاسۆك دەستەڵاتم زۆرەو ئیشم زۆر بۆ کردوون، بە زۆری لێدان هاوبیرەکانم دانیان نابوو بە و شتانەی کردبوومان، ئەوان لەو روانگەیەوە هاتبوون بۆیە ویستیان پێش ئەوەی بمبەن بۆ ئەشکەنجە بمبینن..

ئەوان رۆیشتن منیان خستە ژوورەوە ئەرسەلان وتی دەزانی ئەوە کێ بوو وتم نەوەڵا , وتی ئەوە بەرپرسی ئەمن بوو (مدیر ئەمن) ئێ وتم بۆ هەموو جارێك ئاوا دێن؟ وتی نەوەڵا ئەوە بزانە چییان لەسەر وتوویت، بەڵام نازانم لە باوەڕپێکراوەکانیانەوە چییان بۆ چوو بوو سەبارەت بە من بۆیە بەڕێوەبەر هاتبوو بمبینێ. بەس وابزانم کە وتبوویان بەرپرسەو پێشمەرگەیە، ئیتر کۆمەڵێك شتی تریان باسکردبوو، وایاندانابوو لە سەرکردایەتییەوە هاتووم، بە رێنمایی ئەوان ئیشدەکەم، بەرپرسی راستەوخۆم بەڵام لە راستیدا من بەرپرسێکی شانە بووم بە خۆمەوە هەشت کەس بووین، حەوتمان گیرابووین، یەکێکمان نەبێت، ناوی (ئەنوەر ئەحمەد) بوو، ئەم تازە پەیوەندییکردبوو ماوەی یەك مانگ پێش گیرانم، جارێ ناویم تێکەڵی لیستی ناوەکان نەکردبوو بۆیە ئەو بە ساغی مایەوە، هەر خۆیشم دەمناسی، ئەوانەمان کە گیرابووین هەموو لە تەمەنیشدا بچوك بووین بەڵام لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا زۆر چاکبووین, خۆڕاگرو لێزان بووین، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان کاریگەری بۆ سەر خۆمان نەبێت بۆ سەر کەسی تری نەبوو.. سەری پەتەکە من بووم لە دواییدا دەیخوێننەوە، روونیدەکەمەوە بۆتان، دوای ئەوەی کە بانگکرام و رۆشتنەوە دیارە مرخی خۆیان خۆش کردبوو بۆم کە زانیاریی باشم لایە لەولاشەوە وەکو پاتری تێزابم تێکراوەو وزەیەکی باشم وەرگرتبوو، بۆیە سڵم لە هیچ نەدەکردەوە, پێکەنینم دەهات.. دوای نانی ئێوارە، تێهەڵدان و لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد، یەکەم ئێوارەم بوو میوان بووم سروشتی ئەوێ میوان ئێواران دەبێ ببەن بۆ ژووری دیسکۆ، دیسکۆ لەوێ واتای ئەشکەنجە بە بڵندگۆوە لەگەڵ هەراو دەنگەدەنگی تر، نانی ئێوارە خورا بردینیانە دەرەوەوبۆ سەر ئاو دوایی دیسان بە تاك دەرگایان کردەوە هەروەکو جارەکانی تر منیش زانیم, چونکە پێش.من زیندانی تر نەهاتبوو، بۆیە خۆم بۆ ئامادە کرد.. بردمیانە هۆڵەکە هۆڵی چاوەڕوانی بوو، چاویان بەستمەوە دەستم کەلەبچە کرا، بردمیان بەو دەردەی کە گەیاندمیانە ژوورەکە پێ دەچوو راخەری تیابێت ئەو ژوورە زەلامێکیان هانی وتیان دەیناسی وتم نا نایناسم کەوتنە لێدانم زۆر ئەشکەنجەیان دام ئەوەندە لێیان دام بە کێبڵ کە زللەیان لێدەدام ئاوڕم بۆ نەدەدرایەوە، زللە لام ئاسایی بوو، پێدەچوو لەو ناوە شوێنی ئەشکەنجەدانی تری

جیاوازی لێبووبێت چونکە گوێم لە دەنگەدەنگ‌و هاوار هاوار بوو, هەر دەیانووت توخوا گوێم لە پاڕانەوە بوو، ئەوان ویستیان من شت بڵێم لەسەری بەڵام لە راستیدا هەر نەمدەناسی کابراش هیچی نەدەوت، بۆیە تا دڵنیا نەبوون وازیان لێنەهانیم، هەرچەندە لێدانەکان ئاسایی بوون لەلام، هێشتا نەدەگەیشت بەو لێدانەی کە دیم لە شیعەکانیان دەدا لە سەید سادق، هەرچەند لێیاندام, بیرم لە قسەکانی سەروەر دەکردەوە کە دەیووت دانیپیابنێی ریسوا دەبیت دوایی کەس قسەت لەگەڵ ناکات، ئەو قسانە دەزرنگانەوە لە گوێمدا، هەرچەندە ئەو لێدانە پەیوەست .نەبوو بە گرتنەکەی منەوە ئیتر نازانم ویستیان بمترسێنن یان پێشەکی دەبێ لێدانەکە بخۆم شتەکان ئاڵۆز بوون لام.. هەرچەندە ناوی هاوبیرەکانیان هانی من هەر وتم نازانم شێرو رێوییان هانییەوە زۆر بەڵام هێشتا هیچ شتێکیان بە بەڵگەوە بە دەستەوە نەبوو لەوێدا هیچ یەکێك لە هاوبیرەکانم لەوێ نەبوون هەموویان لە تەوارییەکە بوون.. ئێ تازە شەویشە هەڵبەتە چاوەڕێی ئەوەیان کرد رووبەڕووم بکەنەوە، ئەوان ویستیان بە بێ هیلاك بوون هەموو شتێکیان دەست بکەوێت بەڵام زانییان بێ سوودە، لەگەڵ لێدانەکەدا جنێوو قسەی ناخۆشیان دەگوت, ئەوەی دەیانگووت لە دەمی کەسم نەبیستووە، ئەوەندە قێزەون‌و دەمپیس بوون.. ئیتر تاقەتیان چوو چاویان بەستمەوە‌و بە لێدانەوە بردمیانە ژوورەوە ئەو شەوە میوانێکی گەورەم هەبوو، ئەویش ئازار بوو، ئەویش دەستدرێژی بەدڕەوشتەکان بوو، زۆرم تینوو بوو یەك قوم ئاوم دەستکەوت هەر بە دەم ئازارەوە داوای ئاوم دەکرد، هەتا تۆزە تۆزە ئاویان دا پێم تا گەدەم ئاسایی بۆوە، بەڵام ئەو شەوە لەگەڵ ئەشکەنجە‌و جنێودا دوو خەمی لە یەك جوودا بووین، من خۆم لە خۆمدا رقم لە چارەی رەشیان دەبووەوە ئینجا بە ئەشکەنجە‌و جنێودان کەوتبوونە سەرم، ئەو شتانە لەلام زۆر قورس بوون بۆیە کاری دەروونی زۆرکردە سەرم‌و پێیبێزاربووم. بەیانی هەموو لەشم دەیزریکاند بە دەم ئازارەوە هەستام شەو پێیان وتم دەتبەین بۆ لای کارزان‌و زانا‌و نەورۆزو ئەوانی تر، بۆیە منیش خۆم ئامادە کردبوو، هەر دوای نانی بەیانی کە سەمونێکی بچوك بوو بە یەك پاروو دەخورا لەگەڵ تۆزێ ماستدا، هەر هیچ نەبووزۆرکەم.بو ئەو خواردنە بەڵام ئێمە زیندانی بووین چار نەبوو، لە پاش نان هاتن شەقەی دەرگا دەستییپێکردەوە تا گەیشتە شەقەی دەرگاکەی من, وتی رووبکەرە دیوارەکە، روومکردە دیوارەکە، دەستم کەلەپچەکرا لە دواوە چاومیان بەستەوە‌و بردمیان بەس لە ژێرەوە تۆزێ دەمبینی، باش بوو هەڵنەکەوتم لە شت، بردمیانە تەلبەندەکەوە کە پێیان دەووت (نەزارەت) بە واتای چاوەڕوانی، دوو پیاوی لێبوو، بە تەمەن بوون بەڵام خۆیان لە من تێنەگەیان، وەستام تا بانگیانکردم بردمیان بە گاڵتەپێکردنەوە جگەرەیان بە دەستم دەکوژاندەوە بە پشتی ملم، کاری دڕندەییان زۆر لەگەڵ کردم ئینجا بە دەم لێدانەوە، کورد وتەنی بە شەق بەرەو شوێنێك بردمیان، خستمیانە پشتی شۆفرلێتەکەوە، لە تەنیشت پاسەوانەکانەوە دایاننام چاوم بەستراوە بوو ئەملاولایان لێگرتبووم، نەمزانی بۆ کوێم دەبەن، پێش ئەوەی سواری ئوتومبیلەکەم بکەن لە دواوە دەستیان نا بە کەلەپچەکەدا باوەڕکەن دەستم هی شەو نیوەوەستاو ببوو ئێستاش کە وا دەستیان نا بە کەلەپچەکەدا قرتەیەکی کردو لە دەستم توند بوو، بردمیان نەمزانی بۆ کوێم دەبەن زانیم بۆ لای هاوبیرەکانمە بەس شوێنەکەیانم نەزانی لە کوێن، بۆیە ماوەیەکی زۆر رۆشتین زۆر درەنگ گەیشتین ئەوەندە پێچ‌و دەورەیان پێکردین، ئازاری کەلەپچەکە لە هەمووی ناخۆشترو تاڵتر بوو،... ئازاری کەلەپچە نەمزانی ئەوەندەیە، گەیاندمیانە ئەو شوێنەی مەبەستیان بوو، دایانگرتم بە لێدانەوە بە پێکەنینی خۆیانەوە بردمیان پێڵاوەکانم لە پێ داکەندرا، نەمزانی چی لێهات بەڵام من خۆم گرنگ بووم، ئەوەی سەرەتا لە حەوشەوە ببرایەتە ژوورەوە. زۆر ئەستەم بوو کەسێك بە بێ لێدان قوتار ببێ، منیش بۆ نەگبەتی ئەو رۆژە پاسەوانی زۆر لێبوو هەرچییەك دەڕۆیشت زرمێکی لێدەدام، سەریان پێ نابووم بە دیوارەکەوە، بە جگەرە, کارەبا درێغییانەکرد منیش هەر لەسەر هەڵوێستم خۆڕاگربووم چەند لێیاندام ئەوەندە رقاوی دەبووم، ئەوەندە داخ چوو بە دڵمەوە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر, ئەمە ژیانی من بوو، ئیتر نازانم بۆ خوێڕێتی خۆیان بوو یان بۆچی دایاننام لە بەردەم ئەو ژوورەدا بە دەستی کەلەپچە‌و چاوی بەستراوەوە، یەکەم رۆژی تەواری سلێمانی بە یەك ساڵ تێدەپەڕی. کاتژمێر زیاتر تێپەڕی هەر سەرم بە دیوارەکەوە بوو شل بووم کول بووم.. تا توانییان لێیان دام دڵم سست بوو خەریکبوو لە هۆش خۆم بچم، باش بوو نازانم چۆن بوو دڵیان نەرم بوو، بردمیان ئەملاو لایان پێکردم دوای بە

قادرمەدا سەریان خستم قادرمەكان دوو پێچ بوو، تا بە تەواوی سەر دەكەوتینە سەرەوە سەریان خستم چوومە هۆڵێك، زانیم شوێنێكی گەورەیە، دەنگی (تەوارییەكان) دەهات گوێم لە ورتەورتیان بوو، كە منیان بردە سەرەوە, دەستیان شلكردمەوە بێدەنگی باڵی كێشا بەسەر ئەو ناوەدا،




ئەمە هۆڵی بەستنەوە كە یە بەبۆریە كەوە لەم ژوورەدا پەردەیگوێم.تەقی

دەستێكیان بەستم بە بۆرییەكەوە لەسەر زەوییەكە دایاننام، بەس چاوم هەر بەستراوە بوو، نەیانكردەوە بۆم، پشتم نا بە دیوارەكەوە، دوو سێ زللەیان لێدامو رۆیشتن، دوای چەند چركەیەك گوێم لێبوو زۆر بە نهێنی پرسییان، وتیان لەسەر چی گیراویت، منیش راستەو راست وتم هیچ نیم، گوێم لێبوو لەولاوە وتی (پاسۆكە)، ئیتر بیرم كردەوە لە نەخشەدانان چی بكەم، هەرچی بیرم كردەوە چارەسەر نەبوو چونكە تا ئەو كاتە هیچ رووبەڕووبوونەوەیەك نەبوو، بۆیە هیچ وەڵامێك لام نەبوو بۆیان بەڵام هەر بیرم لە ڕابوردوی خۆم دەكردەوە، تومەز بەس من چاوم بەستراوە، ئەوان منیان بینی سێ كەس لەوانە هاوبیری خۆم بوون بەڵام من هەر لە بیركردنەوەی ئەو دەنگەدا بووم چونكە نامۆ بولام، بۆیە كاتی نیوەڕۆ ئاسایی چاوو دەستیان دەكردینەوەو دەیانبردین بۆ سەر ئاو، ئەوان لە پێش من تەواو بوون گوێم لە دەنگیان بوو بەس من مابووم ئەویش دەبوو لێدان بخۆم بۆیە خستمیانە دواوە، كە هەموویان تەواوبوون، ئەوسا منیان برد بۆ لای دەستشۆرەكان، ویستم دەموچاوم بشۆم، عەلای بێڕەوشت لێیدام هەر لەگەڵ ئەو لێدانەی كە ئەو لێیدام ئەوە یەكەم زللەیە لە هەموو تەمەنمدا كە لێیانداوم بە

هەردوو دەست تا توانی وەستایەوە یەك كەپسەی لێدام ئیتر ئەوەنیە وڕ بووم، سەرم بۆ راگیر نەدەكرا، خوێن بە گوێمدا هاتە خوارەوە نازانم ئەوە بلۆك بوو, سەرە مەنجەڵ بوو, تا یەك هەفتە سەرم هەر تەقەی دەهات، لەگەڵ ئەو زللەیە كە ئەو بەدخووە لێیدام، حەمە تەیب هەبوو خۆی زیندان بوو, بەڵام لەوێدا ببووە پیاوی جەللادەكان كە ئەو لێیدام ئەو بێڕەوشتی كوڕی بێڕەوشتە هەروەك قۆنەرەی بۆ بلێسێتەوە وابوو لەگەڵ ئەودا كەوتە لێدانم تا عەلا بۆكسێكی دەهاویشت ئەو سەگە زۆڵی كوڕی زۆڵە، دوانی دەهاویشت سەخیفی كاسەلێسە بۆ خۆبردنە پێشەوە ئەو رۆژە بە هەردووكیان منیان كوشت, بەڵام قەت لە بیرمناچێت, یەك پەردەی گوێم لەو لێدانەدا تەقی.. بەڵام دوایی خوای من رژێم حەمە تەیبی لە سێدارە دا چەند سەخیفیو بێڕەوشتی كرد لە زیندان دوایی ئاوا پاداشتیان دایەوە، لە پاش ئەوەی دەمو لووتم لەگەڵ گوێم خوێنی پیاهاتەخوارەوە وتیان دەموچاوت بشۆ، دەموچاوم شت خوێنەكەم لێكردەوە، بردمیانەوە دایاننام، بەڵام ئینجا كاس بووم نانیان هانی بۆمنەخورا، تۆزێ پەڕۆكەیان لە چاوم بەرزكردەوە، سەموونێكی بچوكیان دایە دەستم، تۆزێ برنجیان تێكرد بوو وابزانم بە برنجو سەمونەكە 100 بۆ 150 گرام دەبوو، من لە تاو ئازار هیچم بۆ نەخورا لە بێزاریو رسوایی خەڵكی دەروونندزمو خۆفرۆش، توڕەییەكی زۆر لە ناخمدا سەریهەڵدا, هەرچی بیری ئەو دیمەنەم دەكردەوە ئەوەندە بێ رەوشتبو پشتی بێگانەكەی گرتبوو لە منی دەدا, بۆ زانینتان خۆشی لەسەر شتی چاكە نەگیرابوو، بە تایبەتی لە رقی ئەو هیچو پووچە، دڵم خەریك بوو دەتەقی چەند بێ رەوشتی كرد, چەند لەگەڵ هێزە تایبەتییەكانی رژێم ئەشكەنجەی منداڵانی كوردیان دا، خۆی دەنواند، دەیویست بڵێ كەسێكی چاكە بۆ رژێم, چەند لای ئێمە سوكو سەلیم بوو, ئەوان دە ئەوەندە سوك بوو لایان، هەرچەندە بێ رەوشتی كرد چارەنووسی لە ئێمە باشتر نەبوو، چی كرد بۆیان هەمووی رۆیشت ، دوایی كە لە سێدارەدرا، لەبەرئەوەی كە كورد بوو جێی متمانەیان نەبوو ئەوە بە گەورەترین شكستیان دەزانی، بەڵام خۆفرۆشو هیچو پووچ بوو، سەمونەكەم دایە هاوڕێكەم لە تەنیشتم بوو، ئەو لە پێش من گیرابوو، ئاسایی ببوە لە شتە ناخۆشەكان با بڵێین سیوای ببۆوە، هەندێك هەوڵی دا كە خۆم بیخۆم، بەڵام دڵنیام كرد كە ناتوانم بیخۆم، ئیتر ئەو برادەرە

زۆری برسی بوو، لێیوەرگرتم، سەیری ئەملاولام کرد کارزان‌و زانا و نەورۆزو فریادو کاوە بەستراونەتەوە، وتم هەی هەندێك برادەری کەی لێبوو دوایی ناوەکانیانم زانی، لە یەکەم هەفتەدا، کارزان عوسمان، زانا ئەحمەد مەحمود، کاروان رەئوف، سیروان مارف، شیروان صالح هەڵکەوت شامل کامیل، کاوەی یوسفی عەبەکە، خالید قژلوول (خزمی کاك مستەفا چاوڕەش) بوو.لە دوایی دا. سەردار تۆفیق، کاروان عەبدوڵڵا ساڵح، رزگار نوری حاجی چکە ناسراو بوو، سەلام سەعید رەمەزان، عومەر پاسۆك، جەلال تۆفیق، کاوە محەمەد عەزیز.ئەوانیان هانی ئەوەندەم بیرە لەگەڵ چەند برادەرێکی تردا ناویانم لەبیرنەماوە، لەگەڵ داوای لێبوردنمدا, هەر هاوبیرەکانم دی وتیان دانتپیاناوە، تا ئەو کاتە هیچم نەووتبوو وتم نە, هەر بینینی هاوبیرەکانم بووە جێی بیرکردنەوەم هەرچەندە بزەیەك گرتمی‌و چۆن‌و باشیم لەگەڵ کردن پێموتن چییە، وتیان هەموو شتێك ئاشکرابووە، پێش ئەوەی بگیرێین هەموو نهێنییەکان ئاشکرابوون، کە ئێمەیان گرتووە خۆیان باسیانکرد نەك ئێمە، یادیان بەخێر شەهید کارزان‌و شەهید زانا هەروەکو جاران وتیان قالە گوێی مەیەرێ تۆش وەك ئێمە بکە، خۆم گرژکردو وتم نابێ چۆن دەبێ وتیان شەو ئەتبینینەوە، وتیان ئەوان چیان وتووە هەمووی راست بوو. نەبێ بە مەسەلە کوردییەکە (پیاو خەوشە لە گوتەی خۆی پەشیمان بێ) ئەما منیش پێمخەوش بوو لە ڕا ستیدا هاوبیرەکانم. کەم تاقیکردنەوەیان هە بوو بەلاَم لە سنووری خۆمان تێنەپەڕیبوو بۆیە لەسەر ئەو راپۆرتەی کە لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانەوە نێررابوو، هەموویان نووسی بوو، ئەوانیش لەسەر ئەو راپۆرتە دانیان پیانابوو، هەتا پێش ئەوەی پرسیاریان لێبکەن یەك یەك ناویان خوێندبوونەوە بە ناوە نهێنییەکانیانەوە، راستە ئەمە زۆر کات دەبێتە هۆی خۆڕانەگری‌و کەم توانایی من بە شانازییەوە باس لە هاوبیرەکانم دەکەم ئەگەر دانپیانانیان کردبێت کاریگەری بەس لەسەر شانەکەی خۆمان هەبوو نەك دەوروبەر ئەمە زۆر جێگەی دڵخۆشکەرەی من بوو، چونکە کەسی وا هەبوو هیچ نەبوو هەر لە خۆیەوە کەسی بە گرت دەدا هەر لە خۆیەوە لە ترسی گیانی خۆی، وڕێنەی دەکرد نموونەشمان زۆرە.. کە لە هاو بیرە کانم پرسی، خۆ ناوی کەستان نەداوە وتیان نەخێر.. هەر شتێك روویدابێت لە چوارچێوەی شانەکەمان نەچوە تە دەرەوە، بەو گفتوگۆیانە زۆر دڵخۆشبووم، ئەو بۆرییەی کە منی لەسەر بەسترابوومەوە ئەڵقەی زۆر پێوە بوو هەر لە نێوان دوو کەسدا 30 بۆ چل (سم) بەتاڵ بوو مەبەست لە نێوان ئەڵقەیەك بۆ ئەڵقەیەکی تر, هەر ئەڵقەیەکیش کەسێکی بە کەلەپچەکراوی پێوە بەسترابوو ئەو بۆریەی لای ئێمەوە تا دەگاتە راڕەوەکەی لای هۆڵە گەورەکە کە زیندانییەکانی تیابوو، 14 کەسی پێوە بەسترابوو، جگە لەوانەی کە ناوەکانیانم لەبیر چووە.. بەلاَم ئەو راڕەوەی لاتەنیشتم کەسێکی لێبوو ناوی (شەماڵ) بوو, ئاسۆی قومری گرتبووی، کە پێشمەرگە بوو لای جەباری عەلی عەوێز، نینۆکەکانیان دەرکێشابوو، بە لێدان بەلاَم دیوارەکە وەلاَمی دابوونەوە ئەو نا، ئەوان‌و نموونەی چەندی تر، کە هەر هیچیان نەووت جێی شانازین بۆ شۆڕش‌و کوردایەتی..!! هاوبیرەکانم وەکو گاڵتەی نێوان خۆمان وتیان قالە شەو ئەتبینین بزانین چۆنیت، مەبەستیان ئەشکەنجەدان بوو (تەواری)یەکە لێدان‌و ئەشکەنجەی زۆر رەق‌و توند بوو، دەستیان نەدەپاراست ئەو کەسانەی لەوێ بوون ئاگایان لێبوو لە کاتی ئەشکەنجەدانم.دا سوور بووم لەسەر ئەوەی کە هیچ نەڵێم، یەکەم جار تازە (شەحن) کرابووم، گاڵتەم پێئەهات, شتەکان زۆر بە ئاسایی وەرم.گرتبوو، بەلاَم بە درێژی ئەو رۆژە من تازە هاتبووم هەر کەس بەو راڕەوەدا دەڕۆشت کارەبایەك یان زللەیەك یان بۆکسێکی لێدەدام ئەمانە هەموو سوکایەتیپێکردن بوو تا دەروونم سست بکەن‌و لە خشتەم, ببەن تا بە ئاسانی خۆم بدەیم. بە دەستەوە، ئەو رۆژە دە جار زیاتر داخکراوم, کارەبام لێدراوە، لێدانی ئەو رۆژە هەمووی بۆ من سەرە مەقەست بوو. بەلاَم پێشوازیشبوو لێیاندەکردم، لە دوای لێدانەکەی نیوەڕۆ دیسان عەلا هاتەوە کلاَشی لەپێدا بوو بە کلاَشەکەی بەربووە سەرو گوێلاکم‌و هەندێکی تری لێدام، من هەر لە سەید سادقەوە زللەو وردە لێدانم لا ئاسان ببوو، چونکە ئەوانە هیچ نەبوون خۆشە. ببووین لەسەر ئەو وردە لێدانە، لێدانی لەوە گەورەتر هەبوو هەڵواسین فەلاقە، بریندارکردنی جەستە بە پلایس‌و خوێکردنە سەر برین، دەستیان نەدەگێڕایەوە ئەمانە وەك سەگە دڕەکەی لای خۆمان بوون چۆن راهاتبوون لەسەر لێدان دەستیان نەدەپاراست، منیش لە چاوەڕێی دوا چرکەساتەکانی ئەشکەنجەدابووم هەر لە نیوەڕۆوە پێم خۆش بوو بانگم بکەن، بە کوشتنیش بێت بەس لێم بپرسنەوە.

سەرباری ئەو هەموو ئەشکەنجە دەروونییە ی کە بەرەنگاری بوومەوە نەك هەر من ئەوانەی لەوێدا بوون لەگەڵ جەنگی دەروونیدا بەردەوام دەجەنگان، کاتەکان بەرەو تەواوبوون دەڕۆیشت منیش لە چاوەڕوانیدام.. دوا ساتەکانی لێدان پێشوازییان دەکرد، منیش چاوەڕێی چوون بووم بۆ ژوان.م ، کە ئەمشەو پەپوولەی ڕۆحم بفڕێت بەرەو کەلی ئاوابوون لە نیوەڕۆ ئاگاداری ئەم ساتە کراوم, کە دەمبەن. بەرە و کونە تاریکەکان بەرەو دوا ماڵئاوایی.. لە ئازادی, کاتی ئەشکەنجەدانیان سروشتی لە دوای ئێوارە دەستیپێدەکرد، چونکە بەیانی دەچوونە دەرەوە بۆ راوە کورد تا ئێوارە وەك سەگی راوکردن ئەم سەرگۆشەو ئەو لاکۆڵانیان دەگرت تا دەستدرێژیو سوکایەتی خۆیان بکەن، دوایی دەگەڕانەوە بۆ گیانی ئێمە، خۆ ئەگەر ئەو رۆژە دڵیان ناخۆش بوایە ئەوا بە ئێمە دەیانڕشت.. دڵم چاوەڕێی ئەو (قەسابی)کردنە بوو کە ببوومە قوربانی دەستی جەلادەکان، هەر ئەشکەنجەی سەید سادقم لە بەرچاوە کە چۆنو چییان کرد لەو شیعە بەستەزمانانە، کە بە گیانی خوێناویو سەروگوێلاکی شکاوەوە هاتنەوە بێهۆش ببوون.. کە ئەوان عەرەبیش بوون ئەی کوردێکی وەکو ئێمە کە گیروگرفتی دنیامان بۆ دروستکردبوون ئەبێ چارەنووسمان بۆ کوێ ببەن.. هەرچەندە ورەم پۆڵایین بوو خۆ هیچ نەبێت من لەسەر میللەتێك زیندانی کراوم من داوای ئازادیو سەربەستی نەتەوەکەم کردووە، هەرچییەك بێت کەسێکم لەو کەسانەی کە شۆڕشو خەبات دەکەن بۆ کورد، تاوانی من ئەوەیە کوردم، دەبێ سزای کوردبوونم بدەم، ئینجا تالآوی رێکخراوەیش کە ئەندام بوم.. من زۆر لام خۆش بوو شانازیم پێوە دەکرد، کە پەیوەندیم بە رێکخستنەکانی پاسۆکەوە هەبووەو بەرپرسی شانەیەکم. ئێستا ئەگەر مەرگی خۆشم ببینم بە چاوم هەر ئاساییە لە راستیدا واش بوو زۆر کەسیان بردە ئەشکەنجەدان گیانی لەدەست دا، خۆ من لەوان ئازیزتر نیم من هیچ کاتێك لەوان باشتر نابم.

بەڕەحمەت بێت ئاواتی مەنیج بە ئەشکەنجە کوشتیان، بەو دیمەنە ناخۆشەی کە زیندانییەکان ئاگایان لێبوو چۆن شەهیدیان کرد، هەر دوابەدوای ئەم شەهید برایمیش بەهەمان شێوە کوشتیان, رۆژانە پیشەیان بوو کە خەڵك بە ئەشکەنجەدان بکوژن تا مردن، ئەو دیمەنانە زۆر ناڕەوابوون ئەوە قات وقڕکردنی ئێمە بوو جگە لە شەهیدکردنی کەسەکە, کە کورد بوو مرۆڤایەتیبوونمان لە بەرچاو رەش دەبوو، ئێمە دەستەڵاتی تاوانبارانمان نەبوو ئەوانیش درێغییان نەکرد، ئێستا خەریکە کاتەکەم تەواو دەبێت هەروەك نیوەڕۆ بێچووە سەمونەکەیان هانی لەگەڵ تۆزە برنجەکەدا، برسیم بوو هەستمپێنەکرد لە دڵەڕاوکێو چاوەڕوانی دوا گوتەمدا بووم بۆ جەلادەکان، هەرچۆن بوو هاوڕێکەی تەنیشتم وتی بیخۆ ئەمە هەرچۆنێك بێت بۆ بەرگریی باشترە، ئەگینا دەمریت بەرگە ناگری لە ئەشکەنجەدان ئەو شتێکی لە دڵدا بوو دەیویست پێمبڵێ بەڵام نەیدەوێرا راستەوخۆ باسیبکات, بۆیە لەسەرخۆ ئامۆژگاریکردم, ئەو ناهەقیشی نەبوو دەترسا.. لەوەی خۆڕاگر نەبم بڵێم ئەو فێریکردم کە دانی پێدانەنێم ئەویش لە دووبارەبوونەوەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەترسا تووشی سزادانی تر نەبێت بەڵام بە هێمنی, بە شاراوەیی باسیدەکرد راستەو راست دەیووت دانیپیامەنێ من لێیتێگەشتم زانیم مەبەستی چییە ئەیووت هەقی کەست نەبێت ماڵی کەس کاولنەکەیت لە ترسی لێدان دوایی خۆت گیرۆدەدەبیت, جارجارەش دەیووت خۆ منیش هەقم نییە بەسەرتەوە تۆ کەیفی خۆتە, خۆزگە لە بیرم بمایە کێبوو ئەو پیاوچاکەی هەوڵیدا ئامۆژگاریم. بکات، بەداخەوە زۆر لەو هاوڕێ خۆشەویستانەی کەوا هەڵوێستیان جوان بوو هاوکاری زیندانی تازە گیرا ویان دەکرد دەبوونە هۆی ووشیار کردنەوەی کەسایەتیو سەرلەنوێ دروستکردنەوەیان کە زۆریان فێری گفتوگۆ دەکرد زۆریش لەوان دیار نەمان یان بە دادگایی قەرەقوش لەناو چوون، ئەو مامۆستایانەی کە بە خۆڕایی لاوانی کورد لە زیندانە تاریکەکان فێری هەڵوێستو کوردایەتی تازە بوونەوی خەباتیان دەکرد... هەرچەندە من کەسێك بووم لەوانەی لە زیندان دووبارەبوومەوەو بە هەڵوێستێکی جیاوازەوە بە راستی هەڵوێستی ئەو پیاوە دڵسۆزانە کە ئامۆژگاری لاوەکانیان دەکرد گوێم لێیان بوو کە چۆن هەوڵیان دەدا بە خە لك بڵێن. کەس چۆك دانەدات دوژمن بە هیچ نەزانن بەرەنگاری بکەن لە دارو کەلەپچە سووتان بڕین هیچ.. نەتان ترسێنێ خۆی لە خۆیدا ئەوە نیوە شۆڕشێکی نوێ بوو بۆ خەبات کردن ئەویش بەربەستکردنی تاوانباران لە رێگەی زیندانییەکانەوە تا سوود وەرنەگرن سەرەتای ئاشنابوونم لەگەڵ چوارچێوەی زیندان. لەگەڵ دارو فەلاقەوە کەلەپچە هەروەك ئەو خوێندنگە سەرەتاییە وایە کە

پێنووس و تیانووس وەردەگریت ئەمیان, بۆ فێربوونی نووسین و زانیارییە ...... ئەویان بۆ فێربوونی شۆڕش و خەباتە ، منیش لە روانگەی ئەو خوێندنەوە چاوەڕێ مەرگی خۆم کرد کاتی خواردن چووە تەواو بوو ئێوارە ماڵئاوایی کرد رۆژ ئەوەی بینی دای بە شەوو شەو وەریگرت بۆ تاریکایی ئەنگوستە چاو بردی زیندانییەکان چاوەڕێ بوون کە بمبەن چونکە تازە بووم لەوێ ئەوان پێش من دەیانزانی شارەزای کاتی.ئەشکە نجە بوون نەك هەر بۆ من بۆ ئەوانەی تازە دەستگیر دەکران، لە دوای ئێوارەوە ئەشکەنجەدان بوو، ئەو ئێوارەیە خامۆش بوو وردە وردە زیندانییەکان کەوتنە دەریای هەست و سۆزی خۆشەویستی باوەشی گەرمی ماڵە خۆشەویستەکەیان ئێوارانی ماڵە خنجیلانەکەیان هەمیشە ساتەکان هەر ساتە و یادێکی هەبوو هەر بۆنێك و.. شوێنێك دێنێتە یاد ئێوارانی زیندان لای ئێمە ئەشکەنجە سەری لێتێکدابووین ئێوارانی ماڵی چاوەڕێی هاتنەوەی باوك یان دایك یان کەسێکی گەورەی.ماڵ بووین.؟ بە دەست و دیارییەوە بێتەوە بەڵام ئێستا گەورەین دیمەنەکان گۆڕاوە دەبێ چاوەڕوانی ئەشکەنجە بین ئێستا تاوانبارین لەسەر مافی خۆمان تاوانبارین لەسەر هەڵوێست دژی زۆردار.. ئیتر چرکەساتەکانی دواچاوەڕوانیی کۆتاییهات, زەنگی چرکەژمێری دڵم ئاگاداریکردم خۆت ئامادەبکە بۆ ئەو شوێنەی پرسیاری چاکە و خراپەت لێدەکەن بۆ ئەو شوێنەی کە تۆ خاوەن مافیت و بە زۆر لێتدەستێنن, چاوەڕێ بە لەو ساتە بیرکردنەوەدا بووم چەپۆکی رەشی دوژمن.. دای بە سەرمدا لە هەموو شتێکی کردم، لە دەستم چوو ئەو یادەی پێی مەست بووم چڕەی کارەبایەك رایچڵەکاندم سەیرم کرد دوو جەللاد ئەملاو ئەولایان لێگرتم، هەرچەندە بێئاگایم لە ناو ئەو جیهانی بیرکردنەوەدا گوێم کپ بوو هەندێکیش وڕبووم بۆیە زۆر بێئاگای گفتوگۆکانیان بووم، بە دەنگی بەرز هاواریکرد تۆ کاروانی, منیش وتم بەڵێ دەستیان لە بۆرییەکە کردمەوە و لە دواوە هەردوو دەستم کەلەپچەکرا بە پەڕۆ چاویان بەستمەوە ئەو شوێنە وەکو شوێنی چاککردنی ئوتومبیل وابوو، هەرچی ئامێرێکی لێدان هەبوو هەمووی ئامادە بوو، پەتی چاو بەستن، دار، کێبڵ، زنجیر, کارەبا , بتڵ, پلایس, هەموو شتێك لەگەڵ چاو بەستنەوەدا بە لێدان و نوکە شەق بردمیان جارجارە چڕەی کارەبایەك دایئەچڵەکاندم.. چاوەڕێی مەرگبووم بەرەو پیرمهات، ئەو دوو جەللادە لە ناوچاویان تاوان ئەتکا بە دڕندە و گورگ دەمبینین لە دڵی خۆمدا وتم بۆ خواردن دەم بەن،بەڵام نزیکە خواردنێك بوو لە روویان تاوان دەباری ئەوەندە قێزەون و ناشیرین بوون یەکی قۆڵێکیان گرتم لە قادرمەکان بە هەڵواسین بردمیانە خوارەوە قاچم لە زەوی بڕا، ئەوەندە بەهێز بوون دیارە ئەشکەنجەچییەکان راهێنراون گوێیان بڕاوە، لە بەردەرگایەکدا کێشامیان بە زەویدا، دەرگا کرایەوە ئەو دەرگایەی کە دەچێت.؟؟؟ بەڵام گەڕانەوە زۆر ئەستەمە!!.. دیسان هەڵیان گرتمەوە، لە شوێنی ئەشکەنجەکەدا دایاننام, پەڕۆکەیان لە چاوم بەرزکردەوە کە سەیرمکرد چواردەورم تەنراوە بەڵام چۆن ئەو دیمەنە ئەوەی دەگەیاند چیت پێیە بیڵێ ئەگینا دەتخۆین!! لە فلیمی گەلە گورگەکاندا چۆن نێچیرەکە دەکەوێتە ناوەڕاستیانەوە.. هەر هەمان دیمەن بوو, ئەم گورگانە دوو پێ بوون لە قسە دە گە یشتن.. بەڵام ویژدان و بەزەیی لای بەرد هەیە لای بەعسی نییە, هەموو دانەجیڕەیان بوو, لەگەڵ قسەکردندا پێیان وتم تۆ کوڕێکی چاکیت هەموو شت دەزانیت جگەرەیەکیان بۆ داگیرساندم دەمانەوێ لەگەڵ ئێمە ئیش بکەیت دەمانچە و ئوتومبیلت دەدەینێ وایانزانی منداڵم بەو شتانە ژێرم.دەکەنەوە نازانن ناخم پڕ لە تۆڵەیە ئەوەی لێت.دەپرسین بە راستی پێمان.بڵێ، چونکە هەموو زانیارییەکمان دەستکەوتووە دەزانین کە تۆ لە رێکخراو (تەنزیم) کاردەکەیت. ئیتر بە شان و باڵمدا هاتن چیت دەوێ بۆت دەکەین, ئەوانە هەموو لە خشتەبردن بوو، هەڵخەڵەتانی لاوان بوو، خۆیان دەیانزانی گەنجەکان ئارەزووی دەمانچە و کلاشنکۆف و ئوتومبیل ن, بۆیە ئەو شێرو رێوییەیان دەهانیەوە, لە راستیدا ئەوەی خاوەنی رەوشت و ویژدان بوو ئارەزوی لە چەکی شاخ بوو, ئارەزوی لە ئوتومبیلە دەست بەسەراگیراوەکانی رژێم بوو. نەك ئەو چەك و پارەیەی ئەوانە کە بەڕێگەیەکی نابەجێ دەستبکەوێت. لە پاش هێنانەوەی شێرو ڕێوی, ووتیان دەی قسە بکە جگەرەکەم هێشتا بە دەستەوە بوو. مژی قوڵم لێدەدا.. دوبارە ووتیان (تەنزیم چی), وتم ها وەڵا هیچ نیم قسەکەم لە دەمم تەواو دەرنەچووبوو. لەپڕ لە دواوە یەك لەقەیان کێشا بە پشتمدا جگەرەکە نازانم چی لێهات بەڵام خواردنی ئەو جگەرەیە بۆ من خۆش بوو دەمێك بوو بە درێژایی ئەو زیندانە نەمکێشا بوو.. ئینجا جلەکانی بەرم لە کراسە.دڕاوەکەمەوە تا

شەرواڵەکەم, پێیان داکەندم؟؟ نۆرە هاتە سەر کۆتایترین بەرگ کە لە بەرما بوو دەرپێیەکی کورت بوو, لە بەرمدا مفەوەز تاریق وتی دەی؟؟؟. بە جنێودانی خوشكو دایك دەستیپێکرد, وتی دایکەنە, وتم چی؟ وتی ئەوەی لە پێتا ماوە, وتم ئاخر عەیبە وتی دایکەنە حیز, لای من زۆر قورس بوو ئەو جلوبەرگ داکەندنە, زۆر لام ناخۆش بوو هەرچەندە ئەوان جەللادو خوێنڕێژ بوون, بەڵام منیش ئەوە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا بەو شێوەیە رووتبکرێمەوە، هەتا لە کاتی مەلەکردندا قەت خۆم رووت, نەکردۆتەوە, بەڵام هەر چار نەبوو, بۆیاخچی وتەنی خستمیانە سەر پلێت. منیش ئاوەڕووتکرام.. ئێستا لە زەرنەقوتە دەچم زەرنەقوتە بێچووی ئەو چۆلەکەیەیە کە هێشتا پەڕی پێوە نییەو تازە لە هێلکەکە دەرچووە. هەردوو دەستم لە پشتەوە کەلەپچە کرا دایاننیشانم هەردوو قاچم پەتێکیان تێکرد.



ئە مە داری فە لاقە یە و.بۆ ریە کەش هی (هەلوا سین)ە لە دواوەوە

پەتەکە بە ئەمسەرو ئەوسەری دارێکەوە گرێدرابوو، بایان دا لە قاچمدا تا هەردوو قاچم لە جووڵە وەستا، دوو پاسەوان ئەمسەرەو ئەوسەری دارەکەیان گرت بەرزیان کردەوە بۆ سەرەوە ئەم لێدانە پێی دەوترا فەلاقە ئینجا دوو سەربازی تر بە کێبڵ لە بنی پێیان دەدایت بە ئارەزووی خۆیان ئەوانەی تر کە دانیشتبوون بە کارەباو جارجارە شەق بۆ سەروگوێلاك ئەو لێدانە کە لە بنی پێ دەدرا ناوی کێبڵەکانی بۆش بوو لەگەڵ هاویشتندا قاچم دەتەزی تومەز کێبڵەکە باغەیە لەرینەوە دروستدەکات، دوو جار ئەشکەنجە بوو.. ئیتر تا بنی پێم دەئاوسا لە سووربوونەوە بەرەو رەنگی شین دەچوو لەتاو ئازار لەسەر زەوی دانەدەنرا دەهاتن فەلاقەکەیان دادەگرت ئینجا بە لێدانەوە راوڕاوێنیان پێدەکردین بۆ ئەوە خوێن لە قاچدا نەوەستێت مەبە ستیان نە بوو توشیەنەخۆ شی بیت ؟؟, ئەوان مەبەستیان نەخۆشی نەبوو مەبەستیان بوو بۆ هاتوچۆ پێویستیان بە قاچ هەبوو ئەگینا هیچ شتێك مەبەست نەبوو لایان. هەتا ئەندامی نێرینەی مرۆڤ بە کارەبا لێیاندەدا، هەست بە نەبوونی مرۆڤایەتی خۆتدەکرد، وەیان هەڵواسین بە پانکەو بەستنی بوتڵی غاز پێوە.. جگە لەوانە بوتڵی ساردییان بەکاردەهێنا دەیانکردە ناو زیندانییە وە.. ئەوانە کێ پێیان دەڵێ مرۆڤن ئەمانە دڕندەی بە هەستن هەموو شتێکیان هەیە بەس ویژدانو رەوشت نەبێت. جگە لەو قسە ناشیرینانەی کە لە کاتی لێداندا پێیان دەووتم ئەو کارەبایەیان کە بۆ بەکاردەهێنایین دوو جۆر بوو جۆرێکیان دەستی بوو پیلی گەورەی دەخوارد لە چوارەوە تا شەش پیل ئەوە کە لێیان دەدایین لە ژێر دەمی کێبڵەکەوە بۆ درێژی دوولا پێنج تا شەش سانتیمەتر دەیسوتاند.. یەك هێڵی راست لەسەر گۆشتەکە دروست دەکرد پانییەکەی 1 سم. ودرێژی12سم. دەبوو. ئەوی دووەم هندلی دەستی بوو لەسەر کورسییەك دایاندەنایین دەستمان بە شوێنی ژێر باڵەکەوە دەبەسترایەوە ساردو گەرمی کارەباکە دەیان دا لە هەردوو ئانیشك لە پشتەوە یان گوێ کان. ئینجا دەکەوتنە گفتوگۆ لەگەڵت وردە وردە بە پێی پرسیارەکان بایان دەدا هندلەکە تا توندتر با بدرایە زیاتر کارەبا رایی دەوەشاندی ئەم کارەبایە زۆر ناخۆش بوو, لە زمان لە پەنا گوێ, لە هەموو جەستە. دەیانبەست. لە شوێنی ئەندامی نێرینە تا بە ئارەزووی خۆیان چەند جار دەبورایتەوە بەسەر کورسییەکەوە وازیان نەدەهێنا لەگەڵ هەموو جووڵەیەکداو پرسیاریاندەکرد بۆ ئەوەی دەمت تەتەڵە بکات شتت, لە دەم دەربچێ و نهێنییان بدەیتێ. لەگەڵ لێداندا راستییەکانیان پێ دەوتم. گەواهی دەرەکانیان دەهێنا..!! بەڵام سەد رەحمەت لە کفن دز.. سەید سادق لێدانی نانو رۆن بوو هەر هیچ نەبوو لەچاو ئێرەدا ... لە راستیدا ئەمانە راهێنراوبوون بۆ ئەشکەنجەدان. کاتێك کە پشوویان پێ ئەدام یان با بڵێین هیلا دەبوون لە لێدان م. چاویان دەکردمەوە بۆ هەڕەشەی زیاتر لە دواجار چاوم نەبەسترایەوە لەگەڵ ئەشکەنجەداندا دەمڕوانییە بەشەکانی ژوورەکە، ناو ئەو

ژوورەش یەك دوو زیندانی تر لە ژووره گەورەکە بوو، لە هۆڵێکی تایبەت دەچوو، کورسی خوێندنگەی تیابوو، هەموویان شلکوت کرابوون‌و بە رووتی بەجێهێڵرابوون ئەوانەی لەوێ بوون، زیندانییەکان گیانیان بەوە بوو دنیا زۆر سارد نەبوو بەرەو ساردبوون دەچوو.. ئەگینا دەمردین هەموو، ئەوانەش لەوەوپێش لێدانیان خواردبوو، بەڵام وابزانم ژووری ئەشکەنجەدانی تر جیا هەبوو، چونکە لە کاتی ئەشکەنجەدانی مندا گوێم لە دەنگی تر دەبوو کە دەهاتنە ژوورەوە دەیانبردن ئەگینا ئەو ژووره بەس. لە منیان دا. تیایدا..ئەوان تازە لێدانیان خواردبوو چونکە بە هیلاکی جەستەیان‌و ناڵەو نرکەیاندا دیار بوو، بە بۆچوونی خۆم رەنگە لێکۆڵینەوەکانی من جیاواز بێت، چونکە رووبەڕووبوونەوەکانم جیاوازتر بوون لەوەی کە باس دەکرا.. لەلایەن ئەشکەنجەچییەکانەوە، دیارە گرفتەکانی من زۆرتر بوو، جگە لەو هاوبیرانەی کە بەرپرسیان بووم.. ئەمن ئاگادار کرابووەوە لە هەمووئە و نهێنیانە. بۆیە رووبەڕووم زۆر بوو دوان بە دەمامك هاتنە سەرم بەڵام ئەوەندە هاوارم کردبوو کاس ببووم نەمزانی شتێکیان وت‌و رۆشتن، بە بۆچوونی خۆم ئەمانە سیخوڕ بوون، کە رووبەڕوویان کردمەوە بۆیە دوایی وتیان تۆ (موخەریب)یت، واتە تێکدەر، ئینجا وشەی (موخەریب) سەیر کەن ئەگەر یەکێك داوای مافی نەتەوەیەك بکات (موخەریب)ە، ئەگەر جەماوەری کوردستان داوای مافی نەتەوەیی خۆی بکات، هەوڵبدەن بۆ سەربەستی‌و سەربەخۆیی، ئەمە تێکدەرییە یان مافێکی رەوای نەتەوەییە دەبێت هەر بسەندرێت، ئێمە جگە لەمانە کە ئازاد. نەبووین لەسەر بچوکترین وشە دژی رژێم دادگایی دەکراین ئەشکەنجە دەدراین ئێمە مافمان پێشێل کرابوو، ئازادیشمان لێ زەوت کرابوو. بۆیە وشەی راست لەو کاتەدا سەری دەخواردی (کورد دەڵێ دەست بگرە بە کڵاوە شڕەکەتەوە با نەیبا) بەڵام ئێمە کار لە کڵاودا نەمابوو، دەڵێن.ئێوا رە یەك.پیا وێکی جوتیار ئیشی‌دە شتی دە بێت بۆ یە یا نی.. ئێوارە بە ژنەکەی دەڵێت دەچم بۆ ئاودانی باخ، نانم بۆ ئامادە بکە..؟! بۆ ئەو دەشتە ژنەکەی یاپراخێکی جوانی بۆ دەپێچێتەوە دەڕوا بۆ ئیش. کابرا، کاتی نیوەڕۆ لە پەنا کانییەکدا دادەنیشێت یاپراخەکەی دەخوات هەندێك دەخوات بەلەزەت دەبێ لەو کاتانەدا بۆقێك خۆی دەکات بە مەنجەڵەکەدا، کابرا دەست دەداتە یاپراخێکی ترو بۆقەکە خۆی دەکات

بە دەستیا ئەیخاتە پارووە نانەکەیەوە گازی لێدەگرێ بۆقەکە دەجیقێنێ کابرا هەروا دەزانێ یاپراخەکەیە بە دەم جووینەوە دەڵێ بجیقێنی!. بفیقێنی! دەتخۆم، ئێمەی کوردیش وامان بەسەر هاتبوو هەموو بە یەك چاو سەیر دەکراین، هەتا ئەوانەی سیخوڕییان دەکرد بەس دەیانتوانی خەڵك بگرن کەسیان بۆ بەرەڵا نەدەکرا.. ئەحمەدو مەحمود، نەبوو، هەر کەس دەگیرا بە زۆری لێدان دەیانکرد بە شتێك.. هەندێك جاربە زۆ ر خۆیان هاوکاری خەڵکیان دەکرد تا درۆ بنووسن کە بێتاوان بوون، زۆر لە رابوردوو ئەو دیمەنانەمان بینی‌و بیستمان. بەڵام بەداخەوە بۆئەو کەسایەتییە  دەروون سوکانەی کە هاتنە سەر م. پێیان وتم ئەمە تێکدەرە، جاران بە هەموو شۆڕشگێڕێك دەوترا تێکدەر.

ئەو لووت شۆڕانە لەبری چەند پارەیەك بێ شەرمانە من‌و کەسانی وەك منیان کرد بە تێکدەر بە مەرجێ ئەگەر وەك ئێمە خۆیان بناسییایە ئەوە بێشك خۆیان دەکوشت بەڵام بەداخەوە هەست‌و ویژدان ژیرییان نەبوو ئەوانە کەسانێکی دۆڕاو بوون ئەوانە بێ رەوشتی خۆیان لەبیردەکرد کە چاویان بە پارە دەکەوت.... بۆیە لەوە خراپتریشیان دەوت‌و دەکرد..   کە تەنها یەك پەنجەی ئەو منالآنەی کە ئەوان دابوویانن بە گرت،کە تە نها پە نجەیە ك یان  هەزارە های وەك ئەوان‌و بەعسیان دەهانی.. مەبەستی ئەو گەنجانە زۆر گەورەتر بوو لە مەبەستی گڵاوی خۆفرۆشانەیان، مەرایی‌و رسوایی‌ئە وان. زۆر کەسی لە ناو برد، لە پێناوی (کاکە عافیە)یەکدا ملی هەزار کەسیان شکاند..  ئەو  رۆژەی کە هاتنە سەرم وازیان نەهێنا کەوتنەوە وێزەم. زۆر جۆر لێدانەکانیان بەکارهێنا, لەگەڵ هەموو لێدانێکدا خۆم دەبوورانەوە بۆ خۆقوتارکردن، بەڵام لە هەموو کاتێکدا ئاویان دەکردەوە بە سەرمدا تا بێمەوە هۆش خۆم، دوو جار، هەڵم خەڵەتاندن وتم باشە دەیڵێم دامگرن دەستیاندە کردمەوە ئاو جگەرەیان دە دامێ.. دوو مژم لێدەدا دیسانەوە هەڵیان دەواسیمەوە دووەم جار پاش کاتژمێرێکی تر بەس قومێك ئاویان دا پێم.. دیسان کارەبا ئەوەی کە زۆر بێزاری کردبووم کارەباکە بوو، لەهەر کوێیەکیان دەدام دەیانسووتاند، هیلاکی دەستی کارەبا بووم.. جۆرێك لێدان هەبوو، کە بە قنچکەوە دایاندەناین دەستمان بە ئەژنۆوە دەگرت هەردوو دەستمان بە کەلەپچەکراوی دەمایەوە لە نێوان مەچەك‌و نوشتانەوەی ئەژنۆدا بۆرییەکیان تێدەکرد ئەو جۆرە

www.pertwk.com

هەڵواسینە زۆر بێهێزی دەکردین، جۆرێك بوو لە بەستنی هەموو جەستە ئینگلیز وتەنی (full lock) واتە قوفڵی هەموو، بۆرییەکە لە یەك مەتر زۆرتر بوو یەکی سەرێکیان دەخستە سەر ئەمسەرو ئەوسەری مێزێك لەگەڵ بەرزکردنەوەدا سەرمان بۆ خوارەوە ئەوی تر بۆ سەرەوە ئینجا کارەبا شتی خراپ، بەدڕەشتی ئەوەی خودا پێیناخۆش بێت دەیانکرد، ئەو ئەشکەنجەیە بە هیلاکی بردم، ئیتر لێبوومەوە من هەر دەمزانی ئێوارەیە ئاگام لە درێژیی کات نەبوو، چەند مامەوە، ئەوانیش هەر وازیان نەهێنا، داوای پێلێنانیان دەکرد، پێم خۆشە ئەو هۆنراوە بەرزەی مامۆستای نەتەوەییم مامۆستا عەبدوڵلا پەشێو بنووسمەوە کە پڕ واتایە بۆ ئەم نووسینە:

پێلێنان
کێت لەگەڵدایە سەگباب
کێت لەگەڵدایە تەرەس
ئێستا دانی پێدا دەنێم
بەسە لێم مەدە جەناب
ئاوی چەمو رووباران
داری شیوو کەناران
دڕندەی دەشتو شاخان
فڕندەی رەزو باخان
بەردی چیا
کوتکی بەستان
گیای گەرمێن
بەفری کوێستان
بیست ملیۆن دیل زیندان
زیندانی شارو گوندان
ئەندامی شانەکەمن
هەموویان لەگەڵ مندان



ئه مه ش دیمه نی جۆ رێك. له هه لوا سینه.لەپشتەوە

به راستی ئەم هۆنراوەیە لام زۆر شایستە بوو بۆ ئەم شوێنە بۆیە بە خۆشییەوە نووسیم لەگەڵ داوای لێبوردن لە مامۆستای بەڕێزم کە بە بێئاگای خۆی نووسیم.

بەڵام وەڵام نەدانەوەم لەو پێلێنانەدا لەوە دەترسام؟؟ کە من ببمە دزێو ناشیرینترین مرۆڤ ! لەو کاتەدا مردن زۆر لام خۆش بوو, چونکە دوو رێگەم لەبەردەمدابوو یان مردن یان پێلێنان, ئەوان زۆڵ بوون دەیانهێشتیتەوە, یەکسەر نەیاندەکوشتی جا بۆیە هەر چارە نەبوو، بەڵام قورسترین وشە لە زیندان (ئیعتراف) بوو ئەویش لەسەر یەکێك کە بێئاگا بێت لە کاروباری شۆڕشو خەبات، ئەمانیش ئەوەندە بەدڕەوشت بوون ناوی باڵندەت بدایە دەیانهانی بۆ دانپێدانان.. ئەو وشەیە لای من زۆر مایەی سەرزەنشت بوو ئامۆژگارییەکانی سەروەر هەر لە مێشکمدا دەزرنگایەوە.. هەموو ساتێك کە بیرم دەکردەوە وزەی پێدەبەخشیم، بەڵام ئەو لێدانەو تەمەنم زۆر جیاواز بوو، ئەگەر , یاسایەکی مرۆڤایەتی هەبوایە، شوێنی ئەشکەنجەدانەکەو کەسەکانو بیناکەشیان پێکەوە دادگاییدەکرد، بەڵام بەداخەوە یاسای مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە ئەو بوارەی خوڵقاندبوو کە رێگەی دابوو بەو نامرۆڤانە شەلم کوێرم ناپارێزم، گوێ نەدەن بە چارەنووسی کەس، بۆیە

ژن‌و منداڵ‌و پیاو کچ بێ گوێدانە کەسەکەو تاوانەکەی هەرچەندە کەسمان تاوانمان نەبوو ئێمە داوای مافی خۆمان کردووە بۆیە بەو دەردە چووین، زۆر دیمەنی ناخۆشم بینی زۆر شتی بێ ڕەوشتانەمان دی هەرچەندە وردە وڕێنەم دەکرد لە گفتوگۆکانمدا.. ئەوەی کە زۆر ئەشکەنجەی دام وتیان دایك‌و خوشکت دێنین بۆ ئێرە، ئیتر نیوە مردوو بووم هەموو شتێکی‌ناخۆش .یان مردنێك بوو، نازانم چیم لێهات، ئەوان بەردەوام بوون جارجارە دەمووت توخوا، دەیووت خودا مۆڵەتە (ئیجازەیە) ئەستەغفیرەڵڵا، ئەم .ووت تو پێغەمبەر، لە ناو خۆیاندا یەکێکیان بانگ دەکرد (محمد تعال) واتای محمد وەرە ئەم برادەرە ئیشی پێتە ئەوانە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەریش نەبوو، بەس کوشتن‌و بڕین، بەڵام کات درەنگە شەو بەرەو نیوە دەڕۆیشت، دارو پەردووی ناو هۆڵەکە ئەگەر زمانیان هەبووایە لەبەر ئەشکەنجەدانی لاوانی کورد لێیان دەهاتنە گوفتار بەڵام بەداخەوە نە ئەوانە زمانیان هەبوو نە ئەمانیش هەست‌و سۆز, بۆیە دەبوو لەو دۆزەخەدا بە دەم ئەشکەنجەوە بتلێیتەوە کات درەنگە بێزاری‌و ئازار زۆری هێنا شەوگار بێزار بوو ساتەکان لە چرکە کەوتن، بەڵام ئەمان هەر لە پرسیاری خۆیان نەکەوتن، کێ دەناسی کێ بەرپرستە، لەگەڵ کێ ئیشت کرد، ئەی بۆ نابیتە خوێنمژ لەگەڵمان دەتکەین بە هەموو شتێ، دەبیتە پیاوی ئێمە، بەس پێمان بڵێ کێ دەناسی‌و چیتکردووە، منیش لەگەڵ بینینی دیمەنە ناخۆشەکان هەراسانی لە رووخسارمدا دیار بوو، ئیتر دوا هەنگاوم دوا وتەم دوا بەرگریم کە وەك پاترییەك رووناکییەکی کز دەدات‌و ئەویش نامێنێ، ئەوە دوا ساتی خۆڕاگریم بوو ئەوە دوا باوەڕ بە جەستەبوونم بوو ئەوە دوا هەناسەی کۆتاییم بوو دوا وزەم نەمابوو نە ئەوەبوو بمکوژن نە واز بێنن، منیش لە راستیدا تەمەنی خۆڕاگریم نەبوو بۆ ئەم جۆرە لێدانە، بۆیە وتم بۆستن لە توانامدا نەما.. وتم ئەوانەی ئێوە دەڵێن هەمووی راستە ئیتر وازیان هانی لە لێدان دایاننام، لە دڵی خۆمدا هەزار لێکدانەوەم کرد، پێم باش بوو بمکوژن بەڵام زۆڵ بوون ئەوان لە دواجار کە هیوات بە ژیان دەبێت, ئینجا ئەوان دەتکوژن؟ لە دواییدا هەموو زانیارییەکت وەر دە گرن.. نەك لە سەرەتاوە، بەڵام هەروەکو کەسی خۆم زۆر ئاسایی بوو چونکە پێش هەموو شتێك لە 1982 بۆم باسکرا کە گرتن‌و کوشتن روودەدات ئەویش لە پێناوی خاك‌و نیشتمانەکەماندایە دەبێت بە شانازییەوە بەرەوپیری بچین بە راستی من پەشیمان نەبووم، خۆشم بە مەغدور نەدەزانی، بەشی خۆم لە ڕێکخستنکارم کردبوو، هەرچەندە لە دانپیانانەکەدا خۆم بە شکست زانی ئەویش توانای من هەر ئەوەندە توانیم بەرگریبکەم، ئەوەی دڵی خۆشدەکردم، گرنگیی گرتنەکەی بۆ ئاساندەکردم، من لەسەر چارەنووسی نەتەوەیەك گیراوم لەسەر وڵاتەکەم تووشی ئەشکەنجە بوومەوە. لەسەر بیروباوەڕێکی پیرۆز بوو لە هەمان کاتدا سەلماندنی بوونی خۆم‌و بیروباوەڕەکەم بوو بۆ داگیرکەران، کە دڵنیابن هیچ کوردێکی خاوەن ئاکارو رەوشت خۆشیانی ناوێت لێیان رازی نیە، جەماوەری کوردستان لێیان بە قینە، بە لێدان‌و کوشتن‌و ئەشکەنجە بڵێسەی ئاگری شۆڕشی کوردستان دانامرکێتەوە، تا ئەشکەنجە بەردەوام بێت شۆڕش بەرزترو شکۆدارتر دەبێت، بەو کردەوانەی ئەوان نە شۆڕش‌و نە شۆڕشگێڕان تەواو دە بوو بگرە لە سەرکەوتندا بوو، هەرچەندە کوردستان کۆمەڵێك بیروباوەڕی رامیاری جیاوازی هەبوو بەڵام هەریەکەو (ستراتیجییەتێکی) جیاوازیان هەبوو هەریەکەشیان پەیڕەویان جیا بوو، هەریەك لەو لایەنە رامیارانەی کوردستان دیارە رێکخستنیان هەیە، بێگومان لەو گرتنەشدا کەسیان بێ بەش نەبوو، بەس هەیانبوو زۆرترینیان گیرابوو، هەیانبوو کەمترینیان بۆیە بێ جیاوازی من دەڵێم ئێمە هەموو کورد بووین لەسەر رێڕەوی رزگاری بۆ کوردستان ئازادی بیروڕا بۆ جەماوەر، جا من ئەوەی گرنگە بتوانم هەموو لایەنەکان وەکو خۆی باس بکەم بە بێ جیاوازی، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، پارتی سۆشیالیسی کورد، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی دەعوای ئیسلامی، من بەس هەر ئەوانەم دەناسی کە لە زیندان بووم، هەر هەمووشیان کەس‌و لایەنیان هەبوو لە زیندان، لە سەرەتاوە کە دەگیراین پێشدا دەیانووت لە چ حیزبێك یت، بۆ ئەوەی بە ناوی ئەو حیزبەوە گوفتارەکەت بۆ پڕ بکەنەوە، ئەوان پێش ئەوەی کە لێت بپرسن چیت باس لە کاری تێکدەرانەیان دەکرد.؟ دژی بەعس دوایی دەیانووت لەگەڵ کام (پارتی) ئەو ئیشەت کرد.. لە پاش لێکۆڵینەوەم گەڕیان کرد کە دەبێت ناوی خەڵکی لایەنە رامیارییەکانی تریان بۆ بدەم بەدەستەوە من دانپیانانەکەی خۆم بە نیوە ناچڵ بۆ وتن ئەویش بە پێی زانیارییەکانی

بەردەستیان نەك خۆم بیڵێم، بۆیە پێم وتن ئەوان ناناسم چونك ئەوان نهێنیی خۆیان هەیە نایەڵن من بیانناسم، داوای بەرپرسەکەی خۆمیان کرد وتم ئەی ئەوە نییە ناوەکەیتان لە بەردەستایە، پێشتر هەموو ناوەکانیان خوێندەوە، وتیان خۆت بیڵێ، بۆ ئەوەی بیکەن بە ماڵ بەسەرمەوە، لەبەر ئەوەی کە بەرپرسەکەم پیاوی خۆیان بوو چاوبەستم بکەن کە ئەو ئاگای لە هیچ نییەو هێزی ئەمان بە دوایدا بگەڕێ‌و دوایی راکات، بۆ شاخ، لەوێ چالاکییان بۆ ئەنجام بدات، دژی شۆڕش‌و خەباتی رەوای گەلەکەمان، وا رێکەوت، لە دوای بەگرتدانی ئێمە، دەستەکەی ئاشکرا دەبێت ئینجا شۆڕش بە دوایدا دەگەڕا.. دوای وای لێهات بە ئاشکرا سەلماندی کە (تەواری)یە.. جا مەبەستم لە خۆفرۆشییە لەو کاتانەدا ئێمە چەند دڵسۆز بووین چەند قوربانیمان بە خۆمان دەدا لەولاوە کەسانێکی دەروون نزم چاڵێکیان هەڵدەکەند، لە دوایی هاوبیرەکانی خۆمم بینی لە رووبەڕووبوونەوەدا دانپیانانەکەیان وەکو یەك بوو بە راستی، خۆم پێمخۆش بوو، لەوەی کە کەس بە دەستی ئەوان تووشی گرفت نەهاتووە، ئەوەی کە کاریگەری مابێت لەسەر من بوو، ئەویش بەرپرسی شانەکە بووم شتەکان هاتبوونەوە ملی من.. گرنگ هەندێك لە ئیشەکانمان نهێنیی نێوان من‌و شەهید کارزان کە جێگری من بوو، شەهید زانا کەسی سێیەم بوو ئاگاداری زۆر شت بوو، ئەوانیش باسیان نەکردبوو، ئەوەی کە بە هیلاکی بردم، (مفەوەز شەماڵ) گەواهی چالاکییەکی دابوو لەسەرمان، بەرپرسەکەشمان، هەرچی هەیەو نییە، باسی کردبوو، ئەویش وتبووی چەکم داوە پێیان بۆ چالاکی ئێمە نەمانکرد بوو کەچی لەسەریان نووسیبووین ئیتر لە دوا بڕیارمدا وتم، بەڵێ پاسۆکم، ئەوەی ئێوە دەیڵێن راستە ئیتر نزیکەی شەش چالاکییان بۆ نووسیم کە هەر خۆم کردبووم.. هاوبیرەکانی ترم بەشدار نەبوون، ئەویشم خستە ملی خۆم چونکە ئەوان لە من بچوکتربوون دنیاشیان زۆر نەدیبوو پێمباشتربوو لە ئەشکەنجەدانی (تەواری)ییەکەدا زۆر کەم کەس توانیان هیچ نەڵێن ئەوە کەسانێکن بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، لەسەدا یەك توانی خۆڕاگر بێت ئەوانیش تەمەنیان جیاواز بوو، تاقیکردنەوەیان هەبوو لەوەوپێش، بۆیە لەو سەردەمەدا توندوتیژی لەڕادەبەردەر بەکار دەهێنرا دژ بە لاوان‌و کەسە شۆڕشگێڕەکان، بەعسییەکان پەیڕەوی رێگایەکیان دەکرد، ئەویش بە فەوتاندنی گەنجەکان‌و دەستگیرکردنیان، سەرکوتیان بکەن ئەویش لە رێی ئەشکەنجەدانەوە. زۆر کەس ترسێنراو خستیانە ناو تۆڕەکەی خۆیانەوە، کردنیان بە مەقاش‌و بەکاریان هێنان، بۆ راووڕووتی‌و تاوانکاری فێری خۆخۆری‌و (خیانەت)یان کردن، چۆکیان پێدادان، لە پێناوی شتێك پارەدا، وە یان دەروونی کەسەکە نزم بوو لە ترسا هەموو شتێکی دەکرد دوایی وردە وردە دەمی چەور دەبوو ئینجا خۆی هەوڵی دەدا کە خۆفرۆشی بکات، بەڵام زیندان شتێکە زۆر جیاواز بوو، ئەوەی کە زیندانی بوو هیچ کاتێك پێی خۆش نەبووە کەس بە دەستی‌ئەو تووشی زیان ببێت وە یان دان بە تاوانباری کەسێکی تردا بنێت، ئەمەیان شێوازێکی ئەشکەنجەدانی لە خۆ گرتووە نەك رێڕەوی خۆفرۆشی، لە ئەنجامی خۆڕاگریدا بوو، بەڵام کەسانێکی جیاوازتریش هەبوون ترساندنەکەیان لەڕادەبەدەر بوو ئەمجۆرەشیان جۆرێکی تری.. چۆك دادان بوو لەسەر هەڵخەڵەتاندنی کەسەکە بە پارەو جگەرەو کە گوایە ئازادی دەکەن . دەبێتە ئەندامی دەستەی خوێنمژانی بەعس.. قوتاردەبێت. بەڵام ئەوە گەورەترین چاڵ بوو بۆ خۆی هەڵیدەکەن، ئینجا بۆ کەسانێکی زۆرلێکراو. کە بە بێئاگا. بە بەبێ ئەوەی کە پەیوەندی یاخود شتێکیان کردبێت بۆ شۆڕش. گیرابوون.. ئەویش لە رێی کەسە خۆڕانەگرەکانەوە بوو. من لێکۆڵینەوەم تەواو بوو. قاچودەستیان کردمەوەو راوڕاوێنیان پێدەکردم لەناو ئەو ژوورەدا بەڵام هەموو سەری پەنجەکانم تەقیبوو قاچم ئاوسا بوو خوێن بە قاچمدا دەهاتە خوارەوە، تا تۆزێ قاچم خۆیی گرتەوە جلەکانم پێ لەبەر کرایەوە، دەستم کەلەپچە کرا. رایانکێشامەوە بۆ سەرەوە، بەڵام لە تاو تینوێتی‌و ئازار لە ئێستە بە دواوە ئازارەکانیان زیاتر دەکولێتەوە هەستیپێدەکەم. زۆرم تینوو بوو ئاویان نەدایێم. لە ئەنجامی ئەشکەنجەداندا گەدەم وشك ببوو. ئەوەندەم هاوار کردبوو بەهیلاکچووم. یەك قوم ئاویان دا پێم. لە کاتی ئەشکەنجەداندا گەدە وشك هەڵدێت. دوایی ئەگەر ئاو زۆرتر لە سێ چوار قووم بخۆین. توشی ژانە سك دەبیت خۆ ئەگەر زۆرتر بخۆیت ئەوە گەدە دەتەقێ‌و دەمریت. بەڵام قوم‌و دوو قوم هەر ئازاری هەبوو لەناو سکدا. ئەمە شێوەی ئەشکەنجەدانی من بوو ئەوەی زیندانی دیبێت لەوە زیاتری نەدیبێت کەمتری نەبینیوە. هەروەها ئەشکەنجەدانی زیندانییەکانی تر هەبوو خۆڕاگرتر بوو لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرد. وە یان بە

ئەستەم وزەی تیا دەما.. ئەو شوێنە واتای بەرەنگاریکردن لە نێوان مەرگو ژیان بەرەنگاریکردن لە ئاکارو چۆکدانەدان هەمیشە لە بەرەنگاریدا بووین. وە کپێشەوەی جەنگێکی گەورە وا بووین نەدەکوژراین نە بۆمان دەکوژرا. بەس بەرەنگاریمان بۆ دەکرا. ئەوان لە ئەشکەنجەدانی من بوونەوە. لەسەر بۆرییە رەقەکە بە لەشی تێکشاوەوە بە جەستەی بریندارەوە بەجێیانهێشتم لەسەر ئەو کاشییە رەقانە سەرینم بۆری بوو راخەرم کاشییە رەقەکان دەستم بە بۆرییەکەوە هاوپێچ کرابوو لەتاو ئازار نەمزانی چی بکەم دۆلکەیەك ئاو لای هاوبیرەکانم بوو، قومێکی تیابوو دایانپێم ئەویشم خوارد.. ئەوانیش زانییان چواردەورمان چۆڵ بوو ئەوانیش تامەزرۆی دواپرسیار بوون دانم پیاناوە یان نا. کاریگەری دانپیانانەکە لەسەر ئەوان دەبێت یان نا. منیش هەموو راستییەکانم پێووتن. دەربارەی ئەشکەنجەو دانپیانانەکەم. چونکە بۆ یەکخستنەوەی قسەکانی ئێمە هەندێك جار بانگکردنەوەو دووبارەی لێکۆڵینەوە دەبووە هۆی گرفت دروستکردن بۆ هەموو لایەکمان بۆیە بە دڵخۆشییەوە وتم بەس ئەوانەیە کە خۆیان دەڵێن زیاد نییەو پەیوەندی بە کەسی ترەوە نییە.. ئەوانیش بە دڵنیاییەوە خەوتن کات درەنگ بوو. بەس ئێمە نەخەوتبووین ئەویش چاوەڕێی دوا هەواڵی من بوو, لە ناو ئەو ئەشکەنجەو ئازارەدا, ئەشکەنجەدانی منیان پێناخۆش بوو دڵیان ئۆقرەی نەدەگرت.. بۆیە کە گەڕامەوە پێیان خۆش بوو. گەڕامەوە.. هەرچەندە لەتاو ئازارو خەوی ناخۆش خەوم لێ نەدەکەوت تا بەیانی بەدەم ئەشکەنجەو ئازارەوە دەمبردە سەر بەیانی خۆر گزنگی دا. جموجۆڵ دەستی پێکرد جەلادەکان دەکەوتنەوە ئەشکەنجەدانمان هەرچییەك بەو رێیەوە دەڕۆیشت زرمێکی تێدەسرەواندین، بەیانی هەروەکو دوێنێ بێچووە سەمونێکیان هانی لەگەڵ یەك کەوچکی چێشت خواردن ماست. ئیتر ئەمە دەبوو بەس بێت تا ژەمی نیوەڕۆ، هەرچەندە من ئەشکەنجەدان سەرودڵی گرتبووم بۆم نەدەخورا. بەڵام هاوڕێکەی تەنیشتم بە زۆر دەرخواردی دام، وتی ناوی کەست نەبرد وتم نەخێر، ئەوەی خۆیان وتیان لەوە زیاتر نییە، ئیتر پێی خۆش بوو وتی گرنگ هەرچییەك بکەن لە خۆت قەینا.. بەڵام با کەس لە دەستی تۆوە زیانی پێنەگات. من زۆر سوپاسی هەڵوێستی ئەو بەڕێزە دەکەم، کەم پێکەوە بووین دڵنیانیم لە ناوەکەی پێم خۆش بوو تا لە گۆشەی ئەم یادەوەرییەدا بەسەرم بکردایەتەوە، سێ چوار شەوێك پێکەوە بووین ئەو لەمن گەورەتر بوو.. دنیادیدەتر بوو هاوکاری دەکردم لە بیرو هۆشمدا، بۆیە ئەو بردنەی برا نەمبینییەوە، یادی بەخێر هەم سەروەرو ئەوانەی کە وەك ئەمان بە تەنگ میللەتەکەیانەوە هاتن جێی شانازیی منن, کە دەستیانگرتم کە هاوکارییانکردم..

ئەو رۆژە هەر لەگەڵ ئازاردا بووم جارجارە سەرە مەقەستێکیان لێدەدام، بەڵام پرسیاریان لێ نەکردم, خەڵك بەردەوام دەگیرا تا دەهات زیندان بەرەو پڕی دەچوو زیندانیان ئاخنی لە گەنج زۆر بێ بەزەییانە دەکەوتنە ئەشکەنجەدان، خۆی هەندێك جار ئەشکەنجە دەروونییەکە زیاتر بە هیلاکی دەبردین لێدانەکە زۆر باشتر بوو، ئێمە لەو راڕەوەدا دایاننابووین خۆی لە خۆیدا ئەشکەنجەدانێکی گەورەتر بوو، هەرچی بەو رێیەدا دەڕۆشت بە ریز زرمێکیان دەوەشاند جگەرەیەکیان پێ دەکوژاندینەوە کارەبایەکیان لێدەدایەن، لە جەنگی ئەشکەنجەدان تەواو بووین بەڵام لە هەمووی خراپترو ترسناکتر جەنگە دەروونییەکە بوو کە زۆرجار بارێکی دەروونی بەسەردا دەهانین نائاسایی بوو، کە ئەو کارەبایەیان لێدەدایەن بۆکڕوزی سووتاویی هەڵدەستا، لەوە ناخۆشتر کەسێکی تازە دەگیرا دەیانگەڕاند بزانن کێ دەناسێ تا گرفتەکان ئاڵۆزتر بکەن، بمانگەڕێننەوە بۆ کوشتارگەکەی خۆیان لەو ساتانەدا دیسان لێکۆڵینەوەیەکیان بۆ من ساز دا، بانگیان کردمەوە بە زۆر داوایان دەکرد کە دانی پیانێم من ببمە چاوساغی جەلادەکان، ئەیانویست لە خۆڕایی ناوی خەڵك بدەم، بۆ ئەوەی زیندانیان بۆ پڕ بکەم لە گەنجی بێتاوان، تاوانبار ئەوان بوون کە بە درێژی دەیان ساڵ مرۆڤیان ئەشکەنجە دا، کوردیان کوشت.. زیندانەکانی بە بەتاڵی نەدەهێشتەوە، ئێمە بێتاوان بووین، کە زیندانەکانی خۆیان پڕ کردبوو لە ئێمە.. ئەوەی خاوەنی ویژدانو رەوشت بێت چۆك دانادات، ملی هاوزمانی خۆی ناشکێنێ، منیش بیرکردنەوەم بەو شێوەیە بوو، بۆیە دەیانووت تۆ بەرپرسی شانەیت چۆن کەس ناناسیت.. من لە راستیدا زۆر لام خۆش بوو بمکوژن بەس نەڵێم ئەوە فلان کەسەو شۆڕشگێڕە، پێم خۆش بوو هەرچییەك هەیە با بۆ خۆم بێت نەك کەسێك گازندە بکات لەسەرم، بۆیە هەر زوو خۆم پەڕاندەوە بەوەی کە من پەیوەندیم لەگەڵ کاك (مولازم کەریم) هەبوو، جگە لەو کەس ناناسم، لە دواجاردا کاك کەریم رێگەی داوم کە پەیوەندی بە (سەرکەوت) بکەم، لە لیژنەی

ناوچەی سلێمانی، ئیتر کەس ناناسم لە راستیدا وەکو پێشوو بۆم باسکردن (سەرکەوت) داردەستی خۆیان بوو، نەیاندەگرت، منیش بێگومان بووم لەوەی جگە ئەو نەبێت هەر کەسێکی تر بێت زووتر دەگیرا بۆیە راستەوخۆ باسی ئەوم کرد ئیێ ئەویش پیاوی خۆیان بوو منیش بێ ترس بووم، بۆیە باوەڕیان پێهێنام زۆر خۆیان بە منەوە خەریك نەکرد، ئەوان مەبەستیان بوو رەشبگیر دروست بکەن، هەرچەندە کەسی وایان گرتبوو بە یەك جگەرە مرۆڤێکی بە گرت دەدا، واتای مرۆڤێك بە جگەرەیەك!! یەك جار گوێم لێبوو بە چاو بینیم ئەو هەڵخەڵەتاوەیان برد ئێوارە هانییانەوە هاتەوە پاکەتێك جگەرەی بە دەستەوە بوو، پێمان خۆش بوو وتمان دیدەنی هاتووەو ئێستا جگەرەمان بەش دەدات وتمان ها (!) چییە وتی لە بەیانییەوە دەمسووڕێینەوە بیست کەسم بۆ هانیوون کەچی نۆزدە جگەرەیە، وەکو گرێبەستی کردبێت مرۆڤێك بە جگەرەیەك، یاسایەك ئەوەندە گەندەڵو بێ سەرو بەر بێت، یەك مرۆڤ بدات بە یەك جگەرە، توخوا خەڵکینە چاوەڕێی چی لێدەکەیت، جگە لە تاوانو کاری دوژمنکارانە نەبێت، جگە لە زۆرو تاوان نەبێت.. لە راستیدا ویستیان کۆمەڵگیر بکەن بە هەر شێوەیەك بێت بۆیە بە هەر جۆرێك بوو چەند نەفامێکیان هەڵخەڵەتاند تا لە رێگەی ئەوانەوە کونجی زیندان، رەشبگیر بکەن، ئەوانە زۆر کەسیان دابوو بە گرت خۆیشیان نەیانزانی بوو چییە لە ئەنجامدا کەسێکیبە گرت دابو,نەیزا نیبو باوەڕی چیە,!! بە ئەفسەری لێکۆڵینەوەکەی وتبوو قوربان لێیدەن شتێك دەردەچێت، مەبەستی لە رێکخراوەیی بوو.. وە یان ئاسۆ گیرابوو ناوی باوکی نازانم زۆرتر لە تەمەندا بچوك بوو زۆریان لێدابوو هەر پێیان وتبوو ناوە نهێنییەکەت چییە دواجار هەر لە خۆیەوە وتبووی (پاپا) هەموو دەزانین بەرنامەی منداڵانە، نەك نهێنی بۆ کەسانێکی شۆڕشگێڕ، مەبەستم زیاتر کاری کوێرانەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمو باوەڕهێنانی سەرکردایەتی بەعسییە فاشییەکەیان، بەو گوفتارە درۆینانەی کە سەبارەت بە کوردو شۆڕشی کورد. دەیان کرد.. ئەگەر زانابوونایە کەسیان نەدەگرت لەو منداڵانە یاخود زیندانیان دروست نەدەکرد بۆ کێشەی رامیاری، بۆیە چەندی زیندانی کرد دوو ئەوەندە زیانی پێگەیشت، لە راستیدا بایەخو گرنگیدان بە گرتنو دەستبەسەراگرتنی لاوان رژێم مەبەستی بوو، سەرەتای سەرهەڵدانی هەر شۆڕشو

راپەڕینێك لە گەنجانە وە.... پەرە دەستێنێ گەنجان پێشڕەوی کاروانی خەباتو تێکۆشان بوون، لە راستیدا سڵکردنەوەی لاوان کەمتر بوو، خوێنگەرم بوون سنگیان دەنا بە گوللەوە، بۆیە رژێم دەست لە لاوانی وڵاتەکەمان نەپاراستووە، لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستی نەبوو سەر بە کام لایەن بێت چونکە هەموو وەکو یەك تێدەڕوانی، بژاردەی بۆ دەکرد، گرنگ لای ئەوان ئەوە بوو تۆ کوردی، بێشك رقت لە رژێمە ئیێ خۆ دەبێت سەر بە رێکخراوێکی رامیاری بیت، لای ئەوان مەبەست بوو، خۆمان بخەینە ژێر تاوانبارکردن دژ بە رژێم، بۆ ئەوەی کوێرانە، بەرەو دادگایی قەرەقوشت بەرن.. هەر لە دوای لێکۆڵینەوەکە دانپیانانەکەیان دەنووسی،هەمیشە لێدان هەبوو. لە ناو (تەواری)یەکە بۆ ئەوەی زیاتر بت.ترسێننو تووشی تۆقاندن بیت تا زانیاری زیاتر بەدەستبهێنن.. تا دەیانتوانی دەستدرێژی زیاتریان دەکرد بۆ سەر خەڵکی کوردستان. بە رای خۆیان دڵنیان لەوەی کە هیچ کەسو هێزێك ناتوانێ بەرەنگاری یان بکات، بۆیە بە دڕندانەترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکرد، ئەوان بە داگیرکەر سەیری ئێمەیان دەکرد وەکو ئێمە کرێچی ئەوان بینو ئەوانیش خاوەن ماڵ.. بەڵام لە راستیدا ئەوانە راوڕووتکەری ئەم وڵاتە بوون تێکدەرو گێرەشێوێنی نیشتمانەکەمان بوون دزو جەردەی کەلتوری نەتەوایەتیمان بوون، لەجیاتی شەو لە بانو پاسەوانی خەڵك خۆیان دەچوونە سەربانی ماڵان خۆیان راووڕووتو دەستدرێژییان دەکرد، بگرە زۆر بە توندیو بە زەقی توندڕەوییان دەکرد، سوکایەتییان بە ماڵان دەکرد، بۆ گرتنی هەرکەسێك بچونایە لە نیوەشەودا دەڕۆیشتن، لەو ناوەڕاستی شەوەدا دڵی ماڵانیان دادەخورپان لە شیرین خەودا دایاندەچڵەکاندن هەروەك دێوەزمەی تاریکی لەجیاتی مۆتەکەو تارمایی خۆیان بوون، خەوو خۆراکیان لە .. کورد.. دژوار کردبوو، ئەو شەوەی کە چووبوونە سەر ماڵی ئێمە زۆر درەنگ ماڵەکەیان دۆزینەوە چووبوون من زیندانی بووم لە سەید سادق، لەو کاتەدا گیرابووم، بێگومان بێئاگابووم دوایی باسیان لێدەکرد، کە (تەواری)یەکان لەبری ئەوەی منیان دەست نەکەوتبوو برایەکی بچوکم بە ناوی مەریوان لەگەڵ دایکم پێکەوە گیرابوون لەجیاتی من، نەیانزانی کە من گیراوم لە سەید سادق دوای چل شەو ئینجا بەریان دان، کە بە تەواوی دڵنیابوون لە من کە

هەموو شتێك ئاشكرا بووەو هیچ ماوەی گرفتو پاشگەزبوونەوەم نییە، ئەوانیان بەردا بوو، لە راستیدا ئەو شەوە كۆتاییهێنان بە ئاواتو ئامانجەكانم بوو بە ئازارێكی زۆرەوە خەوتم، بەڵام خەو نەبوو، میوانێكی گەورەم هەبوو نەیهێشت بسرەوم.. نازانم ئەو شەوە بە دەیان شەو لەلام چووە هەر كۆتایی نەبوو، مەرگی خۆم بە ئاوات دەخواست، ئەو یادگارییە ناخۆشە هەر لەلامە هەمیشە لە بەرچاومە هیچ كاتێك ناتوانم وەكو خۆی باسی بكەم باسی ئەو رووداوەی كە خۆم، تیا دەژیام، چاوم دەنوقا دیمەنی ناخۆشم دەدی خەوەكەم دێوەزمە بوو دەستی دەنایە بیناقاقام، هێزە تایبەتییەكان لە ئیزرائیل دەچوون.. دەهاتن بۆ گیانكێشانم، سەرینم بۆرییە رەقەكە بوو راخەرم كاشییە ساردەكە بوو، هەموو جەستەم تێكشابوو لەسەر هیچیان خۆم نەئەگرت، كەلەپچەكەی دەستم وەك تەوقی مردن وابوو شل بوولە مەچە كم, بەڵام ئازاری دەدام، قورس ببوو لە دەستمدا، هەرچەندە شەوان بەرەو ساردبوون دەچوو، لەگەڵ هەموو ئەو ئازارەدا بەو ناخۆشییەوبەو خەوە پچڕپچڕەوە.. لە دەمەوبەیاندا لەگەڵ پێش مەلابانگدان لە موسڵمانان چاوەڕێی نوێژی بەیانی بوون منیش هەر لە ئەشكەنجەدا بووم، خەوم بە مردنەوە دەبینی، لەپڕدا یەك شەقی قورس رایچڵەكاندم لەوەدا بوو دڵم بوەستێ، بەڵام ئەویش بە هەر چۆن بێت ئەوەی كە بینیم، چی بوو، یەكێك بوو لە رەش پێستەكانی بەعس، زۆر ناشیرین بوو، لە رووخسارو لە دیمەن، سەرو چاوی لێی نووسرابوو تاوانبار خوێنمژ، كە چاوم كردەوە، ئەو ناشیرینەم بینی لە دڵی خۆمدا وتم تەواو ئەمە ئیزرائیلە، هاتووە گیانم بكێشێ، بەو بەیانییەو لەو كاتەدا شكم بۆ هیچ شتێك نەدەچوو جگە لەناوبردنم نەبێت، دەستم لە بۆرییەكەدا كرایەوە، هەردوو دەستم كەلەپچە كرا لە پێشەوە، بردمیانە خوارەوە، بۆ بەردەم ئەفسەرەكە كە لێكۆڵینەوەی لەگەڵ كردم، ئینجا بە روویەكی ترەوە قسەی لەگەڵم.داكرد، زۆر پێم سەیر بوو، بەو بەیانییە جگەرەیەكی دا پێم، ئەفسەری لێكۆڵینەوەكەی ئێمە ناوی.ملازم (ئەحمەد) بوو وەرگێڕەكەیشمان موفەوەز (تاریق) بوو كوردی دەزانی كوردی موسڵاوی بوو، وا ئەزانم هەردووكیان لەگەڵ چەند پاسەوانێكدا راوەستابوون، وتی دەبێ ئێستا بچین بۆ ماڵی بەرپرسەكەت بێگومان ناچارم هێشتا لاشەم دەزریكێنێ، لە سەرێكیشەوە پێم خۆش بوو چونكە ئەو زانیارییانە لەلایەن ئەوەوە درابوو بە (ئەمن) دڵنیام لەوەی كە ئەو بوو بەڵام لە سەرێكی ترەوە زۆر ئازاری دەروونی دەدام چونكە شكست بوو بۆ من كە بچمە سەر ماڵی كورد، هەرچەندی (ناپاك) بوو وشەی (دانپیانان) (الاعتراف) ئەم وشەیە بۆ هەموو زیندانییەكان ناخۆش بوو، چاریش نەبوو، ماوە.. نەدەما كە هەر هیچ نەڵێیت لە باری دەروونی وا هەستم دەكرد هەموو دنیا رووخاوە بەسەرمدا سەیری هاوڕێكانم دەكرد روانینی من ئاسایی نەبوو هەرچەندە ئەوانیش وەك من بوون بگرە ئێمە زۆر باشتریش بووین  ئەوەی كە خۆم بۆ ئامادە كرد ئەمتوانی بەرگری بكەم، بەڵام بەداخەوە لێدانەكان لەگەڵ توانا و هێزی مندا نەبوون، ئەو لێدانانەی جگە لە ئازاری جەستەیی وەكو دەروونی پێم شەرم بوو, بە رووتیی دایاننام هەندێك ئەشكەنجەیان بەكاردەهێنا، لە دوا هەناسەم كە بێ وزە بووم ئیتر بوتڵەكەیان هێنا وتم چی دەڵێن تەواوە، پشتم بەوە شكا هەرچەندە پێشتر شتێك بۆم باس كرابوو بەڵام لەوێشدا دیسان رووبەڕووی ئەو هەڕەشەیە كرامەوە، كە وتی با بچین بۆ ماڵی بەرپرسەكەت وتم باشە وەكو وتم دوا توانا و دوا بەرگریم بوو بۆیە بەو نیوە شەوە بردمیان جگە لە سەمون فرۆشو چێشتخانەكان كەس لە دەرەوە نەبوو، كە دەمبینین خۆزگەم بە ئازادییان دەخواست؟ ئەوان لە هەوڵی بژێویدا بوون بۆ خێزانەكەیان منیش لە هەوڵی بیركردنەوەی چۆن خۆ رزگاركردن لە ئەشكەنجەو خۆنەدان بە دەستی جەلاد چۆكم پێدانەدەن، جارجارە دەیانووت ئەگەر ئەو سەمون فرۆشانە دەناسیت پێمان بڵێ!!؟... من ئەوەتا تاوانبارەكەیە بە شەرمەوە، پێم وتوون ئەویش پیاوی خۆیان بوو، ئێستا دڵم دێت منداڵێكی سەمون فرۆش بیكەم بە نێچیر بۆیان هەرچەند وتیان دەیانناسی هەر وتم نەخێر، خۆی لە راستیدا نەمدەناسین، خۆ ئەگەر بمناسینایە بێگومان بووم لەوەی نەمدەتوانی سەیریشیان بكەم، نەك بە غەدر بیاندەم بە گرت، ئەوانە سروشتیان وابوو هەر كەسیان دەگرت دەیانبردە دەرەوە بۆ ئەوەی یەكێك لێی تێك بچێت چۆنیو باشی بكات بیگرن، بە هەموو شتێكیخراپ راهاتبوون، هەستو سۆزیان نەبوو بۆیە ئاوا بێ بەزەییانە رەفتاریان دەكرد ئەو شوێنەی مەبەستیان بوو گەیشتن، لە كۆڵانەكەدا راوەستان وەك مەیمون بە دارو بەردا سەركەوتن، خۆیان دەرگای حەوشەیان كردەوە سێ چواریان خۆی كرد بە ژووردا، چەند خولەكێكیان

پێچوو دڵم خۆش بوو وتم هیچ نەبێت یەك مانگ زیندانی دەبێت بەڵام لەولاوە بێدەنگ هاتنە دواوە، سوار بوونەوە گەڕانەوە بەرەو (تەواری)یەکە بەڵام وتیان تۆ درۆ دەکەیت خەڵکی تر دەناسیت دەبێ پێمان بڵێی، درۆت لەگەڵ کردین بە دەم لێدانو جنێوەوە کردمیانەوە بە ژووردا، بە کێبڵەکە کارەبایان لێدەدام، هیچی جەستەم نەمابوو هەمووی شوێن جگەرە بوو، ئەوەندەیان چزاندبوو بە دەستمدا شوێنی ساغم نەمابوو، بردمیانە سەرەوە هەر لەوێدا وتیان دوایی بانگت دەکەین دەبێ خەڵکمان بۆ بدەی بە گرت، لەبەر ئەم داواکارییەیان لێدانەکانی ترم بیر چووەوە، کەوتمە خەمی ئەو داوایەوە، بە راستی چەند سوێندم خوارد چەند پاڕامەوە کە کەس ناناسم، بۆچی هەر لە خۆمەوە خەڵك بەم بە گرت ئەیانووت قەینا تۆ بڵێ و هەقت نەبێ، خۆیان ئەوەندە درۆیان کردبوو باوەڕیان بە راستی نەبوو، بەس گوێیان بۆ شتی خراپ زۆر چاكو زوو دەبیست، ئەو مفەوەز تاریقە هەمیشە ئەشکەنجەی خەڵکی دەدا، دوایی دەگەڕایەوە قورئانی دەخوێند، هەر رووبەڕوو پێمان وت تۆ ئەوەندە ئەشکەنجەی ئێمە دەدەیت، ئەی قورئان بۆ دەخوێنیت، دەیووت هەر شتەو بە پێی خۆی، ئێوە تاوانبارن ئێوە ناپاکن واتا (خائن) بەڵام خۆی جگە لەوەی کە تاوانبار بوو بە ئەشکەنجەدانی ئێمە رەگەزنامەشی گۆڕیبوو بە عەرەب ئەوە دوو تاوان یەك لە یەك قورستر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی لێداندا کە دەپاڕاینەوە لە خواو پێغەمبەر یەکی یەکێکیان دەکرد بە خواو پێغەمبەر... دوای ئەوە قورئانی دەخوێند، بەڵام ئەوانە درۆو دەلەسەیان دەکرد ئەگینا بە راستی قورئان خوێن بێت دڵی کەس نائێشێنێت، هەر لەو تەواریانەی لێبوو زۆر باش بوو دڵی پێمان دەسووتا حاجی شاکر، عەرەب بوو لەچاو ئەواندا بە حەوت ئاو شۆرابۆوە یان خەیری کورد بوو پێنووسی دەدا بە زیندانییەکان ئاگامان لێبوو نامەی دەبرد، ئەو نموونانەش هەبوو، خۆ قورئان خوێن نەبوون، لە دوای ئەو شەوە. بانگیان نەکردمەوە، بەڵام ئەو ئەمنەکەیان هەر نەگرتبوو تا ئێستاش لە بەغداد دادەنیشێ، ئەوەی جێگەی دڵخۆشکەرەیە بۆ ئێمە کەس زیانی پێنەگەشت لەلایەن ئێمەوە، چی منو چی هاوبیرەکانم.

ئەو باسو خواستەی پەیوەندی بە دانپیاناندا هەیە بەس لە نێوان خۆماندا بوو، لە راستیدا ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە تازە زیندانی بووین ئیتر بۆ کەسی تر لە دەستی ئێمەوە زیانی پێبگات؟! هاوبیرەکانم لەچاو تەمەنیاندا قارەمان بوون ئازا بوون توانییان لە ئەشکەنجەدان خۆڕاگر بن, بەرگری باشیان لە خۆیان کردبوو, دوای یەکەم لێکۆڵینەوە دوو جاری تر بانگیان کردم، هەر پرسیار بوو بەڵام بە دەم وردە لێدانەوە بەو چەند جارە لێکۆڵینەوەیە تەواو بووم، بەڵام لە کەلەپچەی دەستمو بۆرییەکە نەجاتم نەبوو، ئازاری زۆری دەدام.. چەند رۆژێك لەوێ بووم دوای نیوەڕۆیەك کابرایەکی قژ ماشوبرنجییان هێنا لە خوارمەوە دایان نا، بە بۆرییەکەوە بەستیانەوە چاوی هەر بەسترابوو پرسیارمان لێنەکرد، نەماوێرا، چونکە نەماننناسی بەڵام لە بۆسەدا بووین زوتر لێی بپرسین کێیەو چییە ئەوەی لە زیندان بوو تامەزرۆی پرسیار بوو هەر رووداوێك یەکسەر بە هەڵوەدا بووین بۆ وەڵام، ئەمیش چاوەڕێی وەڵامو پرسیار بووین، لە پاش چەند ساتێك چاوی کرایەوە دیار بوو زۆریان لێدابوو، پرسیم بۆ گیراوی وتی لەسەر پاسۆك منیش بە خۆشییەوە وتم ئێمە ش .پاسۆکین ، هەم خۆش بوو هەم ناخۆش بوو، لەوەوپێش نەمناسی پرسیاری ناویم کرد وتی ناوم عومەر ( RBG)ییە، لە راستیدا ئەم بەرپرسی شانە بوو، هەموویان گیرابوون، هەتا کاك عومەر خێزانەکەیشیان گرتبوو، ناوی (ئەمیرە) خان بوو، لە راستیدا کاك عومەرو خێزانەکەی یەك لە یەك قارەمانترو ئازاتر بوون ئەو دیمەنانەی کە باس لە ئەشکەنجەدان دەکرێ بۆیان بەکار هێنرا بەڵام رژێم سوودمەند نەبوو، هەمیشە جێگەی شانازی بوون کە باسمان دەکرد وەك هێمایەك بۆ خۆڕاگریی و دانبەخۆداگرتن.. بۆ دەروونی ئێمەش خۆش بوو، ورە بەخش بوون، نموونەی هەڵوێستو خۆڕاگریی زیندان بوون، پێش کاك عومەر هەندێك برادەری مەجید بەگی گیرابوون بە رەحمەت بێت ئاواتی مەنیج بە هەمان شێوە لە ژێر ئەشکەنجەداندا دەرنەچوو شەهید بوو، هەروەها شەهید ئیبراهیمیش لەسەر ئامۆژگاریکردن هاوڕێکانی لەژێر ئەشکەنجەداندا شەهیدیان کرد، بە راستی ناوە ناوە یەکێکیان لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوشت بۆ ئەوەی تۆقاندنو ترس زیاتر باڵ بەسەر زیندانەکەدا بکێشێت هەتا دانپیانان بۆ ئەوان ئاسانتر بە دەستەوە بێت، یان شوانە کوڕێکی جوانی منداڵکار بوو لەگەڵ مامیدا لە رێکخستنەکانی کۆمەڵە کاریاندەکرد، بە شتەکانەوە گیرابوون هەردووکیا..ن زۆر هاوڕێیەتیمان خۆش بوو

چەند جار هەوڵم دا بە شێوەیەك كە ئەو شتانە نەهی لێبكات یاخود كەمی بكاتەوە، بەڵام ئەو بەسەزمانە توانای ئەو هەموو لێدانەی نەبوو دەیووت ئێستا شتەكانم بە دەست نەگیرایە قەینا بەڵام تا بتوانم باسی كەس ناكەم, ئەوە بوو مامی بەرگەی نەدركاندنی نهێنی.گرت, بەڵام مەخابن ئەمیش لە ئەشكەنجەداندا شەهید بوو، شوانەش بە رەحمەت بێت لە سێدارەدرا، زۆر لەو رووداوانە ونبوون من ئەوەی ئاگام لێبوو بەس ئەوەندە باسیدەكەم، ئەم كارەساتانە پێویستە كۆبكرێنەوەو لە شوێنێك یان مۆزەخانەیەك بپارێزرێن، بۆ ئەوەی وننەبن, هەرچی گەنجی چوارباخە گیرابوو چونكە لە (تەواری)یەكەوە نزیك بوو لە بەردەستا بوو، یەكەم جار لە چەند كەسێكەوە دانپیانانەكە سەریهەڵدا دوایی تەشەنەیكرد، كەسی وا هەبوو هەشتای دابوو بە گرت یان كەسی لێبوو شەست كەسێكی بەگرتدابوو, ئەوەی كە وتم یەك مرۆڤ بە یەك جگەرە زۆربەی كەسەكان ئەو دەیدا بەگرت دەیگووت "خۆم بە لێدان نادەم یەك زللەم لێبدرێ هەموو سلێمانی دێنم"، بەڵام بە زۆری لە دوای گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ك)و (میری) لە ساڵی 1983 بۆ 1984 خۆپیشاندانی جەماوەر پەرەیسەندو لەو كاتەدا گەنجان بە زۆری هەوڵیاندەدا بچنە ناو ریزەكانی شۆڕشەوە, خەڵك زیاتر خۆپیشاندانی مەبەست بوو, لەبەرئەوەی تۆزێ ئازادییان دابوو بە جەماوەر, بەڵام رژێم بە كامێرای ڤیدیۆ وێنەیان.دەگرت.. لە رێگەی كەسە باوەڕپێكراوەكانی خۆیەوە خەڵكی دەستنیشانكردو دوای گرتنی هەشبوو هەر هیچ نەبوو بەڵام لەبەر وشەی پێشمەرگە یان رێكخراو (تەنزیم) لەناو هاورێكانیدا دوو قسەی بە رژێم وتبێ بە هەل قۆزراوەتەوەو دەستگیر كراوە، رژێم بەس خراپەكاری دەویست, نەك راستی هەر لە سەرەتاوە رژێم هەوڵی زۆریدا بۆ تۆقاندن گەنجەكان لە رێی ئەشكەنجەدانەوەو خەڵكی خراپ بۆ خۆی دروستبكات، دروستیشیكردبوو، هەر جارە بیانویستایە دەیانبرد بۆ راوە كورد.. گوزەرانی ئەو ساتو كاتەی نەهامەتی مرۆڤی بێتاوان كە بە بێئاگایی لە هەنگاوەكانت بەرەو كوێو چۆن دەڕۆیت بەس لە ماڵ دەهاتیتە دەرەوە خاوەنی هیچی خۆت نەبوویت هەتا بڕیاری چوونە هیچ شوێنێك نەتدەتوانی بە ئازادی بڵێی دەڕۆم بۆ فلان شوێن چونكە هەر كاتێك بیانویستایە لەپڕ دەیانگرتیت دیار نەدەمای چوون بە دەستی خۆت بوو، هاتنەوە بە دەستی خۆت نەبوو، لەو ساتە وەختانەدا رژێم,و پەیڕەوەكەی ئەگەر مەبەستیان باش بوایە لەگەڵ كورد كوێرانە یان شەلم كوێرم ناپارێزم یان لە دژی میللەت بەرجەستە نە دەكرد، هەر لە كاتی لێكۆڵینەوەدا زۆر لەو كەسانەی كە بە خۆڕایی گیرابوون بێئاگابوون لە كاروباری رامیاریی، لەبەرئەوە توانای قسەیان نەبوو, چونكە هیچ نازانن هیچیان پێ نییە تا لەوێوە باس لە بیروباوەڕەكەیان بكەن یاخود راستەوخۆ هاوبەشی شۆڕش نەبوون, بەڵكو.بە زۆر دەیانكردن بە رێكخستن, دەیانووت ئەگەر لێیدەن خۆی شتێك دەڵێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم بەگرتی دەدا.نەی دە زانیلە كام رێك خراوە, لە ترسی گیانی خۆی دەیووت لێیدەن خۆی شتێك دەرئەچێت. ئەویش لە بێ خەبەران كەشكەك سلاوات، بێگومان بێئاگایە لەوەی لەسەری گیراوە بەڵام چار نەبوو دەكەوتە درۆكردن بۆ خۆی لەپڕدا بیست چالاكی پێشمەرگەیان بەسەردا ساغدەكردەوە، لەژێر ئەشكەنجەدا جۆرەها شتیان بۆ دروست دەكرد وایانلێ دەكرد.. كە بە خۆی نە زانیێ قوڕیكردووە بە سەری خۆ یی دا.، خۆی لە راستیدا ئێمە هەموو بێتاوان بووین، ئێمە شۆڕش گێڕ بووین, كردبوومان بەرەنگاری بەعسییەكان بووینەوە، ئەم جۆرە كەسانە زۆر بێئاگا بوون كەسانێكی كاسب بوون زۆر بێوەی بوون بەڵام لەپڕیشدا لە سێدارە دەدران لای رژێم ئەگەر رێكخراو بیت یان نەبیت گرنگی نەبوو گرنگ كەسێك كەمتر، بۆ ئەوەی كاری تۆقاندن زیاترو بەربلاوتر دەستپێبكا هەتا لای شیعەكانی جنوبیش لەمە خراپتری دەكرد.. راستە بەعس پەیڕەوی هەندێك یاسای خۆی دەكرد، نووسینو خوێندن رێگەی دابوو هەرچەندە لەلایەن دراوسێكانی تری كوردەوە ئەم جۆرە یاسایە پەیڕەو نەكراوە قەدەغەیان كردبوو ئێمە ئازاد بووین لە خوێندنو خوێندنگە، بەڵام مافی ژیانمان نەبوو.. شێوەی خوێندنەكە.بە زۆری واژۆیان پێ دەكرد بۆ بەعس، دەبێ واژۆت بكردایە ئەگینا رێ پێنەدەدرایت بۆ پلە بەرزەكان، ئەوەی واژۆی دەكرد لە هەموو شتێكدا كارئاسانیان بۆ ئەكرد خوێندنەكەی باش دەبڕی ئەوەی نەیدەكرد لە ئەنجام كۆڵیان پێدەداو وازی لە خوێندن دەهێنا زۆر كەس كە دەمایەوە لە خوێندن لەوانەیە پلەو پایەكەی بەدڵی خۆی نەبووبێ بەڵام باشتر بوو لە واژۆكردن لەو سەردەمەدا سەردەمی هەڵوێستو بەرەنگاریكردن بوو، واژۆیەك هیچی تێنەدەچوو پاشەڕۆژی كەسێك بە درێژی ساڵو رۆژو كات لە هەولو تێكۆشاندا بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجی

دواڕۆژی، کابرا لەبەر هەڵوێستی کوردانەی وازی لەو هەموو ماندووبوونە دەهێنا بە ناچاری بەدڵی شکاوەوە، زۆر کەسیش ئەو واژۆیەیان کردو پلەکانیان بڕی لە ئەنجامدا بوون بە ئاگرو چوونەوە بە قوڕگی ڕژێمدا، مرۆڤ هەمیشە ناخی تەواوە، تۆ لە ناخەوە چیت مەبەستە ئەوە گرنگە سەرزارەکی هەرچییەك ڕوودەدات کاریگەری بۆ دەوروبەر جیاوازترە.. خەڵکی کورد ئەگەر وەك ئەندامێك بەشدار نەبووبێت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییماندا ئەوە لە دڵەوە شۆڕش و پێشمەرگایەتی هەر خۆش ویستووە، ئەگەر بە هەموو تواناتەوە هاوکاریی ڕژێمت بکردایە هێشتا جێی گومانی بوویت و سڵی لێدەکردیتەوەو دەیزانی کورد کاتییە, لەپڕدا وەك دوپشك لێیهەڵدەگەڕێتەوەو چزەی لێهەڵدەستێنێ. ئێمەی کورد بوونی خۆمان لە داوا ڕەواکەمانەوە دەسەلماند، هەڵبە تە ئەو جۆرە داخوازیانە قەدەغە بوو بۆمان کە ئێمە هیچ پشت و پەنایەکی دەرەکیمان نەبوو جگە لە هەندێك پیاوچاك نەبێت ئەوانیش توانای هیچیان نەبوو بۆمان بکەن، هەروەك سەرکردەی بەڕێز (عەقید موعەمەر قەزافی) لە ساڵی هەشتاکاندا چۆتەوە بە گژ عەرەبدا لەسەر کورد, هەندێك لە ڕۆشنبیران و شاعیرانی عەرەب بە ڕێزە وە باسیاندەکەم باسیان لە خواست و ویستی نەتەوەکەمان کردووە، ئەگینا هیچ پشت و پەنای گەلەکەمان نەبوون, تا هاوکاری نەتەوەییانەمان بکات، لە ڕێگەی دەنگەوە باس لە گرفتی نەتەوەکەمان بکات، ڕاستە ڕژێم و دارودەستەکەی لە ترسی بزوتنەوەکەمان هەموو شتێکی دەکرد. پەیڕەوی سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەییمان بوو, کوشتن و ئەشکەنجەدانیان بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانی تاوانی ئێمەش کوردبوونمان بوو، ئێمە بێ ئاڵا بووین نیشتمانێکی گەورەمان هەبوو خاوەنی یەك بست نەبووین هەر کاتێ بیویستایە. بۆ هەر شوێنێك بچێ بە تۆپ و تەیارەوە هێرشی بۆ دەکردو دەیدا بەسەر ناوچەکەداو کاولیدەکرد، وامان لێهاتبوو خۆمان بە میوان دەزانی، هەر کاتێك بیانویستایە بێشك مافی نیشتەجێبوون بە دەستمان نەبوو، ئەوان ڕازی بوونایە لەسەر مافی نیشتەجێبوونت، بەڵام نە ویژدان نە ئاکار نە ڕەوشت هیچیان نەبوو؟ هەمیشە کورد قوربانی دەستی دڕندەو خوێنمژەکان بووە.

کەچی هێشتا ئێمە تاوانبار بووین جگە لە لێدان و کوشتن کێشانەوەی ماڵ و سامانی کەسوکاری زیندانییەکان بەشێوەی.بەرتیل بە بیانووی دیدەنیکردن بۆ ساتێك یاخود بەڵێنی درۆینە کە هەوڵدەدەن بۆ بەربوونیان دراوێکی زۆریان دەماشییەوە لە کەسوکاری زیندانییەکەوە وەریان دەگرت بە بیانووی (واسیتە)کردن لەو ساتانەدا ئەوەی کوڕی زیندانی بوو بێگومان سرەوتی نەبوو زۆر باش دەیزانی چارەنووسی ڕۆڵەکەی نادیارە، بۆیە هەموو سەروەت و سامانی دادەنا و دوایی تەرمەکەی وەردەگرتەوە، دوو جار ماڵکاول و سەرگەردان دەکران دەستیان دەنایە بیناقاقای خێزانەکەی و بە دەستی بەتاڵ هەڵ.دەستایە سەرپێ، ئەمە دیاردەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە دامودەزگا سیخوڕییەکانی بەعس ئەنجامیان داوە. لە بەرچاوی جەماوەری ئەو سەردەمە ڕوون و ئاشکرایە بۆیە لە کاتی ئەشکەنجەدان چەند جارێك لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە دەکرا، گوایە دادوەری لێکۆڵینەوە هەیەو دەتوانیت بەرگری لە خۆت بکەیت بەڵام باوەڕ بکەن دادوەر خەریك بوو داری بۆ هەڵدەگرتین چونکە هیچ ماوەی بەرگری نەبوو نەمانتوانی بەرگری لە خۆمان بکەین ئیتر نازانم دادوەر یا لە ترسا بوو یان پیاوی خۆیان بوو زۆر بە زەقی دەیزانی کە ئەو شتانە درۆیە ڕاست نییە کەچی دەینووسی، لە بەرچاوی خۆی سزا دەدراین هەموو جەستەمان شوێنی سوتاوی و کێبڵ بوو دەستەکانمان ئاسایی نەبوو بەهۆی کەلەپچەوە, کەچی گفتوگۆی لێوەردەگرتین کە خۆمیان برد بۆ لای دادوەری لێکۆڵینەوە ڕاست وتم قوربان ڕاست نییە ئەو شتانە هەر لە هەمان کات دا. بردمیانەوە بۆ ئەشکەنجەدان بەڵام زۆر بە پەلەتر بوو لە جاری پێشوو دەترسام دیمەنە ناخۆشەکان ببینمەوە بۆیە لەوێدا بە ماوەی یەك کاتژمێر. بڵێم ڕاستە. ئەو شتانەم کردووە، بەڵام زۆر یان کێشا بە سەرمدا وام لێهاتبوو ئەگەر چاوم نەبەستایە. خەوم لێنەدەکەوت تا ساڵی 2000یش هەروا بووم دوایی وردە وردە خۆم ڕاهێنا .. لە پاش ئەو کات ژمێرە دیسان چوومەوە بۆ لای هەمان دادوەرو وتم قوربان تەواوە هەموویم کردووە.. باشە ئەگەر باوەڕیان بە دادوەر نەبوو بۆ هێنایان تا لێکۆڵنەوەمان لەگەڵ بکات. پێش کاتژمێرێك لەوەوپێش هەر من بووم وتم ڕاست نییەو ئێستاش هەر من دەڵێم ڕاستە هەموو شتێکم کردووە. دادوەر خۆی باشی دەزانی. هێنانی دادوەری لێکۆڵینەوە بۆ

(تەواری)یەکە, فرِوفێڵ بوو لە خۆیان چونکە ئێمە هەر چییەکیان لیِّ بکردینایە دەنگ‌و رەنگمان نەبوو.. ئەوان هەموو شتێکیان دەکرد لەدژی‌کورد. دادوەر گوێی لێدەگرتین بەس بە قسەی نەدەکردین, بە بێ ئەفسەرەکانی لێکۆڵینەوە نەیدەتوانی گفتوگۆمان لەگەڵدابکات. راستیەکە ئەوەبوو خۆشیان باشیان دەزانی ئەوەی کە گیرابوو زۆر لەوانە. پەیوەندی بە هیچەوە نەبوو ئەوان بە زۆر کرابوون بە.(تنظيم)لە راستیدا ئێمەش تاوان مان نەبوو داوایی مافی خۆمان دەکرد. بەڵام رژێم پەیرِەوی قاتوقرِی بۆ کورد جێبەجیّ.دەکرد. لەلای رژێم هەموو کورد تاوانباربوو. مافی ژیانمان لیّ قەدەغەبوو. هەروەك لە رابووردوودا بینیمان هەر لە شۆرِشەکانی زووەوە ئەوەی لە مێژوو باسکراوە هەر لە شۆرِشی شێخ سەعیدو شێخ مەحمودو قازی محمدو مستەفا بارزانی هەر لەو سەردەمەوە بگرە لە پێش شۆرِشی شێخ سەعیدیشەوە. ئەو ئەشکەنجەدان‌و سەرکوتکردنە هەر هەبووە. بە هەمیشەیی لە کوشتن‌و برِینی کوردو بزوتنەوەکەیدا بوون درێغی یان نەکردووە. بە رایی من دوژمن هەر دوژمنە. داگیرکەر هەر داگیرکەرە هەر کامیان روویانکردوەتە ئەم وڵاتە. لە بەرچاوی کاڵی کورد نەبووە, بە خۆشەویستی نەهاتووە. هەر یەکەو بە مەبەستی خۆیان هاتوون ئەویش بۆ تێرکردنی خۆیان بووە لە سامانی وڵاتەکەمان. ئەوەی کە کردویانە بە خەڵکی ئەم وڵاتە. هۆلاکۆش هەر ئەوەندەی بە میللەتانی تر کرد. کەچی بە درِندەترین مرۆڤ مەزەندەدەکرێت یان هیتلەر بە هەمان شێوە.. بەڵام ئەو خوێن.مژییەی بەعس ئەگەر لە پێش ئەمانەدا بهاتایە دەمانووت هۆلاکۆو هیتلەر خوێندکاری ئەون, بەڵام لە راستیدا ئەم وانەی لەوان وەرگرت. هەندێك جار. شاگرد لە وەستا زیرەك تر دەبێت. بێگومان ئەمیش وەك ئەمەکێك بۆ هیتلەرو هۆلاکۆ پەیرِەوی ئیشەکانی ئەوان دەکات.. وا دەزانێت تاسەر بۆی دەچێتە سەر, بۆیە هیچ کاتێك ئەمانە دۆست‌و هاوکاری ئێمە نین ئەگەر لەسەر مافی خۆمان بەرپەرچمان دابێتنەوە، هەڵبەتە بەرەو رووی مەرگ دەرِۆشتین، بە ناپەسەندترین شێوە خەڵکی شۆرِشگێرِی کوردیان شەهید کردووە، ئەوەی لایان مەبەست بووە بردنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان بووە، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئازادی‌و چەوساندنەوەی مافی نەتەوەییمان بۆ ئەوەی لەبەر دژواری بارودۆخی ئەوان نەمانپەرژێت ئاشکرای دزی‌و راوورِووتی ئەوان بکەین، هەر هەوڵی

خۆئازادکردنمان داوە، لە پێناویدا خۆمان بەخت کردووە خوێنمان رشتووە ئێمە کۆڵنەدەر بووین چۆکمان بە کوشتن‌و برِین دانەداوە، هەمیشە بەرەنگاری رەفتاری دوژمنکارانەیان بووینەتەوە، چەندین جار لە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجمان بووین‌و دوژمنەکانمان بۆ لەباربردنی بارودۆخەکەی ئێمە یەکیانگرتووە، هەرچەندە قەت رێك نەبوون‌و نین، بەڵام بۆ دوژمنایەتی کورد یەکدەگرن، ئەی بۆ ئێمە تا زۆرداری پەکی نەخستووین بۆ ئازادی یەکنەگرین تا دڵی دوژمنانی پیّ بتەقێنین، وە یان لە کاتی شکست. یاندا چۆکدادەدەن‌و هانا بۆ کورد دێنن، کە کەو تنەوە سەر خۆیان لەقەیەك لە کورد دەدەن‌و دیسان بەرەو ئاقارێکی تری دەبەن، بۆیە داگیرکەر هەر دوژمنە هیچ کاتێك نابنە دۆست‌و برای کورد!! بۆیە هەمیشە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا باس لە بوونی رەگەزنامە دەکرا، وەیان ئایینت چییە.. ئینجا بیرو باوەرِت چییە، ئێمەی زیندانیان لەو بارودۆخە ناهەموارەدا هەر توانیمان لە هەڵوێست‌و گرفتاردا بیسەلمێنین ئەگەر چەند دیل‌و دەستبەسراوبین چەند کۆت‌و کەلەپچەمان بکەنە دەست گەر پەتمان بکەنە گەردن هەر سوورین لەسەر کوردبوون، لە کۆتایی لێکۆڵینەوە بانگیان نەدەکردین ئیتر تەواو.. لە هەمووی ئازارتر ئەشکەنجەی هەر زیندانییەکی تازە دەدرا بێگومان بە درێژایی کات گوێمان لە هاوارو ناڵەی ئەشکەنجەدراوەکە دەبوو، ئەمە ئازارێکی دەروونی گەورە بوو بۆ ئێمە جگە لە کاری هەمیشەییان بە سەرە مەقەستەکانیان بێزاریان دەکردین‌و پشوویان لێبرِیبووین، پێمان خۆش بوو بمرین نەك لە چاوەرِێی چارەنووسێکی نادیاردا کە هەموو ساتێکمان مردنێك بوو، هەموو رۆژێك جارێك ئەگەر بەلاماندا برِۆشتنایە کارەباکەیان بە دەستەوە بوو، تۆزیّ جزەیان لێدەداین، دەرِۆشتن ئێمە بەستراوەی ناو هۆڵەکە بووین هێشتا نەکرابووینە ژوورەکان لە بەردەستیان بووین، من‌و هەندێکمان ماوەی چەند هەفتەیەكماینەوە لەوێدا هەر بەردەوام زیندانی تازەیان دەگرت تا دەهات زیندانیان پرِ دەکرد لە خەڵی بێتاوان، جێگە کەم بوو. لەپاش (50) شەو بوو زیندانیە کۆنەکانیان کۆ کردینەوەو ژوورێکیان بۆ چاك کردین لە تەنیش هۆڵەکەوە کە ئێمە کراینە ژوورەکە تۆزیّ ئاهمان بۆ هات خۆ هیچ نەبێت لێدانە جەستەییەکەمان کەمتر دەبێت لێرە بە دواوە ئەشکەنجە گۆرِا، بەڵام زیندانیش جیّ نەما.. بۆ پێلێنان سەگیان بەکار دەهێنا بۆ زیندانییەکان وە یان

www.pertwk.com

ڕۆنیان دەقرچان دەیانکردە کەوچك بە قرچاوی‌و دەیانچزاند بە پشتدا، خۆ ئەگەر لەو زیندانییانە.. یەکێکی ترت. بناسیایەو چۆنی‌و باشییەکی بکردایە ئەوە بێگومان بەزمێکی تریان دروست دەکرد بۆت. دەستیان دەکرد بە لێکۆڵینەوە هەرچەندە ئێمە خەڵکی ئەم شارە بووین هەڵبەتە یەکتر دەناسین، بەڵام کارێکی وایانکردبوو کە کەس لە بەرچاوی ئەمان چۆنی‌و باشی نەکات.. وە یان هەندێك منداڵیان هێنابوو، ئەوانە هێشتا هی خوێندنگەی سەرەتایی بوون نەك ئەو زیندانە، داوای دایکیان دەکرد بۆ نان دەگریان.. ئەی ئەمە تاوانێکی گەورەی دژ بە منداڵان نییە، هەم ئازاری دەروونی بوو بۆ زیندانییە خاوەن هەست‌و سۆزەکان، ئەوە دڕندەیی بەعس بوو، چۆن بێچووە چۆلەکە لە دایکەکەی دادەبڕرێت، ئەمیش بە هەمان شێوە نەیئەزانی چی بکات، هەر هاواری دایك‌و برسێتی بوو، وە یان پیاوی بە تەمەنیان گرتبوو لە ڕێی ئەوەدا نەمابوون کە توانای چوار هەنگاوی ڕۆشتنیان نەبوو.. ئەمە کوڕی پێشمەرگەیە. یان کەسوکاری شۆڕشگێڕە، بە ڕاستی ئەو پیرەمێردانە لە ریزی هیچدا نەمابوون، خۆیان پێ بەخێونەدەکرا.. ئەی بەدڕەوشتی‌و بێئاکاری بەعسییەکان لە چیدا دەردەکەوێت، کەی‌و چۆن باوك لە جێی کوڕ گیراوە، وە یان کەسێك لە جیاتی کەسێك وەیان لەسەر چۆنی‌و چاکی لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆکەدا (منع التجول) زۆر کەسیان گرتبوو گرفتەکانیان بەس ناوەکانیان نزیك بووە لەو پسوڵەی ناوانەی کە بە دەستیانەوە بووە بەس.! یەکەم ناوی یان دووەم ناو ئیتر یەکسەر هانیبوویان، هەر بە زۆر وتوویانە تۆ ئەوی بابە ئەو نیم، نا ئەو نییە ناوەکانتان لە یەك دەچێت، چەندە بە واتای لەبەر ناوەکەی قوڕیان کرد بەسەری سەدان هاووڵاتی بێئاگا لە خەبات‌و شۆڕش، بەس لە ڕاستیدا کورد ئەگەر پەیوەست نەبووبێت بە شۆڕشەوە ئەوە لە دڵەوە هەست‌و سۆزی بۆی هەبوو ئەوانیش ڕەچاوی ئەوەیان دەکرد بۆیە وایان بە جەماوەری کوردستان دەکرد، هەوڵیان داوە بۆ پچڕاندنی شیرازەی کۆمەڵایەتیمان ئەو لێدانە ئەگەر بۆ هەرشتێك بەکار بهێنیت بەرگە ناگرێت نەك مرۆڤ لە گۆشت‌و ئێسقان پێك هاتووە، بە زۆری ئەشکەنجە فیلیان دەکرد بە کونی دەرزیدا، ئەوەی دەیانویست بە ئەشکەنجەدان، دەیان سەپان، بە سەرماندا. خۆ ئەگەر تاقەتیان هەبوایە خۆیان بۆیان دەنووسیت‌و ئاگاداریان .دەکردیت ئەوەت کردووە یاخود ڕەفتاری ڕژێم لەگەڵ شیوعی‌و شیعەدا جیاواز بوو هەمیشە ئەم دوو لایەنە لە ناو کرۆکی ڕژێمدا بوون هەڵیاندەکۆڵی شیعەکان لە هاوزمانی خۆیان بوون و شوعیەکانیش لە خوارووداد پەرەیان سەندبوو. بەرەنگاری دوژمنیان دەکرد، هەر بۆیە لە کاتی ئەشکەنجەداندا جیاوازییەك هەبوو بۆیە سامانی عەلی مارف بە ڕەحمەت بێت کە گرتیان ئێمە ئاگامان لێبوو کە چییان لێکرد جارێ بێ لێپرسینەوە تا توانییان لێدان‌و ئەشکەنجە هەتا بوتڵ..!! دوایی ئینجا کەوتنە لێکۆڵنەوەی من بەس بۆ ئەو هاوڕێ شیوعییە ئاگادار بووم، کە ئەشکەنجەیان دا، هەرچەندە ناتوانم, نازانم چۆن باسی ئەشکەنجەکان وەك خۆی‌و ئازاری ناخی خۆی بڵێمەوە.

دەهاتن بە بێئاگایی خۆت لە زمانی کەسێکی ترەوە دان پیا نانەکەیان پڕ دەکردەوە بۆت زۆر هاوڕێ‌و برادەری خۆشەویستی لێبوو کە هەموو لە یەك ریزدا بەسترابووینەوە، خۆشەویستی‌و هاوڕێیەتی نێو زیندان زۆر جیاوازە لە, ناخ‌و هەست‌و سۆزەوەیە ئەو خۆشەویستییە لە ئەشکەنجەدانەوە دروست دەبێت، بۆیە هەرگیز هاوڕێیانی زیندانم لە یادناچێت. ئازایەتی‌و خۆڕاگری لەباسکردن نایەت،ئە وئێوا رە یە ئا سۆی قومری کوژرا.! وتیان با بچین بۆ فاتیحا خوێندن، بەڵام کە گەڕانەوە ئێمەیان میرازکرد.. ئێ خۆ تاوانی ئێمەی تیا نەبوو، بەڵام بە ئێمە دەیانڕشت، کورد دەڵێ "کەر لە کوێ کەوتووەو کونە لە کوێ دڕاوە"، ئەوانیش لە شوێنێکی ترەوە لێیان قەوما بوو بە ئێمە دەیانڕشت، وردە وردە دنیا شەوان سارد بوو بوو.. جلمان لەبەردا نەمابوو ڕاخەر نەبوو. لەسەر کاشییەکە بە کەلەپچەکراوی دەخەوتین ئەو ماوەیەمان زۆر بە ناخۆشی بردە سەر، شەوێکیان لەسەر بۆرییەکان بووین پێشمەرگە هاتە سەریان، زۆر لامان خۆش بوو، بەڵام دەش .ترساین, پێمانخۆش بوو تەوارییەکە بگرن‌و بەرەڵا بین دەترساین لێیان بکوژن‌و دوایی وەکو ئاسۆ چۆن بەربوونە ئێمە، ئەمیان خراپتر بوو چونکە هاوزمانی خۆیان بوو، دەیانکوشتین لە جیاتی کوژراوەکەی خۆیان تا لە تەوارییەکە نەبووم نەمزانی ئەوەی کە کوردەو پەیوەندی دەکات بە بەعسەوە چەن دە.. بە سوکی سەیری دەکرێت. چۆن بژاردەی بۆ دەکەن. باش بوو ئەو شەوە هیچ ڕووینەدا. دوای چەند ڕۆژێك ئەو ژوورەی هۆڵەکەیان بۆ چاك کردبووین سێ چوار شەوێك کردینیانە ئەو ژوورەوە دەستیان بەستین سێ سێ بە یەکەوە, کەلەپچەیان

کردبووین، یەکەم جار یادیان بەخێر لەگەڵ شەهید کارزانو شەهید زانا پێکەوە، کەلەپچە کرا بووین. ئەو ژوورە نزیکەی چل کەسیان تێکردبوو دوایی زۆری لە تەمەندا منداڵ بوون دوان سیانێکمان تۆزێ گەورەتر بووین.. وەکو ئاشنا بوون بە یەکتری تۆزێ نامۆبووین بەڵام ئەو خۆشەیستیەی لە نێوانماندا هەبوو کوردایەتیو خۆشەویستی نیشتمانەکەمان بوو. زیاتر تێکەڵ .نەبووین لە گفتوگۆ بۆیە مەودای یەکتر ناسینمان نەبوو. لە 1985/9/16.. چەند کەسێکمان لێ برا بۆ (ئەمن)ی سەرەوە، بەڵام بەو گوزەرانەی کە چووین لە ناو ئەو ئوتومبیلە پەستێنراوانەدا چووین. بە ئاستەم ئۆکسجین خۆی دەکرد بە ژووردا, ناو ئوتومبیلەکە پێکهاتبوو لە چەند ژوورێکی بچوك دوو مرۆڤ بە ئاستەم جێیان دەبۆوە، هەردوو کەسمان بە پاڵ فڕێدراینە ناو ژوورێکی ئەو ئوتومبیلانە.. بە لەقە جێمان بۆوە.. بەس خەریك بوو بخنکێم هاتووچۆی ئۆکسجین زۆر کەم بوو ژوورەکانی تەسك بوو ئەوەی لەگەڵمدا بوو پێکەوە بەستبوویانین بە کەلەپچە. ئیتر زۆر ڕۆیشتنو نەگەیشتین. ئەو ئوتومبیلانە بە تایبەتی لە کارگەوە وا دروست کرابوو. کە. بۆ زیندان بێت. جۆرێکی زۆر جیاوازو. دەگمەن بوون.. جۆری ئوتومبیلەکە مارسیدسی ئەڵمانی بوون. بردنمان بۆ ماوەیەك. لە ڕۆشتن دڵمان کرمێ بوو لەوەی کە نایزانین بۆ کوێیەو پێدەچێ بۆ مەبەستی خراپ بێت. هەرچەندە ناوەوەی لە ناو قەبر دەچوو. بۆنی خوێنی لێدەهات ئەو دیاردانەی کە دەهاتە پێش چاو هەر دیمەنەو ڕەنگو بۆنو سروشتێکی تایبەتی لە ناو هەناوو ژێری ئێمەدا دروستکرد, هەر شێوازێك لەو پاسە مارسیدسە دەبینم دیمەنەکەی لە پێش چاومە. وەیان بۆنی زۆر ناخۆش هەیە لای من یادی کارەسات و ڕووداوەکانە.

لە بەردەوامی ڕۆیشتن. زۆر ڕۆیشتین ئوتومبیلەکە لەسەرخۆ بۆوەوە و پێچێکی درێژی کردەوە، هەستمان کرد خۆی کرد بە شوێنێکدا. ئێمە نەمانزانی. دایان بەزاندینو بە چاو بەستراویو کەلەپچەکراوی یەك یەك ریزیان کردین دەستمان خستە سەر شانی یەك وەك یاری شەمەنەفەرێنەی منداڵی بە ریز کردینیان بە ژووردا بەڵام بە لێدانەوە. یەکەم کەس یەکێ لە ئەمنەکان دەستیدەگرتو رایاندەکێشــــــــا. بــــــــەرەو کــــــــونی ژوورەوە.

لە گۆڕەپانێکدا. رایان وەستاندین زۆر بووین دیارە هەریەك ئوتومبیل نەبووین.



یەك یەك ناویان دەخوێندینەوەو دەیان کردین بە ژووردا. ژوورێکی 4 × 5 بوو، دەرگاکەی لە ناوەڕاستدا بەشی سەرەوەی دەرگایەکی بچوکی



ئە مە شێوە ی دە ر گا ی (زیندانە)

تێدابوو لەوێوە زۆرجار گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردین، هەر ژوورەی نزیکەی 60 شەست کەسێکیان تێکردبوو. زۆرمان بە قنچکەوە دادەنیشتین شوێنمان زۆر ناخۆش بوو ئیتر ئەوانیش. خۆ نەبێ لە مرۆڤ دۆست و خۆشەویستیان بۆ ئێمە هە بێ. بەزەییان پیاماندا بێتەوە. هەروەك سەگ چۆن دانەجیڕە لە پشیلە دەکات ئەوانیش دانەجیڕەیان بوو لە ئێمە. خوا خوایی شتێکیان بوو. دیارە بۆ ئازاری دەروونی ئێمە. ژوورەکە هیچی تیا نەبوو بێگومان. پەتۆشی لێ نەبوو هەموو بێ جلوبەرگ بووین دنیا تا دەهات بەرەو ساردبوون دەڕۆشت. ئێمە بە جلوبەرگی هاوینەوە گیرابووین، تا دەهات سەرما زۆری بۆ دەهانینو گوزەرانمان بەرەو خراپتر دەچوو. برسێتیو ئازاری دەروونی لەولاوە بوەستێت. بە هەر سێ ژەمی نان خواردن سێ بێچووە سەموونو دوو کەوچکی چێشتخواردن برنج. تۆزێ ماست. لەگەڵ ئێوارە شلەی باینجان بە بێ ناوك بەس ئاوەکەی بوو تاڵ بوو وەمان زانی باینجانە. هەندێك جار بۆ ئازاردانی ئێمە, پاسەوانەکانن وەك کاری هەمیشەییان جگەرەیان دەکێشاو دووکەڵەکەیان دەکردە ژوورەوە، هەرچەندە زۆرمان جگەرەمان

www.pertwk.com

دەکێشا. زۆر جگەرەمان حەز لێ بوو بۆ ڕەوینەوەی ئازارەکان ئەوەندەی ئازاری جگەرەمان دەچێشت، هی نان خواردن وانەبوو، ئێمە هەمیشە برسی بووین دیدەنی کردنمان قەدەغە بوو، ئەوەی لە جگەرەوە چێژمان لێدەبینی، مژێك بوو هەڵمان دەمژی دوکەڵەکەمان لە ناو سکمان دەهێشتەوە تا گێژ دەبووین چەند جارێك بە پارە چایان بۆ هێنایین تلْپەی چاکە کردمان بە جگەرەو کێشامان، ئەویش چێژی خۆی هەبوو، هەرچەندە گرفتێکی تریان چاك دەکرد، شتێکی تریان بۆ ئالۆزکردنی ژیان دروست دەکرد، ئەو ژوورە 25 کەسی زیاتری لێبوو، سەر ئاوی نەبوو بەیانی نیوەڕۆ ئێوارە. یەك یەك لە بەردەرگاکەوە نزیکەی 50 مەترێك بە سۆندە راویان دەنایین بۆ سەر ئاو, نابێت لە یەك خولەك زیاترت پێ بچێ، ئێمە خواردنەکەمان هیچ نەبوو بە سۆندە راویان دەنایین تا سەرئاو، یەك خولەك مانەوەمان دەبووە هۆی ئەشکەنجەدان، جا وتەیەك هەیە دەڵێت "ئازاری دڕکێك بۆنی هەزار گوڵ لە یادی مرۆڤ دەباتەوە"، ئێمەش لە ئازاری ئەو دڕکە هەموو شتێکی بیربردبووینەوە.. شەوانە سەتڵی ماستێکیان دادەنا بۆ ئەوە هەر کەس ئیشی سەرئاوی هەبێت بیکاتە ئەو سەتڵەوە، بە تەواوی ئازاری دەروونی سەریهەڵداو ئەشکەنجەی جەستەیی کەم بووەوە، ئینجا خراپی باری دەروونیو دیمەنی ئەو ژوورەی کە تیایدا بووین هەموومان بێ هیواماینەوە کارەساتەکانی گرتنو ئەشکەنجە لەسەر کورد هەر بەردەوام, بوون, تا دەهات زیندان دەپەستێنران، پڕیان دەکرد لە مرۆڤی بێتاوان ئێوارەیەکیان یەك یەك بانگیان کردین پەنجە مۆریان پێکردین، کامێرای ڤیدیۆو فۆتۆغرافییان هانی لەسەر بابەتی دانپیانانەکە وێنەیان گرتین بە گفتوگۆوە کەچی کراوەو چی روویداوە.. لەوەوپێش هەمووی بە کامێرا وێنەیان گرت، ئیتر لە 1985/9/22 (100) کەسەکەیان لێبردین بە ڕەحمەت بن شەهید کارزانو شەهید زاناو کاوەو نەورۆزو فریادیان برد.. منو ڕێبوار ماینەوە ئەوان لەگەڵ ئەو 100 کەسەدا بردیانن، ئێمە لە ژوورەکەدا ماینەوە (18) کەس بووین، دوای ئەوان ژووری تازەیان دروست کردبوو بەرامبەر ژوورەکەی ئێمە، لەسەر بەرزایی سەکۆکە بوو ئیتر گواستیانینەوە بۆ ئەو ژوورە، منو وەستا جەلالو نیروانی ئەژی گۆرانو سەردار تۆفیقو نەجمەدینو کاروانو عەبدوڵڵای حاجی عەلیو یاسین سەعیدو ڕێبوار بوو رزگاری



پۆلۆنی بوو ڕێبوار قەرە بوو جەلالی حەمەی حمە جان بوو، شێرزاد، سیروان مارف بوو هیوا عەلی هێرش مستەفا بوو بەختیار بوو، سامان عەلی مارف ئەم ژوورانەی تازە دروستیانکردبوو خۆشتربوو بۆ ئێمە لەو ڕاوڕاوێنی سۆندەیە رزگارمان بوو ئاوی خواردنەوەو هەموو شتێك لە ناو خۆیدا بوو سەرئاو.. دەرگایان بە یەکجاری داخست، ئێمەش هەموو داخ لەدڵ بووین گرفتەکانمان لە دڵماندا کۆدەبۆوە ئازاریدەداین بێ هیوا بووین ئەوەی تۆزێ تروسکایی هەبوو کە خەمەکەی دەڕەواندینەوە گریان بوو دەمانتوانی گریان لە جیاتی ئازار شکاندن لەجیاتی پاککردنەوەی هەستمان,! لە گرفتەکانمان باشترین چارەسەر بوو، باشترین ڕێ بوو، ئەم ڕێگەیە زۆر پێی ئاشنا نەبووین یەکێك لە برادەرەکانمان دۆزییەوە خۆشترین ڕێ بوو.. ئێمە لە بێ ورەیی وەیان لە ترسدا نەدەگریان بەڵکو گریانەکە وەك حەبێکی ڤالیۆم وابوو لە دواییدا بیروهۆشمان دەکردەوە، هەر بمانویستایە بگرین لە هاوڕێکەمان مۆڵەتمان وەردەگرت تاکو لە ڕێی ئەسرینی چاوەکانمانەوە، لە ڕێی جۆگەلەی فرمێسکی چاوە دیلەکانمانەوە خەمو پەژارەو مەینەتییەکانمان هەڵبڕێژین، بەلام هەر زوو زوو گرفتو بیرکردنەوە سەرو دڵی دەگرتین ئاواتە خوازبووین بە جریوەی ئەو باڵدارەی لە گوێ سەبانەکانەوە گۆرانی خۆشەویستیی. دەچڕی ئێمە دڵمان پێی. خۆش بوو ئەوەی تروسکایی بێت لە جیهانی دەرەوەی زیندان نەبوو بەس ئەو باڵندانە دڵخۆشکەر بوون، ئازاد بوون.. شەوان لەبەر ساردییو سەرما خەونەبوو، ساردبوو هیچمان پێوە نەبوو، ئەسپێ سەری هە ڵدابوو. هی چڵكو پیسی جەستەمان ئەسپێی دروستکردبوو، لە تاو سەرما. نەدەخەوتین لەگەڵ هاوڕێکانماندا پشتمان دەنا بە پشتی یەکەوە، کەسانێکمان تاك بوون خەویان لێنەدەکەوت لەتاو سەرما.. بە راستی هەمووی کارەساتبوو هەمووی چەوساندنەوەی مرۆڤایەتیپێشێل کردنی ما فە ڕەواکەمان بوو، هەتا خەوەکانی کە دەمانبینی بە مردنەوە بوو، ترسناکی خەوبینینەکان ناخۆشیکردبوو هەموو شەوێك یەکی خەوێك مان دەبینی، کاك جەلال یادی بەخێر لە ئێمە گەورەتر بوو شارەزاتریش بوو، هەر خەومان دەبینی راماندەکرد بۆ لای ئەو بۆی خەو پەرژین دەکردین، وە یان خەمۆکی دایدەگرتین بە رابووردوماندا دەچووینەوە، بیرمان هەستمان هەمووی لای تاوانباربوونمان بۆ هێنایینیان ئەبێ

www.pertwk.com

چاوەڕێی مەرگی خۆمان بین هەرچەندە بێ تاوانم تاوانم هەر ئەوەیە کوردم، داوای مافی نەتەوەییم داوای ئازادیو سەربەستیم کردووە، ئەوەی باس لە ئازادی بکات دەبێت زیندانو ئەشکەنجەو چەوساندنەوە وەیان تەفروتونامانکەن ناسنامەی نەتەوەییو نیشتمانپەروەریمان بسڕنەوە.. بیرو هەستی لاوانمان لە دۆزەخەکاندا ژەنگاویکەن، هۆی بونمان لە زیندان دەست بەسەرداگرتنمان بوو بۆ ئەوەی باسی ئازادی بەرپەرچدانەوەمان لە رووی داگیرکەرو جەردەکاندا بوەستێنین، وەیان بە هیچ شێوەیەك دیدەنی کردنمان نەبوو، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئازارێکی زۆر بوو چەوساندنەوەی ماڵو خێزانو کەسوکارمان بوو، ئەوانەمان زۆرمان منداڵ بووین، لە ئاینە پیرۆزەکاندا لە کتێبە ئاسمانییەکاندا منداڵ فریشتەیە، ئەی تاوانی دابڕانی ئەو فریشتانە چییە لە کەسوکاریان وەیان لە ئارەزووی بەسەربردنی کاتە منداڵییەکانیان لە کۆڵانو لە ناو هەواڵەکانیان ,؟ لە راستیدا ئەوانە نەك فریشتەیان. زیندانی کرد. بەڵکو ئەگەر دە ستیان هەبووایە، دروستکەری فریشتەو زەویو ئاسمانیان زیندانی دەکرد، ئەو ژوورە تازانە جۆر تایبەتییەکی خۆی هەبوو دەمانتوانی لەگەڵ ژوورەکەی تەنیشتمان گفتوگۆ بکەین بە ئاسانی، لاتان سەیر نەبێت هیچ ئامێرێکی پەیوەندیمان لا نەبوو ،ئەویش بەهۆی ئاودەستەکانەوە لەسەر یەك بوو بۆرییەکان لەوێوە گفتوگۆمان هەبوو، هەواڵی یەکترمان دەپرسیو ئەو ژوورەی تەنیشتمان عەبوی منیاو سەرکارێزییەکانی تیابوو،... هەواڵ وا چووبوو بۆ دەرەوە بۆ کە س وکارمان. ئەوەی کە لە زینداندایە دەستو قاچیان بڕیون ئیتر کەسوکاری زیندانیان هاواریان لێهەستا بوو، یەکی دیدەنییەکی یەك خولەکییان بۆ کردین هەر بینین و گەڕانەوە بە خێرایی ئیتر باش بوو جگەرەمان بۆ هات خواردنی باش ئەو رۆژە کە دوا نیوەڕۆ بوو زۆر ساتێکی خۆش بوو زۆر پێمانخۆش بوو بەلاّم ناخۆشیش بوو، برینمان کولایەوە ئەشکەنجەی بینینەکە ماوەی گفتوگۆمان نەبوو دوایی هەستمان بە ئازارەکەی کرد.. هەرچەندە زۆرمان خواردنمان بۆ نەهاتبوو بەلاّم برادەرەکانی تر ئەوەندەیان بۆ هاتبوو زۆری زیاد بوو، بوژاینەوە ئەو رۆژەو رۆژی داوایی برسی نەبووین بە تێری خەوتین، هەر دڵمان بێزار بوایە جگەرەیەکمان دادەگیرساند، ئەمە باشتر بوو خەمرەوێنی دەکردین، ئەویش دوو رۆژ درێژەی کێشا دوایی ژوور.ژوور گەڕان

چی جگەرەمان پێ بوو بە تالاّن بردیان, لەوێشدا رووتیان کردینەوە، نەیانهێشت بە دڵمانەوە بنوسێ، هەمووی بە خۆڕایی برا دوایی پارەشیان لێسەن دین، کە جگەرەمان بۆ بکڕن ئەویشیان خوارد کەوتینە سەر ساجی عەلی، لە راستیدا ئەو دیدەنییە تۆزی دڵ خۆشکەرەتربوو، وامانزانی دڵیان نەرمبووەو واز لە تاوانکاری دێنن بەلاّم ئەمانە ئاگری بن کان، واز لە هەموو شتێك دێنن بەلاّم زۆرداریو تاوان قەت وازی لێناهێنن، بۆیە ئەمە دوا بینینەوە بوو کە دیمان، ئەمە دوا ساتی ماڵئاوایی بوو لە شارەکەمان هەر لە دوای ئەمەوە، بە نیازی دوورخستنەوە مان لە وڵاتو خاكو ئاوی خۆمان ، ونمان دەکەن بۆ ئەوەی لە هەموو شتێکی ئەم شارە بێ بەرییمان بکەن، نائومێد بین لە بیستنی دەنگی چۆلەکە پاساری بێ بەش بوونمان لە کزەی سەرمای بەیانیان کە هەموو لەسەر زەوییەکە لوو دەبووین.و لەتاو سەرما بە ئاگا دەهاتینەوە،وە یان گزنگی خۆری جوانی کوردستان, کونە تاریکەکانی دۆزەخی بۆ رووناك دە کردینە وەو بۆنو بەرامەی هەناسەی شارمان لە ڕوناکی خۆرە وە. وەردەگرت، چونکە هەناسەی شار هەناسەی ئازادیو هەڵوێستو جوامێری پێدەبەخشین، بانگی ئازادیو مژدەی دواڕۆژێکی پرشنگداری پێدەداین، لەگەڵ ئاوابوونی خۆری خەونەکانمان بەرەو وێرانەو نامۆیی رێڕەویان پێبەستین لەگەڵ گزنگی سەرلەبەیانی 1985/10/10، هەر وەك سروشتی بەدڕەوشتی خۆیان چواردەوری دیوارەکەیان تەنی. بە هێزی تایبەتو خوێنمژە چەشەبوەکانی لاوانی وڵاتەکەمان, دەستیان کرد بە خوێندنەوەی ناو لەگەڵ ئامادەبوونی خاوەنی ناوەکەدا کەلەپچە دەکرا. دەستێکی دەبەسترا بە هاوڕێکە یەوە. چاویان دەبەستەوە بە ریز تا. بەشی ئوتومبیلێك یان تەوا دە کرد، بۆ ناو ئوتومبیلە کە رێ یان پێ دەگرتین بە شەقو لێدانو جگەرە چزاندن بە سەروگوێلاكو دەستدا، ئیتر تەواو زانیمان هیوابڕاو بووین، بە ئومێدی جارێکی تری بینینی دیمەنی شارە جوانەکەمان دوا ماڵئاوایی لە ناخی دڵو بە فرمێسکی چاو ، قوڵپەی گریان دڵی بە کوڵمان بۆ کۆتایی بینینی شارەکەمان دەکولاّو بێ کەسو بێ هیوا بووین لە ژیان, ناو ئەو ئوتومبیلە لە ئەو روبارە بەخوڕە دەچوو کە هیچ بەرگەی ناگرێو لوشیدەدا بەرەو شوێنێکی نادیار کە دەمانبەن بۆی ئێمە تازە هەستو سۆزو خۆشەویستیمان ونکرا (نەفی) لەگەڵ دەرچوونماندا ئەویش

چووه کەلی ئاوابوون و خۆی بە خاك سپارد، ئێمەش بەرەو ڕێی هاتونەهات، زۆر لامان خۆش بوو لێرەدا بمانکوژن بەڵام دوورمان نەخەنەوە لە سازگاری شەماڵی فێنکی ئێوارانی سلێمانی، نەك بمانبەن بەرەو وێرانەی بێگانەو سوکایەتیمان پێبکەن ئێمە شۆڕشگێڕ بووین ئازادیخواز بووین. لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادی بۆ نەتەوەکەمان وەك مرۆڤ سەیریان نەدەکردین، پێیان دەوتین (موخەریب) واتای تێکدەر وەیان بەکرێگیراوی بێگانەیان پێدەوتین لە راستیدا ئەوان بەکرێگیراوی دەستی زۆردار بوون ئەوان تێکدەری شیرازەی وڵات و شارو دێهاتی کوردستان بوون، هەر ئەوان بوون کوردستانیان سووتاند تێکیانداو کردیانە وێرانە لە ماوەیەکی کەمدا لەجیاتی کوندەپەپوو خۆیان دەیانخوێن و بوونە بایەقوشی دێهاتەکانی کوردستان، چۆڵکردنی زیندانی سلێمانی لەو لاوانەی کە بردینیان بریتی بوو لە ونکردن و بێ سەروشوێنکردنی لاوان، لە چاڵنانی هەزاران هیواو ئاوات، کاولکردنی سەدان و هەزاران ماڵ بە ونکردنی کوڕەکانیان، زۆر لەو ماڵانە دوو کوڕو سێ کوڕو باوکیان زیندانی بوون کەی ئەوە رەوایە ئەوە چی ویژدانێکی دڕندانەیە، خێزانێك بە جارێ لە کونجەکانی زیندان بئاخنرێ، خۆ ئەوە شتێك نییە کە نادیار بێت، دیارە پێویستە رژێمەکە بە خۆیدا بچێتەوە بەڵام بە کێ دەڵێیت، ئەوان بە گرتن وازیان نەدەهێنا جاری وا هەبوو هەموویان گوللەباران دەکردن، کەسێك نەبوو بڵێ بۆ. تاوانی میللەت چییە وا دەستیان نابووە بیناقاقامان دەنگمان نەدەڕۆشت چەند هاوارمان کرد چەندە تێکۆشاین کەس نەبوو خەمی ئێمە بخوات، تاوانباربووین چونکە کوردین، ئەوەی لەو زیندانەدا بوو هەموو یەك ڕێڕەومان هەبوو بەڵام باوەڕی رامیاریمان جیاواز بوو، هەرچییەك بووین, ئەوان وەك کوردێك، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردین، ئەگەر شتێك بە دڵیان نەبووایە، یەکسەر دەیانووت راستە کوردی (صودك کوردی)، مەبەستیان ئێمە میللەتێکی خراپ بین و چووبینە سەر ورگی ئەوان تاڵانیان بکەین ئەگینا تاوانی ئێمە ئەوە بوو بەرگریمان لە خۆمان و نیشتمانەکەمان کرد، ئەوان وازیان لە هەڵوێستی داگیرکەری و شۆڤێنیستی خۆیان نەدەهێنا تا دەهات خراپتر دەبوون، ئیشیان ئەوەبوو ئەو بەشەی لێکۆڵینەوەی تەواو دە بوو. بەشێکی تر، تا کۆیان. دەکردینەوە، زۆریان دەکردین و بەرەو چارەنوسی، ونکردن و نادیارو راپێچیان

دەکردین، لە راستیدا سەرسام بووین نەمانزانی بۆ!! بەڕێ کراین زۆر رۆشتین هەستمان کرد لە شار دەرچووین چەند ئوتومبیلێکی گواستنەوەی زیندانی و چەند ئوتومبیلێکی پاسەوانەکان بوون، لە رووناکی پەنجەرەی ئوتومبیلەکەوە دەمانبینی زۆر بە نهێنی پاسەوانەکان زۆر چاودێرییان دەکردین، چونکە هەر ئوتومیلەی 20 بۆ 35 کەسیان تێکردبوو بە کەلەپچەکراوی، بێ هیوا بووین لە هەموو شتێك ئەو تروسکاییەی لە شارەکەی خۆماندا دڵخۆشی کردبووین ئەویش بە تەواوی بڕا، ئەویش سڕرایەوە لە ناو ناخ و دڵ و هەستماندا، ئیتر چۆن رەق و قین لە دڵ و دەرونماندا کڵپە نەسەنێت. کە لە هەموو شتێك بووین خۆی لە راستیدا لە سەرەتاوە تاوانمان بەرامبەر کرا کە گیراین، ئێستاش خۆشی دڵمان بە زیندانی شارەکە، هۆی هەست و سۆزی نەتەوەییمان بوو ئەگینا زیندان هەر زیندانە ماڵ بێت یان قوتابخانە..! هەرچەندە بیانوتایە لە تاسلۆجە بتانکوژین یان دوور بخرێینەوە زۆرمان مردنەکەمان هەڵدەبژارد.. لە راستیدا کە لەدایك بووین بە دەست خۆمان نەبوو، کەوابێ مافی ژیان و خۆشی و چارەنووسیشمان هەر بە دەست خۆمان نییە کەوابێ ئەیاندەینە دەست پەروەردگار خۆی دادگاییان بکات لە تۆڵەی ئەو زۆردارییەی کە دژی کورد کردیان کەوابێ . بێتاوانین لە ئاستی ژیان.. ئێمەش دەمانەوێت وەك مرۆڤ بژین، بەڵام رق و قینی دزو جەردەو داگیرکەری ئەم وڵاتە پێیان گوناح بوو کورد بژی بۆیە لە هیچ کات و ساتێکدا درێغییان نەکردووە لە کوشتن و ئەشکەنجەدان، ئەوانە تاوانبارن، کە لە ناو نیشتمان ە کەی خۆمان رامان دەگوازن و دورمان دەخەنەوە دەمان بەن بەرەو دوا کوشتارگەی خۆیان بەرەو کاولەی بێ گوڵ بەرەو شاری بێ بەهار بەرەو مەنجەلیقی خۆرئاوا، ئێمە لە کوردستان رۆیشتین زۆر فێنك بوو، جیهانی شارەکەمان خۆش بوو، لە کۆتایی پاییزدا بوو، بە تەواوی سارد بوو، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەو ساردی و فێنکییەمان لێبوو بە گڕە مەنجەلیق لەناو گڕوتینی خۆرئاوادا خۆمان بینییەوە لە رۆشتنی ماوەیەکی درێژدا هەستمان کرد چووینە ناو شارۆچکەیەك لە رووناکییەکەوە (نیروان) سەیری کرد وتی چەمچەماڵە لە پەنجەرەکەوە کەلەپچەکەی پیشانی خەڵك دا، پێیان زانین ئە منە.کان دەستیان کرد بە جنێودان، ئەو رۆژە هەتاوێکی خۆش بوو، لەوێ تێپەڕین تۆزێ پەڕۆی چاومان بەرز کردەوە

تۆزێ باشتر بوو دەمانبینی جارجارە قسەی خۆشیشمان دەکرد، بەڵام شەش هێلیکۆپتەر پاسەوانی دەکردین، لە پەنجەرەکەوە بینیمان زۆر رۆشتین گەیشتین بە کەرکوك لەوێوە کە دەرچووین هەستمان کرد ئوتومبیل لەگەڵماندا نەما زیندانییەکانی تر لە دواوە هەریەکە بەلایەکدا رۆشتن ئێمە لە رێگەی دوزخورماتووەوە رۆشتین، دابەشیان کردین بەسەر زیندانی شارەکانی تردا، بە درێژی رۆژگار بە رێکەوتین زۆر رۆشتین و درەنگمان پێچوو، ماوەیەکی زۆر بە کەلەپچەکراوی رۆشتین نیروان وتی کەرکوکە، نیروان شارەزاتر بوو من پێشتر چەمچەماڵم نەدیبوو ئەوانی تریش زۆریان وابوون هەروەها عارەبییەکەشی باش بوو گیانمان بە نیروان بوو، دیارە لە درێژەی گەشتەکەماندا بە دەست خۆمان نەبوو لە خۆشیدانەبوو، بەڵکو بە زۆری لێدانو

ئەشکەنجە ئەو گەشتەیان رێکخستبوو، ئەو بەیانییە کە بە زۆر کۆچیان پێکردین بێگومان نانیشیان پێنەدابین،

بە درێژی رۆژگاری زیندان هەر برسی بووین ئەو بەیانییەش فێڵیان لێکردین هیچیان نەدا پێمان کات گەیشتە نیوەرۆو ئێمە بێ هیچ شتێكماینەوە، بە برسێتی، بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە دوز پاسەوانەکانیان داناو هەندێکی تریان رۆشتن هەڕەشەیان لە ئێمە کرد.کە سەیری دەرەوە نەکەین، هەندێکیان پێچوو گەڕانەوە دیار بوو لە نان خواردن بوون، دەرگای دواوەیان کردەوە یەکی نانێکی تەنوریان دا پێمان زۆر بوو راست بوو تۆزێ لە ئازارەکانمان کەم کردەوە بەڵام تینوێتیو گەرما تۆزە تۆزە زۆری بۆ دەهێناین، ئێمە هیلاکی رێو برسێتی شلکوت ببووین لە برسان. ولە ناخۆشی ناو ئوتومبیلەکە گەرم بوو بۆنی گازی ئوتومبیلەکەو کەمی ئۆکسجین رەنگی هەموومان زەرد ببوو، خۆمان رەنگی مردوومان لێنیشتبوو بەڵام ئەو گەرماو ناخۆشییە زیاتری کردبوو، دەرگاو پەنجەرە بەستراو بوو، هەرچەندە لە برسان نانەکەمان خوارد بە وشکی بە بێ ئاو تینوێتی زۆری بۆ هێناین هەندێکمان خەریك بوو خۆیان پیس بکەن، لە دوز بەڕێ کەوتین بەو ناخۆشییە هەرچەندە وتەیەك هەیە دەڵێ (ژیان هەمیشە دڵخواز نییەو تەنها بە پشوو درێژی دەتوانرێ بەسەر ناهەمواریيەکاندا زاڵ بیت، ئێمەش چارمان بەس پشوو درێژی بوو ئەوە کارەساتێکەو رووی تێکردووین، دەبێ بجەنگێین لە دژی، خۆڕاگری

باشترین چارەسەرە، هەرچەندە تا ئەشکەنجە دەدراین زیاتر باری دەروونیمان خراپتر دەبوو، ئێمەش دان بە خۆداگرتن باشترین چارەسەرە، وتەیەك هەیە دەڵێ ئەوەی ئومێد لەدەست خۆی بدات زۆر شت لەدەست دەدا، ئێمەش بەرەو نائومێدی بوون لە ژیان دەڕۆشتین هەرچەندە زیاتر شکمان بۆ پلانێك دەچوو کە داڕێژرابێت بۆمان لە ناو ئوتومبیلەکەدا، هەموومان لەناوبەرن بیکەن بە رووداو، ئەوان لەوە نەدەترسان کە بمانکوژن بەڵام دارو دەستەکەش لەسەر راهاتنی خوێنمژین خۆیان شتی سەربەخۆشیان دەکرد، چونکە کوردو تاوانەکانی بەعس لێك دوور نەبووین ئاشنا بووین بە یەك، بۆیە چاوەڕێی شتی خراپترمان دەکرد ئەوان مەبەستیان بوو لە رێگەی ونبوونەوە (نەفی) تووشی ئەشکەنجەیەکی ترمان بکە، واشیان کرد، ویستیان حوکمی قەرەقوش بسەپێنن، کە ئێمە تاوانبارین، بەڵام تاوانی ئێمە بەرگری بوو لە وڵاتو مافی سەربەستی خۆمان، ناسنامەی نەتەوایەتی کورد وای لێکردین کە بەو شێوە رووبەڕووی ئەشکەنجەدان ببینەوە، پێیان وابوو ژیان بۆ ئێمە ستەمە، بە پێی یاسای ئەشکەنجەچییەکان دەبوو هەر زوو لە ناومان ببەن، ئێمەش بێگومانین بێ دەست وەستان دانانیشین لەسەر مافی خۆمان خوێنو سەرو ماڵمان دادەنێین، ئەگەر مرۆڤ مافی دەربڕینی رای خۆی نەبێت بوونەوەرێکی زیندوو نییە، ئێمەش لە روانگەی ئێشو ئازاری نەتەوەکەمانەوە هەوڵی هەڵقولاوی ناخی دڵمان لە بیرو باوەڕەکەمانەوە پەیڕەو دەکرد، دەمانویست رایی خۆمان دەربڕین بەرهەڵستی لە دژی داگیرکەرو خوێنمژان بکەین، وەڵامدانەوەی دوژمنانی کورد بەو شێوەیە بوو کە بینیمان، بە درێژی ئەو رۆژە هەر بەڕێوە بووین دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە ناوچەیەك پڕ لە دار خورما بوو، لە کونێکی بچووکەوە نیروان سەیری کرد,, وتی ئێرە (خالص)ە، لەوێ بۆ ماوەیەك رۆشتین ئوتومبیلەکە پێچی کردەوە، کردینیان بە ناوچەیەکدا وەك شارێك وابوو لە کونە بچوکەکەوە دیاربوو، لە راستیدا کەسمان نەمانزانی کوێیە، بە رای خۆمان. وتمان بەعقوبەیە هەرواش دەرچوو، وردە وردە دەچووین ناو جەرگەی شارەکەوە، بۆیە کەم جار ئاوا بەو گەرمایەو بە نامۆیی کەوتمە ئەو شوێنە، دیاربوو ناوچەکە دارستان بوو باخی زۆر بوو، گەرم بوو بۆنی ناوچەکە خۆش نەبوو. دیلی ئاوارەییو مردن بوونی خۆماندا دەبینییەوە،

www.pertwk.com

بردینیان بەرەو شوێنی مەبەستی خۆیان هەر نەمانزانی چیو بۆ وەیان چارەنووسمان بەرەو کوێ هەر لە بیرکردنەوەدا بووین، بە ئومێدی دوا سەرنج بووین، لەو گەشتە نامۆیە، بۆیە دەڵێن ئومێد لە ژیاندا بۆ مرۆڤ وەکو باڵ وایە بۆ باڵدار، ئێمەش هیچ هۆیەك نەبوو بۆ چارەنووسمان وەیان باوەڕمان بە بینینەوەی ئازادی تاکە ڕێگەمان ئومێدبوون بوو هەر بە ئومێدی هیواو ئاواتەکانمان بووین، کورد دەڵێ "ریش هات بە تووشەوە گوێزانی بۆ هەڵگرە" بە توانای خۆمانو ئیرادەی بیروباوەڕمان بەرەنگاری ڕووداوەکان دەبووینەوە، هەرچەندە تووشی ناڕەحەتی ژیان بووینەوە ئیتر دڵنیابووین لەوەی ونکردنمانە، تا ئارەزووی خۆیان دەشکێ، ئەویش خوا دەزانێ چارەنووسی ئەو کۆتاییە بەرەو کوێیە باوەڕو ورەمان نەك بە لێدانو کوشتن ئەوەی لە دەستیان هات کردیان نەیانتوانی خۆشەویستی خاكو نیشتمان بە زۆری داگیرکەرانەو دوژمنکارانە ئەو خۆشەویستییەمان لە دڵ دەربکەن، تا بێ لێپرسینەوەیان دەکردین زیاتر هەستو سۆزی خۆشەویستیمان پتەوتردەبوو لە یادمان دەرنەدەچوو هەمیشە باسکردنی وڵاتەکەمان لەسەر زارمان بوو، چەند دووربووین زیاتر ئاگری هەناومان کڵپەی دەسەند بۆ سەوزەگیاو دارو بەردی نیشتمانەکەمان، زیاتر بڵێسەی تووڕەیی دژی داگیرکەران بەرز دەبۆوە، ئەوان بێ ترسان لە ویژدانو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سەدانو هەزاران لاوی کوردیان بێ سەرو شوێن کرد، بۆیە بردینیان بەرەو فەرمانگەیەکی سەربازی، شوێنیان بۆ ئامادە کردبووین دایانبەزاندین، بە لێدانو ئەشکەنجەوە ، ریزیان کردین دەستمان خستە سەر شانی یەك بێگومان چاومان لە سلێمانییەوە بەسترابوو تۆڵەی کەلەپچەکەی چەمچەماڵیشیان لێکردینەوە کە پیشانی خەلك ماندا، ئێمە ئەو لێدانانە زۆر لامان ئاسایی ببووە چونکە ئازارو ئەشکەنجەی لەوە قورسترمان بینی بوو، بۆیە ئاوڕمان بۆ شەقو زللە نەدەدایەوە، ئەوانیش وەکو گورگی هار پێیان خۆش بوو هاوار بکەین، هەر بێدەنگ بووین، دەیانزانی وەك خۆیان ترسنۆکین بەلام زانیان کە زۆر لەو لێدانەی ئەوان گەورەترین، هەرچەندە ئێمە دەستبەسەر بووین بە زەلیلی ڕوومان کردە شارەکەیان بەلام دیارە ئەوە پەیڕەوی بەعسە.. قەدری میوان دیارە بەو ڕێیە بەڕێوە دەچێت، پێشوازی دەکرێت، بە لێدانەوە کردینیان بە هۆڵێکدا بردینیان لە قادرمەیەکەوە

سەریانخستین زۆر بەرز بوو، کە چووینە سەرەوە بە ریز کەلەپچە کرابووین چاومان بەسترا بوو، ئەوانیش پاسەوانەکان وەك مێش گیزەیان دەهات جارجارە شتێکیان پیا دەکێشاین، هەموو سەرکەوتین دوایی بردینیان دەرگای هۆڵێکی تریان کردەوە یەك یەك لەوێدا چاویان کردینەوە کردینیان بە ژوورێکی گەورە 4 بە 5 دەبوو، یەکەم جار ژمارەمان 37 کەس بوو جێگەکەمان بێگومان تەسك بوو لەسەر لا دەخەوتین، ڕاڕەوێکی بچوك هەبوو لە بەردەم ژوورەکاندا هەندێك عارەبی خۆفرۆشی لێبوو پیاوی خۆیان بوون هەموو بەعسی بوون، لە ڕوانگەی ڕەگەزایەتییەوە ئەوانیانکرد بە بەرپرسمان، کردیان بە چاودێر بە سەرمانەوە، بە گەیشتنمان بەو زیندانە تازەیە، ئەوانیش پێشوازییان بە جنێو لێکردین، دەستیان کرد بە نواندنی هەڵسوکەوتی ناشارستانیانەی خۆیان بە بێ ئەوەی بە ئاگابن لە گوزەرانو هۆی زیندانی بوونمان چییە، بێ ئەوەی بزانن تاوانبارین یان بێ تاوان، ڕایان وابوو کە ئێمە پیاوکوژین،لە ڕاستی دا تێکدەری دەستەڵاتەکەی ئەوانین، لە ڕاستیدا خۆیان لەسەر بناغەی کوشتن دروست ببوون.بۆ یە وەك خۆیان سەیریان دەکردین ئێمە پیاوکوژ نەبووین ئێمە لە ئێشو ئازاری وڵاتەکەمانەوە پارێزگاریمان کردووە لە نەتەوەکەمان، بەلام هیچ خۆشەویستییەك گەورەتر لە خۆشەویستی خاكو نیشتمانو وڵات نییە، تاوانمان چۆکدانەدانمان بوو دژی بەعسییەکان ئامادەش بووین کە هەمیشە لەسەر دەستدرێژی داگیرکەران بێدەنگ نەبین، هەرچی تاوانکاری خۆیانە دژی لاوانی وڵاتەکەمان بیکەن چۆك دانادەین، بەلام ئەوان لەبری سامانی وڵاتەکەمان ئەو دوژمنکارییەیان کردووە، هەرچەندە ئەوان ئازادی جەستەییو سامانی بوون، بەلام لە ژێریو ویژداندا ئێمە ئازاد بووین ئەوان لە ئێمە دیلتر بوون خۆیان هەستیان کەمتر پێدەکرد، لە ئێمە زەلیلتر بوون، بە چەقەنەیەك.. یەك کاتژمێر هەڵقونینەوەیان دەکرد بۆ سەدامو دارودەستەکەی، بە بێ ئەوەی کە خۆشیان بزانن خەریکی چینو چارەنووسی ئەو هەڵپەڕینە بە کام ئاقاریان دەبات، بەس هەڵقونینەوەیان لە پێناو بەدەستهێنانی بڕە پارەیەکدا بوو، باجی ئەو پارەیە دە قات بەسەریاندا شکایەوە، ئەوان ڕەچاوی ئەو هەموو گەنجەیان دەکرد کە گیراونو پیاوکوژن، ئەوان ئەیانبیست تێنەدەگەشتن، چاویشیان نەبوو، بیریان نەدەچوو بۆ ئەو هەموو گەنجەی کە گیرابوون پیاوکوژین

یان نا, ئەوەی نەك بە خوێنڕشتنو تاوانباری خۆیان بەڵکو بە سوپای دراوسێکانیشییەوە نەیدەتوانی ئەو هەموو خەڵکە بێ بەرگرییە دەستگیربکەن، هەندێك لەو زیندانیانە ئەگەر پەیوەست نەبووبێت بە لایەنێکی رامیارییەوە بێگومان هەرخۆشی ویستووە، مەگەر لەسەر ئەو خۆشەویستییە ئەو تالاوە بچێژن، ئەگینا کوێرانە ئێمە تاوانبار دەکراین، هیچ بەڵگەیەك بەدەستیانەوە نەبوو خۆ ئەگەر شتێکی بچوك لەسەرت ماڵ بوایە بێگومان لێکۆڵنەوەشت لەگەڵ بکرایەو نەکرایە لەسەر ئەو بەڵگەیە بە سزای دوژمنکارانەیان دەگەیان . زۆر کەس لەوانەی کە زیندانی بوون بەڵگەشیان پێنەگیرابوو هەر لە سێدارە دران، زیندانییە عەرەبەکان نەیاندەوێرا گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن، رایان وابوو پیاوخۆرین، دڕندەین هەموو جیهان دەزانێ کێ دڕندەیە، کێ خوێنمژە، ئەو بێڕەوشتانە زۆر بە کەم دە ڕوانین لێمان ، هەرچەندە خۆمان وەك بەرزی قەندیل پیشان دەدا، ورەی کوردانەی خۆمان پۆڵایین بوو، لە نێوان خۆماندا بێگومان ئاواتمان دەخواست بۆ ساتێك ئازادی تا تۆڵەی خۆمان بکەینەوە، هەمیشە باسمان لە بیروڕاو چۆنییەتی کاری رێکخستنمان دەکرد لە پێشوودا، بێ سڵکردنەوە، دوپاتیشمان دەکردەوە هەر سوور بووین لەسەر برەودان بە خەبات لە دوایی زین دان، ئەگەر ئازاد ببین,! لە گەیشتنمان بە ناو ژووری زیندانەکە یەکسەر دڵو دەروونمان بە تەواوی زیندان بوو، دیمەنی ژوورەکە تا بڵێی ناشیرینو پڕ لە ماتەم بوو، لەناو ژوورەکانی ئەوسەر هەندێك کوردی کەلارو کفری لێبوو پێش ئێمە زیندانیان کردبوون کە چووین لەوێ بوون، ئێمە کراینە ژوورەوە ئێوارە بوو بێگومان خۆراك بۆ ئێمە نەبوو، چونکە درەنگ چووین، بەڵام تۆزێ دڵیان نەرم بوو چوون لە بازاڕ جۆرە گۆشتێکی ناخۆش هەبوو سوور بوو بۆیان کردین بە کەبابو یەکی پارووییەکیان دا بە دەستمانەوە هەرچەندە زۆر لەوە زیاتر برسی بووین، بەڵام باشتر بوو سەرەڕای رێگەیەکی دووردرێژ، سێ ژەمیان بۆ کردین بە یەك، لە ئێوارەدا هەرچۆنێك بوو ئەو جێگایە بە بە بینینی شوێنەکە ئەشکەنجاوی بوو، سەرو دڵمان هی ئەو شەوە بە تەواوی گیرابوو، زۆر لە باری دەروونی ناهەمواریدا دەژیاین ئاواتەخواز بووین بە مردن نەك بە زیندوویی و ونکردن.. ئەو شوێنە قاتی سەرەوە بوو بەرەو زستان دەڕۆشت جلمان لەبەر نەبوو راخەریش نەبوو ئەو شەوە بێ

هیوایی باڵی کێشا بەسەر ژوورەکەماندا، بەو سەرمایەو بە بێ راخەر لێی خەوتین هەموو کفتو ماندوو بووین بەس یادی بەخێر نیروانی ئەژی گۆران نەبێت هەر خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵیاندا، تا وردە وردە رایهێنان، نیروان شوعی بوو تا بڵێی کوڕێکی ئازاو لێهاتوو بوو نەدەترسا بە ئارەزووی خۆی گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن بێ سڵەمینەوە، باسی کێشەی میللەتەکەمانی بۆ دەکردن، کە چووین بە چڵکنی و پیسو پۆخڵی شەرواڵو کراسێکم لەبەردا بوو رەق ببوو لە چڵکدا، شەرواڵەکە پڕ بوو بوو لە ئەسپێ، هەر دانەی بەقەدەر گایەك دەبوو،ئا شنابونی زیندانی لەگەڵ ئەسپێدا وەك ئاشنابوون بە خوێنمژانی بەعس، جیاوازییان نەبوو، ئەمیان بە شێوەی دڕندانە ئازارو ئەشکەنجە دەدات ئەویان بە نهێنی خوێنت دەمژێ زەردو لاوازت دەکات جگە لە گواستنەوەی نەخۆشیو خورووی لەش، ئەسپێش دەزگایەکی سەرکوتکەری بەعسی بوو تا لە سلێمانی بووین بێگومان ماوەی ئاو خواردنەوەمان کەم بوو نەك خۆ شتن، هۆی نەهێشتنی خۆشتن هۆیەك بوو بۆ دروستبوونی ئەسپێ، نەبوونی تایتو سابوون ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەسپێ بەکتریایە لە شوێنێك گەرمو پیسو چەوری لەش هەبێت ئەوە بێگومان ئەسپێ لەو شوێنەدا دروست دەبێت، وەیان بە درێژایی ئەو چەند مانگە نینۆکمان درێژ ببوو بە ددان دەمان قرتاند.. تا ئێستاش بەو یادەوە دەستم دەکەم بە دەمم دا.. لەبەر خورووی لەشمان نەخەوو نەخۆراکمان هەبوو، تووشی ئازارێکی جەستەیی تر بووین. بێگومان چوارچێوەی دیوارەکانی زیندانو رەنگو رووخساری بەعسییەکان بە تەواوی بێزا ری کردبووین، هەموو دڵ تەنگ بووین بەو دوورخستنەوەیە تاکە هیوامان بە ژیان ئیرادەی پۆڵایینی خۆمان بوو، بەس ئێمە دڵێکمان بە خۆمان خۆش بوو، کە لەسەر کێشەی میللەتێك زیندانی بووین، مافی خۆمان بوو، بۆیە تووشی ئەو رێیە بووین، گرنگ نەبوو دوژمن چی بکات وەیان نەیکات، ئێمە توانیمان وەك کوردێك بیسەلمێنین کە هەین، خەوی ئەو شەوەمان بە خەوبینینی ناخۆش بردەسەر هەتا خەوەکەش لەگەڵمان نەبوو ئەمەیە بەدبەختی کوردان، ئەمەیە نەهاتی، هەموو دڵتەنگی دووریی نیشتمانو کەسوکارمان بووین، هەرچەندە بیرمان لە سلێمانی دەکردەوە تۆزێ هیوای دیدەنی کردنمان هەبوو، بەڵام تازە شارابنەوە، ترسی ئەوەمان هەبوو هەناسەشمان لێبڕن هەرچەندە

پاڵەپەستۆی ژوورەکە هەمیشە تەنگە نەفەسی کردبووین بەو زستانە گەرم بوو، بۆ بەیانی هەروەکو سلێمانی ماستو بێچووە سەمونیان بۆ هانین، دوای نانخواردن هەندێ بەتانی کۆنیان هانی بە سێ کەس یەك بەتانی تۆزێ باش بوو، شەوانە ساردتر بوو ئەو رۆژە وردە وردە عەرەبە زیندانییە بەعسییەکان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵمان نیروان بە گفتوگۆ وایلێکردن جگەرەی لێسەندن چونکە خۆیان زیندانی بوون ئێستا هەستی زیندانی بوون دەزانن هەرچەندە ئەو دوو عەرەبەی لەوێ بوون تا رادەیەك نەرم بوون بەڵام کە تووڕە دەبوون بەعسییەتی خۆیان دەسەلماند، نیوەڕۆش هەمان خواردن برنجو شلەکە بە بێچووە سەمونەوە، ئەوە بە درێژایی ئەو ساتانەی لەوێ بووین بۆ یەکەم جار شلەی گێزەرم خوارد لەو زیندانەدا بوو، بۆ رۆژی دووەم کابرایەکی رەزا قورس ناشیرین کوڵەبنە لە گۆشەی لای ئاودەستەکە بەسترا بووەوە، ئەم کابرایە باخی هەبووە لە ناو باخەکەی ئەوەوە تەقەیان لە سەدام کردووە، دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسیش نەیان کردبووە نامەردی خاوەنی باخەکەیان گرتبوو کە ئەو ناشیرینە بوو، دارو دەستەی خۆشیان بوو، کەوتبووە قسە لەگەڵ نیروان وتبووی ئێوە هەموو تاوانبارن بە دەستم بێت بەنزین دەکەم بەسەرتانداو دەتان سوتێنم، ئەویش وتبووی ئەی تۆ لەسەر چی گیراوی وتبووی لە ناو باخەکەمەوە تەقەیان کردووە لە سەید رەئیس, راستەوخۆ ئەمیش پێیوتبوو ئەوە خۆت بووی کەوابێ تۆ لە ئێمە تاوانبارتری لەترسا دەمی ببووە تەڵەی تەقیو تا لەو زیندانەدا بووین ئاگام لێنەبوو قسە لەگەڵ کەسماندا بکات، ئەی مرۆڤدۆستان. ئەی هاونیشتمانانی کورد. خۆتان پاداشتی ئەم نیوە مرۆڤە بدەن، خۆی زیندان بوو. ئەشکەنجەیەکی زۆری خواردبوو. کەچی باسی لە تاوانی ئێمە دەکرد کە بە هیچ یاسایەك جگە لە هی بەعس ئێمە تاوانبار نەبووین ئێمەی زۆر لێکراوی دەستووتاند، وا رەزای خۆی قورسکرد بەو وەڕینە کە سەیرماندەکرد وەك گەماڵی پیر وابوو هەموو بە چاوێکی سوكو رسوا تێماندەڕوانی خۆی هەستیپێدەکرد، هۆڵەکە لە بەردەم ژوورەکاندا بوو عەرەبەکان لە هۆڵەکەدا بەسترابوونەوە منداڵی وردیشیان لەگەڵدا بوو ئێمە بەزەییمان پێیاندا دەهاتەوە، سێ ژوور کەیەکیان ژووری ئێمە بوو. لەسەر هۆڵەکە بوو. یەکەم ژوور هی ئێمە بوو لەم کەسانە پێکهاتبووین:-



1) کاروان رەئوف.
2) رێبوار محەمەد ئیبراهیم.
3) سەردار تۆفیق.
4) جەلال تۆفیق.
5) رزگار عەبدوڵلا.
6) جەلال حەمە حمە جان.
7) رێبوار عومەر (قەرە).
8) سەرکەوت کەریم بارام.
9) سامان عەلی مارف.
10) بەختیار محەمەد.
11) هێرش مستەفا (لە سێدارە درا).
12) رزگار مامۆستا شێرزاد.
13) کاروان عەبدوڵلا.
14) نەجمەدین بەهادین.
15) کاوە عەبدولرەحمان.
16) سەلام سەعید رەمەزان، حسك بوو لە سێدارەدرا.
17) یاسین سەعید (لە سێدارە درا).
18) نیروان ئەژی گۆران.
19) ئیسماعیل حەسەن شاکر.
20) جەلال محەمەد رەسول.
21) یاسین خەوتو (ناوی باوکیم نەدەزانی بەس هەمیشە دەخەوت).
22) سیروان مارف موراد.
23) هیوا عەلی.
24) سەروەر کانی ئاسکانی بوو گۆج ببوو لەژێر ئەشکەنجەداندا.
25) تاریق جەعفەر شوعی بوو.
26) تاهیر تۆزێ شێتۆکە بوو.
27) تەها ئیبراهیم حسین (لە سێدارە درا).

28) ئەحمەد رەئوف ئەحمەد. لە هونرە جوانەکان بوو.
29) بۆتان چوارباخی (لە سێدارە درا).
30) سامان سابیر.
31) شێرزاد مەجید (لە سێدارە درا).
32) عەبدوڵڵا عەلی شەریف (لە سێدارە درا).
33) جەمال حەمە بەگ.
34) سامان عەبدولکەریم.
35) ئەنوەر، برایەکی پاسۆك بوو لەگەڵ رزگاری مامۆستا شێرزاد گیرابوو.
36) خەلیفە بەرزان.
37) رزگار شێخ عەلی.
38) شیروان عوسمان.
39) عەتا محەمەد غفور.
40) بەکر رەشید.
41) رزگار نوری.
42) سۆران حەسەن موسا.
43) قاسم ناوێکی لێبوو وابزانم خەڵکی دەوری قەڵادزێ بوو.
44) کەمال ئەحمەد عەلی.

ئێمە لە پێشدا کەمتر بووین چووین بۆ دیالە بەڵام لە پاش ماوەیەك بەشێکی ترمان بۆ هات زۆر بووین لە ژوورەکاندا ماوەیەکی کەم پێکەوە بووین داوای لێبوردن دەکەم ئەوەندەم زانیاری هەبوو بە پرسیاریشەوە ئەگەر یەکێکمان لەبیر چووبێت، بەو دوو بەشە نزیکەی 150 کەسێك دەبووین لەناو ئەو سێ ژوورەدا ژوورەکەی تر ئەوەی تەنیشتمان برادەرانی سەرکارێزی لێبوو عەبوی میناو زۆر لە برادەرانی تر. دوا ژووریش زیندانییەکانی کفریو کەلاری تیابوو، هەر سێ ژوورەکە پڕ بوو لە کورد ئەو کۆمەڵەی عەبوی مینا لە دانپیانانەکەیدا وایان باسکردبوو بۆ هەموویان بە بەرد ئوتومبیلێکی نەژدەیە یان, شکاندبوو دوایی سوتاندوویانە.. تێکەڵی یەکیان نەدەکردین هەر کۆمەڵەو بە جیا لە ژوورەکانی خۆمان بووین قەدەغەش بوو ئەگەر قسەیان لەگەڵ بکەین خۆیان تووڕە دەکرد

زیندانییە بەعسییەکان، لە سەرەتاوە بۆ نانخواردن دەرگایان لێدەکردینەوە، بۆ سەرئاویش لەهەر سێ ژەمەکاندا دەرگایان دەکردەوە پێکەوە یەك یەك دەیانبردینو زوو دەیانگەڕاندینەوە، ناو ژوورەکە گەرمییەکی زۆری تیابوو یەك باڕاکێشەری تیابوو لە بەرزییەکەوە دانرابوو, ئەوەندەی بنی کتریەك دەبوو. بای ئاڵوگۆڕ پێدەکرد بەس کەم بوو هەر تەنگە نەفەس بووین تەواو لاواز ببووین جارجار لە باڕاکێشەرەکەوە دەمانڕوانییە دەرەوە، باخمان دەبینی بەس دوور بوو، پردێکیش دیار بوو ئوتومبیل هاتوچۆی بەسەریا دەکرد، لەو زیندانەدا هەستمان دەکرد پێست هەڵدەدەین یەکی توێژاڵێکمان هەڵدا، ئیتر نازانم هی چڵكو پیسی بوو یان هەتاومان لە مێژ بوو نەدیبوو، بەس گیانمان بە نیروان بوو عەرەبی باش بوو لەسەرخۆی بە گفتوگۆ رازیکردن کە نەرمی بنوێنن ئێمەش مرۆڤین تاوانمان نییە، زۆر لێکراوین،بە بەرهەڵستکاری کردن، تێی گەیاندن، ئێمە پیاوخۆر نین، ئێمە بە زۆر تاوانبار کراوین، بێ تاوانین هەر وەك ئێوە بەرگری لە خۆمانو خاکمان دەکەین، هەر بەم زمانە پێی وتبوون ئێمە داگیرکراوین ئێمە زۆرمان لێکراوە هێشتا بە پیاوکوژ ناو زەندمان دەکەن، پێمان دەڵێن ئاژاوەچیو تێکدەر بە پێی گفتوگۆکان گۆڕانکاری دروست بوو پێش ئەم گفتوگۆیە دەرگایەك هەبوو لە ناوەڕاستی دەرگای ژوورەکەدا دادەخرا بەڵام کردیانەوە رۆژی 3 جگەرەیان دەدا پێمان بۆ هەموومان لە پاش ژەمەکان یەکی مژێك جگەرەمان هەڵدەمژیو دوکەڵەکەیمان قوت دەدا، گێژ دەبووین، هەرچەندە بێ هیواماینەوە بە درێژایی ئەو ماوەیە خۆمان بێ لێپرسینەوە بینییەوە گومانی ونکردنی هەتاهەتاییمان دەکرد کاتی خۆی باسی ( قالە تەگەران ی هاوڕێکانیمان بۆ کرابوو زۆرتر سڵمان لە شتێکی وا دەکردەوە ئەگەر کوشتن ببوایە خۆش بوو نەك فڕێدان بێ لێپرسینەوە, ئەسپێ خەریکبوو بمانخوات، دوایی باش بوو دەرمانمان بۆ هاتو بیجامەشیان دا پێمان، ئیتر نازانم کورد وتەنی "کەری کێ تۆپیبوو"، خێریان بۆ کردبوو، وتەیەك هەبوو نازانم خاوەنەکەی کێ بوو دەڵێ: "ئەوەی لە زیندان دەژی یان شێتە یان شاعیرە"، جا ئێمە هەردووکیان بووین زۆرجار لە بیرو هۆشدا وەك شێت بووین هەندێکجاریش گۆرانیو نوکتەو قسەی خۆشمان دەکرد، هەرچەندە بە هیوای دیاریکردنی پاشەڕۆژ بووین ئاواتەخوازی دیاریکردنی چارەنووسمان

www.pertwk.com

بووین نەك چاوەڕوانی، بەڵام ئێمە هیچمان لەدەست نەدەهات مەگەر هەر دان بە خۆدا گرتن نەبێت، ئارەزووی زێڕینیشمان نایە چاڵ چاوەڕێی پەتی سێدارە بووین بەس وەڵاممان بدەنەوە، هەرچەندە زۆر جار بیرکردنەوە, خەمۆکی وایلێکرد بووین ئەو کاتانە ژێری مان لە بەرەو تێکچوون لە مەترسیدا بوو, ئەوەندە هیلاکی دەروونی دەبووین، لەم کاتانەدا ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەمان بە گریان دەڕەواندەوە، گریان هۆکارێك بوو بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکان، گریان لە زۆر کاتدا ئازاییە، ئەوەی دەیتوانی بگری دەیتوانی ئازارەکانی لەگەڵ ئەسرینی چاوەکانی تێکەڵ بکاتو بیکاتە باوەشی زەوی، لای هەندێك گریان بە کەم توانایی وەیان بێ هێزی دادەنرێت، بەڵام گریانی ئێمە ڕق‌و قین‌و گڕو تین بوو بۆ داگیرکەرو دوژمنان لە ڕێگەی چاوەکانمانەوە دەمانتوانی دەری بڕین، ئازاری لێکدابڕانی کەس‌و هاوڕێ‌و دوور وڵاتو کارەساتەکان وای دەکرد کە غەمو پەژارە باڵ بەسەرماندا بکێشێت لەگەڵ گریانی هەر یەکێکدا لە ناخەوە هەموو دەگریاین هەموو هاوبەشی گریانەکە بووین، دوژمن لە دیدی خۆیانەوە سەیریان دەکردین لە ڕاستیدا ئێمە ئازادیخواز بووین ئەوان پیاوکوژ بوون ئەوان دزو جەردەو ڕفێنەری سەرو ماڵی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەبوون، ئێمە تاوانبار نەبووین ئێمە خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە بووین, هاتوونەتە سەر دڵمان دەستیان بەسەر ماڵ‌و خاك‌و سەرو سامانماندا گرتووە، هاتوون بۆ شێواندنی گوندو کانیاوو باخ‌و ڕەزی وڵاتەکەمان، دەیشێوێنن بەرگریبکەین لە ماف‌و سەربەستی ئێمە ڕۆڵەی ئەم خاك‌و وڵاتەین، بە درێژایی مێژوو داگیرکەران تاوان‌و تێکدانی وڵاتەکەمانیان پەیڕەو کردووە، درێغییان نەکردووە دەستیان نەپاراستووە، هەمیشە دانیشتوانی کوردستان بە دەست داگیرکەرانەوە لە دڵەڕاوکێدا بوون، هیچ کات لە بەرژەوەندی ئێمە نەهاتوونەتە وڵاتەکەمان هەر بۆیان کرابێ، دەستیان گەیشتبێ، بەر دەبوونە سەرو گوێلاکی هاووڵاتی کوردی، بێ بەرگری بە هەمان شێوە ونکردنیان ئەوە زیندانییەکانی نوگرە سەلمان‌و موسڵ‌و ئەبو غرێب‌و هەموو زیندانەکانی عێراق گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، زیندان خۆی ڕاستییە بۆ سەرکوتکردن خۆی ئەدوێ، بێزارە لە تاوانکردن دژ بە کورد لەسەر بناغەی قەدەغەبوونی سەربەستی دروستبووە, بۆیە هەر بۆ ئێمە ئاشناو دۆستە باشمان دەناسێ کامەران موکری بەڕەحمەت بێ هۆنراوەیەکی هەیە دەفەرموێ:

لە کۆتی پێ کەلەپچەی دەست بپرسن

من چیم‌و کێم ئەوان باشم دەناسن

دەتوانن لەوانە بپرسن کە کورد چی لێ بەسەر هاتووە ئەوان بۆ مێژوو دەدوێن ئەوان لە ڕاستی تاوان شارەزان، ئەوەتا بەعسییە دژە مرۆڤەکان هەزاران کوردیان بێ سەرو شوێن کرد، هەزاران گەنج‌و پیرو ژن‌و منداڵ، نەتەوەکەمان کە بەرەو شوێنی نادیار کەس نازانێ لە کوێن تا ئێستا منداڵ چاوەڕێی باوکە، دایك چاوەڕێی کچ‌و کوڕو منداڵەکانیەتی ئەمە ئاسایشی ڕژێمە ئاسایش ڕاستییەکەی هێمنی‌و ئاسوودەییە بۆ ژیان، بەڵام ئاسایشی بەعس واتای تێکدان، وێرانکردن دزین تاڵانی کوشتن ونکردنی مرۆڤ، دەستدرێژی کردنە سەر ژنان‌و کچان، کورد ناهەقی نییە وشەی (ئەمن) سڵ دەکاتەوە، ئەو ناوە زۆر قێزەونە لە مێژووی کوردستان‌و لە ناو مێشکی ئەوانەی بەعس دەناسن، وشەی ئەمن لای هەریەك لەئێمە کۆمەڵێك تاوان‌و زۆرداری دەخاتەوە بیرمان بە واتای تاوان‌و هەندێك چیرۆکی تاوان لە یادماندا، وشەی ئاسایش بۆ وڵات زۆر پیرۆزە، هەر گەلێك ئاسایشی نەبێت، دوورە لە شارستانی واتای کەس ناتوانێ بە ئارامی بژی، بەڵام باوەڕ کەن ئێمە خۆمان بە ئارامی دەژیاین ئەگەر ئەو ئاسایشەی بەعس نەبوایە، ئێمە لەگەڵ بەد ڕەوشتی دوژمنان. بەو شێوە گوزەرانمان هەردەم بە ئاواتەوە بووین بۆ گۆشەیەك کونی سوژنێك لە تروسکاییە بە خەویش ڕازی بووین جارێکی تر شارەکەمان گەڕەکەکەمان ببینینەوە، هەمیشە لە چاوەڕوانی دیدەنی کەسوکارماندا بووین, زۆریش لەو خۆشەویستانە کە لە سێدارە دران هەر چاوەڕێ بوون هەر بەو ئومێدەوە سەریان نایەوە, ئاواتەکەیان نایە چاڵ، بەڵام کەی‌و چۆن بە ئاواتەکەیان دەگەن، ئەبێ ئەوەی لە دڵیاندا بووبێت چی بوو؟ چۆن؟ بە چ هیوایەك سەریان نایەوە؟، بە ئومێدی دیدار، بەڵام ئەو ئومێدانە نرایە گۆڕەوە. چووە نێوچاوی داگیرکەرانەوە، منیش هەر ئومێدەوارم ئێستاش هەر لە یادمن، هەر باوەڕ ناکەم زۆر جار بە دەم خەوەوە لەگەڵیاندام ڕادەچڵەکم من ئاسوودەم بەڵام بیرو هۆشم ئاسوودە نییە هەر زیندانی لای ئەوانم هەر بە ئومێدی مانیانم،

دەبێ ئومێدی ئێمە بەو گورگە برسیانە چی بێت کە ڕێی هەناسەمان ببڕێ، دەست بخاتە بیناقاقای میللەتێك، نەهێڵێت باسی ئازادیو ناڕەزایی دژی زۆرداری دەرببڕین, لە زیندانەکەدا زۆر بێزار بووین لە بێزاریدا جگەرە خۆرەکان داوای جگەرەمان کرد بێگومان نەیاندا پێمان بڕیار درا نان نەخۆین جەلادەکان بەمەیان زانی هاتنە سەرمان بە سۆندەو کێبڵ کەوتنە لێدان ئێمە نەماندەویست بەو شێوەیە بێت ویستمان گفتوگۆمان لەگەڵ بکەن بەلام سۆندەو کێبڵ هاتە پێشەوە یەك دوانمان بەرکەوت لەو لێدانە . جگەرە یەك بەو شێوەیە بێت نەخواردنی باشە، وازمان هانی، جگەرە لە ڕێی دوکەڵەکەیەوە خەمرەوێن بوو، پێشتر زۆرمان جگەرەخۆر بووین بەلام بە درێژی ئەو مانەوەیە لە کونەکاندا، مژ مژ دەستمان دەکەوت، جگەرەیەك بۆ پەنجا تا شەست کەس چی لێ دێ، ئاگرەکەی لە جگەرەکەی درێژتر دەبوو، ئەوەندە مژمان لێ دەدا، ئەوان بۆ ئەشکەنجەدانی ئێمە قەدەغەیان کردبوو، ئێمەش ئازاری زۆرمان پێوە چێشت، پێش ئێمە هاوبیرەکانی ترمان لە 1985/9/22 بران بۆ فەزیلە، لەوێ گەڕاندبوویانەوە بۆ ئەمنی سلێمانی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تر، لە دواییدا بۆ ئەمنی گشتی لە دوایی برابوون بۆ دادگایی کردن هەر پێنجیان دادگایی کرابوون بە هەتا هەتایی، لە بەرواری 1986/3/3 دوا بڕیاری دابوو چووبوونە ناو بەشی تایبەتی دادی تایبەتی لە 1986/4/28 بڕیاری لێبوردنەکەی ڕژێم بە بۆنەی لەدایکبوونی گەماڵەکەوە (سەدام) لێبوردنێکی دەرکرد تا لە 1986/5/12 ئازاد دەکرێن بە لێبوردن بەس منو ڕێبوارماینەوە، بەر ئەو لێبوردنە نەکەوتین چونکە هێشتا لە ونبوون بووین، هەتا لە ناو دادی تایبەت، زۆر کەس بە پێی بڕیاری دادگایی کردنەکە بەر نەکەوت، ئێمە لەو کاتەدا لە ئەمنی دیالە بووین لە ژێر ئەو ئازارو ئەشکەنجە قورسەدا بووین.., ئەوەی مایەی خۆ شی بو. نیروان کەسێکی زیرەكو قسەزان بوو، بە توانا بوو، زۆر جار دەکەوتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمنەکان، هەتا جارێکیان تووڕە بوون بانگیان کردە دەرەوە لێیان دا، ئەشکەنجەیان دا، ئەوان هیچیان پێ نەبوو لە ڕاستی. تووڕە دەبوون، ئەوان زۆرداربوون ڕاستییان پێ خۆشنەبوو, لە درۆ سوودمەند دەبوون، ڕاستییان فەرامۆشدەکرد، هەندێکیان گوێیان گرتو هاوکاریشیان دەکردین، ڕێزیشیان لێدەگرتین، بۆ دوا جار کە لە نیروان تووڕە بوون خەریکبوو گرفتی

دووبارەی لێکۆڵینەوەی بۆ بکەن لەسەر بەرگریکردن لە خۆمانو بیروباوەڕمان بە تایبەتی ئەو شیوعی بوو کاریگەری زیاتربوو، وتەیەك هەیە دەڵێ ئازادی پێشکەش بەو کەسانە دەکرێ کە بە دوایدا وێڵن.. بە ڕاستی نیروانیش بە دوایدا وێڵ بوو.. زۆر جار بە بۆنەی ئەوەوە جگەرەیان دەدا پێمان: لە درێژەی مانەوەماندا تێکەڵی ئەو زیندانیانە بووین کە لە هۆڵەکەدا بوون لەسەر کێشەی کۆمەلایەتی گیرابوون گفتوگۆو دانیشتن لە نێوانماندا دروستبوو ، هەتا لە 1986/3/21 بە دەنکە شقارتە ئاگری نەورۆزمان لە ژوورەکەدا کردەوە، ئەوان دەنکە شقارتەکەیان دا پێمان هەتا گۆرانیو هەڵپەڕکێشمان کرد، ئەوانیش وەکو سەگو پشیلەکە وابوون لەگەڵمان تا یاریو قسەی خۆشیان دەکرد لەپڕدا وەکو سەگی فلیم کارتۆنەکە وێنەی خۆی وەك کەر دەهاتە پێش چاوو لێمان تووڕەدەبوون, جاری واش هەبوو خراپ نەبوون، ڕۆژێ زیندانییەکی تازەیان بۆ هاتبوو ئەویش هەر یەکێك بوو لە بێڕەوشتەکان, باسی ئەوەی دەکرد کە لە سلێمانی پاسەوانی مولازم موحسین بووە، ئیتر دانیشتن لەگەڵمان خۆی هەڵدەفشان وەکو سوکایەتی پێدەکردین من تۆزێ باری دەروونیم باش نەبوو سەری خستە سەرم گاڵتەی پێکردم منیش چاوم ڕەش بوو پەلاماری هەردوو قاچیم دا، زۆر کەتە بوو ئەوەندەم بۆ بەرزکرایەوە تا لەسەر پشت خستم. بە زەویدا بە وایەری کارەبا هەر لەوێدا شلکوتیان کردم, ئەوەندەیان لێدام وابزانم ناوی حسین بوو وەرزشیدەکرد زۆر بەهێزبوو سەرمی کرد بەنێوان هەردوو قاچیدا خەریك بوو کەللەم بتەقێنێت، بورامەوە, ئینجا وازی هێنا، تازە هەردوو پەردەی گوێم تەقیبوو ئازارێکی زۆر لە مێشکمدا دەزرنگایەوە لە بێ ئاگایی خۆم ئەمەم کرد. دوایی بەو شێوەیە شکایەوە تێریان لێدامو بە جێیانهێشتین.. لە ئەمنەکە زۆریشیان کێشابوو بە سەرمدا بۆیە زوو زوو مێشکم هیلاك دەبوو لەوێوە ناوی قالەیان لێنام (مەبەستیان قالە شێت بوو).

لە دەوروبەری مانگی سێ بە دواوە بوو ئێوارەیەك گوێمان لە یەك ڕیز فیشەکی نزیکبوو تەقی، کات هاتوو چوو چەند ڕۆژێك لە دوای ئەمە کابرایەکی درێژ بە کەلەپچەکراوی کردیان بە ژووردا، بە شەقو زللە هاتە ناو ئێمە، دەستورمان وابوو باشهاتیمان لێکردو بەلام, لە دەرەوە وتیان قسەی لەگەڵ نەکەن خۆی زۆر پیاوو بە

هەڵوێستبوو دەستی کرد بە قسە پێوتنیان دوایی لە درێژەی گفتوگۆکانیدا. خۆی ناساند ناوی خالید بوو تەقەی ئەو ئێوارەیە ئەم کردبووی لە نەجدە، کەسێکی کوشتبوو، ئەندامێکی بەرزی حیزبی شیوعی بوو خۆی، بەڵام لە ناو ئێمەشدا بوو دەستی هەر بە کەلەپچەوە بوو، بۆ سەر ئاویش لێیان نەکردەوە، ناومان نا خالید کەلەپچە، دایكو باوكو براو خێزانەکەیان گرتبوو، هەتا منداڵە بچوکەکانیش، بە بێ جیاوازی تاوانبارو بێ تاوان هەموو لە یەك ئاستدا دەبینران، عەرەبەکان مەترسییان زیاتر بوو چونکە دژی دەسەڵات بوون دژی زۆرداریو ئازادی بوون ئەمانە ئەگەری پاشەڕۆژی راپەرینیان لێدەکرا بۆیە.. بە دوو تاوان بۆیان هەژماردە دەکرد، بە تایبەتی شوعیو شیعە یەك لە یەك خراپتر دادگایی دەکران، لە سوڵتەدا، بۆیە درێغییان لە خێزانو کەسوکاری نەکردبوو، بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکە تا بزانن کێ هاتوچۆی کردوون چۆن ئاگایان لە خالید بووبێ، کەچی کردووە ئەگەر بێتو خێزانەکەی ئاگادار بووبن ئەوە وەك خالید دادگایی .دەکراو بە سزای بەعسیانە دەگەیشت، خالید کوردییشی دەزانی زۆر لە کوردستان ژیا بوو، ئەم ترسەی رژێم لە عەرەبەکان. کە خاووخێزانیان پێکەوە دادگایی دەکرد، بۆ تۆقاندنی عەرەبە شۆڕشگێڕەکان بوو تا دژی زۆرداری دەستەڵات نەوەستنەوە، ملکەچی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بن ئەوانیش رازی نابن. ئەوەبوو..بە سزایان گەیاندە ئەو کەسەو لە ماوەیەکی کەمدا لە سێدارە دراو خێزانەکەشی دایكو باوكو خوشكو براکەی بە دادگایی هەتا هەتایی کۆتاییان هات ژیانو گوزەرانی عەرەبە رۆشنبیرەکان ئەمە بوو لە ژێر دەستەڵاتی رژێمەکەیاندا، ئەوانیش عەرەبەکان.. ئەگەر ئەوەی تۆزێ ژێر بووبێ لە سایەی ئەو دەستەڵاتەوە ئاسوودە نەبوو هەمیشە لە ئەشکەنجەدا ژیاوە بەڵام رۆشنبیرەکانیان ترسنۆك بوون نەیاندەوێرا راستەو راست هیچ بکەن ناهەقیشیان نەبوو ئەوان نە پەنایە نە چیایە نە پاسارێکیان نەبوو تا ببێتە حەشارگە بۆیان، بۆیە هەردەم بێدەنگ بوون خۆی ئەمە راستییەك بوو هەموو بینیمان لە دیالە, ئەی ئەبێ گوزەرانی شیعەکان چی بێت، لە خوارووەدا، ئەمە مشتێکە لە خەرمانێك، ئەی ئەبێ ئێمەی کورد. کام رێ رێمان بدات کە باوەڕ بەو زۆردارو داگیرکەرانە بێنین. کە بە ئەمەك نەبن بۆ هاوزمانەکەی خۆیان. چۆن بۆ ئێمە بە ئەمەك دەبن، ئەی کوردی زۆر لێکراوی

ستەمدیدە، ئەوە زۆری داگیرکەرانە ئەوە دیمەنی لاوێکی عەرەبە، کە زۆرداری بەعس، بەو شێوەیە بە خێزانەوە دادگایی کران بۆ ئێمەش باشترین ئەمەك بۆ شەهیدانو بێ سەرو شوێنەکانی ناو زیندان با یەکبین یەکێتیو یەکخستنی نەتەوەکەمان, چارەسەرە بۆ ئەنجامی پاشەڕۆژێکی روون. هەرچەندە ئاسوودە بوون. ئێمە لەو سەردەمە بە دەستمان نەبوو؟ نەشمان دەتوانی بێ ئازادی ئاسوودە بژین! ئەوانیش دەستیان لە کورد نەپاراست, بێ کەموکوڕی هەموو شتێکیان دژ بە کورد کرد، وەکو پێشتر باسمان کرد. کە گیرا ین تەمەنمان بچوکتر بوو..لە خواستی ئەوان، لە یاسای سزادانی عێراقی ئەوەی تەمەنیٚ لە خوار هەژدە ساڵ بوایە دادگا نەیدەتوانی بڕیاری لە سێدارەدان بدات بە سەریا، یان دادگایی هەتا هەتایی بسەپێنێت . لەبەرچاوڕاوی خۆی بوو. رۆژێك بەیانییەکەی هاتن هەموومانیان بە کەلەپچەکراوی برد، وەکو یەکەمجار توندڕەو نەبوون لە تەکماندا، سواری ئوتومبیلی ئاسایی خۆیان کردینو بردینیان. ماوەیەك رۆشتین. کردینیان بە نەخۆشخانەی دیالە سەربازی بوو، نەخۆشخانەیەکی زۆر گەورە بوو، دایان بەزاندین، بەریز لەبەر هەتاوەکە وەستاندنیان، یەك یەك دەیانبردینە ژوورەوە، کراسەکەیان پیٚ داکەندینو هەندێك پارچە ئاسن ژمارەی پێوە بوو بۆ ژێر شانمان دایان ناو بە ئامێری تیشکەکە تیشکیان دەگرتین (أشعه) بۆ ئێسقانی شانو مل بوو.. لە راستیدا ئێمە نەمانزانی چییەو بۆ، کەسیشمان ناساغ نەبوو تا بمانبەن بۆ چارەسەر، دوایی ئەمنەکان وتیان بۆ گەورەکردنی تەمەنتانە، بۆ ئەوەی ئەگەر دادگایی بکرێن بەر لە سێدارەدان، تەمەنتان چاك بکەن, هەرچەندە سڵیان لە هیچ نەئەکردەوە، ئەمیش لەبەر رای هەندێك لایەنی پەیوەندیداربوو بە عێراقەوە کە پەیڕەوی ئەو یاسایانە بکات بۆ چاوبەستکردنی رای گشتی تا بڵێ بە پێی یاسا دادگاییکراون، بەڵام وانەبوو، ئەوە خۆی دیاریە لە ئەشکەنجەوە تا دادگاییکردن، ساتەکان خۆیان بێ دەنگ نابن، هەرچەندە زۆر لەو گەنجانەی لە زیندان بووین پێکەوە بران بۆ سێدارە، هەندێکی زۆرمان بێ سەرو شوێن کرا، ئەم جۆرە پشکنینەی نەخۆشخانە، بێ ترسبوون لە تاوانەکانیان, چونکە ئەو هەموو منداڵە بێتاوانەیان گرت ئایا لەوە دەترسن لە سێدارەمان بدەن بێگومان نەخێر، خۆ دەموچاو رووخسارمان هەر بچوك دیار بوو، ئەوان بەپێی نووسراوەکانیان پیشانی

رای ئەوانەیان دەدا کە باسیان لە زیندان دەکرد ئەوانیان پێ هەڵدەخەڵەتان، جگە لە تاوانبارکردنمان بە تێکدەرو پیاوکوژو بەکرێگیراوی ئێران. خۆیان ئەگەر بیانویستایە پێویستیان بەوە نەبوو، زۆر بە ئاسانی چەندیان ون کرد چەندیان بە کۆمەڵ کوشت هەڵبەتە بە هەمان بیرو بۆچوون ئێمەشیان لەناو دەبرد، یاسایەك ئەوەندە دڕندەو بەدرەوشت بێت دەست لە ژن‌و منداڵ‌و پیر نەپارێزێت، ئێستا ئەوەندە ماف پەروەرە رەچاوی بەرزی‌و نزمی تەمەن بکات، بەڵام ئەوە رەچاوی فەسادی‌و ریسواییە بۆ ناکات.. چی لە کوردستان‌و چی لە خۆرئاوا بە کوردو عەرەبەوە دەستدرێژی دەکردە سەرمان، وشەی بەعس لە مێژوومان‌دا بووە قێزەونترین دامودەزگای داپلۆسێنەری سەدەی بیست، هەرچەندە بەعس دەوڵەتە زلهێزەکان دروستیان کرد تا وەك مەقاشێك بەکاریبهێنن، لە راستیدا دەستکردی داگیرکەری جیهانییە (الاستعمار العالمي)، هەر پاڵپشتی ئەوانیش بوو رێگەی زۆر شتی پێدرا.؟؟ لە دژ ی نەتەوەکەما بیکات، هەر پەرپەرچدانەوەی هەڵە رامیارییەکانی بەعسە، کە ئێستا، گیرۆدەی دەستی بوون‌و بە هەموو جیهان سەری دنیایان لێهاتۆتەوە یەك نازانن چۆن دەستی پێ لە دەستەڵات بەربدەن، جا ئەگەر جۆرە پاساوێك بۆ خۆی بهێنێتەوە.. چاوبەستەو هیچی تر،.. هۆی بردنی ئێمە بۆ پشکنینی پزیشکی هۆکارێك نییە بۆ ویژدان‌و رەوشتیان بەڵکو چاڵێکی دڕندانەیە بۆ بە کۆیلەییکردنی کۆمەڵگە.. هەر بەو بۆنەیەوە ئەو رۆژە خۆشبوو لە لامان هەرچەندە رەش‌و رووت بووین. چڵکن‌و پیس‌و پۆخڵ بووین. دەستمان بە کەلەپچەوە، دیمەنێکی تراژیدیای ئێمە بوو بەو دیمەنە، ئاگامان لە چاوی ناڕەزایی ئەو جەماوەرە بوو,کە لەوێدا تێیان بڕیبووین, ژنە پیرەکان بە تایبەتی بە چاوی بەزەیی سەیریان دەکردین هەست‌و سۆزی نامۆیی ئێمە لە چاوی چاوەڕوانیماندا دیار بوو, هەستیان بەو دیمەنە دەکرد, چۆن فرمێسکە قەتیسماوەکانی چاومان دەیڕوانی بۆ دیمەنی بینین، لە چاوی ژنەکانەوە لەشێوەی دایك‌و کەسوکارەوە, پیاوەکان داوای بەزەییان تێدا دیاربوو. زۆر دڵخۆش بووین دیمەنی ئەو شوێنە خۆ هیچ نەبێت بۆ چەند ساتێك چاومان ئازاد بوو، ئەمانڕوانی بەملاو لادا بۆ یەکەمین جاربوو, چاومان زۆر دوور بڕوانێت, بەبێ ئەوەی دیوارو بەربەست‌وهیچ شتێکی نامۆ رێگریبکات، بە واتایەکی دیکە بە درێژایی ساڵێك دەچوو چاومان بۆ چوار

مەتر زیاتر رێی بینینی نەبوو ئێستا بە درێژایی گەردوون بە بێ بەربەست خۆمان واقمان وڕمابوو.. نوکتەیەکی خۆشمان هەیە لەسەر ئەو ئافرەتە عەرەبانەی کە لە نەخۆشخانەکەدا بوون، وەك سیستەرو فەڕاش لە نێوان خۆیاندا گفتوگۆیاندەکرد بێگومان عەرەبن بە عەرەبی دەبێت بدوێن، کەچی کوڕێکمان لەتەك بوو تۆزێ شێتۆکە بوو تاهیری ناوبوو، وتی کوڕی خوا تۆ سەیر بکە ئەڵێی بولبولن بە عەرەبی دەدوێن.. لە راستیدا خۆیان عەرەب بوون ئەم نەگبەتە لە ژیانیدا ژنی عەرەبی نەدیبوو، وایزانیبوو ژن بەس کوردە، بۆیە لای سەیر بوو, کە بە عەرەبی ئەدوان، ئەو رۆژە ئازادی چاوو هەست‌و بۆنمان باشبوو, بەڵام بە جەستە، دیلبووین, بە ویژدان کۆیلەبووین, توانای تەنها داخ‌و ناسۆرمان هەبوو، وتەیەك هەیە دەڵێت، دیل تا دەمرێت خەو بە ئازادییەوە دەبینێت، ئێمە بە درێژایی رۆژگار ئەم تۆزە رووناکییەمان بە ئاوات خواست، کە چاو دەم‌و لووتمان هەستمان گوێ مان، ئەو رۆژە هەموو هەستە کانمان بۆ تاقی بۆوە.. هەمووی ئیشی کرد، بۆ ماوەی .. ساڵێك وەك مرۆڤی پاك‌و تەمیزی‌و شتی جوان لە هەموو شت بێبەش بووین، ئەو بینینە ببووە مایەی سەرسوڕمان، شتەکان نامۆ بوون، دواتر . لەو رووناکییەوە بۆ کونە تارکیەکە گەڕاندینیانەوە.. برینی هەموومان کولایەوە. هەرچەندە تۆزێ ئازادیمان بینی, ئەمە بۆ دڵخۆشی خۆمان بوو بەڵام لە ناخەوە دەکولاین قوڵپەی گریانی ناخی دڵمان پەردەوازەی هەناوی کرد بووین، هەر خۆمان خواردەوە، ئەو رۆژە زۆرمان گریاین بۆ دووری‌و بێ کەسی.. بۆ یادەوەرییەکانمان، بۆ ئازادی بۆ ساتێکی خۆشی دانیشتن لەنێو ماڵ‌و ناو خێزان, هەموو ئەم شتانە دیسان بووە هۆیەك بۆ بیرکردنەوەمان، هۆی ناڕەحەتیمان.. هەرچەندە رەنگمان زەردببوو، بۆ ساڵێك هەتاومان بەرنەکەوتبوو، وەك گۆڕستانی زیندووان وابوو، چونکە بەس وەك ئاژەڵێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردین. بەس بەسەر هەستێکی نامۆ لە جەستەمان دابو. وەکو گیانێکی بێ هەست مابووینەوە هەمیشە لە ئەشکەنجەدابووین, ئەشکەنجە بریتیینییە لە ئەشکەنجەو لێدان، ئەو لێنەپرسینەوەیە کە لەچوارچێوە ژوورەدا فڕێدرابووین بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ لێپرسینەوە،یالە جەژنە ئایینی‌و کۆمەڵایەتییەکان بێبەش بووین جەژنەکانمان هەمووی لە زینداندابوو لە ژێر ئەشکەنجەو پەت‌و کەلەپچەدا گیرۆدە بووین لەباتی

چەژنە پیرۆزە، نانی بەیانی، یاریو سینەماو بەسەرکردنەوە، بەیانی بە کێبڵو کارەباو شەقو تێهەڵدان بە ئاگایان هانین (لە تەواری) لە خەو هەڵساین، دیمەنی جەژن ببینین جلی جوانو نوقلو خۆشەویستی تازە دەکردەوە لە دڵماندا، بەڵام لە زیندان لێدان نوقل بوو جلی جوان رووتکردنەوە بوو خۆشویستن قێزە ون ترین رووخساری بەعسییەکان بوو، ئاهەنگمان گوللەبارانکردنی دەیان لاوی وڵاتەکەمان بوو، جەژنی چی جەژنی ئێمە هەر لە زیندان بوو هەژاریو نەبوونیو بێ نان کامەران بووین، بەڵام دۆزەخی بەعسییەکان بە هەژاریش وازیان نەهانی بە نەبوونییش هەر کۆڵیانئنەداو دوو جار هەژارو نەبوویان کردین، بە ناهەق سەری چەندان لاو نرایە ژێر گڵ ، بێ تاوان هەمیشە جەژن زیندانو پرسەگێڕان بوو، ئێمەش لە دیمەنی نەبوونی جەژنو یادەکانی بێ ئومێدی لە ژیان سەرمان نایەوە، لە پاش لێدان, ئەمە جگە لە ئازاری تێهەڵدانەکە ئازاری دەروونییەکەی لە هەمووی زیاتر دڵگرانی کردین، هەموو جگەرەخۆر بووین بە درێژی ئەو ماوەیە رۆژی سێ مژ جگەرەمان بەردەکەوت بەیانی نیوەڕۆ ئێوارە ئەویش پاسەوانەکان دڵیان نەرمدەبوو بۆیان بڕیبووینەوە بە زۆری گفتوگۆی نیروان لەگەڵیاندا بۆ خاتری ئەو بوو، ئەو خواردنەی کە دەیانهانی بە بێ چاودێری لێدەنرا زۆر کات شتی پیسی تیا بوو، جارێك قالۆنچەیەکی درێژی تیا بوو ئەوانەی کە دەڵێی عەبایی بە شانەوەیە، لەسەروو ئەمانەش جنێوو قسەی ناخۆشیان هەر لە کاردابوو، ئێوارەیەك دەرگای ڕاڕەوەکە کرایەوە، زیندانیە عەرەبەکان قسەیان لەتەك کە سێك کرد. وتی عەرەبی نازانم دڵنیا بووین کە کوردە، بەس نازانین کێیەو بۆ هاتووە، پێمان خۆش بوو کە کەسێك تازە ببینین پێمان ناخۆش بوو کە ئەو بەسەزمانەش بە دەردی ئێمە دەچێ بێ لێپرسینەوە.. هەر چۆنێك بوو کە کردینیانە دەرەوە روانیمان من ناسیم دزداشەیەکی لەبەردا بوو هەموو گیانیان شکاند بوو سەیرم کرد کاك فەرەیدونی حەمە بەگ بوو، منی باش نەدەناسی بەڵام من بە بۆنەی نەورۆزی. هاوبیرمەوە پورزای بوو لە دەرەوە دەمناسی هاتوچۆی ئەوانی دەکرد، چۆنیو باشیم کرد، تۆزێك باسی دەنگوباسی سلێمانیمان لێ پرسی. وتی قەدەغەی هاتوچۆ رووی داوە. باسی گیرانی خەڵکانێکی زۆری کرد لە سلێمانی,...جلی لەبەر نەبوو,دزداشەیلە بەردابو. یادی بەخێر یاسین سەعید

قاتێك جلی پێبوو وتم یاسین بیدەرێ لەبەر دڵی من پێیدا خۆی هیچی لەبەردانەبوو، دوایی پرسییان چۆن دەیناسی وتم ماڵیان لای ماڵی ئێمەیە بۆ بەیانی زوو ئەویان برد، لەو کاتەوە هیچ هەواڵیم نەزانی تا بەربوون دیمەوە،. لە مانگی شەشدا 17 کەسیان برد. هەوڵیان مان نەزانی. بێگومان ئەو بردنە دڵخۆشکەرەتر بوو چونکە هەستی لێپرسینەوەمان دە کرد، ئەگەر بە کوشتنیش بێت هەر خۆش بوو لەوە زیاتر چاوەڕوانی لە توانامان‌دا نەمابوو هەر وەك شێت وابووین لە دوای ماوەیەك لە 1986/7/9 دوا نیوەڕۆیەك ناوی 10 کەسمانیان خوێندەوە یەکێك لەوانە من بوومو رێبواری هاوبیرم، لەتەك هەشت هاوڕێی زیندانی ترماندا.. زۆر بە ئاسایی بردینیان چاومان نەبەسترا بوو جگەرەیان دا پێمان رێزیان لێگرتین لە دڵی خۆمان وامانزانی (ئینقلاب) کودەتای دەستەڵات روویداوە، پێمان سەیر بوو وتیان دەتانبەین لە بەغداد بەرتان دەدەین، ئەوەندە ساویلکە بووین باوەڕمان کرد. ئەی باشە لە بەربوونمان بوون لەو دوانیوەڕۆیەدا با لە دیالە بەریان بدایەنایە، بەڵام ئەمیش درۆیەك بوو لە درۆکانی تری بەعسییەکان, ئەوانە بە درێژایی مێژوو هەر بە درۆ لەتەك کوردا ژیان. هەر بە درۆش دەستەڵاتیان گرتە دەست، ئێمە بە درۆکانیان دڵخۆش بووین، وامانزانی راستە دوو کەس بوون پاسەوانێكو لێخوڕێك بوون، زۆر ئاسان بوو بۆ راکردن بەڵام لە درۆدا تاقیکردنەوەیان زۆرتر بوو، ئێمەی دڵ سافو خۆش باوەڕ! بوونە جێگەی باوەڕمان. بەڵام لە راستیدا بۆ دادگا کارتۆنییەکەی خۆیان. راپێچیان کردین بەرەو ئەو شانۆگەرییەی کە هیچ کەس ناتوانێ باس لە تراژیدیاکەی بکات، یاخود (تعبیر) لەو کارەساتانەی. کە دادگایەك بە ناو دادگای هەرە بەرزی عێراق بوو (المحکمة الثورة) بەس بە رووخسار دادگایی دەکردین هەر وەك کڕیاری ئاژەڵ کۆمەڵ کۆمەڵ جیایان دەکردینەوە،بێ رەچاوکردنی مافی مرۆڤو ئەندێشەکەی، کە بە دڕندانەترین شێواز بە کۆمەڵ لەناویاندەبردین، وەکو ئەو هاوبیرانەی کە بە ناهەقو بە بێ رەچاوکردنی تاوان لە بەرچاوی جەماوەرێکی زۆرو دڕندانە ئاسا بە فیشەك بەربوونە گیانی پاك شەش ئەستێرەی پرشنگداری ئەم میللەتەو بە زۆری لێدانو تاوانبارکردن ،رێچکەیەکیان بۆ کردنەوە بۆ ئەوەی بەو بیانووەوە لەناویا ببەنو شەهیدیان بکەن. کە رۆژی 1986/2/1 کاتژمێر 11ی سەرلەبەیانی

جەماوەرێکی زۆریان کۆ کردەوە کە دەبێت دەستخۆشی تاوانیان لێبکەن لە پاش گوللەبارانکردن پێویستیان بە چەپڵەلێدان بوو، ئەوە نزمایەتی رەوشت و دابونەریتە، لە هیچ دابونەریتێکدا شتی وانەبووەو نابێ لە پاش تاوان، خەڵك کۆ بکرێتەوەو بە زۆر چەپڵەیان پێ لێبدرێ و لە پاش شەهیدبوونی بێ تاوانەکان پارەی ئەو فیشەکانە وەرگرنەوە کە تاوانەکەیان پێکردووە، چونکە کرێکارییان کردووە، پارەکەی دەبێ وەرگرن، هەردەم زۆردار لە هەر کردارێکی دڕندانەدا پاساوێك دەهێنێتەوە، بۆ (شەرعیەت) دان بە تاوانەکەی, واتا رێگە خۆشکردنی ئیشەکەی، بە بیانووی ئەوەی ماوەیەك لەپێش دا. لە خوار زیندانی گەورەی سلێمانی سەگێکیان تۆپاندن، لە تۆڵەی سەگەکەیان بە دڕندانەترین شێوە. بە زۆرو بە ئەشکەنجەدانێکی زۆر هاتن سەگەکەی خۆیان ساغکردەوە بەسەر شەش گەنجی ئەم شارە زۆر لێکراوەداو بەمجۆرە ئانگی خوێنێکی تریان گێڕا، بە زۆرو بە بێ دادگاییکردن تاوانیان ئەوەندە بوو بە زۆری لێدان تاوانبار کران، کە ئەمان کوشتوویانە بۆ لە تۆڵەی خوێنمژەکەی خۆیان 1 بە 6 شەش، ئەگەر بێتو ئێمە وەك ئەوان تۆڵە بکەینەوە ئەوە عەرەب لە عێراقدا نامێنێ ئەوەندە بەعسییەکان تاوانی نامرۆڤانەیان دژمان. کردوە, من مەبەستم خراپیو چاکی عەرەب نییە بەڵکو بەعسییەکان لە عەرەب دروست بوون بۆیە ئەو نموونەم هێنایەوە، هەرچەندە رەوشتی کوردانە، مەردایەتیو پیاوەتییە لە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 سەلماندمان بۆ جیهان کە ئێمە ئاشتیخوازین پیاوکوژنین کە ئەو هەموو عەرەبەمان ئازاد کرد بگرە هاوکاریشمانکردن، زۆریش لەوانە تەنانەت دەستیان بە خوێنی کورد سوور ببوو بەلاّم وەك رەوشتی هەمیشەیی کورد لێبوردن هەموویانی گرتەوە.. ئەو شەهیدە سەربەرزانەی کە بە زۆری لێدان تاوانباریان کردنو بە هەمان شێوە پێش ئەوەی گوللەبارانیان بکەن رۆژی پێشووتر ئاگاداریان کردبوونەوە لەوەی کە گوللەبارانیان دەکەن، ئەمە رەوشتی ئەشکەنجەو زۆرو لەناوبردنی بەعسییەکان بوو, تاوانی وا لە مێژوودا نەکراوەو نابێ. هەر شەڕگەیەك کە چی کارەساتی تیا قەومابێ بەلاّم لە دواییدا بەو دڕندایەتیو بە شێوەی ئاشکرا مرۆڤێکیان ئاگادار نەکردۆتەوە, بۆ سبەینێ ئاهەنگی شەهیدبوونی بگێڕێ پێش مردن پرسە بۆ خۆی بگێڕێ، پرسەکەی لە بەرچاوی بێت.. ئیتر ئاهو گریانی دایکانو خوشکانی برا کوژراو، وا رسواو دزێوی ئەم جیهانو ئەو جیهانی کردن، ئەمانە ئەو شەهیدانەن کە لە خوار زیندانی گەورە بە بێ دادگا گوللەباران کران:


1) کەیوان عومەر.
2) سۆران نوری قەرەچەتانی.
3) هاوڕێ ئەکبەر.
4) هاوڕێ.
5) مەولود.
6) بەختیار ستار.

شەش شەهیدی رێی کوردستان بە زۆر تاوانبارکران, بە دەم ئەشکەنجەدانەوە بێئاگابوون لەو تاوانەی کە کرابوو، بێئاگایانە کرانە سووتەمەنی تاوانێکی تر، ئەوەی دژی ئەم نەتەوەیە دەکرا کوێرانە بوو، شۆڕش، هەر کارێکی شۆڕشگێڕانەی ئەنجام دەدا، رژێم دەستی بەوان نەدەگەیشتو کوێرانە بەردەبووە سەرو گوێلاکی هاووڵاتیانو بەسەر جەماوەردا دەشکایەوە. تۆڵەیان لە جەماوەر دەکردەوە, ئەوان لایان گرنگ نەبوو کێیەو چییە, گرنگ بەرببنە هاووڵاتیانی بێ بەرگری و ئەوەی کە روویداوە بە ئیشی جەماوەری دەنووسی!!!و دەبێت خەڵك باجەکەیبدا، ئەویش لە دڕندایەتیو فاشستی یاساکەوە بوو، شەش هەڵۆ شەش لاوی تازە پێگەیشتوو شەش خۆبەختکەر بوونە قۆچی قوربانی، لە جیهاندا بوونی یاسا لە وڵاتدا. بەواتای بوونی شارستانیو رێکوپێکیو پاراستنی مافی هاووڵاتیانە, بەلاّم بە داخەوە لای ئێمەو لە کوردستانی ژێر فەرمانڕەوایی بەعس .دا یاسا واتای هەڵپاچینو کوشتنو گوللەبارانو لە سێدارەدانی گەنجەکانو نەهێشتنی ئازادی راوبۆچوونە.. ئەمان لە راستیدا 10 کەس بوون کە گیراون لەسەر هەمان بیروباوەڕ هەموویان (پاسۆك) بوون، محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم ناسراو بە شوانە لە سێدارە درا، شیروان مستەفا دەروێش دادگایی کرا بە هەتا هەتایی، شەماڵ مستەفا دەروێش دادگایی کرا بە هەتا هەتایی بەرپرسەکەیان کە کاك عومەر بوو پێیان دەووت عومەر RBG، لەبەرئەوەی دانینەنا بە هیچ شتێکدا بە خۆیو ماڵو منداڵییەوە زیندانی کرانو هاوبیری کوڕی لە زینداندا لەدایك بوو، ئەو ئەشکەنجەیەی ئەو درا وەکو هێلەك ی لێکرابوو هەڵیانوەشاندبوو جگە لەوە کە

www.pertwk.com

ئەشکەنجەی خوشکە ئەمیرەشیان دابوو بە هەمان شێوە یەك لە یەك ئازاترو بە جەرگتر بوون لەسەر مافی خۆیان سوربوون, بۆیە دوای ئەوەی کاك عومەر هیچی نەگوت بە 15 ساڵ دادگا بڕیاری لەسەر درا.

لە درێژەی گەشتە زۆرەملێکەی خۆماندا، ئەو گەشتەی کە ئامادە کرابوو چۆن بەرەو پیری مەرگ بڕۆین بێ ئەوەی بزانین بەرەو کوێ‌و چیمان بەسەر دێ، بەو فیڵ‌و فڕە دەمەو ئێوارە گەیاندیانینە بەغدا، 1986/7/6 گەیشتینە بە (أمن العامة) ئاسایشی گشتی، بەشی چوار (شعبة الرابعة), هۆڵی پێنج (قاعة الخامسة) بۆ یەکەم جار لەبەردەم دەرگایەکدا رایانگرتین نواڕیمان دەرگایەکی ئاسایی بوو بە پلیکانە بۆی سەردەکەوتین، نەمانزانی کوێیەو چۆن هاتووین بەس هەر لە هەلەکەسەمای ئازادی دا بووین، لە دڵی خۆماندا دەمانگوت خۆ ئەگەر بەریشنەبین لێیان پرسینەوە لەو کاولەی دیالە نوقمی ئەشکەنجەو خەمۆکی ببووین لەبەر نادیاری چارەنووسمان هەموو شتێکی شیاو بۆ مەرگ دەمانخواست، ئێرە هەرچۆنێك بێت گۆڕانکارییەکی تیا هەیە، بەو راگواستنە دڵخۆش بووین، لە سەرەتادا بە دەرگایەك. دا هاتینە ژوورەوە، شێوەی دەروازەکەی دیار بوو ئەم شوێنە شوێنێکی زۆر گرنگە تایبەتە، تۆزێ بە حەسرەتی دیاریکردنی چارەنووسمان بووین زووتر، بەڵام لە وێرانەیەك بۆ کاولەیەکی دی هەر هەمووی زیندان بوو ئەویان لەویان جیاوازترنە بوو, گرنگ ئێمە لە زیندان دەژیاین، بە پلیکانەکاندا سەریان خستین، بە ریز بردیانین، لە سەرەوە لە بەردەم دەرگایەك رایانگرتین‌و ناویان خوێندینەوە، لە دەرگایەك کردیانینە ژوورەوە، بۆ یەکەم جاربوو لە ژیانمدا، مرۆڤ لە ناو قەفەز ببینم ئەو نەگبەتانە وەك کەناریيان لێهاتبوو هەر ئەوەی مابوو دان‌و ئاوەکەیان بۆ دابنێن.. بۆ یەکەم جار چیم دی نازانم چۆن باسی لە دیمەنی تەلبەندی درستکراوبکەم بۆ مرۆڤایەتی‌و سەرکوتکردنی ئازادیخوازان، هۆڵێکی دوورودرێژیان بە قەدەر نیوە هۆڵێکی کێڵگەی پەلەوە دەبوو هێنابوویان بە شیشی ئەستوور ژوور ژوور دروستیان کردبوو ئیتر لەمسەر بۆ ئەوسەر یەکترمان دەبینی هەمووی تەلبەند بوو، وابزانم یانزە بۆ دوانزە ژووری گەورە گەورەی تیابوو, ژووری 40 بۆ 60 کەسی تێدەکرا, من بە بینینی ئەو تەلبەندە واقم وڕما,



ئە مە دیمە نی تە لبە ند یّکە لە زیندان   بە را نبە رهە ردوولا کەرویان کر دووە تە یەك

سەرسامبووم چۆن مرۆڤ دەکرێتە قەفەزەوە تا چووینە ناوەوە باوەڕم هەر نەبوو بچینە ئەو ژوورانە هەرچەندە تازەتر بوو تۆزێ لەوی دیالە خۆشتر بوو, ئەوەی مایەی نیگەرانیمانبوو قەفەز چۆن بۆ مرۆڤە, لە راستیدا هەمیشە بینیومانە قەفەز بۆ زیندانیکردنی باڵندەو دڕندەکان بووە,!؟ مرۆڤ پاسەوانێتی کردوون؟!, بەڵام بە پێچەوانەوە لێرە مرۆڤەکان زیندانی بوون‌و دڕندەکان پاسەوانن. ئەمە راستییەکەیەتی ئێمە مرۆڤێکی ئاسایی بووین، قەفەزەکە بۆ ئێمە بوو کەوابێ گورگەکان بوونە پاسەوان ئیتر دنیا شێواوە، ئەو دیمەنە زۆر نامۆبوو لەبەرچاوم وننابێت، هەر کۆمەڵێك بۆ ژوورێك دایاننان ئێمە بەر ژووری 5 کەوتین. هۆڵەکان لە هەر ژوورەو ژوورێکی بەرامبەر بوو تا دوا ژووری ئەوسەر بە واتای لە شێوەی بازنەیەکی کراوەدا بوو ناوەڕاستەکەی راڕەو بوو، بۆ هاتوچۆ لە ناو ژوورەکاندا.. کە چووین روانیمان هەموو خەڵکی یەك شارین هەموو هاوڕێ‌و دۆستی یەك بووین ئەو خۆشەویستانە دەم بە پێکەنین‌و قسەی خۆش پێشوازییان لێدەکردین هاتن بە دەم مانەوە، ئەوان لە پێش ئێمە لەوێ بوون تۆزێ ئاهێکیان پیا هاتبوو بژێوی ئەوێ لە زین دانە کانی تر. جیاواز بوو، لێرەدا ئازادی جگەرەخواردن‌و قسەکردن هەبوو هەرچەندە لەسەرەتای دەرگاکەوە کامێرایەکی ڤیدیۆی لێبوو بۆ چاودێریکردنمان، ئیتر نازانم ئەگەر لە دیوارەکاندا ئامێری دەنگ تیا بوو بێت, بێگومان کامێرا دابنێن شتێکی ئاسییە ,.. هاوڕێکانمان پۆشتەو پەرداخ بوون،

www.pertwk.com

وتمان ئەمانەتان لە كویَ بوو وتیان حاجی رەشید، حاجی رەشید پیاوێكی عارەب بوو (كوبەیسی) بوو سەرمایەدا بوو بەڵام وەك فریشتەیەك خوا دایناوبوو بۆ هاوكاری كوردەكان، هەر كەس دەهاتە ژوورەوە حاجی رەشید جگەرەو قاتێك بیجامەی دەدا پێی بە راستی مرۆڤ دۆستو پیاوێكی دەستو دڵ چاك بوو، من تا ماوم خۆم بە قەرزاری دەزانم وە هەموو زیندانییەكانیش ئەوەی لەو ساتەدا لەو بەشەی ئەمن بوو هاوكاریكراوە. بە بیَ جیاوازیی، بۆیە كە چووینە ژوورەوە هەموو جگەرەیان دەكێشا پاكەتیشیان دا بە ئێمە، بە دڵی خۆمان بۆ یەكەم جار ئاوا بە ئاسایی یەك جگەرەمان كێشا بە تەنیا بەس بۆ خۆمان، كەس داوای مژێك جگەرەی لێنەكردین جارێك لە بیَ جگە رە یی ئازادكراین، تاكە كەس من ناویم بیست كە ئەوەندە پیاوی چاكەو چاكەخوازە لە راستیدا سوننی مەزهەب بوو, بەڵام ئەویش یەكێكە دەبێت لە یاد نەچێت لە ریزی چاكەخوازانو هاوكاری مرۆڤایەتی بنووسن هەرچەندە عەرەبەكانی تر بەس بە كەمی هاوكاریان دەكردین من بەس حاجی رەشید وەكو گشتی باس دەكەم، كە دەستی زۆری گەنجە كوردەكانی گرتو بە جلوبەرگو گرنگی جگەرەكە كە خەمەكانمان .. پیَ بە با دەكرد ئەویشی بۆ دابینكردینماڵی ئاوا، جێی خۆیەتی لە یادەوەری زینداندا وەك پەناو پاسارێكی زیندانیان ناو ببرێت، ئێمە چووین نەمانزانی بۆ چووینو هۆكەی چی بوو بەڵام هاوڕێكانمان باسیان كرد تێیان گەیاندین، كە بەیانی راپێچی دادگا دەكرێین، بەڵام ئێمە بۆچی هاتینو تووشی چی بووین، تێیان گەیاندین دەبیَ پاشگەز ببینەوە لەسەر ئەو تاوانەی بە زۆر لەسەرمان نووسراوە، چونكە ئێمە تاوانبار نەبووین، ئەبیَ باسی لێدانو ئەشكەنجەی سلێمانیان بۆ بكەین هەر كەسێك پێش دادگاییكردن دەبرایە ناو ئەو قەفەزانەوە، شەو لەویَ دەمایەوە، بۆ بەیان بەڕیَ دەكرا بۆ دادگا، بۆیە ئێمەش. بە هەمان شێوە بۆ دادگایی هاتبووین ئەو شەوەمان شەوێكی خۆشو ناخۆش بوو، چاومان بە هاوڕێكانمان كەوت تۆزیَ ئازادی جگەرەكێشان بووین هەندێك هەواڵی برادەرانم بیست بە تایبەت هاوبیرەكانم وتیان ئازاد بوون زۆرم پێخۆش بوو، تەنها منو رێبوار ماینەوە، ئەو ئێوارەیە لە پاش ئەو ساڵە بۆ یەكەم جار بوو مریشكمان خوارد یەكی پارچەیەكی بچوك بەڵام هەر تامو چێژی خۆی هەبوو، بە درێژایی ئەو رابوردووە نەسوێریو نە

چەوری نەیاندا پێمان هەر خواردنێك بۆمان هاتووە لە رابوردوو نە چەوری نە سوێری، هیچی تیا نەبوو هەستمان كەم پیَ دەكرد، لەگەڵ ی راهاتبووین بۆیە لە كاتی خواردنی ئێوارەدا بە یەكترمان دەگوت بخۆ دوایی لە قورگت دێتە دەر، بەیانی دەیبینی ئەو شەوە. لە چاوەڕێی زوو هاتنی بەیانی بووین، بە نیوە ناچڵ خەوتین بیرمان لە ئایندەی دادگا دەكردەوە بۆیە بیَ خەو بووین باس لە تووڕەیی دادوەریان دەكرد، چەند برادەرێك لە دادگا وتبوویان راستە پەیوەندیمان هەیە بەڵام تاوانبار نین، دادگا راست بڕیاری سێدارەدانی سەپاندبوو بەسەریاندا، بەس وتبوویان لە رێكخستن كارمان كردووە، ئێمەشو هاوڕیَ زیندانییەكانمان مافی خۆمان بوو بڵێین هیچمان نەكردو چونكە هەموو كەسێك لە دوا ساتەكان, دەست دەبات بۆ ئەو چڵە گیایەی گویَ قەراخی رووباری بەخووڕ. تا خۆی پیَ بگرێت. ئێمە ئەو چڵە پوشەمان لێببووە تاڵە موو، هیوامان بە دەستگرتن نەبوو پێوەی یاخود هەر نەماندەبینی، بە كوردی تروسكایی تیا بەدی نەدەكرا، جگە لە نەهی‌كردنمان، هیچ هیوایەكمان بە مان نەمابوو، جگە لە چاوەڕیَ مەرگ نەبێت، ئێمەشیان بیَ بەش نەكرد لەو پاشگەزبوونەوەیە ماڵیان ئاوابیَ فێریان كردین هاوڕیَ كۆنەكانمان، ئەو شەوە لە فراونی دڵو دەروونو دڵەڕاوكێی بەیانیدا بە دەم جگەرەكێشانەوە كاتمان درەنگ كرد، ساتەكان پێویستی بە هێمنی بوو، یاسایان وابوو دەبیَ تا كاتژمێر 12 دانیشین زیاتر ماوە نەبوو خۆ ئەگەر نەتوانی بخەوی دەبیَ راكشێی دانیشتن تا درەنگ قەدەغەبوو، ئێمە بەس نەبوو لەلایەن.. هاوڕیَ كۆنەكانمانەوە رێنماییكراین خۆ ئەوانەی پێش ئێمە بوو بوونە پۆڕی خوراو تا رێچكەیان دۆزییەوە بۆ درێژەپێدانی دادگاییكردنو ئەگەری لە سێدارەدانیان. باشترین ریَ بوو بۆ خۆگیرساندنەوە، بە داخەوە زۆر لەو هاوڕیَ خۆشەویستانە هۆی نەبوونی ئەزموونو نەشارەزاییان دوا جار هەر مەرگ چاوەڕێی كردن، بەیانی زوو هەستاین ئەو شەوە بە كەروێشكە خەو بردمانە سەر لە ترسی قەسابخانەكەی سبەینیَ، لەگەڵ مەلا بانگدان بە ئاگا هاتین، خەو لە چاومان تۆرابوو، من گیانم بە دوكەڵەكە بوو، باشبوو هەرچەندە من فەرامۆشی هەموو شتێكم كردبوو ئەوە یەكەم جاری زیندانم نەبوو, لاشم گرنگ نەبوو, هەر دەمووت چی دەبێت با ببیَ، من پاسۆكم تاوانبارم چونكە كوردم دەستبەكار بووم لە رێكخستن، هەرچی دەبێت،

ئاساييه، له هەوڵو بیرکردنەوەدا به دەم شنەی خەمێکی قووڵ دەیبردم بەرەو قولایی هۆشم تەقەی دەرگای یەکەم هۆڵ کرایەوە بۆچوونی دەستو دەموچاو شتنو سەرئاو، به ریز هەموو دەرگاکان کرانەوە، پشووی کاتی خۆمان وەرگرت له پاشدا نانی بەیانییان هێنا بیرم نەماوە چی بوو بەڵام باش بوو خواردنەکەی تێر بوو لەچاو زیندانەکانی تردا. هەرچۆنێك بێت ئازاری سکمان کەم ببوو برسێتیمان بەرەو کۆتایی دەچوو، هەرچەندە .. ئەوەی جگەرەخۆر بێت پێی خۆشه جگەرە بخوات نەك نان، بۆیه بایەخی دوکەڵ لای جگەرەخۆرە، نانی بەیانی خورا، له دوایی ئەم کاتەوە هاتن وەکو ئاسایی ناویان خوێندینەوە، بەهۆی بڵند گۆیەکەوە راپێچیان کردین ئەم جارە گەشتەکەمان جیاواز بوو، کەلەپچە کراین چاومان نەبەسترایەوە تا له پلیکانەکان دایانبەزاندین لەگەڵ دابەزاندنمان یەکسەر کردینیان به ناو ئوتومبیلی پەستینراوە (قەپات) ژوورەکانی تاك بوو(الانفرادی) هەر ژوورەی دوو کەسیان تێکرد، زۆر رۆشتین بەو گەرمایە خەریك بوو دەخنکاین تروسکایی تیا بەدی نەدەکرا، ئۆکسجینیشمان لیٚ قەدەغە بوو لەو کاتەوە دەرگای کەپسەکە داخرا من تووشی تەنگژەی هەناسەدان بووم، خەریك بوو دەمردم، لەگەڵ کەوتنە رێی رەورەوەی مەرگی هەزاران لاو بەرەو هەڵپاچینی زۆرە ملێی دادگایەکی کارتۆنی که بڕیاردانی قەرەقوشی بوو.. دەیانزانی بەرەو پیری مەرگ دەچین، بەرەو کۆتایی هەموو ئومێدو ئاواتەکان، هێزو توانامان بۆ کۆتایی بوو هەرچەندە بێ تاوان بووین جگه له کوردبوونمان نەبێت، ئێستاش به زۆری تاوان بەرەو دادگای زۆرەملێ راپێچمان دەکەن، بۆ تاریکایی گۆڕستانی دەستکردی خۆیان، بەرەو ئەو هەنگاوەی هەڵهێنانەوەی به دەست خۆت نییه، دەبێ هەر بڕۆی بەرەو رووی تالاوی دادگاییکردن، به زۆر تاوانبار کراین به زۆریش دەبێ ئەنجامەکەی بچێژین.. درەنگانێ گەیشتینه ناوچەیەك، بێگومان ئێمە هیچمان نەدی تا ئوتومبیلەکه پشتی نا به شوێنێکەوە دەرگایان کردەوە دایانبەزاندین به سێ چوار پلیکانەیەکدا چووینه خوارەوە، هەموو هی بێ ئۆکسجینی ناو ئوتومبیلەکه رەنگو رووخسارمان زەرد ببوو، تەواو بێهێزو لاواز بووین، خۆ له مردن نەدەترساین ئەگەر یەکجار بوایەو ببڕایەتەوە، چونکه پیاو یەکجار دەمرێ، ئەمانه رۆژی هەزار جار ئێمەیان دەمرانو نەدەمردین، له ژێر ئەشکەنجەو ئازاردا.. ئەو

هۆڵەی دادگا, نازانم چۆن باسی بکەم، دیمەنی ترسناكو ناشیرینی هۆڵەکه به هەزاران ناو له سەر دیواری هۆڵی دادگا نووسرا بوو، زۆرترینیان له سێدارە درابوون، که سەیری دیوارەکەت دەکرد خۆت به مردوویی دەبینی، زۆری دیوارەکه نووسرابوو سێدارەو هەتا هەتایی، جگه له کەڵەکەبوونی خۆڵو خاشاكو بێ ئاوی وەك کەلاوەیەك بوو، که چەند ساڵێکه کەس تیا نەژیابێت، هۆڵی دادگا واتای گۆڕستانی پێش مردن، به واتای زیندوو له بەرگی مردوودا.. هەموو له بێ ئارامی، چارەنووسمان بووین دەبێ بەرەو کام لا بڕۆین، هیواو ئاواتەکانمان بەرەو کام چارەنووس رێدەگرێ، بەرەو کام وڵاتی نهێنی، ئێمەی بێ ئاڵای تێ دەبەن دەیکەن به گۆڕستانی بێ ئاڵاکان، ناسنامەی بێ نیشتمانیبوون مان دەسەلمێنن, بێ بەریمان دەکەن له ژیانی ئاسایی، تۆ بڵێی له پاش مەرگ جارێکی تر بچینەوە باوەشی نیشتمان، ئایا به مردوویی دەچینەوە کوڵان، ئەی ئەمەکی هاوبیرو باوەڕەکانم، سۆزو خۆشەویستی خەباتو نیشتمانم، له پاشدا وێنەم دەکەن به دارا، ناسنامەی شەهیدێکی ئاوارەم دەدەنێ، شەهیدێکی دوورە وڵات, به بێ نازی خاكونیشتمان. بێ ویژدانەکان کر دیان به پە تا، تا دوا هەناسەیان لیٚ بڕیو پێیان وت تاوانباری له یاساو به کرێگیراوو تێکدەری چارەنووسی بەعسییەکانه، له پاش ئەمانه نۆرەی پرسەکەمانه هەرچەندە پرسه قەدەغەیه ناهێڵن؟! دایکی جگەرسووتاو باوکی پشت شکاو تێر کەفو کوڵی دڵی بڕژێ بەسەر تەرمی شێوێندراویدا، قەدەغەیه, دەبێ پارەی کوشتنی کوڕەکەی بدا ئەگینا تەرم ناتوانێ وەرگرێتەوە.. دەبێ بێ دەنگ بێ له ئاستی تاوانبارییان پێیان بڵێ ئەمر دەفەرمووی قوربان، ئەمە ئەنجامی خەباتو تێکۆشانه ئەمه پاداشتی چاکەو داوای ئازادی بۆ ژیانه، ئەوە چوو لەگەڵ خۆی چوو به تەنیا بەڵام ناخو هەستی پڕ له ئارەزوو مەبەست له گڕی قینو تۆڵه، دژ به ستەمکاران، ئەگەر لەو گەشته له سێدارە نەدرایتایه دادگایی هەتا هەتایی وەك بەربوون وابوو!، تۆزێ ئومێدی زیندوێتی تیا بوو، تاکه رووناکی ئێمه که زۆر تامەزرۆی بووین لامان خۆش بوو به دادگاییکردنی هەمیشەیی چونکه دیارە ئەم جۆرە دادگاییکردنه هیوای بەربوونی تیا بوو، به رای خۆمان بەربووین له مردن رزگارمان بووە، وەکو له قوڕگی شێر بێیته دەرەوە، هیچ ترسێك له ترسی دادگا سامناکتر نەبوو، چارەنووسی ئێمەو

هەزارانی وەك ئێمە لە دادگا دیارییان دەكرد بۆمان، دادگای شۆڕشی عێراق (المحكمة الثورة العراقية) ئەو شوێنەیە كە شەلم كوێرم ناپارێزم، یان دەكرد نازانم چۆن بڵێم یەكەم تاوانی جیهانی دادگای (الثورة)یە لوتكەی بەدڕەوشتیو خراپەكاری بوو لە عێراقدا كە دەستیان بە خوێنی كوردو رۆڵەكانی سوور بوو، مەزرای خوێنمژین لێرەوە دەستی پێدەكرد رژێم كۆمەڵێك پاوكوژی كۆكردبووەوە سەرۆكەكەیان ناوی (عواد بندر) بوو لێرەو بە نووكی پێنووسەكانیان هەزاران مرۆڤی بێتاوانیان لە سێدارە داو گوللەبارانیان كرد. لە كاتێكدا پێنوس بە واتای وشیاریو رووناكبیری مرۆڤایەتی پێنووس واتای بڕەو بە ژیانی ئازادی خۆشەویستی كۆشش كردن، لە پێناوی وڵات دا. پێنووس بەڕێوەبەری ژیانە. بەڵام پێنووسەكەی ئەوان تەنها بۆ كوشتنو سێدارە دەینووسی پێنووسەكانیان تاوانو خوێنو كۆتایی ژیانی دەنووسی، پێنووسەكانیان لە پێناو تەواوكردنی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بوو، زۆرجار ئەو تاوانانە عەرەبە شیعەكانیشی دەگرتەوە بە شوعیەكانەوە، لە كاتی لێپرسینەوەدا گوفتارەكەیان دەخوێندەوە دوا بڕیاریان دەردەكرد هەندێك جار دەیخایاند بە 5 تا 6 جار دەیانبردیت بۆ دادگاو. دەیانهێنایت, بگرە زیاتر دوا بڕیاریان لەسەر دەدایت، لە ئەنجامدا دەیانڕوانییە جەستەو ناوچاوت سەرۆكی دادگا گوفتارەكەی دەخوێندەوە هەندێك چپە چپیان دەكرد، بۆ جارەكانی دیو لە دوا بڕیار یەكسەر ئەو ماوەیەی بۆی دادەنایت لەگەڵ دوا بڕیاری كۆتایی بۆی دەخوێندیت، بە لە سێدارەدان یان هەتا هەتایی هەر كامیان بۆ دانابوویت هەر ئەوە بوو، لەسەر رێنمایی سەركردە ترسنۆكەكەیان بڕیاریان دەردەكرد چونكە لە پاش هەموو دادگاییكردنێك ناوی سەدامیان دە هانی، سەدام حسین الرئیس جمهوری بەم شێوەیە بوو، بەڵام كورد دەڵێ مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە، هۆڵی دادگاو دیوارەكانی واتای سەلماندنی كوشتنی ژنو منداڵو پیرو لاو، بێ رەچاوكردنی بارەكانی كۆمەڵایەتی لەگەڵ رێزمدا بۆ ژنانی كە نیوەی كۆمەڵن سەگ بە ژن ناوەڕێ، بەڵام ئەوان سەگیان كردبووە كونەوەو خۆیانبەردابوو لەجباتی سەگ، جگە لە ئەشكەنجەدانو دەستدرێژیكردنە سەر رەوشتو ئاكاریان دادگایی بە لە سێدارەدان دەكران وەیان منداڵان ئەو بوونەوەرە پاكو بێگەردەیە كە وەك پەپوولە وایە، خودا دەیبەخشێ بە كۆمەڵگەی

مرۆڤایەتیو تا ئەنجام پاشەڕۆژ كۆتا نەبێت ئەمانە پیاوی دواڕۆژ بوون، بەڵام پەیڕەویان نەهێشتنو توناكردنی ئەو منداڵانە بوون لە ترسی پاشەڕۆژیان دەیانزانی تاوانبارن بەرامبەر بە مێژوو, لێ خۆش بوون نییەو تۆڵە هەر ئەمانە. دەیسێنن بۆیە درێغییان نەكرد لە شەهیدكردنیانو لە سێدارەدانیان بۆیە ژیانی ئاسایی قەدەغە یە لە كوردستان، بە كرداری زۆرداری بەعسییانە ئەوانەی بۆنی ئازادییان لێدەهات وەیان مەترسیدار بوون وەیان رێگر بوون لە دەستدرێژی شۆڤێنییی فاشستەكان.. دەیانو سەدان سات هەڵیان دەكوتایە سەر ماڵان بە بێ دەستپاراستن، دەستدرێژییان دەكردە سەر كەسوكاری زیندانییەكان سووكایەتییان پێدەكردن، رەفتاری هەمیشەییان بوو، لە هۆڵی دادگا چاوەڕێبووین هەندێك عەرەبمان لە پێشەوە بوو (10) كەس دەبوون، ئافرەتیشیان لەتەك بوو، شەشیان چووە سەرەوە نەگەڕایەوە، نەگەڕانەوە لە دادگا واتای لە سێدارەدان ئەوانە بەر ئەو ژەمە خواردنەی دادگا كەوتن، ئافرەتێكیان لەتەك بوو، چووە سەرەوە لە گەڕانەوەدا لە یەكەم پلە بوورایەوە، كەوتە خوارەوە، لەوێدا یەك دوانیان دەستیان دایە ژێر باڵی راستیان كردەوە، ئاوی لێنەبوو تا بیكەن بە دەمییەوە، بە پارچەیەك مقەبا باوەشێن كرا تا بە تەواوی هۆشی هاتەوە، ئەوە كارەسات بوو كە دیمان دژ بەو خێزانە كرا، شیعەكان لە دادگا بە هیچ جۆرێك سۆزیان نەبوو بۆیان هەمیشە بە مردن وەڵامیان دەدانەوە، بۆیە ژنەكە وتی چی بوو، لێمان پرسی بۆ بوورایتەوە وتی وەڵڵاهی وەڵڵاهی هیچم نەكردووە؟! بەس لە گوفتارەكەمدا وتوومە ئاگام لێبووە! ئەمان دژی رژێم گفتوگۆیان كردووە، ئەوان لە سێدارە دران منیش بە پانزە ساڵ دادگایی كرام، ئەگریا ئەیووت دوو كۆرپەكەم بێ كەسن نازی دایكو باوكیان نابێت، چۆن دابڕان تازە تا پانزە ساڵ منداڵەكانم لە نازی دایكو باوكیان بێبەش دەبن لە باوەشم ناخەون، گرفتی خۆمان لەبیرچوو، دیمەنی ئەو ئافرەتە هەراسانیكردین چاری ئێمە نەبوو ئەو هاوزمانی خۆیان بوو وایانلێكرد، تاوانی دژە ئافرەتانیش بەو شێوەیە دایكێك لەسەر گوێ لێبوونی گفتوگۆ پانزە ساڵ دادگا بێ بەزەییانە بێ. رەچاوكردنی منداڵە وردەكانی، یەكێكیان مێردی ژنەكە بوو، لە سێدارە درا ئەوانیش هاوڕێو ئاوەڵیان بوون، لە پاش ئەمانە نۆرە هاتە سەر ئێمە، بە كۆمەڵ كردینیانە ناو (قەفەز)ی دادگاوە یەك

یەك پرسییان تۆ تاوانباریت یان نا، بێگومان شێت نەبووین هەر لە خۆمانەوە بڵێین تاوانبارین بۆیە دووپاتی ئازارو ئەشکەنجەو جەستەی بیمارمان بۆ کردەوە، کە تا ئەو ساتەش جەستەمان زۆر بە چاکی شوێنی ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو، بۆمان سەلمان ئێمە ئەگەر دانپیانانمان کردبێ هۆی برژان‌و سووتانی جەستەمان بووە. نەك بە خۆشی خۆمان وەیان دووپاتی جنێوو سوکایەتییەکانیان کە دە یان کرد پێمان.ڕەوشتی هێزو نوێنەرایەتی بەعسە لە کوردستان، بێگومان بێ ئاگاییان نییە لەو ئەشکەنجەیە خۆیان بەشدارن ئەگەر ئەشکەنجەو زۆرداری‌و گۆشت لێکردنەوەی جەستەیی مرۆڤ نەبێت، بێگومان کاسپییەکەیان دەوەستێ‌و کەس دادگایی ناکرێت لە عێراقدا بە گشتی، لێکۆڵینەوە بە گفتوگۆیی هێمنانە نەبوو، لە زمانی سۆندەو کێبڵەوە زانیارییان وەردەگرت بە دڵنیاییەوە ئەو زمانی نووسینە واتای تەواو پڕ ناداتە دەستیان؟ بۆیە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیاندا لەگەڵ زیندانییەکان دا. هەریەکەو بە جۆرێك پێیان رابواردبوو بە رەحمەت بێ کوڕێکی چوارباخی لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان وتبووی خۆتان چی ئەنووسن بنووسن، وەیان گەنجێك گیرابوو خۆی لە راستیدا بەشداری رێکخستن نەبوو منداڵ بوو, ئەمە دادگاو بەڕێوەبردنی دادگا بوو ئەمە مشتێکە لە خەرمانێك ئەمە نوکتەی بچوکی ناو زیندانە... زۆر نابەجێی و کاری ناڕەوای لەوە زیاتر رووی دابوو وەیان رێبوار کوڕێکی منداڵی تازەپێگەیشتوو بوو وتبوویان چالاکیت چی کردووە وتبووی (نائیب زابیت)ێکم بانگ کردووەو کەللەیەکم کێشا بە دەمیاو دەمانچەکەم لێسەندووە، ئەگەر فەسادی‌و بێ ئاکاری دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی نەبێت تا لە رێی ئەو درۆیایەنەوە دەستمایە بەدەست بێنن ببنە خاوەن سەرمایە لەسەر خوێنی لاوانی میللەتەکەمان، ئەوە یاریکردنە بە ژیری بەعسییەکان, بەلام هەر پێیرازیبوون, گرنگ ئەوە بوو ئەوان تاوانباری بکەن لە رێی ئەو پێڕابواردنەی خۆیانەوە تا دادگاش وەکو ئەوان سوودمەند بێت، بۆیە لە پاش لێپرسینەوەی هەموومان دیسان دادوەر خۆی تووڕە کردەوەو وتی بۆ دووبارەی لێکۆڵینەوە بە واتای بۆ جارێکی تری ئەشکەنجەو لێدان بۆ دووبارە خوێن رشتنی بە زۆر، خۆشمان نەمانزانی بۆ وەیان چۆن هەموو لەسەر یەك ئاواز راهاتین کە بڵێین بێ تاوانین لە راستیدا تاوانمان بەس کوردبوونمان بوو نەك دەستدرێژی. خوێنمژو زۆردار, ئێمە لە ماڵی خۆمان بووین ئەوان داگیرکەری وڵات‌و ماڵ‌و سامانمان بوون ئێمە چەند تاوانبار بووین ئەوان سەدان ئەوەندە، تاوانیان لێدەتکا بۆیە وتەیەکی رەسەنایەتی کوردی هەیە، تا ملکەچی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادی یەکگر بین.. ئەوە دوژمن‌و رەفتاری داگیرکەرانەیە، دیاری بەعسە بۆ گیان‌و ویژدانی ئەم نەتەوەیە ئەی بۆ خۆمان بەزەییمان بە خۆمان‌و نەتەوەکەماندا نایەتەوە، ئەی بۆ ویژدانی خۆمان رازی نەکەین لە ئاستی لاوانی نەتەوەکەمان، ئەگەر ئەو هەر بمانکوژێ‌و خۆشمان خۆمان بکوژین کەواتە جیاوازی چییە لە نێوان ئێمەو بەعسدا؟ ئەو رۆژە پاش نیوەڕۆ گەڕاینەوە، درەنگ بوو هاوڕێکانمان خواردنیان بۆ دانابووین، بەڵام هەر لە بیری ئەو دادگاییکردنەدا بووم! کە چۆن پێمان وتن وەرن بڕواننە جەستەمان هەمووی سووتاوە بە کارەباو کێبڵ ئەگەر وانا مافی خۆتانە ئێوەش چیمان لێبکەن ئەگەر بە لە سێدارەش بێ، سەرۆکی چەتەکانی دادگامان تێگەیاند کە ئێمە لە ترسدا ئەو شتانەمان وتووە،..... لە ترسی کوشتن جا ئەگەر لێرە کوشتن هەر هەبێ کەوابێ لەوێ بمردینیایە چاکتر بوو شارەکەی خۆمان بوو, ئەوە هاتینە ئەم نامۆبوونەی کە جارێکی تر هیوابڕاوی گەڕاندنەوە بووین، راستییەکەی ئێمەی زیندانییەکان یان زۆر ساویلکەو نەزان بووین وەیان زۆر ئازا بووین کە رووبەڕوو پێمان وتن وەرن بنوارنە جەستەمان، واتای تاوانەکانتان ئەمانەن بۆیە ئێمە دانمان پیاناوە، بەڵام بێگومان بن ئەوە رێڕەوی دادگا بوو کە جێبەجێ دەکرا لە ئەمنەکاندا، ئێمە راستەوڕاست بە خۆیانمان وتەوە کە وامان لێکراوە، دادگا خۆی بڕیاری لێدان‌و ئەشکەنجەدانی دەدا، کەچی ئێمەش لە چاوقایمی خۆمان دەچووین لای خۆیان گلەییمان لە بڕیارەکەیان دەکرد، وتەیەکی بیانی هەیە دەڵێ، دەکرێ هەموو کەسێك بۆ ماوەیەك لە خشتە بەریت، دەکرێ هەندێکیش بۆ ماوەیەك فریو بدەیت، بەڵام هەرگیز ناکرێ هەموو خەڵکی بۆ هەمیشە فریو بدەیت، بۆیە ئێمە دادگامان بە رێڕەوی راست‌و دورست دادەنا کە لەو رێڕە وە بتوانین ئازارەکانمان سارێژ بکەین‌و گازندەکەمان بەرز کەینەوە بۆ لوتکە بەڵام دوا بڕیاری ئەو جارێکی تر لێکۆڵینەوە بوو بۆمان، لێرەوە بۆمان دەرکەوت ئەو دادگایە فریودانە نەك رێکوپێکی عادیلانە ئێمە فریو دراین تا راستییەکەمان بینی، لە دوایی دابێ هیوا بووین لەو دادگایە باوەڕمان بەس بە

خۆمان و هێزی جەستەمان نەبێت باوەڕمان بە هیچ نەما، دەنگوباسی پەشیمانبوونەوەی دادگا و خەڵکی بێ تاوان بەرز ببوەوە بۆ لای سەرۆکی دڕندەکان، خەڵکانێکی زۆریش بە بۆنەی بازرگانییەوە تێکەڵی بەرپرسە عەرەبەکان بوون گازندەیان کردبوو لە خاوەن بڕیار بەڵام بێ سوودبوو, ئەشکەنجەو سووتان ئێستاش دەست و پلی هەر زیندانییەك دەبینی شوێنی جگەرەو سووتاوی پێوەدیارە وەیان لە جەستەدا پەڵەی رەشی پێوەیە، هی ئەشکەنجەدان، بۆیە ئەم جارە تۆزێ نەرمتر بوو ئەم جارە هاوڕێکانمان کە بران بۆ لێکۆڵینەوە هیوایەکی باشیان پەیدا کرد لە ناو (ئاسایشی گشتی) (الأمن العامة) دووبارەی لێکۆڵینەوەیان کرد، بەڵام هەر ئەو هاوڕێیانە لە پاش لێکۆڵینەوە باسی رێکخستن و کوردایەتییان کردبوو لەناو هۆڵی ئەمنی عامەدا، هەڵبەتە ئەوانیش زۆڵ بوون، بە ئاگا بوون لە رێی دوو زیندانی عەرەبەوە سیخوڕیمان لەسەر کرا, لەوەوە تۆزێ کاریگەری دژایەتی دەروونی عەرەب کەوتە سەرمان ئەوان خۆیان تاوانبار بوون کەچی لەسەر ئێمە بوونە گەواهیدەرو (ئەمن)یان بە ئاگاهێنا کە ئێمە شۆڕشگێڕین، دوو عەرەبی بەدفەڕو ناپەسەندی لێبوو چڕوچاویان هەر لە کەمتیار دەچوو، ئەو برادەرانەمان لە دڵسافی خۆیان دڵیان هەڵڕشتبوو, لای ئەوە دوو بەچکە بەرازە (رەحیم و عەباس) هەردوکیان وەك دادگا تاوانبارن بەرامبەر بە مێژووی کورد چووبوونە بن کلێشەی هاوڕێ زیندانییەکاننەوە قسەیان لێ دەرهانیبوون کە ئێمە شۆڕشگێڕین و بەشداری خەبات و تێکۆشانین، ئەمە بوو خراپترین روودان لە زیندانییەکان خۆیان بە بیانوو بوون یەك هەفتە نەرمبوون لەتەکمان دوایی بە هەمان شێوە کارەبا و کێبڵەکەمان بۆ هاتەوە ئەوانەی کە دووبارەی لێکۆڵینەوەیان تەواو ببوو دیسان بردیانەوەو گوفتارێکی تریان پێ نووسی، ئەوانەی لە سەرەتاوە بەر لێکۆڵینەوە کەوتن چارەنووسیان بەرەو سێدارە چوو، بە بۆنەی ئەو دوو جانەوەرەوە کە بوونە هۆیەك بۆ توندوتیژی لەسەرمان و سەدان لاو لە سێدارە بدەن، ئەوەی لە (ئەمنی عامە) ئاسایشی گشتی دووبارە کرایەوەو لێکۆڵینەوەکانیان... زۆریان لە سێدارە درا، ئێمەیان 1986/8/1 برد بۆ پۆلیسخانەی فەزیلە واتای لە پاش دوو هەفتە مانەوەمان لە (أمن العامه) بۆ ماوەی چەند رۆژێك لەوێ بووین بە بۆنەی ئەو هاوڕێ خۆشەویستانەوە، لە گەیاندنی

هەواڵی من بۆ ماڵەوەمان دیدەنییەکم بۆ کرا.. دیدەنی دووەم پێ رانەگەشتم بەهۆی گواستنەوەم، لەو دیدەنییەدا جلوبەرگ و شتم بۆ هاتبوو هەروەها بۆ ئەو هاوڕێیانەم بە هەمان شێوە، دیدەنییان بۆ کرا بوو، هەرچەندە باوەڕم بە جارێکی تری ژیان نەبوو، چونکە هەموو راستییەکان بە دەستەوە بوون رێچکەیەك بوون بۆ راستییەکان . دیارە لە بیریان چووە یان وتەکانی سەر کاغەزەکە لایان مەبەست بوو، بۆیە هیچ کام لەو بەڵگانەیان. رووبەڕوو نەکردمەوە، بەڵام هێشتا من نەجاتم نەبووە، فەیلەسوفی هیندی دەفەرمووێ: مەلەکردن لەگەڵ تیمساح ئەگەر لە مردن رزگار ببی لە ترسی نەجاتت نابێ، بۆیە ئێمە هەر بڕیارێکی تازە دە ردە چوو، بێگومان هەر جێی مەترسی ئێمە بوو، بێ متمانەیی دوژمنکارانەی بەعس بوو بۆ ئێمە، بۆیە لە پاش ئەو دیدەنییە کە دایکم و کەسوکارم گەڕانەوە یەکسەر بە دوای ئەواندی (وەسیەتم) نووسی، دوا وتەی پێش مەرگ، بەم شێوەیە بوو: بۆ دایك و کەسم ئەوانەی بە هەڵوەدایی، دوا ساتی بینینی منن، کەس دڵتەنگ نەبێ، بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، لە پاش سڵاوی دووریم، هیوای خۆشیتان دەخوازم، پێم خۆش بوو بۆ دوا جار ئەم نامەیەتان بۆ بنووسم، خۆتان دەزانن رێگەمان هات و نەهاتە، پێویست بە هیچ ناکات، من دڵنیام لەوەی کە کردم، خۆتان دەزانن سەرم بەرزە، لەسەر چارەنووسی میللەتەکەم بە سەربەرزی گیرام, ئەگەر هەر چیم لێ بکەن دیارە هەر خۆشە, نابێ لاتان ناخۆش بێت، خۆتان دەزانن من بەشداری هەموو شتێکم کردووە، ئێستاش دوا بڕیاری دادگا نزیکە وام بە باش زانی بۆ دوا جار خواحافیزیتان لێبکەم، من سەر بەرزم لە رێی راستدام.. ناوەرۆکی نامەکە لەوە پێکهاتبوو راستییەکەی زۆرتر بوو ئەوی ترم لەیاد نەماوە هەرچەندە ئەمە زۆر کەمترە لەوەی کە نووسیم، وا بزانم بە رەحمەت بێ بە ماڵی بۆتان چوارباخی رەوانەم کرد، ئەوانیش دابوویانە دەست ماڵی پوورم، لە دوای ئەوەی کە دادگا بڕیاری هەتا هەتایی دابوو ئینجا باسیان کرد بوو لای دایکم ئەگینا کەسیان نەیانوێرا بوو باسی بکەن.. هەرچەندە ئەوەی لە دڵمدا بوو نەمتوانی بینووسم لە ترسی ئاسایشی گیانی نامەبەرەکەو قورسی دووبارەی لێکۆڵنەوە.. بەو تۆزە نووسینە توانیم دڵم رازی بکەم.. هەرچەندە کە ئێمە چووین بۆ فەزیلە باسیان لە چوونی خەیروڵڵا کرد کە چووەتە ناو زیندان و بە دەم ئازارو ئەشکەنجەی

کوردەکانـەوە هـاتووە لـە راسـتیدا نەچـووایە باشـتر بـوو، بـە چـوونی ئـەو بـۆ ئـەو زیندانە بووە هۆی شێواندنی باری گوزەرانی زیندانییەکان لە راستیدا کورد فێـری هـەڵقونین‌و داقـونین نییـە بـۆ بـەرپرس وەیـان شـاتە شـات‌و هـاواری هـاوپێچ لەگـەڵ سوودی خۆشەویستی بە دەم بۆ ئەو کەسەی کە دێت بۆیـە چووبووە نـاو زینـدان هـەروا بـە ئاسـایی پێشـوازییان کردبـوو، سروشـتی هەلهەلـەو هەڵپـەرین هـی ئێمـە نەبوو دوای ئەمە ئەگەر سەدامیش بهاتایە هەر هەمان پێشوازی لێدەکرا، چووبووە ناو زیندانییەکان گفتوگۆی لەگەڵ کردبوون، بەڵێنی پێدابوون، کە ئازادیـان بکـات گوایـە دەزانـن بێتـاوانن ئەمانـە غـەدریان لێکـراوە، بـە زۆر تاوانبـار کـراون، هـەروەك چۆن هـات ئـاوا گەڕایـەوە دواوە وەك میـوانێکی ئاسـایی خواحـافیزی لێکـرا، بۆیـە نیگەران بوو لە زیندانییە کوردەکان لە پاش گەڕانەوەی بە هەفتەیـەك بەشێکی زۆر لە زیندانییەکانیان بەرەو شوێنێکی نادیـار بـرد, دوای ئـەوان بەشـێکی تریـان بـرد, بە دوو جار 47 کـەس زیاتریـان بـرد بـێ سـەرو شـوێنیان کـردن بـەڵێنی تفاح بـوو، بەڵێن لای ئەوان بەو شێوە دەبـێ پیـاوەتی‌و راستگۆیی ئاوایـە، ئـەوان وا فێرکـراون چـۆکیان بـۆ دابـدەن بنوشـتێنەوە لـە بـەردەمیان، دەسـتیان ماچـبکەن ئەگـەر ئارەزوویان بوو وەڵام دەدەنەوە، جا ئێمە فێری ئەو شتانە نـەبووین کـورد هەمیشـە لە بەرزیدا بووە فێـری نوشتانەوە سـەردانەواندن نییـە، بۆیـە هەمیشـە سـەربەرزین، ئەوان لەسەر وشەی (برۆح باالدم)ێك 47 کەسیان ون کـرد، 47 گـەنجی جـوان خێـر لە خۆ نەدیو بۆ هەمیشە هیواو





ئه ی ئا وا ته كا نی ئه م (دێوه زمه یه چی لێهات)  نمونەی کیمیا بارانی هەلەبجە

ئاواتەکانیان نایە ژێر گڵ منیش تـەنها تـوانیم ئەوەنـدە بڵـێم بـەو پۆلـە شـەهیدە، لەگـەڵ ئەسـرین فرمێسـکی چـاوەکانی زیندانیەکانـدا لەگـەڵ تامـەزرۆی سـاتە وەختێکی بینینی ژیان،  هەردەم زیندان لە یادمدایە، شەهیدەکان لە پێش چاومن، ئەگـەر رۆژی جارێـك نـەڵێم زینـدان دڵـم ناحەوێتـەوە، نـاتوانم شـتێك بکـەم، وشـەی زینـدان لـە بیر بکـەم، من‌و سـەدانی وەکـو مـن لـەدایکبووی زینـدانین، بیرو هـۆش‌و ژیریمان لە زیندان هاتە جیهانەوە لە زیندان فێربووین دوژمن بناسین، درۆ بناسین، تاوان کوشتن ببینین، وشەی زیندان زۆر گەورەیە، هەم بیرو هەم هۆشـی زیندانییـە، هەم تاوانە گەورەکانی دژ بە مرۆڤایەتییە، ئەو پۆلـە باڵـدارە لـە دەمەوبـەیانی پـڕ لـە قینی بەعسیان گەردەلوولێکی تاریك رووی تێکردن بۆسۆیی جەستەی مرۆڤی ئاوا دەکـرد، لەگـەڵ ئـەو بەیانییـەدا، لەگـەڵ گزنگـی خـۆری ئـەو رۆژە، لـە جریـوەی چۆلەکەوە هەنسکی گریـانی سـاوای بـێ باوکـدا، لەگـەڵ هەڵقرچـانی دڵـی دایـك بـۆ جگەرگۆشـەکەی لەگـەڵ لێـدانی دوا سـاتەکانی خورپـەی دڵ ی زیندانییـەکان لـەو ساتەوەختە 47 باڵدار بە پچڕپچڕی بەرەو خۆری ئاوابوون بـەرەو شـاری خامۆشـی بـەرەو سـڕینەوەی ئاسـەواریان لـە گلۆڵـەی دڵـی مێـژوودا، رۆژی روونـاکی کـرد بـە شـەوەزەنگی ئاواتـەکانی، بـەرەو ئـاوابوونی پرشـنگی خـۆر کۆتـایی پـێ هـات وردە وردە تاریکـایی باڵـی کێشـا بەسـەر زینـداندا هـەموو لـە چاوەڕێی ئازادیـدا بـوون بـە بەڵێنە درۆینەکانی خەزووری دڕندەگەوە کە خۆیان وەڵامـی دابـوو سـاتە نـا سـاتێك لـە چاوەڕوانی زیندانییەکانـدا، کـوا بـۆ نـەهات بـە دەم بەڵێنەکەیـەوە، بڕیـار وابـوو بەرمان بدەن خۆ بەڵێنیان دا، خۆیان وتیان ئێوە بێ تـاوانن کـەوابێ تاوانبـار کێیـە، ئەی بۆ گیراین، قەینا کورد دەڵێ قەزاو قەدەر!!؟ ئێستاش بەرمان بدەن قەینا، بەڵام لەگـەڵ کردنـەوەی تەقـەی کێلـون دەرگـا گەورەکـە، لەگـەڵ دەنگـی کێلـونی دڵـی زیندانییـەکان لـە دڵیـان چەسپیبوو یەکسـەر ئـەوە بـۆ ئێمـە هـاتوون، بـەرمان ئـەدەن

بەلاّم ئەوە راچڵەكاندن لە خەوی هیواو ئاواتەكانی دڵ بوو, زیندانییەكان لە چاوەڕێی دوا بەڵێنی خەزووری دڕندەكەدا بوون بەلاّم ئەوانیش لە چاوەڕێبوونی ئەماندا بوون تا دەستی رەشیان بە خوێنی ئەمان سور كەن تا زووتر تاوانەكەیان ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی پۆل پۆل راپێچی مەرگیان بكەن. لەگەڵ كردنەوەی دوا كێلون دەرگا ناوچاویان پیشانی دا كە نیازیان پاك نییە، دڕندەن چاوەڕێ خوێن مژین ی ئەوان دەكەن مامۆستایی كوردایەتی عەبدوڵلا پەشێو دەفەرمووێ خوێن زەرو برایی‌یەكنین گوێزانو مو برایی یەكنین ئێمەش دەبێ بزانین فاشستیو شۆڕش گێڕ وەك ئاگرو ئاون بەڵێنی ئەوان بۆ شۆڕش گێڕو ئازادی خواز، لە ناو بردنە، ناپاكی كردنە، هیچ كات ئەوان دۆستی ئازادی خوازو شۆڕش گێڕ نین.. بەڵێنی كوردەواری واتایی پیاوەتی، ئاكار گەورەیی بەخشتندەیی، بەداخەوە دڵی دەیان گەنجی كورد دەیان ماڵی زیندانی بەو بەڵێنەی تفاح چرایی هیواو ئاواتیان تیا داگیرسا، هەروەك بەڵێنەكانی تریان ئەمجارەش بردیانە سەر بە درۆو دەلەسە، بەلاّم كوا بەڵێن كوا ئاكار، كوا پیاوەتی، هیچیان نییە سەلماندیان بۆ مێژوو كە هیچ نەدیون كە پیسترین دڕندەو بونەوەری سەر ئەم خاكەن، بە درۆكانیان رووناكییان لێكردین بە شەوەزەنگ ژیانیان شێواندین، بەلاّم هەرگیز نەیانتوانی چۆكمان پێدادەنو وشەی كوردستان لە مێشكمان دەركەن، وشەی كوردایەتی بسڕنەوە، راستە ئێمە زیندانی بووین هەمیشە رووناكی نیشتمانو وشەی كوردستان لە دڵماندا ئەدرەوشایەوە، هەرگیز چۆكدادەر نەبووین، مردن خۆشتر بوو لامان وەك لەو درۆیانەی كە دەیانكرد.. لامان باش بوو بمرین بەس چەپڵە بۆ ئەو سەگو گورگە لێنەدەین ئەبێ بزانین ئەو دڕندانە ئەو فاشستانە هیچ كات نە دۆستو نە برای كەس نین جگە لە دەستەلاّتو خۆ سەپاندن نەبێت، بۆ دوا جار (وەسێتم) نووسی، پێی راگەیشتم بەداخەوە بۆ ئەو هاوڕێو هاوبیرانە، پێڕانەگەیشتن بۆ دوا جار دوا وتەیان چییە ئەوەی كە بە درێژی ساتە تەماوییەكان ئازاریان دەدا،





وێنەی دوای ئازاد بونم لە زیندان دوپات كردنەوەی خەبات كۆل نە دا نم لە دژی دا گیر كە ران

بۆیان نەكرا ماڵئاواییش بكەن لە هاوڕێو هاوسەنگەرەكانیان.. بۆ ماوەی (10) رۆژێك لەوێ بووین وەسێتەكەم تەواو بوو، ناردم لە پاش ئەو بەرواره لە 1986/8/11 راپێچ كراین بە ئوتومبیلە (بەچەستێنراوەكە)دیسان بووەوە بە خەمخۆرمان خەمی هەموومانی لە كۆڵ نا بردینیان بەرەو نازانم، لە پاش دەرچوونی ئێمە، دیدەنی هاتبوون دایكمو كەسەكانم، بەلاّم نائومێدی جارێكی تری بنین كران, پێیان راگەیەنرابوو دوا جارە ئیتر نایەمەوە، بە بێ هیوا گەڕابوونەوە، ئێمەش ئەو رۆژە بەڕێوە بووین ئێوارەیەك كردینیان بە شوێنێكدا زۆر چاوەڕوانیان پێكردین زۆر وەستاین تا جێیان بۆ كردینەوە، چاومان بەسترایەوە یەك یەك بە ریز كردینیان بە ژووردا، لە ژوورێكی چۆڵ لە هەموو شتێ, دایاننایین نەمانزانی كوێیە تا دوا جار كوڕێكی گەنج كورد بوو لە پەنجەرەی دەرگاكەوە كەوتە گفتوگۆ لەتەكمان وتی ئێرە (هەیئە)یە.. هەیئەی كەركوك، ئەو كوڕە خۆی زیندانی بوو، بەلاّم كرابوو بە چاودێری زیندان، ئەو ئێوارەیە وەك زیندانی ئاسایی بووین، جگە لە ماندووبوونێكی زۆر هیچ شتێكی نامۆمان نەبوو، ئەگەر لە بیرم مابێ، من بووم، رێبوار محەمەد، جەلال تۆفیق، رزگار شێخ عەلی، ئیسماعیل حەسەن شاكر، سامان عەبدولكەریم، تەها ئیبراهیم حسین، سەردار توفیق، نەجمەدین بەهادین، هیوا عەلی، یەكەم جار كە چووین بەرەو هەیئە، نانی ئێوارەیان بۆ هێناین بەلاّم هەروەك خۆراكی زیندانییە سەرەتاییەكان بوو بێچووە سەمونو شلەیەكی ئاسایی بوو سەر زەوییەكەشمان راخەر نەبوو ئێمە نەمانزانی بۆ هاتین, لەو شوێنەدا بە نائومێدی سەرمان نایەوە بەلاّم چارەنووسمان لە كوێ بۆ كوێ چۆن دەڕۆین، دەنگی دووبارەی لێكۆڵینەوە هەبوو بەلاّم هیچ جۆرە شارەزییەكمان نەبوو لەسەری دڵنیا بووین بۆ جارێكی تر هەڵواسینو كوشتن چاوەڕێمانە بێشك بیركردنەوەو ئەشكەنجە دەروونییەكان زاڵتر بوو لەسەرمان، زیاتر ترسی بردنەوەمان بوو بەرەو سلێمانی، بەهۆی هاتنی زیندانی تازە بۆ ئەمنی گشتی لەوەوپێش باسی ئەشكەنجەی نوێیان بۆ كردبووین لە سلێمانی لە

www.pertwk.com

دڵی خۆماندا دەمانووت بمانبەنەوە دەبێ زیاتر بڵێن نەك كەمتر، هەر ئەوەش بوو تووشی دڵەڕاوكێ و بیركردنەوەی كردبووین، وەیان دەنگوباسی ئەو گەنجانەمان بیستبوو, كە گوللەبارانیان كردبوون لە تۆڵەی بە زۆر تاوانباركردنیان بە پیاوكوژ جا ئێمە یەكی دوو سێ شتی وامان لەسەر بوو، بەس بە چوونەوەمان بۆ ئەوێ هەڵبەتە چارەنووسمان لەوان باشتر نەدەبوو دەكەوتینە بەر شاڵاوی دڕاندانەیان، هەرچەندە دووبارەی لێكۆڵینەوە جیاوازییەكەی ئەوەبوو دەتتوانی ئەو چالاكییانەی بە زۆر نووسیویانە كەمی بكەیتەوە، ئەویش لە ئەنجامدا كاریگەری هەبوو بۆ دادگاییكردن، هەبوو 400 چوار سەد چالاكییان بۆ نووسیبوو ئەمە زۆر دوور بوو لە راستییەوە، وەیان 150 چالاكی هەبوو بە گوێرەی پاڵەپەستۆكەی لەسەری بوو ئەوانیش هەر دەیاننووسی، باشیش دەیانزانی راست نییەو هەموو هەڵبەستراوە، چەند بە درۆ خۆت تاوانبار بكردایە ئەوان بێگوێدانە راستییەكان دەیاننووسی.. بە رەحمەت بێ دلێر لە زیندان بوو كە ئاسۆی قومری كوژرا دوایی بە زۆر نایان بە سەریداو وتیان تۆ كوشتووتە، زۆر شت بەو شێوەیە دەیانشكانەوە، بۆ ئەوەی بڵێن هەموو تاوانبارەكان گیراون.. بیكەنە چالاكی بۆ خۆیان، لە راستیدا ئەو هەموو چالاكییەی كە بە زۆر بۆ ئێمەی زیندانی نووسرابوو كۆ كرایەتەوەو راستی بوایە بێشك هیچ كاتێك دوژمن نەیدەتوانی لە ناو سلێمانیدا دابنیشن بگوزەرێنن هیچ كەس باوەڕی بەوە نەبوو كە دوژمن بە راست وەری بگرێت بەڵام بە راستو زیاتریش وەری گرت، لایان مەبەست نەبوو بتووتایە هەزار چالاكیم كردووە دەیاننوسی، لایان هیچی تێنەدەچوو، قوڕیاندەكرد بە سەریاو لە سێدارەیان دەدا، زۆر كەسیش بەو دەردە چوو كە بە بێ ئەوەی چالاكی كردبێت لەوەوپێش وەیان بزانێ چییە، زیاتر ترسی ئێمە لە سلێمانی زۆر بێ بەزەییانە كرداری نامرۆڤانەیان دژ بە گەنجەكانی بەكار دەهێنا، بۆ بەیانی دیسان دەرگایان كردەوە، بۆ نان خواردن شتێكی كەمیان هانیو خواردمان بە پەلە دەرگەوانەكە وتی دەتانبەن، نەنووسا بە دڵمانەوە بە ترسەوە خواردمان، باش هەندێك لە رۆیشتنی كات دەرگا كرایەوەو بە رێیان كردین بە كەلەپچەكراوی، سواری ئوتومبیلەكەیان كردین، زۆر رۆشتین هەستمان كرد ئوتومبیلەكە بەسەر پردێكی ئاسنیندا تێپەڕی، تەقەی پردەكە هات لە ژێر تایەی ئوتومبیلەكە، رۆشتین، بە درێژی كاتژمێر زیاتر بوو.. ئەو ئوتومبیلە بە گاز ئیشی دەكرد، تیژڕەو نەبوو، لەسەرخۆ دەڕۆشت، بۆیە زۆر دواكەوتین لە گەشتەكەمان گەیشتینە شارێك، ئاگامان لێبوو، كە دەوەستاو دەڕۆشت ئوتومبیلەكە، لە دوا جار دەرگایەكی گەورە كرایەوە ئوتومبیلەكە، خۆی كرد بە ژووردا، هەندێك وەستا، لە پاشدا پشتی نا بە دەرگایەكەوە، پشتی ئوتومبیلەكەمان كرایەوە یەك یەك دایانبەزاندین، خۆمان لە بەردەم دەرگای ژێر زەمینێكدا بینییەوە، دایانگرتینە خوارەوە بە پیلیكانەكاندا، زۆر قووڵ بوو، ئاسایی نەبوو پلیكانەكان، جیاوازتر بوو، ئەم تۆزێ بچوكو راستر بوو واتای زۆر بە بەرزی دروست كرابوو دابەزینو سەركەوتنەوە هیلاكی دەكردین، چووینە ناو هۆڵی ژێر زەمینەكە، دەرگایەكیان بۆ كردینەوە هەموومانیان تێكرد، ژوورێك بوو,لە تەنیشت قادرمەكان، قالۆنچەی تیابوو ئێمە چووین بەس بەهۆی پەنجەرەیەكەوە رووناكی تیابوو، باشتر بوو بۆ ئێمە، هەرچەندە لە نەبوونی بێ بڕوایی بە دامودەزگا داپلۆسێنەرەكان، بێ هیوایی خۆمان، ئەشكەنجە دەروونییەكانمان زیاتر بەردەوام بوو زیاتر نائومێد بووین لە ژیان، كاتی نیوەڕۆ بوو لە پاش جێگیربوونمان لەو ژوورە، یەك یەك بردینیان بۆ دەستو دەموچاو شتنو سەرئاو بۆ یەكەم جار لای دەستشۆرەكە (سابونمان) دی دەستمان پێشت هەموو تەواو بووین ئەو نیوەڕۆیە برنجو فاسۆلیایەكی زۆر چەورو خۆشیان بۆ هانین خواردنەكەشیان زۆر بوو.. بەڵام ترسی دووبارەی لێكۆڵینەوەكەو ئەنجامەكەی بێزاری كرد بووین، بە تایبەت كەوتینە ئەو چاڵەوە چاڵی ژێر زەمینەكە تازە هاتنە دەرەوەمان زۆر زەحمەتترە، ئەو زیندانە ترسناكە كە لێی بووین دیار بوو تایبەت بوو بە ئەشكەنجەدانو شوێنی كوشتنو بڕین بوو، بەڵام دڵمان بێ ئۆقرە بوو هەر نەمانزانی ئەو شارەو ئەو زیندانە كوێیە، پرسیمان لە پۆلیسەكە وتی هەقتان نەبێ، داوای جگەرەمان كرد یەكی سەرو جگەرەمان وەرگرت، باش بوو، بە پارە، پارەمان پێبوو، لەوەوپێش دیدەنی كرابووین، سەیر بوو دوو شتی لە یەك جیاواز قووڵی ئەو ژێر زەمینەو ترسناكی شوێنەكەی، نان خواردنە چەورو بەلەزەتەكەی، ئەو شوێنە ناخۆشانە هەمیشە، سەرچاوەی برسێتیو نەهامەتی بوو، ئێمە سەرسامی ئەوە بووین، دوو شت لە یەك جیاوازبو, بیركردنەوەمان لەو هاتنەمان بۆچی بێ بۆ ئەم شوێنە، ئەبێ كوێ بێ شارە یان سەربازگەیە، وەیان دیمەنێكی تری دابڕانە ونكردنی كۆمەڵێك كەسی بێتاوانی ترە، كەسمان نەماندەزانی هەرچەندە بێدەنگی باڵی كێشابوو بەسەر

ژوورەکەماندا، جار جارەش دڵخۆشییەکی خۆمان دەدایەوە، ئەگەری بیرکردنەوەی بەربوون یان مانەوەمان بۆ کاتێکی دیاریکراو هەر لەم لێکدانەوانەدا بووین بە ئومێدی دوا چارەنووسی ئازادیو سەربەستی، بەڵام هەمووی خەوو خەیاڵ بوو، هەموو بۆچوونەکانی لە یەك دوور بوون هەموو بیرکردنەوەکان جیاواز بوون، هیچی ئەنجامی نەبوو، هیچی وا تای تەواوی نەدا، هەر لە گفتوگۆی چارەنووسدا بووین سەرسامی هاتنمان بووین نەمانزانی کە دووبارەی لێکۆڵینەوەیە، دووبارەکردنەوەی ئێمە بۆ لە بەغداد نەبووە، بۆ بۆ شوێنێکی تر، زۆر شت هەستو بیری وروژاندین هەمووی جیا بوو جار جارەش ئاواتێکی ناخۆش شیرازەی بیرو هۆشو چاوەڕوانی ئەنجامی دەپچڕاندین، ئومێدی کوشتنمان دەخواست، زۆرمان لا خۆشتر بوو لەوێدا بمان کوژن، بەڵام بێ ئومێد چاوەڕوانی نەکەین.. تازە لە سەرەتاوە بەو ئەشکەنجەیەوە هاتبووین هەر جارەو بە مەبەستێك وەیان بە جۆرێك ئەشکەنجەیان دەداین، تازە گرفتاری دەستی بێ هێوای چارەنووسین، گیرۆدەی دەستی زۆردارین،



ئەی ئەمە گیرۆدەی دەستی کێیە



ئەم مندا لانە هی‌کیمیابارانەکەی هەڵەبجەیە

به ئارەزووی خۆیانە چۆن بیانەوێ وا دەکەن کەس ناتوانێ بڵێ بۆ، بەو دەردەوە لە ناومان دەبەن تا رۆژ بە رۆژ گرفت دەهاتە پێش، نەخۆشی جەستەییو دەروونی زیاتر دەبوو، ئێمە لە مردن نەدەترساین بەس بە یەك جار ئەو ئازارە دەروونییە پشتی شکاندبووین.. هەرچەندە زۆری کاتەکانمان بە قسەو چیرۆكو گفتوگۆ



بەسەر دەبرد، لەگەڵ وردە گۆرانی، قسە تەواو چیرۆك تەواو شتەکان هەموو دووبارە بوونەوە، ئێمە لە جێی خۆمان بووین.. ساتەکانمان بەڕێ دەکرد بە بێ زانین بەس لە کاتی ژەمەکاندا وەیان کردنە دەرەوە بۆ سەرئاو ئەم ئێوارەیە بردینیانە دەرەوە، پۆلیسەکەی نیوەڕۆی لێ نەبوو، پاسەوانێکی تری لێبوو، کاك جەلال لە هەموومان بە تەمەنتر بوو پرسیاری کردبوو ئێرە کوێیە، یەکسەر بە بێ سێو دوو وتبووی (منظومة الشمالية في أربيل)ە وتبووی قسە نەکەی، هاتە خوارەوە پێی وتین لامان خۆشتر بوو کە زانیمان کوێیە، هەر چۆنێك بوو تروسکایی هەر هەیە، باش بوو زانیمان ئەگینا کەس لەتاو ئەو نەزانینە خەو نەدەچووە چاوی، ئەوەندە ناخۆش بوو زیاتر ترسمان بۆ (حجز) هێشتنەوە بە بێ لێپرسینەوە بوو، وەکو دیالە مردین تا دەرچووین لەو دۆزەخە ئێستاش ئازارەکانی هەر ماون، ئەگەر وابوایە بە تەواوی بەرەوپیری تێکچوون دەڕۆشتین، دەچووینە بەرگی دێوانەوە، دانان لە شوێنێك بێ لێپرسینەوە وەکو ئەوە وایە بتخەنە چاڵێكو لە کونی بۆرییەکەوە هەناسە بدەی، ئەو ژێر زەمینەش لە قەبری ئامادەکراو دەچوو.. ژێر زەمینەکە ئەوەندە مرۆڤی ئەشکەنجەدراوی تیا فڕێ دراوە لەوەوپێش مشكو مێرووەکان، سڵیان لێمان نەدەکردەوە وەکو ماڵی کرابێت، شەوێك کاك جەلال خەوی لێنەکەوتبوو بە تەواوی مشکەکە چووە سەر سنگی توکی سەرسنگی رادەکێشا بۆ دروستکردنی کولانەی دەویست، بە ئارەزووی خۆیان تەراتێنیان دەکرد یان قالۆنجە درێژەکان پڕ بوو هەتا رۆژێك دانەیەك لەناو سەتڵی شلە خواردنەکەدا بوو، کوڵابوو دەرمان کرد نانەکەمان خوارد، ئەو مێروانەشیان فێری خوێن خواردنی مرۆڤ کرد بوو، بە برینداری فڕێیان دەدایە ژوورێك خوێنەکە وشك دەبووەوە مێرووەکان چێژیان لێدەبینیو دوایی لە مرۆڤ چێژیان وەرگرتووە سڵناکەنەوە، چەند شەوێکمان ئاسایی بوو لە پاشدا ئەشکەنجە دەستیپێکرد، نێچیریان هەبوو, لەپێش ئێمە زۆر بە ئاسانی دەنگی هاوارو شەقەی (کێبڵ) دەگەیشتە ژوورەکەمان ئەو هۆڵە جگە لەو ژوورەی ئێمەی تیای بووین چەند ژوورێکی تاکی تری تیا بوو جگە لە ژووری ئەشکەنجەدان، لە ئێوارە تا درەنگ لەبەر هاواری ئەشکەنجەدان خەومان لێنەدەکەوت، لەتاو ئازاری ئەو زیندانییە بێ ئۆقرە بووین، لێدانەکەیان لە رادە بەدەر بوو، کورد دەڵێ تەژبیە

نەبێت، چۆن کەر لە پەموو دەردەکەی کوتەی لە مێکوتو شەقەی سۆندە گرمان تێچووبوو بۆیە لە بێ ئۆقرەیی بۆ ئەویشو بۆ خۆمان، چونکە بە دڵنیاییەوە ئێمە هاتووین بۆ ئەو شوێنە چی روو بدات لێی بێبەش نابین.. کاریگەری دەروونی بۆ سەر ئێمەش زۆر بوو، ئەبێ چی بێت وا لە بەرامبەر ئەو هەموو لێدانە بە بێ وەستان، وا بە بێ ویژدانانە، ئازارو ئەشکەنجە بوە بە میوان لەلای ئەمشەو لەگەڵ کێبڵو کارەبادا کات بەرێ دەکات، بڵێی چی وتبێت، وەیان چی کردبێت، بڵێی ئەمیش هەروەك ئێمە بەرهەڵستکار بێ، بانگی ئازادی بکات، ئەو هاوار هاوارە هی کەسێکی زۆر زەلیلە، نامۆیی دەنگەکەو هاوارەکانی هەموو حەزو ئاواتن، هەموو بێدارییە لە دەستی زوڵمو زۆرداری، بە دەم ئازارو ئەشکەنجەدانەوە بە دەم قیژەو ناڵەوە دەڵێ بەخوا تاوانبار نیم، هیچ تاوانم نییە، لەوە دەچوو ئەو زیندانییە وا ئەمشەو بەرێ دەکات لەگەڵ ئەشکەنجەدا، شارەزا نەبێت، ئەگینا ئەوان نە هەست دەکەن، خودایان هەبێت، وە نە هەست دەکەن پێغەمبەریان هەبێت، کوا گوێ لە پاڕانەوەو سۆزی کۆیلە دەگرن، کوا ئەوانە خاوەن هەستو سۆزن.. زۆردار، هەر زۆردارە دڕندە کوا لە گریەو ناڵەی بێتاوان گوێ دەگرێت، کوا دەزانێت مرۆڤ چییە ئاسوودەیی چییە، دڕندەکان هەموو شتێك دەزانن بەس ویژدانو رەوشتو چاکە نەبێت لەتەك هەموو شتێکی ناپەسەنددان، بۆیە بەو شێوەیە راپێچی ئە شکە نجەو لێدان دەکرێت، دیارە ئەو مرۆڤە پیاوی چاکی رێی خەباتە، لە جوامێریو نەبەردی چیاو خاکی کوردستانە، بەڵێ دیارە، دڕندەناسە،, بەڵام زۆری ئەشکەنجەدان ئەگەر هاوارو ناڵە نەبێت دڵ دەتەقێ، ئەو هاوارە بەرپەرچی هەستو ویژدانە، دوا دەنگی ئەشکەنجەیە بەرگری پێدەکرێت، هەر چوال پەل دەبەسترێك ئەوەی کە بەرگری دەکاتی دەنگی ناسۆرو هەستی بریندارو دڵی زەلیلە.. دیارە ئێمەشو ئەویش باش دوژمنەکانمان ناسیوە بۆیە، هەموو دەمانزانی، ئێمە، پاشەڕۆژمان ئەشکەنجەو تۆقانو لە سێدارەدان بوو.. ئەو شەوە هەر بە دەم هاوار هاواری ئەو بەسەزمانەوە ئەتلاینەوە، شەوگار چوو ئەمیش بە دەم هاوارەوە هەر دەینالاند، ئەو لێدانە هەناوی ئێمەی خستبوو وامان دانابوو ئێمەش لەگەڵ هەمان چارەنووسین، جەستەمان هی ئەشکەنجەی پێشوو هێشتا ساڕێژی برینەکان نەببوو، جگە لەوە بەرگریمان نەمابوو بۆ ساڵو شتێك دەبێ هەتاومان نەدیوە، وەك

شەمشەمەکوێرە ئاشنایی کونە تاریکەکانی زیندان بووبووین ئەو لێدانەی لەو درا، بۆ کوشتنی بوو، دەنگی شەقەی کێبڵو هاواری بێتاوانم بەرد دڵی نەرم دەبوو دیوار چاوی هەبووایە دەگریان سۆندە هەستی بوایە نەرم دەبوو، چەند ئەشکەنجە لە جەستەی ئەو درا ئەمەندە لە دەروونڈا بەر ئێمە کەوت بەڵام نازانم دڕندە ئەگەر بزانێ دوا ساتی بێ تواناییتە کۆڵ دەدا، بەڵام ئەمانە لە دواییدا گەرمی ئەشکەنجەدانەوە دەبوون، ئەبێ هەستو سۆزی دڕندە لە چیدا بێ وەیان لە کام ساتو باری شارستانیدا خۆی دەبینێتەوە دەبێ چۆن لە خۆیی بڕوانێ وا بێ بەزەییانە هێرشو خوێنمژین دەکەنە سەر جەستەی بێ بەرگری زیندانیو ئاوا بە ناڕەوا بەردەبنە ئەشکەنجەو ئازاردانی، دوور لە رازو خواستی مرۆڤانە دڕندە بەعسییەکان, بێگومان نە خاوەنی شارستانین نە وڵاتیان خۆشدەوێت نە هەستی بوونی بە مرۆڤایەتی بوونی خۆیان دەکەن، ئەمانە جگە لە زۆرداریو دزینو تالانیو (فەرهود)کردن، بەڕێوەبەری وڵات نین، خزمەتی ماڵەکەی خۆیان بۆ ناکرێ ئێستا بوونە بەڕێوەبەری وڵاتی کوردان، دیارە نە دایكو نە باوكو نە خێزانیان هەیە، بۆیە ئەوەندە بێ بەزەییانە، شالاوی دڕندانە دێننە سەرمان بێ شەرمانە.. بێ بوونی بەهای مرۆڤایەتیو رەوشتی بوون لە مرۆڤدا، جگە لەو رێیەیەی کە لە سەری وانەی خوێندووە، وەیان سەرۆکە دڕندەکەی لەسەری راهێناوە، دەبێ پەیڕەوی ئەو رێ نابەجێیە بکات، ئەی بوونی خۆی کوا، کەوابێ کۆیلەی دەستی ئاغاکەیەتی ئازاد نییە ئەو لە ئێمە دیلترە، ئێمە بە زۆریش نەدەبووینە مەقاش لە پاش. ئەو هەموو ئەشکەنجەیە هێشتا لێدانەکە بە باشتر دەزانین وەك کۆیلەی دەستی زۆرداری پارەپەرستو بازرگانی خوێن بین، دیارە ئەمانە بازرگانی جەستەی دیلن بۆیە بەردەوام داوای پێلێنان دەکەن بەڵام چی بڵێ هیچی نەکردووە، تاوانبار نییە، ئەمە بووە پیشەی هەمیشەییان بە درێژی ئەو شەوە شەوێکی تر شەوێکی تریش هەمدیسان شەوێکی تریش بە درێژی ئەو شەوانە ئێمەش لەتەك بووین بە هەمان شێوەی جەستەیی کوتراوی ئەو زیندانییە، ئێمە لە ناخەوە کوتراین لە دڵەوە هاوکاری گریەو ناڵەی بووین لەتەك ئەودا، لە ژێر فشاری ئەشکەنجەدا بوون، شەو رۆژی بۆ خرایە سەریەك لە داڵ بۆ داڵ، بە درێژی هەژدە شەو ئەو هاوار هاوارو ناڵە ناڵی بێدارییەی درێژەی کێشا، چەند شەوی کۆتاییەوە، دەنگی هاواری کز بوو، خۆ

www.pertwk.com

ئەگەر ئامێریش بێت دەچێتە دوا پلەی کۆتایی، وزەو جوولەی نامێنێت، دیارە ئەمیش دوا هەنگاوی بەرگرییەتی، بە ئەستەم دەڵێ ئاخ، بۆیە ئەمیش ماڵئاوایی لە خاك و نیشتمان و دەستی زۆرداری، کێبڵ و کارەبا کرد، ئەمیش هەروەك شەهیدەکانی تر چووە دوا پلەی کۆڵنەدان تاوانبار نەبوو جگە لە کوردایەتی و کوردبوون نەبێت، بە زۆر ویستیان بڵێ تاوانبارم لە راستیدا نیەتی تاوان چی بڵێ، خۆ هەر لە خۆیەوە، خۆی گیرۆدەی دەستی تاوان ناکات، هەژدە شەو هەندێك جاریش رۆژ، بە درێژی ئەو ساتانە، لە ئەشکەنجەدانی مرۆڤێك لە تاوانبارکردنی گەنجێك، لە پێناوی کورد و خەبات و تێکۆشان ئەوە نموونەی پاڵەوانی و درێژەیی بەرپەرچدانەوەی دوژمنە، نموونەی وا دەبێ، هەژدە رۆژ هیچی نەووت، بەس هاوار نەبێ، بە رۆیشتنی ساتە خەماوییەکانی تەمەنی ئەو زیندانییە، ئێمەش وەك ئەو لەتەکیدا بووین لەناو دڵ و ئازارەکانیدا بووین، ئەوە ترسناکترین ئەشکەنجە بوو کە بیستم و درێژترین ماوەی لێدانی هەمیشەیی بوو، ئەبێ لە کۆتایی ژیانی مرۆڤێکدا، چی وای لێکردبێ ئەوەندە لە جەنگی بەرگریدا بوو، کە سەلماندی بۆ داگیرکەرو ئەشکەنجەچییەکان کورد قارەمانن چۆك دانادەن خاوەنی هەڵوێست و بەرگرین هەردەم، تا کۆتایی ژیان دەجەنگن لە دژی زۆرداری، نموونەی مرۆڤی شۆڕشگێڕو بە هەڵوێست و خاوەن باوەڕو خەبات بوو گەورەترین توانا لە باوەڕە بە خۆ بوونە، هەرچەندە گوێم لە ناوی هەولێر دەبێ وەیان دەچمە ئەو شارە دێرینە ئەو ئەشکەنجەدانە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، کۆتایی بە مەرگی ئەو شێرە کوڕە هات لە دوای هەژدە شەوەکەوە، لە رۆژی دوایی کەوتنە وێزەی ئێمە، لە کاك جەلال تۆفیقەوە دەستی پێکرد, ئەو هەرچەندە یەك دوو شەو بردیان بۆ ژووری تاك ئەشکەنجەیان دا.. بە کارەبا و کێبڵ هەندێك ئەشکەنجە ی تریان بەکار دەهێنا، لەوەی پێشووترمان جیاواز بوو بەڵام کە بانگیان دەکردین دەیانووت راستە تۆ لە سلێمانی هەموو شتێکت وتووە، بەڵام ئێستا بە راستی پێمان بڵێ، خۆشیان دەیانزانی لە سلێمانی بە زۆر هەموو شتێکیان دەکرد، و دەیاننووسی، ئێستا داوایی بوونیان دەکرد لە کاری رێکخراوەییدا، ئەوەیی لێزان بوو بە چەند وتەیەکی کەم کۆتایی بە ئەشکەنجەدانەکە دەهێنا، بەڵام هەشبوو نەیویست بڵێ هیچم وەیان هچی نەکردبوو تووشی ئەشکەنجە تۆزێ دەبووەوە.. خۆ ئەگەر دانت پیابنایە بە شێوەیەکی کەمتر وازیان دەهانی تا درەنگتر وەڵامت بدایە، زیاتر رووبەڕووی لێکۆڵینەوە دەبوویت، کاك جەلالیان بۆیە وا لێکرد تەمەنی زیاتر بوو بە تەواوی گومانی کاری رێکخراوەییی لێدەکرا، هەموو گفتوگۆیان لێوەرگرتین من وەك لە سەرەتای باسەکەوە باسی کاری رێکخراوەیی خۆم کرد لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە بە دەستیانەوەبوو، وتیان ئەو شتانەی سلێمانی راست نییە ئێستا پێمان بڵێ چیت و چیت کردووە راست وتم پاسۆکم، کێت لەتەکە هەر خۆمم، چالاکی چیت کردووە هیچ وتیان چۆن نابێت، وتم قەینا با ئەم چالاکییەیان بۆ بنووسم وتم جارێك روومانەیەکم وەرگرتووە لە بە رپرسە کەم منیش کردوومەتە ئاوەکەی سەرچنارەوە نەتەقییەوە، دواتر وتم تەمەنم بچوك بووە باوەڕیان زۆر پێنەکردووم دوایی ئەو روومانەیە وازم لە هەموو شتێك هێناوە , لە شێوەی گفتوگۆ تۆزێ لێزانتر بووم چونکە تا ئەو کاتەم سێهەم جارم بوو کە تووشی گیران بووم وە بە درێژایی گیرانەکان لێکۆڵینەوەم لەتەك کرابوو شارەزاتر بووم بە گفتوگۆ باوەڕم پێهێنان، ئەوانیش ئەوەندە بەس بوو کە بڵێی بەڵێ کاری رێکخراوەییم کردووە، وەکو چۆن لە پێشدا گرفتەکانی دانپیانانەکەم ئاڵۆز بوو، توانیم لەم دوایییەدا بیسڕمەوە، هەر ئەو بەشە کەمەی بمێنێ، ئەگەر لەسەر گوفتارەکەی پێشووم دادگایی بکرامایە هەڵبەت چارەنووسم دەچووە کۆتایی.. وەك هاوڕێکانی ترم، لە سێدارەیان دەدام.. هەرچەندە زۆر کات.. نەی ئەڕوانییە گوفتارەکەو کوێرانە دادگایی دەکردین، زۆر جار دیمان کە بە بێ تاوان تاوانبار دەکران و بە بێ ئەوەی بەڵگە هەبێت، لە رێی جاش و پیاوکوژەکانیانەوە بە قسەی ئەوان کێیان لە سێدارە بدایە دەیانکرد، زۆر جار لە نێوان خۆماندا بە گاڵتەوە باسمان لە یاری شێرو خەتی دادگا دەکرد لەسەر ئێمە,! زۆر دیمەنمان دی زۆر شت کە گوفتارەکەی زۆر لە هی ئێمە کەمتر بوو بەڵام راپێچی بەر پەتی سێدارە دەکرا، زۆریشمان بە بەڵگەوە گیرابووین و بە دادگایی هەتا هەتایی وازیان دەهێنا، بۆیە باوەڕمان بە شێرو خەتی دادگا هێنا، باوەڕیان بەو گوفتاری دەمییە دەکرد کە. لە (ئەمن) لێیان وەردەگرتین، بەڵام رێڕەوی دادگا نەیگۆڕی، زۆر جیاواز بوو لەوەی کە وەك مافی خۆی بمانداتێ، لە هەندێك کاتدا من خۆم نەمدی بە وتەی هاوڕێیان وای لێهاتبوو دادگا یەك یەك بانگ نەدەکران، زیندانییەکان ئەمڕۆ 15 کەس دەبەن بۆ دادگا بۆ دوابڕیاری لەسەر بدات دادگا،

هەموو بە کۆمەڵ دەیانکردنە ژوورەوە بەشیان دەکرد بۆ دوو کۆمەڵ بەشێکیان بۆ سێدارەو بەشێکیان بۆ هەتا هەتایی.. ئەو دووبارەی لێکۆڵینەوەیە لە (منظومة الشمالیة) لە هەولێر، سوودمان لێبینی زۆرمان وەکو هەل قۆزتمانەوە، توانیمان زۆری نووسراوەکانی ئەمنی سلێمانی، دووبارە نەبێتەوە، تا ئەو مانگە کۆتاییهات ئێمەش لەو دووبارە.یە بووینەوە، تەنها یەك مانگماینەوە لە 1986/9/13 بەیانییەکەی ئوتومبیلە پەستراوەکەیان هانی و یەك یەك ناومان خوێنرایەوە کەلەپچە کراین، بۆ ناو ئەو ئوتومبیلەی کە بۆمان ئامادە کرابوو.. هەرچەندە رووی دزێوی ئوتومبیلەکە ئەوەندە ناشیرین بوو لە دۆزەخی ئامادەکراوی گەشتیاری دەچوو، تایبەتی بوو بە زیندانییەکان ئەو ئوتومبیلانە خۆی لە خۆیدا یادگارییەکی دروست کردووە لە ناخمدا، هەرچەندە رقم لێی دەبێتەوە هەر دەیبینم هاوڕێ زیندانییەکان دەبینم کە راپێچی سێدارە کران مردن دەبینم، هەرچی هاتوچۆی زیندانییەکان بوو لەو جۆرە مارسیدسەیان دەهێنا بۆ گواستنە وە رووی دزێوە, لای منو زیندانییەکانی تریش بۆیە ناومان نابوو (گۆڕستانە گەشتیارییەکە) (مقبرة السیاحیة) دیسان کەلەپچەی هاوڕێمان هاوڕێی دێرینەکەمان خۆی لە مەچەکمان ئالاند، باوەشی رەقی گرتەوە بۆ دەستە کەنەفتەکانمان رێچکەی بەرەو ناو ئوتومبیلەکەیان پێگرتین راپێچی ژوورە تاریکەکانی کراین، لێرەوە تەنگژەی نەبوونی ئۆکسجینو وەستان بە پێوە بە درێژی رێگایەکی چەند سەد کیلۆمەترییەك، لە ناو (تاکی) ژوورەکاندا، گەشت بەرەو پیری مەرگ مەرگەساتێك کە بە زۆرو بە پێچەوانەی یاساوە، گەشت بۆ گۆڕستانی (گەڕۆك) ناخۆشترین ئەشکەنجە ئەو ئەشکەنجەیە بوو، لوتو دەممان دەگێڕا بۆ تۆزێ هەناسە، بەو نیوە مردووکردنە بە رێگادا بە ئارەزووی خۆیان وەستان بە پەلە، یاریکردن بە تیژڕەوی ئوتومبیلەکەو یاریکردنی بوو بە چارەنووسی ئەو کەسانەی لە پشتەوە هەڵواسراو بووین یاریکردن بوو بە ژیانی دەیان زیندانی بە زۆر تاوانبارکراو، بەو شێوەیە بەو گەرمایە، لە بەیانییەوە تا دوا نیوەڕۆ لە هەولێرەوە بەرەو بەغداد بەڕێ کەوتین ئەم جارە دوا بڕیاری کۆتاییەو چارەنووسمان لێرەوە روون دەبێتەوە، بە نیازی لێرەوە حەزو ئارەزووەکانی خۆشویستینی خاكو وڵاتمان، لێ بسێننو خەباتکردن بوو لە دژی زۆرداری، بەڵام بە هەڵەدا چوون نەك بە کوشتن بە مردوویش لێی ناکەوین

هەردەم جێی شانازیمان بوو کە وەك زیندانییەك، راپێچکراوین چۆن خۆیان دەیانووت (السجناء السیاسین) لە راستیدا باشیان دەزانی کە تاوان. یان چییە، وەك کە زانیان لەسەر مافی چارەنووسی میللەتەکەمان بەرەو گۆڕستانی تۆڵەی بە ناهەقی زوڵمو زۆری خۆیان دەمانبەن بەرەو لەناوبردنی سەدان گەنجی بێ تاوان، بە زۆر تاوانبارکراو، جەردەو رفێنەری سەرو ماڵی کەس نەبووین، هەردەم خۆمان بە ئاسوودە دەزانی بێشك بەختەوەر بووین، خۆ ئەگەر لە سێدارەش بدرایناية جێگەی شانازی بوو بۆ نەتەوەکەم, بە درێژی ئەو رۆژە لە هەولێرەوە بۆ بەغداد لەسەر قاچ راوەستاین بە کەلەپچەکراوی لە ژووری تەنگو تاریکدا، هەتا رێی پشوودان نەبوو بۆ قاچمان تا ئەوەندە ئازار بخۆین، لە دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ کردینیان ەوە بە (أمن العامە)دا ئیتر دابەشیان کردینەوە لە شعبە الخامسە) هۆڵی شەش، رێك بەرامبەر ئەو کامێرایە بوو کە دانرابوو بۆ چاودێری زیندانییەکان لەوێدا جموجۆڵ تۆزێ جیا بوو، بە ئاستەم نەدەبوو جووڵەیەکی گاڵتە بکەی بۆیە دوو جار لە زینداندا بووم، زۆر کات دەریاندەکردین بۆ سڕینەوەی زەوی هەر ئیشێکیان هەبوایە بانگیان دەکردین.. زۆر جار چا لێنانش، بەڵام پاسەوانێکمان بە دیارەوە دەبوو هەمیشە تا راهاتن لە تەکمان، بە دەست خۆمان نەبو, بۆ ئیشکردن زیندانی بووین هەموو کات نەماندەتوانی بڵێن نا، دوایی تووشی گێچەڵیان دەکردین، زۆربەی کات منیان بانگ دەکرد من تۆزێ خۆم بە هەژاری پیشان دەدا، وایاندەزانی نەزانم، بۆیە بە ئیشی لای ژوورە تاکەکانیان پێکردم هەمیشە ژوورە تاکەکان پەنجەرە. بچوکەکانی سەرەوەی داخراوبوو بەڵام پەنجەرەی یەك دەرگا, نەبێت دانە دەخرا، ئەویش کابرایەکی سووری سەر زلی تیابوو سمێڵ سوورێك بوو، زۆر کات داوای شقارتەی لێدەکردم لە کونەکەوە، هەمیشە جگەرەی دادەگیرساند، بە بۆنەی جگەرەو جۆرە, هاوڕێیەتییەکمان پەیدا کرد ئەو عەرەب بوو جێگەی گومان بوو تا رۆژێك رایگرتم قسەی لەگەڵ کردم بۆ گیراوی منیش راست پێم وت، دوا جار لێمپرسی ناوت چییە وتی (سفوك) ئامۆزای سەدامم.. کەسی سێیەمی خۆی بوو، بەدڕەوشتی بەعس کاری کردبووە سەر هەستو رەوشتی کۆمەڵایەتیان ئەوەتا. دەست لە خزمو کەسی خۆیشی ناپارێزێت، دواجار بە گومانەوە لێم پرسی بۆ گیراویت، وتی ئیشی تۆ نییە، جار جار هەروەك دەستوورە بەعسییانەکەی تێکی نەدابوو وردە جنێویشی دەدا،

لەبەر خۆیەوە، وتی پاسەوانی تایبەتی خۆی بووم زۆر کات لە پشتییەوە دەوەستام ئەوا ئێستا بە زمانی خۆی دەیووت لە (ئەنگەن)شوێن. مەبەستی خراپترین شوێنی زیندانەکەی دەکرد، کە تیایدا دەژی. ژووری پاسەوانەکان تۆزێ لا کەوتبوو چاویان لێنەبوو، ئەو راڕەوە جیاواز بوو لەتەك ژوورەکانی ناو قەفەزەکە نەبوو، ئەمە راڕەوێکی درێژ بوو سەر گۆشەکەی ئەوسەر تایبەت بوو بە ژنان بە دیوار جیا کرابووەوە، بە هیچ شێوەیەك رێیان نەدەدا بچم، بەڵام کە لە دەرەوە بووم زۆر کات ئاگام لێیان بوو کە گفتوگۆیان دەکرد، بە ژووری ژنانەوە هەشت ژووری تاك بوو بەڵام گەورەتر بوو دوو مەتر بە 3.5 دەبوو، سەرئاوی لە ناوخۆیا بوو، بە تایبەت ژووری شەش بە هۆی کامێراکەوە رەچاویان دەکرد ئەوەی کە تۆزێ گێژ دیار بوایە بانگیان دەکرد من بە هۆی کاسی سەرمەوە بە هۆی تەقینی پەردەی گوێم گێژو وڕ ببووم ئەوانیش بە بێ ئاگا لێم دەڕوانین، بۆیە بانگیان کردم بۆ ئیش کردن، وایان دەزانی تەواو نیم رۆژی بێئاگابووم چاودێری دەکرام، لەگەڵ (سفوك) گفتوگۆم کرد، پاسەوانەکە پێیان زانیم, بانگیان کردم وتیان چیتان وت وتم داوای شقارتەی کردووە، من باش تێنەگەشتووم لێم دووبارە کردەوە, بۆیە وەستا بووم، لە دوایی ئەو وەستانە، نەیانکردمە دەرەوە تا ئەو کاتەی لە (ئەمن) بووم، لەو ماوەیەدا چوار جار چووینەوە بۆ دادگا تا ئەو کاتە پێنج جاری دەکرد، لە هەموو جارەکان لەوێ دەوەستاین چاوەڕێ بووین بۆ دادگاییکردنمان بە درێژی ئەو چاوەڕوانیە زۆری تاوان و دەستدرێژیمان دی لە دژی زیندانییەکان لەگەڵ هەموو هاتوچۆیەکدا بە ئەشکەنجەو جنێو قسەی ناشیر بە رێ دەکراین بە درێژایی دادگا رەچاومان کرد نیو بە نیو زیاتر دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی دەسەپاند..

ئەوەی بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوتە سەرەوە نەگەڕایەوە واتای دادگایی کراوە بە لە سێدارەدان،

دادگا بریتییە لە رێکی هاوسەنگ بوونی کێشی هەر شتێك هاوسەنگی نەبێت هەڵبەتە بە لایەکدا دەکەوێت بەڵام ئەم دادگایە هەمیشە یەك لای هەبوو نە سەنگ نەپێوانەی هەبوو، بۆیە کە باسی دادگا دەکرێت بۆ ئێمەو ئەوانەی وەك ئێمەن قەبارەیەکی لار سەنگ دێتە پێش چاومان شێوازی تاوان و زۆرداری و دڕندایەتی دەبینین هەر چۆن بینیمان یاسا واتای یەکسان بوونی دوو شت کە لە ئەنجامی پێوانەیدا رێك دەبنەوە بەڵام ئێمە نەك رێکیان نەکردین بەڵکو تای ئەو تەرازووەی ئێمە کە بۆمان دانرابوو هەمیشە بە زیان بۆمان دەشکایەوە بۆیە تووشی ئەو کارەساتانە دەبووین هەروەك بینیمان ئێمەیان لە تاکە دەردەکرد و دەیانخستینە ژێر چەقی قورساییەکەوە تا دەپلیشاینەوە..!!

لە راستیدا ئێمە کورد بووین بەرگریمان لە خۆمان و بەرژەوەندی نتەوەکەما کردووە، داوای مافی نەتەوەییمان دەکرد, ئێمە خاوەنی هەموو شتێکی خۆمان بووین لێمان زەوت کراوە بۆیە خەبات دەکەین و لە پێناویدا، خۆمان دەکەینە قوربانی، ئەمە شتێکی ئاسایی بوو بۆ ئێمە لەسەرمانە بە هەموو شێوەیەك بەرەنگاری بکەین، بەڵام ئەو عەرەبە زۆر لێکراوانە خۆ گرفتی زەوی و سامانیان نەبوو لەگەڵ رژێمدا، خۆ ئەوان هاوزمانی یەك بوون، گرفتی عەرەبەکان نەبوونی ئازادی و سەربەستی ژیانی ئاساییان بوو، ئەوانیش لەو پێناوەدا دەجەنگان، لەو سەردەمەدا جەنگی ئێران عێراق و بەرەو لاوازبوونی دەستەڵاتی بەعس هەر کەسێك لە کورد و عەرەب دەگیران بژاردەی بەکرێگیراوی ئێرانیان بۆ دەکرد، راستەوخۆ دەیانووت (العمیل الایرانی)، تاکە تۆمەتباری کە دەیانکردە ملمان ئەوە بوو، بەڵام باسیان لەو زۆرداریەو کوشتن و بڕینە نەدەکرد، کە دژی هاووڵاتیانی بێ بەرگری دەیان کرد، باسیان لە دەست بەسەراگرتنی سەرو سامانی هاووڵاتیان نەدەکرد کە هەموو راپەڕینێك لە دژی زۆرداری ئەوان دروست بوو، نەك جەماوەری کورد. گێرە شێوێنن و بەدخوو بێت.. بە هەمان شێوە پاڵەپەستۆی لەسەر شیعە مەزهەبەکان دروست کردبوو، بە هەمان رێ دەیکوشتن لە سێدارەو ئەشکەنجەدان لێی بێ بەش نەبوون کارێکی وای بۆ دورست کردبوون کە بەربەستیان بکات، خۆی خوێنمژو زۆردار بوو.. شەڕێکی بە ناڕەوا دروستکرد لە نێوان خۆیی و ئێران .دا لەسەر ئەوە رێکەوتبوون کە ئێران کورد بفرۆشێ بە بەعس، لە رێکەوتنی (جەزائیر) هەردووکیان وەك یەك تاوانباری مێژوو بوون، لە راستیدا ئەو شەڕە شەڕێکی خوێنمژانە بوو کە لە ئەنجامی ناپاکی دژ بە نەتەوەی کورد کە کردیان هەردوو لایان ئەو رووداوەی لێکەوتەوە کە بە هەزارەها مرۆڤی بێ تاوان، تیا کوژران لە ئەنجامی ئەو ناپاکییەی کە کردیان بێگومان وەکو کورد ئێمە پێمان خۆش بوو هەردوو لایان وەك یەك تاوانبار بوون بە هەل قۆزتمانەوە سوودمان لە شەڕی نێوانیان بینی بووە هۆی

بەهێزبوونی شۆڕش و بزوتنەوەی کوردایەتی، مافی خۆمان بوو نۆرەی ئێمە هات کە شۆڕشەکەمان بەهێز بکەین کورد جۆش و خرۆشی سەر هەڵدانی بوو ئێمە وەکو راستییەکان ئەوەی زانا بوایە سەربازی نەدەکرد چونکە ئەو شەڕە لەسەر شانی کورد دروست بوو، نەك لە دەستدرێژی دراوسێیەتی ئێران و عێراق هەڵبەتە کورد نایەوێ بەشدار بێت ئێمە دەمانزانی ئەگەر بەشدار بین دەبینە سووتەمەنی وڵاتێك کە خۆشمان نازانین بۆو چۆن بۆیە پێمان باش بوو لە شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا بکوژرێین نەك لە بەرەی سوپای عێراقدا، لە راستیدا ئێمە عێراقی نین خاوەنی وڵاتێکی گەورەین بۆ بە زۆر بلکێین بە وڵاتە دراوسێکانەوە ئێمە راستی مێژووی سەر بە خۆییمان هەیە نامانەوێت هیچ کات و ساتێك ببینە براو باوکی داگیرکەران کەی دەبنە دۆست و هاوڕێی ئێمە، ئەی هەر ئەوان نەبوون تا سەر ئێسقان سووتاندینیان ئەی هەر سوپاکەی ئەوان نەبوو کوردستانیان کردە کاولە و ئەنفالیان کرد، کیمیاوییان رشت، ئیتر ئەبێ دۆست و برامان کێبن ئەگەر خۆمان لەگەڵ راستی کێشەکانی خۆمان نەدوێین ئەی کێ سارێژکەری برینەکانمانە ئەگەر خۆمان بەزەییمان بە خۆماندا نەیەتەوە کێ بەزەیی پێماندا دێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە دۆست و دوژمن بناسین بزانین کێن ئەوانەی داگیرکەری وڵاتەکەمانن ئەوانەی دزو جەردەی بەروبوومی نیشتمانەکەمانن، هەتا دراوسێکانی عێراق هاوکاری ئەنفال و کیمیاباران بوون لێی بێدەنگیش بوون، چونکە خۆیان هاوبەشی بوون، لەسەر سنوورەکان دەیان و سەدان جار جلوبەرگی ئافرەتانەی ئەنفالەکان دۆزراوەتەوە جارێك خۆم لۆریم پێبوو لە سنووری عێراق + کوێت پزوی دەرپێی ژنانەم دی کە جلی ژێرەوەیە ئافرەتانی لادێ لەبەری دەکەن ئامادەشم بیسەلمێنم، ئیتر چ دڵێك بە هاوسێی دوژمنەکانمان خۆش کەین کوا راستییەکان, ئەوانەی دژی ئەنفال و کیمیاباران بون کێ بوو؟؟؟.. دواجار لە رۆژی 1986/11/8 هەژدە کەس بووین پێکەوە چووین بۆ دادگا بە یەك ئوتومبیل ئەم جارە کردییە شەش جار چوونمان بۆ دادگا، هەروەك جاران لە هۆڵی دادگا دانراین، هۆڵەکە هەروەك باسم کرد وێرانەیەك بوو بۆ خۆی سامناکترین شوێنی کوشتن بوو، پاسەوانەکانیان لە مرۆڤ نەدەچوون هەروەك درندەکان کەڵبەکانیان دیار بوو ئامادە بوون بۆ لەتکردنت، وا بزانم سامناکترین شوێنی مێژووی عێراقە، شوێنی وا خراپ نەمبیستووە.. ئەمە یەکەم

شوێنم بوو کە بڕیاری مردن و ژیان لایان دەربچێت لە منداڵیدا باسی بەهەشت و دۆزەخم بۆ کرابوو وەیان باسی ژیان و مردنم بۆ کرابوو زۆریش ترساندبوومیان ئەگەر بێحەیایی بکەیت دەچیتە دۆزەخ، بەڵام باوەڕ کەن کاتێك برامە بەردەستیان ئەو راو بۆچوونە ئەو دوا بڕیارەی کە دەردەچێت سەبارەت بە مردن و ژیان، بەو شێوەیە دیمەنەکەم, بینی کە ئەوانە حەدیان نەبێت، بە پیاوچاکیش بن بەڵام وامزانی ژیانی کۆتاییم بە دەست ئەوانەو هەر لەوێشدا بڕیاری دۆزەخ و بەهەشتم بۆ دەردەکەن، چەندەها کەس کە بردیانە سەرەوە نەگەڕایەوە ئەمە دوا بڕیاریان بوو ئەوان رۆحیان کێشا، ئەوان هۆی لەناوبردنی بوون (عەواد بەندەر) چیرۆکی رۆحکێشانەکەی بۆ دەخوێندیتەوە، خۆیی و تاقمەکەی بە کام ئاراستەیە دەیانبردی خۆیان پاشای دارستان بوون خۆیان بەڕێوەبەری خواردن و خوێن و گۆشتی زیندووان بوون، ئەوان بوون کە مردن و ژیانیان بۆ دوپات دەکردینەوە، هەر ئەوانیش بوونە هۆی لە ناوبردنی سەدان کورد و عەرەب لە سێدارەدانیان بەس لەبەر ئەوەی داوای ئازادی دەکەن، ئەگەر رۆژانە لەو دادگایەدا، بەلایەنی کەمەوە 10 تا 20 کەس لە سێدارە نەدرایە ئەوە خۆیان بە تاوانبار دەزانی.. ئەگەر بە دەستیان بوایە، لەوێدا پەتەکەیان دەکردە ملت، ئەوەندە رقاوی بوون دژی ئازادیخوازان، لە سەرکردایەتییەکەیانەوە چونکە بە ناپاکی هاتبوون ئێمەیان بە ناپاك دەزانی بە بەکرێگیراوی ئێرانیان دادەنایەن، کە زۆر چاك دەیانزانی مەبەستمان چییە و بۆچی دادگایی دەکرێین کە هەر خۆیان لە کاتی گفتوگۆکانیاندا دەیانپرسی لەتەك کام رێکخراو وەیان کام لایەن کار دەکەیت کەوابێ لە راستی هەڵەکانی ئەوان دروست بووین و زۆریش ناڕازین، لە دەستەڵاتیان!!, وەیان هاوکاری لەتەك کام گروپی پێشمەرگەدا هەیە، باسیان لە (موخەریب) تێکدەری ئێمە دەکرد، رەچاوی هەر جووڵانەوەیەکی چالاکی پێشمەرگانەیان دەکرد وەیان لەهەر هێرش و پەلامارێکدا شکستیان بخواردایە هەتا لە جەنگەکانی نێوان خۆیان و ئێراندا، دیارە دادگاییکردنی ئێمە لەسەر ئەو شەڕە رەچاو دەکرد، بەرەو ئاراستەیەکی خراپتر دەچوو، لەو هەفتەی کە رووداوێکی سەربازی رووی بدایە ئیتر هەر قوڕ بەسەرێك، دادگایی بکرایە، حوکمی دادگاییکردنەکە, دوو قات زیادیدەکرد، هۆی بەراوردکردنی ئێمە بە (موخەریب) یان (العمیل الایرانی) بریتی نەبووە لەوەی کە

ئێمە هیچیان بین ئێمە تێکدەری نەخشەی تاوانی دەستڕەشی ئەوان بووین هەمیشە بەرهەڵستکاری کارە دوژمنانەکەیان بووین، لە راستیدا ئێمە ئەوەندە تێکدەر بووین کە بەرگریمان لە خاكو ئاوی خۆمان دەکرد، دەستی زۆرداری ئەوانمان دەبڕی، هەمیشە چقڵی چاویان بووین هەمیشە بزوتنەوەیەکی هەڵمەتبەری شێرانە بووین لە دژی تاوانەکانیان بۆیە بە موخەریبیان دادەنایین وەیان بە کرێگیراو، لە ئەنجامی تاوانە دزێوەکانی ئەواندا، لە ئەنجامی هێرش‌و پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر خەڵکی کوردستان هەڵبەتە بۆ بەرگریکردن لە خۆمان‌و شۆڕشەکانمان، لە هەمووی گرنگتر، وەکو یەك وا بوون، بۆ بەرژەوەندی خۆی ئێرانیش هاوکاری دەکردین، هەر وەك وتم دروستبوونی جەنگی کەنداو لەسەر نانە چاڵی شۆڕشی کوردستان بوو لە ساڵی 1975 بۆیە ئێمەش لێی سوودمەند بووین لە جەنگی ئەوان لێرەدا دادگا تۆڵە شەڕەکەی دەخستە ئەستۆمان، دەیانویست لە رێی بە تاوانبار کردنمان بە (عمیل الایرانی) دادگا تۆمەتبارامان بکات، لە راستیدا لە ئەنجامی هەڵەو کوشتن‌و بڕینی ئەوانەوە ئێمە هەبووین، ئەگەر ئەوان کودستانیان داگیرنەکردایەو لەسەر بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان، نەخشەی لە ناوبردنی ئاسەواری مێژوویان دانەڕشتایە هەڵبەتە، شێوەی خەباتکردنی کورد جیاوازتر دەبوو، بەڵام هەر رێیەکیان بگرتایە بۆ لەناوبردنی کورد، دەبێ رێیەکی تر هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوە، بۆیە لە کاتی هەر هێرش‌و جەنگێکدا زیانی بۆ زیندانییەکان زۆرتر بوو، ئەو هەفتەیە زیاتر دادگاییکردن لە سێدارەدان هەبوو، لە تۆڵەی خۆیان قەسابخانەکەیان زیاتر ئاوالا دەکرد، تاوان زیاتر دەکرا، ئەگەر ساتەکانی ئاسایی‌و بێ جموجوڵ بوایە، ئەوە ئاراستەی دادگاییەکەیان دەگۆڕی‌و کەمێك جۆری دادگاییان دەگەڕاندەوە، نیو بە نیو، دەیانکرد بە دوو بەشەوە بەشێکی بۆ سێدارە، بەشێکی بۆ هەتا هەتایی‌و هەتا هتد...

ئەمە هەڵوێستی نزمی رەوشتی فاشستەکان بوو، ئەوە راستی کردەوەی دڕندانە بوو.. لە هەندێك کاتیشدا رووی دزێوی تاوانەکانیان دەگۆڕی ئەگەر پێویستی جیاوازی خۆیان هەبوایە، دەیانووت ئێوە عێراقین بەڵام بیریان لەو هەموو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییەیان نەدەکردەوە، کە کردیان ئەی لەو کاتەدا عێراقی نەبووین کە بە کوشتن‌و ئەشکەنجەوە نەدەوەستان گوللەبارانکردن‌و هەتا پارەی گوللەکانیشیان لە



کەسوکاری زیندانییەکە وەردەگرتەوە، لە دوا نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا دادگاییکراین بەڵام پێش ئێمە دادگا پڕ بوو لە زیندانی مایەوە, ئێمە زیاتر لەو ژمارە ئاساییە بوو کە جاران دەماندین، ئەمڕۆ بازاڕیان گەرم بوو ئیشیان باش بوو، کۆمەڵێك کوردی تری لێبوو بە جیا هاتبوون بۆ دادگا، بەشی هەرە زۆری لە سێدارە درا، بەشێکی کەمی بەر هەتا هەتایی‌و هی تر کەوتن، بۆیە دادگاییکردنەکەی ئێمە دواکەوت، کەوتینە بەر دوا نیوەڕۆ، لە دوا نیوەڕۆ نۆرە هاتە سەرمان، ناخۆشترین سات ئەو ساتە چاوەڕوانییە بوو کە دوژمن بە زۆر بۆی دانابووین چاوەڕێی چی، هی بینینی مەرگی خۆت دوا بڕیاری ژیان‌و مردنت، بۆ دەر بکەن، هەرچەندە لە چاوەڕوانی نائاساییدا هەریەك لەگەڵ چاوەڕوانی بیرکردنەوەماندا بۆ ئەنجام هەموو مەستی باوەڕ بە مردن‌و ژیان بووین بێ ئاگا بووین لە خۆمان، دەمانڕوانییە دەرگای کوشتارگەکە، هەرچی

1) دلێر رەزا. رۆشت نەگەڕایەوە:

2) تەها ئیبراهیم.

3) حەمە سدیق سوارە.

4) دلێر عەبدوڵلا.

5) رێبوار کەریم.

6) تەها ئەحمەد.

7) وشیار عوسمان.

8) هێرش مستەفا.

9) بۆتان چوارباخی.

10) کەمال حەمە سوور.

11) شوانە لەگەڵ مامی گیرابوو، مامی لە (طواري)ەکە، لە ئەشکەنجەدان گیانی سپارد لە رێی کوردستان، بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

لە راستیدا داوی لە سێدارە درێژەی کێشا کەس نەگەڕایەوە، ئێمەش هەر لە چاوەڕوانیدا بووین، نەگەڕێیتەوە بەڵام ئەم جارە خۆمان‌و بەختمان، لە دوای ئەوان کاك جەلال تۆفیق چووسەر گەڕایەوە دوای ئەو

2) کاروان رەئوف.          (مؤبد) بوو

3) سەردار تۆفیق.

4) کاوە.

5) کەمال ئەحمەد عەلی.

6) هیوا عەلی.

7) شێرزاد شەهیدانی بوو. لەتەك چەند برادەرێکی تر, ناوەکانیانم لەبیرنەماوە.

بەم شێوەیە دادگایی کراین بەشی زۆری بۆ سێدارە تا یانزەهەم کەس، راستە ئەو هاورێیانەمان لەسێدارە دران دوا بڕیاری (جەلادەکان) بوو، لە راستیدا ئێمەش بێ ئومێدی ژیان بووین ئەو بڕیارەمان بە هی خۆمان دەزانیو خۆشمان ئامادە کرد بوو بۆی، چونکە ئەو چارەنووسە ئەوان سەرپشك بوون لێی.. هەتا دواجار بە هەتایی دادگایی ئەو حەوت کەسەمان چووە کۆتایی دادگاییکردنەکەوە..مە ترسی هەمووما لەو سەرکەوتنەدا بوو بە هیوای گەڕانەوەمان، بۆ جارێکی تر بەرجەستەکردنەوەی ژیانمان هەرچەندە ئێمەش شەهیدی زیندوو بووین، لە راستیدا ئەوەی سەرکەوت بۆ سەرەوەی پلیکانەکانی دادگا بە ئاراستەی کۆتایی چوو، بەرەو نەگەڕانەوە، زۆر کارەساتی ناخۆش بوو.. هەموو شتێك لە کۆتاییدا بوو ژیان مردن ساتەکانی رۆژ هەناسەکان هەمووی لە چووندا بوو، دڵیشمان لە چوونی کۆتاییدا بوو، گرنگ نەبوو دادگا کە لە سێدارەمان دەدات، ئەوەی ناخۆش بوو لامان دوپاتبوونەوەی ئەشکەنجەیەکی نوێ بوو، کە رووبەڕوومان دەبۆوە، وەیان لە دوا ساتەکانی دیدەنیو چاوەڕێی خزمو کەسمان, بۆ جارێکی تر بیانبینینەوە, هەر چەندە لەم دواییانەدا لە کۆتایی ژیانماندا کە ئەوان دوای چارە نوسی. ژیانیان دیاری کردین, بەڵام هەرگیز بۆ جارێکیش دڵیان نەرم نەبوو بۆ دوا چاوپێکەوتنی دایكو باوكو خزمان، بۆ دوا کاتی مردن بە بێ کەسو بە هیوای ئەو هەموو ئومێدو ئاواتەوە سەرمان دەنایەوە من خۆم سێدا رەم نە بینیوە ,بەڵام وەك ئەوە وایە دە جار سێدارەم بینیبێ، هەموو دیمەنەکانی ئەشکەنجەو سێدارە وەك دووبارەی بینینێك لە پێش چاومن.. دیمەنی بەدڕەفتاری بەعسییەکان، هەرگیز لە یادی کەس ناچێت، هەموو ئەو لاوە خێر لە خۆ نەدیوانە بە هیوای دوا ساتی لێبوردنی فاشیستەکان بوون بە هیوای دوا ئومێدی ژیان بوون بەڵام هەرگیزاو هەرگیز بە تەمای نەهیکردن لە کوردستان نەبوون تا پەتی سێدارە

سروودیان وت کۆڵیان نەدا!!! هەرچەندە بە ناهەق بە زۆر تەمەنیان گەورە کراو بە زۆر کران بە (عمیل)و (مخرب)و شتی تریش لە پێناو شاردنەوەی تاوانەکانیان، لە راستیدا هەموو شۆڕشگێڕو ئازادیخواست بووین لە زۆرداری داگیرکەرانو دژی ئازادیخوازی زیندانی کرا بووین، کەسانی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر بە یاسای داگیرکەر رازی نییە ئەوان خۆیان دوژمنکار بوون خۆیان دادوەری ناهەق بوون دژی راستیو مافپەروەری بوون، هەردەم رقیان لە راستی بوو دژی ئازادیو سەرفرازی بوون,هە ر چی دژایەتی زۆرداری بکردایە؟! هەڵبەت بە دوژمنی خۆیان دەزانی، هەڵبەت لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە رێنمایی کراون، پێیاندەووتین یاخیبوانی دەستی یاسا بەڵام کام یاسا ئەوەی قەرەقوش یان ئەوەی بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکات، ئێمە یاخی بووین، یان ئەوان دڕندەی بیابان بوونو بوونە خوێنمژی کوردان، لەسەر خوێنی کورد دەژیان وڵاتەکەمانیان بە تاڵان دەبرد، دەشیان کوشتین بە تاوانبارو بە کرێگیراویش ناوزەند دەکراین، مافی ژیانیان پێ رەوانەدەبینین، کەم کەسمان دایكو باوكو خوشكو برای لەجیاتی خۆی دەستدرێژی نەکرابێتە سەری، ئیتر کوا یاسا یاسای ئەو سەردەمە نە یاسا بوو نە حکومەت. خاوەنی دەستەڵاتێکی میلیشیایی بوونو بەس سەرەتای دروستبوونی ئەو میلیشیایە شەقاوەیەك بووکە کەس نانی پێ نەدەدا، لە ئەنجامی بەرەڵایی ئەو هێزو توانا چەکدارییەی پەیدا کرد، بێگومان لە کەسێکی وەها جگە لە تاوانو کوشتن هیچ شتێکی باش لێهەڵناکرێ، لە راستیدا رەسەنایەتی خۆی ناناسێ نازانێ کێیەو چۆن خۆی خزانە ناو ئەو دەستەلاتەوە، بە زۆری کوشتنو بڕین (حکومەت)و, وولاتی گرتە دەست، دەستی کرد بە یاریکردن بە چارەنووسی ملیۆنان عێراقیو هەروەها ملیۆنان کوردستانیش، خۆ ئەگەر ناڕازی بوویتایە لەو دەستەڵاتە ئەوە ئەو چارەنووسەی ئێمە بینیمان ئەوانیش وەکو ئێمەیان لێدەهات، وە زۆر جار بەرەو نادیارو سڕینەوەی ئاسەواریشیان دەبردن، وەکو ئەوانەی تا ئێستاش هەر کەسوکاریان چاوەڕێی هەواڵیانن، چاوەڕێی دوا بیستنی مانو نەمانیان دەکەن، لە راستیدا وا ونیان دەکەن کە لە نووسراوەکانیشیاندا ناویان بسڕێتەوەو کەسیش باسیان نەکات، نامۆیە ئەگەر هەندێکمان رزگارمان بووە لە دەست دادگا, بەڵکو شێوەی دابەشکردنی دادگایان کردبوو بە چەند بەشێکەوە

بەشێك بۆ سێدارە بەشێك بۆ دادگایی و دادوەرگرتن لە هەتا هەتاییەوە بۆ خوارەوە بەشێكی تریش ونكردن بوو، ئەوەندە لە خۆیان رازی بوون هیچ كەس و لایەنێكیان بە هیچ نەدەزانی، بێگومان لە نەفامی و نەزانی خۆیان وا راهاتبوون، كە بكوژن، بێشك نە هەست و نە سۆزیان بۆ كەس هەبوو ئەگەر بێتو دڕندایەتی بەعس باس بكەین چەند بڵێین هەر كەمە، ناگەینە دوا پلەی باسكردنی تاوانەكانی، چونكە ئەوەندە تاوان و خراپەكارە، نایەتە كۆتایی، جا بۆیە لەگەڵ داوای لێبوردن ئەگەر زۆر شتم بۆ باس نەكرێت، لە رووی كۆمەڵایەتییەوە شیاو نەبێت. با بێمەوە سەر باسەكەی خۆم! لە پاش بانگكردنی كاك جەلال و گەڕایەوە ناو هۆڵی دادگا ئیتر ئێمەش رووناكیمان تێكەوت، زانیمان ئیتر لێرە بە دواوە سێدارە نییە هەر حەوت كەسیشی لێمابوو بەشە زۆرەكەی رۆشت، یەك لە دوای یەك بە هەتا هەتایی (موئەبەد)، شێوەی بڕیارەكەی خۆم گوێم لێبوو بەم شێوەیە خوێنرایەوە، قرر المحكمة الثورة العراقية بحكم المتهم (كاروان رؤوف حمه أمين) بمادة (157) فقرة (أ) بحكم (مؤبد)،... من هەر ئەوەندەم لەبیرە، بێگومان لە دوای ئەو بڕیارە لە خۆشیدا خەریك بوو دڵم بوەستێ، ئەوەندە خۆش بوو لەلام بە راستی، ژیانمی كڕییەوە، باوەڕم وابوو جارێكی تر بە هیچ شێوەیەك رووناكی خۆر نابینمەوە، رووناكی رۆژم لێبووەتە شەوەزەنگی نەهات، باوەڕم وابوو كە هەموو هیواو ئاواتەكانم دەنێمە ئەو چاڵەی كە بۆم ئامادە كراوە، بەڵام ئەم جارەش سوپاس بۆ خودا لە دەست هەڵمەتی سێدارەی ئەو دڕندانە رزگارم بوو دیسان گزنگی خۆری بەیان لێم هەڵهات، باوەڕبوونم بە ژیان سەری هەڵدایەوە بۆیە لە قەفەزەكە دەریان كردم قاچم بە رێدا نەدەڕۆشت هەموو هاوڕێكانم لە سێدارە دراون من و شەش هاوڕێكەی ترم لە زیادەماینەوە.. هەر چۆن بوو چوومەوە لای هاوڕێكانم، نەمزانی چی بڵێم، هەروەها دوای منیش هاوڕێكانی ترم هیوای ژیانیان درەوشایەوە و بێ ترس چوونە ژوورەوە ترسیان هەبوو بەڵام وەكو پێشووتر نا، تۆزێ بە هیوا بوون هەروەك ئێمە ئەوانی تریش بە دادگایی هەتا هەتایی و خوارتر كۆتاییان هات، هەموو ئەو بڕیارەمان لا خۆشتر بوو وەكو بەربوون وابوو، باوەڕبوونمان بە ژیان بۆ ئێمەی زیندانییان و هەزارانی وەكو ئێمە لەتەك رەوتی رۆژگاردا، كە وامان لێهاتبوو تووشی دڵەڕاوكێ ببین هەرچییەكیان بكردایە یەك جار قەیدی نەبوو خۆ مردنیش بوایە، بەڵام ئەوان دەیانكوشتین دوو جار بە دەم ئەشكەنجەو ئازارەوە لە دواییدا لە سێدارەشیان دەداین، جگە لەوە بە درێژی چەند مانگ لە ژووری سێدارە دەیانهێشتیتەوە هەر وەك لە هاوڕێ زیندانییەكانم بیستبوو بە بەردەوامی ئازارو ئەشكەنجەیان دەدان لە سێدارەشدا، كوشتنەكە بە ئازارەوەو بە درێژایی چەند مانگێك دەیانهێشتیتەوە، واتای هەر چاوەڕوان بی بۆ مەرگ، بۆ مردن، كوێر تا دەمرێ هەر بە تەمای چاوە، بەڵام ئێمەی زیندانیان هەتا دوا بڕیارەكەی ئەوەی لە سێدارە دەدرا، هەر چاوەڕێی تروسكاییەك بوو بە هیوای ژیاننەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوانە سەگ و گورگن دڕندەن بێ بەزەیین هەموو شتێكن بەڵام مرۆڤ نین،؟؟.. لەپاش ئامادەبوونمان لە هۆڵی دادگا ئوتومبیلەكەیان بە پشتدا گەڕانەوە بەر دەرگاكەو بە كەلەپچەكراوی بردینیانەوە ناو ئوتومبیلەكە كە روانیمان ئەو هاوڕێیانەی كە دادگا بڕیای لە سێدارەی دابوون لە پێش ئێمە لە ناو ئوتومبیلەكە دانرا بوون، ئێمەش دانیشتین لە روانینی بۆیان لە چاوماندا فرمێسكی ناڕەزایی قەتیس ما. گریاین بۆ پێكەوەبوونی ماوەی زیندانیبوونمان لێكجیابوونەوەمان، ئەو ئوتومبیلە تایبەت بوو بە دادگا، دووبەش بوو تەلبەندێك لە نێوان ئێمەو ئەواندا هەبوو، ئەوان لە بەشی یەكەمدا بوون درەنگتر دادەبەزین ئێمە لە دواوە بووین زووتر دابەزین.. لە دوا ساتەكان ئێمە گریاین بۆیان بەڵام ئەوان دڵخۆشی ئێمەیان دەدایەوە، ئێمە دڵ تەنگ بووین بۆ كۆتایی ژیانی ئەوان سروودی ئەی رەقیب و شەهیدانیان دەچڕی لەگەڵ گۆرانییە نیشتمانییەكانماندا پێدەكەنین، باسی قەرزاری ئەو مردنەیان دەكرد كە دەبێ بیدەنەوە، تازە هیچ رێگایەك نەما، ئەوان چارەنووسیان چووە دەستی رەشی زۆردارەكان بوونە پێخۆری سەجان و دڕندەكانی هۆڵی سێدارە، چرای هیواو ئاواتیان كوژایەوە، بوونە میوانی مەرگی لەناكاو، ئەوان بە هیوایی بینینی دایك و باوك و كەس بوون بەڵام بەرەو بینینی گۆڕستانی تەنگ و تاریك چوون ، زۆریان گوێملێبوو ئاواتەخوازبوون بەس بۆ تەنها ساتێكیش بێت لە دوورەوە دایكی ببینێت، وەیان كەسێكی ئازیزی، بەڵام بەداخەوە سەری نایەوە، راپێچی گۆڕستانی نامۆیی و بێ ئاڵاكانیان كردن بردنیان بەرەو شاری لە مەرگ دروست كراوی رۆڵەكانی كوردستان، بەرەو شاری خامۆشی، بێ نەوایان بەرەو دیوانی شەهیدانی.؟ ون، بەرەو ئەنفالكردنی جەستەی بێ گیانیان، تازە نایانە

www.pertwk.com

چاڵ ژیانی پڕ لە نائومێدیو ئەشکەنجەدان، تێکۆشانو بەرگریکردنیان لە خاکە بیمارەکەیان,. برد بۆ ئەو ژێر لمەی کە هەرگیز لە بیری دا نەبوو بە میوانی بیبینێت نەك بە گیانێکی پاكو بێ گەردەو بە مردوویی خستیانە ژێر ئەو خاکە سوێرەی کە هەرگیز بۆ هیچ سەوزاییەکی ژیان دەست نادات، ئەمڕۆ میوانی هەمیشەیی ئەو خاکەیە، بۆ دواجار بە بێ دیدەنی ئازیزانی وەیان ئەو خۆشەویستانەی کە هەردەم هاوکارو پاڵپێوەنەری بوون لە ڕێی خەباتو تێکۆشان، هەمووی چووە گۆڕستانی زۆرەملێی فاشستەکان راپێچ کران، بۆ هەتا هەتایە، ئەو خاكو نیشتمانەی کە داوای ئازادیو سەرفرازی بۆ دەکرد نەیتوانی بە مردوویی بچێتەوە باوەشی دایکە نیشتمان نەیتوانی بە مردوویش بە بن سێبەری دار بەڕوویەکدا بڕوا، بۆنی گوڵو گیاو دارو درەختی کوردستان بۆ جارێکی تر بێتەوە کاسەی سەریو لە خۆشی بۆنی کوردستان  بە شەهیدی زیندووبێتەوە. ئەوەی لەوێ شەهیدبوو دوو جار شەهید بوو, جارێك کۆتایی ژیانی لەوێدا تەواو بوو.,. جارێکی تر جەستەی بێ گیانی لەوێ دەمایەوە نە دەگەڕایەوە خاكو ئاوەکەی خۆی واتای کۆتایی بە گڵکۆیی گۆڕەکەی هێنرا، هەمووی کۆتا بوو، ئەوەش چارەنووسی خەباتگێڕو داوای ئازادی بوو بۆ ژیان، ئێمەی کورد هەمیشە قوربانیدەر بووین، رانەدەوەستاین, ئازارو ئەشکەنجەی داگیرکەرانەی کوردستانمان پێخۆش نەبوو، هەمیشە چقڵێك بووین لە چاویاندا بێگومان ئەوانیش بەدڕەوشتو بێ ویژدان بوون لە ئاستی کورد دەستیان نەپاراستووە، داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لە هەوڵی تاڵانو بڕۆو دزی کوشتنو لە سێدارەدانمان بوون، ئەوانە هەمیشە بۆ خراپەکاری روویان لە کوردستان کردووە نەك لە پێناو ئاسایشی کوردستان، لە برسا روویان کردە وڵاتەکەمان جەردەن دزن، پیاوکوژن خۆیان ترسنۆکترین دڕندەن بەڵام کات بە لای ئەواندا بایدایەوە بوونە دەمڕاست، لە مێژووی کۆندا گیانیان بە کورد بووە بە بیانوو دینی ئیسلامەوە هەردەم هانایان بۆ هێناوینو لە چنگی داگیرکەر رزگارمان کردوون، کورد نەبوایە هیچ کات عەرەب کیانی نەبوو، ئێسكو پرۆسکیان نەدەما، ئەمەش, دانەوەی (وەفا)ئەمەك. ی ئەوان بوو بۆ کورد کە بینیتانو دەیبیستن، چۆن لە جێی ئەو چاکەیە کردارمان لەتەك دەکەن، هەرچەندە لە هەموو هەڵخلیسکانێکدا خۆیان

بە کورد دەگرنەوە، بە فڕوفێڵو درۆکانیان، هەڵمان دەخەڵەتێننەوە، هەرچەندە لە خۆشیا هەر خۆیانن بەڵام بۆ شەڕ دەمانکەن بە عێراقیو نیشتمانی عەرەبمان لێدەکەن بەماڵی باپیرە گەورەمان، ئەوان ئەو کەسە بێ ئەمەکەن کە سەرکەوتن لە بیریان دەچی کێنو لە کوێوە هاتوون، بیر لە مێژووی ژێر دەستەی خۆیان ناکەنەوە ئاگایان لە ئەمەکی دراوسێکانیان نییە, بۆیە بە کوشتنو سێدارە وەڵاممان دەدەنەوە , هەرچەند باڵادەست بن سەرکەوتوو نین، هەرچەندە بە توانا بن سەربەست نین، هەر پیاوی خەڵك بوون هەر دەست ماچکەرو چۆکدادەر بوون، لە ترسنۆکی خۆیان بەڕێوەبەری وڵاتیان گرتە دەست، کوردیش هەروەك چۆن فێرە سەربەرز بێت چاونەترس بێت چۆك دانەدەرو بەرزە فڕ بێ ئێمە وا فێر کراوین کە سڵ نەکەین دەست ماچ نەکەین (کەم بژیو کەڵ بژی) بۆیە هەردەم لاوانمان کەم تەمەن بوون، چونکە کوردین رۆڵەی میدیاو کەیخسرەو ووین, هەمیشەو هەمیشە سورین لەسەر بەرگری وڵاتو نیشتمان بستێکی ئەم خاکە نادەین بە هەموو جیهان، ئەگەر چی زۆردار دەیان جاری تر بمانبەنە بەر پەتی سێدارەو بماندەن لە دار.. لە مێژوودا کە بیستراوە ئەوەشی کە بینیومانە هەر بە هەمان شێوە داگیرکەران دەستیان وەشاندووە، ئێمەش لە تۆڵەی خۆمان درێغیمان نەکردووە،زۆر جار  بە بەرگریکەری نیشتمانەکەیان کە عێراق بوو ناویان دەبردین، لە کاتی شکستیاندا دەستیان ماچ کردوین، هەردەم سەربەست نەبوون، هەر دیلو کۆیلەی رێڕەوەکەیان بوون چەند چۆکدادەن گرنگ نەبوو گرنگ بگەنە مەرامی خۆیان.. وتەیەکی بیانی هەیە دەڵێت (مرۆڤ لە دایك بوو بە هۆی تواناکانی خۆی پێبگات) بەڵام ئەمان هەمیشە لەسەر دڵی ئێمە پێگەیشتوون، هەمیشە خۆراکیان بووین، بەهۆی هەڵمەتی ترسنۆکانەیان هەردەم دەستیان لێ نەپاراستووین، با خۆمان هەڵنە خەڵەتێنین داگیرکەر قەت نابێتە هاونیشتمان داگیرکەر کێیە، داگیرکەر پێکهاتووە لەو کۆمەڵە چەکدارەی کە بەهۆی هێزەوە بێت وەیان فڕوفێڵەوە، دەست دەگرن بەسەر ئەو شوێنەی کە مەبەستیانە وڵات بێت یان قەوارەی هێزێك، بێگومان داگیرکەر پێکهاتووە لە ئەونە تەوە زۆر دارەی هەول دەدات ,لەبۆ داگیرکردنی نە تەوەیەکی تر, کە هاوزمانن؟ دەست دەگرن بەسەر ئەو نەتەوەیەدا کە بۆ مەبەستیان داگیری دەکەن جا بۆیە ئێمە ژێردەستەکە بووینو

عەرەبیش داگیرەکەری وڵاتەکەمان بوون هیچ کات ئەوان کەس و برای ئێمە نین، ئەتوانن بە میوانی بێن بەڵام بە زۆرهاتن داگیر کردنە، بۆیە هاوزمانەکانیان بێدەنگی خۆیان دەربڕی لە ئاستی داگیرکردنی کوردستان هاوکاریشی بوون، لە کاتی هەموو تاوانێکدا کە دژ بە کورد کراوە ئەوان بێدەنگ بوون و هیچ هەڵوێست و کاردانەوەیان نەبووە، ئیتر پێویستە کورد بزانێ برای کێیە، دۆست و هاوکاری کێیە بە رای من هێزو بازووی مەردانەی خۆمان نەبێت کێ دێت بە دەممانەوە، جگە لە کوردی رووت و برسی نەبێت جگە لەوەی کە خۆمان بە دەستمان نەهانی بێت، کێ دۆستمانە ئەوەی بەلایەنی دۆستایەتی رووی تێکردین، نینۆکێکی لێگیر کردووین، بەلایەنی دۆستانەو هاوکارییەوە کڵاویان لەسەرناوین، ئیتر کەی و چۆن باوەڕ بکەین، هیچ کات براو دۆستمان نین وە نابێ باوەڕیشیان پێ پێنین ئێمە باوەڕمان بە خۆمان هەیە، گەورەترین ئازایی باوەڕ بە خۆکردنە، هەر ئەو باوەڕەش بوو کە هانی شۆڕش و بانگی ئازادییان دا بۆ کورد، هەمیشە سەرکەوتووین و لە سەرکەوتن دوا ناکەوین، بۆیە هەمیشە بە شانازییەوە باسی دەکەین، راستە ئەوان کۆتایی ژیان و خەبات و تێکۆشانیان بوو، لە کۆ تای, دادگاییکردنمان دەبێت دووبارەی بکەینەوە هەست و توانای خەباتمان، بە رای دوژمن ئێمە لێکەوتووین بەڵام لە راستیدا لە دووپاتکردنەوەی رابردوومانین، لە دوای چوونە ناو ئوتومبیلەکەمانەوە وەیان گۆڕستانە گەڕۆکەکە، لە ئازارو ئەشکەنجەی هاوڕێکانمان کە دادگایی سێدارە رووبەڕوویان بووەتەوە، وەیان ئەو ئوتومبیلە بێ هەناسەیی کە تیایدا بووین، هەموو نیوە خەوتوویەك بووین ئەو دابڕانەی کە رووی دا، دوو رێگەیە، یەکەم ژیانی کولەمەرگی و هەتا هەتایی، دووەم نەمان و مەرگی کۆتایی، هەردوو رێگە زۆر دوور نەبوون، لەیەك.. لە راستیدا هەتا هەتایی ناخۆشنەبوو بێ هیوانەبووین هەرچەندە بە دەم ئازارو ئەشکەنجەوە بووین، گیروگرفتی زۆرتر بوو بەڵام دوژمن و خوێنمژەکان هەردەم لە رقی خوێنمژانەی خۆیان، بەدڕەفتارو بێ رەوشتییان دەکرد، ئێمە چارەنووسمان لەو رێڕەوە بوو کە دایاننابوو بۆمان، هەر شەش کەسەکەمان بەرەو هەتا هەتایی رۆشتین بەرەو دەرگای یەکەم کرایەوە رۆشتین بۆ دووەم ئەویش کرایەوە لە سێهەم دەرگا دەرگای ئوتومبیلەکە کرایەوە، دیار بوو لەو دوا وەستانەدا بێشك یەك لا دابەزێت ئەویش

هەتا هەتاییەکان بوو کە ئێمە بووین، هەرچەندە رق و قین سەرو دڵمانی گرتبوو گڕی تووڕەیی لە ناخماندا دروستکرد، ئەوەندە سروودی نیشتمانی وترا لە ناو ئوتومبیلەکەدا، کاسی سەر گەرمی خەبات و تێکۆشان بووین، هەرچەندە بە درێژی رێگای دادگا بۆ دوا وێستگەی نیشتەجێی هەتا هەتاییمان لە ئەشکەنجەو ئازاردا بووین، لە بیرمان چوو وەیاخود لە ترسی هاوپێچکردنی ئێمەش لە تەك ئەوان بۆیە دواماڵئاوایی نازانم چی بوو چۆن چووە کۆتایی لەتەك ئەو پۆلە شەهیدەدا، بە کام ئاراستە دەڕۆین لەو ساتەدا هەردوو گروپەکە جیابووینەوە هەر گروپەو ئاڕاستەی خۆی، گروپی مەرگ و نەمان، گروپی کۆتایی بو, تا هەتایی ژیان، لەو دوو گروپانە پێکهاتبووین، کە گیرانمان لە جێی خۆی نەبوو، دادگاییکردنمان لە جێی خۆی نەبوو، کە بووینە دوو گروپ هەر لە جێی خۆی نەبوو، بۆیە ماڵئاوایی خۆشەویستی دوا ساتی هاوڕێ لە سێدارە دراوەکانمان لەوێوە چووە دوا خاڵی کۆتایی و نەمان، ئەوانو, ئێمە ش کاتەکەمان درەنگ بوو، لە ئێوارەو بەرەو شەو چووین، بێگومان هەروەك پێشوو بێ شێو سەر دەنێینەوە کات درەنگە. تازە گەیشتینە پرسگە ، لە کاتی پرسیارو وەڵامدا بەڕێوە بووین، دوا وتەی ناو هێمایان لێوەرگرتین لە کۆتاییدا یەك واژۆمانکرد، لەو شوێنە کە بۆی چووین بەشی دادی تایبەتی (الأحکام الخاصة) فەرمانگەی چاککردنی گەورە (الدائرة الاصلاح الکبار) ئەی مافی مرۆڤ، ئەی خاوەن ئەمەك و خۆشەویستی ویژدان، ئەی ئەو کەسانەی کە واتای ژیان پیرۆزە لاتان، کە هەمیشە سەربەرزو سەرفرازی رێی رزگاری نەتەوەکەتانن، ئەوان هێندە دادپەروەرن، خەریکی چاککردنی نەتەوەیەکن کە بە درێژی مێژوو خۆیان دەستدرێژی دەکەنە سەریان, کوشتن و بڕین خۆیان دە یکەن، خۆتان لێرەدا نۆرەتانە ئێوە خوێنەرانی بەڕێز ئەم دادگاییەی ئێمە بکەن، لە راستیدا ئێمە خۆمان چاك بووین لە رێی خەبات و تێگۆشانی کەموکوڕیمان نەبوو بەرگریمان لە وڵات و خاك و نیشتمان دەکرد، ناپاك و دڕندە نەبووین دزو جەردەو خواردەی سەرو سامانی میللەتان نەبووین، داگیرکەری ئاوو خاکی هیچ نەتەوەیەك نەبووین، لە راستیدا بەس بەرگریمان لە خۆمان و لە نیشتمان کردووە، ئێمە کورد بووین بۆیە تاوانبار بووین، ئەوەندەی ئەوان ویستیان لەو رێڕەوە لامان دەن بەرەو ناپاکی و ئاقاری تێکدەرانەمان بەرن.! ئەبێ چاککردنی ئێمە لە چ ئاست و

روویەکەوە بێت؟؟، خۆ زیناو جنایاتمان نەکردووە ئەی (چاککردن) بۆ..!! خوێنەری خۆشەویست چاککردنی ئێمە بۆ بردنە نێو باری بەدڕەوشتی خۆیان دەست بەسەری. ژێر باری بەعسییانمان بکەن!! بۆ ئەوەندە چاککردن ئێمەیان دەویست، ئەگینا ئێمە زۆرترو زۆرتر لەوان چاکتر بووین هەموو رەوشتی مرۆڤانە لای ئێمە هەبوو لەسەرو ئازارو ئەشکەنجەی خۆمان بەزەییمان بە نەزانیو نەفامیو کۆیلەیی ئەواندا دەهاتەوە لە هەموو شتێك تەواو بووین، بەس خراپیمان وەستان بوو دژی زۆرداری داگیرکەرانەیان، بۆیە بردینیان بۆ چاککردن، لەو فەرمانگەیە ئەی لە راستیدا کام فەرمانگە ئەوەی لەباتی خوێندنو رادیۆو پیشەی جۆرەها مێرو نەخۆشی جراوجۆرو دووبەرەکییان بڵاو کردەوە لە ناوماندا،! وەیان ئەوە چاککردنە لەگەڵ چوونە ناوەوەی ئەو شوێنە لەباتی ئاشتیو چاكو خۆشی هاتن پێشەکی داوای کارکردنیان دەکرد؟ کە ببیت بە (منافق) واتا دووڕوو، دوو زمان، لە نێوان زیندانیانو فەرمانگە سەپێنراوەکەدا، کە تۆ مەقاشەکە بوویت، لای ئەوان چاککردن واتاکەی ئەوەیە، بەڵێ بۆ لە راستیدا خۆیان ئیشیان چاندنی تۆوی دووبەرەکیو شەڕو دزیو تالانییە (فرهود) کردنە، چاککردن لەو شوێنە واتای هەموو شتێك دژی مرۆڤ، بەس بە مەرجێ لە راژەی مرۆڤایەتیدا نەبێت، ئیتر بۆ گلەیی بکەین ئەوان دژوارترینو نابەجێترین بەڕێوەبەری فەرمانگەو وڵات بوون، ئەوان واتای نموونەیی کەم رەوشتی, ئەوەی گوێیان بۆ بگرێ دۆڕاوەو وەك ئەوانە، لەوان کەمترە، چاککردنی چی!! خۆمان لە گرفتی ئەوەدا بووین چۆن چاکیان بکەین، ئیتر بە چ مافێك ئەوان دەیانەوێت چاکمان بکەن، بەڵام چاکی لای ئەوانە واتای دووڕوویيو (مونافیق)، باشترین چاککردن ئەوەبوو لایان، لە راستیدا ئێمە لەسەر هەڵوێستو دەروون بەرزی زیندانی کرابووین، بۆیە نەك بە داردەست رازی نەبووین بگرە ئەوەی لەوانەوە نزیك ببوایە، لەوان سوکتر بوو، بگرە کەمتریش بوو.. لە راستیدا ئەم گرفتانە پەیوەند بوو بە کێشەی ناوەوەی زیندانی ئەبی غرێب بۆیە کە شێرزاد شەهیدانی بانگ کرا بۆ وەرگرتنی جلی (کانە) بریتی بوو لە جۆرە جلێك تایبەت بوو بەو زیندانە، داوای واژووی وەرگریان لێکرد، ئەویش واژوی نەکرد وایزانی داوای (منافقی) دەکەن لەگەڵ سەرجانەکە (پۆلیسی زیندان پێیان دەوت سەرجان) بووە دەمەقاڵێی تا تێمانگەیان بۆ جلو بەرگە نەك شتی تر، هەرچەندە پۆلیسەکە تێنەدەگەشت چییە، بۆیە درەنگ حاڵی بوون لە یەك! خەریك بوو گرفتێك دروست بکەن بۆمان، هەموو (کانە)مان وەرگرتو واژومان کرد (ئیمزا)،.. بردینیان بۆ مەحجەر (مەحجەر ئەو شوێنە ئەشکەنجاوییە دژوارە بوو) لە پاش دادگاییی کردن، کۆتاییان بە ئەشکەنجەی جەستییو دەروونی نەدەهێنا، دەبوو بۆ ئەو کاتەی ئەوان رازین لەسەری لەو شوێنە بمێنیت، واتای لە رۆژێکەوە تا هتد... ئەو شوێنە وەك زیندانیە هەمیشەییەکان بوو، شوێنێکی زۆر هەستیارو بە لێکۆڵینەوە بوو، جا بۆیە دەبێ لە هەموو جووڵەوە گرنگییەك بە پێی وشیاریو کاتو جۆر بوایە نەك لە شێوەی بێ بیرکردنەوە لە دەوروبەر جا بۆیە محجر واتای لوتکەی دوا ئەشکەنجەو بەدڕەوشتی لە ئەو ساتەی دەبیتە دوا ئەنجام لە کۆمەڵگایی چاککردنی گەورەکان، ئەو چاککردنە بریتی بوو لە چۆك دادانو سەر لێشێوانی هەموو مرۆڤایەتیو دەست بەسەراگرتنی بیرو هەستو توانای جەستەیی ئەو مرۆڤەی کە رازی نییە بۆ ساتێك خۆی بداتە دەست دوا تاوانی فاشستیو زۆرداری ئەی ئەبێ ئەوان لەوە زیاتر لە چاوەڕوانی چیدا بن؟، ئەگەر بەدڕەوشتیو کوشتن بە ناڕەوا نەبێت، جا بۆیە بە شێوەی جیاواز دروست دەبێت لە هەموو بیرو بۆچوونێکدا وەك ئەوەی کە مرۆڤ لە هەموو پشتو پەنایەکدا دەبێت بتوانی لە دوا بڕیاری مافی چارەی خۆی بزانێ, ئەو شوێنە هەروەك تازە چونەوە (توقیف) واتە گرتن، ژوورێکی چڵکن بۆیاخێکی ناشیرین بە گڵۆپێکی (100)ی تەواو دیمەنی بوونی ناڕێکی ژوورەکەی پیشان دەدا، جگە لەوە دوو منافیقی لێدادەنرا بۆ ئەوەی باس لە رامیاری بکەیتو دووبارە دادگایەکی ترت بۆ ساز بدەن، لێت دەهاتنە پێشەوە خۆیان بە پیاوچاكو شۆڕشگێڕ پیشان دەدا، لە راستیدا هەواڵدزو (جاسوس) بوون بەسەرمانەوە، بۆ بەدڕەوشتی هاتبوون دوو مەبەستیان هەبوو لەو ئیشەدا، یەکەمیان داوای چوونە ناو ریزی (منافیقایەتی)یان لێدەکردیت، دووەم بۆ کۆڵدانت لە بیرو باوەڕو,ڕەوتی نەتەوایەتی فەرامۆشکردن، لە راستیدا زۆر بە ئاستەم ئەو شتەیان بۆ دەکرا، هەرکەس لەوێدا هەڵبخەڵەتایە لە پاشدا پاشگەز دەبووەوە سوودیان لێنەدەبینی ئەو شتانەی هەوڵیان بۆ دەدا مەگەر کەسانێك دەروون نزمو کەم توانا هاوکاری بکردنایە، چونکە لای کورد ئەو جۆرە هاوکارییە تاوان بوو، بە تایبەت ئێمە بە گشتی لەسەر بیرو باوەڕو خەباتی

کوردانە زیندانی کرابووین، وە هەر کەسێك باوەڕی پێبهێنانایە بێشك لەلایەن زیندانییەکانەوە رسوا دەکراو کەس قسەی لەتەك نەدەکرد، بە قێزەونی تێمان دەڕوانی، وەکو کەسێکی دۆڕاو دەناسرا هەردەم، پێیان دەووت منافیق، جوانترین هەڵوێستو باوەڕ بە خۆبوون لە زیندان جێبەجێ دەکرا، هەرچەندە باری دەروونیمان خراپ بوو بە بۆنەی خراپ رەفتاری بەعسییەکان بەڵام هەر خۆڕاگرو کۆڵنەدەر بووین، بۆ ماوەی هەفتەیەك لە (مەحجەر) ماینەوە، ئەوەی دۆستو برادەری لە ناوە بەشەکانی ژوورەوە هەبوایە شتیان بۆ دەهانی، من سەروەر کەریم لەوێ بوو دیسان لەوێشدا بە هانامەوە هاتەوە، سوپاسی هەڵوێستی دەکەم لە سلێمانیو لە ئەبوغرێبیش کە هەردەم لە یادی نەکردم، بە چێشتلێنەرێکدا کۆمەڵێك جگەرەی بۆ ناردم، هەرچەندە بێ پارەو جگەرە بووم، چەند لەو شوێنەدا بووین بە دوودڵیو بە خۆشیو ناخۆشی بردمانە سەر، لە دوا ئێوارەی 1986/11/15 لە (مەحجەر)ەوە دایانبەزاندین بۆ ناو بەشەکانی تری زیندان، دابەشیان کردین من بەر (جەمەلۆنی) دوو کەوتم، یەکەم جار لای دەرگای (چاودێرە)کە رادەوەستاین تا ناونیشانیان دەنووسین، یەکەم بینینم بۆ ئەو شوێنە لە دوکانو بازاڕ دەچوو، دیمەنەکەی زۆر لام جوان بوو، بە دیوارەکەوە کارتۆنی گەورە گەورە هەڵواسرابوو شتیان تێدەکرد لەجیاتی (سندوق) بەکاریان دەهێنا وەیاخود دیمەنی چرپایەکانی دوو دوو لەسەر یەك بوون.. پێکهاتویی (الأحکام الخاصة) یەکەم شوێنی سەیتەرە بوو ئەو شوێنە کابرایەکی لێبوو ناوی ئەبو خەولە بوو، مایکرۆفۆنێکی لێبوو لەتەك هێدفۆن لەو شوێنەوە بڵندگۆ بەسترابوو بە بەشەکانی ناوە بۆ ئاگاداریو بانگکردنی زیندانییەکان، وەیان هەر شتێکی گرنگ هەبوایە، وە ئەنقەرچییەکانیان لێوە بانگ دەکرد بۆ دابەشکردنی خۆراك وەیان کاتی سەرژمێرکردنیان هەبوو لە بەیانیو دوا نیوەڕۆی هەمووڕۆژێك, لە بڵندگۆکەوە هاواری دەکرد (یرجی من الأخوة النزلاء حضورکم للتعداد) وە فەرمانگەی پۆلیسی لێبوو پێماندەوتن (سەرجان) ئەوان بەڕێوەبەری بژاردنو هەندێ کاری ئاسایی بوون. رێکخستنی زیندانو چاودێریکردنی هاووڵاتیان لە کاتی دیدەنیکردندا، فەرمانگەیەکی (أمن)ی لێبوو ئەوانە بۆ چاودێریکردنی زیندانییەکان بوو لە هەر کۆبوونەوەیەك ئاگاداریان دەکردین, قە دەغە بو سێ کەس

پێکەوە بن ,بۆ! ئەوەی باسی رامیارییو کوردایەتی نەکەین ئەم دەزگایە داپڵۆسێنەربوو، شێوەی ژوورو هۆڵەکانی لە (سەیتەرە)وە تا جەمەلۆنەکان ڕاڕەوێکی درێژ بوو 300 بۆ 400 مەتر دەبوو، دفن بوو,لە ئەمبەرەوە، پێکهاتبوو لە ژوور، یەکەم چوونە ناوەوە)هۆ لێکی بو,پێیان دەوت چێشتخانە ( مطعم ) ساحەی چێشتخانە هە بوو, چێشتخانە (پاسەوانی کۆماری) رژێمی لێزیندانیدەکرا، چێشتخانەی دوو مەدرەسە، ساحەی م2 ئەم شوێنە تایبەت بوو بە (تجسس) واتای ئەوانەی بە هەواڵدزی وڵاتان دەگیران لەو شوێنەدا دایان دەنان دەبوو ئەو دادەی بۆی دانرابوو حوکمەکەی تەواوی بکات، هی وایان هەبوو هەژدە ساڵ بوو لەو شوێنەدا بوو.. ساحەی م3و جەمەلۆنی یەكو ساحەی جەمەلۆن, جەمەلۆنی دوو ساحەی جەمەلۆن ئەمانە تایبەت بوو بە باری رامیاریی کوردستان ئێمە هەموو لەو شوێنانەدا بووین، بەڵام چێشتخانەی یەكو ساحەی م2 تایبەت بوون، هەندێك قاعەی نهێنی تری تیابوو لەتەك ژێر زەمیندا، ئەم شوێنانە کەس نەیدەبینی پێمان دەووت (ق) قافەکان ئەوە تایبەت بووبە, (حجز)ی هەتا هەتایی، زۆر لە برادەران باسی ئەو ژێر زەمینەیان دەکرد، گۆڕەپانەکەی دەرەوە شوێنی بژاردنی زیندانییەکان بوو، لە پاشدا تۆپ تۆپێنو پیاسەشمان تیا دەکرد، ئەو گۆڕەپانە باش بوو کاتمان پێدەکوشتو لەو گۆڕەپانەوە فێری زۆر شت بووین، هەر بەشێك لە بەشی زیندان چاودێرێکی سەگ ئاسایان بۆ دانابوو، رێگەیان لە گفتوگۆو کۆبوونەوەکان دەگرت، بە ئاگادارکردنەوەی ئەمن لە سەرمان، ئەنقەرچییەکان چێشتو شتیان ئامادەدەکرد لە ژەمی نانخواردندا، وەیان (قالە صیانەی لێبوو، پارەمان بۆ کۆ دەکردەوە لەبری صیانە ئەو کابرایە ئەوەندە بۆنی زێرابی کردبوو لە بۆنی خۆش رایدەکرد، شوێنی ئوتوکردنی لێبوو بە پارە, وەیان دوو ژووری بچوکی لێبوو لە شێوەی حەمام، بۆ خۆشتن، بە پارە، ئەوەی کە دەستیکورت بوو ئەو شتانەی بۆ نەدەکرا ناچار بە ئاسایی ئاوی سارد خۆمان دەشت، ئەو شوێنی خۆشتنە زۆر پاڵەپەستۆی لەسەربوو، ئەویش بە درەنگ بەردەکەوت، دەرمانخانەی لێبوو لە سەرەوە لای سەیتەرە بەڵام وەکو پێویست نەبوو، شوێنی چێشت لێنانەکە لای مەحجەر بوو، پێکهاتەی (الأحکام الخاصة) ئەوەندەی بیرم هەیە، کە بردینیان بۆ بەشەکانی لای چاودێرەکە رایانگرتین تا

ناونیشان نووسینمان کۆتاییهات، دابەشیانکردین بەسەر شوێنی خەوتن، بۆ ئەوەی کە شوێنمان بۆ دابنێن، بە رەحمەت بێت (لوقمانی حاجی سابیر)ی لێبوو کوڕی چاك بوو پێشوازی لێکردم ئەو خۆی بە پاسۆك دەزانی لە راستیدا لەسەر حیزبی شیوعی گیرابوو، بەڵام دەیووت پاسۆکم، لە ساحەی جەمەلۆنی دوو دایاننام، یەکەم جار ئەو برادەرانەی لێبوو رێزیان زۆر لێگرتم ماڵیان ئاوا بێ، لە ناو جەمەلۆنەکە دا وەکو ژوور ژوور بە قەرەوێڵە دروست کرابوو پێیان دەووت خێمە لەو خێمەیەدا دایاننام میواندارییەکی باشیان لێکردم تۆزێ ئومێدم بۆ هاتەوە.. هەستم بە جۆرە خۆشییەك کرد، دیار بوو شوێنێکی زۆر جیاوازتر بوو.. شێوە دەستورێکیان هەبوو، زیندانییەکان ئەویش لە دڵسۆزو خۆشویستنی کوردانەوە بوو، یەکەم جار هەر کەس لە (مەحجەر)ەوە دادەبەزی بۆ ناو بەشەکانی زیندان هەر کەسەو لەلایەن خۆیەوە بە پێی ژەمە نان خواردنەکان بانگیان دەکرد (میوانداریيان) بۆ دەکرد  بە زۆری لە نێوان ناسیاویدا ئەو جۆرە میوانداریيە هەبوو، زۆر کەس لەو هاوڕێ خۆشەویستانە زۆر لەو نیشتمانپەروەرانە دەهاتن ,بۆ لات باسیان لە هەر پێداویستییەك دەکرد، هاوکاریت بکەن, هەوڵیان دەدا کەموکوڕیت نەبێت، پێویستییەکانت بۆ پڕ بکەنەوە، من تا ماڵەوە هاتن بۆ لام دیدەنی کرام, هەر لای ئەو برادەرانە بووم بۆ نان خواردن، هەتا برادەرانی جەمەلۆنی یەك بانگیان کردم بۆ نان خواردن بە بۆنەی (سەروەرەوە)، چەند جارێك بانگ کرام بەو شێوەیە , بۆ هەموو کەس ئەو جۆرە میوانداریيە هەبوو، بە پێی ناسیاوی بانگ هێشت دە کرا ین،زۆر جار ئە گەر دلنیا نەبونایە لە کە سێك کەس نەی دەوێرا میوان داری بکات؟ گرنگی ئەمەك و هاوڕێیەتی لەو شوێنەدا کە بەسەرکردنەوە لەلایەن ئەو کەسانەوە بەسەر دەکرایتەوە، بە گشتی لایەنی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتیمان باش بوو، لە راستیدا هەموو یەك رێڕەومان هەبوو (ستراتیجی) ئەوەی کە زیاتر یەکی پێدەگرتینەوە، کوردستان و ئازادی بۆ نەتەوەکەمان بوو لە چاوگی شۆڕش و خەباتکردن دژی داگیرکەر لەو شوێنەدا بوو بە خۆشی خۆمان نەبوو، بەڵام خۆش ویستن, ئاسان بوو لە نێوان کەسایەتی و کۆمەڵایەتی زیندانییەکاندا، هەرچەندە بیرو باوەڕی جیاوازیشی تیابوو هەریەکەو لە روانگەی بیرو بۆچوونی خۆیەوە قسەی دەکرد، بۆ نموونە بیرو باوەڕ هۆیەك بوو

بۆ بە کۆمەڵبوونمان بە یەکەوە ئێمە پاسۆك بووین لە چەند کەسێك پێکهاتبووین، ببووین بە چەند کۆمەڵێکەوە، دوو بەشمان لە جەمالۆنی دوو بوو، من و حاجی لوقمان پێکەوە بووین، عومەرو شەماڵ و شیروان پێکەوە بوون لە جەمالۆنی یەك ئاوات و رێبواری لێبوو هەروەها برادەرانی سۆشیالیست یادی بەخێر بە رەحمەت بێ شەهید سەلام رەئوف محەمەد جاف، ئەحمەد شەهاب .مان پێ دەووت کە گەرمیدەکرد.ئەمیش لەتەك گەرماکەدا بەرەو باری هیلاکی دەرووني دەچوو، حەسەنێکیشیان لەتەك بوو, زۆر لە برادەرانی تر شیوعییەکانی برادەرانی کۆمەڵە وەیان ئالای شۆڕش، برادەرانی پارتی.. شۆڕشگێڕان، بە پێی بیرو بۆچوونەکان کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە دادەنیشتین بۆ نان خواردن، پێیان دەووت بەو کۆمەڵانە (سفرداش) ئێمەش وەك (پاسۆك) پێمان دەووت (هاوخۆر) یەك دوو برادەری تری لێبوو راستەوخۆ پاسۆك نەبوون بەڵام لەوێوە بڕیاری بە پاسۆکبوونیان دابوو، ئەویش وەستا ئیسماعیلی سەرتاش بوو، زۆر برادەری تر دوا بڕیاری دابوو، بەڵام هەردەم خۆمان بە خاوەنی رێبازی نەتەوەیی دەزانی، کەسانێکی نیشتمانپەروەر بووین، وەك سەربازێکی ونی رێی کاروانی خەبات و کوردایەتی هەردەم لە برەودابووین بێوچان، بێ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان پەشیمانی لە هەڵوێست و کردەوەی نەتەوەییانەمان دەربڕین، هەمیشە بە شانازییەوە باسمان لە خەبات و تێکۆشان کردووە بۆیە بە پەرۆش بووین ئێمە. هەرچەندە ئەو چاودێرییەش لەسەر زیندانییەکان بوو, بە گشتی بەڵام هەر لایەنەو بە جیا یەکی گرتبوو، هەموو لەتەك هاوبیرو باوەڕی خۆیاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد لە هەمان کاتیشدا تێکەڵی لایەنەکانی تریش دەبووین گفتوگۆمان لەتەك یەکتردا دەکرد، هەردەم باسی بیرو باوەڕو خەبات و تێکۆشانمان دەکرد لە نێوان خۆماندا، هەرچەندە زیندان شوێنێکی زۆر جیاوازتر بوو ئێمە بەس گفتوگۆمان هەبوو لە نێوان ئەو دیوارە قووڵە دوو قاتەدا، لەوە زیاتر هیچ شتی ترمان بۆ نەدەکرا، جگە لە هەڵوێست و وەستانەوە دژی سەرجان و ئەمنەکان نەبێت، هەمیشە لە نێوان خۆماندا خەریکی ئاڵوگۆڕی بیرو راکان بووین بە بێ ترس لە خوێنمژەکانی ناو زیندان.. بە رای خۆیان ئێمەیان برد بۆ چاککردن، خۆمان چاك بووین، ئێمە ئازادیخواز بووین خەباتمان دەکرد نیشتمانپەروەر بووین هەڵبەتە لە رێڕەوی بیرو باوەڕو لایەنێکەوە

هەڵوێست. وەردەگرین باوەڕیشمان پتەوە، بۆیە هەردەم لە کۆڵنەدان بووین، ئەو شوێنەی بەعس ناوی نابوو (دائره الاصلاح الكبار) واتای فەرمانگەی چاککردنی گەورەکان، بەڵام لە راستیدا وەکو ئێمە لێی تێگەیشتین، فەرمانگەی بەهێزکردنەوەی گەورەکان بوو، ئەوان دروستیان کردبوو کە ئێمەی زیندانی تیا بڕووخێنن بەڵام بنیاتنانەوە لەوێوە دەستی پێدەکردەوە، بە خراپ دورستیان کردبوو لە دژی ئێمە، هەرچەندە خەمباری چوارچێوەی قوڵایی زیندان بووین.

بەڵام لەوە زیاتر سوودمەندی بیرو هۆش بووین، لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیو رامیاری خۆشەویستی خاكو نیشتمان، چەند ماینەوە لە زیندان زیاد لەوە هەستو سۆزی خۆشەویستی نیشتمانپەروەری لە ناخماندا بەهێزتربوو، هەر دەم رقی تووڕەییو تۆڵە لە داگیرکەر زیاتر دەوروژا لە ناخماندا، بەرەنگاری داوا ناڕەواکانیان دەبووین، زۆر گوێمان پێنەدەدان، بە قسەمان نەدەکردن، مامۆستای خۆشەویست قانعی شاعیر ئەو وەسفەی کە بە ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە سەیری ئەم کەلەپچەکەن مەرهەمی زامی دڵی بێگانەیە.. هتد. بە رای هەموو زیندانییەك لە ناخی بیرو هۆشیە وە یە. ئەو هۆنراوەی مامۆستای رەحمەتی پڕ بە پێستی وەسفی کردووە, ئەو هۆنراوەیە لە هەستو دەروونی هەموو زیندانییەکدا نەخشابوو، لەتەك هەستو ناخماندا بوو، زیندانو کاریگەری لەسەر ئەو کەسو مرۆڤە نیشتمانپەروەرانەی کە لە پێناوی وڵاتو نیشتمانەکەیاندا زیندانی کرابوون هەمیشە دڕندە مرۆڤ خۆرەکانی بەعس هەوڵیان داوە؟ کە بە هەر شێوەیەك بێت وەیان هەر چۆنێك بێ بمان چەوسێننەوە، لە هەستو سۆزی نیشتمان فەرامۆشمان بکەنو کوردایەتی لەبیر بکەین، هەرچەندە بە ئازار بوون بۆمان زیاتر تووڕە دەبووین لە دڕندایەتی بەهێزترو رق ئەستوورتر دەبووین بە تواناتر دەبووین، ئەوەی ئەوان لە بیریاندا بوو هەوڵی بۆ بدەن بێشك لە ژیانی کوردانەی ئێمە دوور بوو زۆریش جیاوازتر بوو، هەمیشە رەوشتی کوردانەی ئێمە هەروەکو چۆن ئەمەکدار بووین لەسەر بەرگری لە خاكو وڵاتمان بە هەمان شێوە لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە لە برەودا بووین هەر بە سەربەستی بەڕێمان دەکرد، هەرگیز ترسنۆك نەبووین لە رووی داگیرکەر, لە لێدانو (مەحجەرە)کەیان بێ ترس بووین هەرگیز سڵمان لەو کارە دڕندانە نەدەکردەوە کە

دەستکردی بەڕێوەبەری فەرمانگەی چاککردنی کۆمەڵایەتییەکەیان بوو، ئەوانیش ناهەقیان نەدەکرد لە سەرۆکەکەیانەوە فێری ئەو بەدڕەوشتییە کرابوون، لەوەوە رێنماییان وەرگرتووە، دیارە ئەو زیندانە گەورەیە دروست کراوە بۆ شۆڕشگێڕو ئازادیخواز، دیارە زۆرتری رۆڵەکانی کورد تیا ئاخنرابوو بەشی هەرە زۆری ئێمە بووین، راستە قووڵیو تاریکی بێزاری کردبووین، بەڵام جیاواز بوو لەوە کە نەزانین چییەو بۆ، زیندان بە رای داگیرکەرو دوژمنانی کورد، وا لێکدەدەنەوە ئێمە هەڵەینو چاکمان دەکەن بەڵام هەڵەکردن یەك دوان، هەزار. دە هەزار.ملیۆن, هەمووی هەر هەڵە، دیارە لەوەدا خۆیان سەریان دای لە بەرد زۆرتریش بە هەڵەدا چوون، هەرچەندە بەدڕەوشت بوون بەڵام ئێمە شکستی دەستی ئەوان نەبووین چۆکمان بۆ دانەدان، لەسەر بەرگری کوردانەو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بەردەوام بووین، مایەی شانازیمانە، دووەم ئێمە ئەو خوێندنگەیەمان بۆ رەخساوە، بە راستی خوێندنگەیەکی گەورەی کوردایەتیو خەباتو کۆڵنەدان بوو ئەوەی زیندانی دیبێو خاوەنی بیرو باوەڕ بێ هەردەم کۆڵنەدەرو باوەڕدارە! جوامێری ئێمە پەروەردەی ئەو خوێندنگەیەین فێری بیرکردنەوەو گوێڕایەڵی زانیاریو پشوودرێژیو خۆڕاگریو درێژەدانی رێی خەباتمان بووین, شوێنێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئێمەی تازەپێگەیشتوان، دوو دوو سێ سێ یەکمان دەگرتو باسمان لە گۆڕانو باری رامیاری کوردستانو هەواڵەکانی دەکرد، دەبوو بەئاگاوە گفتوگۆمان بکردایە، ئەگینا بانگیاندەکردین؟ لە (أمن)ی ناو زیندانەکەوە تووشی لێپرسینەوە دەبووین ئەوانیش بەهۆی (منافیق)ەکانیانەوە زانیارییان دەست دەکەوت.. بە ئەشکەنجەوە بۆ (مەحجەر) رەوانەیان دەکردین، ئەویش بە ئارەزووی خۆیان چەندێك دەیانهێشتینەوە لە مەحجەر...هتد, ئەو توندوتیژییەی (ئەمن) شتێك نەبوو کە لێی بترسین، ئەوەی تۆزێ سڵمان. لێی دەکردەوە بمانگەڕێننەوە بۆ دادگاییکردنو تووشی گرفتی سێدارەمان بکەنەوە، ئەگینا ئێمە لەو شوێنە خۆشتر.نە بوو لەلامان. هیچ نەبێ لە رۆژێکدا چەند کاتژمێرێك ئازاد دەبووینە ناو گۆڕەپانی زیندانەکەوە.. هەڕەشەی (ئەمن)مان لەسەر بوو بەس ئەوانیش بۆ نەهێشتنی گفتوگۆی بارە رامیارییەکان بەرگریان دەکرد لە هەر جموجۆڵێك، وەکو بزنەکەی هەیاسی خاسیان لێکردبووین ماوە ماوە بێدەنگ. دە بوون لەپڕێکدا بە

هەر بیانوویەك بوایە هەندێك بانگ دەكرا تۆزێ چاویان سوور دەكردەوە , هەندێك هەڕەشەیان دەكرد، گوایە تێكدەری ئاسایشی ناو زیندانن بە هەڕەشەی دادگاییكردن دەیان ترساندینەوە، خۆیان باش دەیانزانی هەموو بە سەربەستی باس‌و خواستی بیرو باوەڕەكەمان دەكردو ئاڵوگۆڕی بیرو باوەڕی رامیاریمان بەجێ دەهێنا لە هەوڵیاندا بۆ لەقكردنی بیرو باوەڕمان دوور لە خواست‌و ویستی خۆمان هەڵسوكەوت بكەین، بەڵام هەرچییان دەكرد بە داخی ئەوەبوون كەس لێیان نەدەترسا، وە هیچ كات گوێڕایەڵی فرمانە دڕندانەكانی ئەوان نەبووین ئامادەی ئەوەمان نەبووە كە هیچ كات بە پێی خواست‌و ویستی ئەوان بجووڵێین، بگرە هەندێك جار دژایەتیمان دەكردن، بەڵام كۆمەڵێك كەسی چاكی بەڕێزو رۆشنبیری لێبوو باش بوو هاوكاریی بچوكەكانیان دەكرد ئێمە پاسۆكەكان زۆر كات سەردانی (شێخ عوسمان)مان دەكرد كە پیاوێكی بە تەمەنتر بوو لە خۆمان ئالأی شۆڕش بوو بەڵام لەلایان گیانی هاوكارییەوە درێغی لێنەدەكردین، دەستی موبارەكی بە سەرماندا دەهێنا سوپاسی دەكەین هەرچەندە خۆی هاوڕێی شەهیدی سەركدە ئازاد مستەفا بوو هەردەم لە چاوی رێزلێنان بۆ ئەو ئێمەشی خۆشدەویست، ئامۆژگاری باشی پێبوو بۆمان، هەروەها خەڵكانێكی تر هەبوون لە ناو پارتی‌و یەكێتی ئەوانیش گیانی هاوكارییان زۆر بوو بۆ یەكتر خۆم وەكو كەسایەتی مامۆستا ئەنوەر شوكر لێوەی نزیك بووم شاعیرێكی چاكیش بوو هۆنراوەی چاكیشی نووسیبوو زۆر جار بۆمی دەخوێندەوەوە سەلام رەئوف .یش چۆن بارەگاكانی حسك‌و پاسۆك لە سورێن پێكەوە بوو لە زیندانیش بە یادی ئەو بارەگایانەوە هەر هاوكاری یەك بووین لەتەك برادەرانی یەكێتیش بە هەمان شێوە تێكەڵ بووین جیاوازی یەك نەبوو وەك ئەوەی كە دوور بكەوینەوە لە یەكتری‌و نەتوانین گفتوگۆ بكەین، ئەوەی مەبەستمە زۆر لەو پیاو چاكانە لە زیندان رێبەری بچوكەكان بوون ئێمە لەتەك ئەو خۆشەویستانە تێكەڵ بووین لەوانەیە جیاوازی بیرو ڕا هەبێت بەڵام رێبازی كوردانەو شۆڕش‌و خەبات لێكی نزیك كردبووینەوە، نەماندەتوانی جیاوازی دروست بكەین، لەو شوێنەدا كە دوژمن پێی شاد دەبوو، راستە بیرو باوەڕو (ئایدۆلۆژیمان) جیا بوو بەڵام هەر هەموو لە هەوڵی سەرفرازی نەتەوەییمان بووین، هەموشمان كورد بووین، هەرچەندە كۆمەڵێك كەس گرفتێكیان دروست كردبوو ئەمانە هیچ كات لە بەرژەوەندی بیرو باوەڕو كوردایەتیدا نەبوو، كەسانێكی دەروون نزم بوبوونە سیخوڕ, واژۆیانكردبوو ئامادەیی خۆیان بۆ رژێم دابوو, كە هاوكاریبكەن، ئەویش بە هاوكاریكردنی هێنان‌و بردنی قسەی هاونیشتمانەكەیان، هەر كەس باسی لە رامیاری وەیان جنێوی بەسەدام‌و دەست‌و تاقمەكەی بگوتایە لە رێگەی ئەو سیخوڕانەوە دەگەیەنرا، بۆ چاودێری هۆڵەكە (مراقب القاعة) ئەویش بە نووسراوێك رەوانەی ئەمنەكەی دەكرد هەر كەس راست‌و رێك دژایەتییان بكات ئەوە بەر رەحمەتی ئەو نووسراوە دەكەوت، بەر لێدان‌و فەلاقە دەكەوت، لە هەموو بانگكردنێكدا، لێیان دەپرسی (یا حزب) مەبەستیان بیرو باوەڕەكەیانە، كام لایەن دەكات (حسك، پاسۆك، پارتی، یەكێتی، شیوعی) مەبەستی هەر یەكە لەم لایەنانە بوو، لەسەر كام لایەن بوویتایە، لەسەری تۆزێ میراز دەكرایت، ئینجا لەسەر ئەو لێپرسینەوەی كە بانگ كراویت، گەڕیان دەكرد بە دەم لێدانەوە، لە پاشدا بۆ مەحجەر لەو كونە گیریان دەكردیت بە رای خۆیان ئەشكەنجەت دەد، هەرچەندە منافیقەكان لای ئێمە دۆڕاوو قێزەون بوون كەس وزەی نەبوو لەتەكیان گفتوگۆ بكات مایەی شەرمەزاری بوو بۆمان, كە دۆڕاون رووخساریان ناشیرین بوو ئەو كەسانە لە زیندان كەس ئارەزووی بینین یانی. نەدەكرد، ئەوەندە بەدڕووخسار بوون، ئەوانە دوو جار دۆڕاو بوون، لە سەر بیروباوەڕی كوردانە گیراوە دەبێ هیچ نەبێت لەبەر خاتری بیروباوەڕەكەی هیچ جۆرە چۆكدادانێك. وەیان كردەوەیەكی ناشیرین ئەنجام نەدات, دژی شۆڕش‌و كوردایەتی بێت، جگە لەوەی خۆفرۆش‌و دۆڕاو بوو ترسنۆك‌و ناپاك بوو، لە دژی هاوزمانە كوردەكەی. بۆیە ئەوەی واژۆی دەكرد بۆ رژێم، ئەو كەوتنەی دەكەوت هەڵسانەوەی مەحاڵ بوو، هەتا لە زیندان بوو بە منافیق ناو دەبرا، ئێستاش لەناو كۆڕی زیندانییەكاندا  بە منافیق ناویان  دەبەن، ئەو ناوەیان لێنابێتەوە، بۆیە یاخوا كەس هەڵنەخلیسكێ، كەس دەست نەداتە باڵی! لە ناخۆشترین ساتەكانی ژیانی كە دیل‌و دەستبەسەرە چۆك دابدات بۆ دوژمنەكەی دیارە كەس باوەڕی پێناكات جارێكی تر بێتەوە سەر رێی راست، بۆیە هەمیشە بەئاگا بووین لێیان سڵمان لێیان دەكردەوە نەماندەوێرا لە نزیكەوە ئامۆژگارییان بكەین وامان بە باش دەزانی لێیان نزیك نەبینەوە،؟؟! چونی ئێمە بۆ


www.pertwk.com

ئەو زیندانە لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر، رۆشتین ئەوەندە جیاواز بوو، پێش ئەوەی بگەین بینینی خۆر دەگمەن بوو بۆمان، قەدەغە بوو، هەردەم خەومان بە خۆرەوە دەبینی، بە درێژی ئەو ساڵانە ئاواتمان بینینی ئەستێرەو مانگ بوو، لە هەمووی بێبەش بووین،کە گوێمان لە جریوەی خوێندنی باڵندەیەك دەبوو ئاواتەخوازی باڵندە بووین،؟ ئەوەندە تامەزرۆ بووین بۆ ئازادی ئاواتەخوازی بینینی ئەو جیهانە بووین، بۆیە هەردەم خەومان بە ئازادییەوە دەبینی، هەردەم لە یادی خۆشەویستی شتە جوانەکان، دایكو باوكو کەسوکار، دیمەنە نامۆکانی دیلی هەموو جوانییەك شاراوەیە لێت، بۆیە زیندان بەو تێپەڕکردنانەدا دەڕوا چەند (مەرحەلە)یەکە سەرەتای لە کاتی ئەشکەنجە دان. ناوەندی بۆدادگاو وەرگرتن دوا بڕیاری چارەنووست، زیندانی سێدارە ئەوە کۆتایی هێنانە بە ژیانی ئەو مرۆڤە, لەلایەن دوژمنەکەیەوە هەتا هەتایی دەچیتە پێش قۆناغی کۆتایی,و ئاشنا دەبیتەوە بە نامۆیی ئەو شتانەی کە لێت ون بوون، شاد دەبیتەوە بە بینینی، دوا پلە(مەرحەلە) ئازادبوونەو ئەو یادگارییانە هەروەك خەونێك لە هەناوتا دێن‌و دەچن زۆرجار ئازارت دەدەن؟! زۆر جاریش بەهۆی یادگارییەکانتەوە دەتبەنە دەریای بیرکردنەوەو پێکەنین لەسەر زارت دێنە گۆ.. زۆر شتن ئەوانەی کە دەبینرێن‌و بەهۆی فەرامۆشیو نالەباری کاتەوە کە لە یاد دەچن من ئەوەی بە بیرمدا بێت دەینووسم ئەوەی کە لە بیرمچوو هیوام .وایە بۆ ئایندە چاکیبکەم، بۆیە پیرۆزی زیندان. زۆر گرنگە لای من‌و زیندانییەکانیوەك من, من لێوەی فێر بووم، هێزی ئازادیو سەربەستی خۆشەویستی هەموو بوونەوەرێك بووم هەتا دڕندەکانیش بتوانم هێمنیان بکەمەوە، ئەوەندەم چێشت بە ڕەقیو تووڕەیی دڵڕەقەکان, خۆم دڵم ئۆقرە ناگرێ ئەگەر دڵی هەر کەس ناڕازی بێت لێم، بۆیە رقم لە (قەفەز)ە تەلبەندی باڵندە؟ زیندان فێری خۆشەویستیو دڵفراوانی کردم، وشەی زیندان کۆڵنەدان‌و سەربەستی بۆ ژیان، ئێمە لە تاریکی شەوەزەنگی کونە شاراوەکانی زیندان لەو شوێنەی کە هیچ کەس پە ی پێنەدەبردین، هاتینە ئەو شوێنەی لامان خۆشتر بوو خۆمان بە ئازادی بینی، ئازادی ساتیمان بینی لە چوارچێوەی ئەو دوو دیوارەی نرابووە سەر یەك لە ئەبو غرێب، بەرزی دیوارەکانی دوو دیواری چوار مەتری بە پایە لەسەر یەك دانرابوون بەرزی 8 مەتر زیاتر دەبوو

چواردەوری دیوارەکە هەزار مەتر زیاتر دەبوو بە درێی، رۆژانە پیاسەمان دەکرد تیایدا، ئاڵوگۆڕی راکانمان دەکرد، زانیارییە تازەکانی خوێندنەوەمان دەبەخشی بە هاوڕێکانمان، هەندێك جار باسێك وەیان چیرۆکێکی بەتام وەیان رۆمانێکی زەبرو زەنگی زۆردارێك لەو شوێنەدا کاریگەری هەبوو لە پاش خوێندنەوە, بۆ یەکترمان باس دەکرد, یەکێك لەو رۆمانانەی کە لە زیندان تەواوم کرد (حەمەدۆك) بوو زۆر خۆش بوو لام ئەم جۆرە خوێن دنەوانە(ئەمن) تەرکیزیان بۆی نەبوو ئاسایی بوو زۆر لە خوێندنەکان سانسۆریان لەسەر بوو خوێندنەوەمان. ئازاد نەبوو جگە لە رۆژنامە درۆکانی خۆیان، هەرچەندە بە ناو مەکتەبەی لێبوو بەڵام شتەکان بە دڵی ئێمە نەبوو لە چاوی بێ رەوشتییەکی ئەوانەوە نەماندەخوێندەوە لە ماڵەوە شتی ئاساییان دەهێنا بۆ خوێندنەوە، ئەویش باش بوو تاووتوێی باسەکانمان دەکرد، لەتەك رووداوە رامیارییەکاندا بۆیە هەردەم هەڵوێست (موقف)مان لە مرۆڤێکی ئاسایی نەدەچوو خۆمان زۆر لەوان بە گەورەتر دەزانی، وەکو دەڵێن هیچ خۆشەویستیییەك ناگاتە خۆشەویستی وڵاتو نیشتمان، هەتا لە سەرەمەرگیشدا لەیاد ناچێت، هەرچەندە ئێمە لە چوارچێوەی گۆڕێکی فراواندا بووین، هەموو شتەکان قەدەغە بوون، بەڵام نەیانتوانی خۆشەویستی نیشتمانمان پێ لەبیر بکەن، بۆیە هەمیشە بە دەم باس‌و خواستو رووداوەکانییەوە بووین، وتەیەك هەیە دەڵێت ئەگەر یەکێ نیشتمانی خۆش نەوێت، هیچ شتێکی خۆش ناوێت، ئەو گۆڕەپانە دەرگایەك بو بۆ گفتوگۆی ئێمە بوو، دڵمان زۆر پێی خۆش بوو، کاتی سەرژماردنمان هەبوو لە کاتژمێر هەشتی بەیانی لە بڵندگۆکانەوە بانگیان دەکردین بۆ ژماردن (يرجى من كافة الأخوة النزلاء حضوركم إلى تعداد) بەم شێوەیە، هەر لە دوای ئەم بانگەوازەوە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو زیندانییەکان دەهاتنە ناو گۆڕەپانی حەوشەکەوە بە ریز دەوەستاین بۆ بژاردن، بژاردنی دوانیوەڕۆ کاتی ئاڵوگۆڕی ئێشکی سەرجانەکان بوو لەو کاتە دەگۆڕان ئێمەیان دەردەکردەوە لە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ ، وە شەوانیش کات ژمێر هەشت دەنگوباسی دەخوێند کەس بۆی نەبوو بجووڵێتەوە تا هەواڵەکان دێتە کۆتایی خۆ ئەگەر سەدام دەستی بکردایە بە (خیتاب)گوتاری درۆکردنی! خۆی جاری وا هەبوو تا دوانزە قسەی دەکرد دەبوو دانیشتینا تا ئەو لە درۆ دەبۆە وە، جووڵە

قەدەغە بوو ئەویش یەكێك لە بەدڕەوشتەكانی ڕژێم، لە ڕاستیدا بە زۆر بوو ئێمە باوەڕمان پێی نەبوو، ئەوان هیچ كات ڕاستگۆ نەبوون لە گوتارەكانیاندا خۆیان لەسەر درۆ دروست ببوون بە زۆر دایاندەنیشانین، وەكو بت دەوەستاین، خۆ شاردنەوە لە هەواڵ، واتای خۆ زیندانییەكی تر بوو ئەویش بۆ (مەحجەر) ئەمە زیندانی دووەم بوو، جگە لە قسەی ناخۆش‌و سوكایەتی پێكردنمان، تەلەفزیۆنەكەیان دانابوو بۆ ئێمە بەڵام قەدەغە بوو كەس دەستی بۆ ببات بە هەموو شێوەیە: ڕوانینی كەناڵی تر قەدەغە بوو هەرچەندە یەك كەناڵی تری تیا بوو ئیتر تەواو، زیاتر نەبوو، هەر لەسەر كەناڵە مەركەزییەكەی بەغداد بوو، ئەویش هەردەم باسی ئازایەتی عێراقییەكان‌و شەڕی ئێرانی دەكرد واتای هیچ، هەرچەندە بێزاری ئەو شتان بووین؟ بەڵام بۆ ئازاری كورد.دایان دەنایین، ئەنفال‌و ڕووتكردنەوەی ماڵی كورد بوو لە ڕاستیدا نەك ئازادی مۆسیقا و تەلەفزیۆن، لە ڕاستیدا دڵی تەنگ دە كردین, بێزاربووین بە ئەو دانیشتنە، نەك لە خۆشەویستی، خۆمان هیلاكی دەستی ڕۆژگار بووین ڕۆژگاری چاوەڕوانی‌و پڕ لە كارەساتی كوردستان‌و شارەكەمان ئەوانیش خۆ نەبێ لەتەك خواستی خەڵك بن لە ڕێڕەوی خۆیان لایان نەئەدا، بە خواستی خۆیان دژوار بوون هەڵسوكەوتیان بە ویستی خۆیان پێدەكردین ئەوەی كە ئازاری ئێمەیان دەدا دەیانكرد، لە ڕاستیدا بەرەنگاری ئەو هەموو ناخۆشییەمان كرد، بەرگریمان لە خۆمان‌و بیرو باوەڕەكەمان دەكرد، چەند توندوتیژ بوونایە ئێمە پشتگوێمان دەخستن، لە ڕاستی ڕژێمەكەمان دەزانی، وەیان ئەو برا عەرەبانەی كە شیعە بوون خەڵكی چاكیان .هە بوو, ڕۆشنبیرو تێگەیشتووی بارودۆخەكە بوون, زۆر جار گفتوگۆمان لەتەك دەكردن خۆیان بە پشتیوانی ئێمە دەزانی خۆیان بە هاودەردی ئێمە دەزانی، باشتر ئەوان لە ڕژێم تێگەیشتبوون جۆرە كەسێكی چاك بوون، بەڵام زۆری لەو عەرەبانەی كە نزیكی دەورووپشتی بەغداد بوون بۆ جاسوسی هانیبوونیانە ناو ئەبو غرێب؟ لە ڕاستیدا خۆیان لەسەر (جنایات) گیرابوون نەك ڕامیاری زۆر ناڕەسەن بون. دژایەتی كوردو عەرەبیان دروست كرد, لەناو زیندان چەند شەڕێكی كوردو عەرەبی تیا دروست بوو, شیعەكانیش خەڵكە چاكەكەیان بێزاری ئەو بارودۆخە بوون،؟... بێینەوە سەر باسەكە, هەر (سفرداش)ێك لەتەك هاوڕێكەی فلینەو شتی جیاوازی خۆیان هەبوو

بوتڵی غازیشمان هەبوو بۆ نان‌و چێشت لێنان، لە نێوان خۆماندا ڕێك كەوتبووین لەسەر ئیشی ڕۆژانە هەر ڕۆژەو یەكێكمان ئێشكمان دەگرت، لە مانگێكدا دوو جار دیدەنی دەكراین، هەموو جارێك خواردنی باشیان بۆ دەهێنایین، لە ناو فلینەكاندا دامان دەنان تا 10 شەو دەمایەوە، باش بوو، لە زیندان خواردنیشیان بۆ لێدەنایین بەڵام ئەوەی ماڵەوە خۆشتر بوو دەمانخوارد لەتەك ئەوەی كە خۆمان دروستمان دەكرد، سەهۆڵیش لە بەڕێوەبەری زیندانەوە ڕێگە درابوو, كە چەند قاڵبێك سەهۆڵ بێتە ژوورەوە بۆمان بە پارە دەمانكڕی، هەندێك جار كەم دەهات بەشی نەئەكردین، دەمانكردە ناو (تەپەتۆرەكەوە) وەك بەفرگری لێدەهات خواردنەكەی دەهێشتەوە خراپ نەدەبوو، خۆ زۆر جار كەڕووشی دەكرد بەپیازو بەهارات‌و ترشی دەمان هانییەوە تایم، شێوەی جلوبەرگ لەبەركردنمان جگە لە جلی قاوەیی هی تر قەدەغە بوو بە تایبەت لە كاتی دیدەنی دا، ئەگەر قاوەیی لەبەر نەكەیت ئەوە دیدەنی نەبوو، لە كاتی ئاساییدا بۆ شتن,ی جلی ترمان دەپۆشی بەڵام دیدەنی مەحاڵ بوو بە جلی ئاساییەوە، فێری ماڵداری و, قاپ‌و جل شتن بووین ئەمەیان بۆ ماڵ باشە چێشتی باش فێرببووین لێمان دەنا، دیمەنەكان جیاواز بوو هەریەكە بە دەم گرفتێك ئالا بووین كاریگەری دەرەوەی زیندان لەسەرمان بوو، هەرچەندە هەر چاوەڕوان بووین بۆ تروسكاییەك كە لێوەی ئازاد بین، كە ئازارەكانمان تیا خامۆشكەین، زۆر مایەنەوەو بێ هیوایی سەری لێتێك دابووین، وەیان باری دەروونی نالەبار ڕووی تێدەكردین وەك بیركردنەوەمان لە تەمەنمان بەرەو ژوور دەڕۆشت، ژیانمان گۆڕا خەریك بوو دەشێوا، زۆرمان كە گیرابووین موومان لێنەڕوا بوو، ئەوەتا لەو ساتەدا هەموو ڕیشمان دەتاشی، تا كەی چاوەڕوانی، تا كەی بە هیوای دروستكردنی ماڵی پاشەڕۆژمان بین، ئەی ئەو باوكانەی كە ماڵ‌و منداڵیان بەجێ هێشتبوو بێگومان هەردەم بێ ئۆقرە بوون ئەوان سەریان لێشێوا بوو لەتاو ماڵ‌و منداڵەكانیان، نەیاندەزانی چی بكەن ئەوەندە بەئازار بوون بۆیان زۆر لەو باوكانە بە هۆی ئیشی زەنگیانەوە ماڵ‌و منداڵیان بەڕێوە دەبرد، وە ئامانجیان ماڵ‌و منداڵ‌و بەڕێوەبردنی بوون لە هەموو شتێك زیاتر گرنگ بوو لایان، مافی خۆشیان بوو كەس نەبوو بچێ بە هانایانەوە، بۆیە هەردەم بیریان لای منداڵەكان بوو، كێ هاوكاریان بێ ئەی پێویستەكانیان كێ بەڕێوەی دەبات، ئەی پاشەڕۆژیان

بەرەو کوێ، هەروەها مەترسی شێواندنی چارەنووسی ماڵو منداڵەکان لە ئاقارێکی خراپ بوو، چۆن باوکیان لە خوێندنو مافی ژیان بێ بەری بوو ئەمانیش بەو شێوەیە، چۆن داوای بە بەعسبونیان دەکرد لە پلە ناوەندییەکاندا بۆ ئەوەی لەو تەمەنەوە لە خشتەببرێیت، چۆن وازییان پێهێناین لە خوێندن لەسەر (ئیمزا) واژۆکردن بۆیان ئێستاش چارەنووس لە زیندانەو منداڵەکانیش لە دنیایەکی ئازادی بێ باوکایەتیدان بە بێ نازی گەورەیی بەڕێوەی دەبەن ئەو کەسانەی ژیانیان لە زیندان بەسەر دەبرد خاوەنی ماڵو منداڵ بوون لە دوو دۆزەخی جیاواز دەژیان یەکەم گەورەیی زیندانو ئازارو ئەشکەنجە بەسەر بردن بوو, بۆ ئەو کەسانەی کە ماڵو منداڵیان لێ بەجێماوە لەو کاتە ناخۆشەدا رژێم هەر ساتەی بە شێوەیەك هێرشی دەکردە سەر کوردستان ئەویش ناخۆشییەکی گەوری تر بوو، ئەویش کارەساتێك بوو لە کارەساتەکانی تر، کە رووبەڕوومان دەبۆوەو هەرچەندە ئێمە مرۆڤ بووین بەس گیان لەبەردا بووین نەك زیندوو لە جەستەدا، لە راستیدا لە مردوو دەچووین. لە زۆرداری رژێمو بێ هیوایی لە ژیاندا, زیاتر بێزاری کرد بووین. ئێمەش گەنج بووین هیوامان بە دواڕۆژێکی خۆش دەخواست، هەرچەندە باشەڕۆژمان کەس نەیدەزانی، لەتەك ئەوەشدا بیرمان لە ئازادی بۆ ژیان بۆ پێکهێنانی ماڵو خێزان، هەڵبژاردنی دواڕۆژمان بە دەست خۆمان نەبوو، ، هەتا هەتایی بووین، هەرچەندە بەوە رازی بووین چونکە لەوە ترسناکتر دەیانو سەدان هاوڕێی خۆشەویستمان کە هەموو ئاگامان لێبوو بە بەرچاومانەوە بەرەو کونە تاریکەکانی سێدارە بەرێ کران ئەی تاوانی ئەوان چی بوو، هەتا هەتایی رازی بوونێکی تر بوو لەسێدارەدان باشتر بوو، بەوە ئاهێکمان دەکێشایەوە هەرچۆنێك بێت ئێمە ئێستا دەژین لەتەك ئازارەکان راهاتبووین، هەرچۆن دەبێ با ببێ دووەم خاوەن ماڵو منداڵەکە دەست بەستراوی رۆژگارو ئازاری منداڵەکان دەیخولاندەوە، هەرچی بکردایە نەیئەتوانی وەکو پێویست لە تەك ئازارو کەموکوڕی منداڵەکانی پشوو بدات, ئێمە لە هەوڵو تێکۆشان بووین بۆ خەباتو ئازادی ژیان بۆ بەرگریکردن لە وڵاتو نیشتمان بۆ خۆشی ژیانو ماڵو منداڵ ئێستاش بە دەست بەستراوی. ناتوانێ هیچیان بۆ بکات, وەیان رۆژانی دیدەنی رۆژی (حەشر) بوو، رۆژ بە رۆژ تا دەهات ناو زیندان پڕتر دەبوو جێگە کەمتر بوو لە کاتی هاتنە ناوەوەی خێزانو منداڵ دەبوونە ژێر دەستو پێوە، ئەوانەی دیدەنیان دەکرد بە ئازارێکی زۆرەوە دەیانتوانی بگەنە ژوورەوە، رێ نەبوو بە گەرمای (جنوب) هەموو نیوە مردوو ببوون، یان ئەو چەند ساتەی کە منداڵەکان ئامێزی پڕ خۆشەویستی باوکیان دەیهەژاندن بۆ چەند ساتێك باوەشی خۆشەویستی باوکیان دەبینی لە دواییدا بە دەم هەنسکی گریانو بە بێ هیوایی باوکایەتی دەگەڕانەوە، ئەمەش کارەسات بوو، یان باوك , ماڵئاوایيو خوداحافیزی مەبەستبوو لە تەکیاندا بێت, بەجێیان نەهێڵێت هەر بە چاو تا لێی ونده‌بوون هەر ئامێزی تامی خۆشەویستی ئەوانی تیا مابوو، تا چەند رۆژێکیش هەر بەو خۆشەویستییەوە سەریان دەنایەوە، لە راستیدا کارەساتو ناخۆشی بوو بۆ خاوەن خێزانو منداڵەکان. هەرچەندە من هیچیانم نەبوو بەس لە دیمەنی ئەو باوکانەوە دەمڕوانییە ناخۆشییەکانی دەمبینی، من بەچاو هەستم پێدەکرد بەڵام ئەوان بە قرچەی دڵو هەناویان دەسووتان بۆ خۆشەویستی باوكو منداڵەکانی بۆ یەکتر.. نەماندەتوانی بە ئاسانی بخەوین جێگەی خەومان لەسەر لا بوو، ئەبو غرێب زۆر گەورە بوو, پڕیکردبوو لە زیندان هەر جەمەلۆنێك بە لایەنی کەمەوە 700 تا هەشت سەد کەسی تیا بوو ژمارەی زیندانییەکان زۆر بوو چەند هەزار کەسێکی لێ زیندانی بوو بە عەرەبە شیعەکانەوە بێ ئاویو بێ خۆشتن بەو گەرمایە تووشی دەیان نەخۆشی هاتبووین هەموو جەستەمان تووشی خورووی بووبوو (مخابەرات)ی عێراقی جۆرە مێروویەکیان (استراد) کردبوو لە شێوەی (سن)دا بوو جۆرە مێروویەکی دانەوێڵە خۆرە، ئەم بچوکتر بوو رەنگی قاوەییەکی تۆخ بوو زۆر زۆر پیس بوو وەك کێچ گازی دەگرت ئازاری زۆر بوو لە کاتی گازگرتندا فریای بکەوتیتایە دەستی لێبدەیت یەکسەر دەتۆپی زۆر ناسکیش بوو, بۆنێکی ناخۆشی هەبوو تەواو لێی بێزار بووین لەشمان تووشی خوران. بوو لەو مێروانەوە، خواردنیان خوێن بوو لە ناو کارتۆنەکانی شتو مەکەکاندا هێلانەیان دەکرد, زۆر ناسك بوو زۆر پەلەش بوو وەکو کێچ ئازا بوو، بە ئاسانی راو نەدەکرا ئەم مێرووە هۆیەك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی نەخۆشی خورانی جەستە، هەم لە بینینی نانمان بۆ نەدەخورا، ئەوەندە پیس بوو ئەمە ئازارێك بوو لەو ئازارە دەروونیانەی بە دەستی مخابەرات بۆمان دروستکرابوو، ئەشکەنجەی ئێمەیان پێدەدا! وەیان لە کاتی

شەڕی ئێران عێراق هەر کاتێك عێراق لە شکستدا بوایە هەڵبەتە گوزەرانی ئێمە لە مەترسیدا بوو؟ لە کاتی شەڕی ئەو دوو لایەنە دادگا بێ گوێدانە تاوان بێ ڕەچاوکردنی تاوان بە ئارەزووی خۆی ئەوەی دەچوو بەردەستیان لە سێدارەیان دەدا؟ شێوەی دادگاییکردنەکە دەگۆڕا، لە کاتی شەڕدا خۆ ئەگەر بێ تاوانیش بووبێ هەر بە چاوی دوژمنکارانە تێیان دەڕوانی, لە ژێر دەستیان دەرنەچووە بەساغی. جا بۆیە ئێمە هەر کاریگەری کێشەی نەتەوەییمان لەسەر نەبوو بگرە کاریگەری شەڕی کەنداو یەکێك بوو لە هەرە دژوارەکانی کێشەی زیندانییەکان, ئێمە بەس لەسەر کوردایەتی دادگایی نەدەکراین، بەڵکو ئەو کاتەی ئەوان ئەدۆڕان وەکو سەربازێکی ئێرانی سەیریان دەکردین بە نارەوا هەڵسوکەوتیان لەتەك دەکردین بە بێ ئەوەی ئێمە تاوانباری ئەو هێرشانە بین لە راستیدا من دەڵێم لە کاتی هێرشی ئێران بۆ سەر عێراق پێدەچێ ڕێکەوتنەکەی جەزائیریان بیر کەوێتەوە لە تۆڵەی ئەو دۆڕاندنە وامان لێبکەن، بێ تاوان بووین بەڵام ببووینە سووتەمەنی لەو پێناوەدا، لە راستیدا جەنگی کەنداو ببووایە یان نا ئێمە هەر بەردەوام بووین لە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی نەتەوەو خاکەکەماندا، ئەو شەڕەی کە هات بەسەردا، هەردوو لایان وەك یەك بوون بۆ ئێمە، هەردوولا , تاڵانکەرو خوێنمژی گیانی کوردن، دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە، دۆستایەتی ئێمە بۆ ئێران نەبوو، ئێمە شۆڕشمان دەکرد ئەم شەڕەش هەل بوو؟ بۆ کورد خۆی تیا ببینێتەوە بۆ رۆژێکی وا دەگەڕاین, کە دوژمنەکانمان سەرقاڵی کێشەی خۆیان بن نەك بیانپەرژێتە سەر کورد، ئەوەی بەعس ویستی لەتەك ئێران، شەڕی دوژمنکارانەی خۆی کرد بەڵام لەوێوە کە تێی دەگیرا تۆڵەی لە زیندانییەکان دەکردەوە، رقی تۆڵەی خۆیان بۆ ئێران لە کورددا دایاندەمرکاندەوە، بە لاوانی کورد ویستیان تۆڵەی شەڕەکانی بەصرەو هۆرەکان بکەنەوە، دیارە ئەنجامی نەفامی رژێمێك لەسەر بناغەی سەرۆکێکی شەقاوەو چەقۆوەشێن و دز دروست ببێت، بێگومان شکی ناوێت ئەگەر لە جیاتی شیعەکانی جنوبیش بمانکات بەپەتا هەر لای دوژمن ئاساییەو دەبێت، گرنگ رۆژانە سەد کەس بکوژێت لە پێناوی دەستەڵاتی فاشییانەدا، زۆر تاوانباریش لایان گرنگ نەبوو گرنگ ئەو وەك زوحاك رۆژی سەری یەك مرۆڤ بۆی دەبرا بەڵام ئەم بە سەدان سەر تێرینەدەخوارد رۆژی بەسەدان لاوی دەوێ بۆ دامرکاندنەوەی ئێش و ئازارەکانی خۆی و خێزانەکەی ئەم هەر خۆی نییەو بەس بەڵکوبە خێزانی تووشی ئەو نەخۆشییە هاتوون رۆژانە لەتەك کوشتن و خوێنڕشتن نەبێت ئۆقرە ناگرن، ئینجا پێخوشحاڵ دەبن, مارەکانی سەرشانیان ئاسوودە دەبێت دەخەون، ئەی ئێمەی خۆراکی مارەکان تاوانمان چییە، کورد دەڵێ کوڕی خۆمان ناکەین بە قوربانی کچی خەڵك, بۆیە هەردەم لە شەڕو پێکدادانی ئەوان سوودمەند بووین و زەبری کوشندەیان بەرکەوتووە، لە تۆڵەی خۆمان بە بێ وچان بە هەمیشەیی بەرگریمان کردووە, تا هێزو بازوومان لەکاردا بێت دژیان وەستاوین، کڕ نەبووین لە تاوانەکانیان، هەمیشە وەك دڕندەیەك بوون لە کوردستان وەك میلیشیایەك بە دڕندەمان زانیون ئەوەی بڵێ ئەوانە مرۆڤن هەڵبەتە مرۆڤایەتی خۆی نازانێت، جا کوردینە قسەی هەق رەقە بەڵام تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە، کورد دەڵێ لە جێی سندان قوزەڵقورتە ئێمە مافی خۆمانە لە هەموو سات و کاتێکدا بزانین بۆو چۆن بووینە خزمی داگیرکەرو خوێنمژی کوردستان بە درێژی مێژوو ژێردەستەی تورك و فارس و عەرەبین، یەك لە یەك خراپتر ئەشکەنجەیان داوین و قات و قڕیان کردووین، ئیتر بە داخەوە بۆ ئەو بەڕێزانەی ناوزەندیان دەکات بە براو باوك و کەسمان چۆن بەو مێژووە خوێناوییەی کە پڕە لە زۆرداری لەتەکیاندا لە هەموو شکستییەکیاندا هانایان بۆ کورد هانیوە دوایی نمەك بە حەرامیش بوون بە تایبەت تورکەکان، لە پاش ئەوەی کە ئیشیان نەماوە پاشقولێکیان لێگرتووین و لەسەر پشت بە زەویدا کێشراوین، دۆستایەی داگیرکەر بۆ کورد وەکو دۆستایەتی مشك و پشیلەیە, خۆ ئەگەر نەیخوات ئەوەندە یاری پێدەکات تا دەمرێت, کەوابێ ئەوان چەند برای بەریتانییەکان و یەهودییەکانن ئەوەندەش برای ئێمەن ئیتر بۆ خۆمان هەڵخەڵەتێنین, ئەوان ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان نەبوو بێت هاوکاریان نەکردووین یەك دەنگ شقارتە بە بیست قات وەریانگرتۆتەوە کەوابێ هیچ کات و سەردەمێك ئێمەو ئەوان کورد وتەنی لە ناو مەنجەڵێکدا ناکوڵێین ئیتر با بەس بڵێین براکانمان کوامە برا. پارت و ڕێکخراوەکان ئاوێنەی جەماوەرن بەڵام جەماوەریش سەرچاوەی بوون و دەستەڵاتە، کەوابێ با خراپ حاڵی نەبین لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین دراوسێ بەڵام هەرگیز ئەوە برای ئێمە نییە کە بە درێژی مێژوو دەستیان بە

خوێنی کورد سووره!! هەمیشە لە کاتی دۆڕاندنی شەڕەکانی (قادسیە)ی دۆڕاودا، لەو ساتانەدا گەرمەی شەڕ دەستی پێدەکرد رژێم شکستی دەخوارد کوشتارو بریندارێکی زۆری هەبوو لەم کاتانەدا دەکەوتە ناو زیندانەکان بۆ لە خشتەبردنی بە بیانوی هاووڵاتی عێراقییەوە خوێن بۆ برا جەنگاوەرەکانی بەرەی شەڕ ئێمە لە خۆماندا نەبووین هەموو جەستەمان تێکەڵی ئازارو مەینەتی بوو، ئەوانیش وەکو پیشەی پێشوویان دەکەوتنە وێزەمان دەهاتنە سەرمان بۆ کۆکردنەوەی خوێن! بۆ بریندارەکانی جەنگی دۆڕاویان، لە راستیدا ئەو خوێنە بۆ هەژارو لێقەوماوان بوایە ئەوەندە گیانی هاوکاری‌و لێبوردنمان هەبوو لەوانە بوو بە ئەندامانی جەستەش هاوکاریمان بکردایە چونکە ئەوەندە کاری دزێو نابەجێمان دیبوو بەزەییمان بە هاووڵاتیاندا زۆر دەهاتەوە، هەر کاتێك بیانویستایە لە بڵندگۆکەوە داوای چوونە ژوورەیان دە کرد بەم شێوەیە (يرجى من الكافة النزلاء حضوركم إلى قسم) دەمانزانی ئەمیش نەهامەتییەکی ترە ئەمیش خوێنمژینێکی ترە، لە پاش چوونە ناوەوەی زیندانییەکان راستەو راست (غلق مرمر) واتای راڕەو داخرێت، لە نێوان جەمەلۆنی یەك‌و دوو راڕەوێکی درێژی لێبوو دەگەشتەوە لای (سەیتەرە) پانییەکەی پێنج مەترو درێژییەکەی لە سەروو 300 مەتر دەبوو، بۆیە هەموو دەرگاکان‌و راڕەوەکەشمان لێداخرا، جەلادەکان بە کێبڵەوە خۆیان کرد بە ژووردا هاتن داوایان کرد . هێرشێکی قورس رووی داوە پێویستییەکی زۆریان بە خوێنە لە هەموو جۆرەکان بۆ قادسیەی خوێنخۆر، هەم بە ناوی خەل کو. شارستانییەوە هاتن لە راستیدا باوەڕمان بە قادسیە نەك هەر نەبوو رووبەکی رەشی قێزەون بوو لە بەرچاومان ئێستا بەو شکستییە هاتوو دەڵێن خوێن ئێمە هەڵبەت شادمانین بەوەی (تەنازول) چۆك دادەدەن بۆمان، لەتەك داواکردنی خوێن زیندانییەکان هەر یەکەو بە شێوەیەك هەوڵمان دا خۆمان بشارینەوە وەیان رابکەین لە چنگیان، بۆیە داواکردنی خوێن بووە هۆی یاخیبوونی زیندانییەکان لە دەست. فەرمانگەکەیان ئێمە بە ناوی قادسیە رقمان لە هەموو بەهاکانی‌بەعس وشۆڕشە کە یان, دەبۆوە ئێستا هاتوون بەو ناو قێزەونەوە داوای خوێن دەکەن ئیتر چۆن بتوانین هاوکارییان بکەین بە خوێن، ئێستا پێمان دەڵێن ئێوە عێراقین بەڵام پێشتر (عمیل الایرانی) بووین، لە راستیدا کورد پشت‌و پەنای لێقەوماوان‌و هەژاران بوو هەمیشە سووتەمەنی بووە بۆ هەژاران بەڵام باوەڕبوونمان بە قادسیە زۆر قورس بوو لامان بگرە نەك جێی متمانە نەبوون نەفرەتی لێ دە کرا.وبە رسوایی. تەماشامان دەکردن، ئێستاش. لە نوشست‌و لە چۆکدادان دان داوای یارمەتی لە ئێمەی تاوانبار دەکەن ئەی بۆ لە لێکۆڵینەوەو دادگادا (مخرب) بووین خۆ ئەوان ئەو کاتە دەیانزانی چین‌و کێین مەبەستم لێرەدا دوژمنەکانمان چەند زۆردارو خوێنمژ بوون. کە لێیان دەقەوما هانایان بۆ دەهێنایین ئێمە یارمەتییان بدەین، لە مێژوویشدا لە شۆڕشەکانی کۆن‌و نوێدا هەر رەفتاریان درۆو فێڵکردن بووە لە کورد، وەیان لە سێدارەدانی ئەو هەموو گەنجە بۆ لەبەر چی خۆ هەر هەمان مرۆڤی کوردن, کە پێمان دەڵێن ئێوە عێراقین! لە پێشدا عمیل‌و مخرب بووین، بەو ناوانە بانگیان دەکردین، ئێستا هاتوون داوای خوێن بۆ قادسیە دەکەن؟ دەیانتوانی ئەوەندە تاوان نەکەن دژی کورد لێکۆڵینەوەیەك ساز بدەن بۆ تاوانەکانیان, کە هەموو ئەو گەنجانە لە سێدارە نەدرانایە، لە بێ ئاکاری خۆیان‌و پشتگوێخستنی تاوانەکانیان، داوای خوێنمان لێدەکەن کە هەرگیز دەستیان لێنەپاراستووین، لە کەوتنەکانیشدا چۆکیان بۆ داداوین‌و تاوانەکانیان بە هەڵە باسکردووە، لەو پاشگەزبوونانەوە هەردەم توانیویان فڕو فێڵەکانیان سەر بگرێ، کورد وەك ناسراوە هەموو جیهان دەزانێ، هەمیشە بە بەزەیی‌و دەست‌و دڵ خاوێن بووە, هەردەم بە هانای ئەو کەسانەوە چووە کە داوای یارمەتیان لێکردووە، بەعسییەکان‌و دوژمنانمان لە پاش هەڵسانەوەیان ؟ ئەمەکی چاکەکەیان نەداینەوە بەڵکو خەنجەری ژەهراوی خۆیان هاویشتووە، بوونەتە بەربەستکردنی هەموو ئازادییەك‌و کوشتن‌و بڕینمان، رێگر بوون لە بەردەم هەلومەرجەکانی ژیاندا، ئیتر چۆن لەو هەموو هەڵەو درۆیانە تێنەگەین هەر باوەڕ بێنین، بۆیە چەندەها. سەرجان‌و بەعسییان بڵاو کردەوە، بە هەڕەشەو ترساندن نەیانتوانی خوێنمان لێبسێنن، چوار دەوری جەمەلۆنەکانیان گرت ویستیان دەست بە تەواوی بگرن بەسەر زینداندا‌و نەهێڵن کەس لە دەستیان رابکات، ئەوەی کە گرتیان بە زۆر لێیان سەند، هەندێکیش بە خۆشی خۆی خوێنی دا، بەڵام کۆمەڵێکی زۆرمان چۆکمان دانەدا چووینە ناو گۆڕەپانەکەی دەرەوە، رای زۆر لە برادەرانمان وابوو خوێن دان بۆ خەڵکی هەژارو لێقەوماوە ئەی گوایە ئەنفالەکان لێقەومان نەبوو، کەوابێ کەس

گوناح نییه، خۆشمان لەوە زیاتر هەڵنەخەڵتێنین هەر ئەو گوناحانە بوون چەپڵەیان بۆ ئەنفال‌و سوکایەتی پێکردنی ژن‌و منداڵانی کورد لێدەدا، کە بە ناو شارە عەرەب نشینەکاندا تێپەڕیان دەکرد، بۆ عەرعەرو نوگرە سەلمان، وەیان سەرمایەدارەکانیان نەبوو, کچی ئەنفالی کوردیان دەکڕییەوە، ئەی گوایە خوێنەکەمان بۆ کێ ئەشێ، زۆر لەو هاوڕێ خۆشەویستانە بە هەڵوێست‌و مەردانە وتیان خوێن دەڕژین سەر زەوییەکە بەڵام نایدەین بە ئێوە، تا ئێستاش زۆر لە منداڵ‌و کەسی کورد وەك ڕەهینەیەك ئیشیان پێدەکەن، بۆ ئارەزووە گڵاوەکانیان بەکاریان دێنن، هیچ یەك لەو هەزارانەی قادسیە بە دەم ئێمەوە نەهاتوون بۆمان نەپاڕاونەتەوە، چەپڵە لێدەری دوای تاوانەکان بوون، ئێمە خوێن ببەخشین پێیان ئەوان چەپڵەی شکستیمان بۆ لێدەن, ئەوان تالانیی موڵك‌و وڵات‌و قەوم‌و ناومانن هاوکاری ئەنفال‌و سەرکردە تاوان .کارەکەیانن ئیتر تا کەی کوڕی خۆمان بکەینە قوربانی کچی خەڵك، لێقەوما و کوردی بێکەس‌و دەستبەسەر بوو نەك ئەوان کە 24 دەوڵەتی عەرەبی پشت‌و پەنایانبوون، ئەی ئەو منداڵانەی لە دایك بەجێمان ئەو دڵسۆزانەی تاوانبار کران ئەمانە‌و زۆری تریش بەڵام تاوانەکانی خۆیان شاراوە بوو قادسیەچییەکان گوناحن غەدریان لێکراوە بەو پشت ئەستوورییانەیان کورد هەر خۆی‌و پشت‌و پەنای خۆی بوو کەس نەبوو بڵێ بۆ وایان لێدەکەن لە پێناوی تالان‌و بڕۆی خۆتان قات‌و قڕی کوردان مەکەن، ئێمە خاوەن ماف بووین ئەوان بە هێزەکانی خۆیان دەهاتنە ناو وڵاتەکەمان دەستیان لە تاوان نەدەگەڕانەوە، هەر لەو چاوەشەوە دەهاتنە ناو زیندان، داوای خوێنیان دەکرد بە بێ شەرمانە، لەسەر زاری قسەیاندا ئەوان بەخێوکەری نەتەوە و وڵاتمانن، بەڵام هێزی هەڵوێست‌و مەردانە خۆی نەدا بە دەستەوە، ئەوەی لە ناو قاعەکاندا بوو گیران خوێنیان لێسەندن، بەشێکی کەمیان خۆیان دزییەوە بەڵام ئێمە کۆمەڵێکی زۆر بووین لە ناو گۆڕەپانەکەی دەرەوە لەم گۆشە راویان دەناین بۆ ئەو گۆشەیە هەر بە دوامانەوە بوون، ئەمسەرو ئەوسەریان زۆر پێکردین هەتا هەڕەشەی خراپیان ئاراستە کردین بەڵام هەر نەترساین بۆ دواجار وتیان گفتوگۆ لەتەکتان دەکەین رازی بووین دانیشتین پێشەکی دەستیان کرد بە قسەی قۆڕکردن بۆمان ئێوە عێراقین‌و هاونیشتمانین زۆر لەو درۆیانە، ئێستا هێرشی دوژمنکارانەی ئێران بۆ سەر عێراقە‌و برینداری زۆرمان هەیە‌و پێویستیمان بە خوێنە دەبێ بیدەن، ئێمە لە راستیدا دەمانویست بڵێین ئێوە زۆر خراپ‌و دژوارن بەڵام راستە‌و راست نەمانتوانی تێیان بگەیەنین هەتا وایان لێهات وتیان یەك لە ئێوە هەستێت قسە بکات، بزانین هۆکەی چییە لە راستیدا هۆکەی ئەوە بوو کە باسم کرد، بە هیچ شێوەیەك باوەڕمان پێی نەبوو زۆر برادەر کە لێیانسەند بە خۆشی خۆی نەبوو، ئێمەش لە ئەنجامی راوڕاوێن خۆمان نەدا بە دەستەوە، دوا جار بەڕەحمەت بێت (کاك حەسەن نەجار) ئەندامێکی بەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو ئازایانە هەستایە سەر پێ، لە هەموومان بە تەمەنتر بوو، وتی ئێوە هەمیشە بە ئێمە دەڵێن (مخرب، العمیل) بە کرێگیراو تێکدەرو خۆفرۆش ناومان دەبەن بەڵام ئێستا داوای خوێن دەکەن خۆ ئێمە بەکرێگیراو نین ئەگەر بە کرێگیراوین بۆ داوای خوێنمان لێدەکەن، ئەوەی کە گفتوگۆی لەتەك کردین کابرایەکی بەعسی پلەدار بوو، وتی چۆن کێ وای پێوتوون، ئێوە عێراقین ئێوە خەڵکی ئەم وڵاتەن، ئیتر بە شان‌و باڵمان هاتە خوارەوە، لە دوای بە کردەوە هەمیشەییەکانیان چۆن لەسەر جنێو راهاتبوون دەستیکرد بە جنێودانی پاسەوانەکان، وتی کێ وای پێووتوون کاك حەسەن وتی مولازم لوئەی پێم وایە ئەو ناوەبوو، راست دەستیکرد بە جنێودان بە لوئەی، وتی درۆ دەکات ئێوە وەرن دوایی خۆمان لەتەکی قسە دەکەین هەڕەشەی لێکرد ئیتر لەوێدا وەك بیانووبڕین بیانووی کاك حەسەنیان بڕی, هیچ چارەیەکیشی بۆ نەمایەوە کە خۆی پێ دەرباز بکات بۆیە بە ناچاری چوو, لەتەك ئەو زۆر لە برادەران چوون، کۆمەڵێك کەسمان مایەوە یەك یەك ناویان نووسین لە پاش ئەو خوێندانە، بەڕێوەبەری زیندان لێمان خۆش نەبوو بەڵام مولازمەکەیان نەهێشت لەوێ بمێنێ، بۆ ماوەی چوار مانگ ئیشی هەرەوەزییان پێکردین ئیشی چێشتخانە‌و هەر جۆرە ئیشێك هەبوایە بە ئێمە دەکرا.. لە ماوەی ئەو ئیشکردنەماندا رۆژێك بردینیان بۆ پشتی دیواری دەرەوە چاڵێکیان پێهەڵکەندین بە درێژی وەك جۆگەلە ئەو ناوە پڕ بوو لە جلوبەرگی کوردی ئافرەتان.. دیار بوو لە هی ماڵە بارزانییەکان دەچوو دوایی چووم بۆ برادەرەکانم باس کرد وتیان هی ماڵە بارزانییەکانە دیمەنی بینینی زۆر ناخۆش بوو ئەویش خەمێك بوو لە خەمەکانی تر، راستە ئێمە شوێنەکەمان جیاوازتر بوو لەچاو ئەو کارەساتە

نەهاتییانەی لە زیندانەکانی تر بینیمان، فراوان بوو تەلەفزیۆنمان هەبوو هەواڵی دەرەوەمان دەبیست زۆر لە برادەران رادیۆیان لابوو بەنهێنی. لە مردن رزگار ببوین بەڵام هەرگیز لە ترس‌و تۆقاندن رزگارمان نەبوو، ئەو جارە بۆ خوێن جارێکی تر بە بیانووی کۆبوونەوە جارێکی تر بە بیانووی خوێندنەوە هەر جارەو بە شتێك گەڕیان دەکرد، دوای ئەوە لە یادی شۆڕشی حەڤدەی تەمموزی ساڵی 1987 دەزگا سیخوڕییەکانی ئەمن بە بۆنەی ئەو رۆژەوە هاتن سەتڵێك شەربەتیان گرتەوە لە پێشی جەمالۆنەکاندا دایان نا بەو نیازەی کە زیندانییەکان لێی بخۆنەوەو پیرۆزباییان لێبکەن بەڵام وەکو پیشەی هەڵوێستەکانی ترمان هەردەم لامان لەنگ بوو سەیری بکەین نەك بیخۆین، هەڵوێستمان جیاواز بوو، دەروونمان رێی پێنەداین کە سەیری بکەین، لە راستیدا ئێمە خەباتی شاخمان لە دەست چوو بوو دووربووین لە مەینەتییەکانی دەرەوە بەڵام لە تەك ئازارەکانی ئەواندا دەژیاین ئەوەی گرنگ بوو زیندان خەباتی تر هەبوو کە بە شانازییەوە دەمانکرد، ئەویش خەباتکردن بۆ هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بوو رەنگە ئەو پرسیارە بکرێ کەی‌و چۆن، لە راستیدا نموونە زۆرن وەك نەدانی خوێن بە ئاشکرا گفتوگۆی رامیارییانە لەتەك عەرەبەکان (مناقەشە)ی زۆرمان دەکرد, پێمان شەرم بوو کە سەیری سەتڵەکەیان بکەین نەك بیخۆین، زۆر لە عەرەبەکانی هاوزمانی خۆیان گوێیان پێنەدەدا بێ هەڵوێست بوون جگە لە شیعە رەسەنەکان، شوعیەکانیان زۆر کوڕی چاك بوون زۆر خۆشەویستیش بوون لای کوردەکان هەڵوێستیان جوان بوو، بەڵام نەفامییان هەبوو گوێیان لە هەڵوێست. نەبووە نەیاندەزانی چییە، لە راستیدا پەیوەست نەبوون بە بیرو باوەڕەکانیانەوە، دۆڕاو بوون ئێمەش هەمان بوو بەڵام زۆر کەمتر بوو، ئێمە هیچ نەبێت رۆژانە لە ناو گۆڕەپانەکە دوو دوو پێکەوە پیاسەمان دەکرد لێدوان تاووتوێی هەڵوێست‌و خۆڕاگریمان هەبوو جا نەك بەو شەربەتە دەیانەوێت ئاستی بەعس بزانن چییە خۆ ئەگەر ئەو شەربەتە بەری بداینایە نەمان دەخوارد بەدڵنیاییەوە هەرچەندە زۆر تامەزرۆی ئازادی بووین، بەڵام زیندان لە چۆکدادان گرنگتر بوو.. هەڵوێستمان زیاتر وەرگرتووە لە پیاوانی رژێم جا بۆیە خەباتی زیندان جیاوازتر بوو لە هی شاخ بگرە خەباتی زیندان قورستر بوو پێوانەی ناکرێ، لە بچوکترین جووڵانەوەدا بانگیان دەکردین بۆ ئەشکەنجەدان‌و دوایی بۆ (مەحجەر) خۆ ئەگەر بە بەڵگەوە بوایە بێگومان بەرەو دادگایەیەکی تر راپێچ دەکراین، چارەنووسمان تا رادەیەك لە رێدا پارێزراو نەبوو، بەرەو کۆتایی راپێچی دواساتەکانی ژیان دەکراین  لە سێدارەیان دەدااین، هەرچەندە هەر یەکەو بە ناوی لایەنە رامیارییەکەی بانگ دەکراو دەناسرا، وەك من تا ئێستاش هەر کاروانی پاسۆکم پێدەڵێن هەر کەسەو بە پێی لایەنی خۆی دەناسرایەوە، بەڵێ زیندانی گەورەترین فێرگەی ئێمە بوو، کە تیایدا وشیار بووین کە فێری هەڵوێست‌و جوامێری‌و کۆڵنەدان بووین زیندان ئەو وشەیەیە کە هەرگیز لە یادم ناچێت، هەمیشە لە ناخمدا خۆی دووپات دەکاتەوە، کۆتایی نییە نازانم چۆن تامەزرۆی ئازارەکانی دیلی بشکێنم بە چی هەستێك وەیان بە چی دەروونێك باس لەو تاڵاوانە بکەم کە کەف‌و کوڵی دڵی پڕ لە ئازارمی پێ بشکێنم هەردەم پێوەی دەتلێمەوە، لەتەك هەموو ئاهوهەناسەیەکمدا، زیندان وەك ئەو دیمەنەیە کە تاڵترین ئازارم چێشتووە تیایدا، هەرگیز لە یاد ناچێ، هەر لەو جموجۆڵانەدا رۆژێك لە بڵندگۆکەوە ناوی نزیکەی 50 کەسیان خوێندەوە بردیان بە بیانووی یادکردنەوە بۆ (ی.ن.ك) ونیان کردن، بێگومان لە پاش لێکۆڵینەوە, دیسان راپێچی کونە تاریکەکانی (ق) قافەکان کران، ئینجا کەسوکاری ئەو پەنجا کەسە دوای چارەنووسی کوڕەکانیان کەوتن لێپرسینەوە بۆیان ئەوە ونکردنێکی دی بوو لە چاوی دایك‌و کەسوکاریان، هەرچەندە وەڵاممان بۆ کەسوکاری ونبووەکان پێ نەبوو، دەروونیان هەڵدەقرچا، گریان لێدەبۆوە بەو رێگایەدا لە سلێمانییەوە بەڕێ کەوتبوون بۆ بینینی کوڕەکانیان، بە بێ هیواو بێ بینین بە ئاسانی بگەڕێنەوە زۆر ستەم بوو، لە پێشدا ئاسایی بوو زۆر جار کە (مەحجەر) دەکراین ئاسایی بوو شوێنمان دیاری بوو خۆ ئەگەر نەیانبینینایە بێزاری وەك ئەو ونکردنە پیوە دیار نەبوو، ئەم ونکردنە هەزار پرسیارو وەڵامیان دروست دەکرد، بە گشتی ئەوەی هاتبووە دیدەنی کردنمان ترسیان لێنیشتبوو لە ونکردنمان، جگە لە کەسوکاری ئەمانی تریش لە دڵەڕاوکێدا دەژیان، بۆیە بێ هیواو بە دڵی شکاوەوە گەڕانەوە، بە نائومێدی هەریەك لەو ماڵانەی بە درێژایی ئەو رێگەیەی کە بڕیبوویان بە دڵی پڕ لە ئاوات‌و خۆشییەوە، بۆ سەردان بۆ لای کوڕەکانیان، بەڵام بەداخەوە دڕندەکان وەك بایەقوش ئاسا ئەبوغرێبی چۆڵکرد لێیان ئەوانیش بە هیوای براو خوشك‌و

دایكو كەسوكاریان كە بۆ ماوەیە لە چاوەڕوانی بینینیاندا بوون بۆ ئەو رۆژە كاتێك گەیشتن هەواڵی ونبوونی كوڕەكانیان پێگەیشت لەو سەرەوە چەند بە خۆشیو بە تامەزرۆوە بەرەو رووی هاتوون تا ساتێك زۆرتر دانیشتن، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتن بە ئامانجیان لەتاوی كوڕەكانیان ئارامیان لەبەر بڕا بوو نەیانزانی چی بكەن ئەژنۆی گەڕانەوەشیان نەما هەنگاو بنێن بۆ دواوەوە بە بێ هەواڵ زانینی كوڕەكانیان بەڵام ئەو دێوەزمەیەی رژێم داینابوو لە ناو زیندانەكاندا وەكو كابوس هەردەم دەیانتۆقاندین هەڵبەتە هەر دەبێ چاوەڕوانی خراپتریش بكەین.. لە پاش ماوەیەكی زۆر 40 شەوێك بێ هەواڵ بوون بەڵام پێش وەخت لەو ساتە هەواڵێك هاتبوو بۆ برادەران كە لە ژووره نهێنییەكاندان بەو پێیە زانیمان كە ماون لە دوای تەواوكردنی چلەكەیان هەرچەندە لە بڵندگۆكانەوە هەندێك ئەشكەنجە دران تا هەموو زیندانییەكان ئاگادار بن لە ئەشكەنجەدانیان، ئینجا رەوانە كران بۆ لامان پێشوازیمان لێ كردنەوە، ئیتر راستییەكانمان بۆ دەركەوت بۆ ئەو ماوەیە بردبوویانن بۆ ژووره نهێنییەكان (ق) قافەكان!! ی ناو هۆڵی زیندان بۆ ئازاردانیان تا چۆكیان پێدابدەن , خەڵكی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەر بەو ونكردنو ئەشكەنجەدانە چۆك دانادات بگرە بەهێزتریش دەبێت، زیاتر رقی تووڕەیی دەیهەژێنێت، خۆیان لە بیانوو بوون بۆ ئەشكەنجەدان سەدان بڕو بیانوویان دەهانییەوە ئێستا وا بە ئاسانی ئەوە هاتۆتە پێشەوە ئەم پۆلە گەنجە لەسەر پیرۆزباییكردن لە دایكبوونی بیرو باوەڕەكەیان, هەڵبەتە بە هەل دەقۆزنەوە، زیاتریشی پێوەدەنێت، هەرچەندە بێ سوود دەبوون هەڵوێستی كوردانە لە بەرەنگاربوونەوەدا بوو، هەردەم ئامادە نەبووین ئەوەی ئەوان پێیان خۆشە لەسەر هەڵوێستی رامیاری ئێمە بكەوێ بە قسەیان بكەین ئەوەی ویستیان بە ئێمە بۆیان نەكرا، بۆیان نەچووە سەر هەموو بەرەو لوتكەی وشیاری دەرۆشتین هەروا بە ئاسانی جارێكی تر ناتوانن چاڵی تر هەڵكەنن، هەڵیشیان بكەندایە ئێمە یەك بووین زۆر كاریگەری نەبوو لەسەرمان، بەڵام بەداخەوە لە یەك شتدا تۆزێ شكست بووین ئەویش كۆمەڵێك كەسی خراپ بیریان دەكردەوە، ئەمەش وای لێهاتبوو هەندێك ناڕێكی لە ریزەكانی زیندان دروست ببێت، تەباییمان كەمتر بوو وەك پێویست توندوتۆڵ نەبوو، جار جارە گرفتی دووبەرەكی رووی دەدا، ئەویش

رۆشنبیرەكانمان باشتر بوو تۆزێ هاوكاری شەڕخوازەكانیان دەكرد بۆ هێمنی لە راستیدا ئەو جۆرە ناڕێكییە لە راژەی زیندانەكاندا نەبوو خەڵكی وشیار بە دوور بوو لەو دووبەرەكییە هەرچەندە رژێم خوا خوای شتێكی لەو جۆرەی بوو بەڵام لەو دواییەدا بە بۆنەی بارودۆخی رامیاری كوردستان هەموو كۆستكەوتووی ئەنفالو كیمیاباران بووین هەموو خاوەنی یەك رق بووین بۆ رژێم, بیركردنەوەو دووبەرەكیان باشتر بوو بەڵام هەر ساردی هەبوو لە نێوان بیرو بۆچوونەكان لە راستیدا وشیاری نەتەوەیی نەبووین خۆ ئەگەر بەو پێیە بیرمان بكردایەتەوە لە پێش هەموو شتێك وڵاتو نیشتمانمان خۆش بویستایە، ئینجا رێكخراوە رامیارییەكانمان هەڵبەتە ئەو جۆرە جوداییە وەلاوە دەنرا، ئێمەش یەكترمان زیاتر خۆش دەویست، نەك لایەنە رامیارییەكانمان، بیرو باوەڕ لە جەماوەرەوە دروست دەبێت نەك جەماوەر لە بیرو باوەڕەوە دەمانتوانی بیرەكانمان وەلا بنێین بەڵام وشیار نەبووین لەو رێڕەوە بە وشكی فێری رامیاری كرابووین وامندەزانی لایەنەكەمان سەرچاوەی هەموو دەستەڵاتو ئازایەتییەكە بەڵام بیری فراوانو وشیاری ئازایی بوو نەك شەڕو دوژمن بە خۆ خۆشكردن هیوام وایە نووسراوەكانم بە خراپ وەر نەگرن مافی خۆمە لایەنی چاكو خراپ باس بكەم ئەو گرفتانەمان زۆر ناخۆش بوو بەداخەوە هەوڵەكانیشمان نەیگەیاندینە ئەنجامێك زۆر بە روونی هەوڵی بۆ نەدرا هەروا مایەوە، لەتەك قورسایی بارودۆخ تا دەهات زیندان پڕتر دەبوو شوێنەكان كەمتر دەبوو جێگەكانمان تەسكتر دەبووەوە، هەمیشە لە پڕكردندا بوو لەسەر لا تەنیشتیش باش جێگە نەدەمان، بە چوار كەس رێی یەك فلینەیان داین دابنێین، وەیان بۆ دیدەنیكردنمان كارتی تایبەتیان دروستكردبوو.


جدول زيارات ١٩٨٨
كانون الثاني | شباط | آذار | نيسان | مايس | حزيران
تموز | آب | أيلول | تشرين الأول | تشرين الثاني | كانون الأول
تاريخ الإصدار
تاريخ الانتهاء
مدير الشؤون القانونية
المدير العام
قسم الإصلاح الاجتماعي للأحكام
اسم النزيل
تاريخ دخوله القسم
مسؤول التسجيل
مدير القسم

دیوی یەکەم




دیوی دووەم

هەر زیندانییەك لە مانگیكدا چوار كەس دەیانتوانی سەردانی بكەن، بەو كارتانە بۆ لای یەك زیندانی مەبەست لەو مانگەدا دوو دیدەنی دەكرا بۆمان هەر دیدەنییەك دوو كەس دەهاتە ژوورەوە لە گۆڕەپانی دەرەوەی جەمەلۆنەكان پێشتر باسم كرد رۆژی دیدەنی رەشماڵمان هەبوو, هەڵمان دەدا بۆ ئەوەی لە گەرماكە خۆمان بپارێزین، گۆڕەپانەكەی دەرەوە شوێنێكی گەورەو فراوان بوو دیدەنیكردنمان لەو گۆڕەپانەدابوو, چونكە شوێنەكە گەرم بوو بەوڕەشمالە . باش بوو بەرگری لە هەتاوەكە دەكرد بۆمان ئەوەندە. هەڵدەدرا بە ئاستەم رێی هاتوچۆ دەبوو هێشتا هەر جێگە كەم بوو زۆر ژیانێكی ناخۆش بوو یان هاتنە ژوورەوەی خێزانو كەس لە كاتی دیدەنی لە دەرگاوە تا دەهاتنە ناوەوەی زیندان بە نیوە مردوویی، هەندێك جار جەردەیان لێپەیدا دەبوو, لەبەر دەرگا ژنە عەرەبەكان گیرفانیان دەبڕین، خۆیان دەكرد بە ناو پاڵەپەستۆی خەڵكەكەوە بە گوێزان گیرفانەكانیان دەبڕین پڕبوونی زیندان لە كێشدا نەمابوو، ئەگەر لێبوردنی دەر نەكردایە بێشك دوایی دەبوو وەك ئینفرادی (تاك ژوورەكان گوزەرمان بكردایە، هەر ئەم بێ جێگەییە وای كرد بوو كە توانای خۆڕاگریو هێمنیمان كەم بێتەوە جار جارە پێكدادانێك رووی دەدا لە ناو زیندانییەكاندا هەرچەندە باری دەروونی كاریگەری خۆی هەبوو، ئەوەی كە زیاتر جێگەی داخ بوو ئێمەو عەرەبەكان كە هەریەكەمان لەسەر بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆمان زیندا كرابووین بەڵام لە هەموو گرنگتر كاریگەری دەروونی هەبوو لەسەرمان شەڕی كوردو عەرەب كە دروست دەبوو هەرچەندە هەردوو لامان گیرۆدەی دەستی یەك زۆردار بووین ئێمە گرفتی نەتەوەیی و سەربەخۆییمان هەبوو لە پێناوی نەتەوەكەماندا زیندان كرابووین, ئەوانیش گرفتی مەزهەبییان هەبوو داوای دەوڵەتی ئیسلامییان دەكرد لەسەر بیرو باوەڕی شیعە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە. كە دەمەبۆڵەیەك دەبوو راست دەبووە شەڕی كوردو عەرەب كاریگەری دەروونی بەعسییانەیان لەسەر بوو هەندێكیان بە چاوی تاوانباری لێیان دەڕوانین ئەمیش گێلو نەفامەكانیان بوو، لەتەك رێزمدا بۆ بەڕێزە رۆشنبیرەكانیان چاكتر بوون هەتا گفتوگۆی رامیاریمان هەبوو لەتەكیاندا، بەڵام بەداخەوە جگە لەوان زۆر لە گێلو نەفامەكانی كە لەسەر (جنائیات) گیرا بوون بەئاشكرا دژایەتیان دەكردین بە مەرجێ هەموو گیرۆدەی دەستی ناپاكی بەعس بووین بەڵام دیارە ئەوان رژێمەكەیان پێخۆش بوو بۆیە بە رقەوە دەیانڕوانی پشتگیری زۆرداریان دەكرد سوكایەتیان پێدەكردین ئێمەش بێشك داخ لە دڵی رژێمەكەیانین, ئەوانیش بێ شەرمانە، پشتگیری دەزگا داپڵۆسێنەرەكەیان دەكرد لەو رووەوە شەڕی ئێمە بۆ ئەوان شەڕی بەعسییانەبوو نەك شتی تر بەوان دەرماندەبڕی زیاتر گرفتی نەتەوەییانە بوو لە راستیدا ئەوان زۆر دواكەوتوو بوون ئێمەش لەبەر ئازارو ئەشكەنجانەی نامەردی ئەوان رق ئەستوور بووین لەباتی بیسەلمێنن كە عەرەب هەموو وا نین بەڵام چەند جار گوێم لێبوو دەیانووت (بارق) باشتان دەناسێ كەوابێ ئەمە شتێكی جیاوازە ئەوان بە گشتی پشتو پەنای بەعس بوون، پیاوی چاكتریان كەمتر بوو، زیاتر سەلماندیان كە نیازیان هەر خراپە لەتەكماندا، هەر بۆیە لەو روانگەیەوە شەڕی كوردو عەرەب چەندین جار رووی دەدا، بۆ نموونە لە گۆڕەپانی م3 دا بە بەفر شكێن كوردەكان لە نەعیمو رەحیمیان دا كە دوو عەرەب بوون منافیقیش بوون، چاودێری كوردەكانیان دەكرد، ئەو سەخیفە عەباس ناوێكیش بوو هەتا لە ئەمنی گشتیش منافیقی كرد لەسەرمان بە بۆنەی ئەوانەوە لە (أمن العامە) كۆمەڵێك كورد لە سێدارە دران ئەو رقەش هەر لە دڵماندا مابوو، بۆیە بە روویاندا تەقینەوە، برادەران بێشك هەموو رەفتاری نامرۆڤانەی خۆیان بوو، كە بە رقەوە دژایەتییان دەكردین، هەرچەند بۆمان كرابێت لە دژیاندا بووین، ئەوانیش بە پشتیوانی ئەمنو فەرمانگەكەیەوە دەیاننازی

www.pertwk.com

ئەگینا خۆیان زۆر ترسنۆك‌و نالەبار بوون، بۆیە ئەوانەی شەڕیانکرد, مەبەستم لە کوردەکانە بردیانن بۆ لێدان‌و دوایی بۆ مەحجەر, یان لە جەمەلۆنی دوو شەڕێکی تر روویدا ئەمە گەورەتر بوو خۆم شەڕەکە لێوەی نیزك نەبووم بەلاّم دیم، کار گەیشتە برینداركردن‌و دەستوەشاندن بە قورسی، کاوەو سەلاّح‌و عوسمانی دەڕابەچی‌و غەریبە بچکۆل پاسۆك بوو لەتەك چەند برادەرێك تردا ئەویش بە هەمان شێوە تووشی مەحجەرو لێپرسینەوە بوون، هەر چەندە کاوە برینداریيەکی ئەوەندە سەخت بوو بە تەقەڵ دووریيانەوە راستە زیندان بووین بەلاّم لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانەوە نەیاندەهێشت پشوو بدەین، ئەو گرفتە دەروونیانە زیاتر گرفتی دروست کردبوو بۆمان ئەوەی کە زۆر جێی داخ بوو پێی ناڕەحەت بووین بارودۆخی دەرەوە بوو کاریگەری لەسەر ئێمەش هەبوو بە زیادەوە، هەرچەندە عەرەبەکان خۆیان زیندانی بوون رژێم دایك‌و خوشك‌و ژن‌و منداڵیانی زیندانی کرد بوو کەچی بێ شەرمانە بەئێمەیان دەوت بە کرێگیراو وەیان (خائن) ناپاك، ئەوان خۆیان سیخوڕییان دەکرد پێیان شەرم نەبوو، هەر چۆك دادانی ئەوان بوو رق‌و تووڕەیی ئێمەی دەهەژان، بە گشتی خۆمان لێ بەدور دەگرتن بەلاّم چەند کەسێکی باشیان هەبوو ئەوانیان لێ جیاواز بوو، خۆشیشمان دەویستن، بەلاّم لە راستیدا ئەمانیش گوزەرانیان لە ئێمە باشتر نەبوو لە جنوب کاریگەری دەستەلاّتی رژێم لە نەهێشتنی رۆشنبیرییان کە بە هەموو جۆرێك (بەعس چاودێری دەکردن بۆ ئاو خواردنیش لێپرسینەوەیان لەتەك دەکردن هەتا لە کاتی زیندانیکردنیان دراوسێکانیشیان پێوە دەگرت جگە لە خاوو خێزان، کورد وتەنی ئەوەی بە خوێی چێشت پێیان بگات دەیانخستە ژێر لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدانەوە، بۆیە کەسیان رازی نەبوون هەڵوێست‌و کردەوەی مرۆڤانەیان هەبێت، لە ترسی لێپرسینەوەیەکی تر، بە هەر شێوە داوا لەو عەرەبە بەڕێزانەی هاوزیندانم دەکەم مەبەستم هەموو عەرەب نەبوو!! گەر بە هەڵە باسم کردبن من باسی هەموویان ناکەم بەلاّم زۆریان جێی باوەڕ نەبوون مەترسیدار بوون بۆ مەسەلەکەمان، بۆ دیمەنێکی تر کۆمەڵێك کەسی چاکی لێبوو ژێرییان لە دەست دابوو(شێت)بوون, بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە لە کوردو عەرەب:

1) محەمەد قەلاّدزێیی.

2) مامۆستا ئەنوەر شوعی بوو کابرایەکی بەتوانابوو مامۆستای زانکۆ بوو توانای زیرەکی لە رادەیەکی زۆر بەرزدا بوو بژاردەی بۆ بەعس نەدەکرد بە هەمیشەیی لە (الأحكام الخاصة) لە ژێر ئەشکەنجەدا بوو دوا جار دەرزی لێدراو تێکچوو بە تەواوی هەندێك جار لە ئاساییدا شتی زۆر باشی باسدەکرد لێوەشاوە بوو بە راستی هەموو سەرسامی ئازایی هەڵوێستی مامۆستا ئەنوەر بووین, بەلاّم بەداخەوە تێکیان دا، ئەوەش یەکێکە لە هەرە تاوانە دزێوەکانی رژێم مامۆستایەکی لەو جۆرە کە بە سەدان لاوی ولاّتی پێدەگەیان چونکە.کورد بوو دژی خواستی داگیرکەرانە رادەوەستا نەیانهێشت کەس سوودی لێببینێ، بەرەو هەڵدێریان برد، بەعسییەکان هەر شتێك لە راژەی خۆیاندا نەبوایە رێگە نەدەدرا هەبێت دەیشیان فەوتان، هەروەك مامۆستا ئەنوەرو هاوڕێیانی مامۆستا ئەنوەر کە بە توانا بوو، لە ئەنجام ژێری لەدەستدا ئینجا وازیان لێهێنا..

3) وەیان مستەفا هەولێری ئەمیش هەر لە ئەشکەنجەدان تێك چوو بوو, کە شەو دادەهات کاتی خەو وەك کەڵەشێر دەیقوقان بەیانی رۆژ دەبووەوە لەجیاتی سەگ دەوەڕی.

4) ئەدیشۆ مەسیحی بوو ئیشی ئەم هەر خواردن بوو زۆر زۆر قەڵەو بووبوو ئیتر کە خواردن نەدەما دەچوو لە تەنەکەی خۆڵەکە دەیخوارد، چەند شێتێکی عەرەبی لێبوو نوری کابرایەکی پیر بوو، عەبدولئەمیر مانمە شێت.. ئەمان هۆی شێت بوونیان نازانم بێشك هی ئەشکەنجەدانە شێوەی ژیانمان لە دوای دادگاییکردن مانەوە گۆڕانێکی بە خۆیەوە دیبوو، هەرچۆنێك بوو لەو کوللەمەرگییە رزگارمان بوو، بەلاّم ئەمی. تریش ناخۆش بوو کە دیدەنی هەواڵی ناخۆش کارەساتی جەرگبڕمان دەبیست، وەك دەست پێکردنی ئەنفال دەستدرێژیکردنی سەگ‌و گورگەکانی بەعس بۆ سەر گوندەکانی کوردستان‌و (الاستغلال)کردنی ئایەتێکی قورئان ئەویش (ئەنفال)ە بەکارهێنانی بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان‌و خاپورکردنی لادێ‌و شارو شارۆچکەکان، راگواستنی خەڵکی سەدان لادێ‌و رووخاندنی بە TNT بە تالاّنبردنی سەرو گیانی هاوولاّتیان وشەی ئەنفال کە دانرا لە خۆیدا تاوان بوو یەکەم تاوانی گەورەش بۆ سەر گەلێکی موسڵمان دەستی پێکرد لە ئەنفال زیاتریان سەپان بەسەر میللەتی رەشوڕووتی کورددا، بە ناوی ئەنفالەوە سوکایەتی پێکردن‌و دەستدرێژی

بۆ سەر ئافرەتان وەیان کڕینەوەی سەدان لەو کچانە لەلایەن وڵاتە عەرەبییەکانەوەو سەرنگون .کردنیان.. ئێمەش لە زیندان بەشداری ئێش و ئازاری دیوارە رووخاوەکانی لادێکانمان بووین لەتەك هەڵقرچانی لقی درەختی رەزو باخەکان هەناومان گڕی دەگرت ئێمە لەو مێژووە زۆر نامۆ بووین لە وڵاتەکەمان هەردەم بە ئێش و ئازاربووین لەتەك رووداوەکانی ئەنفال بۆ یەکەم جار ئەو ناوە زۆر نامۆ بوو بەڵام ئاشنابوونی بە کورد تاوانی لەوە زیاتریان لا نەبوو پێشکەوتووترین تاوانی مێژووە، ئەنفال کۆمبیوتەرو ئامێری خزمەت گوزاری نییە بۆ میللەتەکەمان؟؟؟ بەڵکو ئەنفال ئەو وشەیە کە لە ئایەتی قورئانەوە هاتووە، بۆ ئەو میللەتانەی کە باوەڕ ناهێنن بە خودا ئێستا قێزەونترین وشەی مێژووە، لە راستیدا کورد لەوانە موسڵمانترە کە لە قورئان و ئایەتەکانی تێدەگەن، کەوابێ تاوانێکی تری مێژوو لەلایە. داگیرکەرانی کوردستانە بە بەرچاوی هەموو موسڵمانانی جیهانەوە هەردەم ئەو ساتانەم لەیاد ناچێ کە بەعسییەکان ئەو ئێوارانە لەتەك پیشاندانی دیمەنی ئەنفال و خۆفرۆشان کە باسیان لە چۆڵکردنی کوردستان دەکرد لە پاشدا گۆرانی کوردی لێدەدا بۆ ئەو دوا ئامانجەی کە بەدییان هێنا لە کوردستان هەر دێکان مابوو ئەویشیان رووخان کۆستی میللەتی کورد بەو ئەنفالە کەوت ئەو رۆژە رۆژێکی رەش بوو ئەنفال و کیمیاوی لە کوردستان دوو دەعبای دزێوو قاتوقڕکەری ژن و منداڵ و پیرو لاوی کوردستان بوو، گڕ تێبەردانی لادێکان گڕ تێبەردانی قورئان و رووخانی مزگەوت و تێکدانی مەزارگەی پیاوانی ئایینی، هەڵوەشاندنی شیرازەی دوا مەنزڵگەی باووباپیرانی کورد بوو دەستدرێژی چەند کرا بەسەر کورد ئەوەندەش بۆ سەر ئایینی پیرۆزی موسڵمانان بوو بەعس کردی. تاوانی ئەنفال دەنگدانەوەی رۆژی رەشی بکوژانی کورد لەتەك بیستنی ئەنفال و تێکدانی لادێکان بەشدار بووین لەتەك ئازاری دیوارە رووخاوەکان گریەوناڵەی دایك بۆ جگەر سۆزەکەی منداڵ لەتاو تێکچونی لانە کەی, ترساندنیان لە جەندرمەو تاڵانکەرانی کوردستان ئێمەش لە ناخی دڵ و هەناوماندا وەك خۆڵ و دۆ بە سەرماندا رژابێ لە بیستنی رووخانی لادێکان و کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەرو شێخ وەسانان لە ناخی هەست و سۆزماندا ویژدانمان هەموو دەستی لە قوڕ چەقێنراومان هاتە ژان و پڕ بە دڵ گریانمان قوڵپی دەدا!؟ دوا مەنزڵی ئازادبوونمان لێ شێواو زیندان لامان پەسەندتر

بوو نەك دیمەنی ئەنفال و دێی رووخاو ببین بەعسیەکان، تێربوونیان نەبوو,لە ویستیاندا بوو جەماوەری کوردستان لەناوبەرن و بیانکەن بە پۆڕی خوراو، دەست بکێشت بەسەر خاك و خۆڵەکەی و مۆرکی بە عەرەببوونی پێوە بلکێنن مێژوویەکی درۆینەی بۆ دروست بکەن، هەروەك مێژووە درۆینەکانی تر کە بۆ شێواندنی خاکی کوردستانی خانەقین. و کەرکوك. و شەنگار. دروستیانکرد و بەزۆر کردیان بە موڵکی باووباپیریان، هەردەم رقی تووڕەییمان کۆڵی پێنەدەداین هەوڵی هەڵوێستەکانمان لە برەودا بوو، بەڵام دیدەنییەکان گۆڕابوو، جاران تامەزرۆ بووین بەڵام ئێستا سڵ لە بینینی کەسوکار دەکەینەوە لە ترسی دوا هەواڵی ئەنفال و کیمیاباران کاولکاری کوردستان.. بەڵام ئەو دڕندانە بێ شەرمانە رووی دزێویان لە دێکان ناو دێ بە دێ دەست رەشی کاولکاریا، لە دێ کان. وەرداو کانیاوەکانیان پڕکردەو سەوزیی ژیانیان سووتان زەوییەکەشیان قەدەغەی هاتوچۆ کرد کردیان بە (محرمة) باڵندەش لەتاو چۆڵی تیا نەدەسرەوت، دوای ئاوەدانی دە کەوت، هەر لە رووخانی دێکانەوە کە بە نامرۆڤانەترین شێوە هێرشیان کردە سەر ماڵ و ژیانی گوندنشینەکان و سەرو سامانیان بە تاڵان بردن ئەوەی خراپەکارییە دەستیان لێ نەپاراستووە، تا بۆیان لواوە دزی و راووڕووتیان کردووە,کە بەهۆی کوردە خۆفرۆشەکانەوە رژێم هەر رۆژەی هەڵی دەکوتایە سەر ناوچەیەك هەر رۆژەی هەرێمێکی کاول دەکرد، بە سوپا دۆڕاوەکەیەوە لەتەك (تەواریە) خۆفرۆشەکاندا بە جاش و سوپای سەربازیش بەشداری ئەو تاوانەبوون هەر شوێنێك داگیردەکرا، راست بە شۆڤڵ و TNT دارو بەردیان لە یەك جیا دەکردەوە، لەتەك بیستنی تاوانەکاندا ئێمەش تاوان لێکراو بووین لە دوا تاوانەکاندا لە دەمی گێڕانەوەی بینەرانی ئەنفال و کوشتارگەی دێکانەوە (شاهد عیان) کە چۆن دێ سوتا و رەزو باخ سوتا؟ زیندان پەیوەستبوو بە ژیانی دەرەوە. ژیانمان لەتەك ئەواندا ئاسوودە بووین. بە ژیان. رۆژو شەو تا دەهات ژین بەرەو کۆتایی دڕۆیشت لە کوردستان, کاریگەری کارەساتەکان لەسەرمان بوو دەروونمان ئاڵۆزتر دەبوو. تروسکایی و پشت و پەنامان شۆڕش بوو؟ لەدەستدانی گوندو ناوچەکان، چۆڵکردنی لە ئاوەدانی وێرانکردنیان ئەو هەواڵانە تێکشکاندنی هەست و ناخی شۆڕشگێڕانەمان بوو، هیواو ئاوات بڕاوی لادێکان بووین خۆمان بێکەس و بێ پشت دییەوە، لە راستیدا شۆڕش پەیوەست بوو بە ئاوەدانییەوە بەڵام

سەرچاوەی ئاوەکانیشیان تێك دا، ئاوەدانییان کرد بە دوا گۆڕستانی ژینگە.. لێرەوە بە دواوە شۆڕش بەرەو لاوازی چوو لەو ساتەدا شکستی بوو بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی، هەر ئەمەش بوو مۆتەکەی شەڕ سەرو دڵی ئێمەی گرتبوو. هەرگیزاو هەرگیز لەوە ناخۆشتر نەبووە لە ژیانی شۆڕشگێڕانەماندا، شاعیری مەزنی کورد, حەمە صالح دیلان لە ناخیدا ئەم هۆنراوە پڕ بە پێستەی بۆ داڕشتووە دیارە خەیامی شاعیرو فەیلەسوف لەسەر پەرداخێك کە باکە شکاندی کفری کرد بەلاّم ئێمە رەزەکەمان سووتا، کە مەی لێ دروست دەبێت بۆیە دەفەرموێ:

بلێن بە خەیام
ئەی سەرشێت کوشتەی دڵی تەڕ
گەر یەك تۆز ئێستا ماوە نرخ و فەڕ
تۆ لەسەر باکەی شووشەکەی شکاند
لەتەك یەزداندا کردت بە زۆران
هەستەو وەرە ئەم ناوە هەڵتوتێن
نەك شووشە شکا وا رەز ئەسوتێن

منیش لەتەك داوای لێبوردن ئەگەر نابەجێییم کردبێ ئازاری ئەنفال و رەز سوتان ناخی منیش سووتان، ئەگەر وشەکانم لە ئیسلامەوە نابەجێ بن!! بەلاّم رژێم لەسەر خراپی کردەوەکانی هەمیشەیی بوو، هێشتا خۆی بە ئاشتیخوازو پارێزەری سەرو گیانی هاوولاّتیان دەزانی ئێوارەیەك لە تەلەفزیۆنە مەرکەزییەکەیەوە ناوچەیەکی کوردستانی پیشان دا لە چیایەك بوو لە چیاکانی کوردستان خۆفرۆشێك دەستی کرد بە ماستاو و مەراییکردن لە تەلەفزیۆنەکەوە دیار بوو سەرۆك جاش بوو کورد وتەنی (دەستی کرد بە کاوێژکردن) کاوێژ بزن لە پاش لەوەڕاندن ئەو گیایەی کە خواردوویەتی ئەیجوێ پێی دەڵێن کاوێژ، ئەمیش سمێڵ فشێکی ناشیرین روو دزێو بوو لە ناو چاوی نووسرابوو (خیانەت)ناپاکی. دز تالاّنکەر زۆر بێ شەرمانە بە ئابڕو تکاوییەوە وەك ئەوەی راست کە داگیرکەران دەخاتە سەر ماڵەکەی خۆی و خۆی پاسەوان بێت، بێ ئەوەی بیر بکاتەوە ئەوە نەتەوەکەی گیرۆدەی دەستی زۆرداری و نەهاتییە، ئەوە گەورەترین تاوانی رووی بەعسییەکانی زیاتر رەش کرد، ئەمە قاتوقڕی دوا بەرهەمی زەوی و زاری کوردستانە کە تۆی تیابیت، بێ بیرکردنەوە کە دەیگوت ئەمە ناوچەی شارباژێرە شوێنەکەم نەناسییەوە بەس کوردستان بوو ئەیووت ئەم ناوچانەمان لە خۆفرۆش و بەکرێگیراوان پاك کردووەتەوە هەڵهاتوون بەرەو ئێران لەم ناوچانە خائین و خۆفرۆشی لێنەماوە!! بەلاّم خەڵکینە خۆی خائینە خۆی درۆزن و خۆفرۆشە ئەی ئەوە نییە خۆی ماوە شۆڕش ناپاك نەبوو شۆڕش هی هەموو کوردە بە ئەوەی ناپاك بووبێت جێی نەبۆتەوە لە ناو شۆڕشدا بەلاّم ئەو جاش و خۆفرۆشانە لەبری چەند بڕە پارەیەك خاو و خێزانیان دەبەخشییە داگیرکەران بۆیە من هەر ئەوەندەم هەیە بەو جۆرە خۆفرۆشانە بلێم، چونکە ئەو خۆی خۆفرۆش و ناپاك بوو خۆی جاش و گوێدرێژ بوو بە تەنگ ئاکارو رەوشتی کۆمەلاّیەتیانەوە نەبوون بێگومان بە دەم ئێش و ئازاری میللەتەکەیانەوە نین، ئەوەی بۆ رەوشت و ئاکاری نەبێت بێگومان بۆ نیشتمان و شارەکەی نابێت ئەی چۆن بە شۆڕشگێڕو ولاّت پارێز نالێ خۆفرۆشەکانمان راونا، ناوچەکەمان لێ پاك کردوونەتەوە!! بەلاّم لە راستیدا شۆڕش خۆی پاشەکشەی کردبوو بە هۆی رووخانی لادێکانەوە ژیانیان بە بێ ئاوەدانی بەڕێوە نەدەڕۆشت ئەوان چوون ناوچەکەیان گلاّو کرد پیسیان کرد لە خۆیان، بوونە چاوساغی زۆردارو خوێنمژ بە مەرجی سەر بۆ ئەوان، ماڵ بۆ جاشەکان!! تالاّنکراویش خەڵکی بێ بەرگری و دێ سووتاوی کوردستان، لە دوای لێبوونەوەو خەڕەك رستنی سەرەك جاشەکە، گۆرانی کورد لێدا لە تەلەفزیۆن واتای ها کورد لەتەك رژێمدان!! زۆر لەو چاوبەستانەیان کرد لە مێژوو. بە درۆ دروست بوون هەر بە درۆش رایانکێشا لە داخی دڵی خۆمان بیری گوێگرتنی گۆرانیمان نەبوو, گۆرانییەکە تازە بوو ئێوارەیەو گڤەی بای دێ ئەو گۆرانیە کچێك دەیووت، وەیان گۆرانییەکی تری رەحمەتی حەمە قوتوی لێدا وابزانم لە کاتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە بوو ئەویش ئەم ئێوارە زۆر ساردە شار بۆنی بەفری گرتووە.. ریشۆڵەکان بەرەو خوار دێن تەم بالاّی گۆیژەی گرتووە.

ئەم گۆرانییە خۆش بوو لامان بەلاّم ئەوەندە ئازاری نامۆیی لە دڵماندا بوو زۆر دڵ پڕو پەشێو بووین چێژمان لێ نەبینی، هەرچەندە دیمەنی سلێمانی و ئەزمەڕم بینی بەلاّم بیرم هۆشم چووە ناو ئەو دیمەنەوە دڵم داخورپا ئازار سەری لێدام، دیمەنەکانی شار نامۆ بوون بوو لە خۆشەویستی دارو بەردی ولاّتەکەم، نامۆ بوون بوو لە دیلی و دەست بەسەری و دوورخراوەیی هەتا هەتایی، هەر باشیش بوو لە چاوی کامێراوە

بەڵام بەو هەواڵەوە نا، کە ئەو خۆفرۆشە دۆڕاندی.. بارودۆخی کوردستان ناخۆشترو نالەبارتر بوو شێوازی ژیان گۆڕا بوو، ئاسەواری مردن لە کوچەو کۆڵانەکاندا بە دیار بوو رژێم (زری پۆشی) دانا بوو لە ناو کۆڵانەکان زۆر کـۆڵانی بـە دیـوار بـەرز کردبۆوە لە راستیدا لە هەستانەوەی جەماوەر دەترسا وەیان لـە کـاتی چالاکی پێشمەرگانەدا کۆڵانەکانی کەمتر کردبۆوە بۆ ئـەوەی هاتوچۆ کـەمتر بێـت، تـا دەسـت بگرێـت بەسـەر بارودۆخەکەدا بۆ دوو ساڵ بۆی چووە سەر، هەر لە درێژی زیندانم لەو ساتەوەختەدا دوو بـرام لـە ماوەیـەکی کـەم نێوانیـان بـوو، بوونـە کـۆچـی قوربـانی تاوانـەکانی رژێـم خوێنیان رژا ئەویش کاریگەری ئەو بارودۆخە بوو کە رژێم بە زۆرداری دروستی.کرد بـوو، لـە کوردسـتان بـرا گەورەکـەم فڕۆکـەکانی رژێـم لـە ناوچـەی سوسـێ بـە ساروخ شەهیدیان کرد برا بچوکەکەیشم فیشەکی دوور لێی دا، بەو شێوەیە جگە لـەو هـەموو نەهامەتییەو کارەساتانە، ئاڵۆزی بارودۆخەکە کۆستێکی تریشم لەو لاوە کـەوت دوو بـرا لـە مـاوەی چـەند مانگێکدا لـەکیس چوو، بێ ئـەوەی بتـوانم پرسـەگێڕیان بم هـەر لەتـەك ئـەو نەهامەتییانـەی تـردا بـەڕێم کـردن هـەر چۆن بێـت دەسـتەڵاتمان نـەبوو لـە راسـتیدا لـە دوای تێکـدانی لادێکانـەوە ئێمـەش ترسـی لـەناوبردنمان هـەبوو چـارەنووسمان لـە مەترسـیدا بـوو، لـەو بارودۆخـەدا زۆر لـە بڕیـارە نابـەجێکانیان دەترساین لە پڕدا بڕیارێکی نابەجێ دەربکات بمانبەنەوە بۆ سێدارە.. بـەعس جێـی متمانـەی کـەس نـەبوو دادگاییکردنمـان عـەرەب وتـەنی (عەشوائی بـوو) ئـەو بتوانـێ خاوەنی هیچ بڕیارێکی نەبێ چۆن لەوە خراپتری لە دەست نایەت بێشك هـەموو شت لای ئاسان بوو!! بۆ نموونـە کـە کـاتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە لـە 1988/3/16 لـە دوای هێرۆشـیما و ناکـازاکی ئـەوە دووەم تـاوان لـەو جـۆرەو کۆمـەڵ کوژانـە بـوو کارەسـاتی (رامیـاری)و مێـژووی و مرۆیـی بـوو کـە بەسـەر نەتەوەکەمانـدا هـات کابووسی مەرگی هەزاران هەڵەبجەیی و خۆڵ و دوکەڵی مەرگ و نەمانی زیندەوەر بـوو کرا بەسەر پایتەختی زۆر لێکراودا بەسەر پایتەختی مـەرگی هـەزاران غـەدرلێکراودا، ماڵ وێرانکردنی کورد و نەبوونی پشت و پەنا و بێ



کاتی کیمیا بارانەکەی هە لەبجە



تە رمی قو ربانیانی هەلەبجە

نەوایی بووین، دواڕۆژی کارەسات و نەهاتی و کاولکاری شارێکی خنجیلانە لەتـەك دوکەڵی بۆمبی تاوان و قڕکردن کۆتایی ژیانی هەڵەبجەو میللەتی کورد لـەو دیمەنـەدا دەبینرا لە رووخساری بەهاری هەڵەبجە لەتەك هەڵپڕوکانی گوڵەکانی هەڵاڵە برایمـەو چنورو گوڵاڵەی بەهار بە دوکەڵی ناپاکی بەعس رۆژی خوێن رژانی شارێك دەرکـەوت بەرەو کۆتایی و نەمانی ژیان، ئەو رۆژە رۆژی حەشر بوو ئاهـەنگی ژنهێنـانی شـەیتان بوو، شەیتانەکەی بەعس سەر چۆپی گرتبوو، منداڵانی هەڵەبجە قاوەڵتی ئاهـەنگیان بـوو، ژن و پیـاو (قـەزا)وە گێڕیـان بـوو، ئـەو رۆژە رۆژی سـووتانی سـەوزایی و دارو درەخت بوو هەرچەندە زۆری نەمابوو بۆ ژیانەوەی درەخت بـەڵام لـە پێشـدا دنیـا مـرد کۆچی دوایـی هـەموان بـوو پرسـگێڕیش کـوردی لێقـەوما و بێ پشـت پـەنایی جیهـان بوو، هەرچەندە مرۆڤە خاوەن هەڵوێسـت و ویژدانـەکان خوێنی فرمێسـك لـە چاویان دەچۆڕاو و دیمـەنی کۆتاییـان لـە شـاری هەڵەبجـەوە بـەیان دەکـرد کـوردیش جگـە لـە ئێـران نـەبێت، هاوکـاری برینـداران و لێقـەوماوانی کـرد، مـن ئەوەنـدەی لـێ دەزانم، دنیای مرۆڤایەتی لەو رۆژەدا گڕو تینی گرتـە خـۆو کەوتنـە هـاوار بۆ هەڵەبجـە بـەڵام زۆر لە زۆڵە کوردەکانیش قورئانیان خوارد کە بـەعس نـەیکردووە دیمـەنی هەڵەبجـەو هـەموو شـەهیدان بوونـە رقێـك دژی داگیرکـەران عومـەری خـاوەر بـووە سـەرقافڵەی کـاروانی شـەهیدانی هەڵەبجە ئـەوە دوا سـاتەکانی ژیـانی هەڵەبجـە بـوو کـاولکردنی شـارێکی کـوردی بـوو ئـەو دیمەنـە بـووە مایـەی رق و تـووڕەیی مـرۆڤ دۆسـتان دژی بەعسییەت و فاشستەکان، ناخی مرۆڤایەتی کردە گڕو بـاروت و تەقییـەوە بـە رووی زۆرداری وەك بورکان لە دوایی کیمیائی کردنی هەڵەبجە دوا سنووری کۆتـایی ژیـان لـە ناخمانـدا سـەوز بـوو بـە بینینـی عـەرەب و منافیقـەکان، رقمـان لـە هـەموو شـتێك دەبۆوە، رقی تۆڵەمان لە ناخدا هەڵدەقولا و دەست بەسراوی زیندانی بووین هەڵەبجە ئەشکەنجەدانی دڵی مێژوو بوو ئازاردانی ئێمـەی زینـدانیش کولانـەوەی برینـەکانی

کۆن و نوێمان هاتە ژان، هەڵەبجە بووە بورکانی پڕ لە قینی جەماوەر لە هەموو جیهان
بووە ڕێگەیەك بۆ پاشەڕۆشی کوردان، ئێمە بەشدار بووین لە ماتەمینی پرسەری
هەڵبەجە ئێمەش وەك زیندانییەکان دڵ و دەروون و ناخمان لەتەك هەڵەبجە دەسووتا،
وەك کەسوکاری کیمیاباران لە دەروونی پڕ لە هەست و ناخی پڕ لە هەنسکماندا
خەم و پەژارەمان بە جۆگەلەی فرمێسکی چاوەکانمان بەڕێ کرد بە دڵ و بیرو
هەست و دەروون و هۆشمان بەشداری ماتەمگێڕانی کارەساتەکە بووین لەتەك
هاوڕێیانی هەڵبەجە کە لە زیندان بوون و ئەو کارەساتە هاتە رووی ئەوان و بێکەس
لە کونجی زیندان مانەوە ئێمەش وەك، زولفەقارو سەرتیپ و بورهان محەمەد خان
مامۆستا یونس و حەمە ناجی و مامۆستا محەمەدو هەموو ئەو هاوڕێ
هەڵەبجەییانەمان ئەوان بێ خانە و بێ کەسوکار مانەوە، هەردەم تامەزرۆیی دوا
هەواڵی هەڵەبجە و کەسوکاریان بوون, بێ ئۆقرەیی دوا ساتەکانی چاوەڕوانی و ب
ێنەوایی کەسوکاریان کە دوور لە دابونەریتی و مرۆڤایەتی هەڵەبجەش بەرەو
مەرگەسات چوو، ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی هەڵەبجەییەکان چاوەڕوان بوون؟
راستە ژیانمان لە زیندان دەبردە سەر بەڵام خۆش و ناخۆشیمان پەیوەست بوو بە
دنیای ژیانی دەرەوەی زیندان، لەتەك روودانی هەر کارەساتێك یان هەر تاوانێك دژ
بە کورد، بێگومان زۆرترو توندتر پەیوەستی ئەو ناخۆشییە دەبووین هەموو لەتەك
داخ و خەفەتدا بووین بۆ هەموو رووداوەکان. دژی کوردستان، توانا و دەستەڵاتمان
هەر دڵ بە ئازاری بووین ئێمە ورە و سەربەرزیمان پەیوەست بوو بە شۆڕش و هێزی
پێشمەرگەوە، پێشمەرگەمان بە سەرچاوەی بوونی خۆمان دەزانی، ئەویش کیمیاوی
پەرتەوازەی کردبوون، ئەوان لە ناو (واقعي) جیهانی شۆڕش و خەباتدا بوون
کاریگەری رووداوەکان لەسەریان بە رادەی بینینەکە بوو بەڵام دوو ئەوەندە لەسەر
ئێمە و ژیانی ئێمە هەبوو، ئێمە بینینی رووداوەکان لێمان دیار نە بوو چونکە لە
جیهانێکی داخراوی زۆرداری و دیلی زینداندا ژیانمان بەسەر دەبرد ئەمە خۆی لە
خۆیدا کارەساتێکە دووەم لە دوا رووداوەکانی قاتوقڕی بۆ کردستان نەماندەتوانی
بۆ تەنها چرکەیەکیش داخی دڵی خۆمان بڕژین بۆیە هەردەم وەك خۆڵی مردوو
بەسەرماندا کرابێت وابوو.. بەس بە گیان و دڵ توانیمان لە دڵەوە ئاخ و داخی دڵمان
هەڵڕژین، لەوە زیاتر هیچ دەستەڵاتمان نەبوو، لەتەك دوا چرکە ساتەکانی ژیانی



شارەکەمان دوا تەقینەوەی موشەکی تاوانی فاشستەکان ئێمە گلۆڵەمان لە لێژیدا
بوو بە لە دەستدانی هەزاران شەهیدی کوردستان کە بە ناهەق خوێنیان رژاندن،
ئێمەش خۆمان بە دوور نەدەزانی کە بە هەمان شێوە تۆزێ دەرمان مان بۆ بکەنە ناو
خۆراکەکەوە وەیان بە هەر شێوەیەکی تر بێت، کۆتایی بە ژیانی ئێمەش بێنن
هەردەم نەفرەتمان لە رووی دزێوی (بەعس) و دارودەستەکەی و نەفرەتی رووی
دزێویی دۆستانیان مان دەکرد, نەفرەتمان لەو جانەوەرە قێزەونە دڵڕەقانە دەکرد
کە بە بێ ویژدان و نامرۆڤانە کوردستانیان کاول کرد لەتەك پرسە و خەمە
ناخۆشەکانیاندا ئێمەش هاوخەمی تێکچوونی شیرازەی کوردەواری بووین
بریندراری دەروونیمان لە دەست زۆرداریی ئەوان بوون لەتەك هەموو ئەو تاوانانەدا
کە دەکرایە سەر کورد، جیهانی عەرەبی پێشوازی کیمیاوی و ئەنفال و تەعریب و
راگواستنیان دەکرد لەو تاوانەی کە کرا دژ بە کورد و هەڵەبجە زۆر بێ خەم بوون؟؟؟
بێ تاوانی فاشستی رژێمەکەیان بەیان دەکرد! بێ گوێگرتن لە تاوانەکەیان بگرە
ئەگەر هاوکاری بەعسیان نەکردبێ ئەوە بۆ تەنها جارێك ناڕەزا نەبوون هەر باسی
تاوانەکەشیان نەکرد، وەك کورد دەڵێ نە بایان دیوە و نە باران، خوای کورد رسوای
دنیا و ئەو دنیایان بکات خوای هەڵەبجە لەوە خراپتریان بەسەر بێ.. ئەبێ ئەوە
بزانین ئێمە پێش ئەوەی هەر شتێك بین کوردین، پێویستە وەکو کوردایەتی و
نیشتمانپەروەری کیانی کوردانە بپارێزین، هەردەم دژی خراپەکاران بوەستین،
ئەوەی گرنگە چۆن لە راستیدا رابوردوو کە بینیومانە و مێژوو بۆی نووسیوین
ئێمەش ئەم راستیانە گرنگە تێنەپەڕێنین بەسەریدا و بینووسینەوە تا لە داهاتوودا
نەوەی نوێ بزانێ هەوڵ و خەباتمان تاوانەکانی لە دژمان کراوە، باشتر لە
دۆستایەتی داگیرکەرو پیاوکوژەکانی کوردستان حاڵی بن!! لە سەروو هەموو
رووداوەکانەوە راگەیاندنەکانی بەعس هەستا بە شێوەیەکی تر خۆی کرد بە
پاسەوانی کورد و وەك براو باوك و کەسمان خۆی پیشان دا، وای لە راگەیاندنەکاندا
بڵاو کردەوە ئەوانە تاوانبار بوون مەبەست شۆڕشەکانی کورد!! دژی کورد و عەرەبن
ئەوان ناپاکن بەکرێگیراوی بێگانەن بۆیە شاربەدەرو قەڵاچۆمان کردن ئێستا ئەو
تێکدەرانە نەماون بە راگەیاندنەکەیان بەرگرییان لە کورد کردووە ئەوان پارێزەری
قەوم و وڵاتمان بن، وەك دوگ بخەیتە بەر دەمی گورگ، لە راستیدا کوردیان نوقمی

قوڕاوی تاوانی نامرۆڤانەی خۆیان کرد، ئەمە دۆستایەتییەکەیان بوو بە هیچ جۆرێك دەستیان لێ نەپاراستین تا توانییان تاوانی کوشتنی بە کۆمەڵیان ئەنجام دا ئەوەی کە مایەوە بە ئەنفال بردنیان ئەی دۆستی وا هەبێ دوژمن بۆچی چاکە، چەواشەکردنی ئەوانەی کە فاشیست ناناسن، ئەگینا ئێمە دەمانزانی کێیەو چییە، بەڵام هاوڕەگەزەکانیان لە ئێمە تێنەدەگەشتن لە پاڵ پڕوپاگەندەکانیاندا بە عەمیلو مخەریب ناوزەندیان دەکردین، هەمیشە لە تاوانەکانیدا پاساوێکی دەدایەوە بۆ ئەم تاوانانەش بەو شێوەیە بە بەگرێگیراویان ناو هێنایین، یادەوەری تاوانەکانی خۆی خستە 1988/8/8 ئەم ڕۆژەی کردە دواڕۆژی تاوانەکانی ئەم جارەی، یەك مانگ دوای ئەو بەدڕەفتارییەی کە کرا دژ بە کورد بێگومان هەموو ئێوارەکانی تەمەنی زیندان لە کاتژمێر هەشتی ئێوارە دەبوو ئامادە بوویتایە، ئەگینا سزای (مەحجەر)مان دەخوارد ئەم ئێوارەیە زۆر جیاواز بوو ڕۆژی هیواو ئاواتو زیندووبوونەوەی زیندانییەکان بوو ئەم جارەیان تایبەت بوو بە کوردەکان، لە سەرنجماندا بۆ هەواڵەکان لە تەلەفزیۆنی مەرکەزی بەغداد گوێڕایەڵیمان ئاسایی بوو بە بێزارییەوە لەوە دەترساین دکتاتۆرەکە قسە بکاتو درەنگ لێببێتەوە بێزار دەبووین لە دانیشتن بە دیارییەوە، بەڵام ئەم ئێوارەیە پەیام خوێنەکەیان جیاواز بوو دەم بە هاوارێکیان هەبوو ئەو هاتە سەر تەلەفزیۆن؟ دڵما داخورپا ترساین بۆ تاوانێکی تر دژی کورد شتێکی گرنگ هەبوایە ئەم دەیخوێندەوە، بە بینینی موچڕکە بە جەستەماندا دەهات وتمان خێربێ لە پاش سەلاموعەلەیکم راستەوخۆ وتی (قرر مجلس القیادة الثورة) لەتەك درکاندنی ئەم وشەیە زیندانییەکان بە گشتی رووناکی کەوتە نێوچاومان تامەزرۆی زووتری هەواڵەکە بووین خواخوامان بوو یەکسەر پێمانبڵێ ئەمە بڕیارەکەیە، وتی (بجلسة المنعقدة فی 1988/9/8) لەم کاتەدا بە هەموو شێوەیەك قسە قەدەغە بوو هەموو تەرکیزمان چوو بۆ لای شاشەی تەلەفزیۆنەکە کە بەردەوام بوو لە هەواڵەکانی، ئینجا بەم شێوەیە خوێندییەوە (قرر بعفو الشامل الکامل الأکراد والسجناء السیاسین والهاربین والموقوفین) المرقمة 737 فی 1988/9/8 الصادر بحق المشمولین بالعفو الوارد ببیانە فی 1988/9/6 والملحق بە قرارە المرقم 736 فی 1988/9/8 ئەمە شێوەی بڕیارەکەیان بوو، خۆشترین وشە بوو بۆ ئێمە رزیوی دەستی تاوانەکانیان بووین لە زیندان, دروستکردنەوەی ژیانی پڕ لە مەترسی ئێمە بوو، زۆر بۆ ئێمە گرنگ بوو لەتەك تەواوبوونی بڕیارەکە هەموو هاوارمان کرد گۆرانی هەڵپەڕین، ئێمە لە پێشدا چاوەڕێی مردنێکی تر بووین هیوا بڕاو بووین لە ژیان چاوەڕێی تاوانی ترمان دەکرد لەپڕدا وەرچەرخا بە دیوێکی تردا، بۆ ئێمە زیندووبوونەوەیەکی تر بوو، کاتێکی لەبارو گونجاو بوو بۆ ئێمەی بریندارو هەست شکاوی ونبووی دەستی زۆردار هەموو لە بۆسەدا بووین بۆ ئەو دوابڕیارەی بە ئاوات دەمانخواست، هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتیان نەبوو زۆردارەکان دیارە دوور لە رەوشتی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی هەڵسوکەوتیان دەکرد لەتەکماندا.. بۆیە ئەو بڕیارە لە شوێنی خۆی بوو بۆ هەمووومان، هیلاکی درێژی سالو مانەوەمان بە رووخسارەمانەوە دیار بوو.. جارێکی تر، بەرەو جیهانی دووەمی باوەشی خاكو خۆڵی کوردستانەکەمان دەگەڕێینەوە، وەك باسم کرد زۆر لە ئێمە لە تەمەنی گەورەبووندا بووین کە گیراین واتا (هەرزە) بووین نە ریش نە سمێڵ هیچمان نەبوو لە راستیدا بە ریشو سمێڵەوە دەرچووین.. خۆ ئەگەر لە سێدارەش بدراینایە وەکو ئێستە بوو، ئێمەش بڕۆشتینایە شۆڕش گەورە بوو لە جێی ئێمە سەدان کەس هەبوو، بەڵام مەبەستم لە سێدارە نەدراین چووینە دواقۆناغی خوێندنەکەمان ئەویش (الأحکام الخاصة) بوو لە مردن رزگارمان بوو چووینە قۆناغی وشیاربوونەوە، وریا بووین لە جووڵەکانمان بەرەو پێش چووین، هەموو لەتەك ڕۆژەکانو ساتەکانی گفتوگۆکردنمان جۆرە زانیارییەکمان وەرگرتبوو لەسەر بارودۆخو رژێم، جێگەی سەرسوڕمان نەبێت چەند ئەشکەنجەمان بینی چەند دڕندەییمان بینی شکستی پێ نەهێناین لەوێ دروست بووینەوە زۆر بە باشی سوودمەند بووین لە بیرو هۆش وشیاری تەواومان بە خۆ بینی.. ئەو دوا بڕیارەی کە دڕندەکانی بەعس دەریانکرد وایان دانابوو ئیتر تەواو کوردو بزوتنەوەکەی لە راستیدا هەموو بە داخ بووین بۆ هەلومەرجی لەبار رقی تووڕەییمان زۆرتر بوو بێگومان بێ ترسیش بووین لەوەی دەکوژرێین ئێمە خۆ بەختکەر بووین لە پێناوی وڵاتەکەمان بۆیە ئەو شتانە کوڵی پێنەدایןو لە برەودا بووین، بە رای بەعسییەکان لێبوردنەکەیان دەرکرد ئێمە چاك بووین بە واتای (الاصلاح) بەڵام ئێمە خۆمان چاك بووین لە رووی خەباتو تێکۆشان، وە لە رووی بیرو بۆچوونیشەوە رقو قینی تۆڵە لە ناخماندا چەسپی بوو بە واتای رژێم بەس سوودی لە بەستنەوەکەبینی کە لە چوارچێوەی زیندانی

ئاخنیبووین، لەتەك ئەوەشدا وەك دروستبوون ئەو لاوانە دروست بوونەوە، ئەو چاککردنەی رژێم بە واتای نەهێشتنی بزوتنەوەی کورد,. شۆڕش و خەباتکردن لە دژیان بوەستێنن لە راستیدا بەهێزتریان کردین لە گەنجێکی تازەپێگەیشتووەوە بەرەو رۆشنبیری و وریابوونەوە رۆشتین، نموونەشم بۆ ئەم راستییە راپەڕین لە سلێمانییەوە یەکەم فیشەك لە لوولەی چەکی زیندانییەکەوە هاتەدەر لای دەستاڕەکەوە نایی بە دوژمنەوە ئەویش (ئازادە رەش) بوو لەتەك هەموو ئەمانەدا زیندانییەکان زیاتر هەستان بە بینینی رۆڵی راپەڕین لەتەك جەماوەر، ئەو لێبوردنە کوردی گرتەوە مەسیحییەکان و یەزیدییەکانی نەگرتەوە چونکە رژێم لە رەگەزەکانیاندا بە عەرەبی کردوون لە راستیدا ئەوان کوردی رەسەن بوون، بۆیە تەعریبکردن وای لێکردبوون، عەرەبەکانیشی نەگرتەوە، سەرباری مانەوەی ئەو هاوڕێیانە، پێخۆشبوونی ئەوان بۆ ئەو لێبوردنەی کە ئێمە دەردەچووین، دڵیشمان لای ئەو برادەرانە بوو کە لە زیندان بوون لەتەکماندا لێبوردنەکە ئەوانی نەگرتەوە زۆر بەداخەوە، بە راستی لامان ناخۆش بوو ئێمە ئاهەنگی دەرچوونی خۆمان گێڕا ئەوان لەبەر ئێمە هاتن سەمایان لەتەککردین زۆر لە عەرەبەکانیش هاتنە ناو ئاهەنگەکەمانەوە پێخوشبوونی خۆیان دەربڕی پیرۆزباییان لێدەکردین پێخۆشبوونی خۆیان دەردەبڕی، ئەو لێبوردنە کە دەریانکرد وایانزانی شۆڕش کپ بووە توانا نەماوە، لەو روانگەیەوە .وە بەریاندان لە راستیدا ئێمە خۆمان شۆڕشێك بووین کە بەریانداین هەموو لە بۆسەدابووین بۆ گەیشتنەوەمان بە بزوتنەوەی شاخەکان، درێژە بدەینەوە خەباتی شاخ رووخانی لادێکان هیوا بڕاوی نەکردین هەرچەندە ئەو هێزو توانایە لەناو کوردستانی باشووردا نەما، بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات کشانەوە، پێشمەرگە لە باشوردا یەکە یەکە مابوو. با بڵێین مەفرەزە، ئەویش بەدی ناکرێت، کەسیش لە هاووڵاتیان نەیاندەوێرا باسی بکەن، بەڵام هەر هیوا بڕاو نەبووین ئەمیش یەکێکە لە رووداوەکانی تری باری رامیاری کوردستان هیوای بەرزبوونەوەی شۆڕش هەیە، لە رووناکی شۆڕش و پێشمەرگەوە وزەمان وەردەگرت.. ئەنفال و کیمیائی بەس ناوچەکەی پێ چۆڵکردن بەڵام لە ناوی نەبردن، کاریگەری ئەو چۆڵکردنە تۆزێ بێ هیوای کردبووین بەڵام بێ هیواییەکە لە قەدەغەی هاتوچۆ بوو. بۆ ناو لادێکان نەماتوانی دەرچین.. بینەوە سەر دەرچوونەکەمان ئەو شەوە لە (الأحكام الخاصة) خەو نەبوو هەر گۆرانی و هەڵپەڕین بوو، هەموو لە خۆشی دەرچوون و گەڕانەوەمان بووین، لەم کاتەدا زۆر چاوەڕوانی بێزاری کردین تامەزرۆی ئازادی بووین، دڵەڕاوکێش لە ترسی پەشیمانبوونەوەی، هەموو بە هیوای دەرچوون و دواڕۆژی ئازادی بووین، لەم کاتانەدا هاوڕێیەکمان لە جەمەلۆنی یەك عەرەبێك وابزانم ناصری ناو بوو کابرایەکی کەچەڵی زل بوو، خۆی بە شوعی دەزانی لە ئەمنەوە (تەرجیل) تۆمارکەرێك کیان دا بوو پێی لەتەك کوردێك لە هاوڕێیانمان ناوەکەیم لەبیر نەماوە کەوتبوونە گفتوگۆ هەرچی جنێوی دابوو تۆماری کردبوو بردبوویەوە بۆ ئەمن، لەو کاتەدا بانگیان کردەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەوێ بەدواوە هەواڵیم نەزانی ئیتر ئێمە پەنجە مۆریان پێکردین (الطبعة الأصابع) لە چاوەڕوانی دەرچوون بووین هەرچەندە تا ئەم کات دوو دڵین باوەڕمان نەبوو بەو لێبوردنە، هەتا رۆژی 1988/9/14 لە دوانیوەڕۆدا، ناویان خوێندینەوە یەك یەك بەریان داین، پێش من 12 کەسیان بەردابوو من 13 هەم بووم نۆرە هاتە سەر ناوی من لە کاتژمێری 3ی دوانیوەڕۆ مۆرێکیان دا لە دەستم و دەریانکردم بێگومان ئەو ناوچەیە زۆر نامۆ بوو بە من بە چاوی بەستراوەوە هاتبوومە ئەو ناوچەیە یەکەم دەرگام بڕی ئازادی و خۆشی جەستەمی بە موچڕکەیەك هەژاند، ئاهێکی سەربەستیم پیاهات، وەکو یەکەم دەرگای ئازادیبوونم بڕی هەرچەندە هەنگاوم دەنا هەر بەرەو دەرگای دووەم تا زووتر بچمە دەرەوە نەك پەشیمان ببنەوە هەر نەگەیشتم هەندێکیش وردە راکردن رام دەکرد لە خۆشیدا وەکو شێت هەر سەرم بادەداو هەڵدەقونیم، بە بینی جیهانی دەرەوە هەردەم روانی, دیواری لێ نەبوو بەری چاوم بگرێ بە بینینی ئەو ناوچە تازەیە وامزانی لەوێ, لە دایك بووم بە گەورەیی تەمەنمەوە پێشتر لە ناوسکی زیندان بووم و ئێستا دێمە ناو جیهان بینینی سروشت، هەر لەتەك رۆشتندا بە ئازادی ئەم ڕوانییە ئەملاو ئەولای خۆم، ئەمویست زیاتر ببینم سروشتی سەربەستی، هەرچەندە ئەو دیمەنانە نامۆ بوون بە من، لە پێشدا نەمبینیبوون ئەو جیهانە جیاواز بوو لەتەك سروشتی کوردستانی درەختەکانی تا بڵێی بڵند بوو قامیس زیاتر سەوزایی لێنەبوو جگە لەو دڕکانەی پێی دەڵێن حوشتر خۆرە، ملی رێم گرت لام نەدا هەر رۆشتم بەرەو دەرگای دووەم رێم کرد هەر رۆشتم و درەنگ گەیشتم لەوێش چوومە دەرەوە جار جار ئاوڕیشم ئەدایەوە نەکو بە دوامدا بێن و بمگرنەوە

ترسی ئەوێم هەر لە دڵدا مابوو زۆر جاریش شێوە خەوێك بوو لە لام باوەڕم بەو بەربوونە نەدەکرد لەو دەرگایانەوە دەرچووم دەرگایەکی کەشم مابوو بەڵام ئەم چیرۆکە لە چیرۆکی دێوەکەو حەوت دەرگاکە دەچوو کە لە منداڵی هەردەم بۆیان دەگێڕامەوە، دەرگا بڕین هەر تەواو نەبوو بە پێ ڕۆشتن دڵەڕاوکێی پەشیمانی بەعسییەکان جیاوازی لەو دەرچوونە بە تاك بەریان دەدایـن، هەر ڕۆشتم تا نزیکی دەرگای سێهەم ملم نا ڕۆشتم لێرەوە چرای ئاواتم داگیرسا و هیوای کۆتایی زیندانم نزیك بووەوە لێرەدا لە خۆشیدا نازانم دەرگا هات بۆ لام یان من چووم بۆ لای لە نزیکەوە ئاپۆرایی خەڵکانێکی زۆر لە دایك و باوك و خوشك و برای زیندانییەکان هاتبوون بەرەو پیری ئێمە، لەتەك نزیکبوونەوەمان لە یەك بۆ کۆتایی دەرگای سێهەم بە ئاپۆراکەدا زانیم ئەمە کۆتایی دیمەنە ناخۆشەکانی ئەشکەنجەدانە لەناو دەرگاکەدا مامۆستا شێرزاد. باوکی ڕزگارە بچکۆڵ دەستی کردە ملم ئەو خەڵکە پێشوازییان لێکردم بە خۆشییەوە منیش گریان و پێکەنینم تێکەڵی یەك بوو هەموو جەستە هاتە لەرزین لە هەموو تەمەنمدا یەکەم جارە بە پیادە ڕۆیی ئەو دەرکەی تاوانە کۆتایی پێببێنم, بە پێ پیارۆشتم. وە نازانم دواجارم دەبێ یان نا؟ هەر کە نزیك بوومەوە چەپڵە لێدان و هەلهەلەی کەسوکارەکانمان سستی کردم و غەرقی خەم و پەژارەی ساتەکانی زیندانییان هێنایەوە یاد, ئەگەر باڵم هەبوایە ئەفڕیم ڕۆحم بە ئاسمانەوە بوو، لەو کاتەی دەستیان کردە ملم لە خۆشیدا گریام.. هەرچەندە مامۆستا شێرزاد نەبێ کەسیانم نەناسی بەڵام ژنەکانیش ماچیان کردم وەك کوڕەکانی خۆیان هەموو کەسوکاری زیندانییەکان بوون، ئەوان هەرچی دەهاتە دەرەوە ماچیان دەکرد پێشوازی کۆتایی زیندانیان لێدەکرد هیوای سەرفرازی و کۆتایی یان بۆ دەخواست، شیرینی ژیان و خۆشەویستی نیشتمان و هاوسۆزی نەتەوایەتی دڵی هەژاندم لە خۆشی ئازادی بەڵام هەردەم ئەو هاوڕێیانەی کە لە سێدارەدران قەت لە یادم ناچێت لەو کاتەی کراینە ناو ئوتومبیلەکەی کە لە دادگا بۆمان دانرابوو هاوڕێ لە سێدارەدراوەکانمان سروودی ئەی ڕەقیبیان دەچڕی فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە ئەو دیمەنە هەرگیز لەیادم ناچێت لەباتی خواحافیزی داوای ئەمەك و دڵسۆزی نیشتمانیان لێدەکردین ئەوان هەر چاوەڕێ بوون، هەموومان ئالودەی خەمی یەك بووین، بەهەرحاڵ هاتمە سەر شەقامە گشتییەکە، شارەزا نەبووم پێنج دیناریشم پێبوو، بێگومان کەس نەبوو بێ بە دوامدا لەتەك وەستانمدا ئاوڕێکم دایەوە بە ترسەوە بۆ کونجی زیندان ڕوانیمە ئەو ڕێگەیەی کە بڕیم سەیرم کرد ئەو دەرگایانەی من بڕیومە دەرگای شورەیەکی زۆر گەورەیە کە بە بلۆك هەڵچنراوە، زۆر بەرزە، ئەوەندە بە خۆشی هاتبوومە دەرەوە نەمزانیبوو من لەو شوێنەدا بووم چەند کاتە، نەمزانی ئەوە دیواری زیندانە، تا دوایی بۆ یەکەم جار دیوارەکەی دەرەوەم بینی سێهەم دیواربوو, هەر ڕاوەستام لە بەردەرگا بە ترسەوە تامەزرۆی زووتر ڕۆیشتن بووم بەڵام هیچم نەدەزانی ئەوە یەکەم جارە دەتوانم لە تەنیشت داری خورما بوەستم یەکەم دیمەنی درەختە دەیبینم لەم کاتەدا سەروەری هاوڕێمی لێبوو لەتەك هەندێك برادەری تردا، چاوەڕێی خزم و کەسوکاریان دەکرد کاکە حەمەی خەرامانیش چاوەڕێی دەکرد بۆ کاك کەمالی برای، منیش وەستابووم چاوەڕێی دەروویەکم دەکرد لە رووشم نەهات یەکەم جار بچم بۆ لایان هەرچەندە خزمیشم بوون کاك کەمالیش لەو کاتەدا دەرچوو ئیتر کاکە حەمەی برای ئوتومبیلێکی گرتبوو بەرازیلییەکی شین بوو هاتبوو بە دوایدا، من کاکە حەمەم باش نەدەناسی کاك کەمال هاتە دەرەوە وتی ئەوە کاکە حەمەیە، لێیان پرسیم چاوەڕێی چیت تۆزێ شەرم دای گرتم پارەشم پێ نەبوو ڕێگاش شارەزا نەبووم وتم وەڵڵا نازانم کاکە حەمە یادی بەخێر وتی وەرە لەتەك ئێمەدا، ئیتر زۆرم پێخۆش بوو لە ڕاستیدا دەرگایەکی گەورەم لێکرایەوە بە تەواوی ئازاد بووم لەوێ لە پشتی ئوتومبیلەکەیاندا تەبەدۆریان پێبوو سەهۆڵ و خواردنەوەی باش, لەوێوە دەستمان کرد بە خواردنەوە، ماڵی کاکە حەمە ئاوابێ کورد وتەنی سەرفرازی کردم، هەزار ڕەحمەت لە قەبری ئەو ئێوارەیە بووین بە میوانی درێغی نەکرد لێمان خواردن خواردنەوەو میوانخانە ئوتومبیل هەمووی لەسەر ئەو بوو بە زۆر شتی بۆ دەکڕین دەرخواردی دەدایـن، لەناو بەغداد پیاسەی باشی پێکردین زۆر خزمەتی کردین تا ماوم ئەو ڕۆژەم. لەیاد ناچێت ئەویش ڕۆژێکە لە هەر ڕۆژە گرنگەکانی ژیانم، من هیچم نەدەزانی وەك فریشتە هات بە دەممەوە ئەو شەوە لە میوانخانەوە بە تەلەفۆن پەیوەندیم کرد بۆ ماڵی قادری ساڵح تاتە دراوسێمان بوون ماڵیان ئاوابێ کوڕەکانی بەهرۆز و نەورۆز بە ڕاکردن دایکم و براکەمیان بانگ کرد بۆ شادمانی پێیان خۆش بوو بۆ ئەو تەلەفۆنە، ئەو شەوە خۆشترین خەوم کرد ساتێکی زۆر خۆش و بەجێ

www.pertwk.com

بوو، بەیانی هەڵساین خۆمان ئامادەکرد بەڕێکەوتین نزیکەی کاتژمێر 10ی بەیانی لە سەلمان پاك نانی بەیانیمان خوارد، بەڕێکەوتین بۆ کاتژمێر دوانزە لە کەرکوك بووین، هەرچەندە کاکە حەمە وتی با نانتان بۆ بکڕم وتمان ئەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە درەنگە لە میوانخانەکە لە ترسی مۆرەکەی دەستمان نەمانوێرا خۆمان بشۆین ئەگەر لێبوایەتەوە تووشی گرفت دەبووین لە (سەیتەرە)کانی رژێم بۆیە پەلەی ماڵەوەمان بوو، لە کەرکوك بەڕێکەوتین نزیکی سنووری چەمچەماڵ بووینەوە ئەو ناوە بۆنی ماتەم و خوێنی لێدەهات هەموو خەڵك لەناو چاویان چاوەڕوانی بوو سەرشەقامەکانیان گرتبوو بە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەنفالەکان، شارەکە وەك خۆڵ و دۆی بەسەردا کرابوو، کۆستی وێرانەی کوردستانم بە کەوتوویی بینی هەستمان بە چاوەڕوانی و نارەزایی جەماوەر دەکرد لە چاوی جەماوەرەوە ئەوێشمان بەجێهێشت، ئینجا دیمەنی لادێ رووخاوەکانی نزیك شەقامە گشتییە کاولبوونی کوردستان لەو رێوە بەدیمان کرد لێرەو بایەقوش لەسەر وێرانەی دێکانی بەدی دەکرا، ماتەمینی دوا مەنزڵگەی کوردان دیار بوو ئەو نەخشەیەی لە مێشکماندا دامانناببوو لادێ رووخاوەکانی بێ ئومێدی کردین هیوا بڕاو بووین، یەك تۆز دەروویەك نەبوو وەك حەشارگەیەك کە خۆمانی پێبگەیەنین لەبەر کاولکاری و تازە ئاشنابوونەوەمان بە ئاو و خاکەکەمان بە درێژی رێی چەمچەماڵ تا سلێمانی ولە دیمەنی رووخاوی دێهاتەکاندائازار چووە دڵمان, تازە ئاشنا بووینەوە.بەو کاولکارییە، لەتەك ئە وانەدا کۆمەڵگا زۆرەملێکانی کە دروست کردبوو بۆ خەڵکی بێتاوان و راگوێزراوەکانی سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام تازە دەستی رەشی زۆردار کردیە وێرانە و خاك و خۆڵەکەی بە TNT و شۆقڵ هەڵگێڕایەوە، کاتژمێر دوانزە بۆ یەك گەیشتینە بەردەرگای ماڵی خۆمان لە راستیدا ماڵی خۆمانم نەدەزانی پێش ئەوەی بگیرێم ماڵمان لە سەرشەقام بوو کە گیرام ماڵمان چەند گەڕەکێکی تر چووبوو دوا جار بەربووم، ماڵمان لای گۆڕستانەکەوە بوو بەهۆی ماڵی سەروەرەوە ماڵی خۆمانم دۆزییەوە بەڵام بە ناونیشانی سەروەر. ئوتومبیلەکە چووە بەردەرگاکەمان. ماڵەکەمان بەرامبەر گۆڕستانەکە بوو, رێك ئوتومبیلەکە لە بەردەم دەرگاکەدا راوەستا، بەڵام ماڵمان پڕ بوو لە خزم و کەسوکارمان، مەڕێکیان بۆ سەر بڕیبووم، بەڵام ئەوەی کە زۆر تاڵ بوو ئازاری دام لەو کۆبوونەوەیەدا جێی دوو براکەم دیار بوو

چونکە لە کۆی چوار برا من و برا گەورەکەم مابووین منیش تا ئەو کاتە وەك نەبووبووم ئەویش سەربازی هەڵهاتوو بوو پێشمەرگەش بوو هاتبووە هەر ئەو دوو برایە مابووین لەو بارودۆخی کوردستانەدا کە هات و نەهات بوو لە ناو ئوتومبیلەکە دابەزیم بە پەلە ئاپۆرای خزمان چوومە ژوورەوە لە دەرگا لەبەر ناخۆشیی ئەو تازەبوونەوەی پرسەیەم لە یادم چوو ماڵئاوایی لە کاکە حەمە بکەم ئەو هەڵوێستەم زۆر ناخۆش بوو چونکە بەسەر پرسەدا رۆشتمەوە چوومە ناو هەیوانی ماڵەکەو دەستیان کرد بە گریان دایکم هاواری لێ بەرزبۆوە بۆ تازەکردنەوەی پرسەی دوو براکەم، ئەمە دوا دیمەنی کۆتایی ژیانم بوو لە زیندان لەتەك ئەو هەموو رووداو و کارەساتەدا داوای لێبوردن دەکەم گەر هاوڕێیەکم لەیاد چووبێت بە راستی هەموو خۆشەویستن، جیاوازییان نییە، ئەوەی کە گرنگ بوو ئەم نووسینەوەیە بوو رووداوێکی راستییە، بەسەر هەموو زیندانییەکاندا هاتووە ئەوەی زیندانی چێشت هەڵبەتە لەوە زیاتری نەدیبێت کەمتری نەدیوە.نییە ئەگەر لە نووسینەوەی ناوی هاوڕێکانمان کەموکوڕیم هەبووبێ، کەسەکان خۆیان ناو هەڵگری مەشخەڵی زیندان بوون خۆیان سونبولی قوربانی دانن خۆیان تەواوکەری باس و خواستی رازی زیندانن ئەگەر ویستتان راست و دروستی زیندان و ئەشکەنجە بزانن هەر زیندانییەك لە هەر شوێنێك لە عێراقدا دەتوانی راست و دروستی زیندانی لێوەرگری، هەر یەك لەو زیندانیانە بگرە هەر هەمان کەسە و هەر بە هەمان شێوە ئەشکەنجە دراوە، خۆیان رووداو و کارەساتی زیندان پیشان ئەدەن بۆیە ئەگەر لە ناو نووسین کەموکوڕیم هەبووبێ دیارە زیاتر مەبەستم ناو نووسین نییە.. ئەو ئەشکەنجە و ئازارانە هەموویم لە جەستەی زیندانییەکانەوە نووسییەوە، بە تەنیا من نیم لە نووسینەوەکاندا بە کۆمەڵ ئاماژەم پێداوە، وایان لێکردین یان وامان کرد نموونەی نووسینەکانە، وەیان هەر خۆم پاڵەوانی گۆڕەپانی زیندان نیم منیش هەروەك زیندانییەکی ئاسایی ژیانم بەسەر بردووە لە زیندان هەریەك لە ئێمە دەتوانین با باشترین و جوانترین باس لە تاوانەکانی بەعس و رەفتارە دڕندانەکەی و دادگا شەق و شڕە داپلۆسێنەرە کوێرانەکەی بکەین، بە بە حوکم دانی سێدارەی سەدان لاوی کورد و عەرەب بێ پەیڕەوی یاسای مافی مرۆڤ و دوور لە ویژدانی مرۆڤانە و چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان و عێراق بە گشتی ئێمە نەك وەك زیندانیەك سەیریان نەدەکردین وەکو

ئـاژەڵ ڕەفتاریـان لەتـەك دەكـردین.. بۆیـە هـەردەم ڕام وایـە لەسـەر كوردبوونمـان لـە پێناوی ئازادیدا مافی خۆمانە چۆك دانەدەین وە ئامادەین بەرەنگاری هەموو كارە دوژمنكارانـەی داگیركـەر ببینـەوە، ئـەوانیش چییان كـردووەو بیشـیكەن ئێمـە كوردینو ئازادیخوازین، دیارە مافی ڕەوای خۆمانە لەسەر مافی كوردایەتیمان بووە نـەك لایـەنی ڕامیـاری (حیـزب حیزبێنـە) هەریـەك لـە ئێمـە زینـدانی بـووین ڕاسـتە پەیوەسـتی بـیرو بـاوەڕ بـووین ڕێبازمـان ڕزگـاریو سـەرفرازی نەتەوەكـەمان بـووە، زۆریش لەو كەسە بێ تاوانانەی كە بێ ئاگا بوون لە باری ڕامیاریو بە زۆری لێدان پەیوەستییان كردووە بە لایەنێكی ڕامیارییەوە تا لەو ڕێگەوە تاوانباریـان بكـەن، ئەوە تاوانە گڵاوەكانی ڕژێمی داگیركەری بەعس بوو ئەمە مشتێكە لە خەرمانێكی تاوانی بەعس.

وە پێشتریش هەروا بەڕێوە چووە عێراقو وڵاتانی دراوسێی كورد، لەو كاتەدا كە زۆر بێ گرفتو لەسەرخۆن خۆیان بە دوستی كورد دەزانن ئینجا بزانن لوتكەی قینو پیلانگێڕانیانە بۆ كوردستان، هەر ڕژێمێكی پێشتر لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات بووبێ بێشك لەم باشتر نەبوونو نابن، بۆیە هیچ یەك لە داگیركەرانی كوردستان لە یەك بە ئاكارترو باشتر نەبوون هەموو گورگ بوون لە پێستی مەڕدا، هەرچی هەوڵو تەقەلایان دا بۆ لەناوبردنی كورد بە دیمەنی دێی ڕووخاوو درەختی سووتاو كاولكاری كوردستان ڕێگرتن لە هاتوچۆی ناوشارو دەشتو دەر بەستنەوەی شارەكان وەك زیندانێكی گەورە، بەكاریان هێناوین، عێراق خۆی زیندانێك بوو بۆ عێراقییەكان شارەكانیش زیندانی دووەمی هاووڵاتیان بوو، بێگومان نەك بەو ڕەفتارە دوژمنكارانەیان, خۆ درێغییان نەكرد دەستیان نەپاراست هەتا توانییان بەدڕەفتارییان كرد، لە پاش ئەنفالو كیمیاویو ڕووخانو سووتانی ڕەزو باخ، بە زووترین ساتو لە نزیكترین كاتدا، هێزی مەردانەی جەماوەرو ڕۆڵە نەبەردەكانی كورد بە هاوكاری جەنگی كەنداو شكستی سوپای عێراق لە چاوی فاشستی بەغداد كۆتایی هاتو هێزی مەردانە لە ڕاپەڕینە مەزنەكەی بەهاری 1991/3/5 تا 1991/4/2 میللەتی كورد سەلماندی بۆ داگیركەر كە هەرگیز ناتوێتەوەو لە هەموو هەلو مەرجێكدا لەسەر مافی نەتەوەییانە ئامادە یە, قوربانی بدات، كە چۆن گەلی ڕاپەڕیوی كوردستان بوونە مەشخەڵی ڕاپەڕین لە ماوەیەكی زۆر كەمدا، هێزو توانا و

گڕو تینی جەماوەر یەكی گرتەوە، هەتا بەو چەكدارانەوە كە لە سەردەمی خۆیدا لە ترسی هەڵهاتوویی سەربازی چوونە ناو هێزە ئەفواج خەفیفەكانەوە دیسانەوە لەوێوە وەكو پێشمەرگە ئاسا گڕیان گرتو چوونەوە ناو جلوبەرگی نیشتمانیو بەرگی ناپاكیان بەجێهێشت، ئەوان دەوری دووەمی ڕاپەڕین بوون نەمانزانی ئەو هێزە زەبەلاحەی ڕژێم لە ماوەیەكی زۆر كەمدا بەرەو كوێ چوون چییان لێهات، هەرچەندە باوەڕی زۆر لەو كەسە رووخاوانە وابوو كە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد تووشی شەلەل بووە جارێكی تر ناتوانێ سەر هەڵداتەوە بەڵام هێزی مەردانەی جەماوەری كوردستانو كورد وەك خۆی مابوو واتای شۆڕشیش هەر ماوە، وەك هەمیشە سەلماندوویانە بۆ داگیركەری وڵاتەكەمان كە شۆڕش لە جەماوەرەوە دروست دەبێت كورد دەڵێ جەماوەر سەرچاوەی بوونو دەستەڵاتە، جەماوەر شۆڕشو خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی كورد پێكدێنن، دیارە وەك ئەو ژنو منداڵو پیرو لاوانەی كە بە دارو بەرد وڵاتەكەمانیان لە دوژمن پاك كردەوە سەلماندیان كورد نەمرە، چەندان جاری تر ئەنفالو كیمیاویو كوشتنو بڕینو زیندانیكردن كار ناكاتە سەر هەڵمەتی شێرانەی جەماوەر, دیارە درێژكەرەوەی ئەو گوتەیەیە كە دەڵێ كورد میللەتێكی قارەمانە دەبێ سەربەست بژین، لە پێناوی مافی ئازادیو سەربەخۆییدا هەردەم ئامادەیە خۆی بكاتە قوربانی، دژی زۆردار بوەستێو بێ ترس لە مردن خوێنەرانی بەڕێز لاتان سەیر نەبێت لەو كاتەی لە زیندان دەرچووم تازە گەرمەی كوشتنو بڕین بوو منیش هەر بە گڕو تینی زیندانەوە هاتمە دەرەوە بە سەربەستی قسەم دەكرد هەندێك لە خزمەكانم هاتنە لام , ئامۆژگارییان كردم منیش لەو ئامۆژگارییەی ئەوان بێشك نیگەرانم چونكە بە درێژی ساڵو مانگ لە ژێر ئازارو ئەشكەنجەدا بووم پێیان وتم پیاو بە واز لە شۆڕشو كوردایەتی بێنە من یەك لە وشەی پیاو بە كە تووڕە بووم دووش باسی شۆڕشو كوردایەتی بۆیە یەكسەر لە ناو ئەو خەڵكانەدا ئەشێ كەسی خراپیشی تێدا بووبێت وتم تۆبەی گورگ مەرگە، ئەو بە ڕای خۆیی وایزانی من ترساوم وەیان تۆقێنراوم تەمێیان كردووم بۆیە یەكسەر وتی وەرە خوات بمێنێ!!

لە پاش ئەو لێدانو زیندانیكردنە ئەوە وەڵامی قسەكەتە، كورد دەڵێ لە جێی سندان قوزەڵقورتە، وەڵامیش بۆ ئەو هەر لەوە زیاترو باشترم لا نەبوو.. بەڵام ڕای ئەو

www.pertwk.com

وابوو دووبارەی زیندان دەبمەوە لەسەر دەمم، کە بۆم ناگیرێ، وتی ئاخرت خێربێ وتم هەر خێرە، لە راستیدا تۆزێ بیرم کردەوە زانیم ئەو وەڵامە هی ئەو شوێنە نەبوو بەڵام تازە روویدا ناگەڕێتەوە، خۆشەویستان لە کۆتایی نووسینەکانی خۆمدا دەمەوێ ئەوە بڵێم من ئەوەی لە زیندانی بینیم بێ گوێدانە بیرو رای رامیاری وەیان تایبەت بێت لە رێی (حیزب)ەوە من رام وایە پێش ئەوەی هەر شتێك بم کوردم ئەوەی کە نووسیم رووداوێکی رامیارییە کە بەسەر رۆڵەکانی ئەم میللەتەدا هاتووە خۆم یەکێك بووم لەو ئەشکەنجەخواردووانە هەر لەو ماوەیەی کە دیومە تا دواساڵی زیندانیم لە 1988 ئەوەی لە ئێش و ژانمدا روویدا نووسیم ئەوەی ئەشکەنجەی من و هاورێکانمیدا, ویژدانم رازی کرد بە نووسینەکانم، راستی ناونانی کچەم لە کۆژان، لە ژان و ئازارو نەهامەتی زیندانەوە بوو کە بە درێژی تەمەنی ئازارەکانی پێوەی دەمناڵاند، کوڕەکەشم ناو نا دیوان دیوان دەبێتە خاوەنی یاداشتی دیوان و کۆژانی زیندانییەکان لە راستیدا لەو ناو نانەدا مەبەستم بوو من لە مێژە بە نیاز بووم کە ئەم یاداشتانە کۆ بکەمەوە کە ئەو دیمەنە تراژیدیانەی ناو زیندان هەمیشە ویژدانی ئازار داوم بۆیە هەر مەبەستی نووسینەوەم لە مێشکدا بوو لە ساڵی 1988ەوە دەستم بێکرد بە چەند پلەیەکی پچڕپچڕ تا ئەم ساتەی کە لە تەواوبووندام، هەرچەندە لە دوای راپەڕینە پڕ شکۆکەی 1991ەوە چەند نەهامەتی رووی تێکردم تووشی گرفتی بیرو باوەڕو کێشە ناوخۆییەکان بوومەوە کاریگەری زۆر لەسەرم دروست کرد ئەو رووداوانە چونکە هەموو هاوزمان و رەگەزی یەك بووین رادەی لە یەك گەیشتنمان لەتەك بێگانەدا جیاوازتر بوو بەڵام بەداخەوە ئەگەر یەك تۆز لە بیرکردنەوەدا بووینایە هەڵبەتە باشترو چاکتر دەبوو یەکجار ئاڵۆزی رووی نەدەکردە وڵاتەکەمان، منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی بێ زیان نەبووم و بگرە چەند جارێك زەرەرو مەند بووم، زۆر سوپاس و پێزانینم بۆ ئەو کەسانەی کە لە کاتی شکست و تەنگانەمدا هاتوون بە دەممەوە هەمیشە یارمەتیدەرم بوون لە هەموو کەوتنێکدا راستیان کردمە تەوە، باڵیان گرتووم، هەرچەندە دنیای کوردەواری تووشی سەدان نەهامەتی هاتووە و کارەسات لە دوای کارەسات یەخەی نەتەوەکەمانی گرتووە هەر جارەو بە جۆرێك چی لە ناو خۆو چی لە دراوسێکانەوە بێ لەتەك ئەوانەشدا هیچ کەس لەتەك کورددا راست نەبووە، خۆشمان زۆر بە تەنگ ئازارەکانەوە نەبووین، لە راستیدا دەبوو کوردستان بکرێتە چرای مەشخەڵی ئاشتی لە جیهان، چونکە ئەو تاوان و کوشتن و بڕینەی لە کوردستاندا کراوە مەگەر لە جەنگە جیهانییەکاندا رووی دابێ لە رابوردوودا, ئێمە چەند جیاواز بین لە بیرو باوەڕدا دەبوو بۆ ئازادی یەکگرین، وتەیەکی کوردانە هەیە دەڵی تا ملکەچی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادی یەك بگرین، دەبوو بۆ ئازادی یەکمان بوێ. چاوی دوژمنانی کوردستا کوێر کەین ئەوەی بیری لە تاوان و شەڕی کورد بە کورد دەکات، دەبێت لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە لێپرسینەوە بکرێت لەتەکیاندا خۆ ئەگەر نا ئەوە جەماوەر بڕیاری ئەو تاوانەو مەترسییەکانی بۆ سەر گیانی نیشتمانەکەمان لێپرسینەوە بکات، لەو تاوانبارانە دەبێ لە دادگای جەماوەری کوردییەوە دادگایی بکرێن نەك باوەشیان بۆ بگیرێتەوەو بە شۆڕشگێڕو وڵاتپارێز ناویان ببرێت، ئێمەی زیندانیان داوا لە رۆشنبیران و لایەنە بەرپرسەکان دەکەین کە هەوڵ و توانای خۆیان بۆ یەکبوونی خاکی کوردستان و تەبایی ریزەکانی گەلی کورد بخەنە گەڕ ئەوەی پێچەوانەی خواست و ویستی کورد و حکومەتی کوردی بێت رێی لێبگیرێت و رێی پێنەدرێت بۆ ئەوەی دوژمنان زەفەر نەیەنن و دەستی رەشی تاوانیان وڵاتەکەمان نەگرێتەوە، پێشنیازم هەیە بۆ پەروەردەی حکومەت لە خوێندنگە سەرەتاییەکانەوە منداڵان فێری خۆشەویستی نیشتمان و پاراستنی ئاسایشی کوردستان بکرێت، لە راستیدا لای هاووڵاتیان کوردستان هەروەك رووی دزێوی ئەمنی بەعسییەکان وشەی (ئەمن) کە دەوترێ بە واتای تاوان و کوشتن برین ، هەر چۆنێك بێت تێگەیشتنمان لە ئاسایش کەمترە، ئەگەر لە پێگەیاندنی پەروەردەییەوە ئاسایشی کوردستان بخوێنرێت.. بۆ ئەوەی رێنەدەن بە تاوانباران دەست وەربدەنە شارو گەڕەك و ناوچەکانەوە ئەگەر براو باوکیش بێت گرنگ پاراستنی ئاسایشی کوردە، مەبەستم چاوپۆشین.ە تا ئێستاش تاوانباران هەر هەیەو هەڵدەستن. بە کردنی جۆرەها تاوان چاوپۆشی لێنەکرێ، بۆیە دەڵێم با لە خێزانەکانەوە فێری ئاسایش ببین پارێزەری وڵات و نیشتمانەکەمان بین، لە کاتی خۆی ئاسایشی بەعس لە ناوی بردووین کوشتووینی جۆرەها دەستدرێژییان کردووە ئەو ناوە هەر لامان وەکو خۆیی مەترسیدارەو خەڵك لە ئاسایشە راستییەکە ناگات، بەڵام ئاسایش بۆ کوردستان واتای دروستکردنەوەی ئارامی و باوەڕی جەماوەرە، وەك چۆن لە هەر گەڕەکێك بنکەیەك لە هەر کۆڵانێك


www.pertwk.com

چەند کەسێك ئاگایان لە ئاسایش بێت هیوام وایە بە هەند لێم وەرنەگرن، من لە رووی نیشتمانی و نەتەوەییەوە بیری لێدەکەمەوە باسی دەکەم نەك وەك حیزبی وەیان لە دژی کەس و لایەن، هیوام وایە کە بە چاوێکی دڵسۆزو کوردانەوە وەری بگرن لێم لەتەك ئەوپەڕی نیشتمانپەروەریدا لە دڵێکی زیندانەوە بۆ ئازادییەکی سەرتاسەری هیوام سەرفرازی کورد نەفرەت لە کۆیلەیەتی و زیندان، رووڕەشی بۆ خۆفرۆش و تالانچییەکانی دژ بە کوردستان!!

**ئەمەش سەرگوزشتەی چەند هاو زیندانیەکمە زۆر لام خۆش بو ئەوانیش شتێك بنوسن**

1-کاک رەمەزان عوسمان کەریم کە هاوزیندانمانەو خەڵکی کەرکوکە ئێستا لە چەمچەماڵ دادەنیشێت لە کەرکوك لەسەر کوردبوونی دەرکراوە، بەم شێوەیە باسی دەکات کاتێك ماڵمان لە گەڕەکی شۆرجە بوو لە کەرکوك پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران هەبووە بەهۆی ئاشکرابوونم لە لایەن دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس لەلایەن ئەمنی کەرامەوە بانگ کرام بۆ لێکۆڵینەوە لە 1985/12/1 دەستگیر کرام لەو ئەمنە ئازارو ئەشکەنجەی زۆریان بۆ بەکارهێنام لە پاش چەند رۆژێك لێدان سوودیان لێنەبینیم رەوانەی هەیئەی کەرکوك کرام، لەوێش بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجەم بۆ بەکار هاتووە، تووشی هەزار دەردەسەری بووم، بەڵام ئەوەی لام گرنگە لێدانەکەی خۆم نییە بەڵکو لە کاتی ئەشکەنجەدانی مامۆستا بورهان کە کەسایەتییەکی شوعی بوو, بە راستی کەسێکی ئازا بوو دانی نەناوە بە هیچدا دواجار بەعسییەکان رەفتاری بێ رەوشتی هەمیشەییان دەستیان کرد بە فڕوفێڵ چوون خێزانەکەیان هانی لە بەرچاوی ویستیان سوکایەتی بکەن ناچار مامۆستا بورهان زۆر بە زەلیلی چاری نەما وتی ئێوە چی دەڵێن راستە لەتاو ئاکاری هەموو شتێکی باس کرد، بەعسییەکان هەروەك رەفتاری هەمیشەیی کە بیانزانیایە یەکێك هیچ ناڵێت لە پێشدا دایكو خوشكو خێزانیان دەگرتو دەیانهانی بۆ سوکایەتی پێکردن تا لەو رێگەیەوە زانیاری وەرگرن، دەیانزانی رەوشتی کوردانە بەرزە,, ئەو جۆرە شتانە تا بتوانن بەرگری دەکەن زۆر جاریش ئەوان دەستدرێژییان هەر دەکرد.

بۆ ئەو جۆرە ئەشکەنجەدانەیان بەکار دەهێنا بە هەلیان دەقۆزتەوە، زانیارییان هەبوو لەسەر بەرگریکردنمان لە ئاکارو رەوشتمان بۆیە ئەوە کردارەیان هە بوو هەر بۆیە کاك بورهان ئەو دیمەنە زۆر کاریگەر بوو لەلای بە ناچاری وتی بەڵێ, هەرچەندە ئەو دەستدرێژییانەی دەیان کرد, زۆردارن لەکەدار نەبوو بۆ ئێمە. چونکە ئەوان بە خۆشی خۆیان کەم رەوشتو دەروون نزم بوون ئەوان لە دایکبوونیانەوە دۆڕاوو ترسنۆك بوون، ئەوانەی ئێمە نە ترسنۆکی بوو نە دۆڕاندن بوو بەڵکو دەستدرێی کردنە سەر ئاکاری نەتەوایەتیمان بوو، دوژمن هەر دوژمنە ئەو سوکایەتی کردنە کاریگەری قورستری لەسەر شۆڕو خەباتی نەتەوەییماندروست دەکرد بەهێزتری دەکردین، کاك رەمەزان باسی لەو دیمەنەی دادگا دەکات کاتێك دادگا بڕیاری لە سێدارەدان دەسەپێنێ بەسەر کاك محەمەد حەسەن فلامرزدا پاش خوێندنەوەی بڕیارەکە کاك محەمەد حەسەن تاکە نەعلە دڕاوەکەی دادەکەنێ و دەیگرێتە سەرو چاوی دادوەرەکە، ئەوە لوتکەی تووڕەبوونو تەقینەوەی زۆرلێکراوانە بە رووی زۆرداردا ئەنجامی ئەو زۆردارییە ئەگەر دادوەر بە راستی داد دەکات ئێمە کەسمان تاوانبار نەبووین ئەوان تاوانبارن ئەوان داگیرکەرن دەبێ لە پێشدا خۆیان دادگایی بکەن نەك ئێمە، کورد دەڵێ جام پڕبوو لێی دەڕژێ، ئەو کەسانەی کە بە زۆر براون بۆ سێدارە هەروەك کاك محەمەد داخ لە دڵ بوون,

2. کاك ئیسماعیلی سەرتاش بەم شێوەیە باس لە زیندانیبوونی دەکات:

بەیانی رۆژی 1986/1/1 یەکەم رۆژی سەری ساڵی نوێ بوو کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی بوو کابرایەکی چوارشانەی سمێڵ زل کڵاوو جامانەی لەسەردا بوو، لە دڵی خۆمدا وتم دیارە بەختم هەستاوەتەوە بۆیە ئەم کابرا قەڵەوە رووی تێکردم وتی ئێرە شوێنی کاری وەستا ئیسماعیلە راستەوخۆ وتم بەڵێ فەرموو، وامزانی بە تایبەت ناوو شوێنی منیان پێ وتووە تاکو سەری بتاشم بەڵام ئەوان سەرو ریشی منیان تاشی، بێ سێ و دوو وتی بە یارمەتی وەرە دەرەوە، من پێم وت ئەگەر کارت پێم هەیە من ئیش دەکەم نابێ لێرە پێم بڵێیت وتی یەك خولەك ئیشم پێتە دوو قسە دەکەین و بگەڕێوە سەر ئیشەکەت ئیتر زۆر سەیر بوو لام بێ ئەوەی بیناسم یان گرفتێك شك نابەم تا ترسم هەبێ لێی خوا نەخواستە سەری کەسیشم سەقەت نەکردووە بۆیە بێگومان بووم لە خۆم، بێ چەندو چوون دوای کەوتم چوومە دەرەوە کابرایەکی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر لەودیو دوکانەکەوە وەستابوو هەر چوومە دەرەوە یەکی دەستێکیان بایام بۆ دواوە، وتیان ئەو ئوتومبیلە لاندکرزەرە دەبینی بێدەنگ سوار بەو سەیری ئەملاو ئەولا مەکە سواریان کردم و ئەملاو ئەولایان لێگرتم وتیان تۆ تاوانباریت دەتبەین بۆ ئەمن، بەڵام من بێگومان بووم لەوەی هیچم نەکردووە بۆیە بێ ترس لەگەڵیان چووم تەنانەت لە هیچ دامودەزگایەکدا لەوەپێش کارم نەکردووە، هەر لە ناو ئوتومبێلەکەدا ئەفسەرێکی پلە بەرزی لێبوو، پێی وتم تۆ ئیسماعیلی وتم بەڵی وتی 15 رۆژە بە دوای تۆدا دەگەڕێین، ئیتر گەڕێنی ئوتومبیلەکە وتی ئێستا دەتبینمەوە تاوانبار، با بگەینە فەرمانگە تۆ تەقەت لە (رەفیق ئیسماعیل) حەمە سور کردووە بەڵام ئەوانەی ئەوان باسیان دەکرد لای من بە خەویش نەدەچوو بۆیە وەك لەسەربانەوە هەڵم بدەنە خوارەوە وابوو، خۆم زانیم ئەو شتانە هەڵبەستراوە هچ راستییەکی نییە، بەڵام لە دەروونەوە ناخی خۆم دەخواردەوە من بێشکم ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان شت باس دەکەن، من دەمزانی ستەمە ئەمە زۆردارییە من کاسب بووم نەك کەسێکی رامیاری بۆیە لە کەس نەترسام، چونکە دەیانووت هەر کەست بەشدار نەبێت لە شۆڕشدا کەس هەقی نییە بەسەرییەوە ئەوەتا من هیچ نیم و لە خۆڕایی دەڵێن تەقەت کردووە لە جاشێك ئەمە کەی رەوایە، هەمووی هەڵبەستراو

بوو، بردیانم بەرەو (ئەمن)ی سەرشەقام دایانگرتم کەلەپچەیان لە دەست کردم، ئیتر سەگ و هەرچی و پەرچییەکان وەك دڕندە بەربوونە جەستەم بە ئارەزووی خۆیان تا توانییان لێیاندام پێش لێکۆڵنەوە ئەو تێهەڵدانە تاوانباربن یان بێ تاوان هەر دەبێ بیچێژی، دواجار بردمیان بۆ لێکۆڵینەوە پێش هەموو شت فەلاقەیان بۆ هەڵواسیم هەردوو قاچمیان کرد بە پەتی فەلاقەکەدا بەربوونە لێدان بن پێم، ئەوەندە ئەشکەنجە درام لەبەر ئازاری گیانم حەوت جار بوورامەوە لە ماوەی ئەو لێدانەدا کە لێیان دام هەموو کات بە ئاو هۆشیان دەهێنامەوە.. تا نیوەڕۆ بە و لێدانەوە هەر دەمنالاند، بە کارەبا و کێبڵ درێغییان نەکرد لە لێدانم، کارەباکە دەیاندا لە سەرم وەکو دیوار وابوو کە بکەوێ بە سەرمدا ئەوەندە ئازاری دەدام، دواجار ئارەزوویان نەما لێم بدەن فڕێیان دامە ژێرزەمینەکەو دوای نیوەڕۆ بردمیانەوە ماڵەکەمیان پشکنی وتیان چەکداری کوا چەکەکەت من وڕببووم ئەوەندەیان لێدابووم وەکو مەکینەی شکاو تەقە تەقەم دەهات، کە باسی چەك و تەقەمەنییان دەکرد, بوونی چەك لە ماڵی مندا ئەستەم بوو، بۆیە من زۆر لام گرنگ نەبوو ماڵەکەشم هەڵوەشێنن ئەوان زۆر گەڕان بە دەستی بەتاڵ مانەوە، لەگەڵ وەستانم لە ماڵەکەدا سەیری ئەوانم دەکرد هەر لە خۆمەوە کەوتمە گومانەوە لە خۆم تۆ بڵێی شتێکم کردبێ و بە بێ ئاگای خۆم ئەی ئەو هەموو لێدان لەپای چی، ئەوان هەر گەڕان دواجار پشیلە ئاسا وەك رەفتاری سەرکردەکەیان سەریان کرد بە ناو بەفرگرەکەدا، چی خواردنی تیابوو دەریانکرد بردیان ئەمانە جگە لەوەی زۆردارو دزێوبوون برسی و نەفس نزمیش بوون سەربازەکان وتیان کوا خێزانەکەت دەبێ ئەویش بگیرێ بەڵام من یەکسەر وتم ئەوان هیچ نازانن چیتان دۆزییەوە تا ئەوان بگرن ئەفسەرە پایە بەرزەکە لەوێدا وتی واز لە خێزانەکەی بهێنن، بردمیانەوە بۆ ئەمن تا ئێوارە لێیان دام، بردمیانەوە ژێر زەمینەکە تاریك بوو لە پشتەوە کەلەپچە کرابووم، بەیانی کە ژوورەکە تۆزێك رووناك بۆوە سەیرم کرد یەکێکی تر لە ژوورەوە بوو لێم پرسی، لێرەبووی ئەمشەو وتی بەڵێ بەڵام هەڕەشەیان لێکردم قسەت لەگەڵ نەکەم، دەوری کاتژمێر 8 هاتن بردمیانەوە بۆ لێکۆڵینەوە وتیان تۆ کۆمەڵێك کەست لەگەڵدایە دەبێ پێمان بڵێی بەڵام من هەر بێ ئاگا بووم هەر لە خۆمەوە چی بڵێم، چۆن کەس هەر لە خۆمەوە کەس تاوانبار بکەم، خۆ من وەك ئەوان بێ ویژدان نیم ماڵی خەڵك بۆ کاول کەم ئەوان کۆڵیان نەدا منیش

بڕیارم دابوو بێ ویژدانی نەکەم، بەڵام ئەوان نەخشەکەیان کێشا بوو خۆیان ئامادە کردبوو، بردیمیانە ناو شۆفرلێتەکەوە لە بەردەم دەرگایەك رایان گرت وتیان ئەو پیاوە ناوی شێخ تایەرە تۆ دەیناسی هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکە بە سەربان‌و حەوشەکەیاندا بڵاو بوونەوە دەرگایان کردەوە شێخ تایەریان هێنا، وتیان ئەمە ئەوە بەڵام من نایناسم، وتیان خۆت گێل مەکە، ئەفسەرەکە وتی ئەگەر نەڵێی دەیناسم لێرە گوللەبارانت دەکەین، وتم نایناسم دایانگرتمە خوارەوە بە هەموویان لەسەر ئەو جادەیە کەوتنە لێدانم، وەك دەستدرێژیم کردبێتە سەریان‌و تۆڵەی خۆیانم لێبکەنەوە، بەو بەیانییە لە بەرچاوی ئەو خەڵکە تێم بەربوون وەك سەگی هار هەرچی ئازام هەیە شلکوتیان کرد ئەو لێدانە لە هەموو لێدانەکاتی تر ئازاری دام، لێدانی وام قەت نەخواردبوو لەوەوپێش، یەکی پەلێکیان گرتم‌و فڕێیان دامە ناو ئوتومبیلەکەوە بەربوونە شێخ تایەر ئەویش بە هەمان هاواری لێ بەرزبووە، دەیوت بە خوا نایناسم بەڵام ئەوان گوێ لە کەس ناگرن دوایی دایان بەزاندمەوە‌و خستمیانە ناو ڤۆڵکسواگۆنەکەوە ئەفسەرەکە وتی دەبێ ماڵی سەردار مەولودمان پێ بڵێی بەڵام من دڵنیام ئەم ناوە لەوەوپێش نەمبیستووە‌و نایناسم ئەوان نەیان دەبیست دەگەڕان, گەران بۆ تاوانبارکردنت بەهەر شێوەیەك بێت، بردمیانە دوو ماڵی تر دوو کەسیان دەستگیرکرد بێگومان نایانناسم، بردمیانەوە بۆ توی مەلیك برادەرێکیان هانی ناوی عەبدولخالق بوو وتیان ئەمە دەناسی وتم بەڵێ هاوڕێمە، بەڵام هاوڕیەتی سەرجادە نەك شتی تر ئەویان هانی گەڕاینەوە بەرەو بەنزیخانەی شۆڕش ئەو کاتە کە عەقاری بوو ناوی پێوت ڕۆیشتین لای پیشەسازی سلێمانیدا ووتیان کێ دەناسی وتم کەس لەوێشدا زۆریان لێدام بردمیانەوە بەرەو (تەواریە)کە دیسان بەربوونەوە ئەشکەنجەدان، ئیتر وام لێمان ژیری م لە دەست دابێ ئاگا بووم لە خۆم، بە ناچاری وتم هەموویان دەناسم، عەبدولخالقیان هێنا ووتیان ئەوە چی‌یە وتم لە رێکخستن کاردەکات، پەیوەندی هەیە, شێخ تایەریان هێنا بە هەمان شێوە سەردارو مەولودیان هێنا، هەروەکو ئەوان پێموتن، کوڕێکیان هێنا ئایادی ناوبوو عەرەب بوو وتم ئەویش دەناسم عەبدولڵاشیان هێنا وتم ئەویش دەناسم بەڵام لە راستیدا من ئاگام لە هیچ شتێك نەبوو هیچ جۆرە پەیوەندیەکم لەگەڵ شۆڕش‌و خەباتی نەتەوایەتیماندا نەبوو، من گۆشنەکرابووم لەسەر ئەوەی ئەگەر ڕۆژێ گیرام چی بکەم، چونکە هیچ

زانیاریەکم نەبوو دەربارەی زیندان ئەگینا هەر هیچ نەبێ ئەو کەسانە کە نایانناسم بە شێوەیەك دەمتوانی تێیان بەگەیەنم کەمترم دەدرکان، بەڵام من بێ تاوان بووم ئەو هەموو لێدانە خۆشم هەڵبەتە ئەوەندە ئەتوانم خۆی لە راستیدا هەموو دان پیانانەکە سەرچاوە دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی تر بەڵام بە فێڵ‌و تەڵەك نابووی بەسەر مندا کە من دەیانناسم لە راستیدا وانەبوو بەڵام ئەو فێڵباز بوو، شێخ تایەر سەردارو مەولود عومەری شەریف باقی ئایاد, عەرەبەکەیان گرت، لای کەریمی تووبا (ئەم کەریمی توبایە سەردەستەت گروپێکی خۆفرۆش بوون)و پێیاندەووت (تەواری) کوردی. دوایی (ئایاد)ە عەرەبەکەیان هانی وتی (ئیسماعیل ناناسم) من لە ترسا و لەتاو لێدان وتم دەیناسم، سەیرە تۆ ئەگەر بێ ئاگای لە شتێك بە زۆر راپێچت بکەن، لەگەڵ شتێکدا کە لە ژیانتدا هاوکاریت نەکردبێت راستە، دڕندەی بەعس فیلیان دەکرد بە کونی دەرزیدا، بەڵام منیان خراپتر لێکرد، ئەشکەنجەی ئەویان زۆر دابوو پەرێشان ببوو کە من وتم دەیناسم بردیانەوە بۆ لێدان هاتەوە وتی دەیناسم بۆ ئێوارە عەبدولخالق یان هێنا، وتیان ئەم پیاوە لە فەرمانگەکەیەوە نووسراومان بۆ هاتوو ئەمە دڵسۆزە بۆ بەعس، تۆ درۆ دەکەی ئەویش خۆی لە راستی وا دڵسۆز بوو بۆیە هەلەکەی قۆزتەوە یەکسەر وتی بۆ ناوی ژنبراکانت ناوی (کەمال، جەمال) ئەوانیش پەیوەندییان هەیە، ئەفسەرەکە وتی دەبێ ئەوان بهێنن، ئەو نوسراوەی کە نوسیبوویان لە ئەنجام لێکۆڵینەوەدا گوایە (ئیسماعیل‌و سەردارو شێخ تایەر) چوون لای (کاك شۆڕشی)ی سەرتیپ نامەیان هانیوە، کە ئەوانی تر برادەرەکانی گیرابوون لەگەڵمان لە رێی ئەو نامەیەوە تەقە لە (ئیسماعیل حەمە سوور) کردووە، ئەفسەرەکە بانگی (عومەری شەریف باق) کرد، پێی وتم ئەمە دەناسی وتم بەڵێ بەڵام (عومەر) پێی وتم راستە من‌و تۆ یەکتر دەناسین بەڵام من ناوی تۆم نەداوە، بۆ دەترسی پێم وت توانام نەماوە ناتوانم خۆڕاگر بم لە ژێر ئەو ئەشکەنجەدانەدا، لە راستیدا خۆت دەزانیت من هیچ نیم، بە زۆری ئەشکەنجە کراوم بە رێکخراوی، بەڵام ئەفسەرەکە هەر دڵنیای کردمەوە دەبێ ژنبراکانت بهێنم، وتی دەزانم ئەوان هیچ نین بەڵام هەر دەبێ بیانهێنیت.. ئەو وەڵامە بۆ خوێنەر جێ دێڵم راستییەکە ئەو دەزانێ بەڵام هەر دەیەوێ تاوانەکەی خۆی بکات خولی تاوانەکەیە بە ئەوانەوە کۆتاییدێت بۆیە ئەوانی دەوێت لە راستیدا زیاتر ناوی ژن براکانی من بۆ ئەوە هاتە کایەوە کە

گرفتی خێزانیم بۆ دروست بکەن و ماڵ و منداڵ وازم لێبێنن، هەرچەندە کورد ئاشنان بە تاوان و زۆرداری ئەو شتانەش کاری نەکردە سەر ماڵ و خێزانەکەم بۆیە تاوان کۆکرنەوەی خەڵکی بێ تاوانیان لا مەبەستە بۆ قات و قڕیەکی تر تا تۆزێ کورد کەم بکەنەوە بەڵام بەداخەوە بگرە کوردیان لە خۆیان وروژاند، هەرچەندە رژێم وەك چۆن وشەی ئەنفالی لە ئایەتی قورئان دەرکرد و بەسەر کوردی موسڵماندا سەپانی، هەروەها بڕیارێکی تریشی دەرکرد دژی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەرەکان ئەویش بۆ خێزانی ئەو پێشمەرگانەی لە دوای ئەنفال چوونەتە ناو ئێران، وەیان هەر بەردەوامن لە خەباتی پێشمەرگانە وە بۆ ئەو خێزانانەی کە پیاوەکانیان زیندانین لە هەموو کاتێکدا یاسا بە پێی شەریعەتی (بەعسییەکان) دەیانداتەوە بە شوو، ئەی ئەمە تاوان نییە دژ بە میللەتێکی چەند ملیۆنی، ئێمە خۆمان موسڵمانین کەچی ئایەتەکان بەسەر موسڵماناندا جێبەجێدەکات، لە کوردەواری دا نەبووە و نابێ ئەم جۆرە شتە لە هەموو کاتێکدا پیاو لێی بقەومێ لە پێشدا ژن و منداڵ لێی دەپرسنەوە جا بۆیە سەریشیان دا لە بەرد بەو شتانە بگرە زیاتر خۆشەویستی نێوان خێزانەکەمان پەرەی سەند.. بەڵام رێگە لە تاوانەکانی خۆیان ناگرن کە بەو شێوەیە شەلم کوێرم ناپارێزم هەر لە منداڵی دەساڵەوە تا 70 ساڵ دەکرایە زیندان بە بیانووی ئەوەی کە هاوکاری شۆڕش و پێشمەرگەن، چونکە ئەوانە کۆمەڵێك شەلاتی و شەقاوە و دزو جەردە بوون یەکیان گرت بوو ناویان لێنابوو (حوکمەت) میری، بۆ خۆیان بڕیارەکانیان وەك لاستیك وابوو دەیان کشاند بەڵام بۆ ئەم کوردە نەگبەتە ژیان قەدەغە بوو.. بەڵام ئەوان بە زۆری زۆرداری هەرویستیان ژنبراکانم بێنم بەڵام من وتم بمکوژن نایانهێنم ئەوان هەندێك بەکرێگیراویان هەبوو بۆ راویان دانا بوون وەك تانجی وابوون، بەڵام حەدیان نییە بەقەد تانجییەك بە ئەمەك بن تانجی قەت لە خاوەن ماڵەکەی هەڵناگەڕێتەوە نمەکی ئەو نانە دەزانێ کە دەیخوا بەڵام ئەمانە نمەك بە حەرام بوون زۆڵ و حەرامزادە بوون، بۆیە لە رێگەی بەکری فاتەوە توانییان کەمال و جەمال بگرن، لە پاش گیرانیان ئەوەندە ئەشکەنجەیاندان تا ئەوانیش بە زۆر تاوانبارکران، ئەم عەبدولخالقە لە تۆڵەی خۆی ژنبراکانی دابەگرت، دوای چەند رۆژێك پێیان وتم ئیسماعیل حەمە سوور دێنین ئەگەر تۆ تەقەت لێکردبوو لەو شوێنەدا گوللەبارانت دەکەین، بردینیان بۆ تەوارییەکە، وتیان ئەمە دانراوە بۆ گوللەبارانکردن کەس لێی نەدا، بە پاسەوانەکانیان وت، ئەو شەوە لەگەڵ ئازاری جەستەم و ئازاری دەروون هێندەی نەمابوو پەپوولەی رۆحم بفڕێ بەرەو ئاسمان ئەوەندەیان لە بن پێم دابوو قاچم نەدەچووە ناو قۆندەرە ئەوەندە بە ئازار بووم ئەو شەوە قەت لەیادم ناچێ هەمووی لەولاوە بووەستێ چاوەڕێی مەرگی لەناکاوی خۆت بکەیت بێ ئەوەی ئاگات لە هیچ تاوان و گوناحێك هەبێ بە زۆر گوللەباران بکرێیت، لەسەر ئەوەی کە کوردین و هیچت نەکردووە، پێم خۆش بوو هەموو شتێکم بکرادایە و بە دەست و دیارییەوە دەستگیر بکرامایە بەڵام بە دەستی بەتاڵ و کورد وتەنی قنگی دڕاوەوە، بێ هیچ شتێك خەریك بوو رۆحم دەربچێ.. لەتاو ئازاری دەروون و هەموو ئازارەکان نانم بۆ نەدەخورا، لەسەر ئەوەش تۆزێ گەڕیان پێکردم، هەندێ ئەشکەنجەیان دام رۆژێ دوایی هاتن عەسر بوو چاومیان بەستەوە وتیان دەتبەین بۆ ئەمنی سەرشەقام، ئیسماعیل حەمە سوور لەوێ بوو وتیان ئەگەر بڵێت ئیسماعیل حەمە سوور تۆ تەقەت کردووە، ئەوە دەبێ لە جێی بمریت ئەژنۆم شکا بەم قسەیە هەنگاوەکانم نەدەجوولا هەرچی ویستم بڕۆم بەرەوپیری مەرگ ئەو مەرگەی کە نەمزانی لەبەر چییە و چۆن زۆر ستەم بوو، ئەوەی کە من یەکجار بۆی بەداخ بووم کە لە هیچ شۆڕش و بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەشدارنەبووم بۆیە هەردەم داخ لە دڵی ئەوە بووم هەرچەندە کورد هەمووی تاوانباری ئەوە بووە کە کوردە ئێمە خاوەن زەوی و خاك و نەتەوەی چەند ملیۆنین ئەی بۆ ئەگەر تێکۆشان بۆ رزگاری نەتەوەکەمان تاوان بە کێ جگە لە داگیرکەران کوردستان کەسی تر نییە بێگومان ئەوە هەموو تاوانباری کورد بووە هەر بە زۆری لێدان کردوویانین بە هەموو شتێك ترسام لەوەی کە ئەمیش بەو زۆرەملێیە بیسەپێنێ بەسەرمدا، لە راستیدا من لە هەموو ئەو رووداوانەی باسیان کرد شارەزا نەبووم جا بۆیە ترسم لەوە هەبوو، چاویان بەستم دەستم کەلەپچە کرا لە دواوە بردمیان، لەگەڵ ئەو کەسانەدا رایانگرتم بۆ نەگبەتی من ئیسماعیل حەمە سوور دەستی درێژکرد بۆم وتی لەمە بەگومانم بەڵام دڵنیانیم، بۆیە چاویان بەستم دەستم کەلەپچەبوو بردمیانەوە بۆ ئەشکەنجەدان بێهۆش کەوتم ئەوەندەیان لێدام، بە ئاگایان هێنامەوە و بردمیان بۆ ژووری ئەفسەرەکە دووبارە، بەڵام چاویان کردمەوە و ئەفسەرەکە قسەی لەگەڵ کردم، پێی وتم تۆ تەقەت لە ئیسماعیل حەمە سوور نەکردووە، بۆچی دانت پیانا، ئەوان

ویستیان كڵاوبكەنە سەرم بەڵام من هەرچەندە لە رامیارییەوە دووربووم بەڵام شتێكم دەزانی بۆ بەرگریكردن لە خۆم بۆیە وتم كوا من دانم پیاناوە، خۆتان گوفتاری خۆتان نوسیوە نەك من كەوابێ خۆیان تاوانبارن بەرامبەر مێژووی كوردستان، ئەی ئێوە پێتان مۆركردم خۆ من نەمزانی ئێوە چیتان نووسیوە ئەوان لەسەر بەدڕەوشتی خۆیان هەمیشە بوون، بۆیە بۆیان دەركەوت من هیچ ئاگام لەو شتانە نییە، بەڵام بیانووی ئەوەیان دەگرت گوایە من دەزانم ئێ خۆی لە راستیدا من هیچ نازانم ئێستا ئەوە لەسەرم نەسەپاوە بیانووی تر دێننەوە، بۆ تاوانباركردنم، بۆیە ئەفسەرەكە وتی یارمەتیمان داوی تۆش یارمەتیمان بدە، پێمان بڵێ كێ تەقەی لێكردووە، من بێگومان هیچ نیمو نازانمو ئەو وازی نەهێناو دەستی كرد بە جنێودان وەكو سەركردە شەلاتییەكەیان، وتی دەبێ تۆ بڵێی پێمان لە چ رێكخراوێك كارت كردووە ئەگینا وازت لێ ناهێنین دەبێ ناوی رێكخراوەكە بڵێی، بەڵام ئەو وتی هەموو شتێكیت بێ تاوان نیت، بۆیە بە هەر رێگەیەك بێت دەبێ تاوانبار بم!! زانی من راستیم هەر ئەوەیە كە وتم ئەو ویستی بە دەستی بەتاڵ نەڕوا بۆ لای گەورەكەی بۆیە زەنگێكی لێداو سەگەكانی بەرەڵای ئەو ناوە كرد هەریەكەیان كە هاتنە ژوورەوە یەكی شتێكیان بە دەستەوە بوو، ئەوان ئامادەی ئەشكەنجەو خوێنڕشتن بوون ئەمان چاوەڕێی زانیاریو درۆكردن بوون منیش چاوەڕێی خۆڕزگاركردنو سەلماندنی بێ تاوانیم بووم.. بۆیە یەكسەر وتم قوربان خۆتان دەزانن وتیان خۆت بیڵێ ئێ وتم خۆتان نووسیوتانە، وتی بەرپرسی شانەی وتم بەڵێ، بە زۆر گوفتاری پێ پڕكردمەوەو پێی مۆر كردم دوو رۆژ دوای ئەوە بردمیان بۆ تەوارییەكە، راستەو راست بۆ لێكۆڵینەوە بردمیان، عەبدوڵڵای لێبوو وتیان عەبدوڵڵا لەسەر قسەی خۆیەتیو تۆ درۆ دەكەی لێیان دامەوە بە چاكی، هەر وەكو پێشوو باسی تەقە هاتەوە پێشەوە بەڵام من پێم وتن راستییەكەی لای خۆتان راستییەكە دەزانن خۆتان رووبەڕووتان كردینەوە، پێم وتن رازیم ئەگەر بەهەر شتێك دەمنووسن بەڵام بۆ بە پیاوكوژ ناوم دەبەن، هەرچەندە هیچ نیم با لەبەر خاتری خاتران ببمە شت، مەبەست لە كاری رێكخراوەییە, بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لە دزێوی كردارە نامرۆڤانەكەیان بۆیە دیسان پەتی فەلاقە كرایە قاچم، قاچم هەرچەندە ئاوسا بوو ئەوان مەبەستیان تاوان بوو كە ببمە نێچیریان، دیسان كەوتنە لێدانی بنی پێم باش

بوو بنی پێم تەقی خوێنی پڕژا بۆ جلوبەرگی ئەفەسەركەو هەموو گیانی بوو بە خوێن خوێنی ئاڵ كوردێكی زۆرلێكراو كە بە زۆر تاوانباریان كرد كە چۆن دوژمنان تۆڵەی زۆرداری خۆیان بسێنن، زۆر باش دەیانزانی كە ئێمە زۆرمان لێدەكرێ، بەڵام سوور بوونی ئەمان بۆ لوت شكاندنی كورد بوو نەك بەرگریكردن لە زۆرداری خۆیان هەموو دەمانزانی كە ئێمە بێ تاوانین, راستیش ئەوان هەموو شتێكی بێ رەوشتیانكردو درێغیشیان نەكرد بۆیە ئەفەسەرەكە چاوی بە بنی پێم كەوت وتی وازی لێبێنن، بینێرن بۆ نەخۆشخانە كەڵكی نەماوە ئەو پێی وتم خۆت رزگاركرد، بردیمان لە نەخۆشخانە چارەیان بۆ كردم، دوای مانگێك بردمیان بۆ لای دادوەری لێكۆڵینەوە، لای ئەو پەشیمان بوومەوە لە زۆر شت، هەرچەندە بۆ من قورس بوو بەرگەی لێدانم نەدەگرت، چونكە لێدانم دەخواردەوە، بەڵام مفەوەز مەحمود هات بۆ ئەوەی هەڵەی گوفتارەكەم چاك بكات، عەبدولخالقیش هات وتی دەستم بە دامێنت من دانم پیانەناوە بەڵكو لە دادگا پەشیمانببیتەوە, بردینیانە خوارەوە، پرسییان ئیسماعیل عەبدولخالق هیچی كردووە وتم نە بەخوا ئەوان كەوتنە وێزەم من لەسەر قسەی خۆم بووم وتی شێخ تایەر وتم لەگەڵ من نییە، من باسم نەكردووە سەیری دان پیانانەكەی كردو گوتی كوا عەبدوڵڵا بانگیان كرد وتیان تۆ ئەمە دەناسی، وتی بەڵێ، وتی لەگەڵیدا چوویت بۆ شاخ بۆ لای پێشمەرگە، منیان رەوانە كردو كەوتنە لێدانی شێخ تایەر، بەڵام شێخ تایەر لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیەدا بۆی دەركەوت كە من ناویم نەداوە، ئەو راستییە بۆ من گرنگ بوو بەڵام كەمالو جەمال داوایانكرد من لەسەر ئەوان پەشیماننەبمەوە چونكە ئەو ئازارو ئەشكەنجەیەیان بینی. زانییان بێ سوودەو دەبێ هەر شتێك بڵێن بۆیە وتیان ئێستا بەمە رازین، با خراپتر نەبێ، هەرچەندە ئایاد عەرەب وای زانی منم بەڵام چ منو چ ئایاد كێشەكەمان لای كەسی سێهەم بووە، ئەو تاوانباری كرد بووین، هەرچەندە گرتنی خۆی كەسی سێهەم بێتاوانی خۆی نەبوو ئەم كێشەیەی ئەوانە كێشەی كۆمەڵایەتی بوو كرابوو بە شۆڕشو كوردایەتی، بۆیە لە دوای لێكۆڵینەوەمان پاش ساڵێكو شەش مانگ رەوانەی دادگاكران لە 1987/6/30 چوار كەسمان، ئایادو عومەرو سەلامو مەریوان دادگاییی كراین، لە پاش دادگاییكردن سەلامو مەریوان ئازاد بوون ئەوان كێشەیان نەبوو، عومەرو ئایاد عەرەب لە سێدارە دران خوارەحمی بە من كرد سەلامو مەریوان

بەربوون ئەگینا هەموو دانپیانانەکە بەسەر مندا دەشکایەوە لە راستیدا ئێمە هیچمان هیچ نەبووین، بە بۆنەی گرفتی کۆمەڵایەتی ئایادو ئەو برادەرانەی تر تووشی ئەو گرفتە بووین، هۆی نەفامی رژێمو یاساکەی بوو بۆ هاوسەنگ بوونی یاساکەی خۆیان، ئەگینا راستییەکان روونو ئاشکرایە بەڵام رۆژگاری کوردستانو ئەو سەردەمە بە یەکتر ناسینێك دەیانبردیت بۆ بەردەم پەتی سێدارە، ئەمەش هیوام وایە کورد خۆی پێوانەی رەوشتی نامرۆڤانەی زۆرداری داگیرکەران بکات بزانن ئەوە نموونەی تاوانێکەوە هۆی تاوانەکانی تریان بەم شێوەیە بووە دژی کورد بنواڕن کابرایەکی کاسبی سەرتاش بە بێ هیچ بەڵگەیەك بە بێ هیچ سەپاندنێکی پیاوکوژی بە وتەی کابرایەکی خۆفرۆش، ببێتە شۆڕشگێڕ هەرچەندە جێی شانازیی منە کە وەك شۆڕشگێڕ پێناسە کراوم، بەڵام بە پیاوکوژ بۆ؟ دیارە رژێم هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕی بە پیاوکوژ سەیر کردووە، ناوزەندی کردووە!! بۆیە من یەکێك بووم لەو نێچیرەیان کە رەوانەی بەشی (الأحكام خاصة)یان کردم لەو تاڵیو ناخۆشیو دەست بەسەرییە بەرەو دۆزەخێکی ئازادو دیدارگە.. بەڵام زیندانی واتای پێچانەوەی هەستو خۆشەویستی مرۆڤو دوورخستنەوە لە هەموو جوانییەك تاریك کردنی هەموو روناکییەکان بۆیە لە پاش ساڵێكو سێ مانگ ماینەوە لە دیلیو بێ دیدەنیدا، هەرچەندە هیچ نەبووم بەڵام وەکو کوردایەتی شۆڕش هەمیشە لەیادی سەربەخۆیو کوردایەتیدا بووم پێم باش بوو هەوڵدانی نەتەوایەتی کوردستان لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا، خۆی ببینێتەوە، بۆیە لە پاش ئەو ساڵو سێ مانگە ئاشنا بوونم بە زیندانێکی گەورەتر بەشی چاککردنی گەورەکان هەوڵی بینینی ئەو کەسە نەتەوەییانەم دا کە لە زیندان راپێچرابوون ببوونە نێچیری دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس من زیندان قوتابخانەیەکی گەورەی ژیانمە، کە دروست بووم تیایداو بوومە مرۆڤێکی جیاواز لە کۆمەڵگەی دەرەوەدا، بۆیە لەوێ وە سەرەتایەکی نوێ ی گەورە لە بیرو هۆشم بۆ خەباتی نەتەوایەتیو وەستان دژی زۆرداری، ئەوەی کە ئەو ساتە هەستم پێکرد، کە لە رابوردوو هیچ بزوتنەوەیەکی رامیاری م نەبوو پەیوەست نەبوونم بە رێکخراوی رامیارییەوە بۆیە خۆم بە کەم تەرخەم دەزانی لە رابووردومدا.. بۆیە لێرەوە لام مەبەست بوو لە راژەی کوردو مرۆڤایەتی کوردا بم، تا بە سەربەرزی لە رێگەی بیرو باوەڕەکەمەوە، بانگی ئازادیو سەربەخۆی هەڵدەمو ئازادانە بڵێم، بەڵێ کوردمو کوردایەتی دەکەم، راستە من وەگ گیرانم لە سەر رێ ی بیروباوەڕی رێکرخاوەیی (ی.ن.ك) گیرابووم، جێ ی شانازیە بەڵام لە راستیدا من کەسێکی نەتەوەییو بیرو بۆچوونەکەم جیاواز بوو، هەستو سۆزم بۆ قوتابخانەی بیری نەتەوایەتیو کوردایەتی دەچوو، بۆیە لە زیندان لە رێی چەند هاوبیرێکەوە، توانیم خۆم بناسێنم کە خاوەنی ئەم بیرو باوەڕەم ئەوانیش کاك عومەرو کاروانی فیتەرو ئاواتو رێبوار هاوبیرانی تری رێی نەتەوایەتیمان بوون کە لەو رێیەوە ئاسنایەتیمان لە رێبازی کوردایەتی سەلماندو چرای بیرو باوەڕی کوردانەمان داگیرساند سەرلەنوێ، کە لە راستیدا دڵسۆزی کوردو نەتەوایەتی کوردستان لە چوارچێوەی زیندان زیاتر دەتوانرێ بیسەلمێنی ئەویش کورد وتەنی تازە ئێمە زیندانین دەتوانین لەو رێیەوە بە نهێنی لە ناو یەکتردا ناسراو بووین بە ئازادی لە نێوان هاورێ زیندانییەکانماندا، گوفتارمان دەکرد، بۆیە لە زیندانی (ئەبو غەریب)ەوەوە پەیوەندیم لەتەك رێکخستنی کوردانە پەیدا کرد، نەك لە پێش زیندان بۆیە دەڵێم هەرگیز پەشیمان نیم، قوتابخانەی کوردایەتیم زیندان بووە لە ساڵی 1988 ئازاد بووینو هەردەم ئەو یادەوەرییانە لە یادم ناچن.. لە کۆتاییدا هیوام وایە وەك کوردێك بتوانم تۆزێك لە ئەشکەنجدانو ئازاری داگیرکەری کوردستان بخەمە روو.

وەستا ئیسماعیل سەرتاش

2003/2/6

3. کاك سەرکەوت بەم شێوەیە باس لە دڕندایەتی بەعس دەکات لە 1985/7/10 لە مەجید بەگ گرتمیان، بە تەنیا بووم بەڵام یاسای ئەو سەردەمە رازی نەبوو کەسێك بە تەنیا بێت لە کاتی زیندانیکردنیا بۆیە بە زۆری زۆرداری هاوپێچ کران لەگەڵ هیوا عەلیو هەژار مەحمود کراون بە یەك شانەی رێکخستن گوفتارەکانیان جیاواز بووە بۆیە بە زۆری ئەشکەنجە یەك خراون لە کاتی ئەشکەنجەدانیاندا بۆیان یەك

خستوون، کردوویانن بە یەك باسی رامیاری, خۆی لە راستیدا وانەبوو هەر یەکەیان جیاواز بوون ئەوان بۆ رای خۆیان و دەست خۆشکەری خۆیان شتەکانیان تێکەڵ دەکرد بۆ ئەوەی ببنە شانەیەك هەر بۆیە، رژێم هەر وەکو رەفتاری هەمیشەیی دزێوترین کاری نامرۆڤانەی ئەنجام داوە لای گرنگ نییە ئەحمەد بێ یان مەحمود، گرنگ ئەوەیە رەفتاری نامرۆڤانە دژ بە کوردستان ئەنجام بدات یان رەفتاری ئەوان ئێشەکانی خۆیان رێك بێتەوە تا ئەمانە کارێکی، وایان بێ بکەن کە سێدارەو لەناوبردن دووچاریان بێتەوە بۆ ئەوەی بیانکەنە سووتەمەنی پلەو پایەیە سەربازی ئەمەیە رەفتاری دژ بە نەتەوەیەك، بەس بۆ سوپاس یان پلەو پایەیەك ئەی رژێمەکە ئەوەندە بێ ئاگا بێت نەتەوەیەك بخاتە ژێر ئەشکەنجەو لێدان و کوشتن تاوانباریان بکات دژ بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆری، دەست نەپارێزن لە کورد هەر یەکە لە دوای ئەشکەنجەدانی، ولێدانێکی زۆر هەروەك هەموو زیندانییەکان بە سەر ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەدا تێپەڕ بن دەزانین دژایەتی کوردو نەتەوایەتی کوردبوون چییەو ئەنجام چی بووە هەر بۆیە بە درێژی رۆژگارو زۆری زیندانییەکان دەبوو دادوەری لێکۆڵینەوە ببینێت لە پاشدا چاوەڕێ بووین تا لە کۆتایی ساڵی 1985 بردینیان بۆ ئەمنی (عەقاری) لە پاشدا لە 1986/1/4 زۆر بووین کردیانین بە چەند بەشەوە ئێمە بردیانین بۆ تکریت ئاگامان لێیە چەند بەشی تریان برد بۆ دیالەو فەزیلیەو ئەمنی عام من چل شەو لە فەزیلیە مامەوە دوایی لە سلێمانی داوایان کردمو بردمیانەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تر، ئەو لێکۆڵینەوەیە تەواو بوو، بردمیانەوە بۆ تکریت، ئێمە وەکو ونبوونیان کردین تا لە 1986/5/29 دادگایی کرام، دادگا بڕیاری هەتا هەتاییان دابەسەرما, بردمیان بۆ ئەبو غرێب، ئەو دیمەنانەی ئەوێش، خۆش و ناخۆش بوو چونکە زیندان تەواوکەری ژیری مرۆڤە، بەڵام شکستی دروستبوونی کەسایەتی پێکەوەکان ماڵ و خۆ دروست کردنە، هەرچەندە ئێمە وەك زیندانیان هەریەکە لەگەڵ هاوڕێ و هاوبیری خۆماندا هەڵسوکەوتمان کردووەو سەلماندوومانە کە هەرچییەك ببێ ئێمە کوردین و لەسەر باس و خواستی نەتەوەییمان هاتینە ئێرەو ئێستەش لێی بێدەنگ نابین هەرچەندە زیندان و کوشتن کۆڵمان پێ نادات بۆیە چەند ئەوان بمان چەوسێننەوە ئێمە لە لوتکەی ناخۆشیدا یەك دەگرینەوە هەروەکو باسمان کرد کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنیشین دەبووینە هاوخۆری یەك سفرداش ئەویش بەهۆی نزیکی بیرو باوەڕ کوردایەتیمان بوو نەك بەهۆی ئەوەی لە ناچاربووین و هیچ رێگەی تر نەبووبێ کە ئێمە بتوانین رای خۆمان بسەلمێنین، هەرچەندە ئەمنی بەشەکە لێ نەدەگەڕاو هەر جارەی بە بیانوویەك بانگیان دەکردین و ئەشکەنجەیان دەداین بەڵام ئەوە شتێك نەبوو بۆ چۆك دادان، بگرە ئێمە گڕو تین خۆشەویستی کوردانەوە خاك و نیشتمان یەکی خستبووین نەك زۆرداری ئەوان ئێمە توانای دانیشتمان لە سێ کەس زیاتر نەماندەتوانی بۆ ماوەیەکی کەمیش نەبوایە، ئەگەر زیاتر بوایە ئەوە خۆمان چارەنووسی خۆمان لە مەحجەرو ئەشکەنجەدا دەبینییەوە، وەیان لە نوشوستی رژێمدا دەستی دەکرد بە دانوستان بۆ زیندانییەکان و جۆرەها گرفتی چۆك دادانی دەهانییەوە بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بکەین هەرچەندە ئێمە لێی شارەزا بووین، بەڵام ئەوان باش زانیارییان نەبوو لە رژێمەکەی خۆیان بۆیە داوای خوێنیان لە ئێمە دەکرد بەڵام ئێمە بە پێچەوانەوە یاریمان بە ژیری خۆیان و ئاغاکانیان دەکرد ژیانمان چەند سەخت و ناخۆش بوو بەڵام سوودی ژیری و فێربوون هەڵسوکەوتی رۆشنبیرانە بووین تا لە ساڵی 1988 ئازادیان کردین و ئێمەش وەك زیندانییەکانی تر ئازاد بووین کۆتایی بە ژیانی نەهامەتی و زۆرداریمان هێنراو بە بۆنەی نوشستی و چۆك دادانی رژێمەکە بەوە ئەوەیە هەوڵی کوشتن و لە ناوبردنی نەتەوەیەك هەرچی کرا بێ سوود بوو هەرچەندە لە رووی بەڕێوەبردن و توانای پارە + الاقتصاد بەهێز بێ, بەڵام ناتوانی لە رووی کوشتن و خەبات و تێکۆشانەوە بە ئێمە بکات بۆیە چی کردوو چی هەوڵی دا نەیتوانی وشەی کوردو کوردستان لە سەری ئێمە بە دوور بخات.

کاك ئاکۆ جەلال باس لە گرتنی خۆی و هەڤاڵەکانی بەم شێوەیە دەکات کاتێك لە ساڵی 1980 هەستی شۆڕشگێڕی و خەباتی کوردایەتیم جووڵا منیشی هەروەك هەموو کوردێکی تر هەوڵی پەیوەندیم دا لەگەڵ رێکخراوەییە رامیارییەکاندا هەرچەندە وەکو خۆم بیرم لێکردەوەو توانیم لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری خەبات و تێکۆشان یەك بگرینەوە وە هەوڵی خەباتی ژێر زەمینیمان دا بۆیە هەر لەو ساڵە پەیوەندیم کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستان کاری رێکخراوەی دا، لە ئەنجامی چالاکی شۆڕشگێڕانەدا رژێم تێکەڵی سیخوڕی خستە سەرمان بۆیە بە درێژایی شۆڕشگێڕیمان هەوڵی ونکردنی شوێن پێمان دا بەڵام بەهۆی خەڵکی خۆفرۆش و تاوانبارەوە ئاشکرا بووین و تا لە ساڵی 1985/9/1 لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی

ئاسایشـی بـەعس دەسـتگیرکراینو خراینـە ژێـر ئەشـکەنجەدانەوە، بۆیـە بـە دڕندانـەترین شـێوە ئەشکەنجە دراین لـە ئـەنجامی لێکۆڵینـەوەدا شـەش هـەڤاڵمان دەستگیر کرا ئەویش بە ئازایی و بیرو هۆشی خۆمان بوو ئەوانی تر زوو هـەڵهاتنو لـە دەست زۆرداری نەجاتیان بوو ڕێگەمان نەدا کە زیاتر ئاشکرابوونمان تەشـەنە بکات ئەو هەڤاڵانەمان لە دەست زۆرداری ڕژێم قوتـار چوونو بـۆ ئـەوەی زیـاتر سوودمەند بن لە ئاشکراکردنی نهێنی زیاتر، زانییان هیچ سوودمەند نابن زیـاتر بۆیـە لـە ماوەی ساڵو چەند مانگێکدا راپێچی دادگا کراینو لە ساڵی 1986 دادگایی کراین:

1) ڕێبوار حەمە ساڵح هەتا هەتایی.

2) سامان قادر بە هەتا هەتایی.

3) ئاکۆ جەلال بە هەتا هەتایی.

4) جەلال تۆفیق ناسراو بە وەستا جەلال هەتا هەتایی.

5) شێخ جەمال شێخ حەمە ئەمین هەتا هەتایی.

6) شێخ رزگار شێخ عەلی هەتا هەتایی.

ئێمە راستە زۆردارییەکی زۆرمـان لێکـراوە لەسـەر هەڵوێسـتی خـەباتگێڕیی خۆمـان بـووە دژی زۆرداری وەسـتاوین بۆیـە لای ڕژێـم تاوانبـار بـووین هەرچـۆن وەك هـەر زیندانییەکی تر ئێمە دژواریمان لەگـەڵ دەزگـا دوژمنکارانەکـەی ڕژێـم بـەردەوام بـووە بێ شك لە دژی ئەو گیرا بووینو بە گوتاری ئەوان هەڵسوکەوتمان نـەکردووە بۆیـە لـە زیندانی ئەبو غرێبیش هەڵوێستو کرداری کوردانەمان لەکیس نەچووە هـەر وەك لـە درێژەی باسەکەماندا باسمان کردووە چۆنو بـە چ شـێوەیەك دامودەزگا دەسـتەڵاتو چەکداری سوپاوە بووە نەك یاسا و ڕێی یەکسانی چونکە هەموو دەزانین دەسـتەڵاتی عێـراق دەسـتەڵاتێکی سـەربازییە نـەك رامیـاری یـان حکـومی بـە واتـای مـیری هـۆی گیرانی منو هەر یەکێکی تریش هـەموو شـتێك کوردبوونمـان بـوو ئینجا بیرو بـاوەڕو ڕێڕەوی هەوڵدانمان، زۆر کـەس کـە هـیچ؟ نـەبوو دەیـانگرت پێیـان دەوت چیت خـۆت بناسێنە مەبەستیان لایەنی رامیاری بوو خۆشیان پێشتر نەیان دەزانـی چییەو چـی دەکەین بۆیە داوای ئەوەیانی دەکرد هەر لە خۆتەوە شت بڵێیـت، جـا ئەگـەر راسـتیان دەکـردو لـە راسـتی ڕێکخراوەیـی بوونمـان بـێ خۆیـان دەزانـن بـۆ گیراویـنو هۆکـەی چییە نـەك ئـەوان پرسـیارمان لێبکـەن جـا راسـتی تاوانـەکانی بـەعس ئەمەیـە ئـەوان

داوای زانیاری دەکەن کە تۆ هیچ نەبیت لە رووی کوردانەوە تاوانبـاری خـۆت بخەیتـە روو تا لەو ڕێگەوە تاوانبار بیتو ببیتە مەشخەڵی زۆردارییان تا لای بەرپرسـەکانیان پێی بچنە پێشەوە دەستەڵاتی میلیشیای عێراق گرنگ نەبوو لـە جـۆری ڕێکخراوەیـی گرنگی ئەوەبوو تـۆ کوردیـت هـیچ نـەبێ بـە جنێـویش بێـت دژە عێـراق سـەدام بوویـت بۆیـە دەیویسـت لـە ڕێگـەی تاوانـەکانی خۆیـدا ببیتـە سـوتەمەنی بـەرگریکردنت لـە وڵاتەکەت بە هاوکاری پێشمەرگە تاوانبار ببیـتو لـە ڕێگەیـەوە حـەزو ئارەزووەکـانی زۆرداری بسـەپێنێت ئێمـە هـەروەك چـۆن بـارزانی نـەمر فێـری کوردایـەتی و خـەباتی نەتەوایەتی کردین,فێری بەرخودانی کردین بەعسییەکانیش وا بە ئاسـانی ویسـتیان بە هەوڵو تێکۆشـانی کوردانـە هەرەسبێننو دژی ئـەو بیروباوەڕە . سـەرەتا دەیـووت رەگەزنامەت بێگومـان ئێمـە هـەموو کـوردین دوای پرسـیاری کـارکردن لـە کـام پـارتو ڕێکخراوێکدا کار دەکەیت راژەی بوودنت لە کوردایەتیدا لە چ ئاستێکدایە هەرچەندە لەم دواییەدا وایان لێهاتبوو بەس بوونی کوردایەتییان لا مەبەسـت بـوو خۆیـان دوای هـەموو شـتێکیان بـۆ پـڕ دەکرینـەوە باوەڕیـان وابـوو ئـەوەی لـە دەسـتەڵاتی رامیـاری عێراق بەرەنگار بێتـەوە دەبێـت نـەمێنێتو هـەر بۆیـە دادگـا و دارودەستەکەی ڕێگـای چارەسەرو ڕێکی ویژدانیان نـازانن بـەڵکو ئـەوەی لەلایـەن بەرپرسـەکانیانەوە دەهـات دەبوایـە جێبەجێیانبکردایـە، نـەك لـە ڕێـی یاسـا بنەڕەتییـەکانی مرۆڤایەتییـەوە بـە مرۆڤبـوونی دەسـتەڵاتیان نـەدەکرد دژ بـە هەڵوێسـتی شۆڕشـگێڕو نیشـتمانپەروەری بوون هەر وەك دەزانینو دیومانە ڕژێم لە هەموو نوشسـتیو چـۆك دادانێکـدا دانـی بـە تاوانی خۆیدا ناوە، وە هەوڵی پاشگەزبوونەوەی داوە بۆیە دەکەوێتە هـەوڵی خسـتنە بازاڕەکانیەوە دەدات بە لێبوردن بەڵام نەك یەك لێبوردن هەموو ڕۆژێ دەیـان لێبـوردن ئێمـە رووی دزێـوی ئـەو ناپۆشـینو تاوانـەکانی لـە بەرچـاومانە نـەك بـە لێبـوردن هەرچییەك بکـات ئـەو هـەر خوێنمـژو تاوانبـارە بۆیـە ئێمـەش بـەو لێبوردنـە کۆتـایی زیندانی بوو بـەڵام نـاخو هەستو ژێریمـان لای ئـەو تاوانـە دزێوانـە بـوو کـە دەکـرا بـە کوردو بە شۆڕشگێڕانو دژە داگیرکـەر بۆیـە ئێمـە لـە هـەموو ئانو سـاتێکدا تووشـی گرفتی کۆتاییبوون لە هەموو خۆشییەکی ژیان هـاتووینو دەمانـەوێ سەربەسـت بـین هەر لەو شۆڕشو تێکۆشانەدا گەنجەکانی کوردستان وای لێهات کـە بـۆ هـەموو کـورد دەرکەوت ئەم یاسایە دژوارەو بۆ خەڵك زیاتر ئاشکرا بوو بە کوردو عەرەبەوە هـەموو

دزی داروده‌سته‌ی تاوان‌و تاوانباران بیت تا دوا جار راپێچی زیندانی کۆتایی ئه‌بو غرێب کراین‌و به درێژایی ئه‌شکه‌نجه‌ی ده‌روون رووبه‌ڕووی ئه‌و هه‌موو ئازاره بووینه‌وه له سالْ‌و رۆژی 1986/9/8 له پاشگه‌زبوونه‌وه‌که‌ی به‌عسدا هه‌موو ئازاد بووین‌و وه‌کو هه‌ر هه‌ڤاڵێکی تری زیندان درێژه‌مان به هه‌ڵوێست‌و کوردایه‌تی دا تا له ساڵی 1991 وه‌کو نیشتمانپه‌روه‌رێك هه‌ڵوێستی کوردانه‌ی خۆمان سه‌لمان‌و له هه‌وڵ‌و تێکۆشانی کوردانه سه‌لماندمان تاوانباران ده‌بێ به سزای شۆڕش بگه‌ن ده‌بێت تاڵاوی هه‌ڵه‌کانی خۆیان بچێژن بۆیه ئه‌وه‌ی رووی دا لاتان سه‌یر نه‌بێ چونکه ئه‌وه تاوانی هه‌میشه‌یی خۆیان بوو بۆیه ده‌بێ به سزای خۆیان بگه‌ن.

4ـ کاك سالارو هه‌ڤاڵه‌کانی له به‌رواری 1986/10/7 کۆمه‌ڵێك که‌سی نیشتمانپه‌روه‌ر له‌سه‌ر بوونی په‌یوه‌ندییان به رێکخستنه‌کانی (ی.ن.ك)ه‌وه به‌هۆی چالاکی‌و جووڵه‌ی خۆیان ئاشکرا بوون، له‌لایه‌ن رژێمی به‌عسه‌وه ئاشکرا ده‌بن بۆیه ده‌ستگیر ده‌کرێن‌و به دڕندانه‌ترین شێوه ئه‌شکه‌نجه ده‌درێن هه‌تا به شێوه‌یه، ئه‌و شانه‌یه ئاشکرا ده‌بێت هێزه سه‌رکوتکه‌ره‌کانی رژێم له بۆسه‌یه‌کدا بۆیان توانییان ئه‌مانه بگرن:

1) سالار تاهیر مه‌حمود.
2) محه‌مه‌د که‌ریم سلێمان.
3) حسین ئه‌حمه‌د فارس.
4) سالار ئه‌حمه‌د ره‌زا.
5) ئه‌حمه‌د حه‌مه عه‌لی له سێداره درا.
6) ئاراس وه‌ستا ئه‌مین له سێداره درا.
7) که‌ریم محه‌مه‌د سه‌عید له سێداره درا.
8) محه‌مه‌د قادر له سێداره درا.

سه‌یری ده‌ستی ره‌شی تاوان‌و زۆرداری له هه‌شت مرۆڤی زیندانی چواریان بۆ سێداره، چواری تریان بۆ زیندانی هه‌تا هه‌تایی ئه‌ی ئه‌وه تاوانی نامرۆڤانه‌و دژه ژیان نییه، ئه‌وه تاوانی ده‌ست ره‌شی داگیرکه‌رانه تاوانی له‌ناوبردنی کورده، ئه‌ی وا بۆ نیو به نیو، به‌شێك بۆ مردن به‌شێك بۆ هه‌تا هه‌تایی (سه‌نگی مه‌حه‌ك) ئه‌مه‌یه که کورد ده‌ڵێ: گروپی میلیشیایی عێراق نه یاسا و نه رێسا بوو شه‌لم کوێرم ناپارێزم به‌و شێوه‌یه هێزی چه‌کدار ده‌سته‌ڵاتدار بوو نه‌ك یاسای دادوه‌ری، جا بۆیه چاوه‌ڕوانی دادگایان بۆ ئێمه‌وه هانیه پێشه‌وه تا له‌و رێگه‌یه‌وه که دادگای شۆڕشی خۆیان پێ ده‌وت بۆ خه‌ڵك بیسه‌لمێنن که یاسا ناسن به‌ڵام هه‌موو شاره‌زای ره‌فتارو کرداری به‌عس بووین , نموونه‌ی ئه‌م هه‌شت که‌سه‌و سه‌دان که‌سی تر دوو له‌تیان ده‌کردن زۆر جار هیچیان نه‌ده‌هێشته‌وه، له راستیدا ئه‌و دڕندایه‌تییه به‌عس‌و داروده‌سته‌که‌ی کردیان به کورد به میلله‌ته‌که‌ی خۆی که عاره‌به، له هیچ سات‌و سه‌رده‌مێکدا به‌و جۆره‌و به لایه‌نی دۆستانه به هیچ نه‌ته‌وه‌یه‌ك نه‌کراوه، بۆیه رقی تۆڵه‌ی جه‌ماوه‌ر گه‌یشته پڕبوون‌و کۆتایی به ژیانی کوله‌مه‌رگی هێنا تا کۆڵ نه‌دات دروشمی ئازادی‌و به‌رخودانیان به‌رز کرده‌وه، مه‌شخه‌ڵێکی خه‌باتی نوێ له مێژووی کورده‌واریدا هه‌ر ئه‌و راپه‌ڕینه جه‌ماوه‌رییه بوو که کوردی کرده گوڕو تین‌و ته‌قینه‌وه به رووی دوژمنانی کورددا، بۆ دواجار له ساڵی 1988 له ئه‌بو غرێب ئازادیان کردین گه‌ڕاینه‌وه کوردستانی کاولکراوه بۆنی خوێنی به ناهه‌ق رژاو, بۆنکڕوزی داروبه‌ردی لادێی تێکدراو دڵ‌و ده‌روونمانی کرده گڕو تین‌و براکانی تۆڵه تا له راپه‌ڕینه شکۆداره‌که‌دا چووینه‌وه به قوڕگی زۆرداریدا.

سالار تاهیر

5ـ کاك کاوان سلێمان حەسەن لە رۆژی 1986/4/16 لە چیای سورکێو سەر بە ناوچەی سیوەیل هێزێکی (تەواری) خۆفرۆش هاتنە ناوچەکەوە لەلایەن ئەو تاقمە خۆفرۆشەوە دەستگیر کران کە پەیوەست بوون بە ئیستخباراتی سلێمانییەوە، کاتێك منیان گرت پێشمەرگەیەکی ترم لەگەڵدا بوو بە ناوی ئاوات ئیبراهیم رەشید.. پێکەوە گیراینو هەردووکمان پێشمەرگەی (پ.د.ك) بووین لە ناوچەی چوارتا پەیوەندیمان هەبوو لەو رۆژەدا گرتیانینو بردینیان بۆ هەواڵگری ئیستخباراتی سلێمانی وادەی 17 رۆژ ئێمە لە ئازارو ئەشکەنجەو بێزاری دەروونیدا ژیاین لە پاشدا بردینیانین بۆ هەیئەی کەرکوك، لەوێشدا بە هەمان شێوە 34 رۆژ ماینەوە، دواتر رەوانەی ئیستخباراتی بەغداد کراین، باڵی تایبەت بە ماوەی 75 رۆژ بە هەمان شێوەی پێشوو لەگەڵ ئەشکەنجەداندا بردمانە سەر تا لە 1986/9/15 بردینیانین بۆ دادگا، لە ئەنجامی دادگاییکردن بڕیاری لە سێدارەدانییان سەپاند بە سەرماندا، بەڵام ئێمە زۆر بچوك بووین لە تەمەندا، لە پاش حەفتەیەك لە دادگاییکردنمان لە سێدارەدانەوە بوو بە هەتا هەتایی بە مادەی 157 فقرە (ب) من دادگاییکرام, ئاواتیش بە مادەی 175 فقرە (ب) دادگاییکرا بە (15) ساڵ وە رەوانەی زیندانی ئەبو غرێب کراین لە ساڵی 1988 ئازاد بووین.

6ـ کاك مەجید رەشید حەمە کەریم لە دایکبووی ساڵی 1967 دانیشتووی سلێمانی کانی ئاسکانە لە رۆژی 1985/11/11 کاتژمێر پێنجی بەیانی هەروەك سروشتی هەمیشەییان هەڵیان کوتایە سەر ماڵمان لە شیرینی خەودا رایانچڵەکاندین، وەك جانەوەری برسی بێ سێو دوو دەستیان کرد بە پشکنین تا لە پێش گرتن شتێك بە دەست بێنن لە ماڵەکەدا هەرچەندە ئامانجی یەکەمیان یەکسەر دەستیان بەستم بە کەلەپچەو چاویان بەستم لە ئەنجامی بە دەست کەوتنی نێچیرەکەیاندا گەڕانەوە بۆ کوشتارگەکەی خۆیان، ئەویش تەواری سلێمانی بوو ئەو شوێنە شوێنی کوشتنو بڕینو ئەشکەنجەدان بوو هەر لە یەکەم ساتو یەکەم هەنگاو خۆم کرد بە ژووردا بە دەستو چاوی بەستراو پێشەکی کاتژمێرو هەرچیم پێ بوو لە دەستم دایان کەند بردیان وردە وردە بە قادرمەیەکدا سەریان خستم بۆ سەرەوە، پێچێکیان پێکردمەوەو دایان نیشاندم، لایەکی کەلەپچەکەیان کردەوە بەستیان بەو بۆرییەوە کە ئامادە کرابوو بۆ بەستنەوەی زیندانییەکان، ئەو بۆرییە بە درێژیی دیوارەکە درێژ بوو لە هۆڵی سەرەوەدا لە قوتابخانەی خانزادی ئێستا دەکات، لە نێوان پەنجا سم داو ئەڵقەیەکی پێوە بەیوەست بوو کەلەپچەکەیان

لێدەبەست، لەوێدا فڕێیان دام لێیان نەپرسیمەوە تا دوای نان خواردنی ئێوارە ئینجا نۆرەم هاتە سەر بە چاوی بەستراو بە کەلەپچەکراوی لە قادرمەکان بردمیانەوە خوارەوە دیسان لە بەردەم ژوورێکدا روویان پێکردمە دیوارەکەو دایان نام بە عەرەبی گتوگۆیان لەگەڵ کردم بەڵام لە رقدا وتم عارەبی نازانم هەرچەندە لە راستیدا دایکم عەرەبەو بە بۆنەی ئەوەوە شتێك دەزانم بەڵام نەمویست وەڵام بدەمەوە لە هاویندا ماوەی سێ مانگ دەچووینەوە بۆ بەغداد بۆ ماڵی باپیرەمان لە راستیدا بێ دەنگی باش بوو, باشترین شت خۆت بکەیت بە کەڕەی شەربەت.. زانیان هیچ نازانم چوون کەسێکیان هێنا وەرگێڕ بوو، لە رێگەی ئەوەوە لە یەکتر دەگەشتین، لە لێکۆڵینەوەشدا هەر پرسیارێك و چینێك لێدان و داوای زانیارییان دەکرد، هەرچەندە بە زیاتر دەیان پەساندین تا زانیاری زیاتر وەرگرن بەڵام بە داخەوە ئەوەی ئەوان هەوڵیان بۆ دا نەگەیشتە ئەنجام، تا دوا جار زلەشیان بێ سوودە خۆم هیچ ناڵێم، ئینجا هاتن لە رێگەی ئەو کەسەوە کە پێشتر هەواڵی لەسەر دابووم، پێشمەرگەیەك بوو هاوڕێی براکەم بوو، زانیارییەکان ئەو دابووی بە (من) چونکە پێش ئەوەی بگیرێم من لە رێکخراوی سەفین شانەی شەهید سەلاح کارم کرد هەرچەندە هەر یەکێك سەرەتا کە پەیوەندی دەکات بە هەر لایەن و رێکخراوێکەوە باسی گرتن و کوشتن دەکرێت، بۆیە پێشتر باسمان لەم رۆژە کردبوو، کە دەگیرێم، بۆیە منیش بێ سڵەمینەوە بەرگریم لە خۆم و بیرو باوەڕەکەم کرد، هەرچەندە هاوڕێی براکەم هاتە بەردەمم چەند شتێکی باس کرد، من دانم پیا نەنا تا دواجار لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان هەموو جەستەم تێك شکا بردمیان بۆ نەخۆشخانە ناوچاوم تەقیبوو، بە ویستی خۆیان ئەشکەنجەیان بەکار هێنا، بەڵام بێ سوودبوو بۆ ماوەی شەش مانگ لە تەوارییەکە مامەوە وازیان نەهێنا، لە ماوەی مانەوەم لە زیندان بردمیان بۆ (ئەمنە) سوورەکە, چەندەها یادگاریمان هەیە لە زیندان هەرچەندە پڕە لە کارەسات و زۆرداری دژی ئەم میللەتە هەرچەندە ناخم پڕە لە رق و تۆڵە بەڵام ناتوانم وەکو خۆی باسی لەو نەهامەتییانەی زیندان بکەم داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم، بۆیە وا دەکەم لە نووسەری ئەم باسە ئەگەر تێبینی هەبێت بۆم تەواو بکات: هەرچەندە ئێمە لە قین و دڵ بڕی خۆماندا بێ توانا بووین لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەی کە دەماندی هەمووی لە ناخماندا کۆ دەبووەوە، هەر لە کاتی ئەشکەنجەداندا شاخەوان ناوێك لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان کۆچی دوایی کرد بەڵام لە تەمەندا بچوك بوو بەرگەی نەگرت، هەر لە هەمان کاتدا ئافرەتێك گیرا بوو ناوی (ئالا) بوو لە رێکخراوەکانی (پ.د.ك) کاری دەکرد، لەگەڵ هاوڕێکانیدا گیرا بوو بەڵام بە راست ئەم جۆرە ئافرەتانە مافی خۆیانە وەك هێمای شۆڕش و کوردایەتی و خەبات ناویان ناونیشانی دایکی زیندان و شێرە ژنی نیشتمانپەروەر، ئەم ئافرەتە لە کاتی کۆبوونەوەی رێکخراوەییدا راپۆرتیان نووسی بوو کە ناوی هەموو ئەندامانی رێکخراوەکەی تیابوو ئابوونەوەیان کۆ کردبووەوە هەموو لەگەڵ راپۆرتەکەدا بەرزیان کردبۆوە بۆ سەرەوەی خۆیان، بەڵام بە لێخوڕی ئەو تەکسیەدا کە ناردبوویان بۆ سەرەوە ئەویش رێك و راست دابوویەوە دەستی (ئەمن)ەکان بە بەڵگەوە گیرابوون زۆریان دا لەو ئافرەتە چەندە ئەشکەنجەو لێدان لێیاندا تا ئێمە ئاگامان لێبوو هیچی نەووت، ئێمە هەرچەندە زۆرداری کاریگەری خۆی هەبوو بەڵام ئێمە وەك شۆڕشگێڕو هەستی کوردانە دڵ و دەروونمان لە ئەشکەنجەدابوو لەگەڵیاندا، ئێمەش ئازارمان دەخوارد وەك ئەوان ئەم خۆی بەخشی بە وڵات و خاك و پارتەکەی بۆیە باوەڕی وابوو ئەگەر پارچە پارچەی بکەن هەڵبەتە سوێندی کوردانەی خواردووە هیچ نەدرکێنێ، شۆڕش کورد و کوردستان نموونەی وەکو ئالا خان و کەسانی وەك ئەویان تێدایە ئەوان جوانی شۆڕش و خۆڕاگری و کۆڵنەدانی نەتەوەیەکن ئەوانە نموونەی ئازایی ژنانی کورد پێك دێنن، پێویستە بە شانازییەوە ناوی ئەو جوامێرە ژنانە بوترێ تا لە مێژوو کورد و شۆڕشی کورد و هەوڵی ژنان لە خەباتکردندا بناسرێ ئەگەر باسی لە ژنی کورد و زیندان بکرێت ئەوە نموونەی بەرگریکردنە لە کوردستان، وە یان دیمەنی ئەو هاوبیرە زیندانییانەی کە لە ئەنجامی دروستکردنی ئاواتێکدا شەش کەسیان بێ تاوان گوللەباران کرد، لە خوار زیندانی سلێمانی گەورە ئەویش دیمەنی تاوان بەرامبەر بە مێژوو کۆتایی هێنان بە ژیانی شەش لاوی کورد، کە بە زۆری ئەشکەنجەدان وایان لێکردن تاوانبار بن، بۆ ئەوەی گوللەبارانیان بکەن هەرچەندە شایستەی گوللەباران نەبوون، کەوا بە بێ باك بێ بیرکردنەوە لەو تاوانەی دەیکەن بە مێژووی کورد و لاوانی کورد، هەرچەندە ئێمە مێژوو بە بەرپرس دەزانین لەو تاوانبارانەی کە بوون بە نوێنەری دامودەزگا سیخوڕییەکان و بێ سڵەمینەوە لە تاوان دەستیان نەدەپاراست، بە ئارەزوویان چۆن و چییان بکردایە کەس لێی

www.pertwk.com

نەدەپرسین بۆو چۆن، خۆیان خاوەن ماڵو ئێمە کرێچی، بە مەرجێ رەوای کرێچیشیان پێ نەدەبینین، لەو رۆژو مانگی چوارەی 1986 براین بۆ (ئاسایشی گشتی) بەغداد چەند رۆژێك ماینەوە دوایی بەرەو دادگا راپێچ کراین.

ئێمە 11 کەس بووین کە بردینیان هۆڵی دادگاییکردن لە کەلاوەیەك دەچوو کە رووی دزێوی تاوانبارانی دەنەخشان باس لە مێژوویەکی خوێناوی دەکرد کە سەدانو هەزاران کەسی لەخۆ دەگرێت، ئەو شوێنە خۆی باسی لە تاوانو رووداوەکان دەکات، بۆیە بردینیانین بۆ ژووری دادوەر (عواد بندرو) هاو خۆرەکانی دانیشتبوون یەك یەك دادگایی کراین تا کۆتایی ئێندا دادوەری بەرگری هەستا بەرگری لە مەجیدو ئاکۆ پارتی بوو محەمەد ناسراو بوو بە حەمەی خەجێ، لە دوایی کراینە دەرەوە، دوای چەند خولەکێك بانگ کراینەوە ژوورەوە دەستیان کرد بە خوێندنەوەی ئەو بڕیارەی کە بە ئارەزووی خۆیان دایان نابوو، یەکەم مەجید رەشید بە مادەی 157 فقرە (أ) بە هەتا هەتایی ئاکۆ بە (15) ساڵ حەمە بە (7) ساڵ ئەوانی تر (10) بۆ (15) ساڵ دادگایی کران، هەرچەندە من نیگەران بووم لە دادگاییکردنم بەڵام کاتی ئێمە سەردەمی رای گشتی بەعسیەکانو فێروفڵ بوو بۆیە بەو دادگاییە رزگارمان بووە هەرچەندە خێروڵڵا لە پێشدا بایەخی دا بە باسەکەو لێپرسینەوەی دەکرد بەڵام دوایی تەقلەی بە هەموومان لێدا، ئەگەر وانەبووایە ئێمە کە بە دادگایی هەتا هەتاییش ئینجا پێمان خۆش بوو ئەگینا سێدارە چاوەڕێی هەمووان بوو، لە دوایی کۆتاییدا هەر بە هەمان ئوتومبیل بەرەو زیندان گەورە بەشی دادی تایبەتی رەوانە کراین لە پێشدا چووینە (مەحجەر) لە دوایی دایان بەزاندین بۆ ناو بەشەکان کە سەرەتا چووینە ناو بەشەکانەوە وەکو دوکانو بازاڕ دەهاتە پێش چاوم بە دیوارەکانەوە کارتۆنی گەورەیان هەڵواسی بوو جلوبەرگو شتیان تێدەکرد، تەپەتۆری گەورە دانرابوو شتەکان بە ئێمە نامابوون، ناو بەشەکان خەڵکێکی زۆری لێ بوو زیندانی بوون هەرچەندە ئاپۆرای ناو زیندان زۆر بوو لە هەمە چەشنە کەسی تیا بوو زیندانی هەریەکەو بیرو باوەڕی خۆی هەر یەکەو لەگەڵ کۆمەڵێك هاوخۆر پێکەوە بوون پێیان دەووت (سفرداش) عەرەبی زۆری لێبوو بەشی زۆری شیعە بوو بەشێکی کەمی شیوعی بوون خەڵکی چاكو مرۆڤ دۆستیان هەبوو بەڵام خەڵکی خراپیشیان هەبوو هەرچەندە ئەو رۆژەم لەیاد ناچێ کاتێك هاوڕێکانی براکەم پێیان

راگەیاندم کە براکەم لە سێدارەدراوە کاتێ کە پێیان راگەیاندم هەرچەندە قرچە لە دڵمەوە هات باشتر پێیان وتم بەڵام رۆژی دیدەنی بوو بەگرێ لە دڵما، نەمتوانی دەری ببڕم لە ناو چاوانمدا نهێنییەك هەبوو سەبارەت بە شەهیدبوونی کاکە حەمیدم، بەلام ئەوانیش کە دیدەنییان دەکردم لێیان دەشاردمەوە، زۆر قورس بوو درکاندنی بۆ هەردوو لامان، بۆیە بە ئازارەوە دەتلامەوە لە راستیدا پێش گرتنی من, برا گەورەکەم گیرابوو دوایی ئەویش من گیرام، من لەناو کونجی زیندان بووم، براکەمیان شەهید کرد، لە سێدارەیان دا، من لە زیندان بۆیان باس کردم، بە شەهیدبوونیم زانی بەڵام نەمتوانی دەری ببڕم بۆ کەسوکارم نەمزانی بە چ هەڵوێستێك بە چ بیرو بۆچوونێك باس لەو کارەساتە بکەم، هەروا لە دڵما مایەوە، هەرچەندە لە سەردانو دیدەنیدا دایکمو کەسوکارم جلی رەشیان دەگۆڕی بۆ ئەوەی من هەستنەکەم، من کە دەمبینین پرسەو مەرگی براکەم لەبەرچاوم بوو رۆژێ هاتو هاوار دەهاتە بەرچاوم، هەستو سۆزو گریان دڵی دەگرتم، ئەمنەدرکاندە زۆری خایاند، تا دواجار کاروانو کەریمی هاوڕێم، لای دایکم درکاندی، لەو کاتەوە ئەوەی لە دڵمدا بوو سوکناییهات، لە رۆژی 1986/4/28 بە بۆنەی لەدایکبوونی (بەرازەکە) سەدام لێبوردنی دەرکرد، بەڵام بڕیارەکە پێچو پەنای هەبوو بۆیە کە ریزیان کردینو سەیری بڕیارەکەیان کردین منی بەر نەکەوت لەگەڵ چەند کەسی تردا بۆیە بە دڵی پڕ لە گریانو بە نائومێدی گەڕامەوە بەشەکەی خۆم، راستە هەموو جووڵەیەکیان بۆ ئێمە ئەشکەنجەو ئازار بوو بەڵام، ئێمەش زیاتر هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیمان توندتر دەبوو بگرە بەهێزتر دەبووین، هەر بۆیە یادی شۆڕشو یەکێتیمان بەو شێوەیە کردەوە لە رۆژی 1987/6/10 ساڵیادی دامەزراندنی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو) بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی ئەو ساڵیادەمان لە یەك دەکردو نوقڵو شیرینیمان دەبەخشییەوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ یە (منافیق)ەکان پێیان زانینو لە رێگەی خۆیانەوە ناویان نووسین، بە بێ ئەوەی ئاگامان لێبێ چەند رۆژێك دوای ئەو یادە، لە (سەیتەرە)ی زیندانەوە بە بڵندگۆکەوە (ئەبو خەولە) یەك یەك ناویان خوێندینەوە لە راستیدا لەو یادە مەزنەدا رژێم پێش ئەوە دەرکی پێ کردبوو، دەرگاکانی جەمالۆنەکانی داخستبوو وەکو قەدەغەی هاتوچۆی کرد، بەڵام هەریەکەو لە بەشی خۆیەوە درێغی نەکرد هەرچییان کرد رێیان پێ نەگیرا، لە هاوسۆزی بیرو باوەڕو

www.pertwk.com

شۆڕشگێڕی کورد، بۆیە چاری نەما ناوی ئەوانەی کە نووسیبویان چل بۆ پەنجا کەس دەبووین بانگیان کردین بۆ سەرەوە (بۆ سەیتەرە) هەموومانیان کردە شوێنێك کە رووناکی تیا نەبوو، هەتاو نەبوو لەوێ، دیدەنییان نەدەکردین، وەکو زیندانی سەرەتایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردین، رۆژێ لەگەڵ هاوڕێیەکم دڵشادی ناوبوو ئالآی شۆڕش بوو، قسەمان دەکرد مفەوەز مەحمودی لێبوو، هات تۆزێ قسەی پێووتین و بردینیانین بۆ لێدان دوایی ناویان نووسین و گەڕاندنیانینەوە، بۆ بەشەکەی کە تیا ون بووین ماوەی مانەوەمان لەو شوێنە لە دوو دیدەنی بێ بەش بووین واتای چل شەو دەکات لەك اتی ئەو دوو دیدەنییەدا کەسوکارمان بە دڵی شکاو بە نائومێدی گەڕانەوە، تەنها لە کاتی نان خواردن دەرگایان دەکردەوە، شوێنێکی زۆر ناخۆش بوو لە پاش ئەو ماوەیەی کە بۆمان دیاریکرابوو بردینیانین بۆ دەرگای سەرەوە، ریزیانکردین و بەڕێوەبەری زیندان هات پێیوتین سید رئیس لێبوردنی دەرکردووە بۆتان بە بۆنەی جەژنەوە ئەگینا دەبوو لە سێدارەبدرێن بەس ئەو شتانە دووبارە نەبێتەوە لەبەر ئەوە ئەمە دواجارتان دەبێ بەڵام کە ویستیان بمانبنێرنەوە ناو هاوزیندانییەکانی تر، بردیانین بۆ لای ئەو بڵندگۆیەی کە قسەیان پێدەکرد بۆ هەموو بەشەکان هێدفۆنەکەیان کردەوە کەوتنە لێدانی ئێمە بۆ ئەوەی زیندانییەکانی ناو هۆڵی خوارەوە جەمالۆن و شوێنەکانی تر گوێیان لێ بێ تا ئەوانیش بترسێنن، بەرەڵایان کردینەوە گەڕاندیانینەوە بۆ ناو بەشەکانی خۆمان بۆ جەمالۆن، ئێمە لە ناو زیندانیش هەر بڕیاری کۆڵنەدان و دژی داگیرکەران دروشمان بەرز کردۆتەوە و هەمیشە چقڵی چاویان بووین، لە ساڵی 1988 بە لێبوردنی گشتی ئازادیان کردین، گەڕاینەوە کوردستانێکی کاولمان دی، نەك بۆ ئەو وڵاتەی لە پێشتر بەجێمان هێشتبوو، هیوادارم ئەوەی لە بیرم چووبێ کەس گلەیی نەکات.

**مەجید رەشید حەمە کەریم**

7. کاك ئازاد کەریم ناسراو بە ئازادە رەش:

مشتێك لە خەرمانی بیرەوەرییە تاڵەکانی رۆژگارێکی شیرین بەم شێوەیە بە بای دەکات:

بەیانییەکی زووی ساڵی 1986 لە رۆژی 1986/7/21 باوەڕی پۆڵا ئاسایی کوردایەتی وەك هەموو گەنجە شۆڕشگێڕەکانی تری کوردستان رەوانەی چالاکی شۆڕشگێڕانەی کردین لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا نەخشەکەمان وا کێشابوو 100 هەزار دیناری عێراقی لە بانقی سلێمانی ببەین بۆ شۆڕش، ئەو پارەیەی مووچەو کارکردنی فەرمانگەی (کارەبا)ی سلێمانی بوو ئەو بەیانییە دوو شانەی زیادم هەڵگرت و بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێ کەوتم، کە ئەو کۆڵانەی دەچێتەوە سەر (شەخسی پیر مەنسور) لە بەرامبەر نەخۆشخانەی دانەکەوە، لەگەڵ گەیشتنم بەو شوێنەو گەشتن بە برادەرەکان، بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراو، لەلایەن دەزگا ئیستخباراتی رژێمەوە لە ماوەی خولەکێکدا پەلامار دراین و گیراین، یەکێك لە هاوڕێی خۆمان ناوی مامۆستا م. ح ئاشکرای کردبووین من و حەمە گرێزەیی دەستگیر کراین و ناردینیان بۆ دەربەندیخان بۆ بنکەی (ئیستخبارات) دوو رۆژ لەوێدا بە ئازارە و ئەشکەنجەوە بردمانە سەر پاشان رەوانەی مەنزومەی شەرقی ئیستخبارات کراین لە کەرکوك (90) رۆژ لەوێدا خراینەوە ژێر ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوە، پاشان رەوانەی (شعبە)ی (5)ی ئیستخباراتی گشتی کراینەوە لە بەغداد، ماوەیەکی زۆر لەوێش لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بووین دواتر رەوانەی

هۆڵی (ژمارە یەك) کراین و دوای چەند رۆژێك بۆ (باڵی تایبەت، ئیستخباراتی گشتی) بۆ ئەبو غرێب رەوانەیان کردین پاش دوو مانگ بۆ (دادگای شۆڕشی عێراقی دادگایی کراین بە مادەی 157 فقرەی (أ) 156 فقرە (أ) 406 فقرە (أ)، ئەو مادانەی کە دانرابوون تەزویرو راکردن بوو بەو مادەیە دادگایی کراین لەبەر ناتەواوی راپۆرتی (تحقیق) لێکۆڵینەوە، ئێمەش سوور بووین لەسەر پاراستنی نهێنی رەوانەی لێکۆڵینەوە کراینەوە بەرەو هەیئەی لێکۆڵینەوەی شمالی لە هەولێر، بەم شوێنانەدا راگوزەر بووین:

1) ژمارە یەك.
2) حارسییە.
3) ئیستخباراتی کەرکوك.
4) ئیستخباراتی فەیلەقی (5).
5) مەنزومەی شمالی لە هەولێر.

گەیشتینە مەنزومە شمالی لە پرسگە دایان ناین وەریان گرتین بە پەلە بە دەست و چاوی بەستراوەوە بردینیانینە حەوشەیەکی فراوان و پڕ لە ئوتومبیل بوو گوێمان لە گرمەی دەنگی ئوتومبیل بوو ئیشی دەکرد، ئیتر ئێمەیان بە چاوی بەستراو زۆر سووڕاندەوە، بۆ ماوەی 10 خولەك زیاتر سووڕاندنیانینەوە بەو پێیەی کە بۆ شوێنی دوورمان دەبەن چەند جار لە سێ پلە قادرمە پلیکانەدا سەریان دەخستین و دایان دەگرتینەوە کە گوایە بەردەوام دەڕۆین بۆ شوێنی دوور بە (حەمە گرێزەیی)م وت هەر حەوشەکەیە بەڵام ئەو باوەڕی نەدەکرد پاشان سواری ئوتومبیلیان کردین ماوەی چارەکێك رۆشتین هۆڕن لێدەداو جار جارە چۆنی و باشی خەڵکی تر دەکرد بە بە پێی ئەوە کە ئەم ەلەسەر شەقامی گشتییە دەیانویست حۆلمان بکەن، وا نیشانیان دا لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا دەدوێن چییانکرد هەموو بۆ تێکدانی ژیری ئێمە بوو، هەرگیز من باوەڕم پێ نەدەکردن، دوای تۆزێ وتیان گەیشتین بۆ شوێنی مەبەست، دایانگرتین حەمە گرێزەیی وتی ئێرە کوێ بێ دیسان وتم هەر حەوشەکەیە، وتی چۆن ئێمە بە ئوتومبیلی لاندکرۆزەر چەند ساتێکە بەڕێوەین وتم هەر حەوشەکەیە، دواتر هەندێکی تر بە پێ بردینیان پاشان چووینە ژوورێك زۆر بەلامەوە خۆش بوو وامزانی لەوێ دەمێنمەوە دەست و چاویان کردینەوە، پاش کێشیانی دوو جگەرە، دەرگایەکیان کردەوە لە لاماندا وتیان دابەزن کە روانیمان زیاتر لە 30 پلە پلیکانە دەچێنە خوارەوە بۆ ژێر زەمینێکی گەورە کە دوو هۆدەی گەورەو 11 ژوری بچوکی تاکی لێبوو 1 م بە 1.5 م نیوەی بوو لەگەڵ کونێکی تاریکی درێژدا کە کەسمان نەمازانی چی و بەرەو کوێ دەچێت بەڵام من بە بڕوای خۆم ئەگەر چی تا ئێستا نەچوومەتە ئەو شوێنە بەڵام وا پێدەچوو ئەو کونە بچێتەوە دەزگایەکی تری رژێم.. هەر کە کراینە ئەو ژوورە ژووری ژمارە (5) ژوورێکی باریك و تاریك بێ رووناکی لەگەڵ گەڕانەوەی ئەمنەکان لە ژێر زەمینەکە دەرگایان داخست بێگومان تاریکتر دەبێ، بوو بە تەراتێن و مشك جیکە جیکی مشك هەراسانی کردم ویستم کەمێك راکشێم لەتە بەتانییەکی تیادا بوو لەبەر ئەوەی ئەو کاتە مانگی یەك بوو کەش و ئاو ساردبوو ویستم بیدەم بەسەر خۆمدا، بە بێ کەم و زیاد رەنگە زیندانییەکان بزانن تۆپەڵێك شتی نەرم کەوتە سەر سنگم دەستم لێدا بڵاو بووەوە وتم ئەمە تۆپەڵە مێروولەیە چونکە دەڕۆشتن وردە وردە، هەندێکم لێگرتن و خستمە بەر رووناکی ژێر دەرگاکە گڵۆپی ژێر زەمینەکە تۆزێك رووناکی دەکردەوە زانیم هەموو ئەسپێن بە تەواوی خۆم تەکان و کاتێك ئێشك گڕەکەیان هات، داوام لێکرد ئەو پارچە بەتانییە فڕێ بدەم بەڵام رازی نەبوو بردینیان بۆ سەرئاو لە گەڕانەوەمدا لەسەر ئاو پێش ئەو گەڕامەوە زووتر بەرەو ژوورەکەم نەمهێشت ئاگایلێبێت هەرچی لە ژوورەکەمدا هەبوو لولم کرد و فڕێم دایە ئەو کونە تاریکەی پێشتر باسم کرد دواتر بە دەست و بە کراسە شڕەکەی بەرم زەوییەکەم راماڵی بەرەو دەرەوە لە ژێر دەرگاکەوە بۆ ئەوەی هەرچی ئەسپێ هەیە تیایدا بڕوات هەرچەندە زیندان واتە ئەسپێ، پاش چەند رۆژێك مفەوەزی ئەمنەکە کە زانی هیچم لا نییە لەتێك کومباری دا پێم لەژێر خۆمدا رامخست و ئەو ژێر زەمینە پڕ لە مشك بوو رۆژانە دەیان جار مشك خۆیاندەکرد بە ژوورەکەماندا، منیش لەلایەکەوە بۆم بەرز کردبوو نەوە کومبارەکە، سیان و چوار خۆیان دەکرد بە ژێریدا، ئەوسەرم لێدەگرتن و یەك یەك دەم کوشتن رۆژانە ئاوا چەندین مشکم دەکوشت و فڕێم دەدایە ناو هۆڵی ژێر زەمینەکە لە ژێر دەرگاکەوە رۆژانە ئەمنەکان کە مشکەکەیان بە تۆپیوی دەبینی دەیانووت ئەم ژوورە دەرمانی تێدایە پێ ئەچێ بۆ ئەو مشکانە دەتۆپین، نەیانزانی ئەو راوە مشکە من بووم پاش ئەو ماوەیە لێکۆڵینەوەیە کرا رەوانەی ئەمنی

پارێزگای هەولێر کراین، لەبەر ئەوەی لە ژێر زەمینەکە نەماندەزانی کەی رۆژو شەوە، جگە لە ژەمە خواردنەکان نەبێت ئیتر لە رووناکی بێ بەش بووین، ئەویش ئەو ژەمە خواردنانە وەکو سێ کوچکەی کاتمان وابوو بەو پێیە دەمانزانی نانی بەیانی سروشتی ماست بوو نیوەڕۆ برنجێکی کەم بە شلەوە دەیان کردە ناو سەموونەکەوە، ئێوارەش یان شلە شتێکی تاك بوو.. ئەو رۆژەی رەوانەی ئەمنی پارێزگای هەولێر کراین چەند خولەکێك دوای نانی بەیانی بوو کە سەموون و پەنیرمان هەبوو ئەو بەیانییە چوار کەس بووین براین بۆ ئەمن، لە هۆڵێکدا دایان بەزاندین چاویان کردینەوە ئەوەی بە دەست منەوە کەلەپچە کرابوو سەیرم کرد کابرایەکی قژو ریش درێژی ناشیرین بوو لێم پرسی خەڵکی کوێی وتی رامەبوێرە وتم بابە بزانم لەسەر چی گیراوی وتی هەتیو من حەمە گرێزەییم باوەڕکەن وای لێهاتبوو نەمناسییەوە، بەهۆی درێژی سەرو ریشییەوە، کە سی و یەك رۆژ لەو ژێر زەمینە یەکترمان نەبینی، گەیشتینە ئەمنی پارێزگا زانیمان کات ژمێر 12.5ی نیوەڕۆیە، ئەو کاتە زانیمان ژەمە خواردنی ژێر زەمینەکە لە کاتی خۆیدا نەبوو سەریان لێتێك دابووین پاشان بردینیان بۆ ناو ژووری زیندانییەکانی تر کە حەڤدە ژووری بچوکی یەك مەتری چوارگۆشە بوون یەکی فڕێ درواینە ژوورێکی بچوکەوە نە دەکرا قاچ رابکێشی چونکە بچوك بوو بەو سەرمایەی مانگی (2) رەشەمێ، بە مەسینە بەو ئاوە ساردە خۆمان شت، لە ژوورەکەماندا جلەکانیش دوایی بە تەڕی لەبەمان کردنەوە، دوای ئەوە.. ئەسپێ کانمان دۆزیو هیچمان تیا نەهێشت بەڵام پاش چەند رۆژێك هاوار لە ژوورە بچوکەکان بەرز بووەوە کە ئەسپێ زۆرەو ئەوانەی من و حەمە گرێزەیی بوون بڵاوەیان کرد بوو پاشان بەرپرسی بەشەکە، بە دیتۆڵ هەموو ژوورەکانی پرژان و هەر کەس ژووری خۆی بە دیتۆڵ شۆری رۆژی حەڤدە کەس یەك جگەرەیان دەدا پێمان، یەك قاپ چا، یەکی قومێکمان دەخوارد، رۆژانە پێش خواردنی ژەمەکان 10 خولەك پەنجەرەی سەر دەرگاکەیان دەکردەوە.. لەسەر هەموو دەرگایەك پەنجەرەیەکیان دروست کردبوو بۆ کاتی پێویستی یان نان خواردن لەوێوە وەرمان دەگرت، ملمان لەو کونەوە دەبردە دەرەوەو گفتوگۆمان دەکرد وەیان دەموچاوی یەکترمان دەبینی, بێستوون گیراو هاتە هەولێر رای ئەو بوو کە هێستر ئەخەنە ناو ئیڤاوە دەیبەن بۆ رەبایە جا هێسترەکە لە لا تەنیشتی ئیڤاکەوە سەر

دەردێنێ ئێمەش لەو بابەتە سەرمان دەردەکردە دەرەوە، ماوەی 3 مانگو نیو بەو جۆرە بووین لەو ژوورە بچوکانەدا دەخەوتین قاچمان بە دیوارەکەوە هەڵدەواسی چونکە رێگەی راکشان نەبوو ئەو گەشتەی هەولێر رو ئەمنی شمالی چوار مانگو نیوی خایاند پاشان بەیانییەك دەرووی خێر رووی تێکردین و رەوانەی (شعبە)ی 4ی ئەمنی گشتی بەغداد کراین دوای سوکایەتی و گاڵتەپێکردن رەوانەی ناو هۆڵەکەی قاتی سەرەوە کراین کە هەموو شیش و ئاسن بوو ئێمەیان کردبوو بە باڵندە، لە دەرگای یەکەم بەشی سەرەوەدا کامێرایەکی ڤیدیۆی لێبوو بۆ چاودێری زیندانییەکان، نەمدەوێرا سەیری دەموچاوی حەمە گرێزەییش بکەم لە ترسی چاودێری کامێراکە، هەتا کاتێکی زۆر لەپڕ کابرایەکی درێژی دزداشە لەبەر هاتە سەرم و تەماشای دەموچاویم کرد، دوو چاوی پڕ لە خۆشەویستی و دەمێکی پڕ لە بزەو خەندەوە دەستێکی پڕ لە پاکەتە جگەرە بەسەرمەوە راوەستا بوو بە خێرهاتنی کردم و وتی (لەژووری تاك بووی) هاتی وتم بەڵێ وتی چەندێکە جگەرەت نەکێشاوە، وتم شەش مانگە بەڵام بەر لە تاك ژوورەکان چەند جگەرەیەکمان دەستکەوت لە رێگەی هەولێرەوە دوو پاچە جگەرەی خستە بەردەمم دواتر لێی پرسیم دەمناسیت وتم نەخێر وتی تۆ کاك ئازادیت و منیش عەبدوڵڵا خانەقینیم برای ئازاد خانەقینیم زۆرم پێخۆش بوو پێی دڵشاد بووم چونکە پێشتر لە شاخ ئەویش و کاك ئازادم زۆر خۆش دەویست، پاشان گەڕاینەوە بۆ (باڵی تایبەت) ئیستخباراتی گشتی.. لە ئەبو غرێب ماوەیەکی زۆر دیسان لەوێ ماینەوە، ئەو شوێنە بەردەوام ئەشکەنجەو سوکایەتی پێکردن بوو، تیایدا، لەوە ناخۆشتر ئەوە بوو ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە بە بێ لێپرسینەوە ئێرە لە هەمووی ناخۆشترە، چەندان کەسی چاك هاوڕێی خۆشەویستمان لەوێوە رەوانەی سێدارە کران کە هەرگیز لە یاد ناچن و هەر لە ناخماندا بووەتە ئەشکەنجە هەمیشە لە یادمانن کە دەیان قارەمان هاوڕێمان بوون و لە سێدارە دران بەڵام توانیم چەندان (وەسیەت) پاشنامە بگەیەنم بە دۆست و کەسی زۆربەی ئەو هاوڕێ خۆشەویستانەی لە سێدارە دران، من و هەڤاڵ حەمە گرێزەیی رۆژی 1987/6/20 بە مادەی 157 فقرە (ب) بە هەتا هەتایی دادگایی کراین دەست بەسەرگرتنی شتومەکی خاوەنداریێتی و پێچەوانەوە.. ئەمە بۆ ئێمە وەکو ئازاد کرابین وابوو، هەرچەندە من (نێرراوە) منقول،

شەرواڵو دەمانچەکەم بوو پێچەوانەکەشی پشتوێنو مراخانییەکەم بوو لەوێدا بە برادەرانم وت ئەمە شتەکانی منە، رۆژی 31ی تەموزی 1986 لە کەرکوکەوە رەوانەی ئیستخبارات ی‌گشتی کراین بۆ بەغداد، کاتژمێر یانزەی پێش نیوەڕۆ بوو، کاتژمێر یەك گەیشتینە بەردەم (شعبەی 5) بەڵام لەناو ئوتومبیلێکی شوفرلێت بووین قەپات بوو ئاڵوگۆڕی ئوکسجین نەبوو، تایبەت بوو بە زیندانییەکان لەبەر هەتاوەکە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر ماینەوە بەو گەرمای تەموزە لە ناو بەغداد، حەمە گرێزەیی بوورایەوە، منیش هەموو گیانم عارەقی لێدەچۆڕا، کونی برغویەکم دۆزیبووەوە لەوێوەوە ئۆکسجینم وەردەگرت بە راستی ئەو کونی برغویە نەبوایە ئەو هەناسە خۆشانەم وەرنەدەگرت، کە دایان گرتین من باشتر بووم بەڵام وەك ئەوە وا بووم کە لە ناو حەوزە ئاو هاتبمە دەرەوە، حەمە هۆشی هاتەوە، بردینیان بۆ هۆڵەکانی سەرو دزداشەیان دا پێمان سەریان تاشین جلەکانی بەرمان خڕکردوو پێجامانەوە.. ئەو شەوە رەوانەی ژمارە (1)یان کردین هەر کەسەمان جلەکانی خۆمان لە ناو دۆلابێکدا دۆزییەوەو کردمانە بەمران من کراسێكو بیجامەیەك لەگەڵ جوتێ کلاشدا جلەکانم کردە بەرم، چونکە بە عارەقەوە لوولم کردبوون دەقیان بەستبوو وەك ئوتو بیجامەکەم لایەکی لە سەروو ئەژنۆمەوە بوو هەرچەندە رام دەکێشا بۆ خوارەوە وەك چرچی ئوکۆردیۆن وابوو هەر رام دەکێشا و ئەو لوول دەبووەوە ناچار وازم لێهێنا، کراسێکی لوولو بیجامەیەکی لول، جوتێ کلاش گەشتینە ژمارە (1) (سرية انضباط) لەو شوێنە لە دوای ئەوەی کە بە لێدان بەخێرهاتنیان کردین کەوتنە گاڵتەکردنو رابواردن بە منیان ووت تۆ تەزویرت کردووە بە ناوی دیسکۆی کوردییەوە خۆت پیشان داوە، بەم جلانەوە بۆیە گیراویت دواتر هەموو برادەرەکانی خۆیان بانگ کردو وتیان وەرن سەیری دیسکۆی کوردی بکەن یەکیان هەر کە گەیشتە لام وتی ئەوە ئۆکۆردیۆنە خۆشم پێکەنینم بە خۆم دەهات لەو دیمەنەی کە خۆمی تیا بووم.

ئازاد کەریم عەلی، ئازادە رەش لە ساڵی 1981 بچوکترین پێشمەرگەی شۆڕشە لە 1991/3/7 خاوەنی یەکەم گوللەی راپەڕین خۆشترین بیرەوەری رۆژی 1988/9/16 بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراینو سواری پاسیان کردین بەیانی رۆژی 9/17 گەیشتینە تاسلوجە تازە خۆر هەڵدەهات خۆر لە ئاسۆ هاتبووە دەر چونکە ئێمە عەرەب وتەنی بە (تەسفیر) رەوانەی کوردستان کراینەوە، شەومان بەسەر هاتو لە نزیك بازگەکەی کەرکوك ماینەوە تا رۆژ بووەوە پاشان لە (سەربازگەی ئاشتی) جلیان کردە بەرمانو ناونراین سەربازی 736 – 737 پاش چەند کاتژمێرێك سواری پاسەکان کراینەوە لە نزیك گەراجی بەغداد لە ناوچەی پیشەسازی سلێمانی دایان گرتینو هەندێك پشوبەو وریابەیان پێکردین چوون بە گژماندا، ئێمەش هەر دەمانووت بەڵێ گەورەم (نعم سيدی) ئەو ساڵانە ئەوەندە سوکایەتیمان پێکرابوو، لەلایەن دەزگاکانی ئەمنو ئیستخباراتەوە لەوێشدا هەر دەترساین کابرایەکیان زۆر پیاو بوو وتی کورە ئێمە هیچ نین جابی پاسەکانین هەر بۆ خۆشی واتان لێدەکەین ئێمە وامان دەزانی ئیستخباراتن، ژیانی گەنجی کورد هەر لە ساڵی 1963ەوە تا ساڵی 1991 بەو شێوەیەو زیاتریش بووە هەرچی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی کە کوردستانیان داگیر کردووە هیچیان نیاز پاك نەبوون هەموو چەوساندنەوەو ئەشکەنجەیان بەکار هێناوە دژی ئەم میللەتە، جا بۆیە هەر کەس هاتە وڵاتەکەمان کەسیان بە خێوکەرو بەڕێوەبەری وڵات نەبوون بگرە هەر بە جەردەیی و کوشتنو بڕین لەگەڵمان بردوویانەتە سەر ,,,

8. كاك تاريقى حەمەى مامە تۆفيق، باس لەو رووداوانەى كە لە ماوەى زيندانى كردنيدا بينيويە دەڵێ:

كاتێك پێشمەرگەى كەرتى يەك تيپى 55ى قەرەداخ بووم سەر بە كۆمەڵەى رەنجدەرانى كوردستان لە هەرێمى قەرەداخ بووم بۆ كاتێكى تايبەت لە لايەن بەرپرسەكەمەوە، ناردميانەوە بۆ سلێمانى بۆ كارى رێكخراوەيى، هەرچەندە گرنگ بوو ئيشەكە بەڵام بە داخەوە ماوەى كارەكەم نەبوو ئەنجامى بدەم تا لە 1985/7/1 دەستگير كرام، بردميان بۆ (ئەمن) ئاسايشى سلێمانى پاش ئازارو ئەشكەنجەدان رژێم نەيتوانى سوودم لێ وەربگرێ سەبارەت بە ئيشەى كە بۆى هاتبووم؟... ماوەى سێ مانگو چواردە رۆژ لەو ژوورەدا بووين ژوورێكى 4 بە 4 بوو نۆزە مرۆڤى تيا زيندانى كرابوو، جگە لەو ژوورەى ئێمە كۆمەڵێك ژوورى ترى تيابوو.. هەر ژوورەى بە لايەنى كەمەوە 20 كەسيان تيابوو ئەم ژمارەيە كەمە لەچاو هەندێك جاردا كە دەگەيشتە 60 كەس لە ژوورێكدا كە هەموو دەكەوتين بەسەر يەكدا لە كاتى خەوتن، ژوورەكان لە ناوەوە ئاودەستيان تيا دروست كردبوو.. بۆ زيندانييەكان چونكە ئەمە بۆ خۆيان ئاسانتر بوو بۆيان نەدەكرا ئەو هەموو هاتوچۆيە بە ئێمە بكەن ئەوە تاقيكردنەوەى چەندەها ساڵى ئەشكەنجەدانو كوشتنى كوردە، بۆيە بيريان لەوە كردۆتەوە كە نەمانبەنە دەرەوە رووناكى خۆر نەبينين، هەر دەرگايەك وەكو دەرگاى ئاسايى بەس ئەم ئاسنەكانى ئەستوورتر بوو، لە ناوەڕاستى بەشى سەرەوەدا پەنجەرەيەكيان تێكردبوو بۆ كاتى پێويستى خۆيان، گفتوگۆيان لەو كونەوە دەكرد لەگەڵماندا دەرەوە دوو كێلونو قوفڵى بۆ كرابوو بينينى دەرگاكە سامێكى هەبوو زۆر جار سەيرى هەڵسوكەوتى دڕندەكانمان دەكردو سەيرى دەرگاو شوێنەكەمان دەكرد بە راستى ئەوان زۆر دەترسان ئێمەش لامان ئاسايى بوو بەس پێمان سەير بوو ئێمە زيندانى بووين وەك هەميشە دەست بەسراو بووين بەڵام هێشتا بە ئاگاوە لێمان ئەيان رووانى.. جگە لەو هەموو ئەشكەنجەدانە جەنگى دەروونىو دەرگاى لەو جۆرەشيان دروست كردبوو جگە لە پاسەوانەكانى سەربان كە بە خۆيانو چەكەكانيانەوە خۆيان بۆ ئامادە كردبووين (قەدەغەى هاتوچۆ) (منع تجول)(منيش دەڵێم لە تاريكو روونى شەوێكى تەماوى لەگەڵ ئازارو ئەندێشەى ديلى نەتەوەيەكدا دڕندەكانى بەعس لە بەرەبەيانێكى مەلابانگدان لە كۆتايى شەوێكى نامۆو لەگەڵ راچڵەكاندنى شارێك لە پاش الله اكبرى نوێژى بەيانى گوێمان لە دەنگى بڵندگۆو فڕەى هێليكۆپتەر بە ئاگاهاتين شار سامناك بوو چۆلەكە هێشتا نوستبون خێرو شەڕى ئەو بەيانيە بەفرياى دابەشكردنى شەڕەكەوتن خێرەكەيان, رووى جوانى شارەكەمانيان شێوان رووى دزێوى بەعسييەكان وەك چاڵاوى بۆگەن رووى تاوانبارييان نايە كوڵانو شار، ئەم بەيانييە هيچ دەنگى ئوتومبيل نييە شار خامۆشە سەمون فرۆشەكان بێ دەنگن كوكوختييەكان ناخوێنن ديارە شتێك هەيە بەس كەس نازانێ، هەرچى ئاسوودەيىو رووناكى ئومێدە، هەموو بەرەو كزى دەڕوان خوايە دەبێ چى بێت خامۆشى وا كە لە 1963ەوە شار بە خۆيەوە نەيديوە، ئەو ديمەنانەش بە ئێمە نامۆن، ئێمە هەمووى چەند ساڵێكە لە ژانو خۆشى تێدەگەين ئەويشيان نايە چاڵ هەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە كورد بۆى نووسراوە دەبێ لە ئەشكەنجەدا بژين دەبێ خوێنى لاوانمان بە ناهەق بڕێژن دەبێ تاوانباران دەستى رەشيان لە خوێنى كورد سوور بكەن بڕوانامە لەسەر كوشتو بڕى ئێمە وەربگرن، ئازارو ئەشكەنجەى ئێمە دەكەنە فێربوونى يان پێگەياندنى ئەندامەكانيان بە خوێنمژى بەڕێزان پێم خۆشە لە زارى كاك تاريقەوە بيبيستن بزانن هەڵوێستى بەعسييەكان لەو قەدەغەى هاتوچۆيەدا ببيستن لە كاتى ئەشكەنجەدانى گەنجەكان كە لەو رووداوە رامياريية دژ بە مرۆڤى كورد كرديان (نووسەر):

كاك تاريق دەڵێ لە بەرەبەيانێكىڕۆژێك لە ڕۆژە كانى ساڵى (1985-10-17 بەعسييەكان رووى دزێويان نا لە شارەكەمان لاوانى نيشتمانەكەمانيان خستە ناو چاڵى تاوانبارىو وەك ئەوەى ئێمە زۆرمان لێكردبنو دەستدرێژيمان كردبێتە سەريان رووى رەشيان وەرگێڕاو ئەمجارەيان خۆيان بۆ تاوانێكى تر مەڵاس داوە،

بۆیە پێش ئەوەی رووناکی لە کەل سەر دەرکات ئەم بەیانییە جودا بوو گوێمان لە بانگنەبوو دەنگی ئوتومبیل نەدەهات شار خامۆش بوو ئاستی بێدەنگی ئەم بەیانییە لە هیچ ساتێکدا وانەبوو بۆیە گوێمان لێ بوو بە بڵندگۆ هاواریان دەکرد ئێمە تێنەگەشتین، دەنگی فڕۆکە هێلیکۆپتەرەکە ,و بانگ کردن لە بڵندگۆوە بەئاگای هانین بەیانیانی تر لە دەنگی مەلا و لە وڕەی ئوتومبیل بەئاگا هاتین بەڵام ئەم جارە گۆڕا بۆ هێلیکۆپتەر، زۆر لامان سەخت بوو ئەوە یەکەم بیستنی ئەو بەیانییە بوو، لە دڵی خۆماندا هەزار لێکدانەوەو گومان هەبوو بەو مەراقەوە، گنگڵمان دەدا هەر دەهاتین و دەچووین لە ژوورێکی چوار بە چواردا شوێن نەبوو بۆی بچین لەتاو دڵەڕاوکێی خۆمان و بێدەنگی شارو گوتەی بڵندگۆی هێلیکۆپتەرەکە، ئەم بەیانییە زۆر جیاواز بوو، ئەمڕۆ ئەم رۆژە هەرە ناخۆشەیە کە کەس تێی ناگات، هێمنی بە تەواوی باڵی بەسەر ژوورەکاندا کێشاوە ئێمەش بێ ئۆقرەین نازانین چی روو دەدات خۆ زەمین لەرزە نییە ئەی خۆ بورکانیش نییە ئەی خۆ شاییش نییە بەڵام پرسە بۆ مەرگی خەڵکی بێ تاوان پرسەیە بۆ شار پرسەیە بۆ جوانی دیمەنی شاخ و دڵگیری کوردستان پرسەیە بۆ چۆڵکردنی کۆڵان و گەڕەك لە لاو و پیرو کچ و ژن و منداڵ، ئەی کورد دەبێ چاوەڕێی چی بکات لەمانە، جگە لە تاوان زیاتر، ئەو بەیانییە بە بەیانی تاوان و کوشتن و بڕی کورد دەستی پێکرد، ئەو بەیانییە واتای کوشتن و بڕی شارە جوانەکەمان بە کۆمەڵ، هەرچییەك باس بکەین وەیان بیگێڕینەوە هێشتا کەمە.. ناگاتە مافی خۆی، ئەو دیمەنە نامۆیەی کە هەراسانی ئەشکەنجەدانی بە کۆمەڵی کورد بووین، ئێمە لە کونجی زیندانی تاریك و تون چاوەڕێی شکاندنی بێ دەنگی بووین بزانین چییە و چی رووی داوە، بەڵام هەر وەکو خۆی مایەوە، ئێمەش خۆمان لە دڵەڕاوکێیەکی یەکجار ناخۆش و مەترسیدا دەژیاین، لەم کاتانەدا جەلادەکان دەرگا و دەرگا دەگەڕان بە فایلێکەوە بەقەد دەرگا بچوکەکەی ناوەڕاستی دەرگاکەی ژوورەکەمان فایلیان دەبڕی و لێیان دەدا بە تیپ هەڵبەتە شتێکی نهێنی هەیە بۆ ئەوەی ئێمە نەیبینین خۆ ئەوەش راست نییە، لە ئێمە نهێنیتریش هەیە نازانم هەر چاوەڕێین هەروەها بەردەم دەرگای ئێمەش گیرا کون و کەلەبەر نەمان هەموویان گرت جەلادەکان گوێمان لە تەپەی پێیان بوو رۆشتن، ئەو ناوەیان بەجێ هێشت دەنگە دەنگی دەرەوەش کپ بوو، زۆر بێ نەوا بووین، نامۆیی خۆمان دەبینییەوە، زۆر بێ وزە بووین لەو بێدەنگییەو نەمانی پاسەوانەکانیش لەو ناوەدا، دڵمان کرمێ بوو، بەڵام خۆمان پێ نەگیرا کونێکی بچوکمان کردە فایلەکەو لەوێوە سەیری دەرەوەمان دەکرد دوای چەند خولەکێك جەلادەکان بە خۆیان و کورسی خوێندنگەی سەرەتاییەوە خۆیان کرد بە ژووردا، کۆمەڵێك کورسییان هێنا و دایان نا، دیسان جارێکی تر چوونەوە هەندێکی تریان هێنا، نەمانزانی چییەو بۆ.. لە دڵی خۆماندا وتمان تۆ بڵێی دڵیان نەرم بووبێ، واز لە تاوان بهێنن وەیان دکتاتۆرەکە گۆڕ بە گۆڕ بووبێ.. ئێمەش ئازاد بین بەڵام نەء. دیمان کێبڵ و پەتی چاو بەستنەوەیان پێبوو کۆمەڵێك پەتی دەست بەستنیان هێنابوو (حبل) دیارە نیازیان خراپە، بۆیە گوممان و دڵەڕاوکێ زیاتر باڵی بەسەر زیندانییەکاندا کێشابوو، هەر ئەوەندەمان زانی هەموو ئامێرێکی ئەشکەنجەدانیان هانی بووە ناو حەوشەکە، لەو کاتەدا تەقەی کێلونی درەگا هات راچڵەکین هەموو بەرز بووینەوە وتمان خێر بێ، ترسیاین لە دووبارەی لێکۆڵنەوە، چونکە ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە زینداندایین بەرگریمان کەمترە، توانای بەرگریمان نەمابوو.. پێمان خۆش بوو یەکسەر بمانکوژن بەس نەك هەموو ساتێك بمرین، ئەشکەنجەی دەروونیمان بدەن.. لە کردنەوەی دەرگا چاوەڕێی خوێندنەوەی ناو بووین یەکێکی بانگ کرد نیوەڕۆ بوو وتی نانی بەیانی وەرگرە.. خێرا سەمونەکەیان دا پێمان و یەکسەر دەرگایان داخستەوە رۆشتن لە دوا نێوەڕۆدا هیچ بەدەر نەکەوتووە جارێ هاتوچۆی زیندانیەکان و دڵتەنگی ببووە مایەی بیرکردنەوەمان هەموو ناخی خۆمان دەخواردەوە، هێنانی ئەو کێبڵ و دارە واتای ئەشکەنجەی بێ سنوور، واتای قەسابخانەیەکی مرۆڤایەتی، لە لایەن مرۆڤەوە، واتای بەربوونی دڕندە بۆ گیانی مرۆڤە بێ تاوانەکان، هەرچەندە ئەمانڕوانییە ئەندامانی ئەشکەنجەدان دارو کێبڵ و سۆندەو پەت، هەر دیاربوو کورد دەڵێ مانگە شەو سەر لە ئێوارە دیارە، ئەمیش خۆی هاتە قسە.. باس لە تاوانی گەورەتر دەکات، کاتی گەیشتە عەسر، نانی نیوەڕۆ هەر سەمونەکە بوو گەیشت بە هەمان ترسەوە چاوەڕێی سەمون چاوەڕێی ئەنجام.. دیمەنێکی تراژیدیای راستی ژیان کە هەرگیز باس ناکرێت، لە چاوەڕوانیدا بووین لەم ساتەدا گوێمان لە جنێو سۆندە هاویشتن بوو، دەنگی جنێوو شەقەی سۆندە را چڵەکاندین لە بیرو هۆشی بردین، لە بیرکردنەوەدا بووین بیرمان لە زنجیرو ئەو شتانە دەکردەوە کە بۆ ئەشکەنجەدان

ئاماده کرابوون، دیسان یەکێك لە ئێمە لە کونەکەوە سەیری دەکردو دیمەنەکانی بۆ ئێمە باس دەکرد گویێ قوڵاخی قسەکانیشی بووین هاواری بێ تاوانیان دەکرد بەڵام کەس گوێی لێ نەدەگرتن، تاوان , بوو کە دەیانکردە بار بەسەر ئەو خەڵکەوە.. ئەو برادەرەی نواڕی لە کونەکەوە وتی پڕ لە حەوشەکەیە لە زیندانی و تازە گیراون جلیان پاکە، زیاد لە 150 کەس دەبوون جێگە کەم مابوو لەو حەوشەیەدا، هەرچەندە تامەزرۆی گێڕانەوەی ئەو رووداوە بووین بزانین چۆن و بۆ گیراون، دڵمان خەریك بوو دەتەقی هەموویان ریز کردن و لە دواوە دەستیان بە پەت بەستن، چاویان بە پەڕۆ بەستەوە، بە کامێرای ڤیدۆ وێنەیان دەگرتن، ئینجا زۆردارەکان بوون بە چوار بەشەوە هەر بەشەی بەشی خۆی کورسی و دارو پەتیان جیا کردەوە لەگەڵ کێبڵ، هەر بەشەی کۆمەڵێك زیندانی بانگ دەکرد و ناونیشانیان دەنووسی جارێ لێیان نەدەدان.. دوای پرسیارەکان یەك یەك بانگیان دەکردن بۆ لێکۆڵینەوە، ئینجا بە کێبڵ کەوتنە وێزەیان هەروەك چییان کرد لە ئێمە، بە هەمان شێوە بەربوونە ئەوانیش، بە ئارەزووی خۆیان تا ئەو دوانە هیلاك دەبوون دەیانگۆڕی دوو دوو ئەشکەنجەدانیان دەگۆڕی خۆیان هیلاك دەبوون ئەوەندە بێ ویژدان بوون بەزەییان نەدەهات بە کەسدا.. ئینجا فەلاقەیان دەکردن پەتێك دێنن بە دارێکەوە دارەکە یەك مەترە پەتەکە وەکو قایشی کلاشینکۆف لەمسەرو ئەوسەری دارەکە دەبەستن هەر دوو قاچی زیندانییەکە دەکەن بە پەتەکەو دارەکە بادەدەن تا پەتەکە توند دەبێ لە قاچدا ئەمسەرو ئەوسەری دارەکەیان دەخستە سەر مێزەکان و پشتی زیندانیەکە دەکەوتە سەر زەوی، ئیتر وەکو دڕندە بەر دەبوونە بنی پێ تا شلکوت دەبوو زیندانیەکە، جەلادەکان بە جۆرێك راهاتبوون لەگەڵ لێداندا، چۆن ئاسنگەر پارچەیەك ئاسن لە کورەکەی دەردێنێ بۆ ئەوەی هەرچی زووترە بیکاتە کاڵا و بیخاتە بازاڕەوە دوو شاگردەکەی هەندێ جار سێ شاگرد لە یەك ساتداو بە نۆرە چەکوشەکانیان بە دوای یەکدا، پارچە ئاسنەکە دەکوتن بێ ئەوەی چەکوشەکانیان لە یەك بکەوێ، بەو شێوەیە بەردەوام بوون لەسەر ئەشکەنجەی جەستەی مرۆڤێك کە لە گۆشت و ئێسقان پێکهاتووە نەك لە ئاسن بەڵام ئێمە بیرو باوەڕو کوردایەتیمان لە ئاسن رەقتری کردبووین، بۆیە ئەوان ئاسن ئاسا دەیان کوتین ئێمەش هەر وەکو ئاسنەکە وەڵاممان پێ دەدان، هیچیان پێ نەدەکرا لەگەڵماندا، لە پاش ئەشکەنجەدان

زیندانییەکانیان بەو دار سنەوبەرەوە دەبەستەوە کە لە رۆژهەڵاتی حەوشەکەدا بوو، بەو شێوەیە یەك یەك بانگیان دەکردن هەمان شێوە پرسیارو لێدان دەستی پێدەکردەوە هەر چوار گروپەکە هەمان شێوە، ئیشەکانیان بەڕێوە دەبرد.. بێگومان لە بەرچاوی یەکتر ئەشکەنجەیان دەدان.. بەڵام لەوە سەیرتر، کۆمەڵێك جەلادی تازە بابەتیان هێنا بوو، بۆ وانە خوێندن لەسەر ئەشکەنجەدان ئەوان دوو جۆر تاقیکردنەوەیان دەکرد، یەکەمیان مەبەستیان بوو دانی پیانێن لەو رێکخراوەی کە کاری تیا دەکەن، تا لە رێی ئەشکەنجەدانەوە زانیارییان دەست کەوێت سەبارەت بە شۆڕش و پێشمەرگە.. دووەم کۆمەڵێك دڕندەی تازە پێگەیشتوویان هانی بوو، لە رێگەی زیندانیە کوردەکانەوە وانەیان دەخوێند وانەی جەلادی بۆ ئەوەی فێری ئەشکەنجەدانیان بکەن چونکە چوار چواریان لای هەر گروپێك لە جەلادەکان وەستا بوون ئەفسەرێکی پلەداری لێبوو بۆی روون دەکردنەوە جۆری لێدانەکە و چی و چۆن ئیشی پێبکەن لە داهاتوودا, بێگومان لە کوردەواریدا ئەگەر خاوەن سەگ بیەوێت سەگەکەی دڕ بێت، گوێی دەبڕێت و خوێنەکەی و گوێ بڕاوەکەی دەرخواردی خۆی دەدات، بەم شێوەیە دڕ دەبێت ئەمانە دەیانەوێ لە رێگەی سەگە دڕەکانی خۆیانەوە فێری وەڕین و گازگرتن بن زۆر بێ شەرمانە بیریان دەکردەوە، چۆن و کەی خولەکەیان تەواو بێت، تا بڕوانامەی کوشتن و ئەشکەنجەدان بەدەست بێنن، ئەی چۆن ئەوانیش دڕ بوون دەیانەوێ ئیتر بگەزن.. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە درێژی شەو و رۆژو ساڵ دەخەنە سەر یەك، ئەم وڵات و ئەو وڵات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەك لە راژەی مرۆڤایەتیدا بێت تا بتوانن ژیانی مرۆڤ لە مەترسی پێی رزگار بکەن بەڵام سەیرە زۆر سەیرە ئەم بڕوانامەیە وا بە ئاسانی بەو شێوەیە نە رێی دووری دەوێت و نە هیلاکبوون و نە پارەو کارکردن بگرە لە ئەنجامیدا پارەیەکی زۆریشیان دەست دەکەوێت بە بۆنەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی قەسابی، قەسابکردن بە ژیانی مرۆڤو کوردەوە.. ئەوە راستییەکەی بەعس و دارودەستەکەیەتی، هەر جووڵەیەك کراوە بە کامێراوە بە ڤیدیۆ گیراوە، دیمەنی شەقەی کێبڵ زرمەی دارو هاواری ئەشکەنجە زیندان تیشکی رووناککەرەوەی کامێرای فۆتۆغراف.. جنێوی دەم پیسی جەلادەکان دیمەنێکی تراژیدیای راستی ژیان بوو بۆیە تاڵترین ساتەوەختی بینینی ئەو دیمەنە، یەکە بە بەرچاوتەوە

هاوڕەگەزەکەت ئەشکەنجە بدرێت هەموو قرچە لە دڵو دەروونو هەناومانەوە دەهات، هەموو ئاواتەخوازی مردن بووین نەك بۆ یەك سات گوێمان لەو ئەشکەنجەدانە بێ، بەلام بڵێین چی لە دەست رۆژگارو خۆشەویستی ژیان.. کە نەمان دەتوانی بە وشەیەك کەفو کوڵی دڵی پڕ لە قینو هەنسكو گریانمان دابمرکێنین ئەو زۆردارانەی تا شەوگارێکی درەنگ، هەر لە ئەشکەنجەدان نەبوونەوە، ئەو شەوە بە 10 شەوی دەیجور دەچوو، هەر نەدەبڕایەوە، تا نیوە شەو ئینجا وازیان لەو بەستەزمانانە هێنا، بە چاوو بە دەستی بەستراوەوە، بەو سەرمایەی شەو بە بێ جلوبەرگ لەو حەوشەیەدا فڕێیان دان، بە برسیو تینوێتی مانەوە، لە دوای ئەشکەنجەدان تامەزرۆی قومێك ئاو بوون بیخۆن بەڵام وابزانم هیچیان نەخوار تا بەیانی، بۆ بەیانی جەلادەکان بڕێکی کەم خواردنیان دا بە زیندانییەکان، بۆ کاتژمێر نۆی هەمان بەیانی بە هەمان رێگە دەستیان کردەوە بە ئەشکەنجەدان، نیازیان نەبوو واز بهێنن یان کوشتن یان دان پیانان بەڵام ئەشکەنجەدانی ئەمڕۆ جیاواز بوو ئەوەندە بە توندی ئەشکەنجە دەدران چەندەها جار دەبورانەوە لەژێر لێداندا وازیان نەدەهانی ئەو کەسەی دەبورایەوە ئاویان دەکرد بە سەریاندا، بە ئاگایان دەهێنانەوە دیسانەوە لێدان دەستی پێدەکردەوە، بەو شێوەیە بە درێژی رۆژەکان تا نیوە ساتەکانی شەو بەردەوام بوون لە لێدانو کوشتن، جەلادەکان تێر نەبوون هەر کۆڵیان نەدا.. دیارە زیندانییەکانیش چۆك دانادەن نایانەوێ ببنە سوتەمەنی بەعسی دۆڕاو، هەرچەندە ئەشکەنجەدان دەبوو.. کاریگەری ئەو ئازارە ئێمەشی دەگرتەوە، ئێمەش لە ئازاردا دەژیاین، ئێمەش هاوبەشیان بووین، ئێمەش وەك ئەوان بە دژوارترینو ناخۆشترین ئەشکەنجەمان دەخوارد، ئەوان بە درێژی (5) پێنج رۆژ لەگەڵ ئەو ئەشکەنجەیەدا بوونە خوێنو گۆشت لەگەڵ خۆڵدا تێکەڵ ببوون هاواری توخوا دەگەیشتە ئاسمان بەڵام ئاهونووزەی ئەوان خوا رسوایی ئەم دنیاو ئەو دنیایان بکات، لە ماوەی ئەو پێنج رۆژەدا نە نانمان نان بوو نە خەومان خەو بوو، جەلادەکان لە لێدان ببونەوە بەڵام ئازارو ئاهی زیندانییەکان تا بەیانی دەیان ناڵاند ئێمەش باری دەروونیمان تێك چوو بوو، لە دوای ئەو پێنج رۆژەوە زیندانییەکان وردە وردە گوازرانەوە لە حەوشەکەدا، ئەو ناوەیان لێ چۆڵ کرا، ئەوانیان برد ئێمەش چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیار بووین لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەو زیندانییانە لە (قەدەغەی هاتوچۆکەدا گیرابوو) (منعه الجول) لە ساڵی(17-10-1985)، ئێمەش لەشوێنی خۆمان بووین تا رۆژی 1986/3/11 کاتژمێر هەشتو چارەکی بەیانی چوار جەلاد هاتن دەرگای ژوورەکەیان کردەوە، ناوی منیان خوێندەوەو وتیان با بڕۆین یەکسەر هەستامو هاتمە بەردەرگای ژوورەکە، یەکێکیان کەلەپچەی کردم لە دواوە بە دوای خۆیدا بەکێشی کردم، بۆ کۆڵانی پشتی ئەمن سەیرم کرد ئۆتومبیلێکی دوو کابینە وەستابوو پاڵێکیان پێوە نام خستمیانە ناو کابینەی دواوە ئەملاو ئەولایان لێگرتم دوان، بەرەو تەوارییەکە کە لە گەڕەکی چوارباخ بوو لەوێ دایان بەزاندمو فڕێ یان دامە ناو ئۆتومبیلێکی بەستراو واتا (کەپس) دەرگای دواوەیان داخست، لە پشت دەرگای ئێمەوە شوێنی دوو پاسەوانی هەبوو، بەرامبەر یەك دادەنیشتن ئۆتومبیلەکە کەوتە رێ ناو ئۆتومبیلەکە زۆر تاریك بوو چاوم لە هیچ نەبوو، پاش کەمێك لە پەنجەرەکەی دواوەوە بچوکێك بوو، کەمێك رووناکی هاتە ژوورەوە کە سەیرم کرد جگە لە من هەشت زیندانی تری تیابوو، خۆمان بە یەکتر ناساند، بەڵام بەداخەوە کەسیانم بیر نەماوە.. تەنها ئەو خوشکە نەبێت کە شەرممان لێدەکرد خۆمان لە ناخماندا پرسیمان لە داگیرکەر ژن سەگ پێی ناوەڕێ، لەگەڵ رێزم بۆ ژنان مەبەستم خراپی داگیرکەرانە ئەگینا لە باسی تردا ئێمە ئافرەت بە نیوەی کۆمەڵ دەزانین، بۆیە ئەوەی لە ناخماندا هەڵدەقولا دژ بە داگیرکەر، ئێمە گەنج بووین لە کوردەواریدا دەڵێ بەرخی نێر بۆ سەربڕینە ئەم بێ ویژدانانە ئەم ئافرەتەیان بۆ گرتووە، دیارە تاوانی ئەم دایکە زیندانییە .یان دایکی پێشمەرگەیە یان خوشك ئەگینا بۆ گیراوە، زۆر لامان ناخۆش بوو ئەو دایکە زیندانییە لە ناو تەلبەندی زیندانە گەڕۆکەکەدا دەمان بینی، بۆمان دەرکەوت ئەویش لە هەمان رۆژی (قەدەغەی هاتوچۆدا) گیرا بوو، دایکی خێزانی پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ك) بوو, ئەی ویژدان! ئەی زۆردار هەڵبەتە ئەمانە دایكو خوشكو کەسوکاریان نییە بۆیە بێ شەرمانە خەسووی پێشمەرگەیەك دەگرن, ئەمە لە کوام یاساو رێسایەکدا دایك لە جیاتی مێردی کچ بگرن.. هەرچەندە خۆی شێرە ژن بوو، نەعلەکانو جەلادەکان وەك یەك وابوون.. من ئەو دایکە خۆشەویستەم هەرگیز لەیاد ناچێتەوە جوامێریو سەربەرزی ئەو دایکەم قەت لە چاو ون نابێت، ناتوان یان چۆن بڵێم بە چ زمانێك باس لەو دیمەنە بکەم، هەموو لە


www.pertwk.com

دواوە دەستمان بەسترابوو بەس ئەو نەبێ.. هەروەها لە درێژەی رۆشتنەکەماندا نەمانزانی بۆ کوێ دەچین چاومان لە دەرەوە نەبوو، دەبوو خۆمان بەرز بکردایەتەوە لە کونی دەرگاکەوە سەیرمان بکردایە.. دوای چەند خولەکێك رۆشتن یەکێك لەو برادەرانە شارەزا بوو هەستا سەیری دەرەوەی کرد، وتی بەرەو کەرکوك دەڕۆین، بەڵام پیکابێکی شۆفرلێت پاسەوانمان بە دواوە بوو هەموو هێزی تایبەتی بوون، هەرچەندە هەندێك شت هەیە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە باسکردنی تۆزێ ئەرکە بەڵام من داوای یارمەتی دەکەم، کە ئەم رووداوە وەکو خۆی بگێڕمەوە چونکە ئەگەر کەموکوڕی هەبێت تەواو واتای خۆی نادا، بۆیە ئەم جارەش بە یارمەتی دەمەوێت رۆڵی ئەو دایکە بڵێم کە چۆن ئێمەی زیندانی وەکو کوڕی خۆی سەیر کرد بەیانی کە بانگیان کردمە دەرەوە من پێویستم بە سەرئاو هەبوو، بەڵام رێگەیان نەدام، ئیتر بردیمان لە دوای دەرچوونمان لە سلێمانی تا دەهات ئازارم بۆ دەهات، ناخۆشترین ئازار کە بینیم ئاو ئازارە بوو لە رووی دەروونی و هەم جەستەیی، تا دەهات ژیانم بەرەو خراپتر دەڕۆشت خەریك بوو دەمردم ئازارێکی زۆر میزەڵدانی گرتبووم هیچ چارەیەك نەبوو لەبەر ناڵەو نرکەی ئازارم هاوڕێکانم پێیان زانیم، پرسییان چییە وتم لەو ئازارەدام، هەرچەندیان کرد نەیان توانی، هەوڵم دا ئەو دایکە زیندانییە بەئاگا نەیەت لە گفتوگۆمان چونکە هەموو شەرممان دەکرد کە ئەو دایکە زیندانە ئینجا بەو کارەش بزانێ بۆ من زۆر ناخۆش بوو، هەرچەندە ئەو دایکە وەك شێر هەڵوێست کرداری دەنواند، هاوڕێکانم زانییان هەراسان بووم، زۆر پەرێشانم، بە هەوڵی ئەو برادەرانە تێانگەیاند بەڵام لە وەڵامدا وتی ئێوە کوڕی منن.. وەك شێر چۆن لە تەنگانەدا فریای بێچووەکەی دەکەوێت ئەویش بۆ من بە هەمان شێوە ئەو دایکە شێرە بوو، زۆر بە میهرەبانییەوە بە گیانی یارمەتی و لەخۆبوردووییەوە وتی تۆ کوڕمی، بۆ شەرم دەکەیت، بە گیانی نیشتمانپەروەرییەوە سەلماندی کە ئەو دایکی پێشمەرگەو زیندانییەکانە شەرواڵم لە پێدابوو، هەستا مەردانە رووی وەرچەرخان بەو دیوداو شەرواڵەکەی بۆ کردمەوە هەتا لەو ئازارە نەجاتم ببێ بەڵام جووڵەجووڵی ئوتومبیلەکەو دڵەڕاوکێی خۆم تووشی بارێکی دەروونی خراپی کردم نزیکی کەرکوك بووینەوە.. بەڵام من هەر لە ئازاردا بووم, شەرمم لەو دایکە کرد نەمتوانی، بە هیوای کەرکوك بووم لەوێش هیچ لایان نەدا چەند جارێکی ویستمان بە پێ لەقە، لە

ئوتومبیلەکەمان دا، بەڵام نەوەستا ئەوان ئەوەندە ترسنۆك بوون، بە دەستی کەلەپچەکراوەوە لێمان دەترسان بۆیە بە پیلان تێگەیشتن لەگەڵ هەموو جووڵەیەکدا ئازارەکە توندترو قورستر دەبوو، نزیکی (دوزخورماتو) ببووینەوە ئازارەکە زیادی کرد تا کەوتمە هاوا هاوار، لەقەم کێشا بە ئوتومبیلەکەدا جەلادەکان وەستان بە جنێوەوە وتیان چییە تێمگەیاندن دەرگایان کردەوە دایان بەزاندم، بەڵام هیچم بۆ نەکرا، جەلادەکان وەستابوون بەسەرمەوە ئوتومبیلی پاسەوانەکانیان لە دوای ئوتومبیلەکەی ئێمەوە وەستاند بوویان، دووبارەیان کردەوە، کە تەواو بووم هەر نەمتوانی، چاوەڕێیان نەکرد وتی هەراسانت کردین ئیتر بە لێدان وایان لێکردم کە گوایە دەمەوێ رابکەم، کەوتنە لێدانم بە شەق و پشتە کلاشینکۆف لە پێیان خستم بە دوان هەڵیان گرتمو فڕێیان دامە ناو پشتی ئوتومبیلەکە، کەوتنەوە رێ بەرەو بەغداد، منیش بە دەم ئازارەوە دەتلامەوە کات چووە 3ی پاش نیوەڕۆ، گەیشتینە (أمن عام) ئاسایشی گشتی، بەغداد دەرگای پشتی ئوتومبیلەکەیان بۆ کردینەوە فڕێیان داینە خوارەوە یەکێك لە جەلادەکان پێشمان کەوت، وتی وەرن بە دوامدا هەموو دوای کەوتین هەرچەندە لەتاو ئازار خۆم بۆ رانەگیرا، بە پێوە ئەو جەلادانەی لە سلێمانییەوە هاتبوون لەگەڵمان ویستیان خێرا بماندەن بە ئەمنی بەغدادو خۆیان بڕۆن، داواین کرد تا هەستم بە پێی خۆم بڕۆم، بەڵام لە پێ کەوتم، بۆیە دوان لە جەلادەکان بە زەوییەکەدا رایان کێشام، بەسەر چەند پلیکانەیەکدا، سەریان خستم بۆ سەرەوە، هاوڕێکانم هەوڵیان دا هەڵم بگرن، بەڵام نەیانهێشت، لەسەر قادرمەکان بە ریز وەستاندینیانین، تا ناومان بنووسین، من نەمتوانی بە پێوە بوەستم، لەتاو ئازار هەر هاوارم دەکرد لەپڕێکدا جەلادەکان شپرزە بوون وتیان (سید مدیر) هات، کاتێك هات زانیمان (ئەمە عەلی حەسەن مەجید)ە ئەمە بکوژو بڕ خۆیەتی، ئەمە تاوانباری سەرەکییە، ئەو کاتە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری پلەداردا هاتن، بۆ سەیری ئێمە یەك یەك، پرسیاریان دەکرد، ناونیشان و لایەنی رامیاریت نۆرە هاتە سەر من، سەیری کردم وتی بۆ بە پێوە نەوەستاویت، وتم ئازارم زۆرە هۆی ئازارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیشی سەرئاو، لە رێ رێگەم پێنەدراوە تا تووشی ئەو ئازارە بووم خۆم بۆ ناگیرێ، ئەوەندە خۆش بۆم باس کرد، وتم بەڕێوەبەرە سکاڵام لا کرد ئێستا لەسەر من لێیان توورە دەبێ بەڵام ئەو سەگی سەگ

رەسەنە تا توانی وەستایەوە بە هەموو هێزێکییەوە یەك شەقی لە دەمم هەڵدا بروسکە لە چاوم هات ئەو دنیام دینی، دارێکی لە ئەفسەرەکە وەرگرت کە داری حەیزەران بوو دارەکەی لە سەرو گوێلاکما شکاند، وتی ئەم سەگبابە وا دەزانێ ئێرە دایەنگایە، خۆ ناتبەین لە سەرئاو راتبیەڵین، وەکو منداڵ ئەو بێ ناموسە دوای جنێوەکانی رۆشت و جەلادەکان منیان بە راکێشان برد بۆ ژووری ژمارە 23 کە 3 زیندانی عەرەبی لێبوو، نەیانوێرا لێم نزیك ببنەوە، دەترسان، گەر یارمەتیم بدەن لە ئەشکەنجەدان دەترسان، بەڵام کە هاوارم لێکردن داوای یارمەتیم کرد باش بوو هاتن بە دەممەوە بە باوەش بردمیانە سەرئاوەکە، هەر ژوورێك لەو تاکانەی (ئەمن عام) ئاودەست لە ناو خۆیدا بوو، ئەوە ئەو ئازارە بوو کە لە هەموو ژیانمدا نەمچێشتووە، ئەوە دوا ئازار بوو، ئەشکەنجەدانەکە بەقەدەر ئەمە ئازاری نەدام، بەڵام تا ماوم دایکایەتی ئەو ژنە کوردەم لەیاد ناچێت، هەرچەندە ئەوەندەم لێدان خواردبوو، شوێنی ساغم نەمابوو بۆ رۆژی دوایی هەموو گیانم ئاوسا کونی چاوم بە دەرەوە نەبوو، سەرم ئەوەندە ئاوسا بوو لوتم گیرابوو توانای هەڵمژینی هەناسەم نەمابوو لە لوتمەوە، دەمو دانم ئەوەندەئازاری تیابوو هیچم بۆ نەدەخورا، بە زەوییەکەدا ئەوەندە رایان کێشابووم، لەشم رووشابوو پێستەکە بە جلەکانەوە نووسابوو کردبووی بە توێژاڵێك زۆر ئازاری دام، ئەو شەقەی دا بە دەممدا خوێنی دەمو لووتم بەربوو زۆر بە قورسی گیرسایەوە، هەر ئەوەش بوو وای لێدەکردم زوو زوو لە هۆشی خۆم بچم، ئەو هاوڕێ عەرەبانە ئەوەندە پیاو بوون ئەو خواردنەیان کە بۆ دەهانین بە چەوری خواردنەکە لەشمیان چەور دەکرد، تا برینەکانم ساڕێژ ببن، بۆ رۆژی دواتر بە پەڕۆی تەڕ دەیانسڕی تا ئەو چەورییە نەبێتە ئەسپێ 15 رۆژی پێچوو، تا چاك بوومەوە، بەو شێوەیە لەو زیندانەدا مامەوە تا 1986/4/13 یەکەم دانیشتنی دادگایی کرام بە 15 ساڵ، لەوێوەوە بەرەو بەشی دادی تایبەت بردینیان (قسم الأحکام الخاصة) لە زیندانی ئەبو غرێب بەو شێوانەی کە ژیانمان بەسەر دەبرد پێم خۆشە زیاتر من نەچمە ناخی ئەبو غرێب پێمان وایە نووسەر خۆی لەسەری بدوێ، لە رۆژی ئازادبوونەکەشمان وەك ئەوانی تر نەبووم لە 1988/10/17 ئازاد بووم بە لێبوردنەکەی 1988/8/8.

9ـ کاك ئاوات عومەر مەجید، باسی بەسەرهات و رووداوەکان دەکات بە کورتی دەڵێ, کە هەشت هەڤاڵ بووین پەیوەستبووین بە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی سلێمانی دوانمان بریتیبوون لە دوو هەڤاڵی تێکۆشەری کچ، کە سەلماندیان بە توانا و لێهاتویی خۆیان بۆ جیهان و بەعس کە نیوەی کۆمەڵن و لە شۆڕش و خەباتدا پشکن بێ وچان شان بە شانی پیاوان بەرگری لە بیرو باوەڕو خاك و ئاوەکەیان دەکەن.. ئێمە ئەو هەشت هەڤاڵەی کە لە یەك شانەدا بووین بەهۆی ناپاکی چەند کەسێکەوە ئاشکرا بووین لە ساڵی 1985دا بەر شاڵاوی دڕندانەی بەعس و دارودەستەکەی کەوتین خراینە ناو کونجی زیندانە تاریك و ترسناکەکانیان بۆ ماوەی ساڵێك لە ژێر ئەشکەنجەو, لێکۆڵینەوەدا بووین، بە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەك لێیان داین و هەمیشە بە کێبڵ و ئەشکەنجە رەفتاریان لەتەك دەکردین، هەرچییان کرد نەیانتوانی سوود وەرگرن لە نهێنییەکانی رێکخستن و کارەکانی پارتی لەلایەن ئەمانەوە، جگە لەو هەشت هەڤاڵە نەبێت ئەویش بەهۆی ناپاکییەوە ئاشکرا بوون لەلایەن سیخوڕەکانی بەعس، وە ئازایی ئەو هەڤاڵە ئافرەتانە شان بە شانی هەڤاڵان بەرگرییان لە پارتی و رێکخستنەکانی کرد, نموونەی خۆڕاگری و کۆڵنەدان بوو, تا لە دوا ساتی لێکۆڵنەوەدا لە ساڵی 1986 رووبەڕووی دادگا کراینەوە هەر یەکەمان بەم شێوەیە بڕیارمان لەسەردەرچوو:

1) کاك نەسرەدین بە لە سێدارەدان.

2) ئامانجە رەش لە سێدار درا.

3) عەلی عەبە کۆڵ لە سێدارە درا.

ئەوان گیانی پاکیان سپارد بە خاك و نیشتمانەکەیان و بەرگریکردنیان لە رێبازی پارتی و بەرزانی هاندەریان بوو بۆ بڕینی دوا پلەی سەربەزی هەردەم خۆیان بە بچوکی قوتابخانەی کوردایەتی و رێبازی بارزانی نەمر دەزانی بۆیە دوا پلەیان بە سەربەزری و کۆڵنەدان بەڕێ کرد چوونە کاروانی هەردەم نەمرییەوە بوونە هاندەری سەدان و هەزارانی تر بۆ بەرگری لە خاك و نیشتمان، ئێمەش بەم شێوەیە دوا بڕیاری دادگامان لەسەردرا:



www.pertwk.com

4) ئاوات عومەر مەجید هەتا هەتایی.

5) وریا هەتا هەتایی.

6) ساڵح دارتاش پێنج ساڵ.

7) دڵسۆز خان هەتا هەتایی.

8) ئالا خان هەتا هەتایی.

راستی ژیانی مرۆڤایەتی و کوردانەی ئێمە لە کوردستاندا بە بێ تاوان جاری وا هەبوو کوشتن و بڕین دەستیان پێدەکرد و دەستیان نەدەپاراست ئێستاش هەر باشە ئەوەندەمان بە هەتا هەتایی رزگارمان بوو دەبێ بزانین تاوانی بەعسییەکان دەست گێڕانەوەیان نەبوو هەر لە بچوکترین منداڵەوە تا پیرترین تەمەن ئەگەر بەرهەڵستکار بوونایە وەیان کەس و کاری بەرهەڵستکار بوونایە، ئەوەتا بۆیان دەکرا لە رێی ئەشکەنجە و تاوانەکانییانەوە کوشتن و تۆقاندنی خەڵکیان, پیادە دەکرد وەیان بەهۆی پڕکردنی گیرفانی بەعسییەکان بە دەستی رەشی کوشتن و بڕین لەبری چەند پول و پارەیەك و دڕکردنی ئەندام و لایەنگرانی بەعسییەکان بۆ ئەشکەنجەدانی شۆڕشگێڕان و سەرکوتکردنیان نەهێشتنی لایەنگران و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان دەستیان نەپاراستووە و هەردەم لە کوشتن و بڕیندا بوون.

لە کۆتاییدا هیوادارم کوردستان و کورد سەرفرازی یەکجاری بێت و چاوپۆشی لە کەموکوڕی نەتەوایەتیمان بکات هاندەری یەکگرتن و یەکبارچەیی ریزەکانی کورد بن هەوڵی نەهێشتنی دووبەرەکی و ناکۆکی باڵە سیاسییەکانی کورد بدەین بە هەموو لایەك رەچاوی تاوانەکانی مێژوو بکەین کە کراوە دژی ئەم نەتەوەیە، لە کۆتاییدا هیوام وایە هەردەم کورد لە برەوی سەربەخۆیی و سەرکەوتندا بێت هەر بژین رێبازی کوردایەتی و پارتی و بەرزانی سەری رێزو نەوازشمان بۆ شەهیدان و لە سێدارەدراوەکان دادەنەوێنین.

هەر بژین.

ئاوات عومەر مەجید

2003/3/5



10ـ کاك شێخ نامیق تۆفیق لە ساڵی 1953 لە سلێمانی کانی ئاسکان لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ هاتومەتە دنیاوە بە هۆی کەسایەتی و دەوروبەر توانیومە رێبازی پارتایەتی هەڵبژێرم بەشداری شۆڕشی ئەیلولم کردووە لە هێزی زۆزك بووم تاکو نەکسەی 1975 لە دوای ئەو نەکسەیە بۆ ماوەیەك دانیشتم لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان پەیوەندیم کرد لە (ل.ن) چوارتاوە هەمیشە لە خزمەتی کورد و بیرو باوەڕەکەمدا کارم کردووە تا رۆژی 1982/7/27 بۆ کاری رێکخستن رووم لە گوندی ئەحمەدئاوا کرد لە بازگەی پێش گوندەکە لەلایەن گروپێکی هەواڵگری (ئیستخبارات) دەستگیر کرام لە پاشدا بردمیان بۆ هەواڵگری سلێمانی ماوەی چوار مانگ مامەوە دوایی بردمیان بۆ (ئەمن)ی سلێمانی، بردمیانە ئەو ژوورەی کە بۆم دیاری کرابوو لەوێ کۆمەڵێك لەو کوردە شۆڕشگێڕانەی لێبوو هەر وەك من زیندانی کرابوون ئەوانیش لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون، مامۆستا عەبدوڵلا عەسکەری، هیوا کوردی، نامیق ساڵح، ساڵحێکی تری لێبوو. مامۆستا عەبدوڵلا و نامیق ساڵح و کاك ساڵح هەرسێکیان لە سێدارە دران، وە هەروەها چەندەها کەسی تر لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست دا، وەك هەڤاڵ کاوە، کە ئەندامی (ی.ن.ك) بوو بە ئەشکەنجەدان بێ گیانیان کرد، هەروەها کوڕێکی عەرەبی لێبوو بەرهەڵستکاری عێراقی بوو (المعارضة) لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان، گیانی سپارد بە بەرگریکردن لە زۆرداری و دکتاتۆری، زۆر جۆر لێدانیان بۆ بەکار دەهێنایین، کێبڵ، کارەبا، هەڵواسین، دوور لە رەوشت و بەهای مرۆڤانە بوو.. وەك ئاژەڵ سەیریان دەکردین، گرنگ نەبوو تۆ چیت گرنگ پێش هەموو شتێك کوردیت هەروەك رەفتاری فاشیانەی خۆیان شۆڤێنستان بیریان دەکردەوە، وەیان لە ژوورەکانماندا بەنزین یان گازیان دەڕشت بۆ ئەشکەنجەدانمان، وەیان ژووری ئەشکەنجەدان لێمان نزیك بوو هەموو هاواروناڵەیەکمان گوێ لێبوو ئەمەش وەك ئەوە وابوو ئەشکەنجەی خۆمان بدەن، وەیان لە هاویندا ئاوی گەرم گەرمیان دەدا پێمان و دەیانڕشت لە ژوورەکاندا وە لە زستاندا ئاوی سارد، بەم ئەشکەنجەدانە تا ساڵی 1984 ماینەوە هەندێکمان ئەویش بەهۆی دانوستانی (ی.ن.ك) لەتەك رژێمی ئەو سەردەمەدا وا رێکەوتن بەس ئەندامەکانی خۆیان بەر بدەن ئێمە بەهۆی جیاوازی بیرو ڕامانەوە بەر ئەو بەربوونە

www.pertwk.com

نەکەوتین رایان گواستین بۆ دادگایی شۆڕشی رژێمی عێراقی، ئەو دادگایەی کە بە بێ یاساو رێسا دادگایی دەکردین کوێرانە بە ئارەزووی خۆیان دادیان دەنووسی بڕیار دادگا بۆ من حەوت ساڵیان بۆ نووسیم بە مادەی 2/208 دوایی بردمیان بۆ ئەحکام خاصە لە ئەبو غرێب، لەوێش بە هەمان شێوە جۆرە ئەشکەنجەدانێکی تایبەتیان هەبوو لەسەرمان بە لێدان و لێکۆڵینەوە پێشوازییان کردین، تا ساڵی 1986 لەو ئەشکەنجەدانەدا بووم لەو ساڵەدا لێبوردنێکی دەرکرد ئازاد کرام.

لە کۆتایی نووسینەوەکەمدا ,هەربژی شۆڕشی سەربەخۆی و ئازادی و خەبات و زیندان نەمری و سەربەرزی بۆ هەموو شەهیدان.

شێخ نامیق

## وتەی کۆتایی

خوێنەرانی خۆشەویست و هاوڕێبازی زیندانیانم دەمەوێت ئەو وتەیە لە کۆتاییدا بنووسم بۆ دڵدانەوەی هەموو لایەن، ئەویش من ئەوە دەڵێم هەموو زیندانییەك فەرهەنگێکی ئەشکەنجەیە، جا من داوای لێبوردن دەکەم کە هەموو هاوڕێبازی زیندانییەکانم نەمتوانی بەسەریان بکەمەوە، بەڵام ئەوەی کە بۆمکرا درێغیم نەکرد، توانای لەوە زیاتریشم نەبوو کە بتوانم هەمووی بەسەر بکەمەوە، بۆیە دووبارە داواتان لێدەکەم بە هەند لێم وەرنەگرن من هەموو هاوڕێیەکی زیندانیم کە خاوەن هەڵوێست بووبێ قەت لەیادم ناچێت و هەروەك چاوی خۆشەویستی زیندان تێیان ئەڕوانم، خۆم بە دڵسۆزیان دەزانم، من وەکو هاوبیرانی نەتەوەیی هەموو شۆڕشگێڕێکم خۆش ویستووە، هەمیشە بە پێوانەی خۆی رێزم گرتووە، دەمەوێت ئەوە بڵێم بە هاوڕێیان و خوێنەران جیاوازیم نەکردووە، ئەوەی کە نووسیومە بەشێکە لە ئەشکەنجەدان و کوشتنی بە ناهەقی لاوانی کورد، نەك بۆ (ناو) یان ناسینەوەی خۆم دەمەوێت ئەم ئازارانە لەیاد نەچن شۆڕش و خەباتی نەتەوەکەمان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، چیمان بۆ کردووە یاخود قوربانیدانمان لە پێناویدا، بۆیە دووبارە دەڵێم گەر بتەوێت بەرەو هەر هەنگاوێك بڕۆی پێویستە باج بدەیت، باجی ئەم نەتەوەیەمان لە پێناوی ئازادیدا لاوانی کورد بوون بە کچان و ئافرەتانیشەوە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەمان بەشداریان تێداکردووە، چۆکمان دانەداوە تا بەرەو کاروانی شارستانی بڕۆین تا بگەینە دوا خەباتمان هەموو شتێك بۆ ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەمانە بۆیە هەوڵدان لەو پێناوەدا دەبێت قوربانی زۆری بۆ بدەیت وەك لە نووسینەکاندا باسمان کردووە، بە سەدان و هەزارن گەنج و پیر بوونە سوتەمەنی لەپێناوی نەتەوەکەیاندا.

ئەم نووسراوەم پێشکەشە بە ئازادیخوازان بە خەباتگێڕان و ئەو کەسانەی قوربانیانداوە هەروەها بە لاوانی نەتەوەکەمان تا بزانن ئازادی چۆن بەدەستهێنراوە، چۆن هەوڵ و کۆششی لە پێناوداکراوە، پێشکەش بە دایکی لە سێدارەدراوان و کەسوکاری شەهیدانی رێی رزگاری نەتەوەکەمان.

هەر لە ئازادیدا بژین

# سوپاس‌و پێزانین

**سوپاس‌و پێزانینم بۆ خێزانە خۆشەویستەکەم‌و بۆ هەردوو (کاک شابان ئەحمەدو تاراخانی خێزانی) کە ئەرکی بەرگەکەیان گرتۆتە ئەستۆ, هەروەها سوپاسێکی زۆرم بۆ (کاک نەزاد حمە رەحیم‌و شادان خانی خوشکی), وە سوپاسێکی زۆرم هەیە بۆ (کاک ئارام جەمال‌و چاپخانەی هەرین).**